


Raman

ڕامان
RAMAN
147

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی چواردە/ ئابی ٢٠٠٩


**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**
قەرەنی جەمیل



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


● **سەروتار**

- شیعر و سەردەمی سێدی/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

- کچێک لە ئاگری شین/ هاشم سەراج/ 5
- من لە سەفەردام/ شالاو حەبیبە/ 8
- ئەرابێسک، ڕوحم تێکەڵ جەستەی سەرابەکان دەکا/ ئەدیب نادر/ 10
- بەرفەمێری شارەزا/ دیلبەر هێما/ 13
- مسیۆ پرسیار لە مسیۆ ئەکا/ لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 15
- تارایەک لە خوێن/ قادر عەلی خا/ 17
- لایەقەی خەون سنەوبەری/ حەیدەر جەوهەر/ 21
- وێنەیەکی سەرمەست/ فەوزی بیلگە/ 24
- دووکەڵ/ ئەمین گەردیگلانی/ 26
- بەفرینە/ لە فارسییەوە: غەریب پشدەری/ 29

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ ئەکادیمیست و ڕۆشنبیر (د. هاشمی ئەحمەدزادە)/ ئا: ڕابەر فاریق/ 33

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- لە دۆخی سیاسی (هۆیز)ەوە بۆ دۆخی سروشتی (ڕۆسۆ)/ سەمەد ئەحمەد/ 61
- کردەی گێڕانەوە و دامەزراندنەوەی ڕابردوو لە زەمەنی ئێستای دەقدا/ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ 68
- تەکنیک لە ڕۆمانی دوا نامەی دێوەرەیەک/ عەبدوڵڵا ڕەحمان/ 73
- هەر بابەتە و ئاوڕێک/ سەدرەدین نوورەدین/ 81

● **وتار**

- شاعیری گەورە (و) گەورەتر (و) هەرە گەورە/ مارف خەزنەدار/ 91
- «دەنگی نوختە» و شێوازی مینی مالیزم/ محەمەد تەرەغە/ 94
- هایکۆ چییە؟/ ک. ج. هەڵودا/ 98
- لایەنە مەعریفییەکانی دەق/ عومەر محەمەدی/ 102

● **زمانزانی**

- فەرهەنگ/ د. شەهاب تەیب/ 105

● **هزر و فەلسەفە**

- ئەلیتیا: هیراکلیتس/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 111

● **ڕۆژنامەڤانی**

- فەلسەفەی میدیا جیهانییەکان/ لە فارسییەوە: عەبدولخالیق یەعقووبی/ 126

● **هونەر**

- «گۆسانەکان» هونەرمەندی ڕەسەنی دەڤەری هەورامانن/ دارا محەمەد عوسمان/ 136

● **خوێندنەوەی کتێب**

- چەردەیەک دەنگوباسی گێل و گەمژەکان/ لە عەرەبییەوە: بەکر دەروێش/ 143
- مێژوو و شارستانیەتی کورد/ جەلال سنجاوی/ 147
- ڕێگا دوورەکانی چاومان/ سەباح ڕەنجدەر/ 151

● **زاراوەسازی**

- وێنە/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 155

● **یادنامە**

ڕێنووس و کوردییەکەی ڕامان زۆر تۆکمە و سەرنج ڕاکێشە/ کەریم دەشتی/ 158

● **بەدواداچوون**

- سیمینارەکەی مام هەژار لە سنە/ ئازاد عەبدولواحید/ 159

● **سووکە لەنگەر**

- دەبا بەس بێت/ ئەحمەد حەقناس/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# شیعر و سەردەمی سێدی

* دەنگی مرۆڤ بەتایبەتی لە کاتی خوێندنەوەی شیعردا ئەفسوونێکی جوان و کاریگەر و بەهێزی تێدایە، بۆیە ئەو دەنگە هەر لە زووەوە هۆیەکی گرنگ بووە لە هۆیەکانی دەوڵەمەند کردنی شیعرەکە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە شاعیر بەخۆی شیعری خۆی خوێندبێتەوە. خوێندنەوەی بە دەنگی شاعیر، کاریگەرییەکی گەورە و مەزنی لە گەیاندنی ترپە و سرتە و هەناسە زیندوو و مت بووەکانی ناو دێر و بن دێرەکانی وێنە و ڕستەکانی شیعرەکەدا هەیە، چونکە شاعیر تاکۆتایی نووسینی شیعرەکەی بەردەوام لەگەڵ وشەکان و وێنەکان و کەشوهەواو ئەتمۆسفیرەکەیدا ژیاوە و کاتێکی زۆری لەگەڵدا بردووەتە سەر، باش لە هەموو کون و قوژبن و وردەکارییەکانی نووسینی شیعرەکەی خۆی تێگەیشتووە، هەر ئەوەش وای لێ دەکات بزانێ لە کوێ دەوەستێ و لەنگەر دەگرێ، یان لەکوێ دەنگی خۆی بەرز، یان نزم دەکاتەوە، کە لە پاڵ ئەو بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی دەنگەی تێکەڵ بەهەڵچوون و داچوون و گەرموگوڕی هەستەکانی خۆی دەبێ، لێرەشدا مەبەست گۆڕانی تۆنەکانی دەنگی شاعیرە، بۆیە گوێگری شیعرەکە پتر هەست بە زیندوویی ژیانی بەرجەستە و دیار و ترپە و هەناسەکانی ناو شیعرەکە دەکات. ئەو کاتەش زۆر زیاتر لەوەی شیعرەکەی بە تەنیا بۆ خۆی خوێندبێتەوە، کە لەناو کتێبێک، یان لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا چاپ کرابێ، ئەوسا پتر چێژ لە شیعرەکە وەردەگرێ، چونکە لەکاتی گوێگرتن لە خوێندنەوەی شیعرەکە جیهانبینی و هەست و نەستەکان لەناو ئەزموونێکی ڕۆحیدا کۆدەبنەوە و بەرجەستە دەبن.

* لەو سەردەمەماندا کە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بەرچاو سێدی تێدا بڵاوبووەتەوە، پێویستە شیعریش لەناو چوارچێوە و بەندیخانەی دێڕەکان خۆی ڕابپسکێنێ تا گەرموگوڕتر ئەفسوون و کاریگەریی خۆی هەبێ، بەڵام کە تەماشا دەکەین بەداخەوە دەبینین لەناو دوکانی تۆمارکردنەکانی دەنگدا، یان لە بازاڕەکانی ئێمەدا زۆر بە دەگمەن نەبێ شتێکی ئەوتۆ نادۆزینەوە دەنگی شاعیرەکانی ئێمەی لەسەر تۆمارکرابێ، لەناو ئەو دەنگە تۆمارکراوانەی شاعیرانیشدا هی باشیان تێدا کەمە، ئەوەکەی دیکەی، واتە هی کاتی خوێندنەوەی شیعری شاعیران لە هەندێ لە ئێوارە کۆڕەکاندا، یان تۆمارنەکراون، یان زۆر بە خراپیی تۆمارکراون و بە باشی لە ئەرشیڤدا هەڵنەگیراون، لەکاتێکدا ئێمە لە ساڵانی حەفتایەکان بەدواوە بەدەیان و بەسەدان کۆڕی شیعر خوێندنەوەمان ساز داوە کە گەورەترینیان میهرەجانە شیعرییەکەی شاری کەرکووکە کە لە ساڵی ١٩٧٢دا کۆمەڵێک لە شاعیرەکانمان شیعریان تێدا خوێندەوە، بە داخەوەش تۆمار کردنی ئەو کۆڕە شیعرییانە بایەخی پێویستیان پێ نەدراوە، یان لە بواری هونەری تۆمارکردنی دەنگدا زۆر سادە و هەڕەمەیی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە دەبوو ئەمڕۆکە ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی تۆمارکردنی دەنگی شاعیرانی خۆمان کۆیکردبایەوە و بپاراستبا، بێ گومانیشم ئەوە لە ئایندەدا کاریگەریی خۆی دەبوو و دەبووە کەلەپوورێکی پارێزراو لەلامان و بۆ نەوەکانی داهاتوو سوودی خۆی دەگەیاند، بەڵام بەم کەمتەرخەمی و گوێ پێ نەدانە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو دەنگ و سەدا و ئیلقا شیعرییانە بە هەوادا ڕۆیشتوون و زۆریان یان تۆمارنەکران، یان ئەگەر تۆماریش کرابن، بە باشی نەپارێزراون.

* ئەمڕۆکە بمانەوێ گوێ لە دەنگی شاعیرێکی وەک (پیرەمێرد) و (شێخ نووری) و (گۆران) و (قانیع) و (دیلان) و (کامەران موکری) و (هەردی) و کێ و کێ

**سەرنووسەر**

بگرین لەکاتی شیعر خوێندنەوەیاندا، بەداخەوە زۆر بەدەگمەن تۆمارکراوێکی ئیلقا و دەنگی ئەو شاعیرانە دەبیستین، ئەوەش لەبەر بایەخ نەدان بەو بوارە گرنگەی ژیانی ئەدەبیمان بووە کە ئێستا بە زەحمەت بە دەست دەکەون و زۆر دانسقە و دەگمەنن، یان لە گۆشەیەکدا بێ بایەخانە تۆز و گەردیان لەسەر نیشتووە و بە تێپەڕینی ڕۆژگاریش ئەو کاسێتانەی دەنگیان لەسەر تۆمارکراون خەریکن لەناو دەچن و کاڵ دەبنەوە و بەهۆی بە باشی نەپاراستنیان لە شوێنی گونجاو و شیاو، یان بەهۆی کاریگەریی کەشوهەوای خراپ و شێ و سەرما و گەرما لە بەین چوون و خراپ بوون، بۆیە زۆر گرنگە ئەمڕۆکە هەموو لایەک هەوڵ بدەین ئەو ئەرشیڤە دروست بکەین و یاد و یادگاری ئەو شاعیرانەی پێشوومان زیندوو ڕابگرین و ناو بەناو دەنگی ئەو شاعیرانەی لەناوماندا نەماون بەناو ناوەندی ڕۆشنبیری و شیعردۆستاندا بڵاوبکەینەوە و بیدەینەوە بە گوێچکەیاندا، نەک لەناو جەنجاڵی و بێ سەروبەری ژیانی ڕووناکبیریماندا ئەو دەنگانە بنێژین و ئەوەی هەیە و نییە بە پەرشوبڵاوی و بە بێباکی لەناویان بەرین و بە مردنی شاعیرەکان خۆیان، دەنگ و سەداشیان بمرێنین و بفەوتێنین و لە یادەوەریماندا بیانسڕینەوە و حەواڵەی گۆڕستانی بیرەوەریمانیان بکەین، ئەوە لەجیاتی بەنەمر ڕاگرتنی یاد و بیرەوەرییەکانیان و بەرزڕاگرتنی ناو و یادگارییەکانیان، کە لە پاش مردنیان لەناو هاونیشتمانییانی خۆیان و لەناو ژیانی سەر ئەو زەوییە بە نەمریی بیانهێڵینەوە.

* لەو سەردەمەدا کە شیعر لەگەڵ هەر پێنج هەستەکاندا دەدوێ و تەنیا بۆ هەستێک نییە تا وەک شیعری کلاسیکی تەنیا بۆ گوێچکە بێ، بۆیە پێویستی بە هونەر نواندن هەیە تاکو بەهۆی خوێندنەوەوە زیاتر لە زیهنی گوێگران و خوێنەران نزیک بخرێتەوە، لەبەر ئەوە یەکێک لەو هۆکار و لایەنانەی ئەو نزیک بوونەوەیە، تۆمار کردنی دەنگی شاعیرانە لەسەر سیدی و بڵاوکردنەوەیانە لەگەڵ دیوانە شیعرییە چاپکراوەکانیاندا. ئێمە کە بە حیساب میللەتێکین هەموو قۆناغەکانی ڕۆشنبیریمان لە شیعر نووسیندا چڕ و کورت کراوەتەوە و کتێبخانەکەمان شیعر و دیوانە شیعری لێ دەربهاوێژین زۆر کەم شتێکی دیکەمان بۆ دەمێنێتەوە شانازییان پێوە بکەین، کەچی لەوەشدا هەر بە ناتەواوی و نیوە و ناچڵی کار بەڕێوە دەچێت، کە دەکرا شیعری (نالی) و (مەحوی) و (مەولەوی) و (سالم) و (کوردی) و کێ و کێ بخرێنە سەر کاسێت و سیدی و لەلای نەوەی ئەمڕۆکەمان پتر ئاشنایان بکەین و هۆگر و گوێگریان بۆ پەیدا بکەین، کەچی لەمەشدا داخەکەم کەمتەرخەمیمان نواندووە، کە دەکرا هەر نەبێ بەدەنگی گونجاوی ئەکتەری شیعرناس و بەتوانا شیعرەکانیان بخوێنرێنەوە.

* جەبرا ئیبراهیم جەبرا کە ڕووناکبیر و ڕەخنەگر و وەرگێڕێکی گەورە بوو، لە نووسینێکیدا دەڵێ جارێکیان چوومە لای سەییاب-ی شاعیر بینیم لەماڵەوە خەریکی گوێ گرتنە لە تۆمارکراوێکی دەنگی (ئەدیث ستۆدیل)ی گەورە شاعیری ئینگلیز کە وەک ڕەخنەگران ئاماژەی پێ دەدەن سەییاب زۆر لەژێر کاریگەریی ئەو شاعیرەدا بووە، سەییاب پێی وتووە دەمەوێ گوێی لێ بگرم تا وەک دەنگ و ڕیتم و مۆسیقا سوودی لێ وەربگرم، بە وتەی جەبرا ئەو کاریگەرییە بە زەقی لە سرووودی باران-ەکەی (سەییاب)دا ڕەنگی داوەتەوە.

* ئێمە کە خاوەنی شاعیرێکی گەورەی وەک گۆران-ین و زۆر یادی دەکەینەوە و لەبارەیەوە دەنووسین و وەک نوێخوازێک لێی دەدوێین کە چاکەیەکی زۆری بەسەر شیعری نوێی کوردییەوە هەیە، کەچی هاوڕێیەکانی کە زۆربەیان تا ئەمڕۆکە ماون و زوو زوو یادگاری و بیرەوەرییەکانیان لە بارەیەوە دەگێڕنەوە، کەچی لەم ڕووەوە زۆر کەمتەرخەمییان کردووە و هیچ جۆرە بایەخێکیان بە دەنگی ئەو شاعیرە نەداوە، تا هیچ نەبێ ئەو چەند تۆمارکراوەی دەنگی نەفەوتێ کە هەن و بکەونە بەردەستی خوێنەر و مریدەکانی ئەو شاعیرەوە، کە ئەمە نیشانە و بەڵگەی بایەخ نەدانی بەرپرسیارانە بە گرنگی ئەو لایەنە، چونکە لایەنێکی پێویستە و تا ئێستا پشتگوێ خراوە و دەبێ بۆ لەمەولا بایەخی زیاتری پێ بدرێ.

* هەڵگێڕانەوەی شیعر بۆ سەر زمانی کاسێت و سیدی کارێکی نوێ نییە، بەڵام باس کردنی بە زیان و خراپ نازانم، چونکە باس و بابەتێکە ساڵ دوای ساڵ پێویستتر و گرنگتر خۆی دەنوێنێ، بە تایبەتی کە دەبینین تا ئێستاش بایەخی شایانی باس و بەپێی پێویستی پێ نەدراوە، چ لەلایەن دامودەزگایەکانی ڕۆشنبیری، چ لەلایەن خودی شاعیرەکان خۆیانەوە جێی گرنگیدانیان نەبووە. پێم باشە لەمەولا ئەوانەی بایەخ بە ئەرشیڤ و کۆکردنەوەی یادگاری شاعیران و نووسەران دەدەن، یان لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی کوردیدا کاردەکەن، چی دەنگ و وێنەی شاعیران هەیە لەکاتی شیعر خوێندنەوە لە شوێنێکدا کۆیان بکەنەوە و بیانپارێزن، کە من پێم وایە ئەرشیڤی ڕادیۆی کوردی بەغدای جارانیش زۆر شتی نایاب و دەگمەنی تێدایە کە لەوێ پارێزراون، پێویستە ئەوانەیان لێ دەربهێنرێ و جیا بکرێنەوە تا بە باشی بپارێزرێن و کاریان لەسەر بکرێ.

* لە کۆتاییدا دەڵێم ڕاستە هەندێ جار لێرە و لەوێ لە پاڵ چاپکردنی کۆشیعرێک لەلایەن شاعیرێکەوە ئەو نەریتەش سەری هەڵداوە کە سیدی خوێندنەوەی شیعرەکانیش لەگیرفانی بەرگەکەدا هەبێ، وەک ئەوی لە کۆشیعری (زەنگوڵە)دا دەبینرێ کە شیعری چاپکراوی د. نەزەند بەگیخانی-یە، یان د. فەرهاد پیرباڵ کە بەدەنگی خۆی شیعرەکانی خۆی خوێندووەتەوە و بە سیدی بڵاویانی کردووەتەوە، لەپاڵ زۆر کەسی دی کە ئەم کارەیان کردووە، بەڵام تا ئێستا ئەوە نەبووە بە نەریتێکی باو و بڵاوی لای شاعیرانمان، دەکرێ ئەگەر خۆشیان دەنگ و ئیلقایان بۆ شیعر خوێندنەوە گونجاو و لەبار نەبێ بە کەسانی دیکەی بسپێرن، هەرچەندە من پێم وایە ئەوە قەت نابێتە بەدیلی دەنگی شاعیرەکە خۆی، وەک چۆن کاتی خۆی نزار قەببانی و کەسانی دی لەناو شاعیرانی عەرەب زۆر بایەخیان بەو لایەنە داوە و هەندێ جار بە ئەکتەری ناسراویان سپاردوون.

# کچێک لە ئاگری شین

هاشم سەڕاج

(١)

کە هاتی هەرچی کۆترەشینکە و
کوکوختییەکانی – سایلۆ –
هەیە
بەگوڵەجۆی قژت وەربوون!

(٢)

نیوەی دڵەکەت
لەم دۆزەخی ڕوحەم
جێ بێڵە و
بزانە چۆن ئاگرێک
لە
پێکهاتەکانی
عیشق و حەرف و ئیرۆتیک و جوانی
لە
جیوەخانەی جەستەی
پەژموردەی
شیعر و گەردوون
بەردەدەم!

(٣)

لە
ئەزەلەوە
دەوەنی
جادوویەکی شین و شێت
لە بێ دەنگییەکانی
جەنگەڵی گیاندا
دەڕسکێ و
ڕەگوڕیشاڵی ڕووەو
ئاسمان و
لقوپۆپی بەرەو ناخ!

(٤)

لەم بێ دەنگییە قووڵ و سپییەدا
ئەی یار
شێوەی فرەچەشن و
عیشوەی فرەچەشن و
چێژی ئاگرینی فرەچەشنت
سەرلەبەری



گیانم لە خشتە دەبا!

(٥)
دەمەو ئێوارانی
درەنگ
بەهێمنی
لە ئاخڵەی
ڕوخساری
خوداییت
ڕادەمێنم و
هێدی هێدی
مەست دەبم!

(٦)
ئەی پەیکی مەلەکووتی
شیعر و جوانی
وەی بلاَچەکانی گیان!
بەرەو فیردەوسی
حەز و چێژ و ئاواز و
مەرگ و هەلاَیسان
ڕێنوێنیمان کە!

(٧)
شەو بەدیار
خەرمانەی
ڕوخساری
ئاگرمان کردەوە و
غەزەلمان چڕی و
سوراحییەک
شەرابی (سۆما)مان
نۆشی و
سەرمەست و شەیدا
زەمەن
تۆپێکی زەرد بوو
لە دەزووی مۆر و
پوولەکەی سپی
بەشێنەیی
شین شین
هەڵدەوەشایەوە و
لەپڕ
هەستێکی شینی نادیار
پێی ڕاگەیاندین
دوایین جار
جوانی موڵکی کەس نییە!

(٨)
ئێستا من چی بکەم خودا
بە عەتری ئاگری شینی
قژ و لەشی
سەرمەست و حەیرانم!

(٩)
تۆ زەرییەکی
لە
عیشق و بەخشش و جوانی
ئەی خاوەندی
ئاوازەترین
تیشکی
شین و شیرینی
نادیاری
خودایی!

(١٠)
ئێواران
خەمەکانمان
باوەش بەیەکدا دەکەن و
سپێدان دڵەکان!

(١١)
جەنەتی جەستەت
باخچەیەکی شینە
لەکاهووی سپی!

(١٢)
چەنێ جوانی
بەشۆڕو شەوقەوە
دەلەنگێی و
تاڵ تاڵ قژت
ئەستێرەی شینی
لێ دەڕژێ و
هەنجیری دەمت
هێشووە وشەی کەسک و
زەنگیانەی ئاڵ
ئاسۆیەکی نارنجییە
ژین
ئەی خودا
بە پرسیارگەلی ڕەش و
ئاماژەی سوور
دەیوروژێنی و
سەرچڵییەکانی
ڕوحی زەمەن
لەسەر لەوحی دڵ
تۆمار دەکەی!

(١٣)
چەند شیرینە

تەنیا
زەردەخەنەیەکی زیوین
لەسەر گێلاسی لێوت
دیار بکەویێ!

(١٤)

ئەوەی
لە ئاگری شینی
شمشادی باڵات
بخواتەوە
شێت دەبێ!

(١٥)

تاکەی
بەو
بێ دەنگییە
سپییەت
دەمکوژی
ئاخر
دوایین جار
زەمەن
ئەژدەهایەکی
شینە و
هەمووماں
هەڵدەلووشی!

(١٦)

تۆ نەبای
لە
نهێنییەکانی
کرمگەلی
نیهلیست و
دۆزەخی
نووسین
نەدەگەیشتم!

(١٧)

تەمەن بەرەو کۆتا
دەڕواو
تا دێ مۆنادەکانی
عیشق و غەمگینی
ئاوێتەی
هەستە
خۆڕسکییەکانم
دەبن!

(١٨)

خەفەت
قەڵەمە
ڕەنگاوڕەنگەکان
پەرشوبڵاو دەکاو
قەدەریش
لە شوێنێکدا
کۆیان دەکا!

(١٩)

ئاگری ئاڵۆزی
ڕوخسارت
دووچاری
سوورترین
وڕێنەی ڕەشی
کردم!

(٢٠)

کراسە ڕەشەکەت
عەتری
ئەزەل دەپرژێنێ
جەستەت
قاشێک
نارنجی
هەیووڵای
سەڵسالی
شین!

(٢١)

ئێستاش لە تفتیلکێک
دەکەی
لە
خۆڵەکەوەی شین و
بەفری شین و
دارچین و
ئەبەنۆسی شین و
خوێی شین!
وەرە
بەو
ماجیکە
زەردە
لەسەر
لەوحی سینەت بنووسم
ئای کە
تەمەنی کورتە جوانی!

٢٠٠٨/٨/١٥

# من لە سەفەردام

**شالاو حەبیبە**
**(سلێمانی)**

**(١)**
لەژێر درەختێکدا چاوەڕێم،
یەکەمین شکۆفە..
سڵاو لە من بکات!

**(٢)**
لە بەردەرگای باغەکەم
چاوەڕێم..
شەونم، گژوگیا و گوڵەکان جێ بهێڵێت.

**(٣)**
لە تاریکییەکەدا..
نوختەیەکی سوور دەردەکەوێت،
فرمێسکێک، دەکەوێتە سەر زەوی.

**(٤)**
خۆزگەم بە تووڵە سەگەکان
چاوەڕێی دایکیانن
لە گۆڕستانەکە

**(٥)**
لەسەر بەردێک دانیشتووم،
خەیاڵم لای..
دڵی تۆیە.

**(٦)**
ژووانی داهاتوومان
گۆچانێکم بۆ بێنە
ئەی غەم!

**(٧)**
سەرەیان گرتووە
لەناو تەنوورەکە
کولێرەکان



(٨)
ماسییەکان
پەیامەکەیان نەگەیشت
کونێک کەوتبووە بەلەمەکە

(٩)
من، لەناو بەفرەکە و..
قەلەڕەش لەسەر دارەکان،
کات، دەڕوا و ناڕوا!

(١٠)
بەفر باری
خۆشەویستەکەم
لێ ون بوو

(١١)
چاوەکانت داخست،
ئەستێرە..
کەوتنە پێکەنین!

(١٢)
خۆشەویستەکەم..
گوڵەکەمی خستە ژێر پێی،
کلیلی باغەکەم فڕێ دا.

(١٣)
پەردەکەت لەسەر لانادەم،
بەرگەی خۆکوشتنی..
پەروانەکان ناگرم.

(١٤)
کە پەردەکە دادەدرێتەوە
دڵمان دەشکێ
من و گوڵدانەکە

(١٥)
کۆڵان..
بۆنی ئەو ڕۆژەی لێ دێت،
گوڵێکت بۆم هەڵدا.

(١٦)
دوو ڕۆژە
گوڵەکانم ئاو نەداوە
من لەسەفەردام

(١٧)
دارخورماکان نەبوونایە،
کێ دەیزانی..
گەیشتووین؟!

(١٨)
بە خەونی
حوشترێکدا
چووم بۆ حەج

(١٩)
نابینایەک..
دەگاتە باغێک و دەڵێت:
سڵاو کیژۆڵەکان!

(٢٠)
ویستم سەری خۆم هەڵگرم
ماڵی چۆڵی کیسەڵێکم دی
دامە قاقای پێکەنین

(٢١)
بۆ گەشتێکی شین،
هەڵۆیەک..
کیسەڵێک بۆ ئاسمان دەبات.

(٢٢)
لە پەنا بەردێکدا..
کیسەڵێک دەگری،
منداڵان قاوغەکەیان بردووە.

(٢٣)
ئەو منداڵەی ڕایکرد..
ئەستێرەکە بگرێتەوە،
دەبێتە شاعیر.

(٢٤)
منداڵەکەم..
دەست بە ڕیشما دەهێنێت،
بیرم بێت، پەشمەکی بۆ بکڕم.

سلێمانی ٢٠٠٨

# ئەرابێسک
# ڕوحم تێکەڵ جەستەی
# سەرابەکان دەکا

ئەدیب نادر
(کەرکووک)



(١)
تۆ کێی وا دڵم دەکەیتە ئاوێنە و
لەبەر دەروازەی پەرستگاکان سینەت پڕە لە بێ ئومێدی و
دەستەکانیشت بۆشاییان لێ دەبارێ
نازانم چاوەڕوانی چی
لە موریدەکانی پەیامبەرێکی درۆزن دەکەیت،
وەرە، من هەمیشە شاربەدەرم
قەراغەکان مەیخانەمن
خەونەکانم بە ژیانێکی تازە ئاو دەدەم
من هەمیشە دڵم تژییە لە عیشق و
چاو لەدووم بە گەواڵەکانی نێوچەوان
سارای هەموو ئومێدەکان تەڕ بکەم و
هەنارەکانی زیندەگیت لەگەڵ شەق کەم

نادری ٢٠٠٩

(٢)
دارستانەکانی عومرم پڕن لە گەڵای یادەوەری
ئاسمان سایە بە نەزۆکییەکانی سینەم دەبەخشێت و
خوا دەکەوێتە نێو مەستیی دڵە نادەستەمۆکەم و
پڕاوپڕ دەبم لە حیکمەت.

بۆچی دەبیتە گوڵێکی دووری ئاسمان
گیانم.. کە زۆر زۆر نزیکە، چۆڵەوهۆڵە
ئەوەی لەناویا بوو خۆی کوشت
چونکە لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ مەنفاکان.

خۆشەویستی، زیندانێکە،
هەردەم خۆم هەڵی دەبژێرم
جەستەم دەکاتە دوو باڵی لەبیرکراو
ڕوحیشم دەکاتە ئەو چڵ و پۆپە ناسکانەی
ئەوای جریوەکانی پیادا قەتیس دەمێنێ.

دەمێکە
ئەم کلیلە خۆی لە ژەنگی ڕەهاییەوە وەرداوە
هەر تەنها تۆ کارەکتەری پێدەبەخشی و

دەرگا داخراوەکانی دنیای شەوی یەک یەک پێ واز
دەکەیتەوە و
مانگ لە ئاوابوونی خۆیدا
وەکو مینا لەبەر پەنجەرەی وجووددا ڕادەوەستێ.

**شوباتی ٢٠٠٩**

## (٣)

لە دەرەوەی بازنەکاندا
وەک تێرمیناڵێکی غەمبار
لە بەفرانباری لێژایی دوای سەری ساڵ
پێچراوە ڕاوەستاوم
وام نیازە بەرسیلەکانی سۆماییت بخەیتە نێو لەپی نیگام
بەبێ ئەوەی بزانم قیناع کردنت چی دەبەخشێ
وەکو ساتەکانی جاران تێدەپەڕی و
دەمدەیتە دەست فەرامۆشییەکی تازەوە
هەست بەگیانەلایەک دەکەم
چاوبڕکێ دواییینەکەی نێوانمان خەفە دەکاو
لەودیو هەناسە بەدەکانی دوا نیوەڕۆیەکی باراناوی دیکەدا
بەخۆ دزینەوە خۆت دەسپێری و
لەسەر شووشە تەپو تۆز لێ نیشتووەکانی پشتە سەرم
پەیامێکی بچکۆلانەی هەڵمینت بۆ جێدەهێڵم
لەنیگا ڕژد و بێباک و ناڕامەکانت سەراسیمە دەبم
ئیدی سەخت نابێ وەک ئێستا
گومگەشتەییم بەدی بکەیت
ئیدی لە چاوانی ئەو میهرەبانەدا داڵدە دەگرم
کە لەهاتونەهاتێک دوور دوورم دەخەنەوە
ئەو چاوانەی بەدوومدا نەگەڕاون و
هەرگیز پشت گوێیان نەخستووم..
دەزانم قەت تەنیا نابی
بەڵام ئیتر من لێرە نیم
هەر تەنها گەوهەرە کوژاوەکان
پەی بە جانتای گەڕانەکانی تۆ دەبەن..

**کانوونی دووەمی ٢٠٠٦**

## (٤)

سبەینێ وەرزێکی تر دێت،
ئەو تاریکییە ڕمۆکەی گەڵا وردیلەکانی خوێن
دەڕژێنێتە نێو دوا لەپی بەجێماوی پاییزی دووری
جێگایەک
تا ئێستا ناوی نازانم،
دەکەوێتە ئەودیو هارمۆنیای شتەکان..
ئەگەر چرا نادیارەکەی
سەوڵەجانێک نەبێت، نابینایی ئەسپە شێکانی ئارەزوو
بخاتە ژێر لەزەتی قووڵی ئازارە زیوینە ئەبەدییەکان
ئەگەر لە داوێنی ناپاکی ئابلۆوقەکانی نوغرۆیی
جوانییەکی ڕەنگامەی لاقە نەکراو
نەدا لەیەخەی ئەفراندن
لە بەژنی بلووری و ئاوازەی بێ دەنگیشدا
بەرجەستەیی بە ترپە دانسقەکانی مەلەکووتی ڕوح
نەبەخشێت
ئەگەر لەنێو پرتەقاڵی مشتی پۆڵووی بێرەوونەکانی
ئامێزی سڵکردنەوە
نەمکا بە چۆڕاوگەی زێڕینی
لەکانی شەهوەتی بێداریی عومر و
بەخت کەری باخە بەرینەکانی عەدەنی خۆشەویستی
ئەگەر لەنێو پەیڤە دراوسێکانی گەڕەکی شیعرێکی
ئایندەهێن
نەبێتە ئیقاعی ڕەندی کەرنەڤاڵێک هەتا بڵێی بێ تەمومژ
ئەگەر لە کووچەی سەرپێچی شەقاوە وەریوەکانی
دەستەمۆیی
ڕوحی تێکەڵ جەستەی سەرابەکان نەکاو
هزری پێواری ئێواران لە تریفە ساردەکان نەلەوتێنێ
لەتانوپۆی لەبیرکراوی حەزو تاسەی کوژانەوەیەکی ڕەش و
گەشتی ڕۆژێکی سپیدا،
لێی گەڕێ با
لەژێر باڵای گەندەمووەکانی هەمیشە بارمتە بێت.

**تەممووزی ٢٠٠٥**

## (٥)

لەودیو پەنجە هەورینەکانی ئاسمان
پەیڤەکان قەڵەمێکی یەزدانی دەشارنەوە
نزیکی پڕە لە گومان،
گومانیش، کوژاڵکی لاوازییەکانی تیا دەڕوێ
جیهانێک خولیای بە ئەتڵەس بوون
دەهاوێتە نێو ویڵگا شینەکانی قووڵایی
بە تەنیشت گەمە نزیکەکانەوە گوزەر دەکەم
قەفەزی دەمم هێشتاکە، نەکراوەتەوە تا بڵێت:
کۆترەکان توخوا مەفڕن..
باڵەکان، لە ئاسمانی ڕابردوودا
بوونەتە سەدایەکی نێو بێ کۆتایی
شەباقەیەک، بە هەڵفڕیندا برینی خۆی هەڵواسیوە
لە گەواڵە بێ گیانەکانەوە
سارایەک خۆی دەتەکێنێ
لەتەکان قەت ئاشنای ئەو جلدوورە نابن
کە پریاسکە تەڕەکەی کراسێکی چڕۆیی تیا ئاخنراوە
دۆزەخ دوای حەرفەکانی ڕۆژهەڵات دادەگیرسێ

قەتارێک،
ڕەدووی هێڵی ئەفسووناویی دەنگێکی سیا دەکەوێ
«با» لە سییەکاندا گەشتیارێکی میهرەبانە
بەڵام بۆنی هەناسەکان،
لەنێو پرچی بێ دوایی خۆی حەشار نادات
هەتا بۆ جیهانێک بیبات
کە زەمهەریر خەریکە دیلانێ دەکات
لەسەر ئاسۆ پڕ تەمەکەی.

**نیسانی۲۰۰۸**

**(٦)**

ئەم تاریکییە ئەرابێسک مەفتوونێتی
لەژێر کڵاوە دەیجوورییەکەی ئەوەوە دووکەڵئاسا
دەردەچێت و
غرووبێک بەدوای جوانیی خۆی کێشم دەکات
هەموو ڕێگاکان نیشتمانی یادەوەری دەگرنەبەر
دەڵێی جوانترین کۆتری شینی منداڵیم تەرە بووە و
لەودیو ڕەنگەکانی کۆچ و ئاوازی لیریکەکانی دەم ڕێگا
دەیدۆزمەوە

ئەم تاریکییە، لەژێر سەرپۆشی لاژوەردی بەدبییەکاندا
هەیشێکی سەرگەردان و گەڕیدە شەتەک دەدات
لەودیو یەکەمین ڕستەی خوا
چاوەکانم دەکەونە مەلە کردن
غەمگینی تا بڵێی بە ئەشک قووڵتر دەبێ
خەون دەبینم، سروودەکان بینە ستران
خەون دەبینم، پۆرترێتە ونبووەکەم
لەناو گالەری یادەوەرییە هەڵهاتووەکان
تیشکە ئاڵتوونییە دوورەکان هەڵبمژێ

ئەم تاریکییە ئەرابێسکە ئەرابێسک
شایەدحاڵی هەڵفڕینی باڵندەکەی ناو سینەمە
ڕوحی نەزۆکی هێلانەی سەرنوێشتێکە داوەریو
ئیرەیی بە گڵکۆی تەم پۆشی نێو گەڵا کەوتووەکان دەبات
ئەبڵەق دەبێ،
چونکە ڕوحێکی ڕەزامەند باژێڵەی ئاسمان دەکات و
جەستەیەکی هەتا بڵێی ماندوو ماندوویش دەگرێتە کۆش

**سەرەتای ۲۰۰۷**

# بەرفەمێرێ شارەزا

**دیلبەر هێما**
**(قۆسەر)**

هاتبوو خەونا من
ژنەکە ب حالکی بوو
فیستانێ وێ سۆر بوو
دگۆت:
«تێ ژ زکێ من رە
هەلبەستەکێ بنڤیسی!»
ل پێ وێ دچووم
هەلبەست رێ هەر کەسی ددا

تەمەنێ خوەزایێ ژ ئاڤەکێ دەرباس دکر
بەرفە
ل مالان د سەر بەدەنان رە دحەرکی
ئەو ئاڤ
د هەر مالەکێ دە لیستکەک زارۆکی بوو
بەرفەمێر
گونەح ل زڤستانێ دباراندن ژبۆ ژیانەکێ
هەر دلۆپ
واتەیەک دابوو وێ لیستکێ
هەر زارۆک
یەکی گۆتبوو: زایینا وی
یەکی گۆتبوو: ژیانا وی
یەکی گۆتبوو: مرنا وی

دناڤ لەپێن زارۆکی دە
بێداوییبوونا خوە دحەلاند
خوەزا
قەرفێن خوە ب رۆژێ دکر
شەڤ
(رۆناهیا رۆژێ دزیبوو)

دناڤبەرا شەڤ و رۆژێ دە مابوو
بەرفەمێرێ زارۆکان
سەوتێن ژ مالان دپەنگزین
ژێ رە دبوون گری



ژبۆ کو نەحەرکە بەدەنا وی
تەڤ ل دلۆپان دکر
رۆندکێن خوە
هینی ئێشێ دبوو
ل بەر مالێن گەوربوویی
د گەودەیێ وی دە ڤەددا
هەبوون
نۆلا ساعەتەکە سازکری
ما نە وە ئەز ئافراندم؟

پەردە پەردە ڤەدکشیا
تەمەنێ من
هێدی هێدی دەرباس دبووم
د دەرگەهێن مالان رە
هینی زایینێ
هینی ژیانێ
و هینی مرنێ دبووم

ل هەر مالەکێ
گۆلۆفیکەک هێسران د (هشت) هەلاند
ژ بەدەنا خوە
و دگۆت:
ئەزێ ل هێڤیا زڤستانەکە دن
ئەزێ ل هێڤیا لیستکەکە زارۆکی بم

دبە دلۆپەک باران
د نقوتە سەر رووپەلا پرتووکێ
ژیانا راستەقین
ب نەپەنی شل دکە
دلێ هەلبەستکارێ

**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆمەلە شعرا (مەدووسا) رووپەلێن (٥٩–٦١) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٨)ێ و ل ستەنبۆلێ چاپبوویە، ژ وەشانێن (ئاڤەستا)یێ یە.**
**هەژییە بێژین کو شاعر ل سالا (١٩٨١)ێ ل قۆسەرا مێردینێ ژ دایکبوویە و خوەندنا خوەیا سەرەتایی و ناڤین و لیسێ هەر ل وێ دەرێ تەمام کریە و پاشدا چوویە زانینگەها ئانادۆلو، بەشا بەرێوەبەریا گەلەمپەر خوەندییە.**

**«رامان»**

# مسیۆ پرسیار لە مسیۆ ئەكا

ژان تاردیو
Jean Tardieu
لە فرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر

مسیۆ، ببوورن
هەراسانتان ناكەم
چ شەپقەیەكی سەیرت
لەسەرە!

مسیۆ ئێوە بە هەڵەداچوون
چونكە من سەرم نییە
ئیتر چۆن ئەبێ
شەپقەم لەسەر بێ!

ئەی ئەم بەرگە چییە
كە پۆشیوتە؟

مسیۆ بەداخەوە
من لەشم نییە
كە نەشم بێ
چیتر بەرگیشم نییە.

كەچی كە من قسە ئەكەم
مسیۆ ئێوە وەڵام ئەدەنەوە
ئەمەش زیاتر هانم ئەدا
پرسیارت لێ بكەم:
مسیۆ ئەم خەڵكانە چین
ئەبینم لەوێ كۆبوونەتەوە
لەوە ئەچێ چاوەڕێ بكەن
پێش ئەوەی هەنگاوبنێن؟

مسیۆ ئەمانە درەختن
لەناو دەشتی پانوبەرین،
ناتوانن بجووڵێنەوە
چونكە بەستراونەتەوە.

مسیۆ مسیۆ مسیۆ
ئەم هەمووو چاوانە چین لەسەر سەرمان
لەناو شەوان سەیر ئەكەن؟



مسیۆ ئەمانە ئەستێرەن
بە دەوری خۆیان ئەسووڕێنەوە
سەیری هیچ ناکەن

مسیۆ ئەم هاوارانە چین
ئەیانبیستین
ئەڵێی پێکەنینن
ئەڵێی گریانن
ئەڵێی ناڵانەوەن؟

مسیۆ ئەمانە ددانن
ددانی ئۆقیانووسن
بێ دڕەندەیی
بێ ئەوەی تینوو بن
بێ ئەوەی برسی بن
قەپاڵ لە تاوێر ئەگرن.

مسیۆ ئەم دەنگانە چین
ئەم هات و چوونەی ئاگر
ئەم وژە وژەی بایە
ئەم جووڵەی ئەستێرانە
ئەم غلۆربوونەوەی دەهۆڵە
ئەم تریشقە و گەواڵەیە
دەڵێی سوپایە بۆ جەنگ ئەڕوا
بێ ئەوەی دوژمنی هەبێ؟

مسیۆ ئەمە ماددەیە
مناڵی لێ ئەبێ
مناڵ بۆ خۆی دروست ئەکا
بۆ ئەوەی جەنگ دژی خۆی بکا

مسیۆ لەناکاو ئەمە،
لە ناکاو ئەمەم پێ سەیرە
چیتر کەس نەماوە
کەچی من قسەت لەگەڵ ئەکەم
ئێوەش، گوێتان لێمە
چونکە وەڵامم ئەدەنەوە!
مسیۆ ئەمانە ئەو شتانەن
کە نە دەبینن نە دەبیستن
بەڵام ئەیانەوێ گوێیان لێ بێ
ئەیانەوێ قسە بکەن

مسیۆ لەناو ئەم هەمووە
ئەم وێنانە چین
هەندێ جار ئازادن
هەندێ جار زیندانی
ئەم هزرە گەورەیە
کە تێیدا وێنە تێئەپەڕن
کە تێیدا ڕەنگەکان شەوق ئەدەنەوە.

مسیۆ ئەمە فەزا بوو
فەزاش ئەمرێ.

**تێبینی:**

**(١) مسیۆ – Monsieur، وشەیەکی فەرەنسییە واتە: کاک، بەڕێز، بەرانبەرەکەی بە عەرەبی (السید)ە. ئەم وشەیەمان وەکو خۆی هێشتەوە، بە پێچەوانەوە مانای قەسیدەکە نەدەما.**

**سەرچاوە:**

**- Anthologie de La Poesie francaise du xxe Siecle. Gallimard. 2000.**



# تارایەک لە خوێن

**قادر عەلی خا**
**(بۆکان)**

ماوەیەک دەبێ بە خەبەر هاتووم، خەو هێشتا دڵی بەرنەداوم، وا هەست دەکەم ڕۆژە، دەبێ تاو کەوتبێ و ڕووناکی لە وڵات گەڕابێ، بەڵام من خۆم گرمۆڵە کردووە و لێفەکەم بەسەر خۆمدا کێشاوە، جارجار، وەک بەدزییەوە بێ، چاوێکیانم هەڵدێنم، هیچ شەبەقێک لە درزی لێفەکەوە نایەتە ژوورێ، وڵات تاریکە سەڵاتە، کەچی من پێم وایە دەبێ ڕۆژ بێ، چونکە ئەم شەو زۆر درەنگ خەوتم، نزیکە ڕۆژ بوو ئەگەر کتێب و شتەکانم کۆ کردەوە و خۆم خزاندە ژێر لێفەکەمەوە، پێم وابوو هەر ناتوانم چاوێکیش گەرم کەم ڕۆژ دەبێتەوە، کەچی زۆر باش نووستووم و هیلاکی لەشم دەرچووە، حەساومەتەوە و تەواو سووک بووم، هەست دەکەم دەبێ ماوەیەکی زۆر بێ خەوتووم، لێفەکە لەسەر خۆم لادەدەم، ژوورەکەم تاریکە تاریکە، پێم سەیرە! یانی ڕۆژ نەبۆتەوە!؟ هەر شەوە!؟ بڕێک خۆم دەکێشمەوە و هەڵدەستمە سەر پێ، پەردەی پەنجێرەکە لادەدەم، هەر شەوە، شەوێکی تاریک و نووتەک، زۆر دوور بە بەر سوخمە ڕەشەکەی ئاسمانەوە هەندێک پوولەکە ئەستێرەی کز سۆڵەیان دێ، لە خۆم و لەو شەوە دڕدۆنگم، شەو شتێکی وای بە بەرەوە نەمابوو ئەگەر نووستم، ئێستا حەساوەم تێر خەوتووم، کەچی هەر ڕۆژ نەبووەتەوە! بڵێی حاڵم تێک نەچووبێ؟ سەرم لێ گێژەوە نایێ، هەست بە هیچ ئازارێک ناکەم، ئەوەندەی لەبیریشم بێ شتێکی واشم نەخواردووە، کە حاڵم پێی گۆڕابێ، پەردەکە دادەمەوە، ئەستێرەکان بزر دەبن، بارستایی تاریکی نێو دیوەکەم ئەستوورتر دەبێ، چاوێک لەکاتژمێرە دیوارییەکە دەکەم، لەبەر تاریکی پێم ناخوێندرێتەوە، بە بەڵەدی و دەستەکوتێ کلیلەکان

دەبینمەوە و گڵۆپەکان هەڵدەکەم، ژوورەکەم پڕ دەبێ لە ڕووناکی، سڵاوێک دەنێرم بۆ (ئەدیسۆن)، چاوەکانم لێک دەنێم و هەڵیان دێنمەوە، بە ڕۆشناییەکە ڕادێم، چاو لە کاتژمێرەکە دەکەمەوە، دەحەپەسێم، پێم سەیرە، باوەڕ بە چاوم ناکەم! بڵێی بەهەڵەدا نەچووبم؟ چاوەکانم هەڵدەگلۆفم هەمیسان چاو لەکاتژمێرەکە دەبڕمەوە، ڕاست وایە! دوازدەی شەو، تاسێک بەسەرمدا دێ، لەوانەیە بەعەرزیدا کەوم، بەیارمەتی دیوارەکە خۆم ڕادەگرم، دەمەو بەیان بوو نووستم، یانی من شەو و ڕۆژێکە بەخەبەر نەهاتووم، ئەستەمە ئەو هەموو خەوە، بڵێی بێ هۆش نەبووبێتم؟ هیچ ناساغییەکیشم نییە، بۆ بە خەبەر نەهاتووم! زەنگێک، هەرایەک، تەقەیەک گوێشم گران نییە، خەوی ئاوا قورس! ؟نەکا شاریان سەم باران کردبێ! ئاخر ئێمە لە بەختانمانە، پەنجەی ترسێک ئەوکم دەگرێ، دەکەومە دڵەکوتێ نەکا وابێ، بەلەز هەڵدێمە دەرێ، هەوایەکی ناخۆش و مەییو هاشاوڵم بۆ دێنێ، بۆنێکی تیژ و تاڵ لووت و دەروونم دەئاخنێ، گوڵی نێو باغچەی حەوشەکە هەموویان بەلادا کەوتوون، دەڵێی سەمت لێداون، تابش ناهێنم و خۆ دەکەمەوە بەژووریدا، چاوێک لە کاتژمێرەکە دەکەم، یازدە و نیوە، تاسێکی تر دەمهەژێنێ، ئەم ڕەوتە نائاساییە جێی سەرسوڕمانە، ماوەیەک لەمەوپێش سەعات دوازدە بوو، من سەرم لێ شێواوە، یان کاتژمێرەکە؟ ئەم پرسیارە چاوم بەمیلەکانی کاتژمێرەکەوە گرێ دەدا، هەموویان لە گەڕاندان، بەڵام بە دژی ڕەوتی ئاسایی و پێشوویان دەئاژوێن، کات هێور هێور پێ بە پێی میلەکان بەرەو پاش دەکشێتەوە، دایکم بە خشەخشی منەوە بەخەبەر هاتووە و سەردەکێشێتە دیوەکەم.

– ڕۆڵە ئەوە هەر نەنووستووی؟ ناساغی؟ نا دایە هیچ کوێم نایەشێ، بێ دەنگ دەچێتە دەرێ و دەگەڕێتەوە دیوەکەی خۆیان، چاوێکیشی لە کاتژمێرەکە کرد، بەڵام هەستی بەگۆڕانەکە نەکرد، ئاخر ئەو لە سەعات ناگا، گزنگی خوشکم نەبوایە قەتی نەدەزانی کاتژمێر چەندەیە، هەر ئەو پێی دەکوت. بە ڕۆیشتنی دایکم من دەمێنمەوە و سەرسوڕمان و هەزاران پرسیاری جۆراوجۆر، بۆ ئەوەی لەکاتژمێرەکە دڵنیابم، چاوێکیش لەکاتژمێرەکەی دەستم دەکەم، ئەویش هەروایە، بەدژی ڕەوتی پێشووی دەئاژوێ، بەدەم پیپلی پرسیارانەوە دەچمەوە سەر جێگاکەم، درێژ دەبم و لێفەکەم بەسەر خۆمدا دەکێشم، خەو بەسەر پرسیارەکاندا زاڵ دەبێ و دەمکێشێتە نێو ئامێزی خۆیەوە، ئامێزێکی نەرمونیان. بەسواری کەژاوەی ئەم خەوە نیانە دەچمەوە دێ، دێ سەوزەکەمان سەرچاوەی پاکی و ساکاری، بەرلەوەی وێران بکرێ، ئای شەڕ ئای گوللە تۆپ و تفەنگ، ئای مرۆڤی بێ بەزەیی، لەناو نوێنێکی شڕۆڵدا ماندوو و شەکەت لەکاری ڕۆژی پێشوو خەوتبووم، بەحاڵێک و دووبەڵا دەنگی باپیرم دەهاتە گوێ، بۆڵەبۆڵی دێ، ئەو هەر جارە و بەسەر یەکێکدا دەیبۆڵاند، دەنگێکی زۆر بەرزیش، ئەم سەر و ئەوسەری دێ دەیانبیست، جارێک باوکم و دایکم جارێک نەنکم و کەڕەتێکیش لەگەڵ ئێمەی بوو، بە باوکمی دەکوت قوڕم دا بەنێوچاوتدا، دەڵێی بەخەو گۆچ کراوە، ئاخر خۆ نامری هەستی و نوێژەکەی بەیانیت نەچێ، گوێی لە جریوە جریوی ئەو مەلانە نابێ دەڵێی کەڕە! ئەو پێی وابوو ئەو مەلانە کە بەیانیان زوو هەڵدەستن و دەست دەکەن بە جریوە جریو و دەخوێنن ئەوە عیبادەت بۆ خوا دەکەن، باوکیشم دەیکوت کوڕە نەوەڵڵا هەر خوویەکە و لەسەریاندایە، خووی مەلانە و پشتاوپشت بەیەکتری دەسپێرن دەنا هیچی دیکە نییە، بەڵام مامۆستاکەمان لە مەدرەسە پێی دەکوتین ئەوە مزگێنی تاوکەوتن و وڵات ڕوون بوون بە ئێمە دەدەن، ئەو مەلانە زۆریان تاوکەوتن و ڕۆشناییان پێ جوانە و زۆریشیان قینیان لەتاریکی و ڕەشاییە، من زیاتر باوەڕم بە مامۆستاکەمان بوو تا باوکم و باپیرم، ئاخر ئەو زۆر زمانی شیرین و قسە خۆش بوو، کتێبی جۆراوجۆری زۆری خوێندبووەوە و بۆ هەر وتەیەکیشی بەڵگەیەکی زانستی دەهێنانەوە، بەڵام باپیرم هەر بەزۆری گوڕەگوڕ قسەکانی خۆی بەسەردا دەسەپاندین، بە ورتە ورتی باوکم و دایکم بە خەبەر دێم، خەریکن دەستنوێژ بۆ نوێژی بەیانی دەشۆن. بە ترسەوە دەڵێم بابە چاوێک لەو کاتژمێرە کە، کە میلەکانی بەرەو پاشەوە دەکشێنەوە، من دڵنیام ئەگەر زەمانیش بەرەو پاش بگەڕێتەوە ڕۆژ هەر لەو شوێنەوە هەڵدێ کە ئاوا بووە، بە بزەیەکی تاڵەوە چاوێکم لێدەکا و دەڵێ: خەرەفاوی ڕۆڵە! ورێنە ناکەی؟ نەوەڵڵا نە خەرەفاوم و نە ورێنە دەکەم، تۆ سەرهەڵێنە ئێستا سەعات هەشتی ئێوارەیە کە ئێوە نوێژی بەیانی دەکەن، من دڵنیام قسەکەم بەڕاست دەگەڕێ و خۆر هەر لەو شوێنەوە هەڵدێ

که لێی ئاوابېوو، ئەوە نییە کاتژمێرەکە بەرەو پاشەوە دەکشێتەوە، دایکم بەترسەوە چاوی پرسیار لە باوکم دەبڕێ، لەونی لێ نەگۆڕابێ! تاوێکی لەمەوپێش هەستام وەخەبەر بوو پێم وابێ ئەمشەو نەنووستووە، بێ سەرنجدان بە قسەکانی من هەردووکیان دەچنە سەر بەرماڵەکە، بابم هەنگاوێک لەپێش دایکمەوە نوێژەکەی دادەبەستێ، نازانم بۆ! بەڵام ئەوەتەی لەبیرم بێ هەمیشە لە کاتی نوێژکردندا دایکم هەنگاوێک لەدوای باوکمەوە بووە، لەگەڵ سڵاوی نوێژەکەی دایکم هەردوو دەستی هەڵدەبڕێ، هەردوو چاوی لەسەر یەک دادەنێ و دەست دەکا بە دوعا و پاڕانەوە، خودایە باڵی ئەم کوڕەمت پێ دەسپێرم، ئاگاداری بە، لە ئێوارەوە پاک لەونی لێ گۆڕاوە، وڕێنە دەکا و هەڵێت و پڵێت دەڵێ، خودایە گیان سەگی بەردەرگاکەتم، ئیتر گوێم لە وتەکانی نابێ هیچ نابیستم، لەبن لێوەوە ورتە ورتی دێ و بۆم ناچنەوە سەریەک، بەڵام دەزانم بۆ من دەپاڕێتەوە، پێی وایە دەستیان لێوەشاندووم و عەقڵم گۆڕاوە، پاش پاڕانەوەیەکی زۆر هەڵدەستێ و بەرماڵەکەی کۆ دەکاتەوە و قورئانەکە لەسەر تاقچەکە هەڵدەگرێ و لەپشت سەرینەکەی من دایدەنێ، بەچاو ئیشارەی ڕاکشانم دەکا و منیش درێژ دەبم، لێفەکەم پێدا دەدا و لەگەڵ بابم دەچنەوە دیوەکەی خۆیان، کە چاو هەڵدێنم تاووبان گەرمە، کەس هەستی بەم گۆڕانە نەکردووە، ژیان ئاساییە، کەس هەنگاوەکانی زەمان نابینێ کە هێور هێور بەرەو پاش دەکشێتەوە، پێم سەیرە! کەس هەست بەم گۆڕانە ناکا، ئاخر ئەوە نییە میلەکان بەرەو پاشەوە دەئاژوێن، چاو دەبڕمە میلەکان، چەن کەسێک شانیان داوەتە بەریان و بەرەو پاش دەیانکێشنەوە، هەموویان چڵکن و پیسەڵووکەن، دیارە زۆر لەمێژە خۆیان نەشۆردووە، چڵکی ساڵ و ڕۆژگارێکیان پێوە ڕەقێڵەی بەستووە، ڕیش و پرچیان لێک دراوە و بە سنگ و پشتیاندا شۆڕ بووەتەوە، ئەوەندەیان پاڵ لەو میلانە ناوە ئارەقەی ڕەش و شینیان دەرداوە، دۆوک هەموو لەشیانی سپی کردووە، دیمەنێکی قێزەونن، بێزیان لێدەکەمەوە، دڵم لەژێلا دێ و پەرۆش دەکەمە سەر جێ و بانەکەم، دایکم و خوشکم بەدەم هێڵنجەکەمەوە دێن، هەی دایکت بمرێ ئەوە چییە ڕۆڵە؟ هیچ دایە گیان هیچ، دیمەنی ئەو کابرایانەم دی، هێڵنجم دا و پەرۆشم کرد، هەردووکیان

بە یەکەوە لێم دەپرسن کامە کابرا؟ ئەمنیش ئاماژە دەکەمە نێو سەفحەی کاتژمێرەکە، ئەو پیاوانەی شانیان داوەتە بەر میلی ئەو سەعاتە، ئەوە نییە بەرەو پاش پاڵی پێوەدەنێن، نیگای هەردووکیان وەک چۆلەکەیەکی ترساو لەسەر نێوچاوانم دەنیشنەوە، بەجووت بەترسەوە لێم دەڕوانن، ترساوە لە شەوێوە هەر وڕێنە دەکا و قسە دەپەڕێنێ، خودایە گیان ئەوە چ بەڵایەک بوو؟ دادەی ڕۆڵە گیان ئەو جێ و بانە کۆکەوە و بیبانخە دەرێ، بۆخۆشی لەتاسێکی چکۆلەدا ئاوم بۆ دێنێ هەتا دەست و چاومی تێدا بشۆم، وردە وردە ئەندامانی بنەماڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەونە چپەچپ، جارجار لە مابەینی قسەکانیاندا گوێم لە هەندێک وشەی وەک خەرەفاوە، لەونی لێ گۆڕاوە، شێت بووە، خودا ڕەحمی پێ بکا، پێم سەیرە ناکا ئەمانە بە شێتم بزانن، ئەم کوێرانە، ئەم کەڕانە، خۆزگەم بەخۆتان کەڕ و کوێرەکان، بابم دەڵێ واچاکە بیبەستینەوە، با نەچێتە دەرێ، کەس بەو باسە نەزانێ، هەتا بزانین خودا چمان بەسەر دێنێ، هەموویان لێم دەهاڵێن، بەچاوی ترس و بەزەییەوە تێم دەڕوانن، خوشکم ڕەنگی هەڵبزرکاوە، لێوەلەرزێی پێ کەوتووە، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، ڕوخساری دایکم خەم و پەژارەی لێدەڕژێ، بابم و کاکم هەریەکە لەلایەکەوە دەست دەدەنە باڵێکم، منیش وەک مردوو بێ دژایەتی کردن ڕێیان لەگەڵدا دەگرم، دەمبەنە دیوێکی ئەولاتر، دەیانەوێ بە زنجیرێکی ئەستوور بمبەستنەوە، ترس و سەرسامی دەمهەژێنێ، دەڵێم بابە من شێت نەبووم، ئاگام لەخۆمە، ئەوەی دەیڵێم وایە، ئێوەن کە نایبینن، هەستی پێناکەن، هەروەک نەشیانبیستبێ وایە، بابم دەڵێ بیبەستەوە «جوردانۆ برۆنۆ»م وەبیر دەکەوێتەوە، لەسەر سێدارەکەیەوە، ئاگر بە لەشییەوە بڵێسە دەستێنێ، لە پڕ گومبەتەی خۆم دەدەم و لەدەستیان هەڵدێم، بە جلوبەرگی خەوێوە دەردەپەڕمە دەرێ، ئەو ژنانەی خەریکی بەردەرگا ماڵین دەحەپەسێن، پێیان سەیرە، من هەڵدێم و بابم و کاکم بەدوومەوەن، جار لەگەڵ جار حەشیمەتەکەی پشت سەرم لەزیاد کردندایە، هەراهەرا و زنازنایان سەر شەقام و کۆڵانەکان دەئاخنێ، باب بەسەر کوڕەوە نییە- شێتە- چەقۆی وەشاندووە- نەفەرێکی زگ دڕیوە- کوشتوویە- نەماوە- پێم وابێ دایکیەتی- نا دایکی نییە خوشکییەتی- قاتڵە دەرنەچێ، هەر من ڕادەکەم و ئەوان بەدوومەوەن

لیباسەکانم لەبەر دادەماڵدرێن، ترس و شەرم هاشاوڵم بۆ دێنن، بەو شۆرت و ژێرکراسەوە بۆ دەرپەڕیمە دەرێ، هەر زنجیرەکەم باشتر بوو، تازە ڕاوەستان مەحاڵە، هەر بەدەم هەڵاتنەوە هەزار تاوانیان بۆ داتاشیوم، ڕێوی تا قەباڵەی خۆی خوێندەوە لە لووتەوە دەریان هێنا، بەدەم هەڵاتنەوە لەسەر شانی پاتۆڵ فرۆشێک پاتۆڵێک دەڕفێنم، ژمارەیەکی تریشم حەشیمەت بە دوو دەکەوێ، دزە بیگرن، دزە ئەو سەگبابە، ملوانکەی ژنێکی ڕفاندووە- کاری هەر ئەوەیە- من دەیناسم کیف و ملوانکەی ژنان دەڕفێنێ- گیرفان دەبڕێ- نا قاتڵە دایکی خۆی کوشتووە- نا خوشکییەتی- دزی قاتڵ هەر بۆ کوشتن چاکە، بەدەم شەپۆلی خەڵکەکەوە لە شار دەچمە دەرێ، هەر ئەوەندەم خۆشە لەماڵەکان وەدەر دەکەوم و چەن هەنگاوێک لە خەڵکەکە دوور دەکەومەوە، لەپڕ دەنگێکی بەرز وەسەر ئاپۆرەی خەڵکەکە دەکەوێ- بەردەبارانی کەن و ئەو سەگبابی مرۆڤ کوژە، نەهێڵن دەرچێ، بیکوژن، وەک بارانی پەڵە بەردم بەسەردا دەبارێ، ناتوانم خۆمیان لێ ببوێرم، لەژێر بارانی بەرددا بەچۆکدا دێم کەس بە فریام ناگا تەنانەت باب و براکانیشم، ئەوانیش وەک خەڵکەکە بەردم تێدەگرن، پێم وابێ باوەڕیان هێناوە قاتڵ و دز بم، هەموو گیانم لەخوێندا سوور هەڵدەگەڕێ، تارایەک لەخوێن دامدەپۆشێ، دەبم بە ژێر کەڵەکەی بەردەوە، بەحاڵ گوێم لە ورتە ورتی ئەودیوی بەردەکان دەبێ چەن کەسێک تۆزی دەستیان دەتەکێنن، لەوانەیە چەپڵەش لێ دەن، دایکم و گزنگی خوشکیشم بۆم دەگرین، «گالیلە» و «سوقرات»م وەبیر دێتەوە، تەرمەکەی «هەلاج» بە بەرچاومەوە جۆلانێ دەکا. «هەژار» چوارینەکانی «خەیام»م لەسەر دەخوێنێ، وڵات بێ دەنگ دەبێ.

**١٣٨٦/٣/٨هەتاوی**



# لایەقەی خەون سنۆبەری

**حەیدەر جەوهەر**

من، ڕەزای مەستووری بەر لە هەڵاتنم لە زیندان، لە شەوێکی ڕووناکدا چەندین جار لە خەونەکانمدا بەسەر هاوارە خیانەتکارەکانی سوورەبییادا بەخەبەر دەهاتم، ئەو سوورەبییایەی لە ڕۆژە تاریکەکاندا (٢٣) ساڵ لەمەوبەر، من بە زامداری لەژێر دەستی زۆرابی باڵایی ڕزگارم کرد، ئەوکاتەی زۆرابی باڵایی دەیویست دوای وەرگرتنی هەندێ زانیاری بەنرخ لە ڕووبارەکەدا دەستبەجێ بیخنکێنێ. ئەوسا سوورەبییا کچێکی چاوسەوزی گۆنا سوور و سپی لە هەڕەتی جحێڵیدا بوو، لە نێو زانکۆ دوور لە چاوی کراوەی دەزگاکانی موخابەرات زانیاری دەهێنایە شاخ. کاتێک لە چاوەکانی سوورەبییا ڕادەمای وات هەست دەکرد ئەم کچە لە ڕەگەزی پەرییەکانی ئەودیو ئاسمانەوە بە مۆڵەتێکی کاتی دابەزیووە، موژدەیەکی وەک شانەی هەنگ شیرینی بۆ پیاوێکی نوورانی هێناوە. من کە سوورەبییام لە شەوێکی تریفەییدا لە دەستی زۆرابی باڵاییدا ڕزگارکرد، وام دەزانی گەنجینەیەکی بەنرخم دۆزیوەتەوە و لە ڕێگەی ئەم گەنجینەیەوە دەشێ ژیانی خۆمی پێ بکڕمەوە، بەمەش خەڵاتی نۆبڵی هاوڕێیەتی بەدەست بێنم.

من هەرگیز بیرم لە مرۆڤ کوشتن نەکردبۆوە، نەخاسمە کوشتنی زۆرابی باڵایی، ئاخر پێوەندی من و زۆرابی باڵایی بۆ ئەو ڕۆژانە دەگەڕایەوە کاتێک بەیەکەوە بە منداڵی لە گەڕەکدا لەگەڵ هاوڕێکانمان بۆ گرتنی ڕیشۆڵەکان چەندین کیلۆمەتر سەوزایی گەنمەشامییەکانمان دەبڕی، ئەوکات هەرگیز بەخەیاڵماندا نەدەهات کە زۆرابی باڵایی لە ئایندە ببێتە پیاوێکی دڵسۆزی دەسەڵاتداری بێگانە، منیش ببم بە پیاوێکی چەک لەشانی نێو شاخە سەختەکانی کوردستان و عەودالی ئازادی، بەڵام لە دوای شەهیدبوونی ئاری تەمبوورژەنی هاوڕێم بەدەستی زۆرابی باڵایی، من هەمیشە

بەدوای ئەودا دەگەڕام، تەنانەت هەندێ لە هاوڕێکانم بە لاقرتێوە پێیان دەگوتم تۆ بۆ خەباتی ئازادی نەهاتووی بۆ شاخ، بەڵکو بەدوای تۆڵەی هاوڕێکەتدا ژیانی شاخت هەڵبژاردووە! هەرچەندە ئەوان بەم شێوەیە لە ڕاستییەکە گەیشتبوون، بەڵام ئەوان نەیاندەزانی دڵسۆزی هاوڕێیەتی و ئەڤینی خاک بەقوولی، وای کردبوو من لە خۆشترین وڵاتی ئەوروپا بگەڕێمەوە نێو شاخ.

گەڕانی دەقە و کاتژمێر و بەیانی و ئێوارە و شەو و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵی بەردەوامی من بەدوای زۆرابی باڵایی، گەیاندمی بەو شەوە تریفەییەدا، کە چەند مەترێک مابوو زۆرابی باڵایی بگات بە کەنار ئەو ڕووبارەی تێیدا دەیویست سوورەییای لێ بکوژێ. ئەوشەوە لەژێر تریفەی مانگ و لەنێو خوڕەی پڕ سۆزی ڕووباردا ماندوێتی هەموو ژیانم بەو گوللانەی لە چەکەکەی شانمەوە چوونە نێو جەستەی زۆرابی باڵایی حەسایەوە. من لەم شەوە پڕ تریفەییەدا، دوای دەنگی گوللەکانی چەکەکەم لە خۆشیاندا هاوارم دەکرد، بەدەنگی بەرز پێدەکەنیم، هەڵدەپەڕیم، دەستەکانم بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە، لەنێو شادیدا نقووم ببووم، ئەگەرچی سوورەییا هەر بە سەرسامییەوە سەیری منی دەکرد، بەڵام دڵنیام ڕزگاربوونی سوورەییاش لەم شەوە تریفەییەدا هیچی لە شادییەکانی من کەمتر نەبوو. تا ئەو کاتەش لەنێو ترس و سەختی بارودۆخە نائاساییەکەی شاردا سوورەییام گەیاندەوە ماڵی خۆیان، شادی لە ڕوخساری هەردووکمان دەچۆڕایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دواتر زانیم سوورەییا هاوڕێی گیانی بەگیانی لایەقەی خەون سنۆبەریی هاوڕێم بوو.

سەیرە، زۆریش سەیرە، هەرکاتێک ئەو شەوە تریفەییە دەهێنمەوە بەر چاوی خۆم، هەرگیز بیرم بەلای ئەوەدا ناچێ کە ڕۆژێک دادێ هاوکێشەکانی ژیانیش گۆڕانیان بەسەر دادێ و ململانێی ژیان دەخزێتە نێو گیانی سوورەییا. نازانم نە سادەیی من وای کردبوو بیر لە هەڵوێستی وا نەکەمەوە، نە ئەو بابەتە لە بیری مرۆڤ بەدەرە، ئاخر هەرگیز بیرم بەلای ئەوەدا نەدەچوو کە ڕۆژێک دادێ سوورەییا بێ ئەمەکی بەرانبەر بە من بنوێنێ، تا ئەو کاتەی لایەقەی خەون سنۆبەری هاوڕێم بە ڕشتنی فرمێسکە گەرمەکانی لەنێو زیندان ڕاستییەکانی بۆ ئاشکرا کردم. ئەگەر لایەقەی خەون سنۆبەری نەبوایە هەرگیز بیرم لەوەش نەدەکردەوە کە سوورەییا بەم کارە هەڵساوە و وای کردووە ئێمە بخرێینە نێو زیندان، چونکە لایەقەی خەون سنۆبەری لەلای من تاکو ئێستاش مەزنترین هاوڕێ و مرۆڤی سەر ڕووی زەمینە و هەمیشە جێگای بڕوای من بووە. بەدەست خۆم نییە لەو کاتەوە لایەقەی خەون سنۆبەریم ناسیوە هەمیشە وام هەست کردووە ئەگەر ژیان کتێبێکی بەنرخ بێت، ئەوە بەلای منەوە لایەقەی خەون سنۆبەری ڕستەکانی ئەم کتێبەیە و منیش وشەکانی کتێبەکەم، ئیدی نە من بێ ئەو کتێبە بوونم هەیە نە بەبێ ڕستەکان مانایەک دەبەخشم. لایەقەی خەون سنۆبەری بۆ من هەموو شتێک بوو، لێهاتووترین و شیاوترین هاوڕێی نێو خەونەکان بوو، ئەو بارانێکی میهرەبان بوو، من بە دڵۆپەکانییەوە نەشونمام دەکرد. ئەو جوانترین داڵان بوو لەژێر سەهەندەکەیەوە دەحەسامەوە. لە فۆنۆلۆژیای سەدای پێکەنینەکەیەوە سەدان بلبلی نەبینراوم دەبینی ئاوازی خۆشیان پەخش دەکرد. بە فۆنیمی خەندەکانی لایەقەی خەون سنۆبەرییەوە من ژیانم لەلا جوانتر ببوو. مۆرفیمی جوانییەکەی دەیبردمەوە سووچەکانی منداڵی. ڕەیحانی بزەکانی تەمەنی منی پڕ دەکرد لە عەتر. لایەقەی خەون سنۆبەری وەک گریانی داپیرەم پڕ لە ئەوینی پاک بوو. لە کۆرسی خۆشەویستیدا موحازەرەی هاوڕێیەتی و دڵسۆزیی بەخەتێک دەنووسییەوە، هەموو جوانووسەکانی سەرسام دەکرد، بەڵام ئەوانەی خەتی فەلسەفەی ژیانیان ناخۆش بوو، هەرگیز لایەقەی خەون سنۆبەریان وەک جوانووسێک نەناسیبوو. ئاخر من نازانم سوورەییا چۆن زانیبووی من و لایەقەی خەون سنۆبەری پەیامی شاخ بۆ یەکتر دەنێرین و چۆن ناردنی پەیامە نارنجییەکانی لێکدابۆوە!؟ چونکە پەیامە نارنجییەکان پڕبوون لە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی. وەڵڵاهی ئەوەی گوتیان شتێکی دروستکراوبوو بۆمان، چونکە من و لایەقەی خەون سنۆبەری هەرگیز نەمان ویستبوو ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ دەربکەین، بەڵکو ئەو ڕۆژە تەنیا قسەمان لەم ڕۆژگارە لەسەر ڕاستگۆیی و دڵسۆزی بەرپرسە بەرزەکەمان کردبوو، هەردووکمان پێمان وابوو بەرپرسە بەرزەکەمان لەو ڕۆژەی ناسیومانە تاکو ئەمڕۆ هەر بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ماوەتەوە، ئەمە سەرەڕای گۆڕانی سەرسامکەری بارودۆخ و ڕۆژگار کە زۆرکەس و هاوڕێ هەرە نزیکەکانی

یەکتری گۆڕی بوو، بەڵام سوورەییا ئەو قسانەی ئێمەی بە پێچەوانە بۆ ڕاوێژکاری بەرپرسە بەرزەکەمان شیکردبۆوە، گوایە ئێمە وتاری ڕۆژنامەوانیمان دژ بە بەرپرسە بەرزەکەمان نووسیوە، بۆیە دوای گومان کردن لە دڵسۆزیمان، هەردووکمان خراینە زیندان، ئیدی دوای هەشت مانگ گیران، من لە زیندان ڕامکرد بۆ دەرەوەی وڵات، بەمەش بە یەکجاری ماڵئاواییم لە دنیای سیاسەت کرد و ژیانی خۆم تەرخان کرد بۆ نووسینەوەی یاداشتی ژیانی پێشمەرگایەتی و بواری ئەکادیمی. لایەقەی خەون سنۆبەریش شووی بەو کوڕە کرد کە توانی لە زیندان ئازادی بکات.

دڵنیام لایەقەی خەون سنۆبەری ئێستاش ئەو نامەیەی پاراستووە کە شەوی بەر لە هەڵاتنم لە زیندان ناوەرۆکی ئەم نامەیەم بە فرمێسک ڕشتنەوە بۆ نارد:

ببوورە لایەقەی خەون سنۆبەری، ببوورە.

ئاخر من ئاڤێستای پەریزاد نیم تاکو پێشبینی داهاتوو بکەم، هەروەک چۆن داپیرەم هەمیشە لە قسەکانیدا ئاماژەی بە ئاڤێستای پەریزاد دەدا کاتێک بیویستبا باسی ئایندە بکات. کچێ لایەقەی خەون سنۆبەری داپیرەم زۆرجار دەیگوت: ئێمە ئاڤێستای پەریزاد نین تاکو نازی ڕووبارەکان بەسەر خەونەکاندا بڕێژین! ... داپیرەم دووبارە دەیگوتەوە: من یەکجار ئاڤێستای پەریزادم لە سووچێکی کەلاوەکانی نائومێدیدا بینی کە بە دەست و پەنجەیەکی زێڕینەوە کریستاڵی ئایندەی بەسەر لاشەی ئێستادا دەڕشاند، وەک چۆن دایکە میهرەبانەکەت نانی ڕەق بەدەست و پەنجەکانی دەڕشێنێ بۆ دەروێشێکی نادیار کە لە شوێنێکی نادیارەوە دێ و بە بەردەرگای ماڵەکەمان ڕەت دەبێ.

ببوورە لایەقەی خەون سنۆبەری ببوورە، منیش ئاڤێستای پەریزاد نیم تاکو پێشبینی ئایندە بکەم، ئەگینا تەمەنی خۆم بەم شێوەیە لە شاخ و سیاسەت و زیندان بەسەر نەدەبرد، بەڵکو هەمووم بە تۆ دەبەخشی.

ببوورە.

# وێنەیەکی سەرمەست

**فەوزی بیلگە**
**(مێردین)**



د دەرەنجەیەکە تاری یا وەکە شەڤەکە گورخەنقی دە، هێدی هێدی ب دەستپەلینکێ هلکشیام ژۆر. ژ هوندر تو دەنگ نەدهات، کێلیەک ژیانا منا زارۆکاتییێ د روحێ من دە ڤەژیا، وەکە پەلەکە ژ دارێ بوەشە و ل بەر بایێ بایزا پاشیێ بکەڤە. پەنگزیم، زیزی بەر دەریێ کارگەهێ بووم. وەکە خۆرتەکی شەرمۆک کو گاڤا فەدی دکە روویێ وی سۆر دبە و سمبێلێ وی خوێ ددە ب هەلوەستەکە وەرێ من دەلکا خوە دا دەری. ب زنگەزنگا زنگلان رە دەری ڤەبوو.

د هوندرێ کارگەهێ دە بێهنا عارەقا تووژ ب دخانا جغارەیێ رە بوو بوو شریک، هلم دچکاند. خالێ دەرمان، دناڤا دخانێ دە وێ سبەهێ زۆر خویا دکر. دەست ب ڤەخوارنێ کربوو، سەرمەست بوو بوو ژی. گاڤا چاڤ ل من کەت سەرو چاڤێن خوە هەژاندن. ژ خوە سلاڤا وی وسا بوو. چووم ل جهێ خوە روونشتم. ماسەیا وی وەکە چەند بابلیسۆک لێ رابووبە. هەردەم تەڤلیهەڤ بوو. ژ خوە تو جاری نەددا هەڤدو و نە دهشت تو کەس ژی بدە هەڤدو.

مخابن وی جهێ هەر تشت زانبوو. دەما چ ژ وی رە لازم ببوویا، ب هێسانی ددیت. تەڤلیهەڤیێ ئەم دکارن بێژن کو کێفخوەشییەک ددایێ.

ل کێلەکا وی دۆلابەکە بچووک هەبوو و هەردەم دەرمانێ روحێ وی یێ ب ئێش و قەدەحا وی یا شۆپا تلیان ل سەر خویایی تێ دە ڤەشارتی بوو، قەدەحا وی ژ نەشووشتنێ کەڤزێ لێ دانیبوو. شین دکر. ژیانا وی وەکە یا دەروێشەکی بوو و ب هەر هاوی حەرکیبوو هوندرێ کارگەهێ.

پۆرێ وی سپی، درێژ و خەلەک خەلەکی بوو. دئاڤێت پاشیا خوە و هەر چەندەکی جارەکێ تەمبەریکا خوە راست دکر. د ناڤا پۆرێن پڕ و درێژ دە روویێ وی دشبیا شێران. پۆزێ وی یێ بەرانی لێ دهات. درانێن وی نیڤی تونەبوون. ژ بەر وێ ژی ژ خوارنێ حەز نەدکر. گەلەکی هندک دکەنیا لێ جارنا تشتەک تێکەتا سەری وی دوبارە دکر و دیسا دکەنیا، «ها ها هاااا!» دەما کێفا وی ل جه بوویا یەک جارنا ب ئینگلیزی دپەیڤی و خوە پڕ پێ قورە دکر.

دکارگەها ئەوقاس بچووک دە. سێ ماسەیێن مەزن، هەتا هوون بێژن بەس جە تەنگ کربوون، ژ دالقاندنا وێنەیان ژی دیوار نەخویا بوون. ب تەنێ د پاجەیەکە بچووک رە رۆنی دکەت هوندر. رۆژێ شل و سەپەلی بوویا هوندرێ کارگەهێ ب تومەری تاری دبوو. د رۆژێن وەلێ سەرگرتی دە نە ئەز و نە ئەو ئەم نەدخەبتین.

دەما عاراقا وی ژی تونەبوویا نکاریبوو بخەبتیا. وەکە مریشکا ب ئێشێ کەتبە درجفی. سۆر دبوو. چاڤێن وی بێ واتە دنەڕین، زمانێ وی ل هەڤدو دگەڕیا. یەک جاران ب دزی من ژ وی رە عاراقەکە بچووک د ستەند، وێ دەمێ هم پڕ کێفخوەش، هم ژی خەمگین دبوو. عاراق د ژیانا وی دە، د قادا هەری بلند دە بوو. پڕ وێنەیێن خوە حەز دکر، وەکە هەر هونەرمەندی، لێ عاراق ئێدی د پێشیا وێنەیان ژی دە بوو.

ئەو دەما کو مە هەڤدو ناس کر، ئێدی نەما وێنەیێن باش و هونەری سازدکرن. ب تەنێ ژبۆ پەرێ عاراقا خوە دەرخە بەرگێن پڕتووکان و چەند تشتێن گرافیکی دئافراند و گەلەک ل بەر وێ رەوشا خوە ژی دکەت. لێ وی زانبوو کو ئەز پێ دزانم بێ ئەو هونەرمەندەکی باشە. د جوانیا خوە دە ژی گەلەک تشتێن سەرکەفتی ئافراند بوو و گەلەک خەلات ژی گرتبوون.

مخابن ژ بۆنا بەرهەمێن نوو بئافرینە تو هێڤیێن وی ژ وی نەما بوو. ب راستی ئەز پڕ ل بەر وی دکەتم. ئەڤ رەوشا کو تێ دە بوو پڕ ل زۆرا من دچوو. لێ من تو جار ژی ژ وی نەپرسی.

ڤان رۆژا وێنە چێکرن ژ دلێ من نەدهات. وێنەیەکی بەرێ کو من نوو قەداند بوو خالێ دەرمان، بێ هایا من، ب دەوسا یەکی خوە دالەقاندبوو. خویا بوو ئەڤ وێنەیێن کو من نوو سازکربوو پڕ ژێ حەز کربوو. چاڤێن من ژی ب راستی ژ وێنە نەدقەتیا. هەر کو من بەرێ خوە دفەتلاند وەکە بانگی من بکە من بەرێ خوە ددایێ. دیسا لێ دنهێری.

ئەڤ وێنە بەلکی ژ بۆنا گەلەکان چیرۆک ئان دەستانەک ئەڤینێ بوو. لێ ل بەر دلێ من تەنێ نە چیرۆک نە ژی دەستانەک ئەڤینێ بوو. ئەڤ دیرۆک، دیرۆکا مە بوو. د ئەڤینا مەم و زینێ دە هاتبوو خەملاندن.

دەما وێنە دیسا بانگ ل من کر. من لێ دنهێری. وێنە مینا سەرمەستەکی ب من رە دپەیڤی یەک جاران ئەز دهەژاندم. یەک جاران ژی ئەو دهەژیا.

ئەڤینا مەم و زینێ ل دنیایێ هلنەهاتبوو، هلکشیابوون عەزمانێ هەفتان ل سەر ستێرکێن زێرین دژیان. و ئەز ژی ب خوە رە برم فڕاندم عەزمان. ئێدی ئەز ژی ل ور دژیام. ستێرک دبنێ نگێ مە دە دلشاد بوون. نە دارێن بهارێ هەبوون ل ور، نە ژی سیمورگ، گول و نەرگز ژی تونە بوون. بەکۆ هەبوو، ل ور بوو دیسا، لێ ئێدی نە کابووس بوو. بەکۆ ب ترس بوو وەکە کەڤرەکی کو دکە ژ عەسمانان بشەمتە، شەرپەزە بوو. د ئەسمانەکی سایی دە ژ من، ژ دنیایێ و ژ هەیڤێ لێبۆرینا خوە دخوەست. وەک لاورەک بێدران، کەڤرەک بێفەسال ستوویێ خوە درێژی ستێرکان دکر.

د تەماشایا مەم و زینێ دە بوو دیسا. شمکا فەسادیێ خویا بوو کو بێریا مەجلیسێن شەڕ کربوو. ژ بۆنا کو دیسا ل قادا بزیزکە، لێ ئێدی ب دەست نەدکەت.

زینێ وەکە هەردەم خوەشک بوو، وەکە پنپنیکەکە نازەنین کو ل سەر پێلەک باحرێ دانیبە ل قراغا ستێرکێ سەکنیبوو، مەم بێ دل بوو. بەکۆ دلێ وی دزی بوو. د دەوسا دلێ وی دە گولەک سۆر ڤەدا بوو. وەکە تەیرەکی باز خوە ل زینێ گەڕاندبوو. د ئاورێن چاڤێن وان دە شەوقێن ئەڤینی د حەرکین و د نقوتین سەر ئاخا مەزەپۆتامیایێ. شەوقا لباسێن وان خشرێن زینێ یێن گران رۆنیا ستێرەکان ڤەدمراند.

من زیق ل وان، مەم ل زینێ، زینێ ژی زیق ل ستێرەکان دنهێری. زینێ ب عاهد بوو کو دەما ستێرکەک دن بڕژیا ئەوێ هەردو گولیێن خوە یێن زەری کور کرا، بکرا تەسەدق ب رۆژێ ڤە دالەقاندا.

ژ نشکا ڤە شەمتیم. من دیت کو خالێ دەرمان ب من دکەنە، دەستێن من ل بەر روویێ من تەڤزیبوون، ژ من رە گۆت؛ نە بەسە قەی، دە هایدێ داکەڤە ژ ئەسمانان. من ئێدی ل وێنە نە دنهێری، وێنە هین ب قاژە واژا بانگی من دکر سەرمەست بوو بوو. من ژی ب خوە رە سەرمەست کربوو.

ئەڤ رەوشا من هێزەک نەپەن دا خالێ دەرمان. د روویێ وی دە باوەڕیەکە نوو دا دەر. رابوو سەر خوە، ژ پاشیا دۆلابا خوە توعالەک نوو دەرخست. ئامورێن خوە ئامادەکر، ل روویێ منی شەوقا رۆژێ تەیسیبوو سەر نهێری، ل همبەر شۆڤالا خوە روونشت.

فرچەیا وی تە دگۆت قەی ل سەر توعالێ دڕەقسی.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا «ژ دلدارا» رووپەلێن (٤٠-٤٢) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٢)ێ ل چاپخانەیا ئەنگین ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن و هەژمارا (٢٤)ێ ژ وەشانێن (سی) ب خوەڤە د هەلگریت.**

**«ڕامان»**



# دووکەڵ

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

گاردۆنێکی لە دوو لاوە کون کردووە و پەتێکی لێ گرێداوە.لە ملی کردووە و بنێشت و نوقڵ و کاکائۆی لە نێو گاردۆنە پەلەکەدا ڕیز کردووە. هەر دەڕوا و لەبەرخۆیەوە بە دەنگە منداڵانەکەی زۆر لە سەرەخۆ ئەوەندەی کە هەر خۆی گوێی لێ دەبێ دەڵێ: «بنێشت، نوقڵ، کاکائۆ، کاکائۆ، بنێشت، نوقڵ...» دەستە کز و ڕەقەڵەکەی بە بنی گاردۆنەکەوە گرتووە و چاوە ڕەشەکانی بە وردی بە خەڵکدا دەگێڕێ و بە شەرمەوە جارجار سەری هەڵدێنێ و دایدەخاتەوە. ئارەقەیەکی ڕوون بە لاجانگە گەنم ڕەنگەکەیدا شۆڕ بۆتەوە. نەرم لە دوو لاوە بەرەو چەناگە وردیلەکەی دادەخزێن. سەرلووتە چکۆلەکەی دووسێ دڵۆپە ئارەقەی وردی دەرداوە و دەڵێی شەونمە و لەسەر وشکە گەڵایەکی ئەرخەوانی نیشتووە. هەناسەی سوار بووە، سیخەی سینگی لەگەڵ دەنگە منداڵانەکەی تێکەڵ بووە و دەڵێی سەدان شەقاو هەڵاتووە و هەر ئێستا دەخنکێ. ڕەگی ملە باریکەکەی هەستاوە و هەست دەکەی شین هەڵگەڕاوە. لە بازاڕی چاکەچکۆلە هاتەدەرێ و نەرم نەرم بە شۆستەی شەقامی گەورەدا بایدایەوە و بەرەو فەلەکەی ئەسکەندەری ڕۆیی. سیخە سیخی سینگی هەروا لەگەڵ نوقڵ و کاکائۆ و بنێشت و دەنگە منداڵانەکەی تێکەڵ دەبێ. کابرایەکی ڕەشی سەر ماشوبرنجی جگەرەیەکی بە لێوەوەیە و بەرەو ڕووی دێ. کابرا خێرا خێرا مژ لە جگەرەکەی دەدا و دووکەڵەکەی دەردەداتەوە. ئەمیر بە دیتنی کابرا چاوە ڕەشەکانی زیت کردەوە و بە قەڵەمبازێکی ورد و منداڵانە بازی دا ئەو بەری قاناوەکە و ڕاوەستا. کابرای جگەرەکێش بەلایدا تێپەڕی و بای دەمەو نیوەڕۆ دووکەڵ و بۆنی خڵتەکەی ئاوقای ئەمیر کرد و وەکۆخەکۆخی خست. بە هەنگاوە وردیلەکەی دیسان بازی دایەوە سەر شۆستەکە و پاڵی بە دیواری بەینی دوو

دوکـانەوە دا. کـۆخـە پیـرانی پێ کـرد و ئازای ئەندامی وەسـەر ئارەقـە گـەڕا. کـابرای دوکـاندار دەسـتی لە سـەر شانی دانا و گوتی:

«مامە چکۆل گیان ئەوە سەرمات بووە ؟»

ئەمـیر ئاوڕی دایەوە کـابرا جگـەرەیەکی بە لێـوەوە بوو. ئەمـیـر بە دیتنی جگـەرەکـەی لێـوی داچڵـەکی و لەناکـاو وەک چۆلەکـەیەک کـە خـۆی لەچنگی باشـوو ڕاپسکێنێ هەڵات و دیسـان بەقـەڵەمبـازە وردیلەکـەی لە قـاناوەکـە پەڕییـەوە. چەند شـەقـاو بە سەر شـەقـامەکـەدا ڕۆیشت و دیسـان بازی دایەوە سـەر شـۆسـتـەکـە. کـۆخـە چنگی لە گـەرووی گیـر کـردبوو و ئەوەندەی تری ئارەقـە پێ دەردابوو و هەرا کـردنی لەبیـر بردبۆوە. چاوی لە بنێـشـت و نوقڵـەکانی بڕیبوو و نەرم نەرم هەنگاوی دەنا و سیـخەی سینگی لەگەڵ ترپە و خشـپەی کەوشـە ئیسـپۆرتەکـانی ئاوێتـە دەبوو. هێندە کـۆخـیـبـوو سپـیـایی چاوی سـوور هەڵـگەڕابوو و گـلارکـە ڕەشـەکـەی چاویشی خـورمـایی دەنواند. نەدەگریا، بەڵام دوو ڕیز ئارەقـە و فـرمێـسـک لە بەر پێـڵـووی چاوییـەوە دادەخـزان و لە هەر دوو لاوە دادەگەڕان بۆ سـووچی لێـوی و دەیانویست زمـانە ویشک هەڵـگەڕاوەکـەی تەڕکـەنەوە. لە دەوری فـەلەکـەی ئەسکەندەری تۆزێ ڕاوەسـتـا. تازە خـەریک بوو پشـووی بێتـەوە بەر خـۆی چەند گـاردۆنی پڕ لەجـووجەڵەی زەرد و سوور سـەرنجی ڕاکێشـا و هەنگاوی بێ ئیـختـیـار بەرەو لایان خوشی.

کابرای خاوەنی جووجەڵەکان پشتی نابوو بەدیوارەکەوە و هەڵترووشکابوو. ئەمیر لەلای جووجەڵەکان ڕاوەستا و چاوی تێبڕین. جووجەڵەکان خێراخێرا دەنووکیان لە کادار و وردە گەنمەکەی بەردەمیان دەدا و چینەیان دەکرد. ئەمیر لەدڵی خۆیدا گوتی: «بریا منیش جووجەڵە بایەم بەس نییە مریشک و کەڵەشێر و جووجەڵە جگەرە ناکێشن.» کابرای جووجەڵە فرۆش دەستی بەگیرفانی پانتۆڵەکەیدا کرد بەستـەیەکی جگەرە دەرهێنا و لە گیـرفـانەکـەی دیکەشی شەمچەکەی دەرهێنا. جگەرەی بەلێوەوەنا. ئەمیر هەروا چاوی لە جووجەڵەکان بڕیبوو، دانەیەکی سـووریان لەگـەڵ بوو بە دەنووک لەهەمـوویانی دەدا و نەیدەهێشت لەجێی خۆیان بسرەون. کابرای جگەرەفرۆش لقە شەمچەی دەرهێنا و هەڵیکرد. ئەمیر هەرکە گوێی لەخشەی شەمچەکە بوو داچڵەکی و سەری هەڵێنا.

کابرای جگەرە فرۆش خەریک بوو جگەرە داگیرسێنێ، هێشتا گڕی لقە شەمچەکە نەگەیشتبووە جگەرەکە ئەمیر پێی پێوەنا و وەک ئاسکی سڵـۆک بازی دایە ئەوبەری قاناوەکە و دوور کەوتەوە. دەوری فەلەکەکەی لێدا و لەسەر سەکۆی بەردرگای بانگی مەسکەن دانیشت. لە دەستی ڕاستی سەکۆکە کوڕێکی لاو ماشێن و تفەنگ و بووکەباخەی منداڵانەی دەفرۆشت. چاوی لەسەر ماشێنێکی پۆلیسی گیرسایەوە و چرا سوورەکەی وەک کارەبا ئەمیری کێشا بۆ لای خۆی. هەستا و چوو لەپەنای ماشێنەکە ڕاوەستا و چاوی لە ماشێنەکە نەترووکاند.

ئەمیر لەژوورە چکۆلەکەی ماڵێ دانیشتووە دایکی لە ئاشپەزخانەکە خەریکی چێشت لێنانە و ئەوینی خوشکی بە گاگۆڵکێ بە نێو ژوورەکەدا دەگەڕێ و گڕوگاڵ دەکا. ماشێنە پۆلیسییەکەی قورمیش کردەوە و لە سەر فەرشەکە دایدەنێ. ماشێنەکە بە ئاژیر لێدان دەچێ بۆ لای ئەوین، کە لێی نزیک دەبێتەوە ئەوین بە دەستە خرپنەکانی ماشێنەکە دەگرێ و ناهێڵێ بڕوا. هەڵدەستێ و دەچێ لەبەر دەستی ئەوین لای دەبا و دەیەوێ دیسان قورمیشی بکاتەوە. ئەوین دەست بەگریان دەکا.

- «کاکە ئەو ماشێنە پۆلیسییە بەچەندە؟».

کابرایەک دەستی کوڕەکەی گرتبوو لە پەنا ئەمیر ڕاوەستابوون.

- «دووهەزار و پێنسەد خاڵەگیان.»

کابرا دوو هەزار و پێنسەدەکەی دایەدەست کوڕە لاوەکە و ماشێنەکەی هەڵگرت. کوڕەکە خێرا ماشێنەکەی لەدەستی باوکی ڕاپسکاند و لەپێشییەوە هەڵات. هەتا دوور کەوتەوە ئەمیر هەر چاوی لەکوڕە و ماشێنەکەی باوەشی بوو.

- «کاکە گیان سەعات چەندە؟»

- «سەعات دوازدە و نیوە.»

بەبیستنی دوازدەونیو داچڵەکی و چاوی لە گاردۆنەکەی ملی کرد و دەستێکی لەگیرفانی دا. پارەکانی دەرهێنا و بژاردی بایی چوارسەد و پەنجا تمەنی فرۆشتبوو. بەپەلە بەرەو ماڵێ پێی پێوە نا. بەشەقامی گەورەدا بەرەو ژوور ڕۆیشت و پاشان بەشەقامی هێمندا داگەڕا. گەیشتەبەر سۆپەرمارکێتەکەی نادری. لەبەر شووشەبەندەکەی ڕاوەستا و چاوی لەکەلوپەلی دووکانەکە بڕی. دەمانچە ئاوییەکە لەوێ نەمابوو. دوێنێ لەگەڵ

باوکی چووبوون بۆ کڕینی فاف و ماکارۆنی، چاوی بەو دەمانچە ئاوییە کەوتبوو. چەندەی پێ خۆشبوو بۆی بکڕێ، پڕ لە ئاوی بکا و لەدایکی و ئەوینی خوشکی گرێ و ئەوینی خوشکی بەپڕیشکەی ئاوەکە قریشکەی پێکەنینەکەی لەماڵەکەدا دەنگ داتەوە. دوێنێ کەچاوی بە دەمانچەکە کەوتبوو زۆر لەباوکی پاڕابۆوە بۆی بکڕێ، بەڵام بۆی نەکڕیبوو. ئەمیر گوتبووی: «کاکە ئەو دەمانچەیە بەچەندە؟»

نادری گوتبووی: «حەوسەت تمەن.»

کاتێک دەستیان دابووە فاف و ماکارۆنییەکان و هاتبوونە دەرێ، باوکی گەڕابۆوە بۆ نێو دوکانەکە. ئەمیر لە خۆشیاندا خەریک بوو شاگەشکە بێ. بەدوای باوکیدا هەڵاتبۆوە بۆ نێو دوکانەکە و دەستی دابووە دەمانچە ئاوییەکە، بەڵام بەمۆڕەیەکی باوکی لەجێی خۆی دانابۆوە. نادری بەستەیەکی جگەرەی وێنستونی دابووە دەست باوکی ئەمیر و هەزار و دووسەت تمەنی لێوەرگرتبوو.

کابرایەک لەدوکانەکەی نادری هاتەدەرێ و جگەرەیەکی قاوەیی بە لێوەوە بوو. ئەمیر هەرکە چاوی پێی کەوت لەجێی خۆی داچڵەکی و بەچەند هەنگاوی سووک و سرک هەڵات و دوور کەوتەوە. گاردۆنەکەی ملی و بنێشت و نوقڵەکانی و سیخەسیخی سینگی لەگەڵ خۆیدا برد و بەدوو سێ کۆڵاندا بایدایەوە و گەیشتەوە ماڵێ. لەدەرگای دا و دایکی هات دەرگاکەی بۆ کردەوە. دایکی باوەشی پێداکرد و ڕوومەتە سوێرەکەی ئەمیر لێوی کزاندەوە. دایکی گاردۆنەکەی لەملی داماڵی و دەستی گرت و بردی بۆ لای شێرەئاوەکە. شێرەکەی بۆ بەردایەوە و ئەمیر دەست و دەموچاوی شووشت. پاشان بەلۆی لەچکەکەی دایکی دەموچاوی سڕی. بەدوای دایکیدا چووە پێشخانەکە و چاوی بەکەوشەکانی باوکی کەوت. ئەمڕۆ باوکی لەپێش ئەودا هاتبۆوە. هەمیشە هەوڵی دەدا پێش باوکی بگاتەوە ماڵێ و هەتا ئەو دێتەوە دایکی نان و چایی بداتێ و کاتێک باوکی دێتەوە ئەو خۆی لە حەوشە بخافڵێنێ و بۆن و دووکەڵی جگەرە وەکۆخەکۆخی نەخات، بەڵام ئەمڕۆ بەلای جووجەڵە و ماشێنی پۆلیسییەوە خافڵا و ئاوا وەدرەنگ کەوت. ئەو ڕۆژانەی کە لە دوای باوکی دەگەیشتەوە ماڵێ دەبوو هەتا سەعات دوو و نیو و سێ، ئەوکاتەی باوکی دەڕۆیشتەوە بۆ سەر کارەکەی لە حەوشە خۆی بە خیز و خۆڵوخاکەوە بخافڵێنێ و نەچێتە ژوورێ، بەڵام ئەوە هەر بۆ نیوەڕۆیانی هەواخۆشی بوو. ئەو ڕۆژانەی دانی پاش نیوەڕۆش دەچووە قوتابخانە باش بوو سەعات یازدەونیو نانی نیوەڕۆی دەخوارد و دەڕۆیشت، بەڵام شەوانە و زستانانەش ئەگەر دانی بەیانیان لە قوتابخانە بوایە، سەعات دوازدە و نیو دەهاتەوە و ناچاربوو ئەو دووکەڵ و بۆگەنە جگەرەیەی باوکی تامڵ بکا و بەدەم کۆخە و هەناسەسوارییەوە نان و چاییەکەی بخوات. هەتا بەیانیش لەنێو جێگاکەیدا لەبەر ژانی سینگی جینگڵ بدات. کە دایکی دەرگای هاڵەکەی کردەوە و چووە ژوورێ، دووکەڵ و بۆنی جگەرە هاشاولی هێنا بۆ کەوشکەندەکە و خۆی کرد بەقوڕگی ئەمیردا و لەگەڵ هەناسەی گەرم و سیخەسیخی سینگی باوەشیان بەیەکدا کرد. بەپەلە گەڕایەوە بۆ حەوشە و چوو لەسووچی دیواری حەوشە و ئاودەستەکە دانیشت. دەستی بە سینگییەوە گرت و کۆخە پیرانی پێکرد. زگی لەبرسانا قوڕەی دەهات و سینگ و گەرووە برینداەرەکەی دەتگوت بیباری پێوەکراوە. سەری نا بەدیوارەکەوە و خەیاڵی ماشێنە پۆلیسییەکە بردی بۆ دەوری فەلەکەی ئەسکەندەری.

دایکی نان و چایی بە باوکی ئەمیردا و باڵنجێکی بۆ دانا تا ڕاکشێ. پاشان چوو لەچێشتخانەکە بابۆڵەیەکی بۆ ئەمیر کرد و ڕۆیی بۆ حەوشە. ئەمیر لەجێگای هەمیشەی خۆی بوو. سووچی دیواری حەوشە و ئاودەستەکە. کاتێک دایکی بەبابۆڵە هێڕەڵماسییەوە گەیشتە لای ئەمیر بەلادا هاتبوو. لەپەنایدا دانیشت و سەری ئەمیری کردە سەر ڕانی خۆی. ئارەقەی ڕوومەتە گەنم ڕەنگەکەی عەرزەکەی تەڕکردبوو. بەلەپی دەستی قوڕەکەی لە ڕوومەتی سڕی و دەستی نایە سەر سینگی ئەمیر و فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارێ.

دوای سەعاتێک باوکی ئەمیر لە ژوورێوە گوڕاندی:

- کاڵێ! پاکەتی جگەرەکەمت لە کوێ داناوە؟!



# بەفرینە

**عەلی ئەشرەفی دەرویشیان**
**لە فارسییەوە: غەریب پشدەری**

لەبەر هەیوانێ، لەبەر بەربەرۆچکەی هەتاوێ دانیشتبوون. بەفرینە خۆی بەسینگی داکییەوە مات کردبوو. ژنەش ئەوی توند دەنێوان هەردوو ئەژنۆیەکانی خۆیەوە گرتبوو. قژە زەردە زێڕینەکانی بەفرینەش بەدەم دانەو دەمی شانەوە بەسەر پێستە ڕوونە سپییەکەی شان و لاملیدا پەخش و پەرێشان دەبووەوە. دەگەڵ هەر شانە لێکدانێکیش چین چین دەکەوتنە سەریەک:

«ئای گوێم! گوێت دەرێنام!»

«ئەوە چتە؟! دەڵێی گوێی تۆ لە کاغەزێیە. جا خۆ ئەگەر گوێی ئادەمیزاد دەگەڵ سەرشانە کردنێدا دەرهاتبایە! ئێستا کەسی بەگوێ دەو دنیایەیدا نەدەما.» بەفرینە، خێرای دەست بە گوێی خۆیدا هێنا. سەرە پەنجەکانی خۆی بە وردی سەیرکرد تا دڵنیا بێ کە خوێنی لە گوێی نەهاتووە.

دایکەکە بەگاڵتەوە گوتی:

«هی هی، هەی هەی، گوێشت لێبۆتەوە و ئاگاشت لێ نییە. دەبێ ئەوڕۆ بچمە لای مامە مەقدوور و گوێی گیسکێکت بۆ بکڕم.»

کوڕێژگەیەک لەسەر خۆڵی پێش هەیوانێ، بنە خۆی تەڕ کردبوو و خەریک بوو بە قامکان. ئەنگوست ئەنگوست قوڕەکەی ژێر خۆی دەخوارد. ژنە ڕووی دەکوڕێژگەکەی کرد: «ئەهای یووسفە... ئاخر.. ئاخر.. هەی تف لە کردارت! سەیرکە چ ملچە ملچێکی گرتۆتەوە، هەر دەڵێی پاقلاوەی گەرم دەخوات، بەدبەختە.»

بڵقێک بەسەر کونە لووتێکی کوڕێژگەکەوە، هەروا گەورە دەبوو و بچووک دەبۆوە. یووسف بە قوونەخشکێ، خۆی گەیاندە لای دایکی. بەفرینە خۆی لە نێو دوو ئەژنۆیەکانی دایکی ڕزگار کرد. ژنە بەچمکی کراسی، لووتی منداڵەی گرت و قامکی دەزاری منداڵەکەی گێڕا و پارچە قوڕەکەی لە زاری دەرێنایەوە. بڵقە، لە گوڵە سوورەکەی سەرکراسەکەی سوا و وردە وردە بچووک بۆوە تا نەما. ژنە چووە ژوورێ. لە سووچێکی تاریکی ژوورەکە، کۆنە عەبایەکی هێنا و لەسەر عەردی ڕاخست. یووسفی دە عەبایەکەوە پێچا. بەفرینە لە دایکی نزیک بۆوە و بە پێوە پشتی تێکرد. ژنە منداڵەکەی لە پشتێ شەتەک دا.

«ئەگەر زۆر بێ تاقەت بوو بیکەوە. ئاگات لێی بێ نەیخەی! لە جووچکە و مریشکەکان وریابە. دەست دەکون و کەلێنی مار و مێروان نەنێی! شتی هەڵنەگریەوە و بیخۆی. بۆ نیوەڕۆیەش هێندێک زەڵاتەی دوێنێ شەوێ ماوە، بە نانی بخۆ. نانی ڕەق و شەکریشم لە تاقەیدا داناوە، هەر کاتێ یووسفە برسی بوو، بۆی وردکە و تەڕی کەو بیدەیە. مەهێڵە مێش و مەگەزی بە دەم و لووتانەوە بنیشێ.»

هەروا بەدەم ڕاسپاردەکانییەوە توێشە بەرەکەی تاودایە. بەرەو لای دیوارە گڵەکەوە چوو و لەبەر خۆیەوە گوتی:

«ئەوە دۆمەشک و ئەوەش تەورداس.»

لە قەدی دیواری کردنەوە و لەپشتێی بەستن. گوریسێکی هەڵوێزناوی کە لە تەنیشت پلیکانەکانەوە کەوتبوو، تاودایە و بە شانی دادا. هێشتا پێی نەگەیبوە سەر پلیکانەکان کە بەفرینە بە تەکانێکی، یووسفی هاویشتە سەر گێزەکەی ملی خۆی. دەستێکی بە داو و تەژگەڵی خۆیدا هێنا و نامەیەکی گرمۆڵە بووی لە باغەڵێ دەرێنا. ئەو چەند وشانەی کە بەدەست پێدا هێنانێ ڕەش ببوونەوە بە داکێی نیشان دا. ملی لار کردەوە.

شەرمێونانە و بە پاڕانەوەوە گوتی:

«دایە ئەو جارەشم بۆ دەخوێنییەوە؟»

ژنە ئاوڕێکی دایەوە. لێوەکانی بە زەردەخەنەیەکی تەنکەوە کرانەوە. نامەکەی لە کچەی وەرگرت.

دە ڕوخسارە ڕەنگ پەڕیوەکەیەوەی ڕاما.

«خەریکە درەنگ دەبێ. ئەوە دوو ڕۆژە ئەو نامەیە هاتووە و من هەزار جارم بۆ خوێندوویەوە بەخودای ماندوو بووم.»

لەپڕ زگی پێ سووتا. دەستێکی بە سەرو پرچی بەفرینەدا هێنا:

«ئەمڕۆ وەک کچێکی چاک هەرچییەکی پێم گوتووی ئەنجامی بدە کە ئێوارێ لە لێڕەواری هاتمەوە جارێکی دیشت بۆ دەخوێنمەوە.»

بەفرینە سەری بە زگی دایکی کرد و لەسەرەخۆ کراسەکەی ماچ کرد. نامەکەی پڕ دایەوە و هاویشتییەوە باغەڵی. هەردوو دەستی لە پشتەوە لەبن منداڵەکەوە گرێدان. کە منداڵەکە هەستی کرد دایکی خەریکە دوور کەوێتەوە، لێوی هەڵقرچاند و بەرەو لای دایکییەوە سووڕا، بەڵام بەفرینە چەند جارێکانی خۆ هەڵاوێشت. منداڵەکە کەوتە پێکەنینی. بەفرینە بە ڕاکردنەوە بەرەو خوار حەسارێوە چوو و لە تەنیشت کولانەی جووچکە و مرشکەکانەوە دانیشت.

دایکەکە، لە کۆڵانێوەی گوێ لە تریقانەوەی منداڵەکە بوو دڵی داکەوت.

***

ژنە گەییە خوار گردەکەوە. داموسکەی دۆمەشکەکە، ئازاری مەچەکی دەدا. کردییەوە و وە دەستەکەی دیکەی دا. گوریسەکەی هێندێک شل و توندە پێکرد. چاوی بڕییە تۆقەڵەی گردەکە کە ڕێیە پێچاوپێچەکەی تا بنی پێدا دەهاتە خوارێ. پیاوێک لە هەوڵی ئەوەیدا بوو کۆڵە دارەکەی بەرێیە پێچاوپێچەکەیدا بەرەو خوارکاتەوە، جاری وابوو کۆڵەدارەکە پیاوەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا و لەرێیە مارپێچەکەی لارێ دەکرد. تەپوتۆزێکی خەستی بەدوای خۆیدا بەرپا دەکرد و بۆ ماوەیەک کابرای دەخۆیەوە دەپێچاو ون دەبوو.

مامۆ مەقدوور چەند هەنگاوێک بەو لاوە ترەوەی پەزی، بە پشکەکەی خەریکی هەڵکەندنی هەندێک گژ و گیای خۆراکی بوو و ئاوازێکی زۆر غەریبانەشی تێ هەڵکردبوو:

«بەگاسنی غەم، زەوی غەم دەکێڵم.
دێم تۆوی غەمی پێ وەر دەکەم.
بەرهەمم غەم بوو. ئەویشم بەداسی غەم دروەو کرد.
باراشی غەمم بردە ئاشی غەم
ئاردی غەمم بە ئاوی غەم شێلا و
بە تەندووری غەممەوە دا.

نانی غەمیشم لەسەر سفرەی غەم دانا.
لە تەکییەوە دانیشتم و دەگەڵ غەم خواردم.»

«سەلامو عەلەیکوم مامۆ مەقدوور!»

پیرەمێرد پشتی ڕاست کردەوە و ملی وەرسووڕاند:

«سـەلامـو عـەلەیکوم وە عـەلەیکومـو سـەلام، سەلیمەخانم. هەواڵی حەمەی چییە!»

«دوو سێ ڕۆژێکە نامەی هاتووە، نووسیویەتی هەروا چەند ڕۆژێکی دیکە مـادوونێ وەردەگـرێت و دێتـەوە سەرێکمان لێ بداتەوە.»

«پەنا بەخوا بە خێر و خۆشی بێتەوە ئیشاڵڵا.»

«سەلامەت بی مامۆ. خوا بکا هەر پیر و هەر جوان بیتەوە.»

سەلیمە گەییە دار بەڕووەکەی داوێن گردەکەوە. قەلە ڕەشێک بەسەر دارەکەوە نیشتەوە و سێ جارانی قاڕاند. سەلیمە بەقەلەکەی گوت:

«یاڵڵا خێر... یاڵڵا خێر... یاڵڵا خێر.»

پەنجەی شادەی قولاب کردەوە و ئارەقەی برۆیەکانی پێ سڕی. چەمییەوە و پێی نایە سەر ڕێیە مارپێچەکە. دە نیوەی ڕێیەدا گەییە ئەو پیاوەی کۆڵە دارەکەی دێنایە خوارێ، هاوسێیەکەی ناسییەوە:

«ماندوو نەبی خاڵۆ مەولوود.»

«ساغ و سـەلامـەت بی خـوشکێ. بە ناوەختـەوە هاتووی!»

سەلیمە پشوێکی تازە کردەوە:

«ژنی مندالّە بەر نیـوەی ئی خـۆی نیـیـە خـاڵۆ. تا منداڵەکانم دامەزراند بووە نیوەڕۆ.»

پیـاوەکە گـوتی: «چاکـە، بەوەش باشـە کە ڕۆژەکـەی بەهارە هەموو کەسی تێدا بە ئاکام دەگا. هەرچی بتەوێ دەیکەی ڕۆژەکان درێژن.»

ئاماژەی بۆ نوختەیەکی لای سەرەوەی گردەکەوە کرد:

«وریای لێڕەواری بە. جڕ و جانەوەر لە گرمە و ناڵەی مێگ و میراژان... تۆقیون و لەپڕ هێرش دەکەن.»

«وریام خـاڵۆ. ئادەمـیـزادی ڕەشـوڕووت، پاڵەوانی خودایە. بۆ خۆشم لەوان کەمتر نیم.»

***

بەهار، لە هەموو جێیەکەوە بوو. (با) بۆنی غونچە و چرۆی بادامە تاڵی کێوی دەهێنا. سەلیمە ماندوو بوو. تەورداسی بە چەپ و ڕاستـاندا لە لقوپۆپان دەوەشاند و ئارەقەی دەڕشت. ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوو، هەروەک ناسکەنانی جوان بوو لە جوانییە. زۆر بەسەر نیوەڕۆیەدا چوو بوو. پاڵی بە کۆتەرەیەکییەوە دا. ویستی بەنی دۆ مەشکەڵەکەی بکاتەوە کە گرمە و ناڵەیەک لێڕەواری هەژاند. چەند چرۆیەکی دار بادامە کێوییەکە هەڵوەرینە سەر عەردی. سەلیمە بە پەشۆکاوییەوە لە جێی خۆی ڕاپەڕی. سێ فڕۆکە بەرز دەبوونەوە. لەودیو گردێکیشەوە تەپوتۆزی تەقـینەوەیەک بە هەوادا بڵاودەبۆوە. بایەکی لەسەرخۆ هێدی هێدی، تا دەهات تەپوتۆزەکەی کاڵ دەکردەوە و بەرەو ئەو گوندەی کە لەژێر پێی ژنەیدا مات و بێدەنگ و کز و خامۆش و ڕاکشاو کەوتووی دەهێنا.

سەلیمە لەسەرەخۆ لەژێر لێوانەوە گوتی: «سوپاس بۆ خوا، زۆرمان لێ دوورە.» بەگرمەی چەند تەقینەوەیەکی دی، ڕەوە پاسـارییـەکـان، بە تێکەوە هاوێشـتنێکی سەبرەوە دوورکەوتنەوە- هەموو جێیەک چۆڵ و بێدەنگ ما، لقێک بەسەر لاشەی درەختێکەوە دەخزی و شۆڕ دەبۆوە و دەنگێکی وەک دەنگی خوراندنی لەشێکی بە نینۆک بخورێنی ئاوا دەهاتە بەرگوێ. بۆنێکی پیس و ناخۆش جێی بۆنی چرۆی بادامە کێوییە تاڵەکەی گرتبۆوە- سەلیمە هەستی بە خوران و کڕانەوەی گەرووی خۆی کرد. کۆکەیەکی هاتێ. ڕاسـتـبـۆوە و بە دڵگیرییەکەوە، کۆڵە دارەکەی خستە سەر ڕێیە مارپێچەکەوە.

***

تا دەهات پەڕ و باڵی هەتاوێ لەو دەست و گـرد و تەپۆلکانەوە هەڵدەوێزنایەوە. ڕەنگی ئاوایی لەبن سێبەری گردییەوە، بەشینی دەنواند. سەلیمە سەری پەتەکەی توند لە دەوری دەستی خۆیەوە پێچاو وردە وردە، بەدەم ئارەق ڕشتنێوە، لەسەری هەر پێچێکییەوە بارەکەی غلۆر دەکردەوە و شل و پەیتەی بە پەتەکە دەکرد تا بارەدارەکە مەهار بێت و ئەوی دەگەڵە خۆیدا بەرەو هەڵدێر و ناو خەرەندێوە نەبا. کە گەییە دوایین پێچی گردەکەوە، پشووی سوار بوو. بۆنە نامۆیەکە هێشتا هەر دە هەوایدا مـابوو. جاری وابوو کەسکونتر دەهاتە بەرلووت و جاری واشبوو دەگەڵ (با) هاتنێدا، کەمتر دەبۆوە. سەلیمە لەسەر عەردی دانیشت و کۆڵە دارەکەی زۆر بە زەحمەت بە کۆڵێ دادا. ناو لەپەکانی دەچووزانەوە و گڕیان لێ دەبۆوە. گەییەوە بن دار بەڕووەکە. قەلە ڕەشێک لەوێ لەسەر پشتێ کەوتبوو و قاچەکانی بەهەواوە بوون، مامۆ مەقدووریش بێ هەست و خوست و

مـات و بێـدەنگ پاڵـی وە درەخـتـێکـیـەوە دابـوو- ژنە ئاگای لەوەی نەبوو کە مامۆ مەقدوور وەک هەمـوو جاران پێی گوتبێ:

«ماندوو نەبی، بەخێر بێی!»

بەڵام ژنە بە شـەکـەتـیـەوە هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشا و وەڵامەکەی جارانی دایەوە:

«هەر سەلامەت بی مامۆ!»

بە دوو دڵییەوە سەیرێکی لای مامۆ مەقدووری کرد. مـامۆ سـەری بەسـەر هەردوو ئەژنۆیەکـانی کـردبوو. پیسکەکەی دە باوەشێدا بوو و دەستـەکانیـشی بەرەو پێشەوە شۆڕ ببوونەوە، ڕەگە گیا نیوە جووراوەکەی لەبەر پێی تف ببۆوە. ژنە پێی وابوو مامۆ خەریکی بەستنەوەی قەیتانی پێڵاوەکانیەتی، کۆکەیەکی کرد و بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:

«مامۆ! ئەوە چییە تۆ هەمیشە هەر نووستووی، ئەوە خەریکە ڕۆژئاوا دەبێ، کەی پەزی دێنییەوە، هەی ماڵ ئاوا!»

مامۆ هیچ نەبزووت. ژنە دە مەڕەکانەوە ڕاما. سەریان دە دوو یەکتری نابوو و بێ هەست نەدەکۆکین. کاوێژیان نەدەکرد. سەگی ڕانەکەش، سینگ و ملی بە ساردایی عەردییەوە نووساندبوو.

(با)، لەسەرەخۆ دەهات. بۆنەکە کەمتر و کەمتریش دەبۆوە، بەڵام گەرووی ژنەی هەروا دەخورا و دەکرایەوە. بە دڵ کزییەکی نادیارەوە پەتەکەی بەردا. کۆڵەکەی کەوتە عەردی. بەرەو لای مامۆوە چوو. باڵندەیەک لەدوورەوە، زیکاندی:

«وەی وەی... وەی وەی... وەی وەی...»

ترس و دڵەڕاوکێ دە دڵی سەلیمەی گەڕا؛ بەڵام هەر چوویشە پێشێ. بە دوودڵییەوە. دەستێکی گەیاندە شانی مامۆی:

«مامۆ بۆ...»

مـامۆ تـخێـڵی عـەردی بوو و چاوە مـۆڵەقـەکـانی بە ئاسمانێوە زەق بوونەوە. سەلیمە زریکاندی و لەمامۆی دوور کەوتەوە. پێی لە کەلەشی مەڕێکی هەڵەنگوت و دەمـاودەم بەسـەر مـەڕێکی دیدا کـەوت. بەزریکانەوە هەڵبـەزییـەوە. سـەگی پەزەکـە لەجـێی خـۆیەوە ڕەق هەڵاتبوو.

سەلیـمە لە سینگی خۆی دا. سـەرپۆشـەکەی سەری بەربۆوە. چنگی دەسـەر و پرچی خـۆی نـا. نینۆکی لە سەرچاوی خۆی نا و بە ئەژنۆی شکاوەوە هەر بەغار بەرەو مـاڵ بۆوە. لەبەر دێوە گەییـە یەکەمین ماڵ. مـاڵێ خالۆ مـەولوودی. کـۆڵەدارەکـەی هێـشـتـا هەر بە دیواری حەسارێوە بوو. خالۆ مەولوود کەمێک بە پێشدا هاتبوو. پاڵی وەدیواری ماڵێوە دابوو. کەڵاشێکی نیوە چندراوی هەروا بەدەستـەوە بوو. کـەڵافەی دەزووەکـەی سـەرەوژێر کـەوتبـوو. سـەری دەزووەکـەشی بەلا لێـوێکـییـەوە شۆڕ ببۆوە.

سەلیمە چنگی لە ڕوخسـاری خۆی گـیرکرد، لە جێی نینۆکەکانییەوە خوێن دەرپەڕی. هاواری کرد: «خالۆ... خالۆ ئەوە چمان بەسەر هاتووە؟!»

خـالۆ مـەولوود بە چاوی لەکـاسە دەرپەڕیوەوە دەقـەدی دیوارییـــەوە هەوق مــابوو. ئەو بۆنە بەد و نـاخــۆش و سـەیرەش دەگـەڵ هاتنێ بایدا کـەم و زیاد دەبۆوە. ژنە بە کۆکە کۆکەوە دەرکی حەسارێ خۆیانی کە دیوار بە دیواری مـاڵێ خـالۆ مـەلوودییـەوە بوو، بە تەکـانێکی کـردەوە:

«بەفرینە.. ئاهای بەفرینە! ئازیزی دڵەکەم لە کوێی؟!»

بە چەند خـانمەکـەم، یووسفـە ناسکەکـەم، نووسـتـوون. دەک بمرم خوایە. نیوەڕۆیە هیچتان خواردووە یانە نا!»

بەفرینە وەک دایکێکی میـهرەبان یووسفی لەسەر قۆڵە باریکەڵانە ڕەقـەڵەکەی خۆی نواندبوو. جـووچکەکـان لە تەک مـریشکەکـەوە بڵاوبـوونەوە و کـەوتبـوون. بێ هەناسە، مریشکەکە سەری دەبن باڵـییەوە بێ جووڵە و بێ هەست و خوست مابۆوە.

ژنە دەستە بچکۆلانە و چڵکنەکەی کچەی ڕاتەکاند تا هەڵیـستـێنێ. نامـەکە، لەنێـوان یووسف و بەفـرینەدا، لەسـەرەخـۆ دەجـووڵایەوە. چەند دێرێکی ڕەشـبـووەوەی نامەکە ڕەشتر ببۆوە و سڕابۆوە:

«کچە نازەنینەکەی خۆم بەفرینە لە دوورەوە ماچ دەکەم و گازێکی لە چەناگە جوانە فندقییەکەی دەگرم. تا چەند ڕۆژێکی دی مۆڵەتێ لە خاوەن کارەکەم وەردەگرم و...»

مێرووولەیەکی مردوو بەسەر چەناگەی شین هەڵگەڕاوی بەفرینەوە بە وردە نانێکەوە نووسابوو.

**سەرچاوە:**

**کتێبی: درشتی، داستانهای کوتاه/ علی اشرف درویشیان- تهران.. نشرچشمه/١٣٧٧.**



**د. هاشمی ئەحمەدزادە**

**هیچ بەهرەیەک ناتوانێ لە دەرەوەی شارەزایی تەکنیکی ئەدەبی، خولقێنەری دەقی سەرکەوتوو بێت.. هەندێک شیعری کوردیش زۆر بە ئاسانی شوێن پێی لاساییکردنەوەی شاعیرانی فارسییان تێدا دەبینم**

**هەڤپەیڤین:**
**ڕابەر فاریق**

د. هاشمی ئەحمەدزادە، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە لەنێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا زۆر نەناسراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەم دەنووسێت، چونکە زیاتر وەک مامۆستای زانکۆ خۆی پێشان دەدات. ئەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانەی ئەم نووسەرە نووسیونی، جێگەی مشتومڕگەلێکی زۆرن. چەند ساڵێک پێش ئێستا لە بارەی زمان و ڕەهەندەکانییەوە، د. هاشمی ئەحمەدزادە ڕوانینگەلێکی تایبەت بەخۆی خستووەتە ڕوو، هاوکاتیش بوونە هۆکاری زەقکردنەوەی پرسێکی گرنگی وەک زمان، وەک یەکێک لە کەرەستە گرنگەکانی هەر میللەتێک بۆ بنیادنانی کولتوور و بەرفراوانتربوونی ئاسۆی بیرکردنەوەیان. ئەوەی زیاتر هانی داین گوتوبێژی لەگەڵدا بکەین ئەوەیە کە ئەم نووسەرە ڕای تایبەت و جیاوازی خۆی هەیە، بە تایبەت لە بەرانبەر ئەو ڕۆمانانەی بە کوردیی نووسراون و هەندێکیان کەس لە بارەیانەوە هیچی نەنووسیوە، هەندێکی دیکەشیان کراونەتە شاکار، ئەو نە ئەوەی یەکەم ڕەت دەکاتەوە، نە ئەوەی دیکەشیان بەرزتر دەنرخێنێت، بەڵکو بایەخ و تایبەتمەندی و لایەنە جوان و ناشیرینەکانی هەردووکیان شی دەکاتەوە.

لەم گوتوبێژەی خوارەوەدا لە بارەی کۆمەڵێک پرس کە پێوەندییان بە ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان و چیرۆک بە تایبەتییەوە هەیە، هاوکاتیش لەم هەڤپەیڤینەدا باسی ئەرکی ڕۆشنبیر و پرسێکی گرنگی وەک ڕۆشنبیریی دەکات، لە هەندێک شوێنیشدا بە نموونە هێنانەوە ڕوانینەکانی خۆی دەخاتە ڕوو، با پێکەوە ئاشنای بیروڕایەکانی بین.

* کـەسـانێک هەن زۆر بە سـانایی پێکهـاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتایەکی تر: تەنیا دەڵێن (ئەم دەقە جوانە)، یان (ئەم دەقە ناشیرینە)، بە بێ ئەوەی جارێک بپرسن: بۆچی جوانە؟ یان بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

- لە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبیدا، وەک هەر بوارێکی تری زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان، چەمکەکان دەبێ لەسەر بناغەیەکی توکمە و پێوەندیدار بە بەستێنی خۆیانەوە بەکار بێن. ئەگەر تایبەتمەندییەکی دنیای سەردەمی نوێیاو، لە هەڵاوردنی خۆی لە سەردەمانی پێشتر، بریتی بێ لە مەوداگرتن و خۆپاراستن لە دەربڕینە گشتییەکان، دەبێت کەسانێک کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆ لە قەرەی ئەفراندن و ڕاڤەی دەقی ئەدەبی دەدەن، خۆیان بە پێناسەی وردی چەمکە بەکارهاتووەکان تەیار بکەن و بە یەکجاری و بۆ هەمیشە لە دەربڕینە گشتی و سواوەکان مالاوایی بکەن. ئەم پرسیارەی ئێوەش هەڵگری چەشنێک لە گشتگرییە کە لە هەنگاوی یەکەمدا بەرسڤێکی گشتگرانە دەخاتە زەینی مرۆڤەوە. کاتێک دەگوترێ "کەسانێک هەن" ڕەنگە هەم منی وەڵامدەرەوە و هەم خوێنەری ئەم وەڵامە لە ئێوەی پرسیارکار بپرسین تکایە بفەرموون ئەم کەسانە کێن؟ هەر کاتێک ئێوە بە ئاشکرایی و لەسەر بنەمای وردبوونەوەیەکی قووڵ ئەم "کەسانەت"ان دەستنیشان کرد، منیش هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامێک دەدەم کە ئاکامی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی من بێت سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەم چەشنە دەربڕینانە لە لایەن کەسانی ئاماژەپێکراوەوە.

ئیزنم بدەن هەندێکی تریش ئاوڕ لە پرسیارەکە بدەمەوە و هەوڵی شکاندنی پێکهاتەکەی بدەم. من پێم وایە ئەگەر چەمکەکان بە دروستییەکی وەستایانە بەکارنەهێنین سەرجەمی باسەکەمان تووشی ئاڵۆزییەک دێت کە پرسیار و بەرسڤ و خوێندنەوە دەبن بە کۆمەڵێک چالاکی ڕۆتینی کە دواجار نەک هەر نابنە یارمەتیدەری دۆزینەوەی گرێ پێچەڵ پێچەکانی نووسین و بەرهەم و ڕاڤە، بەپێچەوانەوە تەلاری تێگەیشتنمان نزمتر و نزمتر دەکەن. ئاخر نابێ من پێشتر بزانم "پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق" چین، هەتا بتوانم وەڵامێکی شیاوی ئەم پرسیارە بدەمەوە؟ ئایا ئەم پرسیارە لە هەناوی خۆیدا باوەڕی بە دوو "پێکهاتە و لایەنی" دەق هەیە و یەکیان بە "مەجازی" ناو دەبات و ئەوی تریشیان لە من و خوێنەر دەشارێتەوە؟ ئەگەر مەجاز لە ئەفراندنی ئەدەبی و تەنانەت ئاخافتنی ڕۆژانەشدا بریتی بێت لە بەکارهێنانی پێناسە، یان ئاماژەیەک بۆ کەسێک، شتێک، یان تایبەتمەندییەک لەسەر بنەمای نزیکی پێناسە و ئاماژەی بەکارهاتوو لەگەڵ کەس و شت و تایبەتمەندیی ئاماژە بۆ کراو و پێناسەکراودا، ئەوکات بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ ناساندنی لایەنێکی دەق لە جێی خۆیدا نییە.

ئەگەر دەق فۆرم و ناوەڕۆکێکی لێک جیانەکراوە بێ، ئیتر لایەنی مەجازی و "نامەجازی"، یان "ڕاستەقینەی" نییە، بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی تێگەیشتنە گشتییەکانی کۆمەڵگای خۆماندا بمەوێت ئاوڕ لەم پرسیارە بدەمەوە، دەتوانم هەست بکەم کە مەبەستی ئێوە چییە. هەروەک بۆ خۆتان "بە واتەیەکی تر" لە پرسیارەکەدا دەڵێن، قسە لە دەقی "جوان" و "ناشیرین" دەکرێت و ئێوەش دەتانەوێت بزانن "هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە" چییە. ئەوە شتێکی جێگای سەرنجە و منیش پێم وایە ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی گشتی لە زۆر جێگادا هەبوونی هەیە و ڕەنگە لای ئێمە بەرفراوانتر بێت. دەڵێم ڕەنگە! چونکە ئەگەر ڕاستیتان بوێت من لە دەربڕینی ئاوا گشتی دەترسێم و ناوێرم وا بە تێ ڕادیوی حوکمێکی ئەوتۆ بدەم. ڕەنگە لایەنێکی ئەم دیاردەیە بگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندیی کۆمەڵناسانەی کۆمەڵگای کورد. من زۆر بەپارێزەوە لە شیکردنەوەی دەروونناسانە نزیک دەبمەوە. ئەگەرچی پێم وایە بۆچوون و پێناسەی دەروونناسانە زۆر باون و بە شێوەیەکی ستریۆتایپییانە قسە لەسەر کۆمەڵگای جیاواز دەکرێت، بەڵام دەبێ بە هەستیاری لەم بارەوە قسە بکەین و هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی وەپێش لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە بخەین. ویدەچێت کۆمەڵگای ئێمە هێشتا لە ئاستی پۆلێنکردنی پێکهاتەکانی خۆیدا کۆمەڵگایەکی گەییو نەبێت. ئەگەر لەم بارەوە بمانەوێت وەڵامەکە تەنیا لە چوارچێوەی ئەفراندن و خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا بەرتەسک بکەینەوە، دەبێت ئاوڕێک لە نەریتی نووسین و خوێندنەوە لە کۆمەڵگای خۆمان بدەینەوە. ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەرقاڵی داکۆکی لە ناسنامەی حاشالێکراوی خۆی بووە، ڕوویەکی سیاسی داوەتە هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی کورد. لە کەشێکی بەم جۆرەدا

سەرجەمی هێز و وزەکان دەرگیری کێبەرکێیەک بوونە کە ئاوڕدانەوە لە لایەنی جوانیناسانەی بەرهەمی ئەدەبی نەبووەتە کەڵکەڵەی زەینی ئێمە.

نووسین ئەو بەستێنەیە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی خۆی لە دنیای زارەکی جیا دەکاتەوە. لە بەراوردی کۆمەڵگای نوێباو و نەریتیدا جیاوازییەکی سەرەکی بریتییە لە پشتکردن لە "دەڵێن" و لە جیاتی پشتبەستن بە "دەبینین"، بینینێک کە بەرهەمی لێ خوردبوونەوە و هەڵسەنگاندن و ڕاڤەکردنی دیاردەکان و "فاکتەکان" بێت. ئەگەر نەریتی چاپ و بەرهەمهێنانی ئەدەبی لە ئەوروپا پێشینەیەکی پتر لە پێنج سەد ساڵی هەیە، لای ئێمە تەمەنی ئەم دیاردەیە لە شێوەی خۆماڵی و کوردانەی خۆیدا تەنیا دەگاتە چەند دەیەیەک. خۆیایە ماوەیەکی ئەوها کورت ناتوانێت ئەفرێنەری شێوازێکی ئاوەزخوازانە بێت کە هەر دەربڕینێک پشت ئەستوور بێت بە کۆمەڵێک بنەمای هزریی ورد و بیرلێکراوە. بڕیاردان لەسەر بنەمای بیستن دەبێتە پەتایەک کە جێگا بە وردبینی لێژ دەکات و هەراوهوریا دەبێتە جێگرەوەی ژیربێژی و پسپۆڕی.

با بەخێرایی ئاوڕێک لە ئەدەبی گەلانی ناوچەی خۆمان بدەینەوە و بزانین ئاست و پێگەیان لە ئەدەبی جیهانیدا چەندەیە. لە سەدودە ساڵی ڕابردوودا تەنیا نووسەرێکی عەرەب و نووسەرێکی تورک خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە، کەچی لێرەولەوێ دەبیسین و دەبینین کە نووسەرێکی کورد لەلایەن هەندێک خوێنەری کوردەوە دەکرێت بە کاندیدای خەڵاتی نۆبلی ئەدەبی. من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە خۆمان پێ کەم بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێم وایە دەبێ بە بەرپرسیارییەوە لەگەڵ داواکاری لەم چەشنەدا هەڵسوکەوت بکەین. ئەگەر دەبینین کە کتێبی نووسەرێکی ئێمە بە دە هەزار دانە بڵاو دەبێتەوە، دەبێ خێرا لە خۆمان بپرسین هۆکارەکانی دیاردەیەکی لەم چەشنە کامانەن. ئاخر مەگەر ئێمە لە دراوسێ عەرەب و فارس و تورکەکانمان تێپەڕاندووە، کاتێک دەبینین ژمارەی چاپی بەرهەمی نووسەرانی گەورەی ئەم نەتەوانە زۆر لە خوارەوەی دە هەزارە؟ ئەگەر ئێمە بە شێوەیەک ژمارەی دانیشتوانی وەڵاتەکەمان و ئەو ژمارە مەزنەی چاپی بەرهەمێک بەراورد بکەین بە

**زۆر نووسەر هەبوونە گوتوویانە و هەن کە دەڵێن ئەگەر نەیاننووسیبا و نەنووسن، دیقیان دەکرد و دیق دەکەن.**

دیاردەیەکی وا دەبێ زۆر دڵخۆش بین، بەڵام چۆن دەتوانین ئەم داوایە لەگەڵ داوایەکی تر کە دەڵێت ئێمە خوێنەرمان نییە بگونجێنین؟ چۆن دەتوانین قسە لەوە بکەین کە ڕەخنەگرمان نییە، لە کاتێکدا ڕەخنەگرێکی کورد دەڵێت کە چارەگە سەدەیەکە ڕەخنە دەنووسێت و هەر بە هۆی نوسینەکانیشییەوە بژێوی ژیانی مسۆگەر دەکات؟ دەبێ لایەنێکی ئەم هاوکێشەیە هەڵە بێت، ئەگینا ئەستەمە مرۆڤ بە پێوەرێکی چاوی و بەرهەستانە سەر لەم گرێ کوێرەیە دەرکات. تۆ ناتوانی ڕەخنەگرێکی ئاوا لێهاتووت هەبێ و ژمارەی چاپی کتێبێکت بگاتە ئەم ئاستە بەرزە و دیسانیش بێی و هەروا لە گۆترە بڵێیی فلان دەق "جوانە" و فلان دەقیش "ناشیرنە". ئەگەرچی ئەوە مافی حاشاهەڵنەگری هەر کەسێکە ڕای خۆی لەسەر بەرهەمێک دەربڕێت، بەڵام تەنیا بۆچوونێک دەبێ بە هەند وەرگیرێت کە ئاکامی لێوردبوونەوەیەکی پسپۆڕانە بێت. لە کۆمەڵگایەکدا کە خوێنەرەکانی پۆلێن کرابن، هەموو کەس لەسەر هەموو بەرهەمێک خاوەنڕا نییە، بەڵکو ئەوە هۆگرانی جۆرێکی دیاریکراوی ئەدەبن کە بە پێی تێگەیشتن و ئاستی خوێندەواری و شوێنی کۆمەڵایەتییان بەیەکەوە توێژێکی تایبەت پێکدەهێنن و دەبنە "کۆمەڵێکی ڕاڤەیی".

ئێمە لە باشووری وڵاتدا سەرەڕای گەشەیەکی بەرچاوی چاپ و بڵاوکردنەوە، هێشتا گۆڤارێکی تایبەتی پێداچوونەوەی کتێبمان نییە. لە ڕۆژاوادا، بگرە لە ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبیدا گۆڤارگەلێکی مانگانە و تەنانەت هەفتانە تایبەتن بە پێداچوونەوەی کتێبە تازە چاپکراوەکان. لە ڕاستیدا ئەوە سەرکەوتوویی بەرهەمەکان لە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم گۆڤارانەدایە، کە سەرکەوتوویی بەرهەمەکان لە بازاڕی فرۆشتندا دیاری دەکات. ئەگەر ئەم دیاردەیە لای ئێمەش بێت بە بوارێکی پرۆفیشناڵ، ئەودەم تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگا لەبەر ڕادەربڕینی گۆترەیی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان دەگیرێت. لەبیرمان بێت کە نێپۆتیسم و دیاردەی خزمگەرایی و دۆستایەتی تەنیا گرفتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە و لە ناو چالاکانی بواری نووسینیشدا بوونێکی تێکدەرانەی هەیە.

* کەنگێ دەتوانین بڵێین ئەم ئەدەبە (زارەکییە) و

ئەویدیکە بە (نووسراوکراو)ە؟ هاوکات ئەو ڕەخنەیە (بنیادنەر)ە و ئەویدیکە (ڕووخێنەر)ە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە و کەنگێ و بۆچی دەتوانین ئەم پرسیار و پێوەندانگانە دەربڕین؟ ئەگەر پێویستیش نییە باسیان لێوە بکەین، هۆکارەکان کامانەن؟

- لە دابەشکردنی ئەدەب بە سەر جۆرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا بنەمای جۆراوجۆر ڕەچاو دەکرێن. یەک لە شێوەکانی دابەشکردنی ئەدەب بەپێی ئەوەی کە نووسرابێتەوە، یان هەر بە شێوەی زارەکی بەرهەم هاتبێت، ئەدەبی زارەکی بە بەرانبەر ئەدەبی نووسراو دادەنێت. ئەم جۆرە ئەدەبە لە ڕەوتێکی مێژووییدا و لەو کۆمەڵگایانە کە نەخوێندەوار، یان نیوەخوێندەوار بوونە برەوی هەبووە. لە هەندێک پۆلێنکردندا ئەم جۆرە ئەدەبە دەخەنە خانەی فۆلکلۆرەوە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕەوتێکی ڕۆژاوایی بۆ داکۆکیکردن لە کۆمەڵگا نەریتییەکان سەرنجی زۆریان داوە بە نەریتی زارەکی ئەم کۆمەڵگایانە. ئەم شێوە پۆلێنکردنە تەنانەت لکوپۆپی هاویشتووەتە بواری مێژوونووسیش و ئێستا گێڕانەوەی زارەکی مێژوو وەک کەرەستەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوە سەیر دەکرێت. کۆمەڵگای کورد یەک لەو کۆمەڵگایانەیە کە نەریتی دەوڵەمەندی زارەکی تێدا هەبووە و ئێستاش تێیدا هەیە. لە زۆر وڵاتدا هەر ئەم نەریتە زارەکییە بووەتە هەوێنی دۆزینەوە و بنیادنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی. هەوڵەکانی ئیلیاس لوێنرووتی فینلاندی بۆ کۆکردنەوەی کالێڤالا وەک حەماسەی نەتەوەیی فینلاند، هەوڵەکانی باوکی ناسیونالیزمی تورک، زیا گوێگالپ، بۆ کۆکردنەوەی سامانی زارەکی تورکەکان، دوو هەوڵی جددی بوونە بۆ سەلماندنی نرخ و بایەخی ئەم جۆرە لە ئەدەب و کاریگەرییان لەسەر ئەفراندنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی، بەهۆی میراتی هاوبەشی فەرهەنگییەوە. وەک خاڵێک دەبێ ئاماژە بە دیاردەیەکی تا ڕادەیەک باو لە ناو خۆماندا بکەم و ئەویش نێرینێکی سووکە بۆ نەریتی زارەکی.

لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکی تیۆری لە ئارادا نییە کە بتوانێت پاساوی چاکتربوون و باڵادەستی بدات بە جۆرێکی ئەدەبی. ڕەنگە زۆر کەس لەگەڵم هاوڕا بن کە لە ئەدەبی زارەکی کوردیدا ئەوەندە جوانی و مانا شاردراوەتەوە کە هێشتاش ئەدەبە نووسراوەکەی ئێمە نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی بدات. هەر بۆیە هەست دەکەم جێگای لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بەربڵاوی ئەو هەمووە بەیتە کوردییە لە لێکۆڵینەوەی کوردیدا بەتاڵە. هەمیشە ئاواتەخواز بوومە کە پێداویستی و دەرفەتی کارێکی وا بە زوویی بۆ خەڵکانی شارەزا و پسپۆر بڕەخسێت. لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبیدا لایەنی ڕەسەنایەتی لە هەموو فەرهەنگێکدا زۆر بەرز دەنرخێنرێت. ڕەنگە لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز دەری بخات کە هێشتاش ڕەسەنترین دەقی کوردەواری ئەو سامانە فەرهەنگییەیە کە لە پۆلێنکردنێکی خێرادا ناوی ئەدەبی زارەکی بە خۆیەوە گرتووە و هەر بۆیەش ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نەدراوەتەوە. ئەو چەند کارەش کە لەسەر ئەدەبی زارەکی کوردی کراون، چەند دانەیەکیان لێ هەڵاوێری، ئەوانی تریان هۆکارێکی سەرەکی بوونە لە ڕەواندنەوەی نەوەی نوێی کوردی، لەم میراتە گرانبەهایە.

هەڵبەت لەبیرمان بێت لە تیۆریی ئەدەبی چەند دەیەی ڕابردوودا تێڕوانینێک لەمەڕ تایبەتمەندیی ئەدەبیی دەقی نووسراودا هاتووەتە ئاراوە کە تێیدا دووانەی دەقی نووسەرانە و دەقی خوێنەرانە دەستنیشان دەکرێت. ئەم دوو چەمکە نابێ لەگەڵ دووانەی زارەکی و نووسراودا تێکەڵ بکرێن. لە دووانەی نووسەرانە/خوێنەرانەدا ئەوە تەنیا دەقی نووسراوە کە هەڵدەسەنگێنرێت. پێشینەی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە سەر بەرهەمی بەناوبانگی ڕۆلان بارت، س/ز کە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی وردی بارت لە ڕۆمانێکی بەلزاک بەناوی سارازین. ناوی کتێبەکەی بارت سەرنجڕاکێشە و بووەتە بنەمای خوێندنەوە و بۆچوونی جیاواز لەسەر ئاماژە شاردراوەکانی ناو ئەم دوو پیتەدا. بە گوێرەی بارت دەقێک کە بواری کارتێکارییەکی ئەفرێنەرانە بۆ خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقێکدا نەهێڵێتەوە، دەقێکی خوێنەرانەیە. مانا لەم جۆرە دەقەدا پانتاییەکی ئەوتۆی نییە کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا هێزی هزریی خۆی بەکاربهێنێت و لە پانتایی زەین و خەیاڵی خۆیدا بەردەوام مانای تازە و پێشبینی نەکراو بۆ دەق بدۆزێتەوە. بەپێچەوانەوە، لەم جۆرە دەقەدا ئاسۆکانی زەینی خوێنەر پێشتر بە بڕیارەکانی نووسەری دەقەکەوە کوژراون. ئەگەر لە دەقی خوێنەرانەدا کردەی ماناکردنەوەی دەق بەو جۆرەی لەلایەن نووسەرەوە داڕێژراوە پێش بە گەشەی زەینی خوێنەر دەگرێت، لە دەقی نووسراوەییدا ئەوە خوێنەرە کە لەسەر بنەماکانی ئەزموونی خۆی مانا بە دەق دەبەخشێت و وەک بارت گوتەنی دەق دەنووسێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەینە

بنەمای تیۆرییانەی ئەم خوێندنەوەیەی بارت دەبینین کە تێگەیشتنی پێکهاتەخوازانەی ئەو لە زمانەکە، دەبێتە هۆکاری ئەم جۆرە دابەشکردنەی دەق. تێگەیشتنێک کە پێوەندی دالەکان دواجار گرێدراوی مەدلوولە لە کۆتایی نەهاتووەکان دەبینێت و ئەستەمە لە کۆتاییدا مەدلوولێک ببێتە ئەڵقەی کۆتایی ئەم زنجیرەیە. هەر ئەم پێگەی تێگەیشتنەیە کە دەربڕینە بەناوبانگەکەی بارتی لێ دەکەوێتەوە: "مەرگی نووسەر"! هەر بۆیە لە کاتێکدا لە کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا قسە لەسەر "خوێنەری کوشندە" دەکرێت، باشترە هاوکێشەکە بگۆڕین بە "نووسەری کوشندە"، واتا نووسەرێک کە ڕێگا بە خوێنەر نادات لە ڕەوتی خوێندنەوەدا بەرهەمهێنەری مانا و لەڕاستیدا دەقێکی نوێ بێت. بارت لەبەر قینێک کە لە دەقی خوێنەرانە هەیبوو گرنگی بە دەقی نووسەرانە دا و بۆ ڕەهابوونی خوێنەر لە دەسەڵاتی زاڵی نووسەر بەسەر دەقدا، بوێرانە مەرگی نووسەری ڕاگەیاند. ئەم بۆچوونەی بارت دواتر لە بواری تیۆرییەوە دەستکەوتی تری بە شوێن خۆیدا هێنا و مەسەلەی پێچەڵپێچی مانا و پێوەندیی ئەو بە نیشانە و خوێندنەوە و دەق و نووسەرەوە، لە کارەکانی فووکۆ و دێریدا و ئیکۆدا بووە هەوێنی کۆمەڵێک باس و خواسی چڕوپڕی تر و هاتنە کایەی کۆمەڵێک چەمکی تر، بۆ لێکدانەوەی ڕەمز و ڕازی دەق و سیحری ئەفراندن.

بەڵام بەشەکەی تری پرسیارەکە و کێشەی ڕەخنە! من لە چەند شوێنی تریشدا باسی گرفتی چەمکییانەی "ڕەخنە"م کردووە و لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەم وشەیە هەڵگری باری مانایی چەمکی (criticism)ی ڕۆژاوایی، بۆ نموونە بەو جۆرەی لە زمانی ئینگلیزیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت، نییە. دەبێ لە هەلومەرجی نەبوونی چەمکێکی خۆماڵییانە بۆ کاریگەریەکی بە ئەمانەت وەرگیراو بەستێن و ڕەچەڵەکی چەمکییانەی بواری جێگای باس بەپارێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت. کاتێک لە ڕۆژاوا بەرهەمێک دێتە بازاڕ، هەر زوو ئەم بەرهەمە دەبێتە سووژەی خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە بابەتییەکانەوە. لەڕاستیدا ئاستی سەرکەوتوویی بەرهەمێک گرێدراوی ئەوەیە کە بە چ شێوەیەک لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکەدا هەڵسەنگێنراوە.

لێرەدا "ڕەخنە" بە هیچ شێوەیەک مانای لەقاودانی "کەلەبەر" و "درزە"کانی بەرهەمەکە نییە. بەپێچەوانەوە، ئەوەی خوێنەری ئەم پێداچوونەوە و خوێندنەوانە بەدوایدا دەگەڕێت، ئاستی سەرکەوتوویی بەرهەمەکەیە لە پێکانی ئەو ئامانجانەی بەرهەمەکە لەپێناویدا نووسراون. چاوێک لە هەڵسەنگاندنی پشتبەرگەی کتێب و فیلمە ڕۆژاواییەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەنگاوی یەکەمدا لایەنی ئەرێنی بەرهەم سەرنجی ڕەخنەگران ڕادەکێشێت و هەربۆیە زۆر ئاساییە کە دەربڕینی لەم چەشنە بە بەرفراوانی ڕازێنەرەوەی پشت بەرگی فیلم و کتێب بن: "تەقینەوەیەکی سیاسی"، "ڕێکوپێک تا سنووری ئیمکان". ئەگەر ئێمە دوو هەڵسەنگاندنی وا لەسەر بەرهەمێکی کوردی ببینین، خێرا هەست بە جۆرێک پێداهەڵگوتن دەکەین و بە دڕدۆنگی لە دەربڕینگەلێکی لەم چەشنە نزیک دەبینەوە. ئەگەریش بێتو لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکدا، بۆ نموونە، بڵێین نووسەرەکەی لێمان بووەتە پێغەمبەری هەموو شتزان و مەجالی بیرکردنەوەمان بۆ ناهێڵێتەوە، ئەوە خێرا بەوە تاوانبار دەکرێین کە حەزمان لە خاوەنی بەرهەمەکە نییە. وەک دەبینین "ڕەخنە"ی ئێمە چ وەک باری مانایی و چ وەک کردەوە، هەڵگری دوو تایبەتمەندیی سەرەکی ڕەخنە، واتا هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنانەی دەق بە چاک و خراپەوە، نییە.

**لە دەقی نووسراوەییدا ئەوە خوێنەرە کە لەسەر بنەماکانی ئەزموونی خۆی مانا بەدەق دەبەخشێت.**

ئەگەر ڕەخنە لەسەر بنەما تیۆری و هزرییەکانی ناسراو دابڕێژرێت، ئەوکات دوانەی بنیادنەر و ڕووخێنەر مانای خۆی لەدەست دەدات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە لە ڕۆژاوادا نەریتێکی ڕەخنەیی هەر لە سەردەمی ئەرەستۆ ڕا، هەتا ڕۆژگاری ئێستا لە گەشەکردن دا بووە (بە چاوپۆشین لە هەڵکێشداکێشی ئەم دیاردەیە لە سەردەمی جیاوازدا) ڕەخنە نە یەک جۆر، بەڵکو چەندین جۆرە. هەر لە ناوەڕاستەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەم لاوە، دوای ململانێیە بەردەوامەکانی ڕەخنەی نەریتی، مێژوویی و دەرەکی، لەگەڵ ڕەخنەی هەنووکەیی، دەقی و ناوەکی، دەیان قوتابخانەی تازەی ڕەخنەیی هاتوونەتە ئاراوە کە لە هەندێک بواردا تەواو دژبەری یەکترن. تەنانەت کار گەیشتووەتە جێگایەک کە لەسەر بنەمای لێکدانەوەکانی ستانلی فیش و ئیدەی "کۆمەڵگای ڕاڤەیی" و "ئاسۆی

چاوەڕوانییەکان"ی تێری ئیگلتۆن و جاوس و "ڕەهەندی ڕوحی"ی دەقی ئیسێر بتوانین بانگی "مەرگی ڕەخنەگر" بدەین و خوێنەر نەک هەر لە داوی نووسەر، بەڵکو لە چنگی ڕەخنەگریش ڕزگار بکەین. لە هەلومەرجێکی ئاوادا پرسیاری ڕەخنەی بنیادنەر و ڕووخێنەر هەندە سەرەتایی دێتە بەرچاو، کە باشتر وایە مرۆڤ هەر لە بێ وەڵامیدا بیهێڵێتەوە.

* ڕەخنەگرانمان بە دەر لە کاری خۆیان (ڕەخنەگری)، هاوکات (بەدیل دۆزەرەوە)یشن، پێت وایە ئەم دووانە گەرەکیان بە کەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیستی تایبەت بە خۆیان هەبێت؟ کەنگێ دەقی ئەدەبی (ئەلتەرناتیڤ) دەخوازێ؟

- ئەگەر ئاکامی ڕەخنەی ڕەخنەگرێک دواجار ئەوە بێت کە پێمان بڵێت ئەم بەرهەمە دەبوایە ئاوا نەنووسرابا و ئاوا نووسرابا، ئەوە هەر دەبێ لە سەرەتاوە ڕەخنەیەکی وا پێشکەشی خۆی بکەینەوە و بیرێک لە حاڵی خۆمان بکەینەوە کە هەبوونی ئەم دیاردەیە لە ناوماندا چەندە لە تێگەیشتنی هەموو دەستکەوتە تیۆری و هزرییەکانی ئەم سەردەمە دووری کردووینەتەوە. لە هیچ زانکۆیەکی دنیاشدا من دیسیپلینێک گومان نابەم کە تێیدا خوێندکار پەروەردە بکەن بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆ کاری خەڵکی تر بدۆزێتەوە. بە واتایەکی تر کەس ئەم ئیزنە بە خۆی نادا کە بە کەسێکی تر بڵێت تۆ دەبا وات نووسیبا و وات نەنووسیبا.

ڕەنگە بپرسی باشە ئێمە ئەگەر کتێبێک بخوێنینەوە و سەدان هەڵەوپەڵەمان تێدا بینی نابێ بڵێین ئەوانە نادروستن؟ ئەمەیان شتێکی ترە و ڕەنگە هەر بەش مەینەتی ئێمەی کورد بێت کە هێشتاش سەرمان بەم جۆرە گرفتانەوە قاڵە و لە کوڵانەکانی ڕاستنووسی و ڕێنووسی و ڕێزمانیدا سەرگەردان ماوین. لە ڕۆژاوادا ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوە ئەوەندە سەقامگیر و نەهادینە بووە کە کتێبێکی لەم چەشنە قەت ڕووی چاپی نابێت. ئەدەبیش ئەوەندە بە جددی وەردەگیرێت ئەگەر ڕستەیەک و وشەیەک لەگەڵ نۆرمی (جۆ)ی باو، واتە یەکی نەگرتەوە، ئەوە دەبێت بە سووژەی لێکۆڵینەوەی وردی خاوەنڕایان. بۆ نموونە بیهێنینە بەر چاومان کە جەیمس جۆیسێکمان لە کۆمەڵی کوردەواریدا لێ پەیدا بێت و هەندێک وشەی باو تێکدا و هەندێک وشەی "سەیر و سەمەرە" داتاشێت. کێ هەیە بڵێت ئەمە داهێنان و ئەفراندنی ئەدەبییە؟ هەندێک "زمانناس" (دیاردەیەک کە بە کەس ناچێتەوە سەریەک ئەوەیە، گەلۆ ئەم "زماناسان"ەی ئێمە لە کوێ وانەکانیان خوێندووە و فێریان بوونە) هەر زوو تاوانباری دەکەن کە نازانێت بە کوردی بنووسێت و خیانەت لە زمانەکەمان دەکات.

بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتنی پرسیارەکەتان پێم خۆشە ئاماژەیەک بە ئەدەبی ئەلتەرناتیڤ لە ڕوانگەیەکی ترەوە بکەم. ئەلتەرناتیڤ نەک بە مانای پێشنیاری ڕەخنەگر بۆ نووسەری بەرهەم و ویستنی ئەوەی کە شتێکی تر لە جێگای بەرهەمەکەی دانێت، بەڵکو بە مانای ئەوەی کە لە هەلومەرجی دواکلۆنیالیستیدا نۆرم و بەها خۆماڵییەکان بەرانبەر بە نۆرم و بەها داسەپێنراوەوەکاندا زەق بکرێنەوە. بۆ ئێمەی کورد بۆ نموونە ئەفراندنێک لە دەرەوەی جوینەوەی بەرهەمە عەرەبی و فارسییەکان دەتوانێت شێوەیەک بێت لە ئەدەبی ئەلتەرناتیڤ. ئەدەبێک کە سەرەڕای پابەندبوونی بە دەستکەوتە جیهانییەکانی ئەدەب، دواجار کوردبوون و کوردیبوونی خۆی زەق دەکاتەوە و لە دیالێکتیکی نێوان خۆماڵی و جیهانیدا بەلانسێک ڕادەگرێت کە ببێتە مۆرکی ناسنامەیەکی جیا لەوانی تر. "ئەدەبی کەمایەتی" بەو جۆرەی دلۆز و گوتاری ئاماژەی بۆ دەکەن، دەکرێت وەک جۆرێک لە ئەدەبی ئەلتەرناتیڤ ببینرێت.

* ئەو ڕێگایانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندی قووڵی نێوان (نووسەر- وەرگر)؟ بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگاییانە بچەسپێنین لە هزری خوێنەردا تا تێکەڵبوون و هاومەستییەکی ڕەگئاژۆیی بخولقێ، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لەوەها کاتێکدا یارمەتیمان دەدەن؟

- ڕەنگە لە تووێژێکدا دروست و لە هەمان کاتدا گونجاویش نەبێت کە مرۆڤ باس لە سەرجەم لایەنە پێچەڵ پێچەکانی شێوازی گەیشتنی پەیامی نووسەر و بەرپرسیارییەتی دەق و ڕۆڵی خوێنەر بکات لە چۆنایەتی پێوەندییان بە یەکترەوە. بۆ کەسانێک کە هۆگری زانینی میکانیزمی چۆنایەتی کاریگەری گواستنەوەی پەیام لە نووسەرەوە بۆ خوێنەرن، خشتە ساکار، بەڵام پڕ مانایەکەی ڕۆمەن جاکۆبسۆن یارمەتیدەرێکی باشە. ئەگەر ئەڵقەی پێوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەر بریتی بێت لە کۆدەق و نووسین و کۆدە جیاوازەکان، تێکەڵاوێک لە ڕەوتی کاریگەری و کارلێکەری پەیامی نووسەر دەگەیەنێتە خوێنەر. لێرەدا هەر ئەوە دەڵێم کە کاریگەر و ڕۆڵی هەر یەک لەم لایەنانە لە ڕەوتی

مێژووییدا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و نووسەری خودایی و دەقی پیرۆز و خوێنەری بێ هەڵوێست و مانای تاقانە جێگای خۆیان داوە بە سەربەخۆیی خوێنەر لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی خۆی، لە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەقدا.

ئیتر نە نووسەر خودایە کە نهێنییەکانی ژیانمان بۆ ئاشکرا بکات و نە دەق ئەو دیاردە پیرۆزەیە کە خاوەنی یەک مانا بێت و نە خوێنەریش ئەو کەسە پاسیڤەیە کە دالانەکانی زەینی بداتە دەست شەپۆلەکانی دەریای نووسەر و ئیشکارۆی دەق و نە ڕەخنەگریش ئەو زاتەیە کە بتوانێت خوێندنەوەی خۆی بەسەر کەسدا زاڵ بکات و نە ماناش قەتیسکراوی مەبەستی نووسەرە. ئەوە بۆچوونێکی لیبرالانە نییە ئەگەر بڵێین هەموو خوێنەرێک نووسەرە و لە کاتی خوێندنەوەدا دەق دەنووسێتەوە و لە هەمان کاتیشدا بەپێی توانایی خۆی ڕەخنەگرە. هەروەها هیچ شاکارێکیش نییە کە بڵێین چەندمانایی لە سەردەمی ئێستادا ئەو دیاردە ڕۆژانەییەیە کە هەموو دەمێ تووشی دێین و بۆچوونەکانمان لە ساتەوەختە جیاوازەکاندا گۆڕانیان بەسەردا دێت. لێرەدا مەبەست کەمکردنەوەی ئاستی هیچ کام لەو لایەنانە نییە کە بە یەکەوە جەغزی نووسین و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن پێکدێنن. مەبەست داننانە بە گۆڕانێکی سەرەکی لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە و بەها حاشاهەڵنەگرەکانی ئەو وەک بوونەوەرێکی ئازاد و سەربەخۆ. ئەگەر لە جیهانی دەرەوەی زەینی ئێمەدا شتەکان ئاوا نین کە ئێمە بانگەشەیان بۆ دەکەین، یان دەخوازین وا بن، ئەوە گرفتێکی ترە و باسێکی تر دەخوازێت.

* لە ئەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ڕیشەییان بە خۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەورووپادا ئەزموونکراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێ وەرگرتووە، ئەم تێکەڵاوبوون و سوود وەرگرتنە تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟

– ڕاستیتان بوێت، من بەوردی ئاگاداری هەلومەرجی ئێستای شیعری کوردی نیم، ئەگەرچی دەزانم کە شیعر نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو سەردەمانێک لە هەموو جیهاندا تەنیا پێوەر و دووانگەی ئەدەب بووە و تا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمیش لە زۆر فەرهەنگدا شیعر ناوێکی تر بووە بۆ ئەدەب، بەڵام ئەم جۆرە ئەدەبییەش زۆر کەوتووەتە بەر شاڵاوی گۆڕانکارییە بەربڵاوەکانی بواری ئیپستیمۆلۆژیا و پێداویستییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگاوە. ئەگەر مێژووی ئەدەبی هەندێک نەتەوە و فەرهەنگ یارمەتیدەرمانن بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە شێوازی و مانایی و دەلالییەکانی شیعرییانە، بەداخەوە کەمایەسییەکی بەرچاو لە توێژینەوەی شیعری کوردیدا خۆیا دەکات. ئێمە نەک هەر بە زمانێکی ئەورووپایی، بەڵکو هەر بە زمانەکەی خۆشمان مێژوویەکی تۆکمەی شیعری کوردیمان نییە. تاکو تەرا لێرەو لەوێ هەندێک زانیاری دەست دەکەوێت، بەڵام بۆ دەربڕینی ڕایەکی شیاو و نزیک لە ڕاستی، دەبێ خۆمان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و نووسراوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعر بەتایبەتی، پشت ئەستوور بکەین. ئەمەش شتێکە من شکی نابەم.

جێگای خۆیەتی لێرەدا پێداگری لەسەر پێداویستییەکی لەم چەشنە بکەم و ئاواتەخواز بم کە بەرپرسانی ڕۆشنبیری کوردستان و دامودەزگا زانستییەکانی وڵات بیرێک لە پرۆژەگەلی لەم چەشنە بکەنەوە. ئەگەر بمانەوێت خۆمان بە دنیای دەرەوە بناسێنین، ناچارین لەوەی لایەنی کەم گوڵبژێرێک لە میراتی فەرهەنگی و ئەدەبیمان ئاراستەی دنیا بکەین. ئێستا کە ئەوە دەڵێم بێ ئەوەی بمەوێت ئەو قسانەی باراک ئۆبامام بیرکەوتەوە کە لە ڕۆژی دووشەممە نۆی مانگی دووی ساڵی ٢٠٠٩ لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لەسەر ئێران کردی و تێیدا هەندە پەسنی فەرهەنگی کۆنی ئێرانی دا. هەر چەند ڕۆژ پێشتریش جۆ بایدنی جێگری ئۆباما، لە ئەڵمانیا بە شان و باڵی ژیاری فارس و ئێرانیدا هەڵگوت. ئەگەرچی هەردوو ئەم وتارانە مەبەستی سیاسییان لە پشتە، بەڵام لە بیرمان نەچێت کە فارسەکان لە پێشکەشکردن و ناساندنی ئەدەبی خۆیاندا زۆر سەرکەوتوو بوونە. چەند ساڵ لەمەوبەر وەرگێڕانی شیعرەکانی مەولانای ڕۆمی لە ڕیزی پرفرۆشترین کتێبەکانی ئەمەریکادا بوو. خاڵێکی تریش کە دەمەوێت بە خێرایی ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە، لای من زۆر ڕوون نییە بۆ دەبێت ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی کورد هەندە هۆگری ئەدەبی دراوسێکانیان بن.

من کە هەندێک شیعری کوردی دەخوێنمەوە زۆر بە ئاسانی شوێن پێی لاساییکردنەوەی شاعیرانی فارسیان تێدا دەبینم. ڕەنگە ئەگەر شارەزای شیعری عەرەبیش بام وێکچوویییەکی لەم چەشنەم لەنێوان شیعری ئەم شاعیرانە

و بەرهەمی شاعیرانی عەرەبدا دۆزیباوە. بە باوەڕی من لاساییکردنەوەی دەقاودەق زۆر ئەستەمە لە درێژخایەندا سەرکەوتوو بێت. ئەگەرچی شیعری فەرەنساویی دەیەکانی پەنجا و شەستی سەدەی پێشوو هەڵگری کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانیناسییەکانی سەردەمی خۆی بووە، نازانم لاساییکردنەوەی لەلایەن شاعیرێکی کوردەوە چەندە دەتوانێت مانا بە هەبوونی ئەدەبێکی دەوڵەمەندی کوردی بدات.

* شیعری ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە غەمە بچووکە خودییەکان کردووە، بە پێچەوانەی شیعری پێشوو کە گرنگی بە غەمە گشتیەکان دەدا، ئەم گۆڕانکارییەی کە ئێستا لە بنیادی دەقە (هاوچەرخ)ەکانەوە هەستی پێ دەکرێت، تا چەند خزمەت بە دەقی داهێنەرانەی دەکات؟

– دەشێت بەلایەنی کەمەوە پرسیارێکی وا بابەتی لایەنی کەم وتارێکی بەپێز بێت. نازانم وروژاندنی پرسیارێکی ئاوا گشتی لە وتووێژێکدا چەندە کارێکی شیاوە. ئەگەر قەرار با ئەو وتووێژە بەشێک با لە پرۆژەیەکی بیرلێکراوەی لێکۆڵینەوە و منیش کەسێک بام کە توانیبام و ویستبام لەم پرۆژەیەدا بەشدار بم، ئەودەم دەکرا بە تەرخانکردنی کاتێکی شیاو و گونجاو و پێویست قۆڵم لێ هەڵماڵیبا و دەستم بە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە و مەیدانی کردبا و ئاکامی لێکۆڵینەوەکەم خستبا بەردەستی ئێوەی ئازیز. ئاخر غەمی بچووک چییە و غەمی گشتی کامەیە و چۆن پێناسە دەکرێن؟ من بە گوێرەی کامە پێناسە دەبێ شوێن پێی ئەم جۆرە غەمانە لە بەرهەمە شیعرییە کوردییەکاندا هەڵگرم. ڕەنگە دیسان بە شێوەیەکی گشتی بتوانم بڵێم کە گۆڕانکارییە جیاوازەکانی بواری کۆمەڵگا و مرۆڤ دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ گۆڕانکاری لە جۆری ئەدەبی و فۆرمەکانیاندا، بەڵام ڕەنگە شتێک بە نەگۆڕی بمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە کە لە هەر سەردەمێکدا ئەدەبێکی تایبەت دێتە ئاراوە و ئەم ئەدەبەش بە نۆرەی خۆی کار دەکاتە سەر خەملاندنی بیر و هۆشی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە. ئەگەرچی بەرهەمێکی ئەدەبی لە دەرەوەی زەمەن و شوێنی خۆی هەر کاریگەریی دەمێنێت، ئەوە ئەو ڕازە لەمێژینەیەی ئەدەبە کە بەردەوام جێگای مشتومڕی تیۆریی ئەدەبی بووە.

* ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێ لە خوڵقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هاوشانیی لەگەڵ (پێکهاتەی دەق)دا، بە دەر لە سەروەختی لەدایکبوونی دەقێکی شیعری فەراهەم دەکات؟

– دەقێک چۆن بەرهەم دێت و نووسەرێک چۆن دەبێتە ئەفرێنەری گێڕانەوەیەک کە بە ملیۆنان خەڵک دەکاتە خولیای خۆی؟ ئەگەرچی لە هەموو جۆرەکانی ئەدەبدا شتێک هەیە کە نێوی تەکنیکە و زاڵبوونی بەرهەمهێنەر بە تەکنیکە جیاوازەکانی جۆرێکی ئەدەبی دەبێتە هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتووبوونی، بەڵام ئەفراندنی هونەریی دواجار هەڵگری تایبەتمەندییەکە کە تەنیا لە قۆناغی تەکنیکیدا نامێنێتەوە.

شارەزایی نووسەر بە تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی لە ڕەهەندێکی ئێستایی و دیرۆکیدا بەس نییە بۆ ئەفراندنی هونەری. ئەدی ئەوە چییە کە بەرهەمێک دەکاتە شتێکی هونەری سەرکەوتوو و ئەوی تریان ناگەیەنێتە ئەم ئاستە؟ ئەمە پرسیارێکە کە وەڵامێکی سانای نییە. ڕۆڵی نەریت، میراتی ڕۆشنبیری، گوتاری سەردەست و باو، وێرای گرنگی حاشاهەڵنەگریان، ناتوانن پێمان بڵێن بیکێت و دیستۆیڤسکی چۆن بوون بەو ئەفرێنەرانە کە بوون. ئەوەی بە توانایی و زەوق و ئامادەیی ناسراوە، ئەو شتە پڕ لە ڕاز و ڕەمزەیە کە زەینی مرۆڤی هەموو کاتێ داگیر کردووە و ئەوەندەی من بزانم وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی بۆ نەبینراوەتەوە.

میریام ئالۆت لە کتێبی ڕۆمان بە گێڕانەوەی ڕۆماننووسان باس لە چەندین ڕۆماننووس و بۆچوونیان لەسەر ڕۆمان دەکات، بەڵام سەیرەکەی ئەوەیە هەر کامەیان بە جۆری تایبەتی خۆی لە نووسین دەڕوانێ و هەر کامەشیان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. ڕەنگە ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی دواجار بە پێوانەیەکی بەرهەست و چاوییانە ئەندازە گیرابا و ئەو قسەی ڕەخنەگرانی نوێ و فۆرمالیستەکان ڕاست بوایە کە دەقی ئەدەبی دواجار بەپێی تەکنیکە بەکارهاتووەکانی هەڵسەنگێنرابا، ئێمە هەموو کاتێ لەگەڵ شتێک، یان شتگەلێکی وێکچوو ڕووبەڕوو دەبووینەوە، بەڵام ئەو یارمەتییە گەورەیی ئەوان بۆ دۆزینەوەی جوانییەکانی شیاوی ئەندازەگرتنی بەرهەمی ئەدەبی، قەت نەبووە ئەو کەرەستەیەی کە بتوانێت دوا قسە لەسەر ئەدەب بکات و کاروانی تیۆریی ئەدەبی هەردەم لە ڕۆیشتن بەردەوام بووە. ڕەنگە چەمکی داهێنراوی شکلۆڤسکی و ئاخێنباومی فۆرمالیست لەمەڕ "ئەدەبییەت" هێشتاش دوای دەیان ساڵ زایەڵەیەکی

خۆش ئاهەنگی لە زەینی هەموو ئەو کەسانەدا هەبێت کە خولیای ئەدەبن و بە دوای وەڵامێکدا وێڵن کە دەبێ سیحری ئەم ئەدەبییاتە چی بێت و چۆن بەرهەم بێت.

سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕ بە توانایی تاک لە ئەفراندندا باوەڕێکی بەهێزە، بەڵام لەبەر ئەوەی دواجار هەموو دەقێک لە گفتوگۆیەکی نێوان دەقییانەدایە لەگەڵ دەقگەلی تر، هەم لە ئێستا و هەمیش لە ڕابردوو و داهاتوودا، ئەستەمە هیچ بەهرەیەک بتوانێت بە تەنیا و لە دەرەوەی شارەزایی و زانیاریی تەکنیکی ئەدەبی، خوڵقێنەری دەقی سەرکەوتوو بێت. لە بیرمان بێت هەر ئەو لایەنە لە پێناسەنەهاتووە دەبێتە هۆکاری بوونی دەقی ئەدەبی بە دیاردەیەکی چۆنایەتی نەک چەندایەتی. ئاشکراشە جیاوازیی چۆنایەتییەکان ئیزنی ئەوە بە مرۆڤ نادات بە شێوەیەکی ئاندازیارانە بچێتە ناو دنیای پێوانی بەرهەمە ئەدەبییەکان، بە پێوەری بەرهەست. خۆ ئەگەر ئەمە بۆ مرۆڤ لوابا، دەکرا کردەی ئەفراندنی ئەدەبی درابا بە کۆمپیوتەر و شیاوترین بەرهەمی ئەدەبی ببوایە ئاکامی داڕشتنی پرۆگرامێک بۆ بەرهەم هێنانی ئەدەبی. جا بۆیە ئەستەمە بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە دەقنووس و دەق چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر دەکەن. ئەوەی کە دەق دەقنووس دەنووسێتەوە، یان بەپێچەوانەوە، هیچ گرێیەک لەم گڵۆڵە سەروبن تێکەڵاوە ناکاتەوە. ئایا دەکرێ بڵێین دەقی سەرکەوتووی ئەدەبی ئەنجامی کۆبوونەوەی زانایی و بەهرەیە لەلای نووسەرێکی دیاریکراو؟ من پێم وایە وەڵامی پرسیارێکی لەم چەشنە دەبێ ئەرێنی بێت.

* پێتوایە هۆی داتەپینی بناغەی هەر دەقێک، بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بنیادی دەق لە مانا داخراوەکانەوە سەرچاوە بگرێ؟ بە واتەیەکی تر بۆ ئەوەی پێکهاتەی دەق لە کاڵگەرایی و بوونی کاتی بپارێزین، چی بکەین باشە؟

- چاک لە مەبەستی ئەم پرسیارە ناگەم. ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە دەقێک بریتییە لە کۆمەڵێک بنیاد، یان پێکهاتە، ئەوەی کە ئەو پێکهاتانە چین و چۆن خۆیان لە تەنیشت یەکتردا دەبیننەوە، پرسیارێکی گرنگە کە جێگاکەی دەبێ وانەیەکی زانکۆ بێت. دەقێک کە باس لە پرسە هەمیشەییەکانی مرۆڤ دەکات، دەتوانێت لە بەرانبەر تێپەڕبوونی زەمەندا مانەوەی خۆی بپارێزێت و ببێت بە ئاوێنەیەکی باڵانوێن لە شێوەی تێگەیشتنی مرۆڤەکانی سەردەمێکی دیاریکراو لە کۆمەڵێک گرفتی هەردەم ئامادە لە ژیاندا.

بۆ نموونە پرسی مەرگ و ئەو ڕاستییە کە مرۆڤ هەردەم بەدەم ئەم پرسەوە ناڵاندوویەتی، بووەتە هەوێنی زۆر بەرهەمی ئەدەبی لە ڕەوتی مێژوودا. لەبەر ئەوەی هێشتاش مەرگ ئەو دیاردەیەیە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، خوێندنەوەی چۆنایەتی ڕەنگدانەوەی دیاردەیەکی وا لە دەقێکی سەرکەوتووی ئەدەبیدا دەتوانێت بەلایەنی کەمەوە لە کەڵکەڵەی زەینی هاوڕەگەزەکانمان لە سەردەمێکدا ئاگادارمان بکاتەوە و ببێتە هۆی سوکنایی ئێستامان، بەڵام لێرەشدا جوانیناسی و تەکنیکی ئەدەبی ئەو شتانەن کە دەبێ لە دەقەکەدا ئامادەییان هەبێت، ئەگینا چێژبەخش نابن و لە باشترین حاڵەتدا دەبنە کەرەستەیەک کە لە تێڕوانینی مرۆڤ، لە دیاردەیەک لە کات و زەمەنێکی دیاریکراو دەدوێن.

ئەفراندن و بەنامۆکردنی دیاردەکان لە ئەدەبدا هەموو کاتێ جێگای سەرنج بووە. کاتێک دیلان تۆماس دەستەواژەی نەبیستراو و نەبینراوی وەک "پەژارەیەک پێشتر" بەکار دێنێت، ئاماژە بۆ سەردەمانێک دەکات کە پێوانەی ئەندازەگرتنی کات لە کاتژمێر و خولەک و چرکەوە دەبێتە "پەژارە". بەم کارە ئاستێکی جوانیناسی و لەهەمان کاتدا پڕ مانا بە نووسین دەبەخشێت. "مانگی تووڕە"شی دەتوانێت هەوێنی ماناکردنەوەی جیاواز بێت و ئاسۆکانی زەینی خوێنەر دوورتر و دوورتر بکاتەوە. ڕەخنەگرێکی ئینگلیزی، جۆناتان کەیپ، لە هەڵسەنگاندنی ڕۆمانە پڕفرۆش و سەرکەوتووەکەی ئیەن مەکیوان، تۆبەدا، دەڵێت کاتێک مەکیوان لە بارەی "پەرداخێک بیرەوە" دەنووسێت، ئێمە تەنیا پەرداخە بیرەکە نابینین، بەڵکو بە ئیشتیایەکی زۆرەوە حەز دەکەین بیخۆینەوە.

باشە ئەوە دەبێ ئاکامی کامە تایبەتمەندیی نووسین بێت کە دەقێک بتوانێت کار لە خوێنەر بکات؟ لەم پێوەندییەدا دەتوانین بپرسین ئەوە چ کەموکوڕییەکە لە ڕۆمانێکی کوردیدا دەیبینین کە سەرەڕای ئەوەی لاپەڕە باسکردن لە مۆسیقا و ئیعجازەکانی، هێشتا دەنگێک ناگاتە گوێی خوێنەر؟ لەهەمان کاتدا پێوەندیی ڕۆمانێکی دیاریکراو بە پێشینە و نەریتی نووسین لە ئاستی ناوخۆ و جیهانیدا ئەو خاڵە گرنگەیە کە من وەک خوێنەرێک لە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆمانە کوردییەکاندا

نایبـینم. ئەگـەر هەر باسی تۆبەی مـەکـیـوان بکەین، دەبینین کە سەرتاپای ڕۆمانەکە ئەنجامی درۆی کچێکی دە ساڵانەیە، بەڵام چ شتێک لە لای خوێنەر ئەم ڕۆمانە هەندە خۆشەویست و کارتێکەر دەکات کە شتێکی ئاسایی، واتا درۆکردنێک ببێتە هەوێنی ئەفراندنی وردترین سەفەر بە کۆڵانەکانی دەروونی مرۆڤدا؟ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بۆ شارەزایەکی بواری ڕۆمان دەریدەخات کە نووسەرەکەی پەرەپێدەری تەکنیکی گێڕانەوەی لاورێنس، وۆلف، ئامیس، فۆرستێر، ڕوشدی و فاولزە، نەک هەر بە شێوەیەکی میکانیکی، بەڵکو بە شێوەیەکی ئەفرێنەرانە. مرۆڤ دەتوانێ دڵنیا بێت ئەگەر مەکیوان ئاگاداری ئەم بەرهەمانە نەبوایە و دەقەکەی شێوەیەک لە گفتوگۆی لەگەڵ دەقەکانی پێشتردا نەبوایە، نەیدەتوانی ببێتە ئەڵقەیەک لە زنجیری بەردەوامی ڕۆمانی ئینگلیزی. هەر بۆیە بە سانایی دەکرێ بگوترێ کە بەرهەمی سەرکەوتوو دواجار ئەنجامی زانین و ئەو شتەیە کە لە کوردیدا بە بەهرە ناوی دەبردرێت.

* بۆچی ڕەخنەی بەراوردکاری کاری لەسەر نەکراوە، بە شێوەیەک کە لەم بارەیەوە سەرچاوەمان هەبێ، لە کاتێکدا دەبوو ئێستا زیاتر لە جاران بایەخی پێدرابا، چونکە نا ئامادەییەکەی لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا هەم (بۆشایی) و هەم (قەیران) و هەم دەرگای (داخستنی سەردەمێک)یشمان بە ڕوودا دەکاتەوە؟

- کامە بواری کۆمەڵگای کورد کاری لەسەر کراوە کە ڕەخنەی بەراوردیی لەسەری نەکرابێت؟ وەک دەزانین لەبەر زۆر هۆکاری مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەرهەنگییش، ئێمە لە هەبوونی دامودەزگای تایبەت بە لێکۆڵینەوە بێبەری بووینە. لە ڕۆژگاری ئێستاشماندا، سەرەڕای هەندێک دەستکەوتی هێشتا سەقامگیرنەبوو، هێشتا دوورین لەو بەستێنەی کە بواری وامان بۆ بڕەخسێنێت، تا ئاوڕی تێروپڕ لە پرسەکانمان بدەینەوە.

من ئەگەرچی هەندێک جار باوەڕێکی بوونگەرایانەم لا دروست دەبێت کە هانم دەدات لەسەر توانایی مرۆڤ بە دوور لە هەلومەرجی ژیانی حیساب بکەم، بەڵام دواجار ئەوە هەلومەرجی شیاو و لەبارە کە برەو بە لێکۆڵینەوە دەدات. تۆ بڕۆ ماڵپەڕی زانکۆکانی ئێمە، لەگەڵ هەر زانکۆیەک لە وڵاتانی دراوسێماندا لە بواری لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەوە بەراوردی بکە، بزانە لە کوێی ئەم جیهانەدا ڕاوەستاوین؟

ئەگەرچی ڕەخنەی بەراوردی لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن کەسانی وەک سپیواکەوە، وەک دیسیپلینێکی مردوو ناوزەد کراوە، بەڵام من پێم وایە ئەگەر هەموو بنەماکانی ئەم جۆرە ڕەخنەیە لەبەر چاو بگرین، دەتوانێت تیشک بخاتە سەر زۆر لایەنی ناڕوونی جیهانی ئەدەب. گرنگە لە دەلاقەی بۆ نموونە سەرهەڵدانی ڕۆمان لە زمانی تورکی و فارسی و عەرەبیدا تەماشای ئاستی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای خۆمان بکەین. گرنگە بزانین چەندە لەژێر کاریگەریی ئەواندایین و چەندەش دەتوانین لە دانوستاندنی فەرهەنگیدا، خاوەنی سەرمایەیەکی ئەوتۆی ئەدەبی بین کە شیاوی بەخشین بە ئەوان بێت.

* ئێستا لە کوردستان داهێنان و ڕیکلام لە خستنەڕووی ئاستی دەق هاوئاستن، بەڵام ئەو ڕیکلامەی لێرەدا مەبەستمە، بە سەر خوێنەر و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسی حزبەکاندا دابەشبووە. نووسەری داهێنەر بۆ ئەوەی پردێک بۆ بە یەکتر گەیشتنی داهێنان- ڕیکلام دروست بکات، چی دەبێ بە کۆمەککارێکی تەندروست؟

- ئەگەرچی هەر بوارێکی نووسین دەستەواژە و چەمکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کاریگەری جوانیناسانەی نووسین هەموو بوارێکی گرتووەتەوە. بە واتایەکی تر ئیتر دەربڕینی ئەدەبی و ئەدیبانە هەر لە ماڵی ئەدەبدا میوان نییە، بەڵکو کۆمپانیا بەناوبانگەکانی ڕیکلامیش ئەم شێوازە نووسینە ڕەچاو دەکەن و خوازیاری کارتێکەری تەواون لەسەر کڕیارانی شتومەکەکانیان. هانس بێرتێنز لە کتێبەکەی لەسەر تیۆری ئەدەبیدا باسی کۆمپانیایەکی ڕیکلام بەناوی هینز دەکات کە بۆ فرۆشتنی فاسۆلیا ڕیکلامێکی بەم ناوەڕۆکە ساز دەکات: "فاسۆلیا یانی هینز" (هەڵبەت گەمەی زمانی و مانایەکە لە زمانی ئینگلیزیدا دەردەکەوێت کاتێک شتێکی سەرنجڕاکێش لە ئاکامی گۆڕینی ڕێنووس و خوڵقاندنی ئاهەنگێکی تایبەتدا دێتە کایەوە: "Beanz Meanz Heinz" سیاسییەکانی سەرکەوتووی جیهانی ئەمڕۆ، کەڵک لە دوا تەکنیکەکانی ئاخافتن وەردەگرن. کەسانێکی وەک ئۆڵف پالمەی سویدی، تۆنی بلێری ئینگلیزی و ئێستاش ئۆبامای ئەمەریکایی بە هۆی توانای بەرزی ئاخافتنیان جێگای سەرنجی کەسانێک بوونە کە کار لەسەر کاریگەری و تایبەتمەندییەکانی ئاخافتن و هونەری وتاربێژی دەکەن.

سیاسەتمەدارانی دنیا تواناترین نووسەران بۆ نووسینی وتارەکانی خۆیان بەکار دەهێنن و بەم جۆرە دەیانەوێت لە گواستنەوەی پەیامەکانیاندا کەڵک لە ئیعجازی وشە و شێوەی دەربڕین وەرگرن. ڕەنگە ئەو ڕاستییە کە ژیاننامەی ئۆباما تژییە لە جوانیناسی نووسین، بێ کاریگەری نەبووبێت لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی ئەمەریکا بۆ لای ئەو. هەڵبەت سیحری وشەی جوان و ئاخافتنی بە پلان هەر لە یۆنانی کۆنەوە خولیای بیرمەندان بووە و کاریان لەسەر کردووە و دەورەی فێربوونیان بۆ داناوە. بەم جۆرە گرفت لە بەکارهێنانی دەقی ئەدەبی بۆ ڕیکلام گرفتێک نییە و ڕەنگە زۆر ژیربێژانەش بێت. ئەگەر ئەو ڕایەی جۆناتان کالێرمان لەلا پەسەند بێت کە دەقی ئەدەبی دەتوانێت وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی بەکار بێت، ئیتر بۆمان دەردەکەوێت کە نووسینی جوان تەنیا لە ئەفراندنی ئەدەبیدا بەرتەسک نابێتەوە. مێژووی ڕووسیای ترۆتسکی هەر لایەنە فاکتایی و مێژووییەکانی نییە کە کردوویانەتە خاوەنی ناوبانگێکی زۆر، بەڵکو شێوازی نووسینە زەریف و جوانەکەشی بووەتە هۆی بەرزنرخاندنی. ئەم نرخاندنە لەسەر کارەکانی مێژوونووسی ئینگلیزی، ئێریک هابسباومیش کراوە و ئاستی جوانی نووسینەکەی سەرنجڕاکێشە.

سەرەڕای ئەم ڕاستییانە، تا ئەو جێگایەی من ئاگاداری نووسینە جیاوازەکانی کوردی بم، وێکچووییەکی زمانی سەیر بەدی دەکەم. ئەگەر لە نووسینەکانی نووسەرێکی ناسراو و ناوبەدەرەوەی کورد ورد ببینەوە دەبینین هەم شیعر و هەم وتار و هەمیش ڕۆمانەکانی و تەنانەت شێوەی ئاخافتنیشی هەر یەک شتە. ئەمە بە باوەڕی من کەموکوڕییە. دەکرێ زمانی ئەدەبی و داڕشتنی هونەری لە هەموو ئەم جۆرە نووسینانەدا هەبێت، بەڵام نەک بە یەک ژارگۆن و بە یەک شێواز. من دەتانم دە لاپەڕەی ڕۆمانێکی کوردی بە جیا بڵاوبکەمەوە و ناوی وتارێکی لەسەردا بنێم و ڕەنگە کەسیش هەستی پێ نەکات. ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی شیاو نییە. دەکرێ مرۆڤ وەک میلان کۆندێرا وتار و گێڕانەوە تێکهەڵکێشی یەکتر بکات، بەڵام هەر کە یەکیان تەواو دەبێت و ئەوی تریان دەست پێدەکات، خوێنەر زوو هەست بە گۆڕانی شێواز و تەنانەت وشەکانیش دەکات.

* کەی زمان – گوتن ڕووبەڕووی بەریەککەوتنێکی قووڵ و ئیستێتیکی و بابەتییانە دەبنەوە؟

– هەر وەک لە وەڵامی پێشترمدا ئاماژەم پێ کرد، جۆرەکانی نووسین هەمبانەی وشە و چەمکی تایبەتی خۆیان هەیە. نووسینێکی بابەتییانە دەتوانێت لایەنی جوانیناسی ئەدەبی تێدا ڕەچاو بکرێت، بەڵام دیسانیش لە بەرهەمێک جیاوازە کە لە پۆلێنکردنی جۆرەییدا دەخرێتە خانەی بەرهەمی هونەرییەوە. لەخۆڕا نییە ئێستا لە زانکۆکانی جیهاندا وانەی چۆن نووسین لە بەشی زانستە سروشتی و پزشکییەکانیشدا دەگوترێتەوە.

* ئەگەر خودی نووسەر بەردەستترین و سەرەکیترین کەرەستەی خاو بێ بۆ بنیادنانی تەلارێکی بەرز بە وشە، خەیاڵی نووسەر لە کوێوەی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێ؟

– ئایا دەکرێت نووسەر داهێنەر بێت و خەیاڵ کۆڵەکەیەکی سەرەکی داهێنانەکەی نەبێت؟ خەیاڵ ئەو دیاردە پڕ بەهایەیە کە بە تێکەڵاوی لەگەڵ زانین و ئەزمووندا دەتوانێت ناوت بەرێتە ناو ناوان.

* دیکارت ڕوانینێکی وەهایە: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام (بیر کردنەوە) دەتوانێت (بوون)ێکی پڕ جوولە و داهێنانی بەردەوام بەرهەم بهێنێ، هاوکات بیرکردنەوە لە کن تاکی هۆشیار تا چەند بە (ئاگایی) و (ئەوانی دیکە)وە پەیوەستە؟

– دڵنیام لە منت ناوێت دەست بکەم بە شیکردنەوەی وتە بە ناوبانگەکەی دیکارت و ئەوەی ئێستا دوای تێپەڕبوونی سێ سەد و شەست ساڵ بەسەر مەرگی ئەودا چ لەسەر ئەم دەربڕینە گوتراوە و چ گۆڕانکارییەک بەسەر ناوەڕۆکی ئەم چەمکە و چۆنایەتیی بیرکردنەوە و گرنگیی بیرکردنەوە و پێوەندیی لەگەڵ هەستی و بووندا هاتووە، ڕاستییەکەی نە بواری منە و نە پێشموایە بابەتێکی ئاوا لە چوارچێوەی وتووێژێکدا دەگونجێت. ڕەنگە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم قسەیەی دیکارتدا لە جێی خۆیدا بێت شتێک وەبیر خۆمان بێنینەوە و ئەویش ڕەسەنایەتیی ئەندێشە و خاوەندارییەتی بیرێکی تایبەتە لەلای هەندێک بیریاری گەورە. ئەوە لەخۆڕا نییە دەربڕینی "کۆگیتۆ ئێرگۆ سوم" (بیردەکەمەوە واتا هەم)ی دیکارت و سەگەکەی بافلۆف و تیۆری ڕێژەیی ئەنیشتاین لەخودی دیکارت و بافلۆف و ئەنیشتاین بەناوبانگترن.

* چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا

ناتوانن بیگۆڕن؟

– واقیع دواجار ئاکامی شێوەی ڕوانینی ئێمەیە بۆ شتەکان. ئەگەر ئێمە لە ڕوانینی خۆماندا گۆڕانکاری پێک بهێنین هەموو ئەو واقیعانەی لەگەڵ شێوە ڕوانینی بە کۆمەڵی ئێمە نایەنەوە، دەبێ بگۆڕدرێن. من شتی نەگۆڕ گومان نابەم. وەک دەڵێن تەنیا شتی نەگۆڕ، گۆڕان خۆیەتی. هەرچی هەیە دەبێ کەرەسەکانی گۆڕان تەیار بکرێن. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر واقیعە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانیان نەتەنیا هەلومەرجی لە باری خۆی دەوێت، پلاندارێژی ئاگایانەش مەرجی سەرەکی شێواز و ڕەوتی گۆڕان و ئەنجامە ئەرێنییەکانییەتی.

* (دۆریس لێسینگ) ڕوانینی وەهایە: (هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕەخنە ڕەسەنایەتی لە مرۆڤدا کاڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوە لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەستم هێناون). ئەم ڕستەیەی لێسینگ لە کوێوە لەگەڵ (داهێنەر) و (داهێنان)ی ئەدەبیدا ناکۆک و تەبا دەکەوێتەوە؟

– زۆرم پێ خۆش دەبوو سەرچاوەی ئەم دەربڕینەی ڕۆماننووسی خاوەن خەڵاتی نۆبڵ خاتوو دۆریس لێسینگت دەستنیشان کردبا، بۆیە ئەم خۆزگەیە دەردەبڕم، بۆ ئەوەی شتێک لەسەر گرنگی چۆنایەتی ئاماژە بە قسەی خەڵکانی تر لە ئاخاوتن و وتارەکانماندا بکەم. من کە بۆخۆم لە نەوەی مارکسیستەکانی سەرەتای هەشتاکانم، کۆمەڵێک بیرەوەری تاڵم لەم شێوە ئاماژەدانانە بە قسەکانی پێشڕەوانی مارکسیزم هەیە. ئێمە زۆرجاران تەنیا بە گێڕانەوەیەکی پچڕاو لە کۆدەق و هەلومەرجی نووسین، یان دەربڕینی قسەی پێشەنگێکی مارکسیستی بەرانبەری خۆمان بە ئەرێنی، یان نەرێنی دەخستە بەر شاڵاوی هێرشی "تیۆریک" و هەموو جارێ سەرکەوتوو لەو شەڕە دەهاتینە دەر. نەریتێکی وا لە ناو خەڵکانی باوەڕمەند بە ئایین و بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا هۆگرانی ئیسلامی سیاسیدا هەیە کە قسەکانی خۆیان بە هێنانەوەی نموونە لە وتار و ئایەتی قورئان دەڕازێننەوە. زۆرجاران مەبەستێکی شاراوە، یان دیار، ئاگایانە، یان ناخود ئاگایانە لەم کارەدا ئەوەیە کە لایەنی بەرانبەرت لە بەرانبەر ئەم قسانەدا بێ چەک بکەی و بە شێوەیەک لە ڕەوایەتی بەرز و بانتر کەڵک وەرگری بۆ بەزاندن و دەمکوتکردنی کەسانی تر.

لە ڕاڤەی هەموو دەقێکدا لەبەرچاوگرتنی کۆدەق و زەمینە و پێشخانی دەق زۆر گرنگە. لە هەمان کاتدا لەبیرمان بێت کە هیچ دوو دیاردەیەک و دوو قۆناغێک و دوو کۆمەڵگایەک سەرەڕای کۆمەڵێک وێکچوویی لە نێوانیاندا کۆپیی یەکتر نین، هەر یەکەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە دەربڕینێکی گشتی دروست نییە بە تەنیا ببێتە هۆکاری باوەڕی ئێمە بە دروستی و نادروستی شتێک. هەر بۆیەشە لە کاری ئەکادیمیکدا دەبێت پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان لێکۆڵینەوە و چەمک و ئامرازی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندندا هەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە نابێت ئێمە پێداویستی ڕەخنەگرتن بەتەنیا لەم قسەیەی خاتوو لێسینگ وەرگرین. ئەگەر نووسین و خوێندنەوە دوو دیاردەی بەرهەست و حاشاهەڵنەگرن، ئەوە ڕەخنەش وەک گۆشەی سێهەمی ئەم سێ گۆشەیە دەبینرێت. ئەگەر نووسەر پێی وا نەبێت لە شێوەی خوداکانە و وەک ئەوان دەنووسێت، بێ گومان نووسینەکانی دەبنە ئامانجی ڕەخنە. ئەگەر نووسەر پێی وا نەبێت کە هەموو شت دەزانێت و لە سەرووی تێگەیشتنی خوێنەرەکانیەتی، گومان دەبێ ببێت بە سووژەی ڕەخنە. ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا تەماشای دەربڕینەکەی لێسینگ بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە کاریگەریی ڕەخنە لەسەر نووسەری ئازاد و تینووی فێربوون، چەندەیە. داهێنانی ئەدەبیش بەو مانایە نییە کە لە ڕەخنە بەدوورە. بەپێچەوانەوە، چونکە داهێنان دواجار شتێکی زەینییە و بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە بەر خوێندنەوەی زەینگەلێک کە لە باری شناسەوە (کاگنێتیڤ) جیاوازییان هەیە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی سازبوونی دیالۆگێکی هاندەر بۆ ناسین و دۆزینەوە. لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و لە زەینی ئازاددا ئەستەمە داهێنان نەبێتە هۆی پرسیار و باس، لەسەر بەرهەمی داهێنەرێک.

ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی پرسیار خوڵقێن نەبێت و هاندەری بیرکردنەوە نەبێت و لەوەش گرنگتر، ئەگەر خوێنەر بە چاوی ڕەخنەییەوە نەڕوانێتە دەق، مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگا هێشتا ئەسیری باوەڕە ئایدیۆلۆژیک و دۆگماکانە. من لەم وەڵامەدا وەک هەموو جێگایەکی ئەم ئاخافتنە "ڕەخنە" بە مانای کریتیسیزمی ئینگلیزی بەکار دەهێنم کە شتێک نییە جگە لە هەڵسەنگاندن، خوێندنەوە، ڕاڤەکردن و لێکدانەوە، بە یارمەتی تیۆریگەلی ئەدەبی وەک هەوڵێک بۆ هەڵێنجانی مانا و

دوورەپەرێزی لە باوەڕهێنان بە یەک مانایی و تەنیا مانایی و دوامانایی دەقێک.

* یەکێک لە ڕوانینەکانی (دێرک والکۆت) وەهایە: (ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵی دەداتەوە). ئێمە دەتوانین بەم شێوەیە بڵێین: لێکۆڵەر و ڕەخنەگری کوردی، قووڵتر دەچنە ناو پێکهاتەی دەقەکانەوە؟

– ڕەنگە جیاوازییەکی سەرەکی لەنێوان گێڕانەوەی مێژوویی و گێڕانەوەی ئەدەبیدا، جگە لە لایەنی هونەریی ئەدەب، ئەو سەفەرە دەروونییە بێت کە گێڕانەوەی ئەدەبی بەناو ناخی کارەکتەرەکانیدا دەیکات. ئەگەر مێژوونووس و تەنانەت دیسیپلینەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان دیوی دەرەوەی ڕووداوەکان و کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگا باس دەکەن، ئەدیبەکان دیوی ناوەوەی مرۆڤەکان لە پێوەندی لەگەڵ دیاردە جۆراجۆرەکاندا دەخەنە ڕوو. ئەگەر مێژووی شۆڕشی فەرەنسا گێڕانەوەی شیکارانەی هۆگران و دژبەرانی شۆڕشەکە بێت، ئەوە ڤیکتۆر هۆگۆیە کە بە تیفتیفەدانی کەسیاتییەکانی، بەناو دەروونیاندا شۆڕ دەبێتەوە و دیمەنەکانیان بۆ هەمیشە لە زەینی ئێمەدا دەهێڵێتەوە. کامە سەرچاوەی مێژوویی دەتوانێت ژاوێر و کۆزێت و ژان والژانمان بۆ بەرهەم بهێنێت؟ ئەگەر مێژووی شەڕی ڕووسیا و فەڕەنسا گێڕانەوەی ڕووداوگەلی بەرەکانی شەڕە، بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری شەڕەکە لەسەر هەست و دەروونی مرۆڤەکان، تۆ دەبێ پەنا بۆ تۆلستۆی بەری، تا بزانی شەڕ چ ئاسەوارێک لەسەر هەبوونی مرۆڤدا بەجێ دەهێڵێت.

ئەگەر نەداری و قاتوقوڕی لایەنێکی بەرچاوی دەورەیەک لە مێژووی کۆمەڵگای ڕووسەکان بێت، ئەوە لە برایانی کارامازۆف و تاوان و سزادایە کە دەبێ بەشوێن چۆنایەتی ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ئەم دیاردانە لەسەر دەروونی ئینسانەکاندا بگەڕێی. ئەگەر ئەدرەیسی دروستت بۆ ئاگاداربوون لە کاریگەری کۆلۆنیالیزم بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگای کۆلۆنیالکراودا دەوێت، دەبێ پەنا بۆ (شتەکان هەڵدەوەشێن)ی ئاچیبێ و (دڵی تاریکی)ی کۆنراد بەری. ئەگەر ڕوانینێکی وردەکارانەت بە تاکڕەهەندیبوونی مرۆڤدا دەوێت، ڕەنگە باشتر لەهەر دەقێکی دەروونشیکارانە ڕۆمانی کازو ئیشیگارۆ، (پاشماوەکانی ڕۆژێک)، بەهاناتەوە بێت، کاتێک لێکۆڵینەوەی کەسایەتی پێش خزمەتی کابرایەکی دەوڵەمەند لە ماوەی سی ساڵدا دەبێتە هەوێنی سەرەکی ڕۆمانەکەی و کێبەرکێی هەست، ئەڤین، ڕاستگۆیی، ئەرکناسی و نەریت، لەوپەڕی وردەکاریدا وێنا دەکرێت.

لە ئەدەبیاتی خۆشماندا بەرهەمگەلی وامان هەن کە لە نەخشاندنی ڕووداوە مێژووییەکانی کورددا توانیویانە وەستایانە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسایەتییەکانیاندا بکەن و کۆمەڵێک ڕووداوی تاڵی کۆمەڵگای ئێمە بە گێڕانەوەیەکی هونەری زیندوو ڕاگرن. تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سڕینەوەی بیری مرۆڤی کورد، ڕەنگە بە جوانترین شێوە لە کەسایەتی جەلادەتی کۆتردا خۆ بنوێنێت، کاتێک ئەو دەبێ هەموو هونەری ژەنینی مۆسیقا لەبیر خۆی بباتەوە. ئەو دایکەی لە تاریکیدا جەنازەکان لە بیابانان کۆ دەکاتەوە، ئەو ئەفراندنە هونەرییەیە کە کارەساتی ئەنفال لە فەرامۆشکردن دەرباز دەکات. ژنکوژی کەی دەتوانێت تا ئەو ئاستە لە بیری ئێمەدا زەق بێتەوە، ئەگەر چارەنووسی هەڵاڵە نەبێتە ئەو گێڕانەوە هونەرییانەی کە عەتای نەهایی بۆمانی دەستەبەر دەکات. کاریگەریی نامۆی سازانەی تاراوگە لە (باڵندەکانی دەم با)دا جوانتر لە هەر دیسیپلینێکی تر، خۆی دەردەخات و ئاکامی نائومێدکەرانەی شکستی کۆماری کوردستان پتر لە هەر بەرهەمێکی مێژوویی لە چارەنووسی لاس و یادگاردا خۆی دەنوێنێت. بەرەو ڕووبوونەوەی دەسەڵاتی کوردی و ئیدیاڵی، مرۆڤی کورد دەبێتە سووژەی گێڕانەوەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ و بەم جۆرە دەبنە سامانی گێڕانەوەی کوردی. کەڵکەڵەی زەینی گەنجی کۆمەڵگای نە مۆدێرن و نە نەریتی کورد، ئەو سووژە ناوەندییەیە کە (لەسەر باران دەنووسم)ی جەبار جەمال غەریب بۆ وێناکردنی قوڵ هەڵدەماڵێت. کاریگەرییەکانی تاراوگە و پەرۆشی بۆ جیهانی بیرەوەرییەکانی لەدەست چوو، هەوێنی (تەمی سەر خەرەند)ی شێرزاد حەسەن و (پاییزی درەنگی) فیرات جەوەریین.

ڕەنگە بەسەرهاتی تاڵی کوردان لە (هاواری دیجلە)ی ئۆزوندا ئەوپەڕی بوار بۆ دەرخستنی خۆی بدۆزێتەوە و لە (گاوا ماسی تی دەبن)ی حەلیم یووسفدا گێڕانەوەی چارەنووسی سیزیفانەی مرۆڤی کورد و باری کوردایەتییەکەی، خۆی بگەیەنێتە ئاستی بەرزی گێڕانەوەی ئەدەبی.

* پێوەندیی نێوان (دەق) و (چێژ) لە ناو ئەدەبی

ئێمەدا، تا دێ کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە، تا ئێستەیش لە لایەن ڕەخنەگرانمانەوە – ئێستگەلێک بۆ ئەم دوو زاراوانە نەکراون– ئەگەر بڕیارە ڕەخنەگرمان هەبێ–، بۆ ئەوەی تێکەڵاوبوونێکی ڕەگئاژۆیی بخوڵقێنین، پێویستە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

– ناکرێ دەقێکی سەرکەوتوو، چێژبەخش نەبێت. هەڵبەت دەبێ بڵێین چێژ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، تووشی گۆڕان دێت. بەڵام، چێژوەرگرتن لە خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگە ئەو خاڵە گرنگە بێت کە هاندەری مرۆڤەکان بێت کە پەنا بۆ دەق بەرن. ئەوە چ تایبەتمەندییەکی دەقی ئەدەبییە کە لە ناو شەمەندەفەر و پاس و فڕۆکەدا و لە کاتی حەسانەوە لە ڕۆخی دەریادا مرۆڤەکان پەنا بۆ خوێندنەوەی دەبەن؟ وێدەچێت لە تەنیشت حەزی مرۆڤ بۆ فێربووندا، چێژوەرگرتن ئەو نهێنییە بێت کە هاندەری خوێنەرە بۆ بەسەربردنی کات، بە خوێندنەوەوە. کەڵک وەرگرتن لە میراتی خۆماڵی و جیهانی، دەتوانێت دەرفەتی ئەفراندنی وا بۆ نووسەر دەستەبەر بکات کە چێژ بکاتە بەشێکی جیانەبۆوە لە دەق.

ستێرن و سێرڤانتیس و بۆلگاکۆڤ، ئەفرێنەری ئەو دەقانەن کە تێپەڕینی زەمەن لە چێژبەخشینی بەرهەمەکانیان کەم ناکاتەوە. ئایا دەکرێت نووسەری کورد لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی تراژیدییانەی کورددا بتوانێت سووژەی چێژی خوێندنەوە بۆ خوێنەر دەستەبەر بکات؟ ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی هەموو لایەنە سەرکەوتووەکانی دەقێکی بەرزی هەڵگرتبێت و نووسەری کورد مەلەوانی چاکی دەریای ئەدەب بێت، ئەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بە بێ هیچ گومانێک، ئەرێنییە.

* دەق دەتوانێ ببێ بە ئەڵتەرناتیڤ بەرانبەر بە نامۆیی و بێزاری، کە دەقنووس لە سەروەختی تەنگانەدا دەستی بۆ ببات؟

– باش لە مەبەستی پرسیارەکە ناگەم، چونکە نازانم سەروەختی تەنگانە چ جۆرە سەروەختێکە؟ تەنیا ئەوەندە دەزانم کە بۆ هەندێک کەس نووسین جۆرێکە لە تراپی، واتا شێوەیەک لە چارەسەری و دەرمان. زۆر نووسەر هەبوونە و گوتوویانە و هەن کە دەڵێن ئەگەر نەیاننووسیبا و نەنووسن دیقیان دەکرد و دیق دەکەن.

* ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەستە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر پەلکێش بکەن؟

– زۆر حەز دەکەم لە باری مانایی و بەکارهێنانی چەمکی ڕۆشنبیر لە ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا باش تێبگەم. ڕاستییەکەت بوێت، لە ناوی وەزارەتەکەوە تا ئاڵۆزیی ناخۆش و سەرەگێژەهێنەری ئەوانەی هەڵگری ئەم ناوەن، هەموویان بۆ من پرسیارن. ئەوەندەی من ئەم چەمکە لە کوردستان دەبیسم، قەت لە ئەورووپا نایبیسم. ئەوەندەی فەرهەنگی کورد ناز بەسەر دەسەڵات و زەمەن و زەمیندا دەکات، ئەوەندە خاوەنی بەرهەم نییە. ئەگەر خێرا چاو بە کاریگەری بیریارانی ئەم سەردەمەی جیهاندا بخشێنین، هەموو بیرمەندانی گەورە، خاوەنی کارێکی دیاریکراو و بوارێکی دیاریکراوی زانست و زانین بوونە. من قەت ناتوانم سارتر لە کارەکەی جیا کەمەوە و تەنیا نازناوی فەرهەنگی بە بەردا هەڵدرووم. فووکۆی بێکار و دێریدای بێ کتێب، قەت نەیاندەتوانی ببنە ئەو کەسانەی کە هەبوون. لە کۆمەڵگایەکدا کە کار دابەش ناکرێت، بەرپرسیایەتی دیاری ناکرێت، زۆر سانایە کە سنووری پێناسەکان تێکەڵ بکرێت.

* ڕۆشنبیرانی کورد دەزانن بیر لەچی دەکەنەوە و لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا چ مەبەستێک خۆی نواندووە؟

– ئەم پرسیارە وا دارێژراوە وەک ئەوەی ئێمە باش دەزانین کە ڕۆشنبیرەکان کامانەن و لەسەر هەر یەکێکیان لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلمان کردووە و ئێستا وەڵامەکانمان لەلایە. ئەم وەڵامە لایەنی کەم لای من نییە. بەس تەنیا یەک شت دەزانم و پێم خۆشە باسی بکەم و ئەویش ئەمەیە کە هەر سەردەمە و هەر کۆمەڵگایەک بیریار و خاوەنڕای خۆی هەیە. هەوڵدان بۆ گواستنەوەی نازناوەکان بە دوور لە تێگەیشتنێکی ورد و قووڵ، لە قۆناغی گەشەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، تووشی بەلاڕێداچوونمان دەکات.

* لە ناو (ڕۆشنبیر)انی ئێستای کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژە دان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێک و کەسێک وەکو (ڕۆشنبیری گەورەی کورد) دەناسێن؟

– دیسانیش دووپاتکردنەوەیە، ئەگەر بڵێم من ئەم پۆلێن بەندییە نابینم. جیاوازییەکان بە باوەڕی من ئەنجامی لێکۆڵینەوە و ئەفراندنی لە بنەڕەتدا جیاواز

نین، بەڵکو پتر ئەنجامی هۆگرییە ئایدیۆلۆژیک و سیاسییەکانن. من دڵنیام کۆمەڵێک مرۆڤی دڵسۆز و بەتوانا لە گۆڕەپانی هزری کوردیدا هەبوونیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئاسەواری کاری بە پلان و ئامادەبوون لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا، ئەو شتانەن هەتا وەدیهاتنیان ڕێگایەکی دووریان لەبەرە. ئێمە ئەگەر سەردەمانێکی زۆر بە دەست پارچەپارچەبوونی سیاسییەوە ناڵیومانە، پێم خۆشە و ئاواتەخوازم لە ئاستی هزر و ئەندێشەدا جێ بە هەڵسوکەوتی خۆبەزلزانانە و خۆناوەند نەدەین. دوگمای خۆ بە ڕاستزانین و ئەوانی تر بە نەزان دانان، پەتایەکی کوشندەیە.

مرۆڤ دەبێ دڵی بۆ فەزایەک لێ بدات کە تێیدا ڕێز و هاودەنگی پێش مەرجی سەرەکی هەموو جۆرە پێشبڕکێ و کێبەرکێیەکی هزرییانە بێت. دواتریش هەر سەردەمە و پێشەنگی هزری خۆی هەیە، لە هەموو بارەکاندا. هزر و ئەندێشە و شێوازی نوێ هەتا لە کۆمەڵگادا سەقامگیر دەبن، زەمەن دەخایەنێت. ئێمە هەموو بەسەرهاتی دۆزینەوە وەرچەرخێنەرەکەی گالیلۆ و چارەنووسی ئەم مرۆڤە دەزانین و ڕەنگە تۆبەی ئەو مرۆڤە مەزنە لە پشتی سەدەکانەوە هێشتا بانگەوازی شەرمەزاری دەورەیەک لە دەسەڵاتی کڵێسە بکات و ئەوەی کە ئێستا کڵێسە دوای ئەو هەموو ساڵە هەستی بەوەی کردووە، دەبێ داوای لێبووردنی لێ بکات، دەرسێکی گەورە بێت بۆ هەر بۆچوونێکی دۆگمایی و شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ بیری نوێ، لەلایەن دەسەڵاتەوە، جا چ ئایینی چ سێکیولار.

ئێمە کاتێک باس لە تیۆری و داهێنانی نوێ دەکەین، دەبێ هەمیشە لەبیرمان بێت زەمەن یەک لە فاکتۆرەکانی دانپێداهێنان و سەقامگیربوونیانە. چارەنووسی میشێل فوکۆ و هەڵسوکەوتی سەرپەرشتیاری تێزەکەی لە زانکۆی بەناوبانگی ئۆپسالا، تەنیا چوار دەیە لەمەوبەر ڕووی دا. ئەگەرچی ئەو کات مامۆستایەکی زانکۆ لە فووکۆ تێنەدەگەیشت، تەنیا چەند ساڵێک دواتر لێکۆڵینەوەکانی ئەو بوون بە هەوێنی وانە سەرەکییەکانی زانستە مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکان، لە ئاستێکی جیهانیدا. لە ساڵی ١٩٨٠ زانکۆی کەمبریجی بەریتانیا کۆلین مەککەیب دانامەزرێنێ، لەبەر ئەوەی بۆچوونە پێکهاتەخوازەکانی مەککەیب لە هزری چەقبەستووی دامەزرێنەرانیدا جێگایان نەدەبۆوە. ئەم ڕووداوە دەبێتە تەقینەوەی چەمکی "پێکهاتەخوازی" لەم وڵاتەدا و ئەمڕۆ مەککەیب و لێکۆڵینەوەکانی شوێنێکی گرنگیان لە ئاستی جیهانیدا هەیە و کەمبریج لەو کاتەوە هەتا ئێستا سەدان وتار و کتێبی لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازییەوە و لەسەر پێکهاتەخوازی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

هەڵبەت لەبیرمان بێت تیۆرییەکان گۆڕینیان بەسەردا دێت و دێن و دەڕۆن. بۆ خوێندکارێکی زمانناسیی سەرەتای هەشتاکان، چۆمسکی ناوەندی سەرەکی باسەکان بوو و کەس نەبوو لە خوێندنەوەی گرامەری تێپەڕییانە و ژێرخان و بنخانی ئەو قوتاری ببێت، بەڵام ئێستا دوای سی ساڵ شتەکان تەواو بەپێچەوانەن و ناوەڕۆکی وانەکانی زمانناسی هاتنە کایەی دەیان چەمک و باوەڕی تریان بەخۆوە بینیوە.

جا بۆیە ئەوە شتێکی ئاساییە کە ناو و ناوبانگی پێشەنگە هزرییەکان لە هەڵکشان و داکشان دابێت. ئەگەر تۆ لە هەموو سەردەمانێکدا هەر جەمسەرێکی هزری و ناوێکی ناوەندیت هەبێت، دەبێ گومان لە ئاستی گۆڕانی کۆمەڵگاکەت بکەی. ئاشکرایە لە گەمەی نێوان هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگادا دەسەڵات و زانین هەمیشە لە پێوەندییەکی تێکەڵاودان و بە شێوەی جۆراجۆر یەکتر بەرهەم دێننەوە. خاڵی گرنگ لەم پێوەندییەی دەسەڵات و زانیندا، ناتوانێت بەس بە گوێرەی پێوەرە ئەخلاقییەکان بێت و بە گوێرەی ویستێکی ئیدیالیستانە بەرەو پێش بڕوات. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بالانسێکی شیاو لەنێوان ئەم دوو دیاردەیەدا و تێگەیشتن لە میکانیزمی هەڵسوکەوتیان بەرانبەر بە یەکتر، خاڵێکی بەرچاوە لە ئاستی پێگەیشتنی لایەنەکان بە پێداویستی لە حاشانەهاتووی یەکتر.

هەروەها لە جێگای خۆیدایە ئاماژە بە ئەو ڕاستییە بکرێت کە لە سەردەمی ئێستادا شوێنێک بۆ ڕووناکبیری جیهانی نییە و کەسێک ناتوانێت بەم داوایە بێتە مەیدانەوە کە کلیلی چارەسەری گرفتەکانی مرۆڤایەتی لە ئاستێکی جیهانیدا پێیە. تێبینیی فووکۆ لەسەر بەرپرسیارییەتی ناوچەیی ڕووناکبیر، دەرسێکی مەزنی بۆ ئێمە تێدایە. ئەگەر ئێمە لە شوێنی کار و ژیاندا بەرەنگاری دەسەڵات (بەمانا بەربڵاوەکەی خۆی) ببینەوە، ئەوە ڕێگامان بۆ چارەسەریی زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی و هزریی خۆمان خۆش کردووە.

* کۆمەڵگە و تاکی کورد توانیویانە لە گۆڕانە بەردەوامەکاندا خۆیان بەرجەستە بکەن و جۆرێک لە فرەڕەهەندی ڕوانین بەرهەم بهێنن؟

- ئەم پرسیارە زۆر گشتییە. کامە کۆمەڵ و تاکی کورد و لە کوێ و کەی؟ ئەگەر گۆڕان ڕووی دابێت لە کام بوار و لە چ ئاستێکدا دەبێ شوێن پێی هەڵگرین؟ پێویست بە لێکۆڵینەوەی ورد ناکات کە بۆمان دەرکەوێت کۆمەڵگای کوردی لە هەموو بەشەکانیدا لە زۆر بارەوە گۆڕاوە و من پێم وایە ئەوە لە ئاستی ئەدەبیشدا ڕاستییەکە و بەرهەمی ئەدەبی ئێستامان لەچاو پێشتر تایبەتمەندی تری بەخۆوە گرتووە، بەڵام تا گەیشتن بە کۆمەڵگایەک کە تێیدا فرەڕەهەندی ببێتە شێوە ڕوانینی زاڵ، بەسەر هزر و بۆچوون و هەڵسوکەوتی ئێمەی کورددا، هەست دەکەم هێشتا ڕێگایەکی درێژمان لەبەرە. ئەگەر ڕۆژێک ڕۆمانی کوردی بوو بە هەڵگری ئەو شتەی کوندێرا پێی دەڵێت ڕوحی ڕۆمان و ئەویش شتێک نییە جگە لە ژیربێژی گفتوگۆ، ئەو کات مرۆڤ دەتوانێت دڵخۆش بێت کە بۆ نموونە لە ئەدەبی کوردیشدا گۆڕان گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز. ئاخر دواجار گفتوگۆ ئەو ڕەمزەیە کە ڕازە نەگوتراو و نەدۆزراوەکان دەستەبەر دەکات و تەلیسمی جادووکراوی لێک تێنەگەیشتنەکان دەشکێنێت. دەبێ جارێکی تریش بچینەوە سەر هۆکارەکانی گرنگیدانی کەسێکی وەک باختین بە گفتوگۆ و چەنددەنگی و ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردانە، لە جۆری ئەدەبی ڕۆماندا.

* زۆر لە چیرۆکنووسان ڕوانینیان وەهایە کە ژانری چیرۆک پلیکانەی یەکەمە، مەرجە بیبڕی، دوای ئەوە نۆڤێلێت دێ، دواجاریش ڕۆمان، ئەو هاوکێشە پلەدارە چۆن دەبینن؟

- باسی دابەشکردنی جۆرەکانی ئەدەب و پێوەری ئەم دابەشکردنە مێژوویەکی درێژی هەیە و لە ڕاستیدا بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، کاتێک یۆنانییەکان شێوازەکانی دراما و ئێپۆس و شیعری غەزەلییان لە یەکتر جیا دەکردەوە. ئەفلاتوون لە (کۆمار)دا لێدوانەکەی سوکرات بۆ ئادیمانتوس دەگێڕێتەوە کە تێیدا ئاماژە بە کۆمیدی، تراژیدی، میتۆلۆژی، شیعر و شێوازەکانی جۆراجۆری گێڕانەوە دەکات. (پۆئێتیکس)ی ئەرەستۆ لەسەر بنەمای وێکچوویی و جیاوازیی شێوازە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی باس لە تراژیدی، کۆمیدی، شیعر، دراما و ئێپۆس دەکات و کۆمەڵێک تایبەتمەندی و پێناسە دەداتە هەر کام لەم جۆرانەی ئەدەب. لە سەدەی نۆزدەم بەم لاوە نەریتی کۆنی یۆنانییەکان لە دەستنیشانکردنی جۆرە ئەدەبییەکان پتر پەرەی ساندووە و سەرەڕای هەندێک دەنگی دژ بە پێویستبوونی پۆلێنکردنی دەقی ئەدەبی و هونەری، ئەم نەریتە وەک دیاردەیەکی جێکەوتوو لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدایە و وەک کالێر دەڵێت بووەتە کردەیەکی بەکەڵک بۆ دیاریکردن و وەڵامدانەوەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەو پێوەرانەی ڕۆژگارێک کارناسانی ئەدەبی و هونەری دەیانتوانی لەسەریان ڕێککەون، تووشی ئاڵۆزی هاتوون و پەرەگرتنی بەردەوامی شێوازە ئەدەبییەکان دیاردەی جۆری ئەدەبییان پتر لە پێشتر تووشی بیر و بۆچوونی جیاواز کردووە. یەک لەم جۆرە ئەدەبییانە کە سنووری دەستنیشانکراوی جۆرەکانی ئەدەبی تووشی گرفت و نابەردەوامی کردووە ڕۆمانە.

وەک ڕیکۆر ئاماژەی پێ دەکات بەر لە ڕۆمان جۆرەکانی ئەدەبی بە سنوورە شکڵگرتووەکانی خۆیان خاڵە جیاوازەکانی نێوان خۆیان زەق دەکردەوە، بەڵام ڕۆمان دێ و ڕێککەوتنەکانی پێشوو تێکدەدات و بەم جۆرە پێناسە گشتی و سەقامگرتووەکان دەشێوێنێت. ئەم پێشەکییەم بۆیە خستە پێش وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئەوەی ئاماژەیەکم کردبێت بە پێشینە و ڕەوتی پێناسەی جۆرە ئەدەبییەکان. سەرەتا دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە باشترین سەرچاوە بۆ پێناسەی جۆرەکانی ئەدەب ئەدیبان خۆیان نین. لەو ئاماژانەی کە بە سەرچاوەکانی یۆنانیم دا دەردەکەوێت کە داڕێژەرانی تیۆری ئەدەبی نەک ئەدیبان، بەڵکو تیۆریزانانی ئەدەبن. ئاخر خۆ ئەرەستۆ و ئەفلاتوون و سیسیرۆ و سوکرات ئەدیب نەبوون، هەروەک چۆن کالێر و ڕیکۆریش ئەدیب نین. هەربۆیە بە باوەڕی من دەبێ لە شوێنێکی تر و لە هەگبەی کەسانی تردا سۆراغی پێناسەی جۆرەکانی ئەدەب بکەین. گرفتێکی چەمکی "چیرۆک" ئەوەیە کە ئەوەندە گشتییە دەتوانێت هەموو جۆرەکانی گێڕانەوە لەخۆیدا بشارێتەوە، لە شێوەی زارەکییەوە بۆ شێوە جۆراجۆرەکانی نووسراو. گرفتەکە ئەوەیە ئێمە سەرچاوەی پێناسەکانمان ڕۆژاواییین و لە ڕۆژاواشدا ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی جۆرەکانی ئەدەبی تەواو وەک ئەزموونی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی نین. هەر بۆیە گواستنەوەی چەمک و واتەگەلی ڕۆژاوایی بۆ بەستێنی ڕۆژهەڵاتی کە خاوەنی ئەزموون و مێژوویەکی جیاوازە لە

ئاستی نووسیندا گرفت خوڵقێنن.

ئێستاش دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەد ساڵ بەسەر ئەزموونی ئەدەبی نوێی گێڕانەوەیی فارسیدا ئێمە دەبینین کە فارسەکان چەندین ناویان بۆ دەستنیشانکردنی شێوازەکانی ئەم جۆرە ئەدەبییە هەیە و هێشتاش نەیانتوانیوە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەیان لەم بارەوە هەبێت. لە کوردییشدا پێم وایە تا ڕادەیەک تووشی گرفتی لەم چەشنە هەین و بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی زاراوەییش هێشتا بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئەدەبی گێڕانەوەیی پێویستیمان بە کاری وردتری فەرهەنگنووسییانە و چەمکشیکارانە هەیە. ئەگەر پێناسەی دروستی چیرۆک، هەڵبەت ئەگەر لێرەدا تەنیا بە مانای گێڕانەوە بە شێوەیەکی گشتی بەکاری بێنین، کورتە چیرۆک، یان چیرۆکی کورت، نۆڤێلێت و ڕۆمان، بکەین زوو بۆمان دەردەکەوێت کە گریمانەی پرسیاری ئێوە لە جێی خۆیدا نییە و لە ڕاستیدا ئەم سێ جۆرە ئەدەبییە وەک پلیکانەکانی پەیژەیەک بەو شێوەیەی ئێوە ڕیزتان کردوون بە دوای یەکتردا نایەن. هەست دەکەم ئەم تێبینییە پتر لەسەر بنەمای قەوارەیی خۆی داڕشتووە و پێی وایە چیرۆک زۆر کورتە، نۆڤێلێت دوور و درێژترە و دواجاریش ڕۆمان لە هەر دووکیان دوورودرێژترە و ژمارەی لاپەڕەکانیشی زیاترە. لە هەمان کاتیشدا ئەم بۆچوونە قەوارەیی و پەیژەییانە تێگەیشتنێکی گەشەیی هێگڵیانەشی تێدایە و وەک ئەو بۆچوونە دەچێت کە داخوازیی سیاسیی کوردان بە ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و سەربەخۆیی وەک سێ قۆناغی جودا و گەشەییانە دابەش دەکات. لەبەر ئەوەی ئەم سێ جۆرە ئەدەبییە، یان وەک ئێوە دەڵێن ژانرە ئاکامی سیستمی پۆلێنکردنی ڕۆژاواییین، دەبێ دواجار بچینەوە سەر سەرهەڵدان و گەشەی مێژوویی ئەم ژانرانە لە ڕۆژاوادا. ئەگەر وەڵامێکی خێرا مەبەست بێت، دەتوانم بڵێم تەواو بە پێچەوانەی گریمانەی پرسیارەکەی ئێوەوە ئەوە ڕۆمانە کە بەر لە چیرۆکی کورت و نۆڤێلێت سەر هەڵدەدات.

جا ئەگەر لەناو ئێمەدا وا نەبووە ئەوە دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندی و هەلومەرجی گەشەکردنی ئەدەبیاتی کوردی. بۆ نموونە ئەم ڕەوتە لە ئێراندا بەپێچەوانەیە و بەر لە ساڵی ١٩٢٠ کە وەک ساڵی لەدایکبوونی کورتە چیرۆکی فارسی ناوبانگی دەرکردووە، لایەنی کەم مێژوویەکی ٢٥ ساڵەی ڕۆماننووسیمان هەیە. ئەگەر دەستپێشخەری کەسانێکی وەک ئیدگار ئالێن پۆ، مۆپاسان و گۆگول بکەینە سەرەتای سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی نوێ، دەبینین مێژووی ڕۆمانی ڕۆژاوایی لایەنی کەم دەگەڕێتەوە ٢٥٠ ساڵ پێشتر لە سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی نوێی ڕۆژاوایی. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم لەمەڕ بەکارهێنانی چەمک و واتەکانی ئەدەبی، کاتێک دەمانەوێت لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانین لە چوارچێوەی چەمکگەلی باودا هەڵسەنگێنین. ئەگەرچی چەمکەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگاخۆشکەرن و هاسانکاریمان بۆ دەکەن، بەڵام قەت نابێ ببن بە زیندانێک بۆ بە بەندکێشانی ئەزموونە تایبەتییەکانی بوارێکی دیاریکراوی لێکۆڵینەوە. جیمس ڕۆزێناو لەم پێوەندییەدا داهێنەری چەمکێکی تایبەتە بە ناوی "زیندانە چەمکییەکان". بەپێی ئەم چەمکە لێکۆڵەرەوە نابێت بەستێنی لێکۆڵینەوەی خۆی تووشی زیندانی چەمکەکان کات و بەزۆری بیانخاتە ناو چواردیواری چەمکێکی دیاریکراوەوە. هەر بۆیە هەبوونی کورتە چیرۆکی کوردی بەر لە ڕۆمانی کوردی و ئەو ڕاستییە کە ئەم دیاردەیە لەگەڵ نۆرمی باوی ئەورووپادا نایەتەوە، نابێتە خاڵێکی لاواز لە ڕەوتی ئەدەبی کوردیدا. بەپێچەوانەوە ئەمە تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشە و دەکرێت مرۆڤ لە هۆکارەکانی ئاگادار بێت، نەک بە پشتبەستن بەم دیاردەیە بڕیارێکی تیۆریک بدات و بڵێت ڕۆمان جۆرێکی ئەدەبییە کە دوای چیرۆکی کورت و نۆڤێلێت سەر هەڵدەدات.

* کاتێک بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ حەفتاکانی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی، دەبینین وەک هەبوون، چیرۆکمان هەیە و دیدی بیبلۆگرافیانەی نووسەرەکانیان هەردەم هەوڵی سەلماندنەوەی بوونی دەقەکان دەدەن، نەک پرسیار، جا بۆ ئەوەی چیرۆکیش ببێ بە پرسیار لەبەردەم مرۆڤدا، لە ڕوانگەی ئێوەوە ڕەوتەکە چۆن وەربچەرخێنین؟

- پێم وایە دەبێ مەبەستت لە "دیدی بیبلیۆگرافیانە" ڕوانینی بیۆگرافییانە واتە ژیاننامەییانە بێت. ئەگەر باش لە مەبەستی پرسیارەکەت تێگەیشتبم دەتانەوێت بڵێن چیرۆک و ڕۆمانی حەفتاکان پرسیار خوڵقێن نەبوون و ئێستا دەبێ کارێکی وا بکەین ئەم تایبەتمەندییە بە ئەدەبی سەردەم بدەین. ڕەنگە بەر لە هەر شتێک پێویست بێ جیاوازییەک لەنێوان فەلسەفە و ئەدەبیاتدا دابنێین. لەسەر ئەدەبیات و چێ بوونی زۆر کار کراوە. لە یۆنانی کۆنەوە هەتا گۆرکی و سارتر و کالێرەوە ئەم باسە

بەردەوام بووە و وێناچێت قەت کۆتایی بێت. قوتابخانە جیاوازەکانی ئەدەبی هەرکام بە نۆرەی خۆیان لێکدانەوەیان لەسەر ئەدەبیات هەبووە. ڕەنگە خاڵی هاوبەشی هەموو پێناسە و بۆچوونە جیاوازەکان ئەوە بووبێت کە ئەدەبیات و فەلسەفە یەک شت نین. لە ئەدەبیاتدا دەکرێت ئامانجی فەلسەفی و پرسی فەلسەفی بورووژێنرێن، بەڵام ئەرکی ئەدەبیات سەرەڕای کەڵکوەرگرتنی بەردەوامی لە فەلسەفە جیاوازە لە ئەرکی فەلسەفە. ڕەنگە قەتیسکردنەوەی هەموو لایەنە جوانیناسانە و هزرییەکانی دەقی ئەدەبی بە ئەوەی کە دەبێ پرسیار خوڵقێن بێت، لە جێگای خۆیدا نەبێت.

لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبیی دەورەیەکی تایبەت لە مێژووی ئەدەبیاتێکدا دەبێ تایبەتمەندییەکانی سەردەمی بەرهەمەکەمان لە یاد نەچێت. بە واتایەکی تر دەبێ سەرمایەی ئەدەبی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ئەو سەردەمە بە وردی لەبەر چاو بگرین. شتێک کە هەندێک جار من پەرۆش دەکات، ڕوانینی نزمی هەندێک نووسەری ئەو سەردەمەیە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێشتر لە خۆیان. هەندێک لە ڕۆمانوسانی ئەمڕۆی ئێمە بە قێزەوە دەڕوانە ڕۆمانەکانی چەند دەیەی پێشتری خۆیان. ئەم کارە لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و کاریگەریی ڕابردوو لەسەر ئێستامان دروست نییە. ئەدەبی ئێستا دواجار ناتوانێت خۆی لە میراتی ئەدەبی و سەرمایەی فەرهەنگی ڕابردووی بێبەری بکات. ئەگەر ئەرکی ئەدەب بە تەنیا ئەوە نەبێت کە پرسیار بخوڵقێنێت، ئەوە ڕەوا نییە کە بە نەبوونی ئەم تایبەتمەندییە لە دەورەیەکی گەشەی ئەدەبی کوردیدا زۆر بە سانایی حوکم بدەین کە ئەم ئەدەبە نزم بووە و ئامانجی خۆی نەپێکاوە. ژمارەی ڕۆمانە چاپکراوەکانی کوردی تا دەیەی حەفتا لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. ژمارەی چیرۆکە چاپکراوەکانی کوردی لە شێوەی کتێبیشدا هەر بەم جۆرە بووە. ڕەنگە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئەدەبییەوە بتوانین ئەم دیاردەیە باشتر شی بکەینەوە و بێینە سەر ئەم باوەڕە کە سامانی کۆمەڵایەتی کورد لەم دەورەیەدا هەر ئەوەندە بووە. لێرەدا تاوانبارکردنی هۆکارە دەرەکییەکان تەنیا دەتوانێ ئارامییەکی کاتیمان پێ ببەخشێت، ئەگینا دواجار ئەوە بووین کە بووین.

خوێندنەوەی هەندێک لەو بیرەوەرییانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوبوونەتەوە و باس لە بەسەرهاتی کورد لە شەستەکان و حەفتاکان دەکەن، بۆ نموونە ئاوێنە شکاو و چێشتی مجێور، بۆمان دەردەخەن کە هەلومەرجی ژیان و ئاسۆ لێڵەکانی بوونی کوردی نەیدەتوانی پتر لەوەی لە هەگبەدا هەبێت. مێژوویەکی ئەدەبی ڕەخنەگرانە لەسەر بنەمای هەستی کۆمەڵایەتی کورد لە سەردەمە جیاوازەکاندا ئەو دیاردە پێویستەیە کە من لە لێکۆڵینەوەی کوردیدا بەردەوام جێگاکەی بەتاڵ دەبینم. ڕەنگە بە پێوەری ئەمڕۆیی، ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدەی ئینگلیزی قەت نەتوانن وەڵامدەرەوەی ئاستەکانی جوانیناسی و هزری بن، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆکاری وازهێنان لەم میراتە ئەدەبییە، بۆیە دەبینین بەردەوام خوێندنەوەی تازە لە بەرهەمە کۆنەکان دەکرێت. ڕۆمان و چیرۆکە فارسی و تورکییەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئێستا کەرەستەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوە بۆ ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانی ئەم دوو ئەدەبیاتە پێک دێنن.

مانگی ئایاری پار ساڵ لە کۆنفرانسێکدا لە زانکۆی قادر خاسی ئەستەنبووڵ باسێکی چڕ لەسەر میراتی ئەدەبی لەسەر چەند ئەدەبی جیاوازی وەک وێڵشی، نۆرویژی، ڕووسی و تورکی و کوردی پێشکەش کرا. لەم باسانە دەردەکەوت کە دەقی ئەدەبی چەندە گرنگی هەیە لە کردنەوەی دەروازە داخراوەکانی مێژووی مرۆڤەکاندا. هەندێک جار هەست دەکەم ئێمە دەرهەق بە ڕابردووی خۆمان لە هەموو بارێکەوە کەمتەرخەمین. لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ژمارەی توێژینەوەکان لەسەر (هاملێت)ی شکسپیر لە هەزاران لێکۆڵینەوەی بەرفراوان تێپەڕیوە. (بەرزاییە باگرەکان)ی برۆنتە بە شێوازی جۆراجۆر لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا دەگونجێنرێت و جێگۆڕکێی تەنانەت نەتەوەیی بە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە دەکرێت و کارەکتەرە ئینگلیزییەکان جێگای خۆیان دەدەن بە کارەکتەری هیندی و شوێنی ڕۆمانەکە لە ئینگلتەرەوە دەچێت بۆ هیندستان و کاتی ڕۆمانەکەش دەبێتە سەردەمی ئێستا. لە بەریتانیا زیاتر لە دووسەد ساڵە گۆڤارێکی تایبەت لەسەر شکسپیر دەردەچێت و بەرهەمە کلاسیکەکانی ئەدەبی ئینگلیزی بەردەوام لە شێوەی نوێدا چاپ دەکرێنەوە و خوێندنەوەی نوێیان بۆ دەکرێت.

فارسەکان ساڵ نییە چەند چاپی تازە لە دیوانی حافز چاپ و بڵاو نەکەنەوە. تورکەکانیش کارێکی لەم چەشنە بۆ فزوولی شاعیر دەکەن. چاپی ڕۆمانە بەراییەکانی

تورکی و لێکدانەوەیان تەنانەت بە زمانی ئینگلیزییش پتر لەوەی لەبەر لایەنی جوانیناسی ئەم بەرهەمانە بێت، لەبەر درێژکردنەوەی میراتی ئەدەبی خۆیان و گرنگی ئەم بەرهەمـــانەیە بۆ تێگەیشتن لە ســەردەمی نووسین و بڵاوبوونەوەیان. لە بیــرمـــان نەچێت کــە ئەدەبیـــات فـاکـتـەرێکی گـرنگ و هەندێک جـار بڕیاردەرە لەسـەر ئەفراندنی ناسنامە و خەملاندنی هەستی نەتەوەیی.

* ئەگـەر ورد لە چیـرۆکنووس و ڕۆمـاننووسـەکـانی حـەفـتـاکـان بڕوانین، دەبینین گـەورەترین کـێـشـەیان تەکنیک بووە، هاوکات لە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین وشەی (داهێنان) و (نوێخوازی)ین و خۆیان بە کـۆکـەرەوەی حـەقـیـقـەت هاتووەتە پێش چاو، ئەمـە لە کـاتێکدایە کـە وا نین، ئەو گـوتارانەی لە ئێـسـتـای (ڕۆماننووس و چیرۆکنووسەکان)دا دەیانبینی، تا چەند نزیکن لە حەقیقەتەوە؟

- جـیـهـانی ئەدەبیـات بەتایبـەت ئەدەبی گـێـڕانەوە، جیهانێکە لە زۆر ڕووەوە گرێدراوی جیهانی دەرەوەیە و بە نۆرەی خـۆیشی کـاریگەری لەسـەر جـیـهـانی دەرەوەی خـۆی هەیە کـە ئـێـمـە بە جـیـهـانی واقـیـعی ناوزەدی دەکەین. گەڕان بە شوێن حەقیقەتدا وەک تێگەیشتنی دروسـتی ئـێـمـە لە واقـیع ئەو هەوڵە بێ وچانە بووە کـە مرۆڤ بەردەوام بەدوایدا هەڵوەدا بووە. هونەر بە گشتی و ئەدەبی داستانی بەتایبەت لە تەنیشت چێژبەخشی بە خوێنەر کەرەستەیەک بووە بۆ نزیکبوونەوە لە جیهانی پڕ لە ڕەمز و ڕازی بوون. لە هەر ئێپیـسـتـیمـەیەکدا بوارە جیاوازەکانی زانستی و هونەری لە چوارچێوەی توانایی خـۆیاندا ئامـرازگـەلێک بوونە بۆ تێگەیشتن لە خـود و دەوروبەر. هەروەک پێـشــتــر ئامـاژەم پێکرد دەقــە بەرهەمهاتووەکانی دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردووش لە ئاستی سەرمایە و هەستونەستی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیان بەدەر نین.

ئەدەبیات ئەگەر بە پێناسەی خۆی لە باری هونەرییەوە وەفـادار بێت، ناتوانێت بانگەشـەی ئەوە بکات کـە نوێنەری حەقیقەتە، یان خودی حەقیقەتە. من پێم وایە کێشەی تەکنیک ئێستاش یەک لە کێشە سەرەکییەکانی ڕۆمـان و چیـرۆکی کـوردییـە. ڕۆمـانی کـوردی بەر لە نەوەدەکـانی ســەدەی بیـســتــەم ســەرەڕای هەمــوو کەموکوڕییەکانی دەرەفەتی گێڕانەوەیی بە زمانی کوردی بەخـشـی و لایەنـی کـەم توانی کـۆمـەڵێک گـرفـتی کۆمـەڵایەتی و ناسنامەی مرۆڤی کورد لە هەلومـەرجی

ناڵەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەو کاتدا بەرجەستە بکاتەوە. ئەگەر لە هەندێک ڕۆمانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو بگوزەرێین، ئێـسـتـاش ڕۆمـانی کـوردی نەیتوانیوە توانا شاراوەکانی زمانی کوردی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت گێڕەرەوەی پێچەڵ پێچییەکانی سووژەی کـوردی بێت و لە هەمـانکاتدا ببێت بە تێـشـووی بیـر و هزری مرۆڤی کورد لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا.

لە وەڵامی بەشی کـۆتایی پرسـیـارەکـەتاندا، ئەگـەر ڕۆژێک زانیم حـەقـیـقـەت چیـیـە، دەتوانم پێـتـان بڵێم ڕۆمانەکانی ئێمەش چەندە نزیکن لە حەقیقەت. ئەوەندە دەتوانم بڵێم نەک دەقی ئەدەبی، بەڵکو هەر دەقـێکی تر کاتێک بە بەرزەفڕییەکی خۆناوەندانەوە قسە لە حەقیقەت و نوێنەرایەتی حـەقـیـقـەت دەکـات زۆر لە ئامـانجی ئەدەبیـات دوور کـەوتووەتەوە و بووەتە کـەرەسـتـە، یان مانیفێستۆیەکی ئایدیۆلۆژیک. ڕەنگە پێویست بێت لە کـاتی بەسـەرکـردنەوەی ئامـانجـەکـانی ئەدەبدا بەردەوام چارەنووسی ئەدەبیاتی ژیدانۆڤی وەبیر خۆمان بهێنینەوە.

* ڕوحی مـرۆڤ (بە تایبـەت نووسـەری ڕۆمـان) تـەنیـا ئاوێنەی خـۆیەتی، یان لەناو مـرۆڤـدا هەمـوو ئەو بەشـە بچووک بچووکانە هەن کە بەشی تایبەتی ئەو نین و هی هەمـوو مـرۆڤـایەتین؟ هاوکـات ئایا مـرۆڤ جگە لە خـۆی نیشتەجێی هەزاران دیاردە و دەنگی کپکراو و بێدەنگی تر نییـە کە سەرچاوەکانیـان دەکـەونە دەرەوەی ناو خـود-ەوە؟

- هیچ زانستێک هەتا ئێستا نەیتوانیوە پێمان بڵێت مـرۆڤ بە هەمــوو ڕەهەندەکـانی بوونیـیـەوە چیـیـە و تواناکـانی لە زەمـەنە جـیـاوازەکـاندا کـامـانەن. ڕەنگە ئەفسانە کۆنەکان، ئایین و ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان تەنیا توانیبێتیان شیکەرەوەی ئەو مرۆڤە بن کە دواجار وەک ئایدیالی خـۆیان بە شـوێنیـدا هەڵوەدا بوونە. لە هەمـوو بۆچوونە مونیـسـتی و دوالیـسـتـیـەکـانیـشدا جێ پێی باوەڕی ڕەحمانی و شەیتانی خۆی دەردەخات. لە ڕەوتی مـێـژووییـشـدا بەردەوام لایەنی سـەیر و پێـشـتـر هەست پێنەکراوی مـرۆڤـمـان بۆ دەردەکـەوێت. ئەگـەر زانسـتـە جـیـاوازەکـانی سـروشـتی و ئینسـانی بەردەوام لایەنە شاراوەکـانی فـیـزیک و ڕەوانی مـرۆڤـەکـان دەخـەنە بەر لێکۆڵـینەوە و هەردەم بە ئاکـــامی تـازەتر دەگــەن، ئەدەبیاتیش لەسەر بنەمای ئەم دۆزینەوانە خۆی لە قەرەی کێشەکانی مرۆڤ دەدات.

بەدەر لە لایەنە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی بەرهەمی

ئەدەبی و کاریگەریی دوولایەنەی ئەم دوو بوارانە لەسەر یەکتر، جوانیناسی ئەدەبییش شتێکی قەتیسماوی یەکجار بۆ هەمیشە شکڵگرتوو نییە. ئەگەرچی ئێمە ئێستاش حەز لە مەولانای جزیری دەکەین و چێژ لە شیعرەکانی وەردەگرین، بەڵام قەت وەک ئەو نانووسین. ڕەوان، دەروون، یان وەک ئێوە گوتەنی ڕوحی ڕۆماننووسیش جیاواز نییە لە هەناوی ئیپیستێمەی سەردەمی خۆی. ئەگەر ناسین لە پێناسەیەکی ساکاردا بریتی بێت لە کاریگەریی دەوروبەر بە مانا بەرفراوانەکەی خۆی لەسەر مێشکی مرۆڤ، دیارە کە زەینی ڕۆماننووسیش بەدەر نییە لە شوێنێک کە تێیدا ژمارەیەکی نادیار فاکتۆر دەبنە پێکهێنەری سابجێکتیڤیتییەکەی. بە باوەڕی من گرنگی ئەدەبییات، بەتایبەتی ڕۆمان لەوەدایە کە زۆر جاران و پێشتر لە زۆر بوارەکانی تری زانستیی، نیشاندەری تواناکانی مرۆڤ و ڕەهەندە جیاوازەکانی زەینی ئەو بووە.

تام جۆنز، ڕۆبینسۆن، بۆڤاری، ئاننا کارنینا، ڕاسکۆلنیکۆڤ، بلووم گێرمانت و سوانەکان، ئۆرلاندۆ و دالۆوای، بێنجی و هامبێرت ئەو کەسایەتییە داستانییانەن کە هەرکامە و بەجۆرێک نوێنەرایەتی تایبەتمەندییەکی مرۆڤ دەکەن و پتر لەهەر ئینسانێکی واقیعی پەردە لەسەر لایەنە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ و هۆکارە نادیارەکانی کردەوەکانیان دادەماڵن. بێ گومان تێگەیشتن لە کەسایەتی ئەم کارەکتەرانە یارمەتیدەری ناسینی کۆمەڵێک لە کێشە و گرفتەکانی دەروونی مرۆڤە کە لە هەلومەرجی جیاوازدا بە شێوەی جۆراجۆر خۆیان دەردەخەن.

* کە ڕۆمان دەدوێ، چی دەدوێ؟ ئایا خودێکی ناوازە و تایبەت دەدوێ، یان ڕوحێکی گشتی؟ ئەوە منی مرۆڤەکانە کە قسە دەکات، یان منێکە دەلالەت لە دەنگێک دەکات لە ناو خودی ڕۆماننووسدا نیشتەجێیە و ڕۆماننووسی کردووەتە ناخود؟

- ئەوە دروست ئەو پرسیارەیە کە بارت لە خوێندنەوەی سزدا لە خۆی دەکات. وەڵامەکەشی دەزانین سەر لە گوتنە بەناوبانگەکەی ئەو، واتا مەرگی نووسەر، دەردێنێت. ئەفراندنی ڕۆمانی بەرز ئەوەندە کردەیەکی پێچەڵ پێچە کە زەینی زۆر لێکۆڵەرەوەی مەزنی بەخۆوە گرفتار کردووە. ئەگەر ئەم قسەیەی دێریدا هەموو کاتێ بێنینەوە بیرمان کە دەڵێت دەیەویست ببێتە ڕۆماننووس، چونکە نەیتوانی ڕووی لە فەلسەفە کرد، تێدەگەین کە لەگەڵ چ ژانرێک، یان جۆرێکی ئەدەبی بە سامدا ڕووبەڕووین. ئایا بێنجیی سی و سێ ساڵەی فۆکنەر لە (قیرە و تورەیی)دا کە بەم زمانە ناتەواوە قسە دەکات مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە، یان ئەو فۆکنێرەیە کە زمانەکەی بە زمانی فریشتەکان دەچوێنێ؟ گومان لەوەدا نییە کە دواجار هەموو کارەکتەرەکانی ڕۆمانێک ئەفرێنراوی زەینی نووسەری ڕۆمانەکەن و سەرکەوتوویی ڕۆمانێکیش لەوەدایە کە چەندە توانیبێتی چەند دەنگی و فرەڕەهەندیی کارەکتەرە ئەفرێنراوەکانی دەستەبەر بکات.

* ڕۆمانی کوردیی بەدەر لە گوتنی حەرام و حەلاڵەکان، دەیەوێ چیمان پێ بڵێت؟

– ئەگەرچی دواجار هەر ڕۆمانێک داستانێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و لە سۆنگەی ئەم گێڕانەوەوە یادەوەری و ئەندێشەکانی مرۆڤ لە شێوازێکی هونەریدا بەرجەستە دەکاتەوە، ئەوە ئاسان نییە کە قسە لەسەر پەیامی یەکجار بۆ هەمیشە شکڵگرتووی دەقی ئەدەبی بکەین. کاتێک بەرهەمێکی سەرکەوتووی ئەدەبی دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر لە بەرهەمهاتنی دەخوێنینەوە، تێگەیشتنمان هەر ئەو تێگەیشتنە نییە کە خەڵکانی بەر لە ئێمە لەم بەرهەمەیان هەبووە. ئەگەر مەسخ و دادگای کافکا لە سەردەمی بڵاوبوونەوەیاندا نائومێدی ڕەشبینانەی مرۆڤی قۆناغەکانی دوای شەڕی یەکەمیان وێنا دەکرد، ئێستا لە سایەی بۆچوونەکانی کەسێکی وەک فووکۆوە دەتوانن ڕێگاخۆشکەری ڕاڤەیەک بن کە خۆی بە کایەی دیسیپلین و سزای شاراوەی سیستەمە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکان پشت ئەستوور دەکات.

ئەگەر ڕۆمانی کوردی لە سەرەتاکانی خۆیدا پرسی ئەخلاق و مۆراڵی لا گرنگ بوو و ویژدان دەبووە مەسەلەیەکی ناوەندی لە وێناکردنی مرۆڤ و دەوروبەری، زۆری پێ ناچێت کە (کوێرەوەری) و (ژانی گەل) و (شار) دەبنە تابلۆی کۆمەڵگایەک کە مرۆڤەکانی لە ئازادی و پێناسەی خۆیان دەگەڕێن و ئێستاش دەبینین کە مرۆڤی کورد لە "باغەکانی خەیاڵ" و "لەسەر مانگدا" لە هێمنییەک دەگەڕێت کە ئالۆزییەکانی ئەو سەردەمە لێی زەوت کردووە. پێم وایە ئەمە بۆچوونێکی ڕەوا نەبێت کە هەموو هەبوون و پەیامی ڕۆمانی کوردی لە گوتنی حەرام و حەلاڵدا کورت کەینەوە. ڕەنگە باشتر ئەوە بێت قسە لە قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردی و تەنانەت باسی یەکە یەکەی ڕۆمانە کوردییەکان و تایبەتمەندییەکانیان بکەین.

* گەلێک لە نووسەرانی ئێمە لەباتی ئەوەی بە پێشکەشکردنی دەقی داهێنەرانە وتووێژ لەگەڵ دەوروبەرو (ئەوانی دی) بکەن، بە نووسینی ساکار ستاییشی خۆیان دەکەن، یان پەنا بۆ هاورێکانیان دەبەن تا وەکو کەسی بە توانا باسیان بکەن، هەست ناکەیت ئەم تەرزە (خۆگەورە کردنە) زیان بە (چییەتی دەق) بگەیەنێ و وەهمێکی زەمەنیش بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی نووسەر دەربکەوێ؟

– مخابن هەست بە دیاردەیەکی وا لەناو کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبیدا دەکرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەدەب و هونەر لە ئامانجەکانی خۆیان. دیاردەیەکی لەم چەشنە هەر تایبەت بە کوردستان نییە و تەنانەت بە شێوەی زۆر ئاڵۆز لە ڕۆژاوای دیموکراتیشدا هەیە. ڕەنگە هۆکارەکانی دیاردەیەکی لەم چەشنە کە دەکرێت ناوی بنێین دیاردەیەکی ئەوپەڕ ئەدەبی بگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە کۆمەڵگای ئێمە بەتایبەت لە باشوور کۆمەڵگایەکی پاش شەڕە و هەر چۆن لە سیاسەتدا دامەزراوە و سازی نەیانتوانیوە جێگا بە دوور کاریگەری حزب و خۆتێوەردانی کەسایەتی حزبی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا لێژ کەن، ئەدیب و نووسەرانیش نەیانتوانیوە لە فەزایەکدا هونەری خۆیان بنوێنن کە لە نێپۆتیزم و خزم خزمێنی دوور بێت. وێدەچێت زەمەنێکی زۆری بوێت کۆمەڵی کوردی بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ بێت کە لە ڕەوتێکی مێژوویدا کاریان کردووەتە سەر فەرهەنگی هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر بە شێوەیەکی تێکدەرانە. بێ گومان نووسین لە دەرەوەی بەرپرسیاریەتی زۆرتر لە سیاسەتی نادیموکراتیک، کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی کۆمەڵگا و ئەندێشەی ئازاد و ڕەخنەیی دەبێت.

* ڕۆمانی کوردیی تا چ ئاستێک توانیویەتی سوودێکی تەندروست لە ئەدەبیاتی جیهانی وەربگرێ و لە بەرژەوەندیی ئەدەب و (داهێنان)ی کولتووری کوردیدا بەکاری بهێنێ؟

– پێوەندیی ئەدەبی گەلان و کاریگەرییان لەسەر یەکتر دیاردەیەکی کۆنە. ئەگەر لە ڕۆژگارانی کۆندا ئەو پێوەندییە لەبەر ئاستی سەرەتایی بوونی ئامرازەکانی پێوەندی لە پلەیەکی ئەوتۆدا نەبووە، لە سەردەمی نوێدا، بەتایبەت لە چەند دەیەی ڕابردوودا، تێکەڵاوی فەرهەنگی گەلانی جیهان گەیشتووەتە ئاستێکی چاوەڕوان نەکراو.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی دوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و قاجار ئاڵوگۆڕی ئەدەبی گوڕ و تینێکی سەرنجڕاکێش بە خۆیەوە دەگرێت. ئامرازی چاپ لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە، دوای تێپەڕبوونی چوارسەد ساڵ بەسەر مێژووی ئەم کەرەستە کاریگەر و بڕیاردەرە لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەندێشەی مرۆڤ، دەگەنە ئەستەنبووڵ و تەورێز. لەبەر زۆر هۆکاری دیار ئێمەی کورد نەمانتوانی ببینە خاوەنی دامودەزگای نەتەوەیی و بەم پێیە نەمانتوانی ئەفرێنەری ئەدەبیاتێک بین کە مۆرکی نەتەوەیی بە مانای جوگرافیا و ناسنامەیەکی دیاریکراوی لەسەر بێت. لە کاتێکدا ئەدەبیاتی عەرەبی، تورکی و فارسی هاوتەریب لەگەڵ دامەزراندنی بناغەکانی دەوڵەتی نەتەوەدا کەوتبوونە قۆناغی گەشەی چەندایەتی و چۆنایەتی و بە وەرگێڕانی بەردەوام و بەرفراوان ئەزموونەکانی ئەدەبی ڕۆژاواییان دەکردە خۆماڵی، ئێمە وەک نەتەوەیەکی پەراوێزکراو دواجار بە هۆی ئەو زمانانەوە ئاشنای ئەدەبیاتی ڕۆژاوا دەبووین و بە واتایەکی تر پێوەندیمان بە ڕۆژاواوە لە ڕێگای زمانە سەردەستەکانی ئەو دەوڵەت– نەتەوانەوە بوو کە ئێمە ببووین بە بەشێکی حاشالێکراوی ئەوان. بە درێژایی سەدەی بیستەم جگە لە باشووری کوردستان کە بە هۆی ئامادەبوونی بەریتانیای کۆلۆنیالیزم و تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی عیراق ئێمە هەلێکی وامان بۆ هەڵنەکەوت کە پێش زەمینەکانی ماددی پەرەپێدانی وەرگێڕان و گواستنەوەی ئەدەبی ڕۆژاوا بەگوێرەی پێویست دەستەبەر بکەین. هەر بۆیە هەتا ئەم دواییانەش ئێمە لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی ئەدەبی ڕۆژاوایی بۆ سەر زمانی کوردی بێبەش بووین.

لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەلومەرج تا ڕادەیەکی بەرچاو گۆڕاوە و ئێستا بە بەرەکەتی هەبوونی کۆمەڵێک دەستکەوتی سیاسی و ئابووری لە باشوور، هەروەها گۆڕانکارییەکانی ئێران و تورکیا و دەستکەوتی تاراوگەی کوردی دەتوانین قسە لە هەبوونی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەدەبی ڕۆژاوا، ئەگەرچی لە ئاستێکی کەمدا، بکەین. ڕەوتی خێرای بەجیهانیبوونیش کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە گواستنەوەی کۆمەڵێک بیر و هزری نوێ و بنەڕەتی ئەدەبی بۆ ناو بازنەکانی ئەدەبی کوردی. ئەگەرچی هەتا ئێستا ئێمە بە شێوەیەکی گشتی لەژێر کاریگەریی ئەدەبی گەلانی دراوسێماندا بووینە،

بەڵام دەبینین پێـوەندییـەکی ڕاسـتـەوخـۆ لەگـەڵ ئەدەبی ڕۆژاوادا بەڕێوەیە و دەکـرێ مـرۆڤ هیـوادار بێت ئەم ڕەوتە گەشە بستێنێت و ئێمەش بتوانین خاوەنی لایەنی کـەم گـوڵـبـژێری کـوردێنراوی بەرهەمە سـەرەکـییـەکـانی ئەدەبی جیهانی بین.

* خـوێنەرانی ئێـمـە لە سـەروەخـتی خـوێندنەوەی کاریگەرترین و گەورەترین ڕۆمانی دنیـادا، بۆچی وەها هەڕەمەکی پێشوازی لەم ژانرە دەکەن؟ تۆ بڵێی ڕۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی (ئەدەب)مان بێ؟

– جۆرەکانی ئەدەبی لە کێبەرکێی چۆنایەتیدا نین و ناکرێت یەکیـان بەسەر یەکی تریاندا بەرزتر بنرخێنین. هەرکـام لە ژانرە ئەدەبییـەکـان ئەگـەر بە بنەمـا هونەرییـەکـانی خۆیان وەفـادار بن ئەوە دەبنە بەرهەمی هونەری و بە گـوێرەی چێـژ و حـەزی خـوێنەر جـێگا لە کتێبخانەی خوێندەواراندا دەکەنەوە. تا ئەو جێگایەی دەگـەڕێتـەوە سـەر ڕۆمـان، وەک هیـگڵ دەڵێت، ڕۆمـان هونەری بورژوازییـە و ئەوەش بەو مـانـایایە کـە ئەمـە ژانرێکی تازەیە و پێـوەندییـەکی هەروای هەیە لەگـەڵ مـۆدێرنیـتـە و دۆزراوە نوێیـەکـانی مـرۆڤ. من پێم وایە ئێـسـتـا بەرەبەرە ڕۆمـان لەناو کـوردانیـشـدا دەبێت بە ژانرێکی ناوەندی و بەهۆی تایبـەتمەندییـە ژانرییـەکـانی خـۆیەوە پـتـر ڕەنگدەرەوەی گـرفـتـگەلی ڕۆژانەی مـرۆڤـەکـانە. ئەدەبی بەرجەسـتـە جـیـاواز لە شێـوە و قەوارەی ژانرییانە تەنیا جێگا بە ڕەوتی دژە ئەدەب لێژ دەکات، نەک بە جۆرەکانی جیهانی ئەدەب.

تۆ ئەگەر شیعریش نەخوێنیتەوە شیعری بەرز قەت بێ خـوێنەر نامـێنێـتـەوە. ئەوەندەیە لە جـیـهـانی پڕ لە هەیاهووی پیشەسـازیدا ڕەنگە ئەدەبی گێڕانەوەیی پتر هەڵگری ئەو پێچەڵ پێچییـانە بێت کە وەک لابرینتی هەزارتوێی بۆرخێس گوزارەی لێ دەکات، نەتوانێت لە شێوەی شیـعـردا، بەو جۆرەی لە دابونەریتی فـەرهەنگی ئێـمـەدا خـۆی نواندووە، خـۆی دەربخـات، بەڵام بە دڵنیـاییـەوە دەڵێم هیچ داهێنانێکی هونەری و ئەدەبی جێگای داهێنانێکی تر ناگرێتـەوە و هەر کـامـەیان بە گـوێرەی کـات و شـوێن جـەمـاوەری خـۆی هەیە. سەردەمـانێک دەیانگوت هونەری فیلم و هاتنە کایەی سینەما بوار بۆ ڕۆمان ناهێڵنەوە، کە تەلەڤزیۆنیش هاتە کایەوە گوتیان ئیتر باوی سینەما نامێنێت. ئەو جۆرە پێشبینییە بەپەلانە بۆ ڤیدیۆ و دیڤیدیش دەکران، بەڵام دەبینین کـە ئەم شـتـانە هیـچـیـان وەڕاست نەگـەڕاون و تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ئامرازانە بە شێوەیەکی بەرچاو بوار بۆ یەکتر خۆشتر دەکەن.

زۆر دەقی ڕۆمانی دەبن بە فیلم و زۆر فیلمیش لە دەقە ڕۆمـانییـەکاندا خۆ دەردەخەن. سەردەمـانێک بانگەشەی مـەرگی ڕۆمـان کـرا و ژانری دژە ڕۆمـان سـەری هەڵدا. گـەڕانی زۆری ڤـیـرجینیـا وۆڵف بەشـوێن ناوێکی تر بۆ ڕۆمـان بێ ئاکـام مـاوە و ڕۆمـان هەر بە ڕۆمـانی مـاوە و ڕێژەی چاپ و خۆشەویستی ئەم ژانرە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نیشاندەری ئامادەبوونی لە هەموو کاتێک پتری ڕۆمانە لەناو هۆگرانی خوێندنەوە لە ئاستێکی جیهانیدا.

* ئەو هۆکـارانە دەرهاویشـتـەی چین بوونەتە پاڵنەر کە خوێنەرانی ئەدەبی کوردی تا ئەم ئاستە لە دەوری ڕۆماندا کۆببنەوە؟

– من حەز دەکەم ئامارێکی باوەڕپێکراوم هەبێت کە لە کـوردسـتـان خـەڵـک چەندە کـتـێب دەخـوێننەوە و لەوەش وردتر دەمــــەوێت بزانم ئەوان چی دەخــــوێننەوە. ئەو ئامارانەی لەسەر وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و عـیراق و تورکیا لەبەردەستدان زۆر نائومێدکەرن و دەریدەخەن کە بە شێـوەیەکی ڕێژەیی هەر کـەسەی ڕۆژانە نزیک بە پێنج خولەک کتێب دەخوێنێتەوە. پێم وا نییە ئەو ئامارە لەناو کـوردەکـاندا لەوە باشـتـر بێت. ئەگـەر ئەوە مـاوەی خوێندنەوەی مـرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بێت، نازانم قـسـەکـردن لەسـەر خـولیـای کـۆمـەڵێک خوێنەر بە ژانری ڕۆمـانەوە چەندە هیوابەخشە. ئەگەر لە جیهانی سیاسەتدا ئێمە فێر بووینە پاڵـەوانخـولـقـێن بین، با لە جـیـهـانی ئەدەب و هۆشیاریدا هەوڵ بدەین حیسێب لەسەر ئاستی خوێندنەوە لە پانتـایی کـۆمـەڵگادا بکـەین، نەک لەسـەر ئەوەی کـە چەند کەسێک چەندە دەخوێننەوە و چەندە خۆ ڕادەنێن.

لە نەبوونی ئامــارێکی وردی ئەوەی کــە ئاســتی خوێندنەوە لەناو کـورداندا چەندەیە و چ جۆرە دەقـێک و چەندە دەخـوێنرێتـەوە، دواجـار کـاری ئێـمـە دەبێـتـە لێکدانەوەیەکی گــۆترەیی. هەندێک دیاردەی دنیــای ئەدەبی کــوردی لە چەند ســاڵی ڕابردوودا گــوزارە لەوە دەکەن کە ڕۆمان پتر چاپ دەبێت و دەخوێنرێتەوە. ئەمە ئەگـەر وابێت، شـتـێکە لە چەشنی ئەوەی لە ئەورووپا لە ســــەدەی هەژدەم بەم لاوەوە ڕووی داوە و لـەگــــەڵ کۆمەڵناسی ئەدەبیدا یەک دەگرێتەوە. ئەگەر ڕۆمان وەک لوکاچ دەڵێت حەماسەی جیهـانێک بێت کە خوا وازی

لێهێناوە، دەکرێت مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای کوردیدا سەرنج بداتە ئەو تێبینییە و بزانێت ئایا ماکەی سەرەکی ڕۆمان واتا تاکبروایی چەندە و لە کەیەوە لەم کۆمەڵگایەدا بووەتە ڕەوتێکی زاڵی کۆمەڵایەتی و هزری. ئەگەر بەم پێوەرە بڕوانینە دیاردەی گەشەی ڕۆمان، ڕەنگە بتوانین دڵی خۆمان خۆش بکەین کە مرۆڤی کورد بە بنەماگرتنی عەقڵ پێی ناوەتە جیهانێک کە ئیتر نە حەماسە، بەڵکو ڕۆمان دەتوانێت گوزارە لە لایەنە پڕ ڕەهەندەکانی هەبوونی تاکییانەی ئەو بکات.

* خوێنەرانی ئێمە ئەو توانستەیان هەیە لەگەڵ ڕەوتە هزرییەکانی ڕۆماندا پتر یەکتری بگرنەوە، تا ئازار و نیگەرانییەکان؟

– هەر کەسە و بە گوێرەی توانای خۆی لە دەقێک کە دەیخوێنێتەوە هەڵدەکرێنێت. هیچ هۆکارێک نییە کە خوێنەری کوردیش وا نەبێت. خوێندنەوەی هەرکەس ئاکامی ئەزموونە تاکی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەسەیە.

ئەگەر سامانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان یاریدەدەر بێت، ئەوە دەقەکان دەبن بەو بەستێنەی کە لەکاتی خوێندنەوەدا دەرفەتی ئەفراندنی دەق و مانای تازە بۆ خوێنەر بڕەخسێنن. ئێمە نابێ پێمان وابێت ئینگلیزەکان هەموو خوێنەری بێ ئەملا ئەو لای جان دان و جان میلتۆن و کریستۆفێر مارلۆن و هەموو ئاماژەکانی ئەم دەقانە تێدەگەن. دواجار هەر کۆمەڵگایەک بژاردەیەکی تایبەتی خۆی هەیە کە بە تاووتووی ئەدەبییەوە سەرقاڵ دەبێت. کوردیش لەم یاسایە ڕیزپەڕ نییە. ڕەنگە جیاوازییەکە لە ئاستەکاندا بێت و لە بواری چەندایەتییەوە بژاردەی ئێمە نەگاتەوە بژاردەی ئەو وڵاتانەی کە تێیاندا پۆلێنبەندی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری تا ڕادەیەکی زۆر شکڵی گرتووە و دوو بەستێنی پسپۆڕی و ئاماتۆری تەواو لێکتر جیا بوونەتەوە.

* بۆچی ڕێژەی زۆری خوێنەرانمان بە دوای ئازاردا دەگەڕێن لە ناو ئەو ڕۆمانانەی دەیانخوێننەوە، ئەگەر هاتو ڕۆمانێک ئەم لایەنەی بە شێوە سەڵتەکە تەوزیف نەکرد، خراپە؟

– نازانم ئەو شتە چەندە وایە کە ئێوە دەیڵێن. ئەگەر ئەو قسەیەی ئێوە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و بابەتیانە و ورد بێت، شتێکی گرنگی لە هەناوی خۆیدا حاشاردراوە و ئەویش ئەوەیە کە خوێنەری کورد ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی دژواری مێژووی نوێی خۆیەتی کە تژیە لە نەهامەتی و ماڵوێرانی و دەربەدەری. مەرج نییە ڕۆمان تەنیا قسەی ئازارمان بۆ بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ڕۆمان ئەو جۆرە ئەدەبییەیە کە بە ناو هەناوی مرۆڤ و دیوی ناوەوەی دەروونی ئەودا شۆڕ دەبێتەوە، خۆیایە ئازار لایەنێکی بەردەوام ئامادەی ژیانی مرۆڤە و ڕۆمانی سەرکەوتوو ناتوانێت خۆ لەو تایبەتمەندییەی مرۆڤ نەبان بکات. ڕۆمانی باش ڕەنگە دەرخەری هاوکێشەی لایەنی ئاپۆلۆیی و دیۆنیزۆسیی بوون بێت ئەگەر شیاو بێت دەستکارییەکی ئەوە لە قسەکەی نیتشەدا بکەین.

* دەشێ هەر ڕۆمانێک دەلالەت لە دەروونمان نەکات، وەکو نووسراوێکی خراپ تەماشای بکەین؟

– ئەگەر پێناسەیەکی ڕۆمان بریتی بێت لە تێڕوانین لە مرۆڤ و ئەگەر مرۆڤ دواجار شتێک نەبێت جگە لە دەروونێک کە یادەوەرییەکان لە خۆیدا هەڵدەگرێت، ڕۆمان چۆن دەتوانێت ئاوڕ لەم لایەنەی مرۆڤ نەداتەوە؟ ڕۆمان چۆن دەتوانێت گوێزەرەوەی ئاخافتنی دوولایەنانەی مرۆڤەکان بێت و نوێنەرایەتی دەروون نەکات؟ ڕۆمانێک کە ئەرکی گرنگی چوونە ناو جیهانی دەروونی مرۆڤ ڕەچاو نەکات بەر لە هەر شتێک پێناسەی خۆی بردووەتە ژێر پرسیار.

* ئەگەر بە وردی سەرنج لە ڕۆمانە کوردییەکان بدەین، دەبینین بەشی زۆری کارەکتەر و پاڵەوانەکانیان ئەفسانەیی و سوپەرمانین. ئەوەی جێگەی ڕامانە، ئەمەیە: بۆچی زیندەوەران و سروشت تا ئاستێکی باش لە ناو ئەم ژانرە فرەڕەهەندەدا تەوزیف نەکراون؟

– دەبێ بزانین کە ڕۆمان لە کاتی سەرهەڵدانییەوە هەتا ئێستا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە و ئێستا لایەنی کەم پتر لە بیست و چوار جۆری جیاوازی ڕۆمان هەیە. ئەگەرچی هەموو جۆرەکانی ڕۆمان لە ژێر یەک ناودا پێناسە دەکرێن، بەڵام لەڕاستیدا هەندێک جار جیاوازییەکان تا ڕادەیەکن کە مرۆڤ هەست دەکات لەگەڵ دوو ژانری جیاوازدا ڕووبەڕووە. بۆ نموونە ئەوە تەنیا پێبەندی بە پێناسەی گشتی ڕۆمانە کە ئیزن دەدات جۆرێکی ئەدەبی وەک ڕۆمانی زانستی و ڕۆمانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بخەینە خانەیەکەوە.

ڕۆمانی کوردی هەتا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی

نەیتوانیوە لە سیاسەت دەرباز بێت و هۆیەکەشی ئاشکرایە. ئەگەرچی تا ڕادەیەک شوێن پێی سروشت لە هەندێک لە ڕۆمانە کوردییەکاندا دیارە و وەسفی جوگرافیا و گوندی کوردستان پێکهاتەی هەندێک لە ڕۆمانەکانە، بەڵام هێشتا ڕۆمانێکی تەواو ناتورالیستی و پاستۆرالمان نییە. گرفتەکە ئەوەیە کە سەرهەڵدانی درەنگی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا وای کردووە کە نەتوانین هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییە شێوازی و ناوەڕۆکییەکانی ڕۆمان لە ڕۆژاوادا بچینە پێش. ئەوەی کە ڕۆماننووسانی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا پتر لەژێر کاریگەی شێوەی زاڵی نووسینی ڕۆمان لە ڕۆژاوا و تا ڕادەیەک ئەمەریکای لاتیندان زەحمەتە بوار بە بەرهەمهێنانی ڕۆمانێک بدات کە لە شێوەی ڕۆمانی سەدەی هەژدە و نۆزدەی ڕۆژاواییدا بنووسرێت. بە باوەڕی من ئەوە گرنگ نییە کە سروشت و زیندەوەر لە ڕۆماندا ئامادەن، یان نین، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئامادەبوون، یان نەبوونیان چەندە سروشتی ڕۆمانەکە خۆماڵی و سەکەوتوو دەکات.

لێرەدا هاتەوە بیرم ئاماژەیەک بە پێکهاتەی جوانی ڕۆمانەکەی شێرزاد حەسەن، تەمی سەرخەرەند، بکەم و وەسفی سەرکەوتووانەی بزنەکە وەک نموونەیەک ببینم کە بەرپەرچی پرسیارەکەی ئێوە دەداتەوە. هەبوونی ڕیشۆڵەکانیش لە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا هەروەها " هەڵۆ و تەوارەکانی ئەژدیها (پیرۆز" و ""میر" و "پەریزاد") و سروشتی خەیاڵاوی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ نموونەی ترن لە ئامادەبوونی سروشت و زیندەوەر لە ڕۆمانی کوردیدا.

* دەتوانین بڵێین کولتووری ڕۆژهەڵات، کولتوورێکە دەکرێ ببێ بە کەرەستەی گەلێک داهێنان، بەڵام دەبینین ڕۆژهەڵاتییەکان سوودی ئەوتۆیان لێ وەرنەگرتووە لە بەرانبەر ڕۆژئاواییەکان. ئەوە نووسەرانی ئێمەن کە جیهانبینییان تەسکە و ناتوانن لە کولتوور دەقی ئەفرێنەرانە بەرهەم بهێنن، یان بینینی هەر کولتوورێک لە دوورەوە باشتر قووڵاییەکانی دیار دەکەون؟ یان چی؟

- من لە ڕۆمانە فارسی و تورکی و کوردییەکانی ڕۆژهەڵات تا ڕادەیەک ئاگادارم و پێم وایە لە هەرسێک لەو زمانانەدا گرفتی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بنەمایەکی نێواندەقیێتی کەم تا زۆر ڕەنگی داوەتەوە. بێ گومان ڕۆمانی عەرەبیش نابێت لەو تایبەتمەندییە بەدەر بێت. ڕەنگە گرفتەکە لەوەدا بێت کە ئەم ڕۆمانانە هەتا ئێستا نەیانتوانیبێت ببنە خاوەنی جێگایەکی شیاو و دیار لە ڕۆژئاوادا.

ئەوە تەواو ڕاستە کە ڕۆژهەڵات بە هۆی مێژوویەکی دوور و درێژی نووسینەوە دەتوانێت خۆراکی سەدان و بگرە هەزاران سووژەی گێڕانەوەیی بۆ ڕۆماننووسانی ئەم ناوچەیە دەستەبەر بکات. ئیتر ئەوە ماوەتەوە سەر هەبوونی ڕۆماننووسی وەک ئیمبێرتۆ ئیکۆ کە بتوانێت ناوی (سوورەگوڵ) بخوڵقێنێت. (ناوم سوورەیە)ی ئۆرهان پاموک نموونەیەکی سەرکەوتووی ڕچەیەکی لەم چەشنەیە.

* وەک دەزانین؛ وەرگێڕان پردێکە بۆ بە یەکترگەیاندنی دوو کولتووری جوداوازی دوو میللەت بە یەکتری، کەم تا زۆریش وەرگێڕی کورد ئەو هەوڵەی داوە کە کولتووری خۆی دەوڵەمەندتر بکا، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا کەموکوڕییەکی بەرچاو دەبینرێ لە وەرنەگێڕانی دەقگەلێکی زۆر کە دەتوانین وەکو سەرچاوەیش سوودیان لێ وەربگرین. بۆ نموونە، لە ئەدەبی فەرەنسیدا جگە لە وەرگێڕانی کۆمەڵێک شیعری (پۆڵ ئێلوار) و (ئۆکتاڤیۆ پاز) و چەند نووسەرێکی دی بترازێ، دەقگەلێکی دیکە نین بۆ ئەو خوێنەرانەی کە تەنیا زمانی کوردی دەزانن. بە حوکمی ئەوەی ئێوە شارەزان لە زمانی سوێدی، پێتان وایە کێن ئەوانەی لەو زمانەوە دەتوانن (تا ئاستێک) بە دەستپاکی دەق وەربگێڕن؟ هاوکات ئەو دەقگەلە گرنگانە کامانەن کە پێویستە بە زووترین کات وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، تا لەم ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی قووڵ ئاگاداری ئەدەبی سوێدی ببین؟

- پێم وایە یەک لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردی داڕشتنی پلانێکی وردە بۆ وەرگێڕان. وەرگێڕان نەک هەر یارمەتیدەرمانە لە ئاشنابوونمان لەگەڵ سەرچاوە ئەدەبی و زانستییەکانی جیهانی ئەمڕۆ، بەڵکو ئەو بەستێنە بەرفراوانەیە کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی زمانی کوردی لە ئاستی وشەیی و چەمکی و قووڵاییەوە. ڕۆڵی وەرگێڕان لە ئاستێکی جیهانی و مێژووییەوە کەمتر نەبووە لە داهێنانی ئەدەبی و دۆزینەوەی زانستی. ئەگەر وەرگێڕان نەبایە ئەستەم بوو فەرهەنگەکان یەکتریان ناسیبا و مرۆڤەکان دەستیان بە ئەندێشەی یەکتر ڕاگەیبا. ڕۆژهەڵات ئەزموونێکی مەزنی لەم بارەوە هەیە. کەلیلە و دەمنە و هەزار و

یەکشەو دوو نموونەی بەرچاوی مێژوویەکن لە جێگۆڕکێی سامانی فەرهەنگیی گەلان و وڵاتانی جیاواز. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر ئەدەبی سوێدی بێ گومان زۆر بەرهەمی گەورەی ئەدەبی بەم زمانە نووسراون کە وەرگێڕانیان بە زمانی کوردی پێویستە.

لەم بارەوە هەندێک کار کراوە و هەندێک لە بەرهەمەکانی ئاسترید لیندگرێن لە لایەن کەسانی وەک ئەنوەر قادر محەممەد و خەبات عارفەوە کراونە کوردی. ڕەنگە ئێستا نەتوانم و لە چاوپێکەوتنێکی ئاوادا گونجاو نەبێت بیبلیۆگرافیای بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی سوێدی بە کوردی ڕیز بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم دەقی ئەدەبیی نووسەرانی گەورەی سوێدی وەک ئاگۆست ستریندبێرگ، سێلما لاگێرلوێف، توماس ترانسترویمر، لارس نۆرێن، گوننار ئێکێلۆێف، ماریا گریپێ و... تاد، سامانێکی گەورەن کە هەبوونیان بە کوردی دەبنە هۆی دەوڵەمەندیی زمان و فەرهەنگی ئێمە. دڵنیام کەسانێکی زۆر هەن کە دەتوانن ئەم کارە بکەن و هیوادارم پێوەندییە لابەلا و لاوەکییەکان نەبنە هۆی ئەوەی شیاوترین کەسانی ئەم بوارە پەراوێز بکرێن.

* ئەگەر بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە، دەبینین: ئێستای (یۆنان) لە بەرانبەر سەردەمی (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ تالیس) و ئەوانی دیدا، فەلسەفە نەک هەر ڕووی لە کزی کردووە، بەڵکو لەم ڕووەوە (بە دەگمەن نەبێ) باس لە ئێستای یۆنان ناکرێ، بەو مانایەی بەردەوام بن لە فەلسەفە، هاوکات ئەم دیدە بۆ (ڕووسیا)یش بە هەمان شێوە لە بەردەمماندا قوت دەبێتەوە، بۆ نموونە؛ ئێستاش جگە لە (تۆڵستۆی) و (فیۆدۆر دیستۆیڤسکی) بترازێ باس لە ئەدەبیان ناکرێ بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوتی ئەدەب هەبێ، لە جیهاندا. ئەمە بە نیسبەت ئەو وڵاتانە، بە نیسبەت خۆیشمان: پێت وایە ئێمە ئەزموونگەلێکی ناوازەی وەهامان هەبن تا بەردەوام وەکو سەرچاوە بگەڕێینەوە کنیان؟ ئێستا (دەق)ێکی وەهامان هەیە وەربگێڕدرێ و لە ئاستی بەرهەمە ئێستێتیکییەکانی جیهاندا (لە ڕووی فرەڕەهەندییەوە) لە کێبەرکێدا بێ؟

– ناتوانم لەگەڵ بەشی یەکەمی پرسیارەکەتاندا هاوڕا بم. ئەوە دروست نییە کە مێژووی وڵاتێک وەک هێڵێکی دوور و درێژ ببینین و پێمان وابێت ئەو هێڵە بەردەوام لە هەڵکشاندایە. لەسەر ڕووسیاش هەست دەکەم شتەکە لە جێگای خۆیدا نییە، ئەگەرچی دیستۆیڤسکی و تۆلستۆی گرەوی تێپەڕینی زەمەنیان بردووەتەوە، بەڵام نووسەرانی گەورەی تریش لە ڕووسیای سەدەی بیستەمدا هەبوون و ناوگەلێکی وەک پاسترناک، ناباکۆڤ و سۆلژنیتسین نوێنەرایەتی ئەزموونی دەوڵەمەندی ئەدەبی ئەم وڵاتەیان کردووە. هەڵبەت وەک دەزانین ناباکۆڤ و سۆلژنیتسین بوونە قوربانی زەبروزەنگی شۆڕش و سیاسەتی ستالینی.

ئەگەر دەقێکی ئەدەبی وەربگێڕدرێتە سەر زمانگەلی تر بۆ ئەوە نییە کە تەنیا بچێتە مەیدانی کێبەرکێی ئەدەبییەوە. ڕەنگە دروستتر بێت بڵێین بۆ ناساندنی خۆمان پێویستیمان بەوە هەیە کە لایەنی کەم هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانمان بە هەندێک زمانی سەرەکی ڕۆژاوایی و بەتایبەتی ئینگلیزی وەرگێڕدرێن. بەداخەوە لەم بارەوە ئێمە زۆر هەژارین و نەمانتوانیوە ڕوانگەی ڕۆژاواییان لەسەر خۆمان بە لای ئەرێنیدا بشکێنینەوە و بڵێین ئێمەش مێژوویەکی ئەدەبی نووسراومان هەیە. لە کاتێکدا ئیبنی عەرەبی، فیردەوسی، سەنایی، عەتتار، حافز، مەولانای ڕۆمی و... تاد، لەناو ڕۆژاواییەکاندا تەواو ناسراون و وەرگێڕانی جیاواز و سەردەمیانە لە بەرهەمەکانیان بە زۆر زمان دەست دەکەوێت، مرۆڤ تەواو غەم دایدەگرێت کە دەقگەلی کلاسیکی کوردی وەرنەگێردراونەتە سەر زمانگەلی ڕۆژاوایی و نەبوونەتە لایەنێکی پێناساندنی ئێمە بە جیهانی دەرەوە.

وەرگێڕانی دەقگەلی نوێی کوردی، لایەنی کەم هەندێک لەوان، بە زمانگەلی تر دەبێتە بەستێنێکی لەبار بۆ ناساندنی ئێستای مرۆڤی کورد و شێوەی گوزارەکردنی کوردەکان لە خۆیان. ئەزموونی ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی بە ئینگلیزی نیشانی داوە کە ڕەنگە بازاڕێکی گەورە چاوەڕوانی دەقی وەرگێڕدراوی کوردی نەکات، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەست دەکەم ئەمە ئەرکێکی پێویستە و دەبێ ڕێگا گونجاوەکانی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە تاقی بکرێنەوە.

لە دەرەوەی وەرگێڕاندا و لە جیهانی نووسین بە زمانگەلی ئەوروپایی لەلایەن کوردانی تاراوگەوە هەندێک ئەزموونی سەرکەوتوومان هەن کە توانیویانە لە ناساندنی کوردان بە جیهانی دەرەوە زۆر سەرکەوتوو بن. (تفەنگەکەی باوکم) لە نووسینی هونەر سەلیم ئەو

بەرهەمە بە قەوارە تەنک، بەڵام بە ناوەرۆک دەوڵەمەندە بوو کە وەک تۆپێک لە ڕۆژاوادا تەقییەوە و لە ڕوانگەی ژمارەی ئەو زمانانەی بوونە خانەخوێی دەقێک لەسەر کورد، تەنانەت کەوتە پێش زۆربەی بەرهەمە تورکی و فارسی و عەرەبییەکانیشەوە.

– دوو نووسەر ئێستە نووسینەکانیان زۆر بە هەرمێن، ئەوانیش: (عەتا نەهایی) و (بەختیار عەلی)ن، کە دەیان و سەدان لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕۆمانەکانیانەوە نووسراون. پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەمەیە: لە گەلێک نووسیندا بەم نووسەرانە گوتراوە؛ داهێنەر... بۆچی بەشێک لە نووسەرانی ئێمە هەندە بە پەلە پاشگری (داهێنەر) دەخەنە پاڵ نووسەران، یان (دز)، یان هەر تەرزە دەستەواژەیەکی دی؟ لە ڕوانگەی ئێوەوە ئەم دوو ڕۆماننووسە داهێنەرن، هاوکات چۆن (داهێنان) ڕاڤە دەکەن؟

– من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە سەدان لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دوو نووسەرە بەتوانایەی کورد کرابن. ئەگەرچی بەوردی هەموو ئەو کارانەم کە لەسەر بەرهەمەکانی ئەم دوو نووسەرە کراون شۆپاندووە، بەڵام هێشتاش پێم وانییە کارێکی ئەوتۆ کرابێت کە هەموو لایەنە ئەدەبییەکانی ئەم بەرهەمانە لێکدرابنەوە.

بەگشتی، دەکرێ بڵێین دوو چەشنە نووسین لەسەر کارەکانی بەختیار عەلی و عەتا نەهایی هەتا ئێستا پێشکەش کراون: دەستەیەک کە زۆرینەن و بە شێوەیەکی پێداهەڵگوتنانە نزیکی بەرهەمەکانیان دەبنەوە و بەتایبەتی بەختیار عەلی دەگەیەننە ئاسمان. دەستەیەکیش کە تا دەتوانن دژایەتی لەگەڵ بەرهەمەکانیان دەکەن و دیسانیش پتر بەختیار عەلی دەکەنە ئامانجی گۆیا ڕەخنەکانیان. لە پێشنیارکردنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبییەوە بۆ بەختیار عەلی بگرە هەتا تاوانبارکردنی بە دزی ئەدەبی و بە ئەوەی کە کوردی نازانێت و "میری جاهیلانە". هەر دوو بۆچوون بە باوەڕی من دوورن لە لێکدانەوەی ئەدەبی لەسەر بنەماکانی تیۆری ئەدەبی. ئەوەی کە دەڵێت بەختیار عەلی دەبێت خەڵاتی نۆبڵ وەرگرێت پێمان ناڵێت بۆ و ئەوەی کە دەڵێت بەختیار عەلی دزی ئەدەبی دەکات نایسەلمێنێت کە چۆن ئەم کارە کراوە. دەبینین کە ئەم بۆچوونانەش ژەنگی قارەمانپەروەری و دژەقارەمانییان پێوە دیارە و وەبیرهێنەرەوەی هەڵسوکەوتە نادیموکراتیکەکانی جیهانی سیاسەتی کوردین.

من وەک کەسێک کە بەرهەمەکانی ئەم دوو نووسەرەم خوێندوونەتەوە و بەخۆشییەوە شانسی دیدار و گفتوگۆ و دۆستایەتیم لەگەڵ هەر دووکیان هەبووە و هەیە، پێم وایە دەبێ بە واقیعبینییەکی زۆرترەوە لە کارەکانیان نزیک ببینەوە. بە شێوەیەکی گشتی بەختیار عەلی و عەتا نەهایی دوو نووسەری گەورەن و توانیویانە لە ئاستی داهێنانی ئەدەبیدا هەنگاوی مەزن هەڵێننەوە. پێنج ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی و سێ ڕۆمانەکەی عەتا نەهایی گەنجینەیەکی گەورەی سامانی ئەدەبی ئێمەن. ئەگەر بێتو فەزایەک بخوڵقێت کە تێیدا کاری ڕەخنە ئەنجامی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقەکان بێت بە دوور لە هەموو هەرا و هوریای باو، ئێمە دەتوانین دڵخۆش بین بە ئەفراندنی بەرهەمی باشتر لەلایەن بەختیار عەلی و عەتا نەهاییەوە و لە هەمان کاتدا ئومێدەوار بین بە پەرەپێدانی هەلومەرجێک بۆ دەرکەوتنی نووسەری بەتواناتر. لە لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم دوو نووسەرەدا پێویستە بۆچوونێکی چەند ڕەهەندی و فرە دیسیپلینی ڕەچاو بکەین و دەقەکانیان بکەین بە کەرەستەی وردکردنەوەی تیۆرییە ئامادەکانی جیهانی ئەدەب. لە دەربڕینەکانمان لەسەر دەقەکانیان دەبێ لایەنی ڕیالیستی و ئاستی ئەدەبی کوردی لە بەرچاو بگرین. کاتێک دەبینین لە کۆڕێکی بەختیار عەلی-دا پتر لە هەزار نەفەر ئامادە دەبن خۆشحاڵ بین بە ڕێزێک کە جەماوەر لە ئەدیبێکی کوردی دەگرن. لە هەمان کاتدا دەبێ ئەو پرسیارەش بکەین ئایا ئامادەبوونی جەماوەرێکی ئاوا بەرچاو نیشانەی هۆگرییە لە ئەدەب، یان گەڕانە بەشوێن پاڵەوانێکی مەسیحایی کە مژدەهێنەری ڕزگارییە. ڕەنگە سەرقاڵبوونی بەختیار عەلی بە پتر لە بوارێکی ئەدەبی و دەرکەوتنی وەک وتارنووسێکی هزری و فەلسەفیش بێ کاریگەری نەبووبن لەسەر خوڵقاندنی بۆچوونێکی لەم شێوەیە لەسەر خۆیان. ئەوەش تایبەتمەندی کۆمەڵگایەکی پۆلێن نەکراوە کە تێیدا پێداهەڵگوتن دەرەتانی لێکدانەوەی ورد دەکوژێت.

لە ڕاستیدا بەرهەمی ئەدەبی ئەو بەستێنەیە کە بە هۆیەوە دەکرێت هەنگاوی جددی بۆ ناسینی خۆمان هەڵێنینەوە و بە خوێندنەوەی جۆراجۆر هەبوونی خۆمان و سووژەی کوردیمان بخەینە بەرباس. هەموو لێکدانەوەیەک

له دەرەوەی دەستکەوتە تیۆری و هزرییەکانی ئەدەب دواجار دەربڕینی ڕایەکی تاکە کەسییە کە خۆی لە پەسندان، یان دژایەتیدا دەبینێتەوە و ئەمەش بە دوورە لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە جیهانێکدا، بەتایبەتی جیهانی کوردیدا، کە پتر لە هەموو کاتێ پێویستی بە دیالۆگ هەیە.

بە کورتی بەختیار عەلی و عەتا نەهایی دوو نووسەری گەورەن و کارەکانیان جوانیکاری ئەدەبی بەرزیان پێوە دیارە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە بەرهەمەکانیان لایەنی لاوازیان نییە. لێرەدا جێگای ئەوە نییە بچمە سەر ڕیزکردنی خوێندنەوەی خۆم لەسەر بەرهەمەکانیان و دەبێ ئەم شتە گرنگە بۆ کاتێکی تر و مەجالێکی گونجاوی تر هەڵگرین. تەنیا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەدەب و هونەردا. بەرهەمی ئەدەبی ئەو گوتارەیە کە بە تێپەڕبوونی زەمەن گرنگی خۆی لە دەست نادات و دەتوانێت نوێنەرایەتی ئێپیستیمەیەکی دیاریکراو بکات. دکتۆر فاستوسی مارلۆ ڕەنگە جوانتر لە هەر شتێک حەزی بێ پایانی مرۆڤ بە زانین نیشان بدات لە سەردەمانێکدا کە سەدەکانی ناوەڕاست ئاوا دەبوون و ئاسۆی ڕێنێسانس دیار دەکەوت. لە بەرهەمە تراژیکەکانی شکسپیردا ڕوحی سەردەمانێک وێنا دەکرێت کە بەدوای سەدەی سێزدەمدا بە ماگنا کارتاوە دەست پێدەکات و بەردەوام خوازیاری بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی پادشاکانە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەدەبی ئێمە دەتوانێت لە دەرەوەی حەزی ئێستای جەماوەرەکەیدا ببێتە ئەو گوتارەی کە نوێنەرایەتی هەبوونی سەردەمانێکی تایبەت بکات لە کارلێکی مرۆڤی کورد و دەوروبەری؟

ڕەنگە داهێنان وەک کارێکی هونەری لە پێناسەیەکی خێرادا، بەتایبەتی لە ژانری ڕۆماندا، بریتی بێت لە ئەفراندنی جیهانێک کە وێڕای وێکچوویی لەگەڵ جیهانی واقیع خۆی بەتەنیا بتوانێت هەموو پێداویستییەکانی جیهانی خۆی دەستەبەر بکات. بە واتایەکی تر لە ئاکامی تێکەڵاوی خەیاڵ و واقیع و بە بەکارهێنانی تەکنیکی هونەری گێڕانەوە، جیهانێک وێنا دەکرێت کە ڕاڤەهەڵگرە و وێڕای لایەنی جوانیناسی هونەری، بە دوور لە لاساییکردنەوە، لە گفتوگۆیەکی چڕدایە لەگەڵ دەقگەلی تردا. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی و عەتا نەهایی بۆ هەڵسەنگاندن لە بوارەکانی زمانی، ناوەرۆکی، هونەری، جیهانبینی و جوانیناسییەوە کەرەستەیەکی بە نرخن. دەکرێ بە ئاراستەکردنی پرسگەلی جیاواز نە تەنیا تایبەتمەندییە دەقییەکان، بەڵکو ئاماژە کۆدەقییەکانیش بەو جۆرەی لەم ڕۆمانانەدا ئەفرێنراون لێکبدرێنەوە و تێگەیشتنی ئێمە لەسەر جیهانی مرۆڤ و کۆمەڵگای کورد دەوڵەمەندتر بکرێت. دەکرێ لە بواری زمانییەوە بپرسین ئەم ڕۆمانانە چەندە توانیویانە تواناکانی زمانی کوردی پراکتیزە بکەن و ببنە هۆکاری گەشەپێدانی توانایی ئاخافتنی ئێمە لە بواری هەمبانەی وشە و پێکهاتەی بیرکردنەوە و درکاندن و دەربڕینی پاراودا. دەکرێ پێکهاتەی ئەو ڕۆمانانە ببێتە پرسیار لەمەڕ هارمۆنیی دەق و پێوەندی جیهانی ڕۆمان بە جیهانی واقیعەوە. دەکرێ بۆ نموونە بپرسین هاوکێشەی جەلادەتی کۆتر و مۆزارت چەندە لە جێگای خۆیدایە. دەکرێ ئاستی ئەندێشە و جوانی غەزەلەکانی غەزەلنووس و کەسایەتی ئەو لەگەڵ تەون و سامانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ناوەوە و دەرەوەی ڕۆمانەکە بکەینە پرسیارێکی بووناسانە. دەکرێ لە بۆچوونێکی بەراوردییانەدا لە شێوەی ئاخافتنی جەلادەت و غەزەلنووس و پەروانە و داپیرە و سەرباسەکان بکۆڵینەوە و بزانین ئەم وێکچووییە لە ئاخافتندا لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. دەکرێ دیسانیش هەر لە ڕوانگەیەکی بەراوردییەوە ئاوڕێک لە کارەکتەرەکانی چیای جادوویی تۆماس مان و کاری جوانی دەیڤید لاج بدەینەوە و بزانین ئاستی بیر و هۆش و ئاخافتنی ئەم کارەکتەرانە چەندە لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ناوەوەی ئەم ڕۆمانانە یەکتر دەگرنەوە. هەر لەم پێوەندییەشدا دەتوانین بپرسین ئایا شێوەی ئاخافتن و ئاستی ئەندێشەی کارەکتەرگەلی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی بە بێ هەبوونی ئەزموونی خوێندنی ئاکادیمیک چۆن دەتوانن پاساو بۆ ئەو هەموو دەربڕینە فەلسەفیانە بهێننەوە؟ ئەگەر پاساوی ئاستی بەرزی ئاخافتنی کارەکتەرەکانی لاج و مان ئەو ڕاستییەیە کە زۆربەیان مامۆستای زانکۆن، دەبێ پاساوی خوشکانی تۆبەکار و ئیسحاقی لیوزێڕین چی بێت بۆ ئەو هەمووە توانایییە هزری و هونەرییانە؟ دەکرێ "کا"ی بەفر و وردەکارییە هونەری و تەکنیکییەکانی ئەم بەرهەمە لەگەڵ غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ بەراورد بکەین و بزانین لە

ئاستی داڕشتنی پێکهاتەکاندا چەندە وەستایی بە خەرج دراوە و چەندە هەوڵ دراوە لە نێوان کەسایەتی و ڕووداوەکانی ڕۆمان و جیهانی دەرەوەدا هاوئاهەنگی و وێکچوویی هەبێت؟ وەک وەبیرهێنانەوەیەک ئاماژە بە هەوڵی ئۆرهان پاموک دەکەم کە تەنیا بۆ شارەزابوون لەگەڵ شوێنی ژیانی "کا" دوو مانگ لەو شارەی کە پاڵەوانە خەیاڵییەکەی ئەو لە ئەڵمانیا تێیدا دەژیا، بەسەر دەبات بۆ ئەوەی کە لە هەڵسوکەوت و هاتوچۆی ڕۆژانەی ئەو تێبگات. تەنانەت بۆ دڵنیابوون لە ژمارەی ئەو شەمەندەفەرەی ساڵانێکی زۆر زووتر "کا" هاتوچۆی پێدەکرد پەنا بۆ نووسینگەی مێترۆ دەبات و بە پرسیارکردن خۆی دڵنیا دەکاتەوە کە "کا" سواری چ شەمەندەفەرێک دەبوو. ئایا ئەم وردەکارییە بۆ نموونە لە وەسفی فڕۆکەخانەی سخیپۆلدا ڕەچاو کراوە؟ لەسەر بەرهەمەکانی عەتا نەهایی-ش مرۆڤ دەتوانێت بە وردی قسە بکات و ڕەوتی گەشەی نووسینی ئەو لە گوڵی شۆڕانەوە بۆ باڵندەکانی دەم با و گرەوی بەختی هەلالە بشوێنێت و بزانێت گۆڕانکارییە زمانی و ناوەڕۆکییەکان کامانەن. هەڵبەت لەبەر هەلومەرجی تایبەتی شوێنکاتی ژیانی ئەو دەبێ پتر سەرنج بدەینە لایەنی ئالیگۆریکی بەرهەمەکانی. ئەمەش با هەڵگرین بۆ کاتێکی گونجاوتر.

✱ نووسەران هەمیشە لە سەفەرێکدان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیادا، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرەتدا بە کوێ گەیشتووی؟

– وەک دەزانن من نووسەر نیم. لە زانکۆ مامۆستام و خەریکی دەرسگوتنەوە و لێکۆڵینەوەم. ئەگەرچی دەنووسم و هەوڵی بەردەوامیش بۆ فێربوون دەدەم، بەڵام هەست دەکەم ئەو پرسیارە من ناگرێتەوە.

ئەوە هەر نووسەران نین کە بەردەوام لە سەفەردان، بە مانایەک هەموو کەسێک لە سەفەردایە. لە لەدایکبوونەوە بۆ مردن. هەر کەسەش بە پێی توانای خۆی بە شوێنێک دەگات و دواجار هەموومان بە یەک شوێن دەگەین. هۆکارگەلی جیاواز، شێوە و ناوەڕۆکی جیاواز بە سەفەری مرۆڤەکان دەبەخشێت. ئەزموونی من لە یەک ڕستەدا ئەوەیە کە بەر لەوەی دەست بۆ قەڵەم بەری، هەزاران قەڵەمی بەر لە خۆت بەسەرکەوە، ئەگەر زانیت شتێک دەخەیە سەر میراتی مرۆڤایەتی، ئەوە پێ بنێ ناو جیهانی پڕ لە بەرپرسیاری نووسین.

**– د. هاشمی ئەحمەدزادە ساڵی ١٩٦١ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.**

**– قۆناغەکانی خوێندنی تا پلەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی، لە ئێران تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٨٨ەوە چووەتە وڵاتی سوێد.**

**– دوای خوێندنی دەورەی بەکالۆرۆس و ماستەر لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی ئۆپسالای سوێد، هەر لەم بەشەدا دکتۆراکەشی وەردەگرێت.**

**– کتێبی (نەتەوە و ڕۆمان: لێکۆڵینەوەیەک لەسەر گوتاری گێڕانەوەیی فارسی و کوردی)، لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە لایەن زانکۆی ئۆپسالاوە چاپ و بڵاو دەبێتەوە. ئەم کتێبە دواتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی فارسی و تورکی.**

**– لە ساڵی ١٩٩٩وە لە زانکۆی ئۆپسالا وەک مامۆستا وانەی گوتووەتەوە، دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەچێت بۆ زانکۆی ئێکسێتێر لە بەریتانیا و وەک سەرپەرشتی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە بەشی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم زانکۆیەدا دەست بەکار دەبێت.**

**– چەندین وتار و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی بە زمانگەلی ئینگلیزی، سوێدی، فارسی و کوردی و تورکی بڵاو کراونەتەوە.**

# له دۆخی سیاسی (هۆبز)ەوە بۆ دۆخی سروشتی (ڕۆسۆ)

## خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی (سەرلەبەیانی نەورۆزێک)

**سەمەد ئەحمەد**
**(کەرکووک)**

(١)

نووسەری شەهید (مارف بەرزنجی) ئەم چیرۆکەی لە ساڵی (١٩٥٥)دا نووسیوە، بەڵام لەدوای (١٧) ساڵ و لە ساڵی (١٩٧٢) و لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) ئینجا دەرفەتی ئەوەی هەبووە بڵاوی بکاتەوە(١).

ئێمە بە تەواوی نازانین هۆکاری بڵاونەکردنەوە و دواخستنی چییە؟ بەڵام ئەوە باش دەزانین کە ژیانی نووسەر هەرگیز ژیانێکی ئاسایی نەبووە و پڕ لە گرتن و ڕاونان و خۆشاردنەوە و چەرمەسەری بووە، کە دوور نییە هەر ئەم هۆکارانە بووبێتنە هۆی درەنگ بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکە.

(سەرلەبەیانی نەورۆزێک) چیرۆکێکە بە زمانێکی ئەدەبی پەخشانئامێز و سادە و بێ گرێوگۆڵ نووسراوە و ئاڵۆزی و تەمومژی تێدا نییە.

سەبارەت بەتەکنیکی چیرۆکەکە، نووسەر ئەوە بەیان دەکات کە لەسەر شێوازی تەوژمی هۆش(٢) نووسویەتی. ئەگەرچی ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەم بانگەشەیە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم نووسینەی ئێمە تایبەت نییە بە قسەکردن لەسەر تەکنیک و لایەنی هونەری چیرۆکەکە، بۆیە ئەم باسە بۆ ئەو کاتە جێدەهێڵین کە دەرفەتمان دەبێت قسە لەو بابەتە بکەین.

ئێمە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین تەنیا موتاڵای بیرۆکەی چیرۆکەکە بکەین و لەبەر ڕۆشنایی بیرو بۆچوونەکانی فەیلەسووفی فەرەنسی (ژان ژاک ڕۆسۆ) لەسەر ژیانی سیاسی و گەڕانەوەی مرۆڤ لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ دۆخی سروشتی و تیۆری فەیلەسووفی ئینگلیزی (تۆماس هۆبز) بۆ دەسەڵات و سیستمی سیاسی قسە بکەین، چونکە ڕەنگە هەڵە نەبێن ئەگەر بڵێین: ئەم چیرۆکە دەقێکی زیندووە کە وەک نموونە بیهێنینەوە بۆ ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوەی تیۆری (ڕۆسۆ)و (هۆبز). لەهەمان کاتدا بۆچوونەکانی (ڕۆسۆ) و (هۆبز) وەک بنەما و سەرچاوەیەکی مەعریفی بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بیرۆکەی چیرۆکەکە بەکاردەهێنین و لەبەرچاو دەگرین.

(٢)

بیرۆکەی ئەم چیرۆکە وەک لە ناوونیشانەکەیدا دیارە (سەرلەبەیانی نەورۆزێک) باس لەوە دەکات کە کات دەمەوبەیانی یەکەم ڕۆژی نەورۆزە، ئەگەرچی دەشتودەر یەک پارچە سەوزاییە و بەگوڵ ڕازاوەتەوە، بەڵام پاڵەوانی چیرۆکەکە، نەک هەر دڵتەنگ و نیگەرانە، نەک هەر دڵخۆش نییە، بەڵکو وەک کەسێکی نامۆ لە دەوروبەر،



مارف بەرزنجی

ناتوانێت وەک سالانی رابردوو بەخۆشی و شادییەوە لەگەڵ یاران جەژنی نەورۆز پیرۆز بکات.

لێرەوە نووسەر لە رێگەی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە رەخنەی توند لە رژێمی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش دەگرێت کە ژیان هیچ مانایەکی نەماوە. چونکە رەسەنایەتی و دابونەریت و کولتووری نەتەوەیی پاشەکشێی کردووە و مانا جوانەکانی خۆیان لەدەستداوە.

پاڵەوان بە زمانێکی سادە و بەشێوەی گێڕانەوەی ئاسایی باس لە رووداوە خۆشەکانی رابردوو دەکات و بەژیانی پڕ لە پەشێوی و نالەباری ئێستا بەراوردی دەکات.. لەگەڵ هەر رووداوێکدا جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەوسا و ئێستادا دەخاتەڕوو. بەوەی کە جاران ئەگەرچی ژیانێکی سادەو ساکاریان هەبوو، بەڵام هەمیشە و بەتایبەتی لە رۆژی نەورۆزدا سەرمەست و دڵخۆش بوو. کەچی ئێستا ئەگەرچی ژیان لە شێوە و ناوەرۆکدا گۆڕانی گەورەی بەخۆوە بینیووە، کارەبا هەیە، ئۆتۆمبێل پەیدابووە، شاری گەورە دروستبووە، بەڵام لای وایە هەموو ئەم پێشکەوتنی روالەتین و نەک هەر نەبوونەتە مایەی بەختەوەری بۆ مرۆڤ، بەڵکو بەشێوەی جیاجیا بوونەتە مایەی نیگەرانی و جەنجاڵی و ئاڵۆزی زیاتری باری دەروونی مرۆڤ. بۆیە پاڵەوان خۆزگە بە رابردوو دەخوازێت و ژیانی ئێستای سیاسی و کۆمەڵایەتی رەت دەکاتەوە و لای وایە هەر بەناو ژیانە.

پاڵەوان لە بەشێکی چیرۆکەکەدا رازی دڵی خۆی و پەشێوی باری دەروونی دەخاتەڕوو، ئاوها باسی ژیانی ئێستای دەکات: «نازانم بۆ هەر ئەو سەردەمە بەژیانی خۆم دەزانم، ئەم دوایی بەهی خەڵک، ئێستا ئەڵێی میوانم، لەماڵی خۆمدا وەک میوان وام» (٣).

ئەم نامۆبوونەی پاڵەوان پێوەندییەکی زۆری بەو ژیانە سەختە و بەو رەوشە سیاسییە هۆبزییەوە هەیە کە لە وڵاتدا بەرقەرارە، بۆیە بەخەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی لە سایەی سروشتی پاک و بێگەرد و جواندا ژیانێکی سادە و ساکار و دوور لە کێشە و چەوساندنەوە و بێ مافیان بەسەردەبرد.

ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییەی کە پاڵەوانی تێدایە، هەمان ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژی و فکرییەیە کە (رۆسۆ) لە نووسین و تێزە فکرییەکانی خۆیدا خستوویەتییە روو. (سروشت) بەمانا فراوانەکەی لەلای (رۆسۆ) سەرچاوەی خێر و چاکە و پاکی و جوانییە، بۆیە ئەگەر ژیان مانایەکی هەبێت ئەوە ئەو مانایە لەناو سروشتدایە نەک لە شوێنێکی تردا. سۆنگەی ئەم بیرکردنەوەش لەلای (رۆسۆ) ئەوەیە کە ئەو پێی وایە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی خێرخوازە و لە هەموو رەفتارێکی شەڕەنگێزی و خراپەکاری دوورە. ئەوەی بووە بەمایەی ئەوەی کە مرۆڤ ببێتە شەڕەنگێز و تەماحکار و چاوچنۆک، کۆمەڵگە و پێوەندی کۆمەڵایەتی و سیستمی سیاسییە. ئەمە دیارترین جیاوازی نێوان (رۆسۆ و هۆبز)ە، پاڵەوانی ئەم چیرۆکەش هەمان بۆچوونی (رۆسۆ)ی بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ و بۆ کۆمەڵگە و بۆ سیستمی سیاسی هەیە.

سروشت لای پاڵەوان هەمان ئەو ژینگەیەیە کە مرۆڤی تێدا ئاسوودە و پاک و خاوێنە. ئەو شوێنەیە کە هیچ کەسێک مافی کەسێکی تر زەوت ناکات، هەمووان وەک یەک بەبێ هیچ تەماحکاری و چاوچنۆکییەک دڵخۆش و شاد لە دەوری یەکتری کۆبوونەتەوە.

پاڵەوان کاتێک لە پەنجەرەی باڵەخانەکەیانەوە تەماشای دەرودەشت دەکات، بەو بەهارە جوانە سەرمەست دەبێت، بەیادی جاران برێک دڵخۆش دەبێت و بە خەیاڵ بۆ گەشت و سەیران و راووشکار و گەمەکردن

دەگاتەوە ئەزمەڕ و سەرچنار و زەڵم و قۆپی قەراخ(٤).
پاڵەوان بەم شێوەیە گوزارشت لە ژیانی ئەوسای خۆیان دەکات (ئاه، بۆ ئەو ساڵانە کە چەند برادەرێک بووین پێکەوە لاو و تازە هەڵچوو، خاوەن ئەسپ و تانجی و تولەو کەوی ڕاوی، هەموومان تفەنگێکمان هەبوو لە تفەنگی ڕاوی.. هەر یەکەمان بۆ خۆی خاوەن هونەرێکی تایبەتی بوو. (شاکە)ی دەنگخۆش و گۆرانیبێژ، (نالە)ی دەستڕاست و نەچیردۆز، (بلە)ی گاڵتەو گەپ و فێڵبازی، (سمایلی بلوێر ژەن)... لە ئاستی یەکتری هیچمان خاوەنی ماڵ نەبووین.. پێنج شەموو و هەینی وچانی نیـــوەی ســـاڵ وچانی هاوینان ئەچووین بۆ دێهاتەکان.. باخەکان پڕ میوە و کانیاوەکان پاراوتر و چیاکان پۆشتەتر، سەراپا دارستان بوو پڕ لە باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ، نێچیری زۆر.. ئاه بۆ ئەو ڕۆژانە، بۆ ئەو شەوانە، بۆ ئەو کۆمەڵ و دەستە برادەرانە، بۆ ئەو گەشت و سەیرانانە کە لە تۆماری یاد ناچنەوە.

کانیاوی دەشت و بیابانی وشک و سەختی ڕێگای ژیانم لە یادکردنەوەشیان هەست بەسروەی شادی ئەکەمەوە..).(٥)

ئەم یاد و یادگارییە، ئەم ئاه و خۆزگە هەڵکێشانەی پاڵەوان بۆ ڕابردوو، بۆ دەشتودەر، بۆ سەیران و گەمەکردن هەمان ئەو (گەڕانەوە بۆ سروشت)ەیە کە لەلای (ڕۆسۆ) هەیە.

(ڕۆسۆ) پێی وایە، مرۆڤ پێش ئەوەی کۆمەڵگە بە ڕێکخراوی وەک ئەوەی ئێستا هەیە دروستبکات، لە دۆخی سروشتیدا ژیاوە. لەم دۆخەدا هەموو مرۆڤەکان یەکسان بوون و هەر کەسە و پێداویستی خۆی دابینکردووە و هەموانیش بەو ژیانە سادەیە دڵخۆش و ڕازی بوونە.

(دانتج) کە بیرمەندێکە دەڵێت: تایبەتمەندی دۆخی سروشتی یەکسانی تەواوی مرۆڤەکان بوو، لەو دۆخەدا هیچ جۆرە جیاوازییەک لەنێوان یەکێک و یەکێکی تردا نەبوو.

(ڕۆسۆ) پێی وایە مرۆڤ لەژێر کۆمەڵێک هەست و سۆزی خۆرسک و بەرژەوەندی تایبەتیدا هەڵسوکەوت دەکات کە بەختەوەری و کامەرانی بۆ دەستەبەر دەکەن.

سروشت لای (ڕۆسۆ) چەند ماناو مەغزایەکیان هەیە، جارێک بریتییە لە دابونەریت، جارێک غەریزەیە، جارێکیش ئەو لانکەیە کە منداڵ و سەرجەم مرۆڤەکانی تێدا گەورە دەبێت.

(ڕۆسۆ)دەڵێت: سروشت مانای دابونەریتە، جگە لە نەریت هیچی دی نییە، ئەگەر مرۆڤ وەک خۆی مایەوە و نەگۆڕا و توانی پارێزگاری لە خواست و ویستە ڕەسەنەکانی خۆی بکات کە سروشت پێی بەخشیوە، مانای ئەوەیە کە سروشتی ڕەسەنی خۆی لەدەست نەداوە. هەروەها دەڵێت: سروشت مانای غەریزە و هەست و سۆزە پاکەکانی مرۆڤایەتییە کە هێشتا کۆمەڵ و داموەزگاکانی نەیان شێواندووە... سروشت مانای پەروەردەکردنی مرۆڤە دوور لەکۆتو بەندەکانی کۆمەڵگە، واتا پەروەردەکردنی منداڵ بەپێی پرەنسیپەکانی سروشت و ڕەچاوکردنی قۆناغی گەشەکردن و حەز و ئارەزووەکانی و لە دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییە خراپەکان، چونکە (ڕۆسۆ) پێی وایە کە سروشتی منداڵ، سروشتێکی خێرخوازانەی هەیە، بەڵام کۆمەڵ و دابونەریتە خراپەکانی کۆمەڵگە منداڵ و مرۆڤ بەرەو خراپەکاری و شەڕخوازی دەبەن.(٦)

جگە لە (ڕۆسۆ)، (جۆن لۆک) و (ئەلفرێد ئادلەر)یش هەمان بۆچوونیان لەسەر مرۆڤ هەیە و ئەمان تەواو پێچەوانەی (هۆبز) و (فرۆید) و (مەکیاڤیللی)یەوە بیردەکەنەوە.

بەم شێوەیە دەبینین سروشت لەلای (ڕۆسۆ) شوێنێکە بۆ پاکبوونەوەی مرۆڤ لە هەموو خراپە و تاوانێک، کاتێک مرۆڤ تاوانێک دەکات، ئەوە هۆکارەکەی ئەوەیە کە لەسروشتی خۆی لای داوە و لە سروشت هاتۆتە دەرەوە، تاکە ڕێگەش بۆ پاکبوونەوە دەستبەرداربوونە لەشەڕەنگێزی و شەڕ و خراپە، گەڕانەوەیە بۆ دۆخی سروشتی.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکەش هەمان هەست و بیروبۆچوونی (ڕۆسۆ)ی هەیە و لە ژیانی ئێستای کۆمەڵگە بێزارە و بەوپەڕی نیگەرانییەوە سەرزەنشتی سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت لاوان و منداڵانیش دەکات کە لەسروشت و پاکی مرۆیی لایانداوەو هیچی ئێستا لە جارانی ڕابردوو ناچێت.

بەم شێوەیە گلەیی و حەسرەتەکانی خۆی دەخاتەڕوو: (ئەوسا دۆستایەتی زۆر گەرم بوو، خەڵکی یەکتریان زۆر خۆش دەویست، ئەوسا وەفا هەبوو وەفا.. منداڵەکانی

ئێستا وەک منداڵانی جاران نین، ئەو یارییانەی جاران نازانن نەسەیران و گەشت و ڕاو، نەگۆرانی بەسۆز، نەدڵداری و گیانی بەگیانی، تا دڵداریش بەپارەیەو بۆ پارەیە...). (٧)

هەموو ئەمانە ئاماژەی نارەزایەتی پاڵەوانە لەدۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

نووسەر لەدەمی پاڵەوانەوە بەراوردی ئەوسا و ئێستا دەکات.. کە دیارە ئەوسا ئاماژەیە بۆ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەمانا (ڕۆسۆ)ییەکەی. ئەوە بەیان دەکات کە (ئەوسا ئازاد و ئێستا گیرۆدەی سەد داوە، ئەوسا بێ کارەبا و مۆبایل و ڕادیۆ و ئۆتومبیل و ئاوی بۆری و ئاسوودە و بارسووک و ڕوون و ڕەوان وەک سروەی بەیان، ئێستا لوولەی تفەنگ و دەسترێژی شەستیر و کەلەپچە و بگرە و بەردەی پۆلیس و زیندان.. ئێستا ڕووناکی کارەبا و تاریکی ترس و پەژارەی گیان. ئێستا کاسبووی دەنگی مەکینە و ئاگر و ئاسن و نەوت، بەڵام کەڕولاڵ و گۆج بەجادووی قانوون. گۆج لەبەر زنجیر و زیندان، ئەوسا تافی لاوی و جوانی ئێستا دەمی پیری و کە هەر ساڵە خەفەتێک و هەر ڕۆژە دەردێک...). (٨)

بەهەمان شێوە (ڕۆسۆ)ش پێی وایە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا دڵخۆش و بێ غەمە، تەنیا ئەو کاتە دەگاتە حاڵەتی شەڕەنگێزی کە ژیانی کۆمەڵایەتی بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی. لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤ ڕاستەوخۆ هەستی بە ئێش و ئازاری هاوڕەگەزی خۆی دەکرد.

بەلای (ڕۆسۆ)وە بەزەیی پەیداهاتنەوە هەستێکی سروشتییەو وا دەکات مرۆڤ لەڕێی خۆشویستنی خۆیەوە، هەمان هەستی بەرانبەر ئەوانی دیکەش هەبێت. لەو کاتەدا مرۆڤ هەستی بە جیاوازی نەدەکرد، بەڵام کاتێک دووچاری هەلومەرجێکی دیکە هات، ژیانی لەدۆخی سروشتییەوە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی گۆڕا، لەو کاتەوە مرۆڤ بوو بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و بوو بە کەسێکی شەڕەنگێز و کێشە و ململانێ لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاراندا دەستی پێکرد، بوو بە بوونەوەرێکی چاوبرسی و لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی تایبەتی خۆیدا بوو. ئاکامی ئەمەش جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرای لێ کەوتەوە، موڵکایەتی تایبەتی و بێ مافی و نەمانی ئازادییە سیاسییەکان..

هەموو ئەم خەسڵەتە دزێوانە، مرۆڤ لە دواقۆناغەکانی دۆخی سروشتیدا فێریان بوو، کاتێک مەیلی خۆپەرستی زیادی کردو هۆکارەکانی دوژمنایەتی و کێبەرکێ کردن تاویان سەند.

(ڕۆسۆ) لەم بارەیەوە دەڵێت: (هاتنە ئارای موڵکایەتی کۆتایی بەیەکسانی دۆخی سروشتی هێنا، ئەمەش دوا قۆناغی دۆخی سروشت و یەکەمین هەنگاوی زەقبوونەوەی نایەکسانی بوو لە دۆخی کۆمەڵایەتیدا. کۆمەڵگە مرۆڤی وێران کرد، دەوڵەتیش بەڵایەکە و گەشەی ئابووری هێناویەتییە ئاراوە، بەڵای گەورەش نەبوونی یەکسانییە لەنێوان ئینسانەکاندا). (٩)

ئەو دۆخەی کە بووە مایەی نیگەرانی و بێزاری پاڵەوان، ڕێک ئەو دۆخە سیاسییەیە کە (هۆبز) وەک حەتمییەتی مێژوو، لە دروستبوونی کۆمەڵگەی سیاسیدا لە کتێبی (لیڤیتان)دا دەیخاتە ڕوو کە تەواو پێچەوانەی بیرو بۆچوونەکانی (ڕۆسۆ)یە.

(هۆبز) کە لایەنگری دەسەڵاتی ڕەهای پاشایەتی و سیستمی دیسپۆتیزمی سیاسییە، پێی وایە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا گورگێک بووە لە ناو کۆمەڵە گورگێکی تردا، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەم دۆخە ڕزگاری بێت، دەبێت دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروستبکات. دۆخی سیاسی و کۆمەڵاتیش لەلای (هۆبز) بریتییە لە ملکەچبوونی تەواوی کۆمەڵگە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، لەمەش زیاتر بۆ دەسەڵاتی ڕەهای تەنیا پاشایەک کە ئەو پاشایە خاوەنی سەروەرییە و هیچ کەسێک ناتوانێت دژی بووەستێت.. هەموو ئەمانەش بۆیە، چونکە تەنیا لەم ڕێگەیەوەیە کە دەتوانرێت سنوورێک بۆ چاوچنۆکی و شەڕەنگێزی و تەماحکاری مرۆڤ دابنرێت. (١٠)

بەکورتی بڵێین: دەسەڵات، لە ناو دەسەڵاتیشدا دەسەڵاتی تەنیا کەسێک دەبێتە ئەو (لیڤیتانە - ئەژدیها)یە کە بتوانێت هەموو دڕندەیەتییەکی مرۆڤ لەناو ببات.. دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان بەشێوەی جیاجیا کاریان لەسەر ئەم تێزەی (هۆبز)کردووەو بەم بیانووانەوە خەڵکیان چەوساندووەتەوە.

ئەو دۆخە سیاسییە کە لەم چیرۆکەدا خراوەتەڕوو تەواو لەو دۆخە دەچێت کە (هۆبز) بانگەشەی بۆ دەکات، هیچ کەسێک مافی ژیان و ئازادی و تەعبیرکردن لەئیرادەی خۆی نییە، لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە ئەوە تێدەگەین کە

ڕژێمی سیاسی ئەو کاتە چەند ڕژێمێکی ستەمکاربووە، پاڵەوان ئاوها وێنەی ئەو دۆخە سیاسییە دەکێشێت کە تێیدا ژیاوە و دەڵێت: (لای خۆی جەژنە، ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە، کەچی لە دوێنێوە پۆلیس ژیانی لە خەڵکی تاڵ کردووە، سەر ڕێگا و شەقامەکانیان گرتووەتە دەست، بەلیس و تفەنگ و بەکڵاوەی ئاسنییەوە، بە چاوی زەقو پڕ کینەیەوە خەڵکیان تۆقاندووە، بۆ نابێت لە پێنج کەس زیاتر بەیەکـــەوە بگەڕێن، یان بوەستن، بۆ نابێت لە خۆرئاوا تا خۆرهەڵات کەس لە ماڵی خۆی دەرنەچێت؟ سەیرانی چی، ڕابواردنی چی، هەمـوو شتێک یاساخە، دوێنێ ئەو کـۆمـەڵە لاوەیان لە نیـوەی ڕێگا بەدەسـتی کەلەپچە و سەر و گوێلاکی خوێناوییەوە گەڕانەوە بۆ ناو زیندان. هێرشێکی کەشیان بردە سەر چایخانەیەک چەند لاوێک لەبەر خۆیانەوە گۆرانییان دەوت.. قۆری و پیاڵە و سـەمـاوەر و کـورسی و مـێـز شکێنرا بەسـەریەکـاو بەسەرخـەڵکەکەدا، گۆرانی، گۆرانی یاساخ بێت! هەر کـەس بەو دەوروبەرەشـدا بوون بێ بەش نەبوون لە نووکە شەق و قۆناغە تفەنگ و جوێن). (١١)

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت ئەو دۆخە سیاسییە کە لەوڵاتدا هەیە، تەواو پێچەوانەی دۆخی سروشتییـە کە (ڕۆسـۆ) باسی لێـوە دەکـات و پاڵـەوانی ئەم چیـرۆکـە خۆزگەی گەڕانەوەی بۆ دەخوازێت وەک ئەوەی (ڕۆسۆ) بانگەشەی بۆ دەکات، چونکە بەپێی بۆچوونی (ڕۆسۆ) و پاڵەوانی ئەم چیرۆکە دۆخی سروشتی پڕاوپڕە لە ئازادی و سەربەستی و ماف، بەڵام ئێستا کۆمەڵگە ئەو جوانی و پاکییـەی لەدەست داوە و لیـپـە لە کـەسـانی سیـخـوڕ و پۆلیس و یاساوڵ و کەسانی دڵپیس و بەخیل، بۆیە هیچ مـتـمـانـەیەک لە نێـوان دەسـەڵاتدار و هاووڵاتیـانـدا نەمـاوەتەوە، هەریەکـەیان ئەوی تر بە نەیار و دوژمنی خۆی دەزانێت. دەسەڵاتداران دەیانەوێت لە ڕێگەی هێزو زەبروزەنگەوە جـەمـاوەر زیاتر کـۆیلە و پاوان بکەن، جەماوەریش بەهەموو شێوەیەک دەیانەوێت دەسەڵاتداران لەناو ببەن و ئازادی خۆیان بەدەست بهێننەوە.

ئەو دۆخە سیاسییەی کە لە چیرۆکەکەدا خراوەتە ڕوو، ئەو دۆخـە سـیـاسـیـیـە نیـیـە کـە (ڕۆسۆ) لە پەیمانی کۆمەڵایەتی لەمەڕ پێوەندی نێون گەل و دەسـەڵاتداران باسی دەکات.

(ڕۆسـۆ) پێی وایە مـرۆڤ لە بناغـەدا سـەربەست و ئازادە، هیچ کـــەس و لایەنێک ناتوانێت ئەم ئازادی و سـەربەسـتـیـیـەی لێ زەوت بکات، ئەم ئازادییـەش لە سروشتی مرۆڤدا هەیەو لە سروشتیشەوە بۆی ماوەتەوە.

(ڕۆسـۆ) لەو بڕوایەدایە کـە ئەگـەر بڕیاربێت مـرۆڤ دۆخی سـروشـتی تێبـپـەڕێنێت و دۆخی کـۆمـەڵایەتی و کۆمـەڵگەی سیـاسی دروسـتبکات، ئەوە دەبێت لەسـەر بنەمـای ڕێککەوتن و ڕەزامـەندیی گـەل و دەسـەڵاتداران بێـتە کـایەوەو دروست بێت و بە هەردوولا گرێبـەستێک مـۆربکەن کـە (ڕۆسـۆ) ناوی لێناوە (گـرێبـەسـتی کۆمەڵایەتی _العقد الأجتماعي). لەم حاڵەدا کۆمەڵ بە ڕەزامـــەندی هەردوولا و بە ئارەزووی خـــۆی و لەبەر بەرژەوەندی گشـتی دەسـتبـەرداری هەندێک لە ئازادییـە تایبەتی و شەخسییەکانی خۆیان دەبن.

(ڕۆسۆ) دەڵێت: (مرۆڤ هیچ دەسـەڵاتێکی سروشـتی بۆمـاوەیی لە سـەر دۆست و هاوەڵا نیـیـە، بۆیە هیچ کـاتێک هێـز حـەق و ڕەوایەتی بەرهەم ناهێنێت، تەنیـا ڕێکەوتن و گرێبەسـتی نێـوانیـان بناغـە و سـەرچاوەی دەسەڵاتی شەرعییە بۆ مرۆڤ) (١٢).

بە پێـچـەوانەی بۆچوونەکـانی (ڕۆسۆ)وە، ئەو دۆخـە سیاسییـەی کە هەیە و لەم چیرۆکـەدا خراوەتەڕوو، نەک هەر لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی گەل دروست نەبووە، بەڵکو دۆخـێـکی سـیــاسی هۆبزی و مـەکیـاڤیللیـانەیەو لەسـەر بنەمـای هێـز و زەبر و زەنگ بنیادنراوە، کە حوکومڕان دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و گەلیش خاوەنی هیچ ئیرادەیەک نییە.

لە سایەی سیستمێکی سیاسی ئاوهادا پێوەندی نێوان گەل و دەسەڵاتداران، وەکو پێوەندی نێون کۆیلەو خاوەن کـۆیلە وایە. کـە گـەل کـۆیلەو دەسـەڵاتداریش خـاوەن کۆیلەیە. سەرئەنجام ئەم دۆخە سیاسییە بە مێگەلکردنی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە.

نووسەر لە ڕێگەی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە ڕەخنەی توند لە ڕژێمی سیاسی هۆبزی و مەکیاڤیللیانەی ئەو سەردەمە دەگرێت و بەراوردێک لە نێوان ژیانی ڕابردوو و ئێسـتادا دەکـات و دەڵێت: (ئەوسا پۆلیس وا زۆر چەقـاوەسـوو و شەڕفـرۆش نەبوو، تابەیانی بۆ هەرکوێ بچووینایە کەس دەستی نە ئەهێنایە بەر ڕێمان، ئێستا بۆ هەرکوێ ئەچیت پۆلیس بەدواتەوەیە، کێ ئەتوانێ بە تفەنگ و دەمانچە و خەنجەرەوە بگەڕێت، مەگەر بەگزادە و شێخ و ئاغاکان.

ئەوسا هەرکات ئارەزوومان بیهێنایە ئەمانکردە تەق وتۆق و نیشان نانەوە. ئێستا لەشار دەرئەچیت ناوت ئەنووسن، دێیتەوە ناوت ئەنووسن، میوانت دێ ناوی ئەنووسن، ئەچیتە میوانی هەر ناوت ئەنوسن...). (١٣)

لەم دیمەنەدا خوێنەر ئەوە دەخوێنێتەوە کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە سایەی سیستمێکی ئاوهادا هیچ مانای نییە، چونکە گرێبەستی کۆمەڵایی هەتا ئەو کاتە ڕەوایە کە یاسا و مافی مرۆڤ لە کۆمەڵدا بوونی هەبێت، هەرکاتێک ئەمانە لە بەین بران، ئەوە گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە و شەرعییەتی فەرمانڕەوایی لەبەین دەچێت، چونکە مەرجی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ڕەزامەندییەکی دوو لایەنییە، نەک یەک لایەن بەزۆر بەسەر لایەنەکەی تردا بیسەپێنێت وەک ئەوەی لەم چیرۆکەدا هاتووە.

بە بۆچوونی (ڕۆسۆ) گواستنەوەی مرۆڤ لەدۆخی سروشتییەوە بۆ دۆخی سیاسی دەبێتە مایەی گۆڕان لەناخی مرۆڤدا، چونکە مرۆڤ لە ئەنجامی گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە سەربەستی و ئازادی سروشتیی خۆی لەدەستدەدات، بەڵام لە بەرانبەر ئەمەشدا سەربەستی و ئازادی مەدەنی و سیاسی و موڵکداری بەدەست دەهێنێت، بەڵام مرۆڤ لەسایەی ئەو دۆخە سیاسییەی کە لە چیرۆکەکەدا خراوەتەڕوو، دوای ئەوەی ئازادی سروشتی لەدەست دەدات، ئازادی سیاسی و مەدەنیش بەدەست نەهاتووە. ئەمە ئەو حاڵەتی بەکۆیلەبوونەی مرۆڤە کە نووسەر بیرۆکەی چیرۆکەکەی لەسەر بنیادناوە.

ئەو بارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت پیشەییەش کە پاڵەوان هەیەتی، پێوەندی زۆری بەکولتووری شارو لادێوە هەیە، کە دوو کولتووری تەواو لەیەک جیاوازن. ئەمەش ئەو بابەتەیە کە زۆربەی زۆری زانایانی کۆمەڵناسی جەختی لەسەر دەکەنەوە و ئەوە دەخەنە ڕوو کە کولتووری لادێ کولتوورێکی کۆمەڵایەتی داخراوە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان شێوەیەکی میکانیکییان هەیە، کە تاک لەناو کۆمەڵدا تواوەتەوە، بەڵام کولتووری شار، شێوە و ناوەرۆکێکی ئۆرگانی هەیە، تاک تێیدا خاوەنی ناسنامە و کەسێتی خۆیەتی، بەڵام ئەو شارەی کە پاڵەوان بەناچاری تێی کەوتووە، ئەو شارە مۆدێرنە نییە کە تاکی تێدا سەربەست بێت، بۆیە لێرەوە پاڵەوان چەند هێندەی تر لە ژیانی شار بێزار دەبێت و خۆزگە بۆ ڕابردووی لادێ هەڵدەکێشێت. نەک هەر ئەمە، بەڵکو خزمەتگوزارییەکانی شاریش دڵخۆشی ناکات.

پاڵەوان کە پێشترماڵیان لە لادێ دەبێت، دوای ئەوەی باوکی دەمرێت خەم و بەرپرسیارییەتی و بەخێوکردنی خێزان، لەگەڵ قەرزێکی زۆر کە لە باوکییەوە بۆ ئەم دەمێنێتەوە، ناچار دەبێت هەرچییان هەیە بیفرۆشن، یان خاوەن قەرز لەبری قەرزەکەی بۆ خۆی بیبات.. بەم شێوەیە لادێ جێدەهێڵێت و بۆ شار کۆچ دەکات، بەڵام ئەم کۆچە، کۆچێکی ئاسایی نییە، چونکە بەهۆیەوە ڕەسەنایەتی و کولتوور و دابونەریتی باووباپیرانی لەدەست دەدات.

پاڵەوان بەوپەڕی نیگەرانییەوە بەم شێوەیە سەرەتای کۆچی خۆیمان لە لادێ وە بۆ شار بۆ دەگێڕێتەوە: (ئەسپ فرۆشرا، تانجی خوێڕی بوو، کەو لەبن ماڵدا کەوتن بێ ناز، ئەو ڕۆژەی خاوەن قەرز ئەسپەشێی لە دەرگای ماڵ بردە دەرەوە هەردوو چاوم پڕ بوو لە فرمێسک و هەناسەیەکی دووکەڵاویم بۆ هەڵکێشا، وەک ماڵئاوایی لە ژیانی ڕابردوو بکەم). (١٤)

پاڵەوان کە دێتە شارەوە، لە دادگا دەبێت بە نووسەر، بەڵام ئەم پیشەیە هەرگیز خەرجیی ڕۆژانەی بۆ دابین ناکات، بۆیە هەوڵدەدات کە لە یەکێک لە فەرمانگەکانی دەوڵەت ببێت بە مووچەخۆری دەوڵەت. بەڵام مووچەخۆری و فەرمانبەریی کە سیمایەکی شاریان هەیە و خاوەنی کولتووری تایبەتی خۆیەتی و زۆر جیاوازە لە کولتووری لادێ، دەبێتە مایەی زیاتری بێزاری پاڵەوان، بەڵام بەئاسانی ناتوانێت دەستبەرداری ئەو واقیعە بێت کە تێی کەوتووە. سەرئەنجام وەکو هەر فەرمانبەرێکی تری دەوڵەت لە یانەی فەرمانبەران دەبێت بە ئەندام، بەڵام هەر نیگەران و بێزارە، سەرزەنشتی خۆی دەکات کە پەتای چاولێکەری ئەمیشی گرتووەتەوە، بۆیە لەناو یانەکەشدا خۆی بەنامۆ دەزانێت، هەتا ماوەیەک هەر بەتەنیا بێ هاوڕێ دەبێت، بەڵام سەرئەنجام تێکەڵاوی ئەندامانی تری یانەکە دەبێت و وەکو ئەوان شەوانە دەبێت بەهاوڕێی (پێک و پەپاز)..

نەک هەر ئەمە، بەڵکو ژیانی شار و پیشەکەی، پاڵەوان ناچار دەکەن کە دەستبەرداری لەبەرکردنی جلە ڕەسەنەکانی خۆی بێت کە جلی کوردییە. وەکو هەر فەرمانبەرێکی تر جلی ئەفەندی لەبەر دەکات و وەکو

ئەوانیش ڕەفتار دەکات، کە ئەمە لەگەڵ ناخ و دەروون و بیروبۆچوونی ئەمدا تەواو پێچەوانەن.. پاڵەوان لە سروشتی کار و ڕۆتینی چەند بارەبوونەوەی ژیانی شار بێزار دەبێت، هەست دەکات ڕۆژەکانی ژیانی هەموویان کۆپی یەکترن.. دەڵێت: (هەموو ڕۆژ لەیەک کات بچم و لەیەک کات بێمەوە بۆ هەمان ژوور، هەمان کورسی، هەمان مێز و قەڵەم و فایلی ئێسک قورس، چاوم بەو سەرو سیمایانە بکەوێتەوە و گوێم لەو دەنگانە ببێتەوە کە دوێنێ و پێرێ و پێرێ و هەزار پێرێ لەمەوبەر تووشیان بووم و بێزاریان کردووم).(١٥)

نووسەر لە کۆتایی چیرۆکەکە و لە دەمی (پۆلا)ی کوڕی پاڵەوانەوە هەمان بۆچوونی (ڕۆسۆ) پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک باوکی لەو خەیاڵەی پێوەی گیرۆدەیە بەئاگادێنێتەوە و داوای ورەبەرزی و هەڵوێست وەرگرتنی لێ دەکات. (پۆلا) بە باوکی دەڵێت: (ئێمە کوڕی ئەم ڕۆژەین، هی ئەم سەردەمە، ئەم بگرە و بەردەیەمان پێخۆشە، چونکە لە ڕێگەی ئامانجێکی بەرز و پیرۆزەدا ئەیکێشین کە ژین بۆ هەموو کەس خۆشکردنە).(١٦)

ئەم دیالۆگە پڕاو پڕە لە گیانی شۆڕشگێڕی و بەرخۆدان و تەئکیدکردنەوەیە لەبەدەستهێنانی ئازادی سیاسی و مافی مرۆڤ.

(ڕۆسۆ)ش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت مرۆڤ بەبێ بەدەستهێنانی مافی سیاسی و مەدەنی، دەستبەرداری ئازادییە سروشتییەکانی ببێت، چونکە وازهێنان لە ئازادی، وازهێنانە لە هەموو مۆرکێکی مرۆڤایەتی(١٧).

**سەرچاوەکان:**

**(١) سامان مارف بەرزنجی و عومەر مارف بەرزنجی : سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، هەولێر، ١٩٩٣، ل ١٨٨.**

**(٢) هەمان سەرچاوە ل ٥٨.**

**(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩.**

**(٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٨٨.**

**(٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩.**

**(٦) د. مووسا ئیبراهیم : فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیللییەوە تا مارکس، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ل ١٩٦ - ١٩٧.**

**(٧)سامان مارف بەرزنجی و عومەر مارف بەرزنجی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.**

**(٨) هەمان سەرچاوە، ل ١٩٣.**

**(٩) د. مووسا ئیبراهیم: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨.**

**(١٠) هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧.**

**(١١) سامان مارف بەرزنجی و عومەر مارف بەرزنجی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢ - ١٩٣.**

**(١٢) جان جاک ڕۆسۆ: العقد الأجتماعي، ترجمة ذوقان قرقوط، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٨٣، ل ٤١.**

**(١٣) سامان مارف بەرزنجی و عومەر مارف بەرزنجی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.**

**(١٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٩١.**

**(١٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٩٢.**

**(١٦) هەمان سەرچاوە، ل ١٩٤.**

**(١٧) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی: سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، ل ٥٠.**

# کردەی گێڕانەوە و دامەزراندنەوەی ڕابردوو لە زەمەنی ئێستای دەقدا

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

بوونەوەری مرۆڤ ئەو ڕەچەڵەک و نەژادەیە کە دەزانێت ڕۆژێک دێت دەمرێت و هەموو جیهان و بوون جێ دەهێڵێت، بیرکردنەوە لە پاش مەرگ و نەمان و ونبوونێکی فیزیکی، ئەو هەست و بیرکردنەوە قووڵەیە کە لە دێرینەوە ڕوحی مرۆی هەژاندووە و لەگەڵ ژیان و بوونیدا یەکانگیربۆتەوە. هەوڵدان بۆ مانەوەو نەمریی تەنیا خەسڵەتێکە ئاگاییانە لە مرۆدایە و هیچ لە بوونەوەرانی دیکە خاوەنی نین، مرۆڤ هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانی لەپێناوی نەمریدایە و وەختێک پرۆسەی ژیانیش دەکات، ئەگەرچی جووڵە و بزاوتن و نغرۆبوونی لە جەرگەی ژیاندایە، وەلێ هەمیشە پرسیار و وردبوونەوە لە جیهانە ناوەکییەکەیدا مەرگ و جێهێشتن بیر و مێشکی دەتەنێ و ڕێگەچارەکانی پاش نەمان دەبینێتەوە، بڕواهێنان بە بەهەشت و ژیانەوە و سەرمەدیەت هەموو لەم چاوگەوە هاتوونەتە ئاراوە.

لەسەر ئەرزی واقیع، ئادەمیزاد بە وەچەخستنەوە نەمری بە بوونی خۆی دەبەخشێتەوە و لەو بێهوودەییە خۆی قوتار دەکات، ئەمەش شتێکە نائاگاییانەو بێ ویستی خۆی پارێزگاری لە نەژادەکەی دەکات، چونکە کردارو چێژ و خرۆشی سێکسی، ئەو وەک هەموو هەبووەکانی سەر ڕووی زەوی ئەو بەردەوامییەی بۆ مسۆگەر کردووە، کوێرنەبوونەوەی ناو و درێژەدان بە بوونی نازناو و شۆرەتەکەی هەستێکە چەسپاوەو ئاراستەیەکە لەگەڵ نەمریدا تەریب دەبێتەوە، وێڕای ئەوەی کوێرنەبوونەوەی ناو تەنیا بە پیاوانەوە پەیوەستە نەک ژنان و مێینەکان، کە ئەمەش جۆرێکە لە خۆخەڵەتاندن وەک تێکڕای ئەو خۆ نەبانکردنانەی مرۆ لە ژیانیدا دەیکات و لەو لەناوچوونە حەتمییە خۆی دەدزێتەوە.

بیرکردنەوە لە فەوتان و لەناوچوون و بەسەرچوونی

شتەکان مرۆڤی بەرەو تۆمارکردن بردووە، تۆمارکردنی ئەو چرکەساتانەی تێیدا دەژی، لەگەڵ ئەو ڕووداوو ئەزموونانەی شیاوی بەبیرهاتنەوەو گێڕانەوە بوون، لە ئەشکەوتەکانەوە مرۆڤ دەگێڕێتەوەو تۆمار دەکات، بە هێڵ و ڕەنگ ئەو کارە ئەنجام دەدات کە هەڵگری هەموو ئاماژەو دەلالەتەکانەو زمان هێشتا تەنیا ڕەنگ و هێڵەکانەو وێنە دەسپێکی نووسین و ئاخاوتنە، بیرکردنەوە لە دەرەوەی زماندا بووە، بەڵکو بە زمانی هێماو ئاماژەکان، زمانی هێڵ گوزارشتی کردووە، پێ دەچێت ئێستاش هەست و ڕامانە کورتخایەنەکانیش ئەو زمانە وێنەییە بن کە شتێک دەکەونە پێش بیرکردنەوەوە. خەسڵەتی تۆمارکردن و گێڕانەوە بنەڕەتی نیگار و وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکانە، شیعری لیریکی و چامە هۆمەرییەکانیش لەو گێڕانەوەیە بەدەرنەبوون، کردەی چیرۆک و سەربردەکان لەو داستانانەدا هونەریی هاتوونەتە بوونەوە تاوەکو لە ئاخاوتنی ڕۆژانە جیابکرێنەوە، هەموو هونەرەکان لە سەرەتادا ڕەگەزی گێڕانەوەیان تێدایە، گێڕانەوەی بەسەرهات و جووڵەکان لە شوێنکاتدا، مرۆڤ بە تۆمارکردن و گێڕانەوە مەحکوومە تاوەکو ئەو نەمرییە دەستەبەر بکات، دەنا گێڕانەوە چی دەگەیەنێت؟! لای بۆرخێس کردەی گێڕانەوەوە گەمەی زانینەوەیە، زانینەوەی هەموو ئەو شتانەی پێشتر زانیویەتی، مەبەست لەمەش زانینی مرۆڤایەتییە، نەک تەنیا زانین لای کەسێک.

ئەو بوونەوەرە تەنیا ئێستا نەهاتووەتە بوون، بەڵکو لە دێرینەوە پرۆسێسەی نووسین و خوێندنەوەی کردووە، چیرۆکی تۆمارکردووەو نووسیوە، لەو پرسەدا کە بتوانین داوای چیرۆکی لێبکەین پرسیارێکە وابەستە بە ئەرکەکانی ئەمڕۆی ئەدەبەوە، وەزیفەکان لە گۆڕاندان و هەرگیز وەزیفەی نوێ ئەرکی پێشینە نییەو چەندین قۆناغ و شێوازی بڕیوە. چیرۆکنووسین کردەیەکە قۆناغی زۆری تێپەڕاندووەو بەرهەمگەلێکی باشی پێشکەش کردووە، ئێمە ئەو بەخششە بە بەرهەمی مرۆڤایەتی ناوزەد دەکەین نەک سەبارەت بە میللەتی خۆمان. چیرۆک ژانرێکە بۆ گێڕانەوەو هەمیشە فرمانی ڕابردوو تێیدا باڵا دەستە، دەشێت تەنیا زمانی گێڕانەوە نەبێت و لە کەسی دووەمی تاکەوە گێڕانەوە بکرێتە زەمەنی ئێستاو داهاتوو، وەلێ ئەم ژانرە بەپێی شێواز و تەکنیکی گێڕانەوە توانستی نوێبوونەوە بەخۆوە دەبینێت، ناکرێت ئەو زمانە سەردییەی بە کلێشەبەندییەکی سواو لێک بدەینەوەو بەتێکدانی دەشێت ژانرێکی دیکەی لێ بەرهەم بهێنین کە ئەویش چیرۆک نییەو شتێکی دیکەیە.

گێڕانەوە چەندە هێنانەوەی شتە ڕابردووەکانە، تۆمارکردن و بەرجەستەکردنی ڕووداو و چیرۆکەکانە، هێندەش خاوەنی زەمەنێکە کە بە زەمەنی ئێستای دەق کەوتووەتەوە، هەمووومان دەزانین گێڕانەوە کردەیەکە ڕابردوو دەژێنێتەوە، یان گەڕانەوەیە بۆ هەموو ڕابردووەکان کە ڕەنگە تەنیا چەند چرکەساتێک بن بەر لە کردەی گێڕانەوە، بەڵام شێوازی گێڕانەوەکان لە ژانرە ئەدەبییەکەدا جۆرێک لە زەمەن ڕۆدەنێن کە ئێستای دەق و ئەو زەمەنەیە کە هێشتان نەهاتووەو ڕووی نەداوە، پرۆسەی خوێندنەوە پرۆسەیەکە دەسپێکی هەیەو بەرەو بەردەوامبوون پەل دەکێشێ، لەو بەردەوامییەدا بۆ گەیشتن بە وێستگەکانی دواتر هەستێک بەرپادەکەن کە گێڕانەوە نەگەیشتووەتە ئاکام و دوایی. هەر بۆیە خوێنەری چیرۆک و ڕۆمان وەرگرێکە لە زەمەنی ئێستاو داهاتووی دەقدا دەژی، شێوازی نووسەرانیش لەو میانەیەدا پرۆسەکە زیاتر دەهەژێنێ لە پارچەکردن و دواخستن و تێرنەکردن و گەڕانەوەو مۆنتاژەکاندا هەم پێ نەزانینی تەواوی خۆی و نەزانراوەکان لە گێڕانەوەدا جێ دەهێڵێت. ئەو شێواز و تەکنیکانە نەبوونایە کە هەردەم نوێبوونەوەو وەرچەرخانیان خستووەتە ژانرەکەوە، چیرۆک ئیدی زەمەنەکەی تەواو دەبوو و سینەما و ئەکشن جێگەی دەگرتەوە. چیرۆک و ڕۆمانی ئێستاو هاوچەرخ تەنیا گێڕانەوەی ڕووداو و سەربردەکان نییە، بەرجەستەکردنی کێشەو زاخاودانەوە نییە کە وەرگر سەرقاڵ بکات و گەشتی نوێی بۆ فەراهەم بکات، بەڵکو لەمیانی گێڕانەوەو تۆمارکردندا پێزانین و بەهاکانی بۆ دێنێتە کایەوە.

پێوەندی نێوان جیهانەکانی ناوەوەو دەرەوە کارلێکێکە هەردووکیان یەکتری دەخولقێنن و پەرە بە یەکدی دەدەن، سەراپا جیهانی دەرەکی ژیار و ئەوەی پێی دەوترێت واقیع، زادەی بەرهەمی مرۆیە و لەو پێناوەدا خەیاڵ و ئەندێشە قووڵەکان سەرچاوەی سەرەکین، ژیار بەرهەمی ئەندێشەو خولیا و بەڵکو پێداویستییەکانە، مرۆ کە خاوەنی گەورەترین شتە کە ئەویش خەیاڵکردن و بینینی شتە نەبینراو و نەزانراوەکانە، جگە لە سروشت و دیاردە خۆرسکەکان هەموویان داهێنان و پشکنینی مرۆڤن، ئەم

جیهانەش دیسانەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە دروستکردنەوەو گۆڕینی مرۆدا هەیە و هەردوو جیهانەکە ڕەنگدانەوەی یەکترین، وەرگرتن و هەڵهێنجان و گەشەکردنی کەسێتی لەو جیهانە خوڵقێنراوەوە بەدەست دێت، ئەمبارکردنی بینین و ئەزموونەکان دەچنە سەر خانەکانی یادەوەری و شتە ڕابردووەکانەوە، پەرچەکردار و بەرکەوتنەوەی ئەو دوو جیهانە لێکئاڵاوە بەرهەمی دیکەیان لێ دەبێتەوە، تێگەیشتن و وەئاگاهاتنەوە دەخەملێنێ و لەوێوە وزەکان دەپرژێنەوە.

ئەزموون دیوێکی دیکەی هەیە کە ئەویش تێگەیشتنە، تێگەیشتن و یەکالاکردنەوە پرۆسەیەکە دوای ڕووداو و جووڵەکان دێتە کایەوە، وەختێک لە ڕێی ژانرێکی پەخشانی وەک چیرۆک و ڕۆمانەوە بەرجەستە دەبنەوە و تۆمار دەکرێن، بە زمانی گێڕانەوە خۆیان دەنوێننەوە، گێڕانەوە هونەرێکە لە ئاکامەوە بەرەو فاکتەر و هۆکارەکان دەگەڕێتەوە، گێڕانەوەکانی ئێستا تەنیا بۆ گوزارشتکردن و دەربڕینی حاڵەتەکان نییە تاوەکو لەکیس نەچن و مێژوویەک بنیاد بنێن، بەڵکو گەڕان و پشکنین و لێکدانەوەی قووڵە بۆ فەراهەمکردنی ئێستاو داهاتوو، پیشاندان و چوونە ژێر پێستی پێوەندی ڕواڵەت و جەوهەرەکانە، بە فۆرمکردنی ناوەرۆکە شیاوەکانە تاوەکو گوتار و وەشاندن بە زمانی بارگاوی بە ڕەگەزە هونەرییە ناڕاستەوخۆکان دامەزرێنێت، چیرۆک و ڕۆمان ژانرە هونەرییە ئیستێتیکییەکانن کە هەستەکان دەورووژێنن و ماناو فرەواتا دەبەخشنە بیرکردنەوەوە، دیدگاکان بۆ بینگەی دیکە دەگوێزنەوە تاوەکو جیهانبینی بەرفراوان بکەن و گۆڕان بێننە سەر ئەرزی واقیع. هەربۆیە بەڵگەنەویستە بە یادەوەری و خانە ئەمبارکراوەکانی جیهانە ناوەکییەکانەوە تێکەڵ ببنەوە، چونکە لەوێدا مۆڵ بوون و پەیدا دەبنەوە، واقیع و جیهانی دەرەکی بەپێی جیهانە تایبەتی و سەربەخۆکان وەردەگیرێن و لێک دەدرێنەوە، پەرچەکردار و بینین و ڕوانینەکانیش تایبەتمەندن و بەخشینەوەیەکی ترن کە زادەی وەشاندنەکان ڕۆدەنێن.

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، یان یادەوەری ئەو ئەزموونە پێگەیشتووەیە کە دیالۆگ لەگەڵ زەمەنە جیاوازەکاندا دەکاتەوە، گێڕانەوەی شوێنکاتێکە بۆ ئێستا لەپێناوی جێگیرکردنی بەرکەوتن و دامەزراندنەوەی زەمەنی ئێستادا، ئەگەرچی لەبنەڕەتدا هەموو گێڕانەوەو گەڕاندنەوەی ڕابردوویەک بۆ ئامادەبوونەوە ڕوانینێکی ڕۆمانسییەو شتێک لە کەسەر و خەم و حەسرەت لەپشتیانەوە ڕادەوەستێتەوە، وەک دەروونشیکاریش بە هستریا لێک دەدرێتەوە، وەلێ لەهەمان کاتدا گردکردنەوەی یەکەکانە کە پەرتەوازە بوون و هەیکەلێکیان لێ دەخەملێنرێتەوە کە دیسانەوە توخم و پێکهاتەکان سەربەخۆیی دەستەبەر دەکەنەوە. زیاتر ڕوونی بکەمەوە، کۆکردنەوەی پارچە لەبەریەک هەڵوەشاوەکانە تاوەکو پێکەوە ببنە گشتێکی تۆکمە، بەڵام یەکە و پێکهاتەی پارچە جیاوازەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە تا گشتێکی دیکە دابهێنن جیاواز لە ڕواڵەت و جەوهەرە بەسەرچووەکان، هەربۆیە چیرۆک و ڕۆمان کۆپی کردنەوەی واقیع نین و گواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆی شتەکان نییە وەک ئاوێنەیەک تەنیا ڕەنگ پێدەرەوەی ژیان و واقیع بێت، بەڵکو دامەزراندنەوەو خوڵقاندنی ژیان و جیهانێکە سەربەخۆ و تایبەتمەند، یان ئاکامی لێکدانی هەموو جیهانەکان کە لەو خوڵقاندنەدا پەیوەستن، ئەمەشە هەوڵی گۆڕین و داهێنانێکی ئیستێتیکی کە لۆژیکی تایبەتی بۆ دەبێتە زەمینەی باوەڕپێکردن، بەڵکو وەرگرتنیشی، کاتێکیش ئەمە هاتە ئەنجام، بەشداریکردنی بێ پێچوپەنای خوێنەر سەرهەڵدەدات کە بەرکەوتنەوەیەکی دیکەی جیهانەکانەو پێزانین و گەمەی زانینەوە جێبەجێ دەکەنەوە.

ژانری گێڕانەوەکان لە چیرۆک و ڕۆماندا بەرجەستە دەبن و خۆیان دەنوێنن، کەرەستەو بابەتی دیاریکراو بیرۆکەکان هەڵیان دەبژێرن، یان بیرۆکەی دیاریکراو کردەی هەڵبژاردن لە کەرەستەو بابەتدا بەرپا دەکات، چونکە کاریگەرییەکان دەبنەوە هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدان، گوتارێکی ڕاستەوخۆ دەسپێکی بەرایی دەخاتە بازنەی چۆنێتی خوڵقاندنەوە، ئەندێشەو خەیاڵی داهێنەرانە بۆ گوراندنی نوێیەک هەمیشە شتەکانی پێشوو دەکاتەوە لۆژیکی ناوەکی، هەموو نوێیەک هەڵگری کۆدە کۆن و ڕابردووەکانە تاوەکو بەرکەوتنیان دامەزرێنێتەوەو لە پرۆسەی گێڕانەوەدا گۆڕانیان بەسەردا بهێنێت، واتە هەڵوەشاندنەوەی یەکەو توخمە وەرگیراوەکانن کە بوونەتە ئەزموونی خودی تایبەت و لە کردەی نووسین و خەملاندندا چیتر شتە دێرین و ئاشکراکان نین و پۆشاک و ناوەرۆکێکی دیکە دەبێتە ئەدگار و سیمایان و دەستەبەرکردنی لۆژیکی نوێ کە

جاری وا هەیە لەگەڵ لۆژیکی واقیعیدا یەکانگیرە و زۆرینەی کاتیش لۆژیکێکە لەسەر بنەمای بڕواهێنان و ڕەهەندە تایبەتییەکانی خۆی دەسەپێنێ و وەرگر لەو ڕەوتە دروستکراوەدا بەشداری دەکات کە وەک ژیانێکی ڕاستەقینەیە، بەڵکو یەکەو توخمە وەرگیراوەکان بەپێی جیهانی کەسێتی بە موفرەدەی نوێ و شێوازی ڕوانینی داهێنەرانە بارگاوی بوونەتەوە، کە ئەمەش بۆخۆی وەک تێکشکاندنی ئەو وەرگیراوانەیە کە لە واقیعدا چنراونەتەوەو بۆ پانتایی گۆڕان و پێکهاتەیەکی تازە پەڕیونەتەوە کە هەرگیز فۆرم و موفرەدەکانی پێشوو نین و لەوێدا ژیان و جیهانێکی سەربەخۆ و تایبەتمەندیان چێ کردووە، کردەو ئیشکردنیش لە زماندا لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا چوون یەکە، زمانیش وەرگیراوێکە کە توخمی دیکەو نوێیەکی تر بەرهەم دەهێنێت کە لەمیانی تایبەت بەخۆیدا جیهانەکەی دروست دەکات.

ڕابردوو و یادەوەری کە وتمان پەیوەستن بە زەمەن و شتە ئەمبارکراوەکان لای هەمووان، نووسەر دێت و لەو وەرگیراوانە، لەو ئەزموونانە گەیشتن و دەرەنجامەکان دەستگیر دەکات، بەپێی ڕوانین و بۆچوونی خودی پێکهاتەیەکی نوێیان لێ دەخوڵقێنێ، یان لە بۆتەی جیهانێکی سەربەخۆدا پێوەندییەکانیان دەخاتە بەر ئەزموونی تازەوە کە پێشتر نەیانبووە. چیرۆک و ڕۆمان و ژانرە سەردییەکان بەرجەستەکەری ئەزموونێکن کە هەرگیز ئەزموونی بینراو نین کە هەمووان وەها بیانبینن، ئەمەش بەپێی ڕێباز و قوتابخانەکان لێک جیاکراونەتەوەو شتێکمان نییە پراوپڕ پێی بڵێین ڕیالیزمی ڕەها کە کۆپیکەرەوەی واقیع و شتی هەست پێکراو بێت، هەمیشە شتە تایبەتییەکان، جیهانی ناوەکی و ڕوانینی خودی دەڕژێنەوە ناو شتە باو و بابەتییەکانیشەوە، تەنانەت لە شێوازی بێ لایەنانەشدا تایبەتمەندی خودی نووسەران بوونی هەیە، پلەی سفری (ڕۆلان بارت) شێوازی وشک و نووسینی بێ لایەنانەی (ئەلبێر کامو)ە کە لەوێشدا شێوازی ئەلبێر کامو ون نابێ و بوونی هەیە.

یادەوەری هەموو ئەو شتانەیە لای کەسێتی ماونەتەوە، یان بەپاڵپشتی بینین و وەرگرتنەکان کەڵەکە بوون، دۆکیومێنت و مێژووی ڕاستەقینەش بە شێوەیەک لە شێوەکان بە یادەوەرییەوە دەلکێنەوە، ئەگەرچی هەستێکی ڕۆمانسییانە لەپشت ئەمەوە کارلێکی هەیە، بەڵام زیاتر لە نوستالیژیادا هەستە غەمگین و حەسرەتەکەی وەدەردەکەوێت، نوستالیژیا بینینەوەی ڕابردووەکانە بە سۆز و حەسرەتەوە، لێرەشدا تەنیا زەمەنی بەسەرچوو ناگەیەنێت وەک (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا)ی مارسیل پروست، بەڵکو زەمەنی ڕابردوو هەڵگری شوێنیشە، نوستالیژیا سۆزە بۆ شوێنکات، چونکە زەمەن، شوێنەکانیش بەبیر دێنێتەوە، لێکدانی دوو زەمەنی لەیەکتر دوور، گۆڕانی شوێنە بە پلەی یەکەم، کەواتە نوستالیژیا فرمێسک ڕشتنە بۆ شوێن و زێدو خاکیش، لەم ڕووەوە ڤانکوخ ڕایەکی هەیە کە دەڵێت: هەمیشە سروشت جوانییەکانی خۆی لەدەست دەدات و پارێزگارییان لێ ناکات، هەر بۆیە هونەرمەندان نیگاری دەکێشن. گۆڕانی شتەکان بۆ خۆیان مایەی غەمباری و هەستی لەکیسچوونە، وەلێ هەر تەمەنیشە ئەو سۆزە بەرەو زەمەن دەباتەوە، بەسەرچوونی زەمەن لەبنەڕەتدا بەسەرچوونی تەمەنی تاکە کەسە، هەرئەمەشە مایەی حەسرەت و خەمۆکی. چیرۆک گێڕانەوەی هەموو ئەم هەستانەیە، ئەم ڕوانینانەیەو چەندە لە بەرجەستەکردنی خوداوەش دوور بێت، بۆخۆی ڕوانینە تایبەتییەکانی هەڵگرتووە، ئەگەر نووسینەوەی خودیش نەبێت ئەوە مەیل و ئارەزووەکان، هەستە ناوەکییەکانی تێدایە کە بەشێکن لە کەسێتی و ڕوانینی تایبەتی، ئەمەش لە ئەدەبی کوردیدا کەمترین پانتایی داگیرکردووە، واتە ئەدەبەکەمان هێشتا نەیتوانیوە پراوپڕ نووسینەوەی خود جێگیر بکات، ئەوەندەی وێناکردنەوەی بارودۆخ و ڕەوش و جیهانە دەرەکییەکان بووە، بۆچوونە خودییەکان، گوتار و ئاراستەکان هێندەی بەرەو ڕووبەری ژیان بوونەتەوە نەڕژاونەتەوە بۆ بەرجەستەکردن و بەخشینی وێنەکانی خود، ئەگەر دوێنێ بارودۆخی سیاسی و هەڵوێستەکانی تۆمار کردبێ، هەنووکە گەڕانە بەدوای بەهاکاندا، گەڕانە بۆ خودیش لە پرسیارە قووڵەکانیدا، ئەرکی ئەم پرسیارانە بەتایبەتی لە ژانری ڕۆماندا ئەرکێکە لە فەلسەفە نزیک دەبێتەوە، لە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونناسەکان. گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، یان یادەوەری و مێژوو، یان بەرجەستەکردنی مێژووی فەرامۆشکراو و نوستالیژیاش، پرۆسەیەک نییە تەنیا لە چیرۆک و ڕۆماندا، بەڵکو ئەوە ئەزموونگەرایی هەموو شتە نوێ و تازەگەرییەکانە کە وەک وتمان هەڵگری کۆدە کۆنەکانن، ئەم لایەنە ڕوونتر لە هونەری شێوەکاریدا

ڕەنگی داوەتەوە، هەمــوو ڕێبــاز و ســتــایلە نوێیــەکــان گەڕانەوەن بەرەو هونەری ڕابردوو و دێرین، (پۆل گۆگان) تا ئەو ڕادەیەش گەڕاوەتەوە کە هونەرێکی سـەرەتایی و بەر لە مێـژووش بخـەمـڵـێنێ، (ڤـانکوخ) و (ئێـدوارد مۆنش) و (پیکاسۆ) و هەمووان بە گەڕانەوەو پاڵپشـتی هونەر و مـوفـرەدە دێرینـەکـانی مـێـژووی مـرۆڤـایەتی هونەرێکی نوێیان خوڵقاندووە، هێنانەوەی ڕابردووش لە ژانری چیـرۆک و ڕۆمـاندا تـەنیـا بۆ ئەوە نیـیـە ڕابردوو بژێتەوەو بێتەوە بەری مەیدان، بەڵکو خوڵقاندنی پرس و پێوەندی نوێیە، هاوکێشە و پێکهاتەی نوێیـە، ڕۆنانی زەمــەنێکە بە ئـێـســتــای دەق خـۆی دەنوێنێ و هەمـوو ڕابردووەکـان دەچنەوە سـەر خـانەی ئەو دەق و تێکسـتـانە کـە لەگـەڵ دەسـپـێکەکـانیـاندا دێنە کـایەوەو زەمـەنی سـەربەخۆ دروست دەکـەن و ئێـستـای دەق دەخـەمـڵـێنن، چیـرۆکـەکـان سـەدەیەک پێش ئێـسـتـا نووسرابن، یان لە حاڵی حازردا، خـاوەنی زەمـەنێکن ناوەکی و ئێـسـتـای خـۆیان دەژین، ئەمـەشـە قـوتاربوون لە ڕابردووەکـان و مــانەوەی دەقــەکـــان بە زیندوویی، دەق نە ژیانە لە ڕابردوودا، نە قـوتاربوونی ڕەهاش لە زەمـەنی ڕابردوو، بەڵکو دامەزراندنەوەی یەکەو توخمەکانە، دیالۆگی زەمەن و پێکهـاتە پێشـینەو نوێیـەکـانە کـە گـۆڕان دەخـەنە ئەو بوونەوەرەوە کە هەم پنتی دیدگاکانەو هەم خاوەنیشیان.

لە کـردەی نووسین و خوێندنەوەدا بە زەمـەنی ئێـسـتـای دەق مەحکومین نەک ڕابردوو، چونکە دەقەکـان خـاوەنی زەمـــــەنێـکی نـاوەکـین و چـەنـدە بـەرەوپێش دەچـن و دەگـەڕێنەوەو دوادەخـرێن، ڕابردوویەک دەخـەمـڵـێننەوەو لەگەڵ ئێـستـایەکدا یەکـانگیـر دەبنەوە کە پێی دەوترێت ئێـســتــای دەق، زەمـەنی ناوەکی حـاڵەتێکی دەروونی خوێنەر و وەرگر نییە کە بە شتە هەنووکەییەکان بروامەند بێت، بەڵکو زەمەنی ناوەکی و ئێستای ئامادە ئەو سیحر و ئەفسـوونەیە وا لە خـوێنەر دەکـات لە ئێـسـتـادا بژی و پرۆسەی خوێندنەوەی بەردەوام بکات.

ئەم ئێـسـتـایە ئامـادەیی ئێـسـتـایەکـیشـە کـە کـردەی نووسینە لای نووسەران، نووسەران هەمیشە ئێستای دەق پرۆسێسە دەکەن و لەو زەمەنەدان کە زەمەنی خوڵقاندنە، ئێـمـە لەدەرەوەی دەقـەکـاندا پێ دەزانین کـە ژانرەکـانی گـێـڕانەوە، ڕابردوویەک دەگـێـڕنەوەو تۆمـار دەکـەن، لە پێکهـاتەو توخـمە پێشـینەکـان خەمـڵـیون و هەمـوو لەو ڕابردووانەوە هاتوونەتە گـێـڕانەوەوە، وەلێ لە سـاتی نووسین و خوێندنەوەی دەقـەکـاندا ئێـسـتـایەک دەژین کـە هەرگـیـز ڕابردوو نیـیـە، ئەمـەش پرۆسـەکـە خـۆی وا دەخـوازێت و شـێـوازی گێـڕانەوەکە ئەو سیـحرە دێنێـتە کـایەوە، وەک ئەو تابلۆیەی بابەتەکـەی لە سـروشـتـێک پێکهـاتووەو سـاتی تۆمـارکـردنی لە ڕابردوودایە، بەڵام هەمیشە ئێمە لەبەردەم ئەو دیمەنە سروشتییەدا ئێستایەک دەژین و دیالۆگـێـک سـاز دەکـەین کـە دیالۆگی زەمـەنی ئێستایە نەک ڕابردوو.

ڕابردوو لە مێژوودا ڕابردووە، ڕوانینێکە لە ئێستاوە بۆ زەمـەنی بەسـەرچوو، وەلێ هەمـوو کـاتێک وەسـتـانەوە لەسەر شتە ڕابردووەکان ئێـستـایەک دەژینەوە لە زەمەنی ئێسـتـادا، دەشێت لە ئێستادا نە ڕابردوو بوونی هەبێت، نە داهاتووش، ئەمەش بە پێودانگێکی فـەلسـەفـیـیـانە، هەر بە دیدگایەکی فـەلسـەفـیـیـانەی دیکەش نە ئێـسـتـا بوونی هەیە نە داهاتوو، ئەوەی هەیە ڕابردوویەکە دووبارە دەبێـــتـــەوە و لە فـــۆرم و شـــێـــوەی دیکـەدا خـــۆی بەدەردەخاتەوە، ئەمانە بۆچوونن، بەڵام هەردەم هێنانەوەی ڕابردووەکـان و بەرکـەوتنیـان بە زەمەنێک کـە بە ئێـسـتـا ناودەبرێت، لەو بەرکەوتنەدا ئێستا دەخوڵقێننەوە، ئەمەیە ئاوێتـەبوونی زەمـەنەکـان و دیالۆگی شـوێنکاتەکـان.. لە ژانرە ئەدەبی و هونەرییـەکـانیـشـدا ڕابردوو ژیان بەخـۆوە دەبینێ و زیندوویی تێدایە، گێڕانەوە بەپێی هێڵی گشتی چوونە پێشـەوەی ئەو ئێـسـتـایە ڕۆدەنێت کـە دەڵـێی پێشـوەختە نەبووەو لەبەردەم شتێکی نوێداین، گێڕانەوەی ڕابردوو چوونە پێشـەوە بەخـۆوە دەگـرێ و ڕابردوو دەبێـتە ڕابردووی بەردەوام و چاوەڕێی داهاتوویەک دەکـات کـە هێـشـتـا نەهاتووە، چونکە کـردەی گـێـڕانەوە بۆخـۆی ئەوە دەخـوازێ و دابەش دەبێـتە سەر ڕووبەرە زەمەنییـەکـان، ئەمەش هۆکـار و فاکتەری ئەو ئێستایەیە کە وێستگەکان بۆ گـێـڕانـەوە دادەمـەزرێنێ و پاش دەسـپـێـک ئاییندە چاوەڕوانکراوەکـان، یان چاوەڕوان نەکراوەکـان لێـشـاوی گـێـڕانەوەی ڕابردوو پۆلێن دەکـەن لەو ئێـسـتـایەدا کـە زەمەنی خوێندنەوەیە، گێڕانەوەکان بەهەر شێوەیەک بن، جۆرێک لە ئێستای دەق حازر دەکەنەوە، ئەمەشە هێزی بەردەوامبوون و مانەوەی ژانرەکان کە لەگەڵ ژیانماندا بێ وچان ڕێ دەبڕن و نوێبوونەوە زمانحاڵیانە.

# تەکنیک لە ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەک

عەبدوڵلا ڕەحمان

**(٢ - ٢)**

**شێوازی زمان**

شێوازی داڕشتنی زمان یەکێکە لە بنەماکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو، چونکە (ئەو خوێنەرەی ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە بێ گومان کاتێکی زۆری دەوێ بۆ خوێندنەوەی، جا ئەگەر ئەو نووسەرە زمانەکەی پاراو و بێ گرێ و سادەو چڕ بێ، ئەوە زیاتر وا لەخوێنەر دەکات خولیای خوێندنەوەی کارەکە بێ). (١٧)

زمان لە ڕۆماندا، زمانێکی پڕ لە هێما و مەبەست و ئامانجە و زمانێکی تژییە لە خەیاڵ و فەنتازیا و ئەفسانە، ئەو زمانەی لەو ڕۆمانەدا بەکارهاتووە زیاتر زمانێکی زانیاری و وەسفە، لێ لە بەرگێکی سیحری وادا داپۆشراوە کە وەک موگناتیسێک خوێنەر بۆ کەشوهەوای نێو دەقەکە کێش دەکات و پەیوەستی ڕووداوەکانی دەکات.

مۆسیقا و هارمۆنیەتی وشە و ڕستەکانی نێو ڕۆمانەکە بایەخێکی زۆری پێ دراوە و هەوڵ دراوە چەشنەیەکی مۆسیقایی بەبەر ڕۆنانی ڕستەکان و وشەکاندا بکرێت، بەشێوەیەک کە هەر وشەو ڕستەیەک ڕیتمێکی مۆسیقی لەناخی خۆیدا حەشار داوە، کردەی مۆسیقی لە چیرۆکەکەدا زیاتر خۆی لە بەرزونزمی دەنگ دەبینێتەوە، بەتایبەتیش لەو کاتانەی کە زیاتر گێڕەرەوە (پاڵەوان) خۆی قسە دەکات، واتە لەنێو دیالۆگدا دەنگی مۆسیقا زیاتر مات و کپە، ئەو یەکە زیاتر بۆ بەخشینی زانیارییەکانە، بەڵام یەکەی گێڕەرەوە و مەنەلۆگ کە زیاتر ناخی شڵەژاوی پاڵەوان دەردەخات کردەی مۆسیقا دەنگێکی بەرزی وەرگرتووە، بەتایبەتیش لە دووبارەکردنەوەی چەند وشەو ڕستەیەک کە هارمۆنییەتێکی جوانی لەنێو دەقەکەدا دروستکردووە.

مۆسیقای نێو دەقەکە زیاتر خۆی لە سەروادا دەبینێتەوە کە هەم بۆ پێدانی کەشێکی شیعرییە و هەمیش بۆ ڕیتم و هارمۆنییەتی دەقەکە نووسەر بەکاری هێناوە، وەک:

"مێشکمان، دڵ و دەروونمان دەحەسایەوە، پەنجەو قاچەکانمان گوڕو تینی پێ دەگەیشت و جەستەمان دەبووژایەوە..." ل١٩

لێرەدا سەروایەکە لەنێوان هەردوو وشەی (دەحەسایەوە، دەبووژایەوە)دایە کە بریتییە لە سەروای(یەوە)و مۆسیقایەکی خرۆشێنەری بەو ڕستەیە بەخشیوە.

لەنموونەیەکی دیکەدا:

"شتێکی دیکە نییە بەسەر سەرمانەوە، بەتەنیشتمانەوە، بخولێنەوە، دەورمان بدات، لوولمان بدات، بمان ترسێنێت، بمان بەزێنێت.." ل٤٣

ئەو سەروایانەی لێرەدا بەکارهاتوون بریتییە لە (انەوە) لە هەردوو وشەی (سەرمانەوە، بەتەنیشتمانەوە)،



**سلاح عومەر**

هەروەها سەرواى (ێنێت) لەهەردوو وشەى (بمان ترسێنێت، بمان بەزێنێت).

ڕۆماننووس زمانێکی بێ گرێ و گۆڵ و سادەو چڕی بەکارهێناوە، بۆ ئەمەش پەناى بردۆتە بەر بەکارهێنانی ڕستەى کورت و چڕ کراوە و هەوڵی داوە بەکەمترین وشە، زۆرترین مانا و دەلالەت و ئاماژە بەخوێنەر بگەیەنێت، وەک:

"هەتاو هەڵنایەت، تاریکیی چاوەکانمان، بەرپێمان، بەفرى دەوروبەرمان بتوێنێتەوە، تەنیایی خەریکە دەمانکوژێت، دەمانبرێت.."ل٥٧

"وەرە پێش، کوا مەچەکت، دەستت بێنە، نا بڕۆ دواوە.. بڕۆ وازم لێ بهێنە و لێم دوور کەوە..." ل٧٥

هەروەها ڕۆماننووس زمانی دارشتنی پەخشانی لەگەڵ زمانی شیعریدا ئاوێتەو تێکەڵ کردووە و سنوورەکانی نێوانیانی کاڵ کردۆتەوەو لەگەڵێک شوێنی نێو دەقەکەدا گێڕانەوەی بەشیعر سپاردووە. وەکو لە چاپتەرەکانی (٤،٧،٩،١٠،١١)دا شیعر ڕووداوەکان و وەسفەکانی نێو گێڕانەوەى لە ئەستۆ گرتووە.

لەزمانی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس کەمتر پەنای بۆ بەکارهێنانی وشەی بێگانە بردووە، مەگەر چەند وشەیەکی کەم نەبێت کە ئەویش زیاتر بە فۆنەتیکی کوردی نووسراونەتەوە، وەکو (سکوت، سوکنایی،حوزوور، ئامان، غەیب، خەیار، حیرس، فەرەحنایی، حەرف.. تاد). هەروەها چەند هەڵەیەکی زمانەوانی تێدا بەرچاو دەکەوێت کە ڕەنگە زیاتر ئەمانە هەڵەی چاپ بن، هەر چەندیش ئەم هەڵانە یەکجار کەمن و کاریگەرییان لەسەر ڕۆنانی دەقەکەدا نییە، وەکو:

"ڕەنگە ئەگەر لە بارودۆخێکی دییکە بووایە، یان کاتێکی دییکە و شوێنێکی دییکە..." ل١٧

لێرەدا (دییکە) بەم شێوەیە هەڵەیەو ڕاستیەکەى (دیکە) یە، واتە بەیەک (ی) دەنووسرێتەوە، لەتەواوی ڕۆمانەکەدا دیکە بە دوو (ی) نووسراوەتەوە کە هەڵەیە.

"یان بتوانم چییتر هنگاو بنێم.." ل٨٦

(چییتر) بە دوو(ی) هەڵەیەو ڕاستییەکەی (چیتر) ە بەیەک (ی) و (هنگاو)یش هەڵەیە و ڕاستییەکەی (هەنگاو)ە.

"بەیانی زوو ڕۆژی دوات لەماوەیەکی کەمدا.." ل٩٦

(ڕۆژی دوات) هەڵەیە و ڕاستییەکەی (ڕۆژی دواتر)ە،

"پیت و دێڕ و وشە لێک دابڕێن و هێزی نەبێت بیانگەیەنێتەوە یەک..."ل٥

(هێزی) هەڵەیە و ڕاستییەکەی (هێزێ)یە.

## کات

کاتی دیاریکراوی ڕۆمانەکە لەو شەوەوە دەستپێدەکات کە نەوزاد بڕیاری کۆچکردن دەدات و تا ئەو کاتەی لەنێو بەفردا دەمرێت دەخایەنێت کە حەوت ڕۆژ و حەوت شەوی پێدەچێت:

" حەوت شەو و حەوت ڕۆژە لەهەوڵی خۆڕزگار کردنین..." ل٤٧

"ئەمڕۆ بوو بە حەوت شەو وحەوت ڕۆژ بەرێوەین و دەڕۆین..." ل٦٥

ئەو کاتە، کاتی ڕووداوی چیرۆکەکەیە و دواتریش بارودۆخی چەند مانگێک دوای ئەو کۆچکردنە دیاری دەکات:

"چەند مانگێک بەر لە ئەمڕۆ نەوزادی برام بەهەمان شێوە ماڵ و خانووی خۆی فرۆشت و..." ل٤٤

واتە کاتی ڕۆمانەکە دیاریکراوە، وەلێ لەنێو ئەو کاتە دیاریکراوەشدا چەندین کاتی دیکە دەستنیشان دەکرێن و سنووری کاتەکە فراونتر و مەودا درێژ دەکەن، ئەو کاتە دیاریکراوەی نێو ڕۆمانەکە بەکاتی ناوەوەی ڕۆمان ناسراوە و کاتە زیادەکەش بە کاتی دەرەوەی ڕۆمان ناونراوە (١٨). ئەو کاتانەی کە ڕۆماننووس بەهۆی

زیادکردن و باسکردن لێیانەوە مەودایەکی فراوانی بە کاتی دیاریکراوەکە بەخشیوە. بەهۆی باسکردنی چیرۆکەکانی خاڵی و باپیرەی و داپیرەی و هەروەها گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی منداڵی و باسکردنی ژیانی مرۆڤی سەردەمانی کۆن و ژیانی هاوڕێییەکانی، بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی فلاش باگ و مەنەلۆگ و هونەرەکانی شەپۆلی هۆشەوە.

کات لەم ڕۆمانەدا پارچە پارچەکراوە، واتە کاتەکە لە ئێستادا ئاراستەی بەرەو ڕابردوو و داهاتوو لەجووڵاندایە و چەسپاو و سەقامگیر نییە و (بەتێکەڵ بوونی لەگەڵ ئەفسانەو خەون و خەیاڵ لە ڕێڕەوە باوەکەی (ڕابردوو- ئێستا - داهاتوو) لادەدات و پێش و پاش یان پێچەوانەی تێدەکەوێ)(١٩)، واتە کاتەکە لە ئێستادایە و بەهۆی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و پێشخستنی بۆ داهاتوو چەسپاوی تێدا دیارناکەوێت، بۆ نموونە لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا هاتووە:

"شەوێکی دەرنگ و بەفراوی سارد بەڕێ کەوتم""یەکەم جار چوومە ماڵی ئازادی کوڕی پوورم.." ل٣

واتە کاتی گێڕانەوەکە شەوە، بەڵام دواتر بەهۆی تەکنیکی گەڕانەوەیان دواخرا، کاتی هاتنی بۆ ماڵی ئازادی کوڕی پووری دیاری دەکات:

"کاتێک ماڵی خۆمانم بەجێ هێشت بەیانی بوو..."،"لەماڵی ئازاد تا ئێوارە خۆم بە هەندێک شتەوە خەریک کرد.." ل٤ واتە نەوزاد لە بەیانییەوە چۆتە ماڵی ئازادی کوڕی پووری و شەو کە ئەو کاتە دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەکات هاتۆتە دەرەوە و دەستی بە کۆچەکەی کردووە.

لە چاپتەری (٥) دا چیرۆکبێژ لەگێڕانەوەی ڕەوتی سەفەرکردنەکەیدایە و دەڵێت:

"ئەمە چەند شەو و ڕۆژێکە بەڕێوەین..." ل٤٠

دواتر لە سەرەتای چاپتەری (٦)دا بە بەکارهێنانی تەکنیکی پێشخراوی کات، کاتەکە بەرەوە داهاتوو پێشدەخرێت و باس لە چەند مانگێک دوای ئەو کۆچکردنەی نەوزاد دەکرێت:

"چەند مانگێک بەر لە ئەمرۆ نەوزادی برام بەهەمان شێوە ماڵ و خانووی خۆی فرۆشت و..." ل٤٤

هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی مۆنتاژی کاتەوە لەسەر مەنەلۆگ، گێڕەرەوە ئاراستەی کاتەکانی ئاوێتەی یەکتر کردووە و لەئێستاوە بەرەو ڕابردووی بردووە:

"جاران ئەو کاتەی هێشتا ئەو نەخۆشییە درمە نەهاتبووە وێزەمان.." ل١٢

لێرەدا نەوزاد بەهۆی مەنەلۆگەوە کاتەکەی دەباتەوە ڕابردوو و باس لە پێش هاتنی دیاردەی کۆچکردن دەکات، لەکاتێکدا کە خۆی لە کۆچکردندایە.

بێ گومان ئەو وەرزەی کە نەوزاد کۆچەکەی تێدا ئەنجام داوە زستان بووە، وەلێ لەنێو ڕۆمانەکەدا ڕاستەوخۆ ناوی زستان نەهاتووە، بەڵکو بەهۆی سەرما و ڕەشەبا و بەفر و زریان و بارانەوە ئاماژەی بۆ کراوە.

بەگشتی لە ڕۆمانەکەدا ئەو کاتانە دەستنیشان کراون(شەو، بیست و چوار سەعات، بەیانی، دوو ڕۆژ پاشتر، تا ئێوارە، (١) ی دوای نیوەشەو، دووساڵ پترە، ڕۆژ تا ئێوارە، وەختی خۆی، لەئێوارە تا بەرەبەیانی دووەم ڕۆژ، شەوی یەکەم، سێ مانگ، پێنج شەممە، هەینی، دەقیقە و سەعات، ساڵی ١٩٦٣، جاران، پاش چەند ساڵێک... تاد).

## شوێن

شوێن لەم ڕۆمانەدا بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیە و خاوەن دەسەڵاتێکی فراوانە لە چنینی ڕووداوەکاندا، چونکە کرۆکی چیرۆکە کە گواستنەوەی شوێنە ،بێزاربوونە لە شوێنێک لەبەر هەر هۆیەک بێت و سەفەرکردنە بۆ شوێنێکی دیکە، واتە شوێن کاریگەرییەکی هزری و ماددی بەسەر کەسایەتییەکانەوە هەیەو پانتایی و شانۆی سەرەکی ڕووداوەکان پێکدەهێنێت. لەم ڕۆمانەدا چەندین شوێن بەدی دەکەین:

١. شوێنێکی واقیعی: ئەو شوێنەیە کە پاڵەوان لێی بێزارە و چەندین جار هەوڵی داوە لێی دەرباز بێت کە ئەویش شارو وڵاتەکەی خۆیەتی، واتە شوێنەکە ناهۆگرە و نەویستراوە.

٢. شوێنێکی خەیاڵی: ئەو شوێنەش دەرەوە(خاریجە)، هەرچەندە ئەو دەرەوەیە شوێنێکی واقیعییە و بوونێکی فیزیکی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی گەیشتن پێی سەرکێشییەکە بە ڕوح، هەروەها پاڵەوانیش لەم ڕۆمانەدا نایگاتێ و لەدواجاردا تەنیا بەخەون وەک دێوەرەیەک پێی دەگات، واتە ئەو شوێنە هۆگرەو ویستراوە.

٣. شوێنێکی بزر و نادیار: ئەو شوێنەیە کە ناو

بەرزایی و چیاکانەوەیە و هەر چەندە بەشێوەیەکی گشتی دیارە کە ناوچەکانی سەر سنوورە، بەڵام ناوچەکانی سەر سنوور زۆرن، بۆیە دیاری نەکردنی بەمانای بزر و نادیار دێت، سەرەڕای ئەوەش رووداوی بەمەرگبوونیان لەوێ دەبێت، بۆیە رۆمانووسیش هەوڵی داوە ئەو شوێنە بەنادیاری بهێڵێتەوە:

"کێ دەزانێت ئێرە کوێیە؟ یان کەوتۆتە کوێ؟ ئێرە لەسەر نەخشەی بووندا بوونی نییە، کەس نازانێت چەند لەشارو ئاوەدانی دوورە؟ ناوی چییە...." ل٤١. ئەو شوێنە، شوێنێکی ناهۆگرە و نەویستراوە.

لەناوەڕاستی رووداوەکاندا، کاتێک نەوزاد و هاوڕێکانی لەنێو چیاکاندا رووبەرووی مەرگ دەبنەوە، ئەوکات پەشیمان دەبنەوە، بەمەش شوێنیش لەرووی دەروونییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەو شوێنەی کە شارو وڵاتەکەیانە، بە ئاواتەبوون لێی دەرباز بن و لەلایان ناهۆگرو نەویسترابوو، بارەکە بەهۆی کاریگەری رووداوەکانەوە لەلایان پێچەوانە دەبێتەوە و دەبێتە هۆگر و ویستراو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەندەران بە لەباری و هۆگری و ویستراوی دەمێنێتەوە، وەلێ نە بە هەندەران دەگەن و نەدەشتوانن بگەڕێنەوە شار و وڵاتەکەی خۆیان.

لەبەر ئەوەی شوێن کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر دەروونی کۆچکەرەکان هەیە، هەروەها قورساییەکی تەواویشی لەسەر رووداو هەیە، بۆیە دەبینین رۆماننووس مۆنتاژی شوێن دەکات و شوێنەکان لەناو یەکدا دەهێنێت و لەدیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکەی شوێن، گۆڕانکاری دەکات، هەر بۆ نموونە کاتێک نەوزاد ئەو شەوە ماڵی ئازادی کوڕی پووری جێ دەهێڵێت و کووچە و کۆڵانەکانی شارەکەی تەی دەکات بۆ ئەوەی بگاتە ماڵی قاچاغچییەکە، بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی فلاش باگەوە، شوێنەکە دەگوازرێتەوە:

"کە منداڵبووم بەدەیان جار دایکم دەیبردمە سەر گۆڕی خاڵۆی جوانەمەرگم، ئەو خاڵۆیەی بە نامورادی لە رووداوێکی دڵتەزێندا بەناحەق دوور لە زێدی باب و باپیرانی ساڵی ١٩٦٣ لە قوتابخانەی کشتوکاڵی بەکرەجۆ کوژرا.." ل٨

شوێن لێرە لەناو کووچە و کۆڵانەکانی شارەوە گواستراوەتەوە بۆ گۆڕستان و دواتر بۆ ناوچەی بەکرەجۆ و لەوێش بۆ قوتابخانەی کشتوکاڵی بەکرەجۆ.

یان بەهۆی بەکارهێنانی مۆنتاژی شوێن لەسەر مەنەلۆگ، شوێنەکان دەگوێزرێنەوە، بۆ نموونە کاتێک نەوزاد لە رێگا و لەناو بەفردایە لەمەنەلۆگێکدا هاتووە:

"لەوێ لە هیچمان کەم نەبوو، خاوەن پیشە و موڵک و ماڵ بووین، خانوو وحەوشەو باخچەمان هەبوو..." ل٢١

لێرەدا شوێن لەنێو چیاکانەوە گواستراوەتەوە بۆ شارو خانوو و حەوشەو باخچەکەیانەوە.

بە گشتی لە رۆمانەکەدا شوێنگەلێکی زۆر دیاری کراون، وەک: (شار، ماڵی ئازادی کوڕی پووری، ماڵی خۆیان، خاریج، باخچەی ماڵەوەیان، ژووری نازەنین، کۆڵان و شەقامەکانی شار و گەڕەکەکەیان، ماڵی قاچاغچییەکە، باخچەی گشتی، گۆڕستان و نەخۆشخانە و هۆڵ....... تاد).

## ئەفسانە و فۆلکلۆر

مەزراندنی بابەتەکانی ئەفسانە و پەندو بابەتە فولکلۆرییەکانی دیکە لە بۆتەی دەقی رۆماندا، رۆڵێکی گرنگ لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوایەتیدا دەگێڕێت، بەکارهێنانی ئەفسانە وەکو هێمایەک و وێنەو رەمزێک کە تێکەڵ بە بنیادی دەقەکە کرابێت، بە یەکێک لە رەگەزە سەرەکییەکانی رۆمانی نوێ دادەنرێت، چونکە ئەفسانە (شوێنێکە ململانێیە دەروونییەکانی تێدا روودەدەن)(٢٠)، ئەمەش زیاتر رۆماننووس دەستکراوە دەکات لە دەربڕینی ناخی کەسایەتییەکانی، لەم رۆمانەدا ئاماژە بە چەند ئەفسانەیەک، یان هێمای ئەفسانەیەک دراوە، وەک:

"دەبوو بە ماری حەوت سەر و چەقۆ و خەنجەر...." ل١٧

ئاماژەدان بە ماری حەوت سەر،کە لە زۆرێک لە ئەفسانەکاندا مار وەکو هێمایەک بەکارهاتووە و ئامادەیی هەیە.

"سەردەم سەردەمی پەیدابوونی خدری زیندە و سیمرخ و بەرانی سپی نییە.." ل٦٧

ئاماژەدان بە ئەفسانەکانی (خدری زیندە) و (سیمرخ) و (بەرانی سپی) و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئیتر زەمانی ئەمانە بۆ ئەنجامدانی کار و کردەوەی باش بەسەرچووە و نایەتەوە.

"ئێمەش ئەحمەد نین حەوت ساڵ بەدوای دێوی رەشدا

بچینە چیای قاف و ئینجا بەسەلامەتی بگەڕێینەوە..) ل ٦٧

ئاماژەدان بە ئەفسانەی ئەحمەدی شێخ و دێوی ڕەش و ئاماژەدان بە توانای لەبن نەهاتووی ئەحمەدەوە.

داستان و حیکایەتە فۆلکلۆرییەکانی کوردیش بەهەمان شێوە وەکو هێمایەک لەنێو ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، وەک:

"سیامەند، سیامەندی چاوگەش

سیامەند، سیامەندی بەژن زراف.." ل٨٣

باسکردنی داستانی خەجێ و سیامەند، هەروەها هاوارکردنێکە بۆ سیامەند تا لەو نەهامەتییەی سەفەرەکە ڕزگاریان بکات.

هەروەها بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی لاوک و حەیران، وەک:

"دەلۆی لۆ... دەلۆی لۆ

لە چیای سیپانێ

لەبنی پێمەوە تا تەوقی سەرم بەفرەو بەفرە و بەفر..." ل٨٤

"دەلۆی لۆ.... دەلۆی لۆ

لە خۆم غەریب و بێ کەسا...." ل٨٧

تێکەڵکردنی دابونەریتی میللی و کۆن و ئاوێتەکردنی لەنێو دەقەکەدا، وەکو زیارەتکردنی گۆڕستان لە هەموو ڕۆژانی پێنج شەممەو ئاماژەدان بەو چیرۆکە ئەفسانەییەی کە گوایە مردووەکان لەو ڕۆژەدا زیندوو دەبنەوە و چاوەڕوانی کەسوکارەیان دەکەن:

"بەمەزەندی خۆی مردوو لە ڕۆژی دیاریکراودا زیندوو دەبێتەوە و بەیانی زوو خۆی بۆ دیداری چاوەڕوانکراو ئامادە دەکات." ل ٨

هەروەها بەکارهێنانی ژمارە (٧) کە لە ئەفسانە و حیکایەت و دابونەریتی میللەتاندا خاوەن چەندین هێما و ڕەمزی جۆراجۆرە ژمارە(٧) تەنیا ژمارەیەکی ماتماتیک و ژمێریاری نییە، بەڵکو لە بیروباوەری میللەتاندا بەدرێژایی مێژوو بارێکی وەرگرتووە لە چوارچێوەی بەکارهێنانە باوەکانیدا، بەتایبەتیش لە هەردوو بواری ماتماتیک و ژمێریاریدا چۆتە دەرەوە)(٢١). وەک :

"ئەمڕۆ بوو بە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بەڕێوەین و دەڕۆین..." ل٦٥

نەوزاد لە کۆچکردنەکەیدا حەوت شەو وحەوت ڕۆژی پێچووە و تا لە دواییدا کۆچی دوایی کردووە.

بەکارهێنانی پەندی پێشینان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، وەک:

"ئاو لە چۆڵەوانی ئاوەدانییە، ئەی نەیانگوتووە ئاو و ئاوەدانی.." ل٤٠

ئەو پەندە (ئاو و ئاوەدانی) ڕۆمانووس بەبێ زیادە خستنە سەرێک، یان دەستکاری کردنێک و کەم کردنەوەیەک وەکو خۆی بەکاری هێناوە.

وەرگرتنی بەشێک لەپەندو تێکهەڵکێش کردنی لەگەڵ ئەو مەبەستەی کە ڕۆمانووس دەیەوێت دەری ببڕێت، وەک:

"دنیا ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نییە، ئەمە دنیایە و چاو بە چاو دەکەوێتەوە.." ل ٤٠

ئەمەش ئەو پەندەیە کەدەڵێت(چاو بەچاو دەکەوێت، بەڵام چیا بە چیا ناکەوێت)، لێرەدا ڕۆمانووس ئاماژەی بە ڕاکردنی قاچاغچییەکە داوە کە ئەوانی بەجێ هێشتووە و سوونەتی ژیانیش وایە کە ڕۆژێک هەر دێت باجی ئەو زوڵمە بدات و ئەگەر کۆچکەرەکانیش نەبن، ئەوە کەسوکارەکانیان چاویان پێی بکەوێتەوە و تۆڵەیان بۆ بکەنەوە. واتە ڕۆمانووس تەنیا بەشی یەکەمی ئەو پەندەی بەکارهێناوە، بەڵام بەدووبارکردنەوەی هەمان مەبەستی پەندەکەوە.

## سروشت و وەسفکردنی سروشت

سروشت هەموو ئەو دەوروبەر و ژینگەیەمان دەگرێتەوە کە تێیدا دەژین و دەکەونە بەر هەستەکانمان و کاریگەری لەسەر ناخ و دەروونمان جێ دەهێڵن. لەسەرەتای بوونەوە سروشت و مرۆڤ هاوکێشەی یەکتر بوونە و سروشت وەکو شانۆیەک وابووە بۆ مرۆڤ کە هەوڵی داوە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی تێدا جێبەجێ بکات، بۆیە نووسەران لەنێو بەرهەمەکانیاندا بایەخێکی تەواویان بە سروشت داوە، ئەمەش زیاتر وەکو چوارچێوەیەک بووە بۆ باسکردنی ڕووداوی چیرۆک و کەسایەتییەکانیان، بۆیە (لە زۆر حاڵەتدا دەبینین نووسەر وەسفکردنی سروشتی وەک هۆکارێک بۆ گوزارشت کردنی لە حاڵەتی مرۆڤ بەکارهێناوە)(٢٢).

سروشت بەگشتی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت: (١) سروشتی بێ گیان. (٢) سروشتی زیندوو(٢٣).

سـروشت لەم ڕۆمـانەدا پێگەیەکی بەهێـزی هەیە و وەسـفکردنی سـروشت بەهەردوو جـۆرەکـەیەوە تێکەڵ بەخەیاڵ و فـەنتازیا کراوە، چەندین دیمەنی جوان تژی لە ئیـستـێتـیکای لێ دروستکراوە و لەو ڕێگایەوە ناخی کەسایەتییەکان تێکەڵ بە دەریا و بەفر و باڵندەو سیمرخ بووە و هەست و سوزی ئەوانی بۆ دیارخستـووین، چونکە وەسـفکردنی سـروشت(ڕاڤـەکـردنی هەسـتـە مرۆڤـایەتیـیـەکـانە، ڕاڤـەکـردنێک دەگـاتە قـوولایی دەروونەوە)(٢٤) و ئەو وەسـفکردنە لە ڕۆمـانی نوێدا (لەناخی کەسیەتییەکانەوە هەڵدەقوولّی و گوزارشت لە شتەکـانی دەرەوەی ئەوان دەکات، بە قەد ئەوەی کە ئەو شتانە کار دەکەنە سەر دەروونی ئەوان و کاردانەوەی تێدا دروست دەکەن)(٢٥). بۆ ئەم مـەبەسـتـەش ڕۆمـاننووس دیاردە و گـیـانداریکی زۆری لەگـەڵ کـەسـیـەتیـیـەکـاندا ئاوێتـە کـردووە و سـیـماو خـەسـڵـەتەکـانی سروشتی بە ڕەنگە هەمـەجـۆرەکـانەوە ڕەنگدانەوەیان لەسـەر ناخی کەسایەتییەکاندا بەجێ هێشتـووە، سەرەڕای ئەمەش لە کەرستەو ڕەنگ و دیاردەکانی سروشتەوە چەندین تابلۆ و بۆرتریتی جـوانی لێ دروسـتـکراوە و هەست دەکـەی لەبەرانبەر تابلۆیەکانی نێو پێشانگایەکی سروشتیدایت.

"شـەوێکی دەرنگ و بەفـراوی سـارد بەرێ کـەوتم و پشتم لە هەموو شتێکی شارەکەم کرد..." ل ٣

ئەمـە یەکـەم دێری ڕۆمـانەکـەیە کـە دیارە بە وشـەی (شەو) دەست پێ دەکات کە ڕەگەزێکە لە سروشت. شەو سـەرەتای کـاروانی ڕۆیشـتنی نەوزادە بەرەو هەندەران. هەڵبژاردنی شەو چەندین مانا و دەلالەت لەخۆ دەگرێت، شـەو تاریکـیـە و تاریکیش جـۆرە ترس و حـاڵـەتێکی پەشـۆکـاوی بەخـۆوە گـرتووە. شـەو واتای تاریکی و دواکـەوتن و ناخـۆشی دەگـەیەنێت، زەنگێکە بۆ بەدواداهاتنی کـارەسـات و وەیشـوومـەیەک. لە ڕووی دەروونیـشـەوە مـرۆڤ هەست و سـۆزی لەشـەودا زۆر جیـاوازترە وەک ئەوەی لە ڕۆژدا هەیەتی و بەسـروشـتی خۆی مرۆڤ لەشەودا زیاتر ڕۆدەچێتە ناخی خۆی و زیاتر گوێ بۆ هەست و نەستەکانی ناوەوەی خۆی شل دەکات و زیاتر بەرەو بیرکردنەوەی قووڵ دەچێت. ئەم خاڵە دەستی ڕۆمانننوس زیاتر کراوە دەکات، بۆ ئەوەی بچێتە پەناگەو گۆشە دەروونییەکانی کەسایەتییەکانی، دیارە ئەو شەوەی نەوزاد بڕیاری کـۆچکردنی داوە، شـەوێکی ئاسـایی نەبووە:

"شەوی ئاسایی شەوێکی تاریک و ڕەشە"، "بەڵام ئەو شـەوەی بەڕێوەیە ڕەشـەباو کـارەسـات بەدوای خـۆیدا دەهێنێت" "شەوی سپی نیشانەی زۆرانبازی و لاوازبوون و ڕوح کێشانی بوونەوەری وەک ئێمەیە" ل٢٠.

لەو شەوەدا کە نەوزاد و هاوڕێکانی وڵات جێ دەهێڵن سەرەڕای ئەوەی کشومات و چۆڵوهۆڵە، بەفر و باران و ڕەشەبایە، ئەو بەفرو سارديیە تا دوا ساتەکانی مەرگیان چ لە شـار و چ لەنێـو چیـاکـاندا بەردەوام دەبێت. ڕۆماننووس لە تەوزیفکردنی بەفرو باران و ئەو ساردییە بۆ نێـو ڕۆمـانەکـەی زیاتر مـەبەسـتی وێرانبـوون و هەڵوەشاندنەوەی بەها کۆمەڵایەتییـەکـان و نائومێدی و تەنیـایی و کـەسـاسی ئەم وڵاتە دەگـەیەنێت و هەر زوو بەهۆی ئەو ڕەشەبا و بەفرە کەسایەتییەکان دەخاتە نێو چاوەڕوانییـەک بۆ هاتنی کـارەسـات و ناخـۆشی. هەر چەندە بەفر و باران لەدێر زەمانەوە واتای خێر و خۆشی و بەپیـتـیـان گـەیاندووە، وەلێ ڕۆمـاننووس بەفـر و باران وەکـو ڕەمـزێکی سـتـەم کـردن و وێرانبـوون و زۆرداری بەکارهێنراوەو خۆشی باس لەم بارە دەکات و دەڵێت:

"ئاو لە هەر کـوێ هەبێت ئاوەدانی لەوێیـە، بەفـریش بەهەمـان شێوە،بەڵام لێرە بەفر بۆ ئێمە بووەتە سەرچاوەی ترس و گومان و...." ل٤٠.

"هەندێک جار سروشتیش دەبێتە دوژمنی مرۆڤ، بەفر و زریان و تاریکی، هەوراز و دڕندە و گـورگ هەنگاو بەهەنگاو بەدوامانەوەن.." ل٧١

بێ گـومـان نووسـەر ئازادە لەوەی چۆن ئەو ڕەگـەزانەی سروشت بە چ مـەبەست و مـەغـزایەک بەکـار دەهێنێت، ئەمـە لە ئەدەبی کـوردیدا لەلایەن شـاعـیـرانەوەش ئەم ڕەگـەزانە بەپێی مـەبەست و ئامـانجی شـاعـیـرەکـان بەکـارهاتووە، ئەوەتا گـۆران بەهەمـان شـێوە بەفـر و بە ستەمکار لەقەڵەم دەدات:

**درەختی هەڵوووژەی بەفر داپۆشیو**
**دارسێوی ڕازاوەی بەپۆپلانی زیو**
**هەلالەی وەراندن تەوژمی باران**
**وەک بووکی ڕووت کراو کەوتووەتە گریان**
**هەتا: ئەمەیە دیمەنی وەشتی نیسان**
**پێشێلی ستەمە گشت شتێکی جوان (٢٦)**

هەروەها هێمنی شاعـیر بەهەمـان شـێوە ناڕەزایی و

نائومێـدی خـۆی لەدەست وەرزی زسـتـان دەردەبڕی و دەڵێت:

**ڕێبەندان! دیسان هاتیەوە سەرمان**
**ڕەقمان هەڵبێنێ دیسان لەسەرمان**
**بەسۆزی زریان پیاو دەکەی سڕ**
**بەکڕێوە و باکوت ئاژەڵ دەکەی قڕ**
**ڕێوبان دەبەستی بەفر هەموو**
**لەبەر پەساران هەڵدەتێنێ ڕنوو (٢٧)**

لە سـروشـتی بێ گـیـاندا لەنێـو ڕۆمـانەکـەدا ئەمـانە بەکارهاتوون: (بەفر، ئاسمان، گەڵای هەڵوەریو، مانگ، ئەستێرە، چللورە، ڕەشەبا، فیکەفیکی با، هەور، لقی دار، کـالـپـتـۆز، هەنجـیـر، دار بەڕوو، مـازوو، دەریا، ئەشکەوت، تاڤگە، دۆڵ، چیـا، بەرد، گـەردەلـوول، دەشـتـایی، کـانیـاو، ڕووبار، دارسـتـان، دار پرتەقـاڵ، دارچنار، شـووتی، خـەیار، گندۆرە، زەیتـوون، ترێ، ڕیحان، هەڵاڵە، بەیبوون، پەڵکی پیاز، گەنم... تاد).

لەسـروشـتی گـیـانداریش ئەمـانە بەکـارهاتوون: (مێروولە، سەگ، پشیلە، ئاژەڵی کێوی،کرم، قالۆنچە، مێـشـوولە، مشک، مـار، باڵندە، مـاری حەوت سەر، گـورگ، مـاسی، چۆلەکە، داڵ، پەپوولە، ئێـسـتـر، گوێ درێژ، سیمرخ، مێش هەنگوین، مەڕ، مانگا، مریشک، ورچ، دووپشک، قـوم قـومـۆک، جـۆبرکـە، کـۆتر، ولاغ، بزنەکێوی، ئاسک، سوێسکە، تیترواسک، ئەسپ، بلبل، پەڕەسێلەکە.... تاد).

بەکارهێنانی ڕەنگ لەو ڕۆمانەدا هێماو دەلالەتی خۆی هەیە و ڕەنـگ (بۆخـۆی زمـانێـکی تایبـەتی خـۆی هەیە)(٢٨) و هەر ڕەنگێک دەلالەت لە شـتـێـک و ڕووداوێک دەکـات. بەکـارهێنان و وەسـفکردنی ئەو ڕەنگانە لەنێو پانتایی ڕۆمانەکەدا جیا لەوەی کاریگەری ناخی کەسایەتییەکان دیاری دەکات، لەهەمان کاتیشدا وەکو ڕەگەزێک بەشداری لە پێکهێنان و دروستکردنی وێنەکان دەکات و فـەزایەکی فـانتـازی و ڕەنگاوڕەنگ لەبەردەم خوێنەردا دروست دەکات.

### ئەنجام

(١) ڕۆمـانەکە، تەوزیفکردنی کـارەساتە، کارەسـاتی کۆچکردن کە میللەتی کورد بەزۆرەملێ بێت،، یان بەهۆی پاڵەپەستۆ و هۆکارگەلێکەوە بە ناچاری ولاتەکەی خۆی بەجێ هێشتبێت.

(٢) هەرچەندە کـرۆکی ڕووداوەکـە بریتـیـیـە لە کـۆچکردن، وەلێ چەمکی مـەرگ زۆر زاڵـترە لە چەمکی کۆچکردنەکە و هەر لەسەرەتاوە خوێنەر لەگەڵ کارەساتی مـەرگـێکی چاوەڕوانکراودا ڕووبەڕوو دەکرێتـەوە، ئەگـەر دیقـەتیش لە ناوونیـشـانی ڕۆمـانەکـە بدەین دەبینین(دوانامە) کە ئاماژەیە بۆ مەرگ پێش(دێوەرە) کە ئاماژەیە بۆ کۆچکردن کەوتووە.

(٣) ڕەنگدانەوەی ڕیالیـزمی سیـحـری و تەکنیکە نوێیـەکـانی ڕۆمـانی هاوچەرخ لە ڕۆمـانەکـەدا بەرچاو دەکـەون، هەر لە بەکـارهێنانی ئەفـسـانە و فـۆلکلۆر و پەندی پێـشـینان و زمـانێکی خـەیاڵی و فـەنتـازی و هێـمادار و ڕستـەی کورت و مۆنتـاژی کات و شـوێن و بەکارهێنانی تەکنیکی خەون و فلاش باگ و.... تاد.

(٤) شوێن لە ڕۆمانەکەدا پانتاییەکی فراوانی گرتووەو کـرۆکی ڕووداوەکـەیە و کـە بریتـیـیـە لە کـۆچکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، بەمەش کاریگەری لەسەر هزر و بڕیار و ئامانجی کەسایەتییەکە هەبووە.

(٥) سروشت بەهەردوو جۆرەکانیـیـەوە گیـاندار و بێ گـیـان و وەسـفـکردنی بایەخـێکی تەواوی پێـدراوە و ڕۆمانەکە وەکو فەرهەنگێک دێتە بەرچاو کە ناوی دیاردە سروشتییەکانی تێدا تۆمار کرابێت.

(٦) ئەم ڕۆمـانە دەچێـتـە خـانەی ڕۆمـانی کۆمـەڵایەتییـەوە، بەهۆی ئەوەی کێـشـەیەکی کۆمـەڵگەی باسکردووە و تیـشـکی خـسـتـۆتە سـەر و کـاریگەری و ڕەهەندەکـانی ئەو کـێـشـەیەی دیاری کـردووە، هەروەها ڕۆماننووس ڕای خۆشی بەرانبـەر بەو کێشـەیە خسـتۆتە ڕوو و ئەو کێشەیەی بەنەخۆشی ناوبردووە.

**پەراوێزەکان:**

١٧- سـابیـر ڕەشـیـد، ڕۆمـانی کـوردی، خوێندنەوە و پرسـیـار، بەشی یەکەم، دەزگای ئاراس - هەولێر ل١١٤

١٨- سـابیـر ڕەشـیـد، ڕۆمـانی کـوردی، خوێندنەوە و پرسـیـار، بەشی یەکەم، دەزگای ئاراس - هەولێر ل٢٢٠

١٩- ڕەنگدانەوەی ڕیالیـزمی سـیـحـری، هەمـان سـەرچاوەی پێشوو ل١٤٩

٢٠- د. ڕانیا سەمارە، ئەفسانە و ئەدەب، و: حوسێن سابیر عەلی، چاپخانەی شەهاب - هەولێر ل٣٠

٢١- حوسێن سابیر عەلی، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانیدا، نامەی ماستەر ل٧٥

٢٢- عبدالله خمار، فن الكتابة تقنيات الوصف، اصدار خاص بالانترنت، الجزائر، ٢٠٠٥

٢٣- د. فازیل مەجید مەحموود، سروشت لە شیعری گۆران، چاپ و بەخشی سەردەم ت - سلێمانی٢٠٠٧ ل ١٥

٢٤- د. فاضل عبود التميمي، البناء السردي في شعر شێرکۆ بێکەس، چاپ و پەخشی سەردەم - سلێمانی٢٠٠٨ ل ١٢

٢٥- نەجم خالید ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، چاپ و پەخشی سەردەم - سلێمانی٢٠٠٤ ل ٣٠٣

٢٦- دیوانی گۆران، بڵاوکرنەدەوەی پانیز، چاپی دووەم ١٣٨٥ - تەهران . ل ١٤٤

٢٧- دیوانی گۆران، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی چوارچرا، سلێمانی، ل١١٨

٢٨- عبدالله خمار، فن الكتابة تقنيات الوصف، اصدار خاص بالأنترنت، الجزائر،٢٠٠٥.

**سەرچاوەکان:**

* کتێب

**(أ) کوردی:**

١- دونامەی دێوەڕەیەک، ڕۆمان، سەلاح عومەر، لەبڵاوکراوەکانی مانگنامەی بەدرخان، ٢٠٠٣.

٢- ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکەمەم بۆتانیدا، حوسێن سابیر عەلی، نامەی ماستەر، ٢٠٠٨

٣- ڕۆمانی کوردی، سابیر ڕەشید، بەشی یەکەم، دەزگای ئاراس - هەولێر ,٢٠٠٧

٤- بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، نەجم خالید ئەڵوەنی، چاپ و پەخشی سەردەم - سلێمانی، ٢٠٠٤

٥- ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری کوردیدا، پەروین عەبدوڵلا، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨

٦- ئەفسانە و ئەدەب، د. ڕانیا سەمارە، و: حوسێن سابیر عەلی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨

٧- سروشت لە شیعری گۆران، د. فازیل مەجید مەحموود، چاپ و پەخشی سەردەم ت - سلێمانی ٢٠٠٧.

٨- دیوانی گۆران، بڵاوکراوەی پانیز، چاپی دووەم،تەهران ١٣٨٥.

٩- دیوانی هێمن، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی چوارچرا.

١٠- د. شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي، اربيل، ١٩٨٩

١١- حوسێن عارف، چیرۆکی هونەری کوردی، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧

١٢- پ. ی. د. هیمداد حوسێن، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی - دهۆک، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٧.

**(ب) عەرەبی:**

١٣- البناء السردي في شعر شێرکۆ بێکەس، د. فاضل عبود التميمي، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨

١٤- عبدالله خمار، تقنيات الدراسة في الرواية، (١) الشخصية، اصدار خاص بالانترنيت، الجزائر، ٢٠٠٥

١٥- عبدالله خمار، فن الكتابة تقنيات الوصف، اصدار خاص بالانترنت، الجزائر،٢٠٠٥

* گۆڤار:

١٦- گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤١) خولی سێیەم، ساڵی سێزدە، شوباتی، ٢٠٠٩

١٧- گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی دوازدە ژمارە (١٢٥) تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧

١٨- گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی یازدە، ژمارە (١١٠) کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦

١٩- گۆڤاری ئاینده، ژمارە (٧٤) ئەیلوولی ٢٠٠٧

٢٠- گۆڤاری کۆچ، ژمارە(٩) ی ساڵی ، ٢٠٠٨

٢١- گۆڤاری (پێشکەوتن) ژمارە (١٥٦)ی بەهاری ٢٠٠٩.

# هەر بابەتە و ئاوڕێک
# (چاپەمەنی ئەدەبی منداڵان)

**سەدرەدین نوورەدین ئەبوبەکر**

**(١ - ٢)**

ئەگەر سەردەمی منداڵی خۆمان بیر بکەوێتەوە، ئەوە دێتەوە یادمان کە هەندێک منداڵ بزۆز و گەڕفرۆش و زۆر پرسیار و نەحەجماون. زۆریش وازیان لە زۆرەبانێ و گەمە و گاڵتە و گاڵەدان و خلچاندن و کووکە نانەوەیە. «خووی شیری هەتا پیری». ئێستاش ناوە ناوە، بە دیدو بیری ئەوساوە، حەزدەکەین بابەتێک بووروژێنین. دەڵێن: کات لە مرۆی ناڕاوەستای بێکار، ڕادەوەستێت، گێچەڵێک هەڵنەگیرسێنێت بەخۆی ئاگر دەگرێت.

منداڵ لە هەڵسوکەوت وخوێندنەوە و بیرکردنەوەشیدا هەر منداڵە، نازانێت هەڵەی چاپی و ڕێنووسی و زمانەوانی و خاڵبەندی... چین. ئەوەی دەیخوێنێتەوە (بە تایبەتیش چاپکراو) بە ڕاستی دەزانێت، لە لای دەبێتە دەستوور و لە سەری ڕادێت، پەیڕەوی دەکات، یان لێی دەشێوێت.

منداڵی کورد، وەک سەرجەم توێژ و چینەکانی کۆمەڵگەکەی، بەهۆی بارودۆخی نالەباری و هەژاری و ژێردەستەیی، بەلەنگازە، خۆشی دیتن و دەرفەتی پێشکەوتنی بۆ نەلواوە، ئەم بارە نالەبارە ڕەنگدانەوە و مزەی خۆی هەبووە.

لەم ڕوانگەیەوە دەبێت بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان، لە بواری پشوودرێژی و دووربینی و پاکی و ڕێکی و ڕاستنووسی و کورتبڕی و ڕوون دەربڕی و ئاسانکاریدا، پوخت و بێ کەموکورتی بن، کەچی ئەوەی ئێستا لە لای خۆمان دەیبینین، پێچەوانەیە، هەڵەو پەڵەی زۆرمان هەیە.

تێبینی و هەڵە و ناتەواوییەکان لە چەندین گۆڤار و بڵاوکراوە جۆربەجۆرەکانی منداڵان وەک نموونە «مشتێک نموونەی خەروارێکە» دەخەینە بەرچاو. ئەوانەی ناویان نەهاتووە بێ پەڵە نین، ئەوانەیش کە ناویان دێنین زۆرترین هەڵەیان نییە، بەڵکو ڕەنگە لەوانی دیکە باشتریش بن، هەرکەسێک کاربکات هەڵەی دەبێت، دیاریکردنی پەڵە بە مەبەستی جوانکاری، ئەرکی گەلحەز و زارۆک دۆست و دڵسۆزانە، نەک تانە و تەشەرە. تێبینییەکانیش تاکەکەسی و ڕێژەییە، نەک دەستوور و بڕینەوەی ڕەها.

نموونە: چەند تێبینییەک دەربارەی ئەم جۆرە هەڵە و ناتەواویانە لە ڕووپەڕی (١٨)، چیرۆکی (کێ دەتوانێ هەنگوین بخوات» لە نامیلکەی «ڕاستگۆیی» (١).

کلکە پرسیارێک؟ بۆ ئەم دەزگایە و ئەم نامیلکەیە و ئەم ڕووپەڕەیەمان کردە پێشە و دەستکەلا؟

کورتە وەڵام:چونکە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا دەزگایەکی گەنج و تایبەتمەند و بەبڕشتە. خاوەن

ئیمتیازەکەی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیرییە، سەرنووسەر و دەرهێنەر و نیگارکێش و پیتچن و هەڵەچن و پەڵەبڕ و سەرپەرشتیاری چاپی هەیە. خەریکە لە هەولێر لە بوارەکەدا ببێتە پێشەنگ، بە یەک ڕۆژ پێنج نامیلکەی (نامیلکەکانی ژمارە ٤٥ -٤٩) ، هەر نامیلکەیەکیشی بە تیراژی هەزار دانە، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ خستە بەر دیدی منداڵانی کورد زمان. (هەرچەندە پێویستە لە قۆناغی زۆرییەوە بچینە قۆناغی جۆرییەوە، لەبری چاپکردنی دە نامیلکە، بە سەرجەم تیراژی دە هەزار دانە، یەک، یان دوو نامیلکە بێت و هەر یەکەی بە (٥-١٠) هەزار دانە چاپ بکرێت بە باشتر دەزانین. لە وڵاتاندا نامیلکەیەکی چاک بە تیراژێکی زۆر چاپ دەکرێت، دواتریش بۆ بیستەمین و سییەمین جار چاپ دەکرێتەوە.

نموونە: تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو، (المكتبة الخضراء للأطفال) لە قاهیرە، نزیکەی پەنجا چیرۆکی خەیاڵی ئەفسانەیی لە پەنجا نامیلکەی قەوارە (١٧ × ٢٤)سم، چاپ کردووە. «الأنف العجيب» کە ژمارەی زنجیرەکەی یازدەیە، تا ساڵی ١٩٩٩ هەژدە جار چاپ کراوەتەوە.

بەڵام لای خۆمان ئەوەی جارێک چاپ کرا، ئیدی کەس نایبینێتەوە (هەرچەندە ژمارەی منداڵانی خوێنەر بە زمانی کوردی زۆر نین و کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی زۆر ڕوو لە خوێندنەوە نییە، بەڵام دەبێت بەرەو گۆڕانکاری بچین).

لاپەڕە (١٨)ی نامیلکەکە زۆرترین نووسینی ورد و بێ وێنەی تێدایە، درێژی ڕووپەڕەکەی کراوەتە بەرینی نووسینەکەی (درێژی دێرەکانی)، درێژی هەر دێرێکی (١٨,٥) سانتیمەترە، لە کاتێکدا لاپەڕەی پێشتری، ل (١٧)، بۆ هەمان بابەت تەرخان کراوە، بەڵام بە نیگار و نووسینی ناونیشانی چیرۆکەکە «کێ دەتوانێ هەنگوین بخوات؟» پڕکراوەتەوە.

دەبوو نووسینەکەی ڕووپەڕەی هەژدە، بکرێتە دوو ستوون، یان دووبەش و هەر بەشێکی لە ڕووپەڕێک (١٧-١٨) بڵاوبکرێتەوە، چونکە درێژی (١٨,٥) سم و نووسینی ورد، نەک هەر بۆ منداڵان نەشیاوە، بەڵکو بۆ گەورانیش ئاستەنگە، خوێنەر لە گەڕانەوەی بۆ سەرەتای دێرەکان بە هەڵەدا دەچێت، وێڕای ماندووکردنی چاو، هەر بۆیە نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەکرێنە چەندین ستوونی لەتەک یەکدی. هەمان گرفت لە گ: منداڵانی



سەردەم(٢)، ژ: ١٧ (٢٠٠٨) بە زەقتری دووبارە کراوەتەوە، درێژی هەر دێرێک لە لاپەڕەکانی (١٠، ١١، ١٣)، بیست و یەک سانتیمەترە، نووسینەکەیشی ورد و پڕە. درێژی دێرێکی ل٣٧ ی ژمارە ٧ ی هەمان گۆڤار: بیست و حەوت سانتیمەترە.

## دەقی چاپکراوی ڕووپەڕەی (١٨)

بەهۆی درێژی دێرەکانی دەقە نووسراوەکە، ناچارین ژمارە بۆ دێرەکان دابنێین، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەر دێر و وشەکانی دەقی چاپی خودی نامیلکەکە:

١- وورچە بچووکەکە زۆری برسی بوو، کاتێ چووە ژوری چێشتخانەکە هیچ شتێکی نەدۆزیەوە بیخوات.

٢- تەنانەت ئەو گوزیەش بۆ کاتی پێویست هەنگوینی تێدا هەڵدەگیرا، هەر هەموویان بەتاڵ بوو، کەمێ بیری کردەوە

٣- گۆزەکەی هەڵگرت و بەرەو دەرەوە ڕۆیشت و بە دوای هەنگوین دەگەڕا، تا لە دوورە شانەیەکی هەنگی

٤- بەسەر دارێکی بەرزەوە بینی، گۆزەکەی دانا و هەوڵی سەرکەوتنی بۆ سەر دارەکە دەدا، بەڵام نەیدەتوانی دیسان

٥- دووبارەی دەکردەوە لەو کاتەی یەکێ لە هەنگەکان هەستی پێکرد و پرسیاری لە وورچەکە کرد و گوتی! ئەی

٦- ورچی باش دەتەوێت چی بکەی؟ ورچەکە نەیدەزانی چ وەڵامێک بداتەوە، نەیدەتوانی پێی بڵێ کە من هاتووم

٧- هەنگوینەکەت بەم؟! ماوەیەک بێ دەنگ بوو،

وتی هیچ شتێک نییە هەنگی ئازیز تەنها دەم ویست یاری بکەم.

٧- هەنگەکەش پێکەنی و گوتی، پێویستە لەو ماوەیەدا کارێکی باش بکەیت لە جیاتی ئەو یاریکردنە، ئێستا بۆ

٨- نموونە من ئامادەم کە ئەو گۆزیەت بۆ پڕ لە هەنگوین بکەم بە مەرجێ هەڵبستی بە ناشتنی و چاندنی نەمامی

٩- گوڵ لە دەوروپشتمان بۆ ئەوەی گوڵەکان زۆر زۆر ببێت و ئێمەش لە شیلەکانی هەنگوین دروست بکەین.

١٠- ورچەکەش بە خۆشحاڵییەوە گوتی: بەڵێ هەموو ڕۆژێک من بەم کارە هەڵدەستم، هەنگەکەش گوتی منیش هەموو

١١- ڕۆژێک هەنگوینت دەدەمێ ورچەکە بە ڕێکوپێکی لە چاندنی گوڵەکان بەردەوام بوو، هەرچەندە کارەکەی گران

١٢- بوو بەڵام ئەوەی کار بکات تەنها ئەو دەتوانێ هەنگوین بخوات.» (٣)

سەرنجەکان لە میانی دەقەکەوە هەڵێنجراون، بەبێ ئەوەی لەگەڵ دەقی عەرەبییەکەدا بەراورد بکرێت، چونکە لەوانەیە لە بەراورد کردنەکەشدا چەندین تێبینی دیکە بێنە ئاراوە، کە ئەمەیان پتر پەیوەستە بە هونەری وەرگێڕانەوە، ئەمەش سەرەڕای درێژدادڕی لە کرۆکی بابەتەکە دوورمان دەخاتەوە:

**یەکەم:** هەڵەی چاپی و ڕێنووسی:

| ژمارەی دێر | هەڵە | ڕاست |
|---|---|---|
| ١و ٥ و ٦ | وورچە | ورچە |
| ١ | ژوری | ژووری |
| ٢ | گۆزیەش | گۆزەیەش |
| ٢ | هەموویان | هەمووی |
| ٣ | هەنگوین دەگەڕا | هەنگوین دا گەڕا |
| ٣ | تا | |
| ٣ | لە دوورە | لە دوورەوە |
| ٤ | دەدا | دا |
| ٤ | نەیدەتوانی | نەیتوانی |
| ٥ | دەکردەوە | کردەوە، |
| ٥ | یەکێ لە هەنگەکان | هەنگێکیان |

٦ وورچێ ورچێ

٦ نەیدەزانی-نەیدەتوانی نەیزانی- نەیتوانی

٦ بڵێ کە ... بڵێ: ...

٧ ببەم؟! ببەم.

٧ ئازیزم تەنها ئازیزم، تەنها

٧ دەم ویست یاری بکەم؟ ویستم گاڵتەت لەگەڵ بکەم

٨ هەنگەکەش هەنگەکە

٨ گوتی، گوتی:

٨ «کارێکی باش بکەیت لە جیاتی ئەو یاریی کردنە»-

لە جیاتی ئەم گاڵتەکردنە، کارێکی باشتر بکەیت

٩ « ئێستا بۆ نموونە من ئامادەم کە ئەو گۆزەیەت بۆ پڕ لە هەنگوین بکەم» ؟

ئێستا من ئامادەم ئەم گۆزەیەت بۆ پڕ هەنگوین بکەم.

٩ و ١٠ «هەڵبستی بە ناشتنی و چاندنی نەمامی گوڵ لە دەوروپشتمان بۆ ئەوەی گوڵەکان زۆر زۆر بێت و»- نەمامی گوڵ لە دەوروپشتمان بچێنیت بۆ ئەوەی گوڵ زۆر بێت

١٠ شیلەکانی شیلەی

١١ وورچەکە ورچەکە

١١ بە خۆشحاڵیەوە گوتی: بە خۆشحاڵییەوە: (لە ل١٢ نووسراوە: بە خۆشحاڵییەوە)

١١ و ١٢ «هەنگەکەش گوتی منیش هەموو ڕۆژێک هەنگوینت دەدەمێ وورچەکە...»

هەنگەکە: منیش هەموو ڕۆژێک هەنگوینت دەدەمێ. ورچەکە...

١- بۆ ئەوەی دایک و باوک و مامۆستایانی ئازیزیش، سەرکۆت و کووزرەی هەمان دەق بکوتنەوە و جار لە دوای جار هەڵەی پتری لێ هەڵبوەرێنن، بە پەلە دەست لە لاپەڕەکە هەڵدەگرین . بە خێرایی کێشەی (وو)، لە هەمان نامیلکە بە نموونە: دەخەینە بەرچاوان:

| ڕووپەر | دێر | هەڵە | ڕاست |
|---|---|---|---|
| ٤ | ١ | دروستکرد و | دروستکردوو |
| ٩ | ٣ | مێشولە | مێشوولە |
| ٢١ | ١٣ و ١٥ | ژوژکە | ژووژکە (لە ل ٢٠، لە دێری ١ (ژووژکە) نووسراوە) |

٢٢ ١٣ نوسراوە نووسراوە
٢٣ ٥ ووشە وشە (لە ل ٢٢ ، دێری ١٣ (وشە) نووسراوە)

٢- هەمان بابەت لە گ: زرێمۆک(٤) ژ: ١٧ (٢٠٠٧)، ل ٨:

| دێر | هەڵە | ڕاست |
|---|---|---|
| ٢ | بون | بوون |
| ٤ | سوربوو | سووربوو، سۆر بوو |
| ٥ | جوان بو | جوان بوو |
| ٧ | دەبویەوە | ؟ |
| ١٢ | دەرنەکەوە | دەرمەکەوە |
| ١٥ | دور | دوور |
| ١٥ | دوور بونی | دوور بوونی |

٣- گۆڤاری سەردەم ، ژمارە ٧ ل ٣٤، دێری ٣ : «گۆرەوییەکی سوور»

دێری ٥ : «گۆرەوییە سورەکەی»

سوور ، سور، دوو ڕێنووسی جیای یەک وشەن، لە یەک ڕووپەڕەدا بە دوو جۆر چاپکراوە، ئەم نووسینانە سەر لە منداڵ تێک دەدەن.

**دووەم:** نموونەی درێژبڕی لە بڵاوکراوەکانی تایبەت بە منداڵان:

١- «ئیلیا مناڵێکی جوانی خنجیلانە بوو تەمەنی تەنها چوار ساڵ بوو، بەڵام تەنها هەڵیەکی ئیلیا ئەوەبوو...» (٥)

ئەگەر لەگەڵ ئەم دەقەی خوارەوە بەراوردی بکەین :

«ئیلیا مناڵێکی جوانکیلەی تەمەن چوار ساڵانە، تاکە هەڵەی ئەوەیە.»

لە دەقی دووەمدا، دووبارە و سێ بارە کردنەوەی وشەکانی «ئیلیا، بوو، تەنها»، نەماون، وێڕای ڕەوانی و کورتبڕی و جوانی دەربڕینەکە، بە بۆ چوونی من وشەی جوانکیلە، واتای هەردوو وشەی «جوان و خنجیلانە» دەبەخشێت.

٢- «سیسارک ڕەوشتێکی نامۆی هەیە، ئەویش بریتییە لە خواردنی گۆشتی بۆگەن بووی پاشماوەی گیانلەبەرانی تر» (٦) ئەگەر بڵێین:

«سیسارک گۆشتی بۆگەنی بەرماوەی گیانلەبەرانی تر دەخوات» کورتبڕ و کوردی ترە.




**سێیەم:** نموونەی ڕەوانبێژی: کە لێرەدا زێدەڕۆیی تێدا کراوە، چونکە منداڵ هێندە مەلەوان نییە، بە هێمنییەوە بتوانێت مرواری لە قووڵایی زەریای هێمنەوە بێنێتە دەرەوە:

«گوڵێ کچێکی زیرەک بوو... گەیشتە ناخی خاوەن کۆشکەکە و سامانێکی پڕ لە هەست و سۆز و بەخشندەیی تێدا بەدی کرد... فرمێسکەکانم ببوایە بە دەرمانێک بۆ چاکبوونەوەی تۆ... فرمێسکێک لە چاوی گوڵێ کەوتە خوارەوە و بەر ڕوومەتی پیاوە باشەکە کەوت... وەک ئەوەی تیشکی هەتاو بێت و ختۆکەی پێڵوی چاوی کۆرپەیەکی ساوا بدات کە خەون بەوەوە دەبینێت ببێت بە باڵندە و بفڕێت.» . (٧)

**چوارەم:** دوورکەوتنەوە لە ژینگە و فۆلکلۆر و دابونەریتە نەتەوەییە جوانەکانمان و پەنا بردنە بەر خواستنی چاک و خراپی دەرەکی. (مەبەست وەرگرتن و وەرگێڕانی بەرهەمی پوخت و چاکی جیهانی و سوود وەرگرتن و نوێ کردنەوە نییە، بەڵکو بەکەمزانینی گشت شتێکی خۆمانە و بە نایاب دانانی هەموو بەرهەمێکی بیانییە). کەچی لە ڕاستیدا تێکەڵاوییەکی ناوچەیی و هەرێمی و جیهانی لە کولتوور و ڕۆشنبیری گشتی و فۆلکلۆری نەتەوەکاندا هەیە.

ئەوانەی کەمێک شارەزای فۆلکلۆری ئینگلیزی و

ئیتالی و ئیسپانی و ڕووسی و تورکی و بلووشی و کوردی و فارسی و عەرەبی و هیندی و... بن، «چیرۆکەکانی ئیزۆپ لەسەر زمانی گیانداران» بە زمانی ئینگلیزی، «کلیلەو دمنە»ی فارسی و هیندی، «گوڵستانی سەعدی شیرازی» فارسی و «الف لیلة و لیلة...»ی عەرەبی، داغستانی ڕەسووڵی حەمزە تۆفی داغستانی و... بخوێنێتەوە، بە ڕاشکاوی دەزانن کە وێڕای تایبەتمەندی کولتوور و کەلەپوورەکان، لێکاولێک هەڵقوولاوی چاوگەی مرۆڤایەتییەکی هاوبەش و تێکەڵاوی یەکترن، پتر لە ئاوی دەریا و زەریاکان دەچن، کە دەبێتە هەڵم و ( با ) دەبیات و هەڵەتەی دەکات، دەبێتە هەور و باران و دادەبارێتە سەر کەژ و جەنگەڵ و پاوان و هەڵەت و دەشت و کێڵگە و نەورایی و ڕووبار و ڕێژگەکانەوە، بە تێپەڕینی کات دەگەڕێتەوە ناو هەمان ڕووبار و کەنار دەریا و قووڵایی زەریای مرۆڤایەتییەوە، بەڵام هەن پتر بەری باراناو دەگرن و لای خۆیان گلی دەدەنەوە و دەیکەنە گۆل و گۆماو، بەناخیاندا دەچێتە خوار، دەبێتە ئاوی سازگاری هەڵقوولاوی کانی و گۆماوی هەمیشەیی، هەوا سازگار و دەوروبەر سەوز و کۆگاکان پڕ بەرهەم و بژێوی هاووڵاتیان فرە و کولتوور و فۆلکلۆری گەلەکەیان دەوڵەمەند دەکەن.

خەمساردانی کوێستانی وەک ئێمەش هەن، ڕێگەی تاڤگە و ڕێژاوی بەفراوەکانیان لە بەفرانبارەوە تا ئاخەلێوە و جۆزەردان و پووشپەڕ، والایە و سەر نشێو دەخشێ و بە فیڕۆ دەڕوات... کە لە چلەی هاویندا، گوڕی گڕە سیسیان دەکات و لە تینووان دەژاکێن، بە مەمنوونییەوە دەچن سوێراوی شیرتێن لە گۆماوی ئەوانەوە بۆ خواردنەوەی خۆیان دەخوازنەوە.

دەڵێن: کولتووری گەلانی سەرتاسەری جیهان مزەی ئاشە، باراشی مزاشە، هێندە لە یەک دەچن لە زۆر کات و شوێندا دێرین و نوێی، خۆماڵی و غەوارە ئاوێتەیەکی ئەوتۆ دروست دەکەن، لە یەک کردنەوەیان ئاستەمە.

نموونەیەکی نوێی بەرچاو

١- :لە بەرگی دووەمی چیرۆکەکانی بەر لە خەوتن

ا - چیرۆکی «بەرگدرووە دلێرەکە» (٨) هەمان فسفس پاڵەوانی فۆلکلۆری کوردییە.

ب - «گورگ و حەوت کاریلەکە» (٩) بزنۆکە و گورگۆکەی خۆمانە.

ئەگەر هەڵنەچن، شارەزایانە و بە ویژدانەوە بەراوردیان بکەین، دەبینین ئەوەی خۆمان گەلێک جوان و لەبارترە لە وەرگێڕدراوەکە.خراپییەکەی ئەوەیە کچی گەڕەکی خۆمانە و ڕابردووەکەی دەزانین! نەچۆتە هەندەران و چل دەری و هەشتا ئامێزی نەکردووە.

٢- لە ل ٤٨ ، ژ ١٨٣ گۆڤاری (العربي الصغير)(١٠)دا پەندێکی کوردی:

« نەجاڕ، بنوو بێ خەم و خەیار(خەیاڵ)، خودا یەکە و دەرگای هەزار» کراوەتە چیرۆک و بڵاوکراوەتەوە. ئەم پەندە لە ئەدەبی فۆلکلۆری هیندی و فارسیشدا لە کلیلە و دمنەدا(١١) نووسراوە، خۆ ئەگەر هەمان پەندی فۆلکلۆری خۆمان و هاوشێوەکانی، لە نووسینی چیرۆکی منداڵان بەکاربێنین، ئەوە بە کۆنە و سواوی دەزانین، کەچی هەر هەمان شتی خۆمانە لە دەرەوە بێنینەوە، بە داهێنانی دادەنێین. چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی کوردەواری هێندە زۆرن بنیان نایەت، بەڵام سەرناس و مرۆی خاس و کۆکردنەوە و نوێکردنەوەیان دەوێت.

٣- لە قصص و حکایات للأطفال- (٢٠٠٥) ط١ ل ٢٤ (جحا العادل)(١٢) نوکتەیەکی فۆلکلۆری کوردی: پارەی نان و کەبابەکە، گوتراوە.

**پێنجەم:** بەرهەمی وەرگێڕدراو:

٣- لە ژمارە ٧ ی گۆڤاری منداڵانی سەردەم، ڕەزبەری ٢٠٠٧دا)(١٣)، لە سەرجەم (٥٢) ڕووپەڕە، (سی) ڕووپەڕی ڕاستەوخۆ وەرگێڕدراوە، (پازدە و نیو لاپەڕە لە فارسییەوە، دە ڕووپەڕە لە عەرەبییەوە، سێی لە ئینگلیزییەوە، یەک و نیویش لە ئەڵەمانییەوە.)، (١١) ڕووپەڕیش بێ ناو داگیراون، کە گومانی وەرنەگرتن و وەرگێڕانیان لێ ناکرێت، چونکە چێژ و مۆرک و ڕەسەنایەتی زمان و شەقڵی نەتەوایەتییان پێوە دیار نییە.

شتێکی باشە کە زۆرینەیان لە زمانی نووسەری بەرهەمەکەوە، ڕاستەوخۆ بەبێی ئەو دەست و ئەم دەست کردن وەرگێڕدراون، بەڵام ناباشییەکەی لەوەدایە کە: ناوی نووسەر و شوێن و کاتی چاپ و دەزگاکەی شاردراوەتەوە. بەمەیان لە لایەک مافی نووسەرەکە گوم دەکرێت، لەلای دووەمەوە: دەرفەتی بەراوردکردنی نێوان دەقی وەرگێڕدراو و دەقی وەرگیراو کەمتر دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە: کە شت بۆ منداڵ دەنووسین، بە گوتە دەڵێین: دەمانەوێت فێری ڕاستگۆیی و ڕەوشت بەرزییان بکەین، کەچی بەبەر چاویانەوە بەکردار، فێری فێڵ و



ڕاسـتـپـۆشی و کـردەوەی ناپەسندیان دەکـەین. لە سـەر بەرگی گۆڤارەکانیش دەنووسن «پەروەردەییە»!!

لە گۆڤارێکی برنجی منداڵانی سەردەمدا، لە سلێمانی، تەنیا و تەنیا سێ پەڕە و نیوی کـوردسـتـانییـە، ئەویش وێنەی منداڵان... لە هاوڕێیانەوە... یە!

ئەوانەیش کە لە زمانی بیانی وەرگیـراون، بە زۆری نووسراوە «لە زمانی.... وە وەرگێڕدراوە».

نموونەی وەرگێڕان و شاردنەوەی ناوی سەرچاوەکان لە بەرهەمـەکـانی کـە لە گـۆڤـارەکـانی دیکەی منداڵانەی کوردستان بڵاوکراونەتەوە:

١- « قازیێ وەستای» و. ئازاد(١٤) .

٢- « تەیرێ هودهود» و. ڕێڤان(١٥).

٣- ڕێوی و گورگی برسی، و.ئاوات ئەنوەر(١٦).

ئەم بەرهەمـانە لە چ زمـانێکەوە وەرگـێـراون؟ ناوی سەرچاوە و ناوی نووسەر؟ ساڵ و شوێنی چاپکردنی؟

دەبێت پابەندبوون بە بنەماکانی نووسین و وەرگێـڕانی جیهـانی لەلای ئێمـەی کـوردەوە نرخی نووسینەکە، یان وەرگێـڕەکە کـەم بکاتەوە!؟ یان مـەبەسـتـێکی دیکەی تایبـەت بە کـەسـەکـانی تێدایە و ئێـمـەمـانان نایزانین، ئەوانیش لێمانی دەشارنەوە؟؟

٤- دیارییـــەکی بچـــووک بۆ ســـەگـــەکـــەم، و. لە عەرەبییەوە: سەیران محەمەد. (١٧)

٥- برینەکـان بە خـاوێنی ڕابگرن، و. لە تورکـیـیـەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان(١٨).

٦- چەپکە گوڵ، و. لە تورکییەوە: دابان هادی(١٩)، کـوا نـاوی سـەرچاوە و نـاوی نووسـەر؟ ناوی دەزگـا و ساڵ و شوێنی چاپکردنیان؟

٧- نامناسن من کـێم؟! ن: دزنەسـەد. و:مـحـەمـەد دارەتوویی. سەرچاوە: ئینتەرنێت.(٢٠)

ناوی زمانەکەی؟. ناوی سەرچاوەکەی؟ کە دەڵێت: لە ئینتەرنێتەوە، بەبێ دیاریکردنی شوێنی سایدەکە. وەک ئەوە وایە بڵـێی سـەرچاوە: کـتـێب، گـۆڤـار، بەڵام ناوی کتێبەکە و گۆڤارەکە دیاری نەکرێت. کە ناوی سەرچاوە دەنووسـرێت، ناوونیـشـانی تەواوی دیاری دەکـرێت بۆ ئەوەی بتوانن بیدۆزنەوە و سەیری بکەن، ئەگینا...

**چەرخی کۆمپیوتەر و خێراییە، جیهانگەرییە و کەس بە کەس نییە!؟**

لە سـەرجـەم (١٩) لاپەڕەی ژمـارە ١٢٦ ی گـۆڤـاری هەنگدا (٩) ڕووپەڕەی وەرگێڕدراوە.

**شەشەم:** نموونەی وەرگرتنی ڕاستەخۆ و ڕاستپۆشی:

زۆرجـار لە یادچوون کلیلی ئاسـوودەییـە، هەندێک کـەڕەتیش بەسـەرکردنەوەی بەسـەرهاتی خۆش، دەرمـانی نیگەرانییـە، بەڵام لەبیـر دەرکـردنی بەئەنقـەست، بە مـەبەستی ڕاستپۆشی، یان خەڵک بە کەڕ و کوێر دانان، نەخـۆشی و ناخـۆشـیـیـە، گـرتنی بەری ئاسـمـان و سندمکردنی تیشکی خۆرە!

لە فـۆلکلۆرەکـەماندا پەند و مەتەڵی ئەوتۆ هەن، وەک بڵـێی کـفـر و گـەزی چەولگ و کـەناری ڕووبارن، چەسپـیـون، چەندین وشکە سـاڵی و هات و نەهاتی و نەهامـەتی و لافـاوی هاریان بە سـەردا تێپـەڕیوە، کەچی ئەوان ڕەگازۆ و تەمەندرێژ و شـەنگدار و زەنگ و زیختر بوون. لێزان و بیرتیژ و دوور بینی دەگمەن هەن، بتوانن ئاشنای ڕیشـاڵ و ڕوخسـار و ڕەفـتـاریان بن. لە کـۆنە مـەتەڵێکی سـواو و سـووتاوی بەر خـۆرەتاوی ڕۆژگـاردا دەڵێت: «باوکی کوڕێکی بە سگماک کوێر و کەڕ، مرد، چۆن دەتوانیت کوڕەکە تێبگەیەنیت کە باوکی مردووە؟» لەم مـەتەڵەدا مـرۆڤ بەدیار کـەسـێکی کـەڕ و کـوێرەوە (هەسـتـەکانی بینین و بیسـتنی نەماوە)، دادەمێنێت و ناتوانی بەئاگای بێنێتەوە کە باوکی مردووە. ئینجا ئەگەر هەستی سێیەمی (هەستی بەرکەوتن، خشان)یشی بمرێت چۆن دەبێت ئەو مرۆڤە کـەم سێ هەستە، ببێتە ڕێبەر و پێشەنگیش؟

«مـەل و کـیسـەڵ» نووسـینی: غـەریب عـەلی(٢١). چیرۆکەکە لە مراوی و ڕەقیاو (کیسەڵ) وەرگیراوە، ناوی نووسـەر و سـەرچاوەکـەی بە ئەنقـەست بردراوە، یان کرتاوە؟ یان بۆ کورتبڕی و جواندەربڕی گۆڕاوە؟

١- چیرۆکی دوومراوی و ڕەقیاوێک (جووتێک کۆتر و بۆقێک) لە ئەدەبی مندالآندا، ڤیزەی جیهانی هەیە، کون و کەلەبەرێکی هەسارەی زەوی نەماوە تێیدا نەسووڕابێتەوە. بە گشت زمانە دەوڵەمەند و هەژارەکان چاپ کراوە، لە کتێبە بەناوبانگەکەی (کلیلەو دمنە) چەندین جار بە زمانەکانی فارسی و هیندی و عەرەبی و ئینگلیزی «كليلة و دمنة» الفيلسوف الهندي بيدبا، ص ١٠٣ السلحفاة الحمقاء ، ترجمة: عبالله بن المقفع، دار المعرفة- بيروت. چاپ کراوەتەوە.

لە کتێبخانەی کوردیدا:

٢- جووتێک کۆتر و بۆقێک. دیوانی بێکەس (١٩٨٠) چ ٢ ل ١٩٣، چاپخانەی الاديب، بغدا.

٣- لە شەستەکاندا لە خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە کتێبی وانەی زمانی کوردی ئەزبەر دەکرا، بەیانییان خوێندکاران بە ئاوازەوە دەیانچڕی،

٤- لە دیوانەکەی بەهەشتی: هەژاری موکریانی (هەژار بۆ کوردستان) (٢٢) چەندین جار چاپ کراوە.

٥- ئەحمەد قادر سەعید (٢٠٠٥) چیرۆک و گەشەی منداڵ، و. ڕۆشنبیری. زنجیرەی (٣٨٥) سلێمانی، ل ٧٥ دەقی شیعرەکەی بێکەسی وەک نموونە نووسیوەتەوە

٦- کلیله و دمنه، لە لایەن بەڕێز محەمەد ساڵح گەلاڵی-یەوە کراوەتە کوردی و لە ساڵی ٢٠٠٠ لە سلێمانی چاپ کراوە. لە ساڵی (٢٠٠٤) بۆ جاری سێیەم چاپ کراوەتەوە.

کەواتە ئەم چیرۆکە لەمێژساڵە، بە دەنگ و ڕەنگ و قەوارە ، لەم دەڤەرەدا دەخولێتەوە، «کلیلەو دمنە» بە زمانی عەرەبی لە کۆنەوە لە لای کتێبفرۆشانی هەرێمی کوردستان کەوتووە. سەیرترین سەیری سەیران و سەرسووڕهێنەر ئەوەیە کە: وێنەی بەرگی کتێبەکە تەنداره، پەندماوە، وێنەو پەیکەری دوو مراوی و کیسەڵێک، لەسەر ڕووپەڕی پێشەوەی بەرگەکەی داندراوە (مەبەستمە کە کوێر و کەڕیش بە دەستکوتان، دەزانن ئەمە پەیکەری دوو مراوییە، هەریەکە و لە لایەک سەری دارێکیان گرتووە و کیسەڵێک لە ناوەڕاستدا خۆی پێدا هەڵواسیوە.

لە کتێبی قوتابخانەشدا وێنەی دووکۆتر و بۆقێکی بۆ کراوە، بەڵام لەلای بەڕێزیان بووەتە مەل و کیسەڵ، وێنەکەیشی دوو کۆتر و کیسەڵێکە. دەبێ بیر لەوە نەکرابێتەوە کە بە دوو کۆتران کیسەڵێک هەڵناگیرێت، بەڵام گۆڕانکاری نوێکارییە و چێژی تایبەتی خۆی هەر هەیە.!

ئەگەر هەرسێ هەست لە کاربکەون، ئەوکاتە دەکرێت جووتێک کۆتر و بۆقێک و کۆمەڵە ناوێک، بە ناوی یەکێکی دیکەوە بنووسین و بڵێین ئاگامان لە دەقەکانی دیکە نییە. ئەوکاتە گرفتەکە گرانتر دەبێت کە ئیدی ڕانابین.

٢- «کوندەبەبۆ و قەلە ڕەشکە» نووسینی: غەریب عەزیز(٢٣)، ئەمەشیان لە «کلیله و دمنە»(٢٤) بەیدەبا و وەرگێڕانی عبدالله بن المقفع، وەرگیراوە،

لە «کلیله و دمنە»(٢٥) ، وەرگێڕانی محەمەد ساڵح گەلاڵی «بەسەرهاتی کونەپەپوو و قەلە ڕەشەکان» تۆمارکراوە.

٣- «کەری زێڕین » ئامادە کردنی: غەریب عەلی عەزیز.(٢٦)

نازانم مەبەست لەم ئامادەکردنە: کۆکردنەوە و هەڵێنجانی بابەتێکە لە چەند سەرچاوەیەک؟ شاردنەوەی ناوی سەرچاوەکان و پەنادانە؟ پیواز پیشاندنە؟ سازکردنی تەڕە سازە؟ چێشتی مزەورە لێنانە؟ ... لەسەرنانە؟

هەرجارەی بە جۆرێک مامۆستای نووسەر ناوی خۆی تۆمار کردووە؟ (غەریب عەلی، غەریب عەزیز) لە هەمان ژمارەی گۆڤاردا، دواتر لە ژمارە ١٠٢ی هەمان گۆڤار کراوەتە (غەریب عەلی عەزیز). هەر ئەوەندە سەرەدەری لێ دەردەکرێت کە بڵێی: کارێکی کەسنەکردەی غەریبە!.

با لێرە بە دواوە قووچەکێکی لێبکەین و حەوت هەشت کەستەکان بخەینە سەر یەکدی. جگە لە گوڵبارانکردنی مامۆستا، شتێکی دیکە بە شایەستەی بەڕێزیان ناگوترێت. ئەگەر زۆری گۆڤار و کەمی نووسەر نەبێت، خەمخۆرانیش هێندە ناکەونە نێو ئەم هەڵە و پەلانە.

ناوی چەند گۆڤارێکی مندالآنە، کە لەم دووساڵەی دواییدا، لە لای کتێبفرۆشانی هەولێر کەوتۆتە بەرچاو. بەڵگەی زۆری ئەم جۆرە بڵاوکراوانەن:

١- هەنگ، مانگانەیە، و. ڕۆشنبیری ژ. ١٤٧ (٢٠٠٨) هەولێر.

٢- جگەر گۆشەکان، مانگانەی پەروەردەییە، و. ڕۆشنبیری، ژ. ١٣٩(٢٠٠٨) هەولێر.

٣- سقۆرە، دەزگای خانی، و. ڕۆشنبیری ژ. ١١٤ (٢٠٠٨) دهۆک.

٤- هێلانەی منداڵان مانگانەیە، دەزگای خەبات ژ. ١٠٤ (ک١ - ٢٠٠٨) هەولێر.

٥- کەپر، هەیڤانەیە، دەزگای سپیرێز . ژ ٥٦، (٢٠٠٨) دهۆک.

٦- سەما و باران، ژ ٤٧؟.

٧- خەندە ، مانگانەیە، ژ ٤٥ ( ٢٠٠٨) سلێمانی.

٨- مناڵانی باوەگوڕگوڕ، دەزگای شەفەق، مانگانەیە، ژ: ٤١ (٢٠٠٧) کەرکووک.

٩- پەلکە زێڕینە، ڕۆشنبیری یاسایی دەری دەکات، ژ: ٣٨ چ:منارە، هەولێر.

١٠- مشکە، مانگانەیە، دەزگای ئاراس، ژ. ٣٥ (٢٠٠٩) هەولێر.

١١- گوڵەکان، سەنتەری لاوان، چەمچەماڵ، ژ: ٣١ (٢٠٠٨) چاپخانەی ژین هەولێر.

١٢- گوڵە گەنم، سەنتەری خاتوو زین، ژ: ٢٥ (٢٠٠٧) هەولێر.

١٣- کوولارە، بۆ تەمەن ٩-١٥ ساڵان، (پەڕەسێلکە). ژ:٢٤ (٢٠٠٧) سلێمانی.

١٤- زریمۆک، دوو هەفتەییە، ژ ٢٣ بارزان؟ بلێ (٢٠٠٨) هەولێر.

١٥- پێشەنگی منداڵان، مانگانەیە، پێشەنگی منداڵانی کوردستان. ژ ٢٣ (٢٠٠٨) هەولێر.

١٦- ژینوار، مانگانەیە، و. ژینگە، ژ٢٠ ( ٢٠٠٨ ) هەولێر.

١٧- منداڵانی سەردەم، مانگانەیە. دەزگای سەردەم، و. ڕۆشنبیری، ژ:١٧، (٢٠٠٨) سلێمانی.

١٨- بەرخەکەم. منداڵانەیە، ژ: ٧ ساڵی ٢٠٠٨، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

وێڕای ئەمانەی لەم لیستەیەدا ناوبەندکراون و چەندینی دیکەش کە من نەمدیون، چەندین دەزگای تایبەتمەندیش کتێب و نامیلکە و بابەتی منداڵان بە زنجیرە چاپ دەکەن، نموونە:

١- دەزگەها سپیرێز، دهۆک. هەزار کتێب بۆ زارۆکان.

٢- خانەی سمۆرە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

٣- دەزگای سەردەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی. پرۆژەی کتێبی منداڵان.

٤- بەڕێوەبەرایەتی زنجیرەی کتێبی منداڵان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥- دەزگای ئاراس... هەولێر

٦- زنجیرەی چیا بۆ منداڵان، چاپکراوەکانی بۆ سێ کۆمەڵی تەمەن تەرخان کردووە.

٧- ب. خانەی وەرگێڕان، و. ڕۆشنبیری. سلێمانی، نموونە: کتێبی زارۆکستان.

٨- ب.چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی: چیرۆک و گەشەی منداڵ زنجیرە: ٣٨٥، (٢٠٠٥).

وێڕای بابەتە هەمەڕەنگەکانی کە لە لایەن دەزگاکانی حزبی و ناحزبی و میری و نامیری و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە، لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی وەک ڕادیۆ، دەنگوڕەنگ، سێڵ و کەناڵی ئاسمانی و ڕۆژنامە و هەفتانامە و گۆڤار و نامیلکە و کتێب و کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەکاندا، لە هەموو لایەکەوە، بە تایبەتیش لە وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردە و تەندروستی و مافی مرۆڤ و... ڕێکخراوە جیهانی و ناوچەیی و هەرێمی و دەڤەرییەکان بڵاو دەکرێنەوە. زۆر و کەم چیرۆک و بابەتی وانەی فێرکردنی زارۆکان و هۆشیارکردنەوەی پەروەردەکارانی منداڵانی تێدایە؟

لە ئەنجامی ئەم دەرفەت و بارودۆخە ڕەخساوە لە ناکاوە و دامەزراندنی ئەم هەموو دەزگایە و دەرچوونی ئەم هەموو بڵاوکراوەیە، لە کۆمەڵگەیەکی بچووکی داخراوی وەک کوردەواری لە دوو سێ پارێزگادا، بەڵگە نەویستە کە بەرهەمی زۆروبۆر و هەڕەمەیی و چاک و نایابی بە تێکەڵاوی لە ناو گێژاوەکەدا لێ دەکەوێتەوە، ئینجا ئەگەر پلان و هەماهەنگی و هاریکاری و بژارکردن، لە نێوان دەزگا و کارمەندەکانیشدا نەبێت، دەبێت چێشتی زۆر کابان چۆن بێت؟

پێویستە، زۆریش پێویست لە بری ئەم هەموو گۆڤار و دەزگا و سەرچاوانەی بڵاوکردنەوەی ئەدەبی منداڵان، یەک تاکە دەزگای تایبەتمەند، یان بۆ هەرقۆناغێکی تەمەنی منداڵان تاکە دەزگایەکی بە توانا، بە مرۆی کارامە و لێزانی لێهاتووەوە بخرێتە گەڕ، بەر لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان، لە چەند ڕوویەکەوە هەڵبسەنگێندرێن. ڕەچاوی گونجاوی ناوەڕۆک و زمانی ڕەسەن و تەمەنی منداڵ و... بکرێت. بەم ڕێکخستنە، کارمەندی لێزان و پڕتوانا تێرای دەزگاکان دەکەن و بەرهەمی پوخت و تۆکمە شوێنی کرچوکاڵەکان دەگرێتەوەو.دەبنە سەرچاوەی بەپیت و دەسکەوتی نایاب، ئەگەر مانگانە ٥-١٠ بەرهەمی چاکمان هەبێت، (بە گۆڤار و نامیلکەی چاپکراوەوە) دوای دەساڵ، دەبینە خاوەنی نزیکەی (٩٠٠)

بڵاوكراوەی چاكی منداڵان، كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا، دەبێتە كتێبخانەیەكی شیاوی منداڵانی سەردەم. ئەنجامی ئەم كارەمان گەلێك لەوە چاكترە كە ٤٥٠٠ كتێب و نامیلكەی تۆزوبا و هەتیوی بێ دایك و باوك چاپ بكرێت. دەبێت بكۆشین دراو و كات و كارمان كەمتر بە فیرۆ بروات. لەم بازنەیە و پاشاگەردانییەی ئێستا تێیدا دەخولێینەوە دەربچین.

ئەوەندە بڵاوكراوە و گۆڤار و نامیلكە و كتێبی كاڵ و فەریكی تایبەت بە منداڵان، ڕۆژانە و مانگانە چاپ دەكرێن، پیرە خوێنەری پێشەنگ و پیشەوەریش، وێڕاناگەن هەموویان بخوێننەوە و ئینجا منداڵ و مرۆی نیمچە خوێندەوار، كە خەریكی خوێندنی قوتابخانە و كاری دیكەش بن.

لەم دەرفەتەدا ناتەواوییەكان بۆ مەبەستی تەواو كردن پیشان دەدرێن، مەبەست ئەوە نییە كە شتی باش نەكراوە. بەرهەمی بە ڕوخسار جوان، بەناوەرۆك نایاب كەوتۆتە بازاڕەوە، لە گۆڤار و بڵاوكراوەكانی: زرێمۆك، سەردەم، سمۆرە، ، مشكە، هەنگ... بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی مەبەستدار و ڕازاوە، لەسەر كاغەزی باش و چاپی دڵگرەوە دەكەونە بەرچاو، مەبەستمانە چاكەكان پتر و باشتر بكرێن

**نووسینی منداڵانە**

«جیهانی منداڵان، وێڕای سادەیی و پاكی و بێگەردی، ئاڵۆزی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویستە منداڵ بە ڕێكوپێكترین شێوە و شێواز پەروەردە بكرێت، بە جۆرێك ئامادە و تەیار بكرێت كە شایستەی ئەوە بن بەبێ ترس ئاڵای ژیانیان پێ بسپێردرێت» (٢٧).

شتێكی حاشا هەڵنەگرە، بەچكەی مرۆڤ (منداڵ) تاكە ساوایە، بە پێچەوانەی بێچووی گیاندارانی دیكە زۆر پشت بە غەریزەی بۆماوەیی نابەستێت، بەڵكو لە دەوروبەر، پلە بە پلە، شتەكان فێردەبێت و فێربوونەكەیشی بە پێی تەمەن و گەشەكردنی توانا و ئەزموونی، بە كەڵەكە بوونە، هەر لە سەرەتاوە دەرفەتی چاكی بۆ بڕەخسێنرێت، ئارەزووی كارچاكی، چاكسازی لە ناخدا بڕوێنرێت، كارئاسانی و هاندانی بەپێی كات و شوێن و قۆناغەكانی تەمەنی بۆ بكرێت. نەك ڕاستەخۆ حەز و بۆچوونی منداڵ بەلاوەبنرێت، شتی گەورانی بەزۆری زۆرداران بە ملدا بسەپێنن، بۆ بەرەنگار بوونەوەی كەوتن و كەنارگری منداڵیش یەكسەر، پەنا ببردرێتە بەر شكاندنەوە و سزادان.

كەسێك كە بۆ منداڵ دەنووسێت، دەبێت لە چاوی جیهانی ئەوەوە بڕوانێتە ڕووداو و دەوروبەر و ڕەفتاری گەورە و بچووكان، ئەگەر ئەوە نەكات، ئەوە هەر لە سەرەتاوە ناتوانێت سەرنج و هەست و نەستی بوروژێنێت، بەرەو ویستی خۆی ببات و ئامانجەكەی بپێكێت.

چیرۆكە فۆلكلۆری و میللییەكانی منداڵانەمان، كە داپیرەكان لە بەر ئاگردانی شەوانی زستان بۆ نەوەكانیان دەیگێڕنەوە، بە زمان سادە و بە ناوك پتەون، پڕیانە لە پەند و قسەی نەستەق و وانەی جۆراوجۆر، پتر دەربارەی ڕەوشت بەرزی: خاوێنی، دڵ و دەروون و دەستپاكی، ڕاستی و ڕاستبێژی و خەبات و نەبەزین و دادپەروەری و دڵسۆزی و خۆشەویستی و هاریكاری و بە هاناوەچوون و...«خۆگری و ئارامگری و...»ن(٢٨).

پێچەوانەكانیشیان: بەدایەتی، گزی و تەفرەدان و ستەم و بڵحی و تەوەزەلی و مشەخۆرین.

بابەتی ئەفسانەیی سەرسووڕهێنەر و گاڵتەئامێز و شادی بەخشن، بیری منداڵان تیژ و بە بڕشت و خەیاڵیان فراوان و بەرزەفڕە، چاویان كراوە و زمانیان ڕەوان و پاراو، ئارەزووی فێربوون زۆر و تامەزرۆی بەدواداچوون فرەو حەزی پرسیار فەراژی و وردبوونەوەیان پتر دەكات.

متووكردن و فێربوون، سەركەوتنی سەر پەیژەیە، بەرزبوونەوەی پایە بە پایە، تا پتر بڵند ببێت، دوورتر دەبینێ و هەست و نەستی پتر دەبووژێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت منداڵ هەنگاو بە هەنگاو ڕابكێشرێتە نێو كرۆكی مەبەست، بە پلانی گونجاو، ئارەزووی قووڵبوونەوە و پرسیاركردن و هەست بە كەسایەتی كردنی خۆی لەلا دروست بكرێت، ئەگەر ڕەچاوی توانا و ئارەزووی منداڵ و قۆناغی تەمەن و پلە بە پلەی فێربوون و... نەكرێت، ڕاستەخۆ ویستەكان بە بەرنامەی داڕێژراوی بیری گەوران بۆ گەوران، بە سەپاندن و زۆرە ملێ لە منداڵ باربكرێت. ئەوە نەك هەر بەرنامەكە ڕۆڵی خۆی نابینێت. بەڵكو كاردانەوەی ئاڵۆز و شكان و خۆدزینەوە و ڕكنی و ڕكابەری لێ دەكەوێتەوە.

ئەگەر پاڵەوانی چیرۆك و شانۆی منداڵانە گیانداربن، ئەوە پتر سەرنجی منداڵان ڕادەكێشن. چیرۆكی خەیاڵی و ئەفسانەیی و جەڤەنگ ئامێز و پاڵەوانیەتی لە لای

منداڵان دڵگر و بایەخدارترن. دەبێت نووسین بۆ منداڵان چێژبەخش و سەرنجکێش و سۆزهەژێن و سەرسوڕهێن بێت، ئەگینا هەر لە سەرەتاوە منداڵ ڕکن ، خەمسارد، چاوترسای دەبێت، دەتۆرێت و لەگەڵی ئاشت نابێتەوە. بابەتە نوێیەکانی وەک کۆمپیووتەر و بیستۆکی گەڕۆک و کەناڵی ئاسمانی، کە لە دەوروبەری منداڵی ئەمڕۆدا هەڵتووتاون، پڕیانە لە ڕووداو و بیرۆکەی ئەفسووناوی، ئامرازی دڵکێشن.

نووسینەکان درامی بن، جیهانی و ناوچەیی و هەرێمی دەرکەون، گەلێک لە دەوروبەر و بۆچوون و توانای منداڵ دوور نەکەونەوە، یان لەگەڵ خەیاڵی هاوتەمەن و ڕووداوەکانی لێرە و لەوێ دەیانبیستێ و دەیانبینێ و بیریان لێ دەکاتەوە بگونجێن. نووسین و چاپکردنی بەرهەمی ئەدەبی منداڵانە، لە نووسین و چاپکردنی بابەتە ئەدەبییەکانی دیکە ئاستەنگتر نەبێت ئاسانتر نییە.

منداڵان و مێرد منداڵان، هەندێک جار سەرەژن و جوامێرانیش دەبینین بە دیار دەنگوڕەنگ و جووڵەی فیلمی کارتۆنییەوە، جووڵەکردنی بێ دەنگی شارلی شاپلن، بە سەرسامییەوە دەمیان دادەپچڕن و هەست لە خۆیان دەبڕن، خۆیان لە بیردەکەن و لەگەڵ ڕووداوەکان دەگۆڕێن، پێدەکەنن، دەتاسێن، ڕادەچەنن.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


**١- شەرمین عەبدوڵڵا ڕواندزی، و. لە عەرەبییەوە: «کێ دەتوانێ هەنگوین بخوات» نامیلکەی «ڕاستگۆیی» ، زنجیرە کتێبی منداڵان، ژ: (٤٨)، چ یەکەم (٢٠٠٨) چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.**

**٢- منداڵانی سەردەم، گۆڤاری منداڵان، (٢٠٠٨) ژ: ١٧ لاپەڕەکانی: (١٠، ١١ ، ١٣، ٣٧). و.ڕۆشنبیری، سلێمانی.**

**٣- شەرمین عەبدوڵڵا ڕواندزی،(٢٠٠٨) و. لە عەرەبییەوە: «کێ دەتوانێ هەنگوین بخوات» نامیلکەی «ڕاستگۆیی» ، زنجیرە کتێبی منداڵان، ژ: (٤٨)، چ :١ چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.**

**٤- گۆڤاری زرێمۆک،(٢٠٠٧) ژ: ١٧ ، ل ٨، دهۆک.**

**٥- گۆڤاری منداڵانی سەردەم،(٢٠٠٧) ژمارە ٧ ل ٣٣ دێری ١ ، سلێمانی.**

**٦- گۆڤاری هێلانەی منداڵان. ژ ٩٣ ل ١٤، هەولێر.**

**٧- گۆڤاری سەردەم، (٢٠٠٧) ژ. ٧ ل ٣٨ - ٤١، و. ڕۆشنبیری سلێمانی.**

**٨- عەبدوڵڵا حەمەلاو (٢٠٠٧) چیرۆکەکانی بەر لە خەوتن، و. لە سوێدییەوە ، ل: ١٠، خانەی سمۆرە، سلێمانی.**

**٩- هەمان سەرچاوە ، ل: ٨٤- ١٠٨ .**

**١٠- کوثر حسین (٢٠٠٧) العربي الصغیر، العربي الکویتیة، ادباء الغد، قصة الملك والنجار.**

**١١- عبدالله بن المقفع، ترجمة. کلیلة و دمنة للفیلسوف الهندي: بیدبا، دار المعرفة- بیروت**

**١٢- قصص و حکایات للاطفال (٢٠٠٥) جحا العادل، ط١ ص ٢٤**

**١٣- گۆڤاری منداڵانی سەردەم (٢٠٠٧) ژ: ٧، سلێمانی.**

**١٤- گۆڤاری سڤۆرە، ژمارە ٩٩ لاپەڕە ١٧.**

**١٥- گۆڤاری زرێمکۆک (٢٠٠٧) ژ ١٧ ل ١٢.**

**١٦- گۆڤاری مشکە (٢٠٠٧) ژ ٢٠، ل ٤.**

**١٧- گۆڤاری هەنگ (٢٠٠٧) ژ: ١٢٦ ل: ٤.**

**١٨- گۆڤاری جگەرگۆشەکان (٢٠٠٧) ژ: ١٣٩ ، ل ٤.**

**١٩- گۆڤاری خەندە ژ: ٢٩، ل: ٤.**

**٢٠- گۆڤاری پەلکە زێڕینە ژ٣٨ ل ٨.**

**٢١- گۆڤاری هێلانەی منداڵان (٢٠٠٧) ژ ٩٣ ل ٦ - ٧.**

**٢٢- هەژار بۆ کوردستان/ چاپی شەشەم، بڵاوگەی هەژار، سنندج ل ٢٥٩.**

**٢٣- گۆڤاری هێلانەی منداڵان (٢٠٠٧)، ژ ٩٣، ل٨ - ٩، هەولێر.**

**٢٤- عبدالله بن المقفع، ترجمه، کلیله و دمنه بیدبا، ص ١٥٢ - ١٥٣.**

**٢٥- محەمەد ساڵح گەلاڵی (٢٠٠٤) ، وەرگێڕان. چ٣، ل:١٠٥، سلێمانی.**

**٢٦- گۆڤاری هێلانەی منداڵان (٢٠٠٨) ژ ١٠٢ ل ٣، هەولێر.**

**٢٧-حەمە کەریم عارف (٢٠٠٨) زارۆکستان، ل ٥.**

**٢٨- جمال محمد شامي (٢٠٠٥) تربیة الاولاد تربیة صحیحة. ص ٤٩.**

# شاعیری گەورە (و) گەورەتر (و) هەرە گەورە

مارف خەزنەدار

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم (١٩٤٥- ١٩٥٥) لە عیراق چەند ڕۆژنامە و کۆوارێک بە زمانی کوردی بلاو دەکرانەوە. لەوانە گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە، ژین، نزار، ئێرە بەغدایە، پەیام، هەولێر و هی دیکە. هەندێ کتێبی کوردی لە بەغدا و سلێمانی و هەولێر چاپ دەکران. ژمارەیان کەم بوو، هەرچەندە بە تەواوی تینوێتی خوێنەر و خوێندەواری کوردیان نەدەشکاند، بەلام زۆر بە کەڵک بوون. جگە لەمە لە بەغدا چوار پێنج ڕۆژنامەی ڕۆژانە و ژمارەیەکی کەم لە کۆواری هەفتانە و مانگانە بە زمانی عەرەبی بلاو دەکرانەوە.

کتێبی عەرەبی لە کتێبی کوردی زیاتر بوون، بەلام ئەم هەموو چاپەمەنییە عەرەبییەش بەشی قوتابیان و لاوان و ڕۆشنبیرانی کوردییان نەدەکرد. دەروازەی یەکەمی چاپەمەنی وەک سەرچاوەیەک بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی ڕۆشنبیری کورد تا پلەیەک شانازی پێوە بکرێ وەک ئەوروپایی دەڵێن ببێتە ئینتلیجێنت میسر و لبنان بوون، نیعمەتێک بوو بۆ خەڵکی ئەو سەردەمەی عیراق بە گشتی و بۆ کورد بە تایبەتی. ئەم چاپەمەنییانە بە فڕۆکە دەگەیشتنە بەغدا، بۆ ڕۆژی دوایی لە شارەکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر لەبەردەستی خوێنەر دەبوون. بڕێکیان دەگەیشتنە قەزاو ناحیەکانیش.

ئەم چاپەمەنییانە ئاسۆی بیریان فراوان دەکرد، ڕۆشنبیری کوردیان لە پایەی خوێندەواریدا لە ڕۆشنبیری وڵاتە پێشکەوتووەکانیان نزیک دەکردەوە، بەهۆی بەرهەمە ئەدەبییە بلاوکراوەکانیانەوە ناسیاوییان لەگەڵ شاعیر و نووسەرانی دەوروبەر و هاوسێ و بێگانە دوورەکانیان پەیدا دەکرد. شاعیر و نووسەری ئەو ڕۆژگارە لە تاکەکەسێکدا نەدەکەوتنە بەرچاو، شاعیرە دیارەکان لە

یەکێک زیاتر بوون، بە زۆری دوو کەس و سێ کەس لە ناو کۆمەڵدا دیار دەبوون و ناوبانگیان دەردەکرد. بۆ نموونە نووسەرێکی وەکو برناردشۆ و ئێچ. جی. ویڵزی بەریتانی لە هەموو گێتیدا بەناوبانگ بوون. کۆمەڵی ڕۆشنبیری کوردەواری ئێمە لە کوردستانی عیراق ئاگاداری هەردوو شاعیری میسری ئەحمەد شەوقی و حافز ئیبراهیم بوون، هەروەها نووسینی تەها حوسێن و عەباس مەحموود عەقاد سەرچاوەیەکی گرنگ بوون بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری و مشتوماڵ کردنی مێشک و ناخی دڵ و دەروون. بەم هۆیەوە ئەوەی سەیر بێ لەو سەردەمەدا تەها حوسێن وەک پێشکەوتنخواز و عەباس عەقاد وەک کۆنەپەرست تەماشا دەکران. ئەمە لەدواییدا دەرکەوت سیاسەتی یەک ئاخوڕەیی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، بایەخی بە بیروڕای دووەم نەدەدا.

لە عیراق دوو شاعیر ناویان دەرەوشاوە بوو، مەعرووف ڕەسافی و جەمیل سدقی زەهاوی. لە ڕووی بیری کوردایەتییەوە لاوانی کورد شانازییان بەوەوە دەکرد کە ئەم دوو شاعیرە هەردووکیان بە بنەچە کوردن. ئەگەر مەعرووف ڕەسافی زمانی کوردی نەزانیبێ، جەمیل سدقی زەهاوی کوردی دەزانی. لام وایە ڕۆژی ئەمڕۆ پێویست بەوە ناکا شانازی بە کەسانێکی وا بکرێ تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بوون، بێ گومان ژیانی دەرەوەی کۆمەڵی کوردەواری بۆتە هۆی ئەوەی فێری زمانی کوردی نەبن و دووربن لە خووڕەوشت و پەروەردەی قەومییەوە.

لە کوردستانی عیراق وەکو خەڵکی دیکە دوو شاعیری ناودارمان هەبوو، ئەمانە گۆران و پیرەمێرد بوون. ڕۆشنبیر و هەڵگرانی قەڵەم کردبوویانن بە شاعیری ناودار. بە ڕاستی ئەم دوان دوانەیە و لە شاعیرێک زیاتر کارێکی ئاسایی و تەبیعی بوو. ڕەمزی دیموکراتی و پشووی ئازادی و بیروباوەڕی ڕەسەنی تێدا بوو. دوور بوو لە خۆپەرستی و خۆ بە زل زانین، دوور بوو لە دیکتاتۆرییەت و خەڵکی بە کەم زانین، دوور بوو لە بە زۆر سەپاندنی ئیدیۆلۆجییەتێکی دیاری کراو بەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵ. نالی هەر چەندە گەورەش بێ، ئەدەبی کوردی بەبێ ئەویش هەیە. لە ڕەخنەی ئەدەبییدا ئیبن سەلامی جومحی (٨٤٦ز مردووە) لە کتێبی چینەکانی شاعیران (طبقات الشعراء)دا شاعیرانی کردووە بە چوار چین. چینی یەکەمیان لە گەورەکانن، ئەمانە لە تاکە شاعیرێک زیاترن، لەبەر ئەوە چینی پێ گوتوون، واتە تاکە شاعیرێک لە کۆمەڵدا نییە یەکانە بێ و شاعیری لەو گەورەتر لە ناوەوە نەبێ.

ئەم تیۆرییە، یان ڕاستتر ئەم بیروڕایە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ناوەوە نەبوو، بەڵگەی ئەم قسەیە ئەوەیە کە لە سەرەوە گوتم. بەشێوەیەکی ئاسایی و تەبیعی لە هەموو کۆمەڵێکدا زیاتر لە شاعیرێک، یان نووسەرێک لە ناوەوە بوون، واتە زیاتر لە شاعیرێک، یان نووسەرێک لەچینی یەکەم بوون، دروستکردنی ئەم «یەکانە»یە لە ئەدەب و هونەردا دەستی کۆمۆنیستەکانی ڕووسیای تێدا بوو. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دامەزراندنی کۆمەڵی سوسیالیستی، دەبوو نووسەرێکی وەکو میخائیل شۆلۆخۆڤ ببێ بە ئەندامی ئەو حزبە و لە پاشاندا بە مەبەستی پروپاگەندە بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێررێ، ئەگەرنا شۆلۆخۆڤ بۆ کۆبوونەوەکانی ئەو لیژنەیە ئامادە نەدەبوو، مەگەر کۆنگرەی حزبەکە نەبێ.

لەوکاتەدا ئیلیا ئەهرینبورگ بەناوبانگترین نووسەرێک بوو لەو وڵاتە و لە هەموو گێتیدا، بەڵام ئەندامی حزب نەبوو. بەم هۆیەوە جێی خۆیەتی بڵێم ستالین ڕێزی تایبەتی بۆ ئەم نووسەرە گەورەیە هەبوو. ئەو دەیزانی لەو سەردەمەدا زۆر بەناوبانگە، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی وەک ڕۆژنامەنووسێک لەگەڵ ئازادیخوازانی پاریس لە جەنگی دووەمی گێتی بەرگری لە شاری پاریس کرد، لەدواییدا ڕۆمانە بەرزەکەی بەناوی «داگیرکردنی پاریس» نووسی و لە پاشاندا بە گەلێک لە زمانانی دنیا دەنگی دایەوە.

لەم لایەنەوە پارتە کۆمۆنیستەکانی دەرەوەی وڵاتی سۆڤیەت، بە تایبەتی ئەوانەی گێتی سێیەمیان پێ دەگوتن هی وەکو عیراق لە هەموو شتێکدا لاسایی کۆمۆنیستانی ڕووسیان دەکردەوە.

لە عیراقدا تا ساڵی ١٩٤٩ محەمەد مەهدی جەواهیری ناوێکی گەورەی وای نەبوو، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ناودارترین شاعیری عەرەبی زمانی عیراقی مەعرووف ڕەسافی و جەمیل سدقی زەهاوی بوون. لە ڕۆژانی ڕاپەڕین (الوثبة)ی ١٩٤٨-١٩٤٩، بە تایبەتی لە پاش شەهیدبوونی جەعفەر مەهدی جەواهیری

که برای جەواهیری شاعیر بوو هاتە ناو بزووتنەوەی نیشتمانی عیراقەوە. لەوەپێش جەواهیری ئەو ناوەی نەبوو، خۆی بەعیراقەوە نەدەنووساند و زیاتر حەیرانی بەهەشتە بەهارییەکانی ئێران بوو.

لەدوای کوژرانی جەعفەری برای، شیعری زۆری نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازانەی هۆنییەوە، بوو بە شاعیری خۆپیشاندانەکانی شەقامی ڕەشیدی بەغدا، بەمە لەناو عیراق و لەناو وڵاتانی عەرەبی دەرەوە ناوبانگی پەیدا کرد. کۆمۆنیستانی عیراق ئەمەیان قۆستەوە و خۆیان کرد بە خاوەنی. ئیتر وشەکانی «گەورە» و «گەورەتر» و «گەورەترین»یان بۆ بەکاردەهێنا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی لێیان نزیک ببێتەوە، بەڵام قەت خوو و ڕەوشتی کۆمۆنیستانی نەبوو.

لە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەم جۆرە پێداهەڵدان و ستایشە ناقۆڵاو نا ماقووڵانە بەکارناهێنرێن، چونکە هەموو شاعیرێک «بە گەورە» حسێب دەکرێ ئەگەر لە بەرهەمیدا گەیشتبێتە پلەیەکی بەرزی جوانکاری (ئیستێتیکی)، بەڵام ئەوی حزبێک، یان حکومەتێک دەیکا لە مەبەستێکی سیاسییەوەیە، لەبەر ئەوە لەگەڵ بەسەرچوونی ئەو دەورە سیاسییە کەفوکوڵی پرۆپاگەندە بۆ شاعیری «گەورە» هێمن دەبێتەوە.

لە ڕووی شاعیرییەوە جەواهیری شاعیری چاکە، بەڵام نوێخواز نییە، کەچی توانیویەتی بیروباوەڕی سەردەم بە کەرەستەی هونەری شیعری کلاسیکی کۆن بخاتە ڕوو. واتە کێشی عەرووزی و یەکێتی قافیە. هەرچۆنێ بێ بەدر شاکر سەیاب و نازک مەلائیکە و عەبدولوەهاب بەیاتی و هی دیکە لە جەواهیری پتر نوێنەری شیعری عەرەبین و تازەگەری دەوردەکەنەوە.

کەس لاری لەوە نییە گۆران شاعیرێکی گەورەیە، من لەو کەسانەم لە نزیکەوە ناسیومە و زۆریشم لەسەری نووسیوە، بەڵام کۆمۆنیستانی کورد لەبەر ئەوە گەورەیان نەکردووە، چونکە شاعیرێکی گەورەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بە بیروباوەڕ مارکسی بووە و ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بووە، واتە پرۆپاگەندەیەکە بۆ حزبی خۆیان.

شاعیری هەموو میللەتانی گێتی خاوەنی بیروباوەڕی فەلسەفی و ئایینی جیاواز بوون، هەندێکیان ئەندامی حزبیش بوون، بۆ بەڵگە شاعیرێکی گەورەی ئیتاڵی دانتی (١٢٦٥-١٣٢١) خاوەنی «کۆمیدیای یەزدانی» ئەندامی حزبی سپی بوو، لەوکاتەدا لە ئیتاڵیا دوو حزب لە ناوەوە بوون، ڕەش و سپی، بەڵام بەدەگمەن لە ژیانی شاعیردا ئاماژە بە لایەنی حزبایەتی دەکرێ، چونکە گرنگییەکی ئەوتۆی بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرە گەورەیە نییە.

ڕۆژی ئەمڕۆ ئێمەی کورد لە سەردەمی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دەژین، پێویستە بە وشەکانی «گەورە، گەورەتر، گەورەترین» خۆمان مەشغوول نەکەین، بە تایبەتی بۆ شاعیر و نووسەر و هونەرمەندێکی دیاری کراو بەکاریان بێنین. ئەمە هەمووی پرۆپاگەندەی حزبایەتی و دەسەڵات بەدەستانی وڵاتە لە ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکانیاندا دەری دەبڕن. کەس بە مەرسوومی کۆماری و فەرمانی شاهانە و بڕیاری حزبی نابێ بە شاعیر و نووسەر و هونەروەر. خوێنەر و خوێندەوار و مێژوونووسانی ئەدەب و ڕەخنەی بەراوردی لەنێوان هەموو زانستییەکانی کۆمەڵایەتی بڕیار لەسەر «گەورەیی» دەدەن، چونکە ئەوان خاوەنی مەسەلەکەن و تێی دەگەن.

# «دەنگی نوختە» و شێوازی مینی مالیزم

محەمەد تەرەغە
(بۆکان)

زاراوەی مینی مالیزم کە لە واژەی مینی مۆمەوە دێت، بە مانای کەمینە خوازی، یان کورت بێژییە، کە بۆ یەکەمین جار بارت نیومەن، ڕەخنەگر و موزیکناسی ئینگلیزی، لە دەیەی ٦٠دا، بەکاریهێنا. کە وایە ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمین جار لە تیۆری مۆسیقاوە، سەری هەڵداوە و دواتر بۆ بەستێنەکانی تری هونەر گوێزراوەتەوە، بەڵام یەکەمین شوێنەوارەکانی کە لایەنی مینی مالیزمیان تێدا بەدی کرا، هونەرە نیگارییەکان بوون.

کازمیر مالویچ-ی ڕووسی لە ساڵی ١٩١٣زدا شەقڵی سپی بەسەر سپیدا، کە چوارگۆشەیەکی سپی چکۆلە بوو، لە بەستێنێکی سپیدا خولّقاند، کە وەک یەکەمین بەرهەمی مینی مالیزم لە بەستێنی هونەرە نیگارییەکان، سەیری دەکەن.

هەرچەند ئەگەر لە هەندێک تایبەتمەندیی شێوازی مینی مالیزم خۆ بواردن و کورتبێژی و کەمینەیی وەک ڕەگەزی سەرەکی ئەم شێوازە سەیر بکەین، مێژووەکەی بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕێتەوە، بەڵام بەشێوەی سەبکی و ئاکادیمی بۆ سەرەتای سەدەی بیستەمی دەگێڕنەوە و هەندێک لە خاوەن ڕایان بە یەکێک لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی فۆرمالیستی دەزانن.

«کەم زۆرە» ئەوە سەرەکیترین دروشمی مینی مالیزمەکانە، کە بۆ یەکەمین جار ڕۆبێرت براونینگ کەڵکی لەم زاراوەیە وەرگرت. یەک دوو دروشمی تریش کە هەمان مانا دەگەیەنن، لەلایان مینی مالیزمەکانەوە، بەیان کراوە. وەک: بێ دەنگی وەک زێڕ بایەخدارە، یان بێ دەنگی بنەمای ژیری و ئەقڵە.

شێوازی مینی مالیزم یەکێک لەو سەبکانەیە کە هەموو

بەستێنەکانی هونەر، وەک هونەرە نیگارییەکان (شێوەکاری، پەیکەرتاشی) مۆسیقا، شانۆ و سینەما و شیعر و لە هەمووان گرنگتر چیرۆکیشی گرتۆتەوە.

یەکەمین بەرهەمەکانی چیرۆکی، هەڵبەت بە شێوەیەکی ئاکادیمی، دوای دووەمین جەنگی جیهانی و لەسەر دەستی نووسەرانی ئەڵمانی هاتە ئاراوە. دوای شەڕ و تێکشکانی ئەڵمان، نووسەرانی ئەڵمانی گرووپێکیان بەناوی گرووپی ٤٧ ساز کرد، کە دوو نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانی وەک هاینریش بۆڵ و گۆنتەرگراس لەم گرووپەدا بوون. چیرۆکەکانی ئەم گرووپە زۆریان لایەنی مینی مالایزمیان تێدا بەدی دەکرا. بە تایبەت بەرهەمەکانی هاینریش بۆڵ کە زۆربەیان لەم بەستێنەدان. هەروەها وڵفانگ بۆرشێرت کە خۆی یەکێک لە ئەسیرەکانی مەیدانی شەڕ بوو، هەر لەم ڕێگایەشدا لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا، گیانی لەدەستدا.

بەڵام سەرەکیترین شوێنی سەرهەڵدانی شێوازی مینی مالیزم، بە ڕۆژاوا دەزانن، بەتایبەت نووسەرانی بەرەی سێیەمی ئەمریکا کە نووسەرانی دوای شەڕی ڤێتنامن. نووسەرانی بەرەی سێیەم کە بریتی بوون لە ڕیمۆند کارویر، دۆناڵد بارتێلمی، فرێدریک بارتێلمی، جان چیوێر، بابی میسۆن، توبیاس ڤۆڵف و..

بەرهەمی ئەو نووسەرانە زۆرتر کورتبێژ و ساکاربێژن و لە پێچەڵاوپێچی بەدوورن، هەروەها دڵەڕاوکێی ئینسانی سەردەم لە ژیان و مەرگ لە بەرهەمی ئەو نووسەرانەدا بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە.

گرنگترین هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم شێوازە، بە ئاکامی شەڕی ئەمریکا دەگەڵ ڤێتنام دەزانن، هەربۆیە لە بەرهەمی ئەو نووسەرانەدا، بێزاری لە شەڕ و ئاکامەکانی شەڕ و هەروەها دڵەڕاوکێی ئینسان دەرهەق بە شەڕ، بە جوانی هەست پێ دەکرێ.

هەندێک لەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ چیرۆکی ئەم نووسەرانە و بەگشتی بۆ چیرۆکێکی مینی مالیزمی دیاری دەکەن بریتین لە: وشەی کورت و چکۆلە، وشە و پەرەگرافی کورت، کەسایەتی دیاریکراو؟ کردەوە و دژ کردەوەی بەربەست و بارستایی دیاریکراو. ئەم تایبەتمەندییانە لەلایەن فرێدریک بارتێلمییەوە، لە زمانی نەیارانی مینی مالیزم بەیان کراوە. فرێدریک بارتێلمی دەڵێ، چیرۆکێک ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێ، خراپییەکەی لە کوێدایە؟ هەروەها جی. دەبلیوو تۆماس بۆ نووسینی IWritting flash fiction چیرۆکی مینی مالیزمی، یان واتا ئینگلیزییەکەی، ٧ خاڵ بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات:

١- ئیدەی چکۆلە، لەناو ئیدە چکۆلەکاندا، بە شوێن ئیدەگەلی گەورەوە بن.

٢- بێ پێشەکی بچنە ناو دەقی چیرۆکی.

٣- چیرۆکەکە لە ناوەڕاستەوە دەست پێ بکەن.

٤- لەناو چیرۆکدا زۆرتر سەرنج بدەنە سەر پەیکەرەیەکی سەرنجڕاکێش.

٥- هەوڵ بدەن خوێنەر تا کۆتایی چیرۆک هەر دەگەڵتان بێ و حەدس لێ بدا.

٦- لە سەرچاوە کەڵک وەربگرن. بۆ نموونە کەشتی تایتانیک.

٧- پێچ و پەنای کۆتایی چیرۆک ڕوومەکەن.

## مینی مالیزم لە ڕۆژهەڵاتدا

ئەگەر کورتبێژی و ساکاربێژی وەک بنەمای سەرەکی مینی مالیزم سەیر بکەین. دەتوانین شوێن پێی ئەم شێوازە لە ئەدەبیاتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا، بەتایبەت سێ وڵاتی ژاپۆن، هیند و ئێراندا هەست پێ بکەین. لە وڵاتی ژاپۆن وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە هایکۆی ١٧ بڕگەیی و تان کا-ی ٣١ بڕگەیی بکەین.

لە وڵاتی هیندستانیش، جان بارت، وەک نموونەیەکی زیندوو کە لایەنی مینی مالیزمیان تێدایە، جەخت دەخاتە سەر «ڕامایانا» و دەڵێ: لە زۆر جێگەی ڕامایانادا لایەنی مینی مالیزم بەدی دەکرێ. ئەو وەک نموونە باسی یەک وشە لەنێو ڕامایانادا دەکات و دەڵێ: مامی هلا پێنتاپی، یانی چاو لە چاوانی یەکتر دەبڕن، بەو نیازەی ئەوی تریان هەنگاو هەڵگرێ و ئەوەی لەدڵیدایە بیڵێ.

لە ئەدەبیاتی وڵاتی ئێرانیشدا ئەو لایەنە هەر هەست پێ دەکرێ. (لە پێشەکی ئەم گردوکۆیەدا زیاتر باسی لەسەر کراوە.)

## دەنگی نوختە و مینی مالیزم

دەتوانین بڵێین دەنگی نوختە نووسراوەی سەید قادر هیدایەتی، لە ئەدەبیاتی کوردیدا، یەکەمین بەرهەمە کە

تەواو مینی مالیزمییانە خولقاوە. ڕەنگە هەر لەبەر دەسپێکی ئەم شێوازە لە ئەدەبی کوردیشدا بێ کە نووسەر لە زۆر جێگەدا، ڕاستەوخۆ ئاماژە بەو شتە دەکا و بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێ:

«من بم لە جیاتی ئەوانەی چاوەڕێن چیرۆکەکە، دەست پێ بکات، هەر لە یەکەم وشەوە، وشیار و قوت و وریا هۆشم پێوەی دەبێت، چونکە چیرۆک هەمیشە دەیەوێ بەسەریەکدا بکەوێ و بارستی خۆی زۆر بکات. وەک ئەو جۆرە بەفرەی هەمیشە لە نێوەشەوێکی زستاندا، خەوی خەڵک وا قورس دەکات...»ل٨

دەبینین کە چیرۆکەکە، هەر لە دەسپێکەوە، بە ڕاشکاوی ئەوەمان پێدەڵێ و تەنانەت زۆر بە ئەدەبانەش هێرش بۆ ئەو بەرهەمانە دەکا کە درێژ دادڕی دەکەن و لەسەریەک کەڵەکە دەکرێن.

یان ئەوەی کە دەڵێ: «من باوەڕم بە چڕوپڕ گوتن هەیە و خۆشیم لە درێژ دادڕی نایە. بۆیە پێم دەڵێن ماسیگرێکی دیکەی دیکە.»ل٣٠

یان زاراوەگەلی وەک کەم قسە بوو ل٣٦. لە هەمووی ئەوانەدا و لەو نموونانەی کە دواتر باسیان دەکەین، ئێمە دەگەڵ سات بێژی ڕووبەڕوو دەبینەوە و بەرەو کورت و کورت بوونەوە ڕادەکێشرێین.

وەک نموونەی تر: «بۆ ئەوەی ساتێکی دیکە ئەو ڕووداوە وەدواکەوێ گۆچانەکەی سێ چوار جار هەڵسووڕاند و یەک بەخۆی حەوای دا..»ل٣٨، یان «هێندەم پێ سەیر دەبێ و سەرم سووڕ دەمێنێ، لاتراسکە دەبەستم و بەسەریدا دەکەوم. ئەڵقەکە دەکەوێتە خوارێ؛ یەک نوختە دەمێنێتەوە.»ل٤١ دەبینین کە بەرەو کورتترین کەرەستەی نووسین کە نوختە بێ، کورت بۆتەوە.

ئەوانە ئەو نیشانە ڕواڵەتییانە بوون کە لە ڕاستیدا نووسەر لە دەنگی نوختەدا، بەگوێی ئێمەی دەچرپێنێ، کە چیرۆکەکە، لە چ ڕاستاییەکدا، دەیەوێ بەرەو پێش هەنگاو هەڵگرێ.

ئەم شێوازە نووسینە بەتایبەت لە سەرەتاکانی چیرۆکەکەدا، وەبیر ئەو حاڵ و هەوایەم دەخاتەوە کە هەندێک لە نووسەرانی سەدەی ٢٠ی.ز. جەختیان لەسەر کردۆتەوە؛ وەک هینری جێمز کە لەدەسپێکی یەکێک لە ڕۆمانەکانی ١٩٢٠دا دەڵێت: نووسەر دەبێ هەر شتێک کە شیاوی قرت کردنە، قرتی بکات. «هەمینگوای»ش دەڵێت: هەوڵ بدەن شتەکان وەسف نەکەن، بەڵکو نیشانی بدەن.

بەڵام شێوازی مینی مالیزم لە دەنگی نوختەدا، هەر بەو نیشانە ڕواڵەتییانە ناناسرێتەوە، بەڵکو خودی دەنگی نوختە، چ بە شێوازی گێڕانەوە و لە نیشانە و هەڵسوکەوت دەگەڵ کەسایەتییەکان و لە هەموویان گرنگتر لەبەرچاوگرتنی ئیجاز، تەواو شێوازێکی مینی مالیزمییە.

هەندێک لەو تایبەتمەندییانەی کە لە چیرۆکێکی مینی مالیزمیدا، دیارییان کردووە و ئێمەش بەشێک لەوانەمان وەک نموونە هێناوە، لەم چیرۆکەدا، بە باشی ڕەچاو کراون. وەک لەبەرچاوگرتنی ئیجاز، بارستایی دیاری کراو ڕستە و پەڕەگرافی کورت و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە «دوگمە»، ؟ هەروەها سەرقاڵکردنی خوێنەر تا کۆتایی چیرۆک بۆ بیروڕا دەربڕین و بۆچووندان.

ئەوانە هەموویان ئەو تایبەتمەندییانە بوون کە لە دەنگی نوختەدا، بەرچاو دەکەوتن، بەڵام لە بۆچوونە نوێیەکانی ئەمڕۆکەدا، سەبارەت بە مینی مالیزم دەڵێن، دەکرێ بەرهەمێکی مینی مالیزمی کورت نەبێت، بەڵام مینیماڵی بێت. تەنانەت هەندێک لە نووسەران لە هەوڵی نووسینی ڕۆمانی مینی ماڵدان، یان باشترە بڵێین دەقی مێتاڕۆمان کە میلان کۆندێرا یەکێک لەو نووسەرانەیە، بەرهەم هاتووە. هەروەک خۆی ڕۆمانی هەرمان (بار هەستی) کورت دەکاتەوە و ناوی لەش و گیانی لەسەر دادەنێ.

ڕەنگە بکرێ ئەم ڕوانگەیەی نووسەر کە دەڵێ، هەر کام لە فەسڵەکانی ئەم نۆڤیلێتە دەتوانێ چیرۆکێکی سەربەخۆ بێت، ڕەت بکەینەوە؛ چونکە سەراپای چیرۆکەکە، لە ماوەی هەوادانی گۆچانێک و کەوتنە خوارێی، ڕوودەدا. کە وایە دەنگی نوختە تەنیا کورتیلە چیرۆکێکە، چونکە هەروەک گوتمان ئەمڕۆکە چیرۆکێکی مینی مالیزمی دەتوانێ لە ڕواڵەتیدا درێژ بێت، بە مەرجێک ئاستی زەمانی لەودا لەبەرچاو گیرابێت.

بەڵام چەند خاڵێکی وەک ڕیالیست بوونی زمانی چیرۆک، دەرەکی خوازی، یان جەخت خستنە سەر لایەنی دەرەکی، یان بە واتایەکی تر دەرهەستی نەکردنی شێوازی گێڕانەوەی چیرۆک، لەم چیرۆکەدا بەرچاو ناکەون.

ئەویش نە بەو مانایە کە نووسەر لێیان بێ خەبەر بێ، بەڵکو بەو نیەتە کە ئەوانە وەک سوننەت لە چیرۆکێکی مینی مالیزمیدا، جێگە و پێگەی خۆیان هەیە، بشکێندرێ. ئەوە هەوڵێکە، کە نووسەر خۆی پێوە ماندوو کردووە. وەک نموونە: گرتنی ساتەکان بە قولاپ. ل٥٦، یان جێ پێی نوختە ل٩٢، یان شینی خوشکی تاقانە ل١٠٠. لە هەمووی ئەوانەدا هەوڵ دراوە کە خۆ لە راستەقینە و ریاڵی بوون دوور خاتەوە و بەرەو ئینتیزاعی و دەرهەستی بوون پەل بکێشێ.

**بوارەکانی سەرهەڵدانی دەنگی نوختە**

لە هەر کات و زەمانێک، سادەبێژی و بەخێرایی و بە کورتی بەیان کردن، دوای بارودۆخێکی تایبەت هاتۆتە ئاراوە. بارودۆخی تایبەت زۆرجار زەخت و زۆری باڵا دەستان بووە، بە کورتی دەتوانین بڵێین دوای زەخت و زۆری و بارودۆخێکی تایبەت، جێ پێی ئەم شێوازە خۆش دەبێ، چونکە بێ گومان لە بارودۆخێکی ئاوادا توندوتیژی و گوشار بۆ سەر خەڵک، تا رادەیەک شتێکی ئاساییە، هەر لەبەر ئەوەش مرۆڤەکان بەرەو بێ وازی و بێ تاقەتی دەگەڵ ژیان رووبەروو دەبن. کە وایە توندوتیژی دەرهەق بە مرۆڤەکان و لەلایەکی تریشەوە بێ تاقەتی و جارسی ئینسانەکان لەو حاڵ و هەوایە، بواری ئەم شێوازە خۆش دەکا.

بەڵام ئیدوارد لووسی ئێسمیت نووسەر و رەخنەگری هونەرە نیگارییەکانی هاوچەرخ، پێی وایە کە ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەورانی مۆدێرنێتەیان تێپەڕاندووە و بەرەو پۆست مۆدێرنێتە هەنگاو هەڵدەگرن، بەستێنی ئەم شێوازە واتە مینی مالیزمیان بۆ دەرەخسێ و مینی مالیزم خاڵی وەرچەرخان، لە مۆدێرنێتەوە بەرەو پۆست مۆدێرنیتەیە.

**١- مینی مالیزم ژیانە؛ محەمەد تەرەغە (لەژێر چاپدایە).**

**٢- دەنگی نوختە؛ سەید قادر هیدایەتی؛ ١٣٨٢. بڵاوکراوەی پیام امروز.**

# هایکۆ چییە؟

ک. ج. هەڵوەدا
(بۆکان)

هایکۆ شێوە شیعرێکی وڵاتی ژاپۆنە و تەمەنێکی دوور و درێژی هەیە. لە هیچ قوژبنێکی ئێستای هەرێمی ئەدەبیاتی جیهاندا ئەم ناوە نامۆ نییە و سەدان ساڵە کلیلی دەستی شاعیرانی چاوبادامی ڕۆژهەڵاتە بۆ کردنەوەی ساتە پڕ هەستەکان. دەستەواژەی هایکۆ لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە بە واتای «دەسپێکی شیعر»ە و بە شێوە شیعرێکی کورتی سێ دێری و حەڤدە بڕگەیی دەگوترێ. ئەم سێ دێرە دوابەدوای یەک لە پێنج، حەوت، پێنج بڕگە پێکهاتوون. وشەی هایکۆ خۆی دوو بەشە: های(Hai) بە واتای هونەرمەند، دەورگێڕ و کۆ (Ku)بە واتای بەشێکی ڕستە، یان شیعر (دێرە شیعرێک).
هایکۆ خۆی کورتکراوەی شێوە شیعرێکی کۆنی ترە بە ناوی «تانکا» (Tanka)، تانکا پێنج دێر و ٣١ بڕگەیە و هەژماری بڕگەی دێرەکانی دوابەدوای یەک بەم شێوەیەیە: ٧،٧،٥،٧،٥ . تانکا خۆی لە دوو بەشی پرسیار و وەڵام پێکدێ، ١٧ بڕگەی سەرەتای وەک پرسیار و ١٤ بڕگەکەی پاشەوەی وەک وەڵام. تانکا (واتە شیعری کورت) خۆی لە پاڵ شێوە شیعرێکی تر بە ناوی «چوکا»دا بووە.( واتە شیعری درێژ).

بەدیهاتن و پەروەردەبوونی هایکۆ ڕێگەیەکی دوورودرێژی بڕیوە، بەڵام زۆرێک لە لێزانان و شارەزایان لەسەر ئەو بڕوایەن کە بووژانەوەی هایکۆ لە هایکۆیەکی بەناوبانگی (باشوو)وەوە دەست پێدەکا کە ناوی (Furu ike ya/ kawazu to bikomu/ mizu no oto)یە.
واتە: (گۆلاوێکی دێرین/ خۆهەڵدانی بۆقێک/ شڵپەی ئاو.).

«ماتسۆ باشوو» (Matsuo basho ١٩٤٤-١٦٩٤) بەناوبانگترین هایکۆوێژی هەموو دەورانەکانە. باشوو بە مانای «داری مۆز»ە و لە سەرەتای دەورانی «ئێدۆ»دا (Edo– ١٦٠٠– ١٨٦٧)دەژیا و لە ڕێڕەوانی فەلسەفەی «زێن» بوو. پێش باشوو شێوازی هایکۆ زیاتر گەمە بە

وشـەكـان بوو، بەڵام باشـوو شـان و شكۆی پێـدا و وەسـەرووی خـست. دەكـرێ بڵـێین هایكۆ ڕەنگدانەوەی خووی ژاپۆنییەكانە، ئەوان عادەتیان بە درێژدادڕی نییە و بەڵگەیی(استدلالی) نین و لە تەڵچنەعەقڵانییـەكان (انتـزاعـات عـقلی) پارێز دەكـەن. زیاتر خـوازیاری تێگەیشـتنە بەرچاوەكـانن (شـهـودی) و دەربڕینی ڕاستـییـەكـانیـان بە بێ ئاڵوگۆڕ و دەست تێـوەردانی واتایی و سۆزدارانە لاپەسندە. سێ ناوداری تری مێژووی هایكۆ بریتین لە : «یووسا بووسۆن» (١٧١٦-١٧٨٣)، «كووبایاشی ئیسـسا» (١٧٦٣-١٨٢٨) و «ماساكووا شیكی» (١٨٦٧-١٩٠٢).

لە ڕاسـتـیـدا هایكۆ دەربڕینێكی كـورتی ڕوانگەی هەستی مرۆڤەكانی ڕۆژهەڵاتە و جار هەیە ئەم دەربڕینە هێندە كـۆیە لە گـوڵووكی گـێـلاسـێك، یان دەنگی خۆهەڵدانی بۆقـێكدا جێ دەكـرێتـەوە. كـاریگەری زۆری ئایین/فەلسەفەی بوودایی «زێن» بە سووربوونەوە لەسەر عیرفان و ڕوانگە دەروونییەكان بە زۆربەی هایكۆكانەوە دیارە. ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان نییە، چونكە زۆربەی هایكۆوێژەكـان بوون، یان دێرنشین بوون، یان لەسـەر ڕێچكەی تەركەدنیاكان بوون، تەنانەت پێناسەیەكی تری هایكۆ «دەربڕینی ئەدیبانەی زێن»ە. هۆگری بە زێن لەگەڵ تەنینەوەی هایكۆ هاوكات بووە. تاقـمێك پێـیان وایە هایكۆ بەناوبانگەكـەی باشـوو كـورتكراوەی سـەرجـەم فەلسەفەی زێنە.

هایكۆ هەرێمی خۆنواندنی هێزی وێژەری و دەسـەڵاتی شاعیرانە لە میواندارێتی وشەكان نییە، بەڵكو كورت و ساكـارە و لە دەروونداية كە پڕ مانا و پڕ بەهایە. هایكۆ ئەفـراندنەوەی پڕ واتا و سـەرلەنوێی سـاتە سـاكـار و ئاسـاییـەكـانی ڕۆژانەیە. لە هایكۆدا نەهێنراو و نەگوتراوەكان زۆرن و خوێنەر دەست واڵا و سەرپشكە بە بۆچوونی خۆی چۆنی ویست شوێنە بەتاڵەكان پڕكاتەوە. هایكۆ بێ كۆتاییە و شتێكی دیاریكراوی وەك ئامانج و ئاكامی تێدانایە، دەلاقـەیەكە بۆ ڕوانینی ئازاد، ئەوەش بۆتـە ڕازی نەمـری هایكـۆ، بۆیە دەبێ چەندجـار بخـوێنرێتـەوە، كـە هەرجـارەو شـتـێكی نوێی تێـدا دەردەكەوێ.

زۆربەی هایكۆكـان وێنە و وێچـواندنە وێنەییـەكـانن، بەڵام بەدوور لە دژوار نواندن و پێـچـەڵاوپووچ كـردن و لێدوان. لە هایكۆدا شاعیر خۆ لە وشە ناپێویستەكان نادا و هەتا بكرێ كورتی دەبڕێتەوە. هایكۆوێژی باش خۆ لە هێنانی ئاوەڵناویش دەبوێرێ، كـە مـەودای بیـری خوێنەر كورت دەكاتەوە و ڕێگەی هەڵفڕینی لێ دەتەنێ. خوێنەر نابێ لە هایكۆدا عەودالّی كێش و سەرواش بێ.

شاعیری هایكۆ لە سنعەتە ئەدەبییەكان كەڵك وەرناگرێ و خۆ لە ڕازاندنەوەی وێژەیی دەبوێرێ و تەنانەت زۆرجار خۆ لە دەستنیشان كردنی شوێنی خاڵ و وێرگول و نیشانە ئەدەبییـەكـانیش نادا. ڕاڤەكـردن و كـەڵك وەرگـرتن لەو وشانەی دەستەبەری جۆرێك لێك كردنەوە و داوەرین لە هایكۆدا ناشیاوە. بۆ نموونە «گەردەلوولی لێڵ» و «ڕۆژی ڕوون» جـۆرێك ڕاڤـەن و بۆ هایكۆ ناشـێن، هەروەها وشـەی وەك تاریك، سـارد، بۆگـەن و سـەرجـەم ئاوەڵناوەكـان ناپێـویستن و هەتا بكرێ خـۆی لێ دەبوێردرێ.

هایكۆ هاوبەش بوونی خـوێنەرە لە چركـەسـاتێكی بەئاگابوونی شاعـیردا. چركەساتێك كە دەخزێتـە نێـو هەرێمی ئاسـوودەیی، خـەفـەت، ڕاز و ...وە. كلیلی سەرەكی خەبەر كردنەوەی هەستـەكانی ئێمـەیە لەمەڕ دیاردەكانی دەوروبەرمانەوە. لە هایكۆدا شاعیر ئاڵقەی نێـوانی خـوێنەر و دیاردەیە، نەك ڕاڤـەكـەری دیاردەكـان. وشەكانی هایكۆ ناشێ تەفسیری چۆنیەتی شاعیر بن بەڵكو دەبێ دەقـاودەق هەمـان حاڵەتی شاعیر لە وەها چركەساتێكدا، لە ناخی خوێنەردا بە ئاگا بێنن. هایكۆ تۆمـاركـردنی چركـەسـاتێكی تێپـەڕی ئێـستـایە و نابێ مەودایەكی زەمەنی درێژ بگرێتـە خۆ. ڕاست وەك ئەوەی لە وێنەگریدا ڕوو دەدات.

وێنە یەكـــەمین بنەچەی هایكـۆیە و لە زۆربـەی هایكۆكاندا دەبیندرێ. زۆرینەی وێنەكانیش سروشتین و سروشت كەرتێكی گرینگی ناو هایكۆ ژاپۆنییەكانە و تا ئێـسـتـا هەزاران جـار وشـەكـانی نوێنەری سـروشت لە هایكۆكـاندا پاتە بوونەتەوە. «جـووڵـە» مـۆركـێكی دانەبڕاوی وێنە هایكۆییەكانە. واتە وێنەكان ڕاوەستاو و چەقیـو نین و خوێنەر وەڕەس ناكەن. نیشانە و سەمبۆل بەشێكی تری پێكهاتەی هایكۆكانن. وەك لە ئەدەبیاتی هەموو زمانەكان و لە نێو هەر نەتەوەیەكدا هەندێك وشە بوونەتە سـەمبـۆل بۆ هەندێك شت، هایكۆی ژاپۆنیش سەمبۆل و نیشانەكانی تێدا دەبیندرێن. بۆ نموونە «چیای فووجی» سەمبۆلی پیرۆزی و خواكانە، «ماڵ» سەمبۆلی لەشی گلـینی مرۆڤـە، «شكۆفەی گـێلاس» سـەمبـۆلی ڕوحییەتی مرۆڤە، «قازی كێوی» سەمبۆلی زیارەتكەرە هەڵوەداكانی دوورەدەستە و ... هەندێك وشەش هەن كە لە سـەرجـەم هایكۆكـاندا زۆر بیندراون، لەوانە: ژن، باڵندە، دار و گوڵ، چیا، مانگ، بەفر و باران، خۆر و شتێكی تر كە لە هایكۆی ژاپۆندا شوێنێكی دیاری هەیە «وەرز»ە. هەندێك وشـە هەن كـە وەرزەكـانیـان پێـوە دەناسن و نوێنەری وەرزەكانن و بە فراوانی كەڵكیان لێ وەردەگیرێ و پێیان دەگوترێ «كیگۆ»، وەك: «كرمی

هاورێشم، جۆلانە، پەپوولە» (وشەی بەهاری)، «هولوو، چرچرۆ» (وشـەی هاوینی)، «مـانگ، تاجـیلۆکـە، حـەیزەران» (وشـەی پاییـزی)، «باڵندەی باران، بەفر» (وشەی زستانی).

هایکۆ حەنەک و تەنز و نوکتە نییە، چونکە ئەمانە نابنە پاڵنەری خوێنەر بۆ چوونە ئەودیو. هەموو هەر رووکار و زوونوێن. هایکۆ وەک وێنەهێنانەوەی ناو دەق(تەمسیل)یش ناچێ. لە تەمسیلدا بە ئاشکرا وێنەی ڕاستەقینە و دەمامک هەمان شت دەنوێن. نیشانە و سەمبوڵ و ئاماژەیان تێدا نییە و مانایەکی شاراوە نادەن. ڕوون و یەکدەنگ و یەک مانان. لە تەمسیلدا نیشانەکان سادە و بڕیارین.

پەل کێشانی هایکۆ بۆ ناو ئەدەبیاتی گەلانی تر لێرەوە دەردەکەوێ کە گەلێک لە شاعیرە ناودارەکانی دنیا، بە دان پیانانی خۆیان،کاریگەری هایکۆیان لە سەر بووە. وەک: «پول ئێلوار١٨٩٥ - ١٩٥٢»، «ئێزرا پاوند ١٨٨٥ - ١٩٦٥»، «تی. ئێس. ئیلیەت -١٨٨٨-١٩٦٥»، «ئۆکتاڤیۆپاز ١٩١٤ - ١٩٩٨»، «ڕابیندرانات تاگوور ١٨٦١ - ١٩٤١». ئێستا لە زۆر کەلێن و قوژبنی جیهان هایکۆ پەڕیوەتە ناو دیوانی شاعیرانی گەل و زمانانی تریشەوە.

لە وەرگێرانی هایکۆدا بۆ سەر زمانێکی تر خۆبەستنەوە بە بنەچەی هەژماری بڕگەی دێرەکان دەستی وەرگێڕ لە گواستنەوەی کاکڵی هایکۆکە کورت دەکاتەوە. هەرچەند بۆی هەیە وەرگێڕی بە توانا ئەم خەسڵەتەشی پێ بگوازرێتەوە، بەڵام دوور نییە وشەی ناپێویستی پێوە بلکێ و مۆرکی هایکۆی لێ بشۆرێ. دیارە یەکسان نەبوونی هەژماری بڕگەی دێرەکان لە پێک گرتن لەگەڵ زمانی ژاپۆنی-دا شتێکی ئاساییە و دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەدای پیت و وشەکان لەم دوو زمانەدا. ئەمەش لە زماننناسیدا بە ڕوونی دەردەخرێ، بۆیە لاساییەکە دەبێ کۆکرێتەوە سەر کاکڵ و لە وشەکانیشدا، وشە وەرزییەکان و وێنە سروشتییەکان بپارێزرێن.

## چەپکێ هایکۆ

### ئۆتۆمۆ یاکامۆچی

چرکەساتێ پێکەوە بووین و
پێمان وا بوو ئەوینمان
ساڵەهای ساڵ دەخایەنێ.

### یاماتۆ هیمە

خەڵکی ڕەنگە لەبیرت کەن
بەڵام من داگیرکراوم
بە تاپۆی دەلالی تۆ.

### سووسی

گوتی بە تالووکە دێم.
چاوەڕوانی مام تا مانگ هەڵات
دەمەو بەیانی پاییز.

### ئاری وارا ناری هیرا

نە ئەو مانگە مانگی جاران
نە ئەو بەهارە وەک بەهاری ڕابردوو دەچێ
تەنیا هەر من ئێستەکەش هەر وام.

### کارای ستێن ڕیۆ

لەگەڵ دەنگی «دەست دەنە شمشێرەکان»
هەڵدێتە سەر نێزیکترین سەربان
نێردیوان فرۆش.
* *
لەنێو تەواوی دێدا
هەر شووەکەی
نازانێ.
* *
ئێستە کابرا منداڵی هەیە
گەماڵەکانی گەڕەک
هەموو بە نێو دەناسێ.

### تان تایگی

تەزووی مانگ.
من بە تەنیا دەڕۆم و
چەقەی پردی دارینی ژێر پێم.

### ئاراکیدا مۆریتاکە

گوڵێ کەوتۆتە سەر زەوی
گەڕایەوە بۆ سەر چڵووک،
وەی...! پەپوولەیە.

**ماتسۆ باشوو**

شەوە و
زەنگۆڵە بێ دەنگ.
بەرامەی گوڵ بەردەوامە.
* *
بێ دەنگی
لە ناخی تاشەبەردەکانا
سیڕە سیڕی سیسرە.

**گیۆتای**

لە ڕەشەبای بەهارا
تووڕەیی شۆڕەژن
چەواشە کراوە.

**ئیسسا**

بەفرەکان توانەوە.
ئاوایی،
بگرە و بەردەی منداڵان.
* *
توور هەڵکەن
بە توور
ڕێگە نیشان دەدا.

**بووسۆن**

لەسەر زەنگوڵەی هەڵواسراو
پەپوولە
نوستووە لە سەر چیچکان.

**ڕانسیێتسۆ**

ژنی بەردین*
لە کن بووکە شووشەکان.
دڵتەزێنە.

*** ژنی بەردین: سیمبۆلە، وشەیەکی چینییە، بە واتای ژنی نەزۆک.**

**مێیسیێتسو**

پەپوولە
بە شوێن
چەپکەگوڵی دارەتەرمدا.

**یانووچی یووجوو**

بۆ ئەو کەسەی چڵ دەقرتێنێ
بەرامە هەڵدەڕێژن
گوڵووکەکانی هوڵوو.
* *

لیلووپەڕی بەربەیان
دۆڵچەی ڕاگرتووە
داوای ئاو دەکات.

**هاشین**

نە ئاسمان و نە زەوی
هەر تەنیا بەفرە
بە لووزەو دێتە خوارێ.

**ئیکدا سۆمیکوو**

لەگەڵ تێپەڕینی مار
هەڵسایەوە
هێمن هێمن ڕووەک.

**کی تسۆرا یووکی**

نازانم بیر لەچی دەکەنەوە هاووڵاتییەکانم
بەڵام دەزانم گوڵەکان
هەمان بۆنیان هەیە.


**سەرچاوە:**
**(١) لاک پوک زنجره، ع. پاشایی، کیمیه مائورا، ١٣٨١.**
**(٢) هایکو از آغاز تا امروز، احمد شاملو، نشر چشمه، ١٣٨٤.**
**(٣) آوای جهیدن غوک، زویا پیرزاد، چاپ گلشن، ١٣٧١.**
**(٤) صد هایکوی مشهور، ع. پاشایی، دانیل سی بیوکانن، ١٣٦٩.**
(٥) www.magiran.com
(٦) www. en.wikipedia.org

# لایەنە مەعریفییەکانی دەق

عومەر محەمەدی
(شنۆ)

لە کێشەی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆدا، هەندێ دەقی ئەدەبی وەکو شیعر، چیرۆک و ڕۆمان و.. کە ڕەخنەیان لەسەرە، یان ڕاڤە کراون؛ ڕەخنەگر بە سەرنجدان لە مەکتەبە ئەدەبییەکان و پابەند بوون بە تیۆری دڵخواز، یان پراکتیزەکردنی بیرۆکەیەکی تایبەت لەسەر دەق و دۆخێکی ئەدەبی، بێ ئەوەی لایەنەکانی تری دەق ئاوڕی لێبدرێتەوە و هەوڵ بۆ یاسایەکانی گشتی بدرێ؛ ئەم جۆرە ڕەخنانە تووشی نسکۆ بردن دێن؛ ئەم کێشەیە لە خاڵی گرنگدا جێگەی خۆی کردۆتەوە، ئەویش ڕوانینی تاک لە ئەدەبیاتدایە. بۆچوونی تاک ڕەهەندیی شرۆڤەکردنی فرەلایەنی دەقی لە بیر بردۆتەوە بۆ وێنە چەمکێکی سادەی شیعر کە ڕەنگە لە خۆیدا باری مەعریفەناسی بەهێز بێ، بەڵام لە هەمان حاڵدا کە زمانەکەی چڕ نەبۆتەوە و ماناکەی نامۆ و نەناسیاو نییە، لەپێناو بەرژەوەندی هەندێ تیۆری وەکو دروشمی ئاسایی و زمانی ڕۆژانەی خەڵک سەیری کراوە. بە واتایەکی تر هەر تەکنیکی ئەدەبی کە دەبێ لەگەڵ دۆخی خۆیدا بگونجێ لەبیر کراوە و قەیرانی ئەدەبی بە دواداهاتووە. هەڵبەت کێشەی ئەدەبی کە تووشی زیان نەبێ، دەتوانێ ئەدەبیات دەوڵەمەند بکات. فرە لایەنی دەق دەکرێ تێڕوانینی جۆراوجۆری هەبێ، تەنانەت سادەترین ڕوانگەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆی هەیە. دەشێت دەقەکان هەڵلاجی بکرێن، تیۆرییان بۆ دابنرێ، بەڵام بەو مەرجە تەنیا ڕەهەندێکی تاک لایەنییان نەبێ، چونکە هەموو دۆخەکان یەک نین. جیاوازی دۆخەکان، جیاوازی زمانی دەقە، باوەڕ بە جیاوازی زمانی دەق و فرە لایەنی نیشانەی سەروەری ئەدەبیات و باری زانستی ڕەخنەیە. تاووتووکردنی لایەنە جیاوازەکانی دەق؛ لە بواری ڕۆشنبیری، کۆمەڵ و کولتوور و مێژوودا، پێویستە بۆ ئەو مەبەستە و پتر شیکردنەوەی لایەنە مەعریفییەکانی دەق چەند بابەتێک کە پێوەندییان بە شیعرەوە هەیە هەڵدەبژێرین کە پێم وایە بۆ دۆخێکی وەکو ئێستا زمانی

کە دەقی تێدا دەژی، یان ژیاوە، جێگەی لێ وردبوونەوەیە: یەکەم تاوتووکردنی چەمکی ئەوین لە دەقدا: وێناکردنی چەمکی دەقێک دەستکەوتی کردەوەی زەینییە؛ کە پێوەندی دیالێکتیکی زەین بە دنیای دەرەکییەوە هەیە. ئەم پێوەندییە بەپێی هەلّسوکەوتی دۆخ پێک دێ؛ بۆ وێنە کاتێ لە چەمکی ئەویندا، ئازار وێنادەکرێ، بە وێناکردنی ئازار لە فۆرمی دژەواژەیی و پارادۆکسیدا زمانی ئاخاوتن لە شێوازی نوێ و داهێنەرانەدا نەرم و هێدی دەبێ: [دلّۆپ، دلّۆپ باران؛ گولّ ئەنووسێتەوە/ نمە نمەیش چاوانم تۆ/ چ سالاوێکی نامۆیی و چ ژانێکی بەخشەندەیە/ وا لەسەرخۆ/ بەرد، بەردی کێوی سەرم ئەپشکوێنن]. لەم شیعرەدا ڕوالّەتی چەمک ئازارەکە لە پلات فۆرمی خۆیدا، دژەواژەیی و پارادۆکسی مانای چەمک سەرسوڕهێنەر دەکا:

ژان.... بەخشندەیە

ژان.... لەسەر خۆیە

بەرد.... ئەپشکوێ

ڕووبەڕووبوونەوەی دەروون لەگەلّ دەرد و ئازاردا پێوەندییەکی دیالێکتیکی سۆژە لەگەلّ ئۆبژە؛ یان پێچەوانەی هەیە. ئەوەی زەین لە دەرەوە وەریدەگرێ دوو جۆر مامەلّەی لەگەلّ دەکرێ: یەکەم خوێندنەوەی دیاردە زەینییەکان بەشێوەی هێلّی ئاسۆیی لەسەر چەمکێکی یەکگرتووی ستوونیدا.

**ئاسۆیی- ساقیا وا بادەوە وا بادەوە ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە**

**موشتەری وەک من لە مەیخانە کەمن زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێ خەمن**

**مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێ خەمان مەستی بێ خەم بۆچی بگرن ئێخەمان**

لەخوێندنەوەی ئاسۆیی ئەم دەقەدا هەر کام لە بەیتەکانی ئەم شیعرە جگە لەوە سەربەخۆیی مانایی خۆیان دەپارێزن، لەگەلّ بەیتەکانی تریشدا بە جۆرێ لە پێوەندی دان کە مانای گشتی چەمک تەواو و کاملّ دەکەن، هەر بۆیەش گەڕانەوە و پێداچوونەوە بۆ سەرەتا پێویست ناکات.

دووەم خوێندنەوەی ئیرجاعی: لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە دەقانەدا چوونە پێش بێ گەڕانەوە بۆ سەرەتا: یان پێشوو مەیسەر نابێ، لەم بەشەدا دیاردەکان لەنێوان دوو هێلّی ئاسۆیی و ستوونیدا پەروەردە دەکرێن و تووشی گۆڕانکاری دێن، بە پێچەوانەی زۆربەی فۆرمە باوەکانی شیعر کە بەشێوەی هەلّوێست، یان نۆستالۆژی دێنە بەرچاو، لە شێوازی ڕاڤەییدا تەرح و فۆرم و پێکهاتەی نوێ بەرچاوە. دەلالەتە مانایییەکان بێ یەکتر ناخوێنرێنەوە. ڕەمز چەمک ناسیاو و ڕاڤەخواز دەکات. دەبێ بۆ ناسینی دەق، ڕەمزەکان لە دووتوێی مانادا بدۆزییەوە:

«... گڤە گڤی با پێدەشت ئەخوێنێتەوە و/ نەفەس، نەفەس هەناسەیشم بالاکەی تۆ/ چ گەردەلوولێکی سەوزە و/ چ ئەسپێکی ئەفسانەی بالّدارە وا/ لەم کۆتایی دنیایەوە/ بە پڕتاو دێ و هەلّم ئەگری و ئەم فڕێنی و/ دوور، دوور ئەمبا/ بەرەو هۆبەی ئارانی تۆ...» لە هەرکام لەم دوو خوێندنەوەیەدا؛ ئازاری ئەویندار وێنا دەکرێ، لە هەردوو دەقدا ئەوین خالّی سەرەکی و گشتی دیاردە زمانییەکانی شیعرە. کە بەردەوام ڕووداوی زمانی و دەلالەتی مانایی لەخۆ دەگرێ لەگەلّ گۆڕانی هەردۆخێکی چەمکیدا، ڕوانگەیەکی نوێ و تایبەت بە کۆمەلّ، مێژوو و کولتوور دەبەخشێ. کاتێ سەرنج بدەینە دەقێک کە دەردی کۆمەلایەتی و کولتوورییەکانی تێدا خۆیابووە. دەروونمایەکی هەیە کە لەگەلّ ئەندێشە لە پێوەندیدایە، یان لە بەرزکردنەوەی هزر و ئەفراندنی مانایییدا؛ کاریگەری هەیە، جگە لەمەش بۆ بە ڕوخسارکردنیش دەوری گرنگی هەیە «مارکیز» لە ڕوانگەی ڕوالّەت و شێوە ناسییەوە ئاماژە بۆ دوو فاکتەر دەکا؛ ئەم دوو فاکتەرە جیا لەوە لەگەلّ یەکتر جیاوازییان هەیە، لە هەمان کاتدا لەگەلّ یەکتر لە پێوەندیدان، ئەم دوو فاکتەرە بریتین لە:

**یەکەم**: ژێرخان «base» کە پێوەندی بە بەرهەمهێنان و سازدانەوە هەیە. ئەم بەشەیان وەک یەکەم پلە لەگەلّ ئەوەی بە دوایدا دێ لە تەعامولدایە.

**دووەم**: سەرخان «superstructure» کە بەشەکانی وەکو کۆمەلایەتی ئایدیۆلۆژی، کولتوور و سیاسەت.. تاد. لەخۆ دەگرێ. کاتێ باس لە خۆشەویستی خاک دەکەین، زۆر لایەنی بۆ شی دەکرێتەوە. وەک تەوسیف، جوانی، دووری و... گەلێ مانای لێدەکەوێتەوە و دەلالەتی مانایی بەدواوەیە، بە واتایەکی تر لە سەرجەم تەواوی دەلالەتە مانایییەکاندا مۆتیڤێکی سەرەکی هەیە:... «تا ئەو ڕۆژەی هەژارەکان/ مامزی خەندە ڕاو ئەکەن/ بۆ لادێ و شارەکان/ کە ئەوەم دی/ ئەوسا منیش وەک ئەوان/ وەکو شنەی گولّەگەنم/ وەکو ئارەقی ناوچاوان/ لە ناخەوە، پێ ئەکەنم» لەم دەقەدا ژێرخانی مەبەست ئەوینی خاکە، کە وەکو خالّێکی سەرەکی تەوەری هەندێ مەبەستی تر وەک؛ هەژار، لادێ و شار، بە مۆتیڤەکانی تر وەک؛ مامزی خەندە، شنەی گولّەگەنم، ئارەقەی ناوچاوان، دەلالەتی مانایی پەیدا دەکات. لەم تێکستانەدا ئاسایش و خۆشی ئاواتی شاعیرە. شاعیریش لە تەک هەژارەکانەوە بۆ خاک خەم دەخوا و

باسی لێوە دەکات. ئەوەی کە لە ژێرخانی دەقدا وەکو خاڵێکی گرنگ و سەرەکی چاوی لێدەکرێ «بڕیاری» شاعیرە کە لە سەرخانی دەقیشدا ئیۆلۆگێک دەگەیەنێ کە بە ئەکتیڤ کردنی شێوازێکی ئاشتی خوازانە ئیرادەی شاعیر لە خۆیدا زیندوو و بەردەوام ڕادەگرێ. «پێ ناکەنم» ئیرادەیە، کە بڕیار دەدرێ، بەڵام بڕیارێکی توند و تۆڵە سەندنەوە نییە، لە هەمان کاتیشدا بڕیارێکی بەزەییانە نییە، بەڵکو تەعامولێکە بۆ پرەنسیپکردنی دەق و پێکانی ئامانج لەسەر بنەماکانی تاک و کۆمەڵدا هەر لە تاووتووکردنی چەمکی ئەویندا گەلێ جار سەمبولێک وەکو خاڵێکی بایەخمەند و ناوەکی شیعر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، ئەویش هەست بە ئازارکردن و جاڕسبوونی شاعیرە کە بە بەرەو ڕووی ئیرادەی ئەو دەبێتەوە کاتێ شاعیر دنیایەکی یۆتۆپیایی بۆ خۆی سازدەدا، حەز دەکات داخوازییەکەی لە دەسەڵاتی ئیرادەی ئەودا بێ. ئەگەر وانەبێ ئەوەی دەیەوێ بەرەو ڕووی نەفرەت دەبێتەوە: «تف لە جوانی ئەم دوو چاوە/ کە بۆ چاوبازی خوڵقاوە/ نابینی نیشتیمانەکەی/ ئازاری خاکە جوانەکەی/ هەست بە بێزاری کردن «نەفرەت» دەگەڕێتەوە بۆ دۆخێک لە چەمکێکدا؛ دەلالەت بۆ دیاردەیەک دەکرێ، ئەم دەلالەتە دوو شێوە ڕوانگەی لێ دەکەوێتەوە، یەکەم دەلالەتی دیاردەیەک بۆ دیاردەیەکی تر لەسەر بنەمای دژەواژەیی و دەوری پۆزیتیڤی دەق: ..« داخدارە خوێنی دیوار/ بێدارە خۆی ناسیوە/ لە دوژمن ڕاپەڕیوە/ باسکی لێ هەڵماڵیوە./ ئەو مەبەستە گرنگەی کە کێشەکەی لێدەکەوێتەوە «خوێنی ڕژاوە» کە لەودا کردە و دژکردەوە بەرەو ڕووی یەک دەبنەوە، چەمکی تۆڵە خۆیا دەکەن:

دوژمن..... خوێنی ڕشتووە
داخدار..... خوێنی دیوە

دوژمن، خوێن و داخدار؛ سێ مۆتیڤی سەرەکین کە چەمک میکانیزمە دەکەن هەتا دەق پتر هەست بجوولێنێ. لە گۆشەنیگای ڕۆشنبیریدا کاتێ پرۆسەی مرۆڤ خوازی «ئۆمانیستی» پێچەوانەی دروشمی پێکەوەژیان تووشی قەیران دێ، ئەخلاق و ڕێساکانی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر پرسیار. هەربۆیەش زمانی دەق و دۆخەکەش بەرجەستە دەبێتەوە، لەم دەقەدا باسک هەڵماڵین، خۆناسین، ڕاپەڕین شێوە کردەوەیەکن ڕەوشی میکانیکی دەق بۆ تۆڵە سەندنەوە بەهێز دەکا، یان بیرۆکەی ئەندێشە گومانییەکان بەرانبەر بە حەقیقەت، یاسا و مافی ژیان، بۆ گەلێ پرسیاری بێ وەڵام ئاراستەی باسەکانی فەلسەفی و میتافیزیکی دەبێ:

**گەردوون کە بە زانیاری بکردا کاری**
**چۆن واپڕ نەبوو لە هیچ و پووچ و خواری**
**کە ڕاستە هەژار و لێو بە بارن زانا**
**بێ مێشک و کەریش لەزێڕە ناڵ و باری**

لەمیانەی ئەم بیرۆکە چڕوپڕانەی فەلسەفیدا ئێمە هەست دەکەین تووشی دۆخێکی نامرۆڤی هاتووین. ئەو مەبەستە لە زۆربەی دەقە ئەدەبییەکاندا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەرچاوە. هەوڵدان بۆ زمانێکی پراکتیکی ئەرکی شاعیر و نووسەرە بۆ ئامانجداری و خود ئامانجی کردن. هەتا دەق بکەوێتە سەر تەوەرەی نارسیسیزم:

**زۆری نەماوە بێتە بەر، نەمامی هەوڵ و خەباتم**
**لە داگیرکەر پاک بێتەوە خاکی پیرۆزی وڵاتم**
**چەک دادەنێم گۆچانەکەی جاران هەڵدەگرمەوە**
**تۆ هەربژی بە، من هەر شوان، فریشتەی تاسەو ئاواتم**

لە تەوەرەیەکی تری باسی ئەویندا هەندێ مەیل و خواست لەگەڵ ئیرادە دەکەوێتە دژایەتی و هەستێکی نۆستالۆژیک بەدی دەکرێ، واتە ئەوین بە ڕواڵەت لەبیر دەکرێ، بەڵام شوێنەواری قووڵی خۆشەویستی بۆ هەمیشە لە زەیندا ناسڕێنەوە: بەڵێ گیانە/ گەر بمەوێ/ کاتژمێری/ کامەرانیت بوەستێنم/ گەر بمەوێ/ ئەڵقەی پەنجەت فڕێ دەم/ نامەی بەختت بسووتێنم/ بەڵگەم پێیە/ هەزار بەڵگەی ئاشکراو ڕوون/ بەڵگەی چوار ساڵ پێکەوە بوون/ بەڵام چی بکەم/ خۆشەویستیت/ نەهەنگێکە خوێنی هەڵچووم ئەخواتەوە/ خۆشەویستیت ڕووبارێکە قینی ڕەشم ئەشواتەوە/.

«بارت» لە بابەت ئەوینەوە دەڵێ: ئەوین نیازە بۆ دڵدار، دەمانەوێ کەسێ هاوارمان ببیسێ، بمانبینێ، دەرکمان کا، ئەوین دەروەستبوونی خۆتە، ناتوانی خۆتی لێ دەرباز کەی، من لە دۆخی ئەویندا مەحکووم بە هەبوونم و تێیدا دەژیم. لە چەمکی ئەویندا عەشق و ڕەنج مانای ڕووداو دەخولقێنێ. دیاردە پێکهاتووەکانی ئەوین نە تەنیا نووسەر، بەڵکو خوێنەریش دەباتە ناو قووڵایی دۆخەکەوە؛ دەقێک دەتوانێ چێژمان پێ بدا کە بتوانێ بمانباتە ناو دەق و دۆخێکی تر.

**سەرچاوە:**
**١- دەربەندی پەپوولە- شێرکۆ بێکەس- چاپخانەی سلێمانی ١٩٩٨.**
**٢- دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو - دەزگای ئاراس- هەولێر ٢٠٠١.**
**٣- دیوانی هێمن -هەولێر- ٢٠٠٣.**
**٤- ساختار وتأویل متن -بابک احمدی -تهران- نشر مرکز ١٣٨٠.**
**٥- فلسفه اگزستانسیالیزم -گابریل مارسل- ترجمه شهلا اسلامی -تهران- نگاه معاصر.**
**٦- فلسفه هگل- ترجمه عبدالعلی دستغیب، آبادان.**
**٧- خەیام بەکوردی- وەرگێڕانی هەژار- تاران -سروش- ١٣٦٩.**

# فەرهەنگ

**د. شەهاب تەیب**
**(کۆلیژی زمان - زانکۆی کۆیە)**

گرنگی وشە وەک کەرستەی زمان و ئامێری پێوەندی نێوان مرۆڤان، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە. زمانە کارا و زیندووەکانی ئەمڕۆی دنیا، هەموو خاوەنی دەیان و سەدان فەرهەنگن لە بوارە جۆربەجۆرەکانی چاند، وێژە، هونەر و زانستدا، هەربوارێک لەمانەش دەیان لقی لێ جوێ دەبێتەوە، کە ئەوانیش وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و فەرهەنگی سەربەخۆ دەخوازن. هەرچەند فەرهەنگنووسی، بارودۆخ و مەیدانی تایبەت دەخوازێ و ئەو بارودۆخ و مەیدانەش قەت بۆ فەرهەنگنوسانی کورد هەڵنەکەوتووە، بەڵام فەرهەنگنووسانی کورد لە نالەبارترین بارودۆخدا بەچەشنێکی نائاسایی و سەرسوڕهێنەر توانیویانە هەوڵێکی پیرۆز بدەن و لە ماوەیەکی سێ سەد و بیست ساڵەدا کۆمەڵێک فەرهەنگ بە هەژدە زمان بەدی بێنن و گەنجینەیەکی بایەخدار بۆ سەردەم و دواڕۆژی زمانەکەیان پێکەوە بنێن(١).

### کاری فەرهەنگ و فەرهەنگ دانان

هەموو نەتەوەیەک هەوڵ دەدا کە زۆرترین فەرهەنگ لە بارەی گشت لایەنەکانی ژیانەوە بنووسێت و دابنێت، نەتەوەی کوردیش گەر لە کۆندا بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ نەدابێت، بەڵام ئێستا بایەخێکی زۆری پێداوە و مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردی پێویستی بەهەموو جۆرە فەرهەنگێک هەیە - پێویستە دەزگاکانی ڕووناکبیری کورد بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بابەتییانە بیر لە دانانی فەرهەنگی زاراوەی هەموو زانستەکانی کۆمەڵایەتی و زانستی پراکتیکی بکاتەوە(٢)، وەک زانراوە کاری فەرهەنگ دانان ئاسان نییە و کارێکی قورسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامدانی زۆر پێویستە و یەکێ لە کارە

گـرنگەکـانی هەمـوو نەتەوەیەکی زیندوو، بە دانانی فەرهەنگی زمان دەست پێدەکا، هەر نەتەوەیەک، چەند فەرهەنگی هەبێ هێندەش زمانەکەی دەوڵەمەندتر دەبێ، نەتەوەی بێ فـەرهەنگ، بە نەتەوەیەکی هەژار و مـردوو دەژمـێـردرێ، چونکە فـەرهەنگ بەیەکێ لە دینگە سەرەکییەکانی زمان و نەتەوەکە دادەنرێ. هەر بەهۆی فـەرهەنگەوە دەتوانرێ، هەمـوو دیالێکت، بەش و لقـە دیالێکتـەکـانی زمـان کـۆبکرێتـەوە(٣)، هەر بـەهۆی فەرهەنگەوە خەرمانی وشەی کوردی گرد دەکرێتەوە، وشە و زاراوەی میللی لە لەنێوچوون دەپارێزرێ، هەروەها لەم ڕووەوە فـــەرهەنگ ڕۆڵێکی گـــرنـگ دەبینێت لە دەستنیشانکردنی واتاکان و ئاراستەکردنی خوێنەر بەرە و واتای نوێ و بڵاوکردنەوەی وشەی نوێباو(٤)، سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵێکی زۆر دراوە لە بواری فەرهەنگنووسی کوردیدا، زۆربەی هەوڵەکانیش تاکە کەسین و دەزگایەکی زانستـی، یان زمـانەوانی ئەو کـارەی ئەنجام نەداوە تا هەوڵی دانانی فـەرهەنگێکی یەکگرتوو بدات، هەمـوو دیالێکت و شێوەزارەکانی زمانی کوردی لەخۆ بگرێت، کە ئەمـەش یەکێکە لەو خـاڵانەی کە بەرەو زمـانێکی سـتـانداردی یەکگرتوومـان دەبات، دانانی فـەرهەنگی زانستی یەکگرتوو و فراوان، یان تایبەتمەندی ڕێکوپێک، کـە شـان بە شـانی گـەشـە و پێشـکەوتنی زانست و تەکنۆسـازی بڕوات، پێـویست بە دەزگـا و دامـەزراوی تایبەتمەند و خۆ تەرخان کرد و بە دەسەڵات هەیە و هەموو هەوڵێکی تاکـــە کـــەسی و تایبـــەتی لەو بوارەدا هەرچەندێک ورد و دڵسۆزانە بێت و خاوەنەکەی زانا و زمانزان و بە سەلیقە و هۆشیار بێ و ئەزموونی دوور و درێژی هەبێ، هێشتا بەرهەمەکەی هەر ناتەواو دەبێت و ناتوانێ زانستە زاراوەی ورد و دروست و بۆ بڵاوبوونەوە و چەسپینی شیاو لە هەموو بوارێکدا ئامادە بکات(٥).

فـــەرهەنگ ئەرکی زۆر دەبینێ، ئەرکی ســـەرەکی فـەرهەنگ، یارمـەتیدان و ناسـاندنی وشـە و پێناسی وشـەیە بە کـەسـێک کـە شـارەزایی تەواو، یان هەر ناسیاوی دەگەڵ وشە، یان وشەگەلێک نییە. کـاتێک کەسێک لە کتێبێک، یان لە زمانی کەسێکەوە وشەیەک دەبیستێ و مانای ئەم وشەیە نازانێ، پەنا بۆ فەرهەنگ دەبا و فـەرهەنگ وەک پشت و پەنایەک دەبێ دەسـتی بگرێ و داواکەی بۆ بەجێ بێنێ و ناسیاوی تەواو بدا بە خوێنەر(٦) و زمانی هەر نەتەوەیەکیش بە فەرهەنگەکەی هەڵدەسـەنگێنرێت، کـەواتە دەتوانین بڵـێین فـەرهەنگ پێناسـەیەکـە کـە کـولتـوور و ڕۆشنبـیـری و پلەی شـارسـتـانیـەتی و پێـشکەوتوویی و کـەسـایەتی ئەو میللەتەی پێ دەردەکەوێت کە بەو زمانە دەپەیڤن(٧) و هەموو نەتەوەیەکی (هۆشیار، پێشکەوتوو، خاوەنی توانا و دەسەڵات) هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ هەوڵێکی زۆریان داوە، تا چەندین فەرهەنگی جۆربەجۆریان نووسیوە.

بێ گومان گەلانی جیهان، بایەخێکی یەکجار مەزنیان بە نووسینی فەرهەنگ داوە، ژمـارەی فـەرهەنگەکـانیـان گەیشتۆتە (١٥٠٠) فەرهەنگ(٨)، باس کردن لێرەدا لە بارەی کـاری فـەرهەنگ و چۆنیـتی دانانی و شـێـوەی ڕێکخستنی، کاتێکی زۆری دەوێ کە بە دەیان کتێب و دەیان لاپەڕەی ڕۆژنامـە و گۆڤار لەخۆ دەگرێت(*) لەبەر ئەوە و بـە پێـی توانست ئامــــاژە بۆ هـەندێ لایـەنی فـەرهەنگناسی دەکـەین کە لە ئاکامی ئەمانەدا دەتوانین بڵێین فەرهەنگ: ئەو کتێبەیە، کەوا وشەی تێدا تۆمار کراوە، جگە لە ڕێزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مـانـای ڕوون کـراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و زانیـاری دەربارەی چۆنێـتی نووسـینیـان و بەدەمـاهاتنیـان و پەیدابوونیان... دراوە(٩).

### جۆرەکانی فەرهەنگ

بە شێوەیەکی گشتی، فەرهەنگ چەند جۆرێکی هەیە، کە ئەمانەن:

**١- فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی:**

ئەم جـۆرە فـەرهەنگە، بە زمـانی نەتەوەیی دادەنرێ، لە نێـوان دیالێکت و بەش و لقە دیالێکتـەکانی زمـانێکدا دەنووسرێ، وەک فـەرهەنگی کوردی- کـوردی، بەهەردوو بەشە دیالێکتی کرمـانجی خواروو و هەورامـانی.. تاد. واتا فـەرهەنگی نەتەوەیی ئەوەیە کـە بە زمـانی کـوردی نووسـرابێت - واتا - (کـوردی - کـوردی) بێت، جـا لەنێوان هەر دیالێکتێک و شێوەزاری کوردی بێت، وەکو: فەرهەنگی (خاڵ) کوردی - کوردی، کە لەلایەن (شێخ محەمەد خاڵ)ەوە، دانراوە و سێ بەشە.

**٢- فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی- بیانی:**

ئەم جـۆرەیان، بە زمـانی نەتەوەیی دەست پێـدەکـا، بەرانبـەرەکەشی، بە یەکێ لە زمانی نەتەوەکـانی جیـهان

دەبێ، وەکـو، فـەرهەنگی کـوردی - ڕووسی...تاد، بۆ نموونە:

فــــەرهەنگی (Kurdish - English Dictionary)، کە تۆفیق وەهبی لەگەڵ س. ج. ئەدمۆندز دایاناوە.

**٣- فەرهەنگی بیانی - نەتەوەیی:**

ئەم جـۆرەشـیـان، بە پێـچـەوانەی هەردوو جـۆرەکـەی پێـشـوو، بەیەکێ لە زمـانە بیـانـیـیـەکـان دەنـووسـرێ، بەرانبــەریشی واتاکـەی بە زمــانی نەتەوەیی تۆمــار دەکرێ(١٠)، وەک، فەرهەنگی (ئینگلیزی - کوردی). بۆ نموونە، فـەرهەنگی (خەبەرنامە) ئەرمەنی - کـوردی، کـە لە لایەن (سـەمـەندێ سـابەند ئارامێ چاچان) لە یەریڤان ساڵی ١٩٥٧ بلاوکراوەتەوە و (٥٣٢) لاپەڕەیە و بیست و سێ هەزار وشەی لە خۆ گرتووە.

کـورد لەهەرسێ جـۆرە فـەرهەنگەکـە، ژمـارەیەکی زۆر کـەمی هەیە، بەڵام ئەو فـەرهەنگانەی هەشن، زۆربەیان لەو فەرهەنگانەن، کە لە زمانێکی بیانییەوە بۆ کوردی نووسـراون، زۆربەی هەرە زۆریشــیــان (ڕۆژهەڵاتناس، گەڕۆک و شارەزا، بیـانییـەکان بۆیان نووسیوین، ئەگینا لەو سەردەمانەدا، ئەگەر ئەوان نەبوونایە، کورد نەک هەر نەیزانیـوە، فـەرهەنگ بنوسێ، بەڵکو هەر بیـریشی لێ نەکردۆتەوە(١١).

هەروەها بە شـێــوەیەکی تریش دەتوانین فــەرهەنگ دابەش بکەینە سەر چوار بەش، کە ئەمانەن:

**١- فەرهەنگی فیلۆلۆژی:**

ئەم جۆرەیان لە وشە دەکۆڵێتەوە، بە واتای ئەوەی بە شـێـوەیەکی سـەرەکی، گـرنگی بە جـۆری وشـە دەدرێ و مـانای لێک دەدرێتەوە و حـاڵەتی ڕێزمـانی دەنووسرێ و ســەرچاوەی پەیدابوونی نیــشــان دەدرێ و چۆنیــەتی بەکـارهێنان و دەوری لە ڕسـتـەدا بەیان دەکـرێ، ئەمـەش چەند جـۆرێکی هەیە. ئەو فـەرهەنگانەی بە کـەرەسـتـەی زمـانی زگـمـاک، مـانای وشـەی زمـانێکی بێگانە لێک دەدەنەوە، یان بە پێـچــەوانەوە - واتە بە کــەرســتــەی زمانێکی بێگانە مـانای زمانی زگـماک لێک دەدەنەوە. ئەم جـۆرە فــەرهەنگانە چۆن دەتوانن لە زمــانێکەوە بۆ زمـانێکی تر بن - واتە دوو زمـان بن، هەروەها دەتوانن لە زمانێکەوە بۆ چەند زمانێکی دیکە بن - واتە فرەزمان بن(١٢).

**٢- فەرهەنگی ئینسیکلۆپیدیایی:**

ئەم فــــەرهەنگە ســــەبارەت بە ڕووداو و دیـاردە و خـــــەڵـک... تـاد، دەدوێ. لـە فـــــــەرهـەنـگـی ئینســیکلۆپیـدیاییـدا خـاسـیـەتی ڕێزمـانی وشـە و نیــشــاندانی چۆنیــەتی بەکــارهێنانی و پەیدابوونی و دروست بوونی و چۆنێـتی دەوری لە ڕسـتـەدا... بەرچاو ناکەوێ، بەڵکو کـاری سـەرەکی لە لێکدانەوەی وشـەدا، ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردەیەیە کــە وشــەکــەی لێــوە هاتووە(١٣)، کــــە ئەمـــــەش جـــۆراوجـــۆرە، وەک ئینسکلۆپیــــدیای گــــەورە، بچـــووک، پزیشکی، تەکنیکی...تاد.

ئینسکلۆپیـدیای (جیـهـانی) دەشێت باسی هەمـوو شتێکی ئەم سروشتە بکات، هی گشتی وشەکانی بەسەر بوارێک دابەش دەکرێن، وەک (زانست)، (ئۆقیـانووس و دەریاکان)، (فڕۆکـە)...تاد(١٤). ئینسکلۆپیـدیا چەند گـشـتی بێت، بابەتەکـانی کـورتتـر و چڕتر دەبن و چەند تایبەتی بێ فراوانتر دەبن(١٥).

**٣- فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی:**

لەم جـــۆرە فــــەرهەنگەدا ســــەرچاوەی پەیدابوون و وەرگـرتنی وشـەکـانی زمـان نیـشـان دەدرێن و ڕەسـەنیـان ڕادەگـەیەنرێ، وەک ئەوەی (کـوردی، یان عـەرەبی، یان فـارسی بن...)، هەروەها گـرنگیـیش بە ڕوونکردنەوەی بنجـو بنەوان و شـێـوەی بنەڕەتی وشـەکـان دەدرێت، لە ڕوانگەی دایکرۆنیـــیــەوە (مــێــژووییــەوە) مــێــژووی پەرەسـەندنی واتاکـانیـان و چۆنیـەتی پەیدابوونیـان لە زمـانێکدا دەخـرێتـە ڕوو، لەم بارەدا فـەرهەنگنووسـیـی پێـویسـتی بە شارەزایی تەواوی ئیـتیـمـۆلۆژی وشـەکـان دەبێت(١٦)، چونکە بەشێکی وشـەکـان لە زۆربەی ئەو زمــانانەی کــە ســـەر بە یەک خــانەوادەن هاوبەشن و لەیەکتری دەچن.

**٤- فەرهەنگی وێنەیی:**

لەم جـۆرە فـەرهەنگەدا ئەو وشـە بەرجەسـتـانەی کـە پابـەندی بـابـەتێکی دیـاری کــراون، لە ڕێگەی کــۆمــەڵە

وێنەیەکەوە ڕوون دەکرێنەوە، دواتر ژمارە دەدرێتە هەر بەشێکی وردی وێنەکە، وشەی گونجاویش لە بەرانبەر ژمارەی هەر بەشێکی وێنەکان دادەنرێ.

بیرۆکەی ئەم کارە بۆ زمانناسی ئەڵمانی (دودن) دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی تێبینی کرد زۆربەی وشە نامۆکان بەرجەستەن نەک واتایی، بۆ ئەو مەبەستە فەرهەنگێکی وێنەیی دانا.

باشترین و پوختترین وتار کە لە بارەی مێژووی فەرهەنگنووسی کوردییەوە نووسرابێت لە لایەن (سەید عەبدوڵڵا سەمەدی)یەوە، کە لە گۆڤاری (مەهاباد)، لە مەهاباد بڵاوی کردۆتەوە و (١٢) زنجیرەی لەخۆ گرتووە و لەو وتارەدا باسی زۆرینەی ئەو فەرهەنگانەی کردووە کە لە ماوەی (٣٢٠) ساڵی تەمەنی فەرهەنگنووسی کوردی نووسراوە و وتارەکەشی دابەش کردۆتە سەر پێنج بەش:

**یەکەم**: ئەو فەرهەنگانەی کە بە شێوەی کتێبی سەربەخۆ، لەیەک، یان چەند بەرگدا نووسراون و چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

**دووەم**: ئەو فەرهەنگۆکە گرنگانەی کە بەشێک لە کتێبێکی ڕێزمان، یان زمانەوانی پێک دێنن و بە شێوەی پاشبەند ڕێکوپێک خراون.

**سێیەم**: لیستی ئەو وشانە کە لەیەک، یان چەند ژمارەی بڵاڤۆکێکدا بەردەوام بڵاوکراونەتەوە.

**چوارەم**: ئەو ناو نامانەی کە بە شێوەی فەرهەنگۆکێکی سەربەخۆ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

**پێنجەم**: ئەو فەرهەنگە دەستنووسانەی کە هێشتا چاپ نەکراون، جا هەڵگیراون و پارێزراون، یان لە ناوچوون و فەوتاون(١٧).

لەچاو میللەتانی ترەوە و لە بواری کاری فەرهەنگنووسییەوە دواکەوتووین و هۆیەکەشی بۆ ئەم هۆیانە دەگەڕێتەوە:

١- کورد دەوڵەتێکی نەتەوەیی نییە. لەبەر ئەوەی خاوەنی دەزگای کولتووری و ئەکادیمی خۆی نییە، بۆیە لەو بوارەدا ناتوانێ هەم کادیری ئەکادیمی پێ بگەیەنێ، هەم بودجەیەکی باشی بۆ تەرخان بکات؟ تا ئەو کارانە وەک پێویست بەئەنجام بگەیەنێ.

٢- زمانی کوردی لە چەند دیالێکت و بەش و لقە دیالێکتێکی جیاواز پێکهاتووە، ئەم دابەشبوونە گرفتێکی زۆری بۆ زمانەکەمان و پسپۆڕەکان دروست کردووە، لەبەر ئەوە ئەگەر فەرهەنگێ بۆ هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابنرێ، ئەوە بە کارێکی زۆر سەخت و قورس دادەنرێ.

٣- لە ماوەیەکی کەمدا ناتوانرێ ئەو کارانە جێبەجێ بکرێن، بەڵکو پێویستی بە ماوەیەکی درێژ هەیە.

٤- لە بواری زمانەوانیدا، شارەزا و پسپۆڕی زمانزان و زمانناسمان زۆر کەمە(١٨).

لەگەڵ گشت ئەم هۆیانەشدا کاری فەرهەنگنووسی لەبەردەوامبوونی خۆی نەکەوتووە و چەندان فەرهەنگ و بە چەندان شێوە کەوتنە بازاڕەوە، ئێستاش دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان بزاڤی کاروانی فەرهەنگنووسی کوردی، ڕەوتێکی پرشنگداری بە خۆیەوە بینیوە و دەیان فەرهەنگ و فەرهەنگۆک چاپ و بڵاوکراونەتەوە و کاتی ئەوە هاتووە کە هەوڵ بدرێت فەرهەنگێکی کوردی سەرتاسەری یەکگرتووی پتەو بێتە ئاراوە و ببێتە بەردی بناغەی زمانی یەکگرتووی کوردی کە ئەم سوودانەی خوارەوە بە زاراوەسازی زمانی کوردی دەگەیەنێت:

١- فەرهەنگ دەبێتە هۆی لابردنی جیاوازی شێوەکان لە نووسینەکانی ڕۆشنبیرانی کورد، چونکە لەم حاڵەتەدا وشەی کوردی سەرچاوەکەی هەرچی و هەر شوێن بێ، دەبێ بە موڵکی ڕۆشنبیرانی کورد .

٢- ڕوونکردنەوەی وشە کوردییەکان لە گشت بوارەکانی زانست و ئەدەب سوودبەخش دەبێ.

٣- لە دایکبوونی ئەم فەرهەنگە یارمەتیدەر دەبێت بۆ هەر لیژنەیەکی تایبەتی پسپۆڕایەتی لە پاشەڕۆژدا بۆ وەرگرتن و دیاریکردنی زاراوەی تایبەت.

٤- لە دایکبوونی ئەم فەرهەنگە دەبێتە هۆی دەستپێکردنێکی ڕاستەقینە بۆ بووژاندنەوەی زمان.

٥- فەرهەنگی وا دەبێتە هۆی شانازی نەتەوایەتی نەک بۆ ئەم دەستە و سەردەمە، بەڵکو بۆ ڕۆڵەکانی سەردەمەکانی کەش. فەرهەنگ دەبێ بە هێمایەکی جوانی بەستراو بە بوونیەتی نەتەوایەتی گەلی کوردەوە.

٦- لە قۆناغی ئەمڕۆی زمانی کوردیدا، پێویستە فەرهەنگێک هەبێت، کە زاراوەی گشت بوارەکان بگرێتەوە، بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە هەزاران وشە و زاراوە هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە(١٩).

## سوودەکانی فەرهەنگ

بێ گومان هەر نەتەوەیەک لە خۆڕا نییە، کە بایەخ بە دانانی فەرهەنگ دەدا، ئەویش لەبەر ئەم سوودانەی خوارەوەیە:

١- پارێزگاری کردن لە مانەوەی وشەکانی زمان دەکات.

٢- توانا بە زمان دەبەخشێ تاوەکو لەگەڵ ڕەوڕەوەی زانست و هونەردا بەرەو پێش بچێ.

٣- ئاشکراکردنی واتای وشە نادیار و لێڵەکان.

٤- زانینی نەژاد و داڕشتنی وشەکان.

٥- زانینی مێژووی وشەکان و گەشەسەندنیان، جیاوازی لەبەکارهێنانیاندا.

٦- هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو وشانەی لە بەکارهێنان کەوتوون.

٧- ناسینی خاوەن وتەی بەڵگەیەک لە بەڵگەکان.

٨- ناسینی پێکهاتەی وشە ئاخاوتن - نووسین.

٩- ڕێکخستنی ڕاست و دروستی وشە بە پێی ئەسڵ و گەردان کردن(٢٠).

١٠- فەرهەنگ زمان لە شێواندن، لاوازی، پووکانەوە، داتەپین و مردن، دەپارێزێ.

١١- نەوەی نوێ، بە وشەی کوردی کۆن و نوێ پێدەگەیەنێ و زمانیان دەوڵەمەند دەکا.

١٢- بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانین لە وشە و زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی زمانەکانی بیانی و نەتەوەکانی جیهان بگەین.

١٣- بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانرێت هەموو دیالێکت و بەش و شێوەزارەکانی زمانی کوردی کۆ بکرێتەوە(٢١)... تاد.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**(١) سەید عەبدوڵڵا سەمەدی، بەسەرکردنەوەی مێژووی (٣٢٠) ساڵەی فەرهەنگنووسی زمانی کوردی، گۆڤاری (مەهاباد)، بەشی (١)، ساڵی (٢)، تاران- مەهاباد، ٢٠٠٢، ل١٥.**

**(٢) لیژنەی ئەدەب/ کۆڕی زانیاری کوردستان، زاراوەی ئەدەبی (کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی)، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٣- پێشەکی.**

**(٣) حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٨٧.**

**(٤) محەمەد وەسمان، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠١، ل٩.**

**(٥) جەمال عەبدول، فەرهەنگی شەوکار (ئینگلیزی - عەرەبی - کوردی)، یەکەم چاپ، سلێمانی، ١٩٩٨، ل A پێشەکی.**

**(٦) عەلی نانەوازادە، فەرهەنگی هەرمان (کوردی - کوردی)، بەرگی یەکەم (ئا - ب)، چاپی یەکەم، چاپەمەنی تەوەکول - تاران، چاپخانەی ناسخ، ١٣٨٠ی هەتاو، ل٨.**

**(٧) ڕۆژان نووری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٩٣.**

**(٨) حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، ل٤٨٧.**

**(*) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی کاری فەرهەنگناسی کوردییەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:**

**أ- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، لە بواری فەرهەنگنووسی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٧.**

**ب- ڕۆژان نووری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، ل٢٩٣ - ٣٠٩.**

**پ- بەناز ڕەفیق تۆفیق، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی، نامەی ماستەر، کولێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٨، ل١٨ - ٢٩.**

**ت- حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٨٧ - ٤٩٦.**

**ج- گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە (١٩) ژمارەی تایبەت بە سیمیناری فەرهەنگی کوردی، هەولێر، کانوونی یەکەم ٢٠٠١.**

**ح- سەید عەبدوڵڵای سەمەدی: بەسەر کردنەوەی مێژووی ٣٢٠ ساڵەی فەرهەنگنووسی زمانی کوردی، گۆڤاری (مەهاباد):**

**ژمارە (١٣)، ساڵی (٢)، بەشی (١)، مەهاباد، ٢٠٠٢، ل١٥-١٧.**

**ژمارە (١٤)، ساڵی (٢)، بەشی (٢)، مەهاباد، ٢٠٠٢، ل١٨-١٩.**

**ژمارە (١٥)، ساڵی (٢)، بەشی (٣)، مەهاباد، ٢٠٠٢، ل١٦-١٧.**

**ژمارە (١٦)، ساڵی (٢)، بەشی (٤)، مەهاباد، ٢٠٠٢، ل٢٠-٢١.**

**ژمارە (١٧)، ساڵی (٢)، بەشی (٥)، مەهاباد، ٢٠٠٢، ل٨-٩.**

ژمـاره (١٨)، سـاڵی (٢)، بەشی (٦)، مـەهاباد، ٢٠٠٢، ل١٤-١٧.

ژمـاره (١٩)، سـاڵی (٢)، بەشی (٧)، مـەهاباد، ٢٠٠٢، ل٢٢-٢٣.

ژمـاره (٢٠)، سـاڵی (٢)، بەشی (٨)، مـەهاباد، ٢٠٠٢، ل٢٢-٢٤.

ژمـاره (٢١)، سـاڵی (٢)، بەشی (٩)، مـەهاباد، ٢٠٠٢، ل٢٤-٢٥.

ژماره (٢٢)، سـاڵی (٢)، بەشی (١٠)، مەهاباد، ٢٠٠٢، ل٢٤-٢٥.

ژماره (٢٣)، سـاڵی (٢)، بەشی (١١)، مەهاباد، ٢٠٠٢، ل٢٠-٢١.

ژماره (٢٤)، سـاڵی (٢)، بەشی (١٢)، مەهاباد، ٢٠٠٢، ل٢١-٢٢.

خ- ئەحمەد ئەحمەدیان، وشەدان، فەرهەنگ و وشەنامە و چەند خاڵی فەرهەنگنووسی زانستی، گۆڤاری (مەهاباد):

ژمـاره (٢٦)،سـاڵی (٣)، بەشی (١)، مـەهاباد، ٢٠٠٣، ل٢٠-٢٣.

ژماره (٢٧)، ساڵی (٣)، بەشی (٢)، مەهاباد، ٢٠٠٣، ل ٣٠-٣٢.

هەروەها دەیان سـەرچاوەی تریش کـە باسی ئەو بوارەی زمـانی کوردی دەکەن.

(٩) د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، ل٦٩.

(١٠) حوسێن مـحـەمـەد عـەزیز، سـەلیـقـەی زمـانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، ل٤٨٧ - ٤٨٨.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل٤٨٨.

(١٢) د. ئەوڕەحمـانی حاجی مـارف، وشـەی زمـانی کـوردی، ل٦٩ - =٧.

(١٣) د.ئەوڕەحـمـانی حـاجی مـارف، وشـەی زمـانی کـوردی، ل٦٩.

(١٤) د.وریا عـــومــــەر ئەمین، ئینســـیکلـــۆپیـــدیای کوردستان...ناواتێکە، گۆڤاری (ڕامان)، ژماره (٤١)، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٧.

(١٥) بەناز ڕەفـــیق تۆفـــیق، ڕێگە بنەڕەتیـــــەکـــانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی، ل٢٠.

(١٦) د.وریا عـــومــەر ئەمین، جـیـهـانی وشـە، ڕۆژنامـەی (بەدرخان)، ژماره (٨٥)، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٩.

(١٧) بڕوانە:

- سەید عەبدوڵڵای سەمەدی: بەسەرکردنەوەی مێژووی ٣٢٠ ساڵەی فرهەنگنووسی زمانی کوردی، گۆڤاری (مەهاباد): گشت ئەو ژمارانەی کە لەسەرەوە باس کراون.

(١٨) حـوسـێن مـحـەمـەد عـەزیز، سـەلیـقـەی زمـانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، ل٤٨٩.

(١٩) ڕۆژان نووری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، ل٣٠٠.

(٢٠) بەناز ڕەفـــیق تۆفـــیق، ڕێگە بنەڕەتیـــــەکـــانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی، ل١٨-١٩.

(٢١) حـوسـێن مـحـەمـەد عـەزیز، سـەلیـقـەی زمـانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، ل٤٨٧.

# ئەلیتیا: هیراکلیتس
# بڕگەی شازدە

**مارتن هایدیگەر**
**لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

بە فـەیلەسـووفی تاریک و تەمـومـژاوی ناوبراوە. بەو نازناوە هیراکلیتس ناوبانگی دەرکردووە کاتێک تەواوی بەرهەمەکانی لەبەردەستدابوون. ئێستا ئێمە تەنیا چەند بڕگـەیەکی ئەو بەرهەمـانەمـان لەبەردەسـتـدایە: هزرمـەندەکـانی دواتر ئەفلاتوون و ئەرستـۆ، نووسـەر و پسـپـۆڕانی فـەلسـەفە کە پاشـان هاتوون، تیـوفراست، سیکتۆس ئێمپریکوس، دییۆگنیس لایرتیۆس و پلۆتارخ، هەروەها بگرە باوکـانی کـڵـێـسـەی مـەسـیـحیش هیپـیـۆلیـتۆس، کلێمێنس ئەلێکساندریۆس و تۆریگنس چەند شتێکی ئێرە و ئەوێی نووسینەکانی هیراکلیتسیان خواستۆتەوە و لە بەرهەمەکانیاندا تۆماریان کردوون. ئەو خوازراوانە وەک چەندین بڕگە و ڕستە کۆکراونەتەوە، ئەو کـۆکـرانەوەیە بە سـایەی توێژینەوەی زانسـتی مـێـژوویی فـیلۆلۆژی و فـەلسـەفـەییـەوە بووە جـێگای سـوپاس و پێـزانین. ئەو بڕگـانە هەندێک جار لە چەند ڕسـتـەیەک و جاری تر لە تاکە ڕسـتـەیەک و جاری واش هەیە لە چەند ڕستەیەکی پچڕ پچڕ و تاکە وشە پێکهاتوون.

پرۆسـەی بیـرکـردنەوەی هزرمـەند و نووسـەرە دواترەکـان هەڵبژاردن و جۆری خواستنەوەی وشەکـانی هیراکلیتسی دیار و دەسـتنیـشـان کـردووە. هەر بەهۆی ئەمـەوە کـایەی لێکدانەوەکەی ئەوسا دیاری کـراوە. بۆیە ئەگەر ئێـمە بە وردی سـەرنجی شـوێنی ئەو خـوازراوانە لە نووسـینەکـانی ئەو نووسـەرانەی دواتر بدەین بەردەوام دەتوانین ئەو پێـوەندی و شـوێنەی لەلایەن ئەوانەوە کـە بڕگـەکـەی بۆ خـوازراوەتەوە نەک ئەو شـوێنە لە هێراکلیـتسـەوە لێی وەرگیـراوە، دیار و دەستنیشـان بکەین. بڕگە خوازراوەکان و ئەو شـوێنانەی تێیدا هاتوون هیچ شتێکی جەوهەریمان ڕاستەوخۆ نادەنە دەست واتە:

یەکەی پۆلێن کردن و بەلایەکدا خستنی تێکڕایی بنیادی ناوەکی نووسینەکەی هیراکلیتس. سەرنجدانی ورد و لەسەرخۆ و بەردەوامی ئەو پێکهاتەی بنیادە دەستەبەری ئەوە دەبێ بدۆزرێتەوە لە کوێوە ئەو ڕستە پچڕ پچڕانە دەئاخڤن، هەروەها ئەوان بە چ واتا و مەبەستێک وەک پەندێک دەبێ ببیسترێت، لەبەر ئەوەی بەدەگمەن نەبێ ناکرێ ئەو سەرچاوە ناوەندەی نووسینەکەی هیراکلیتس یەکڕەنگییەکەی لێ خواستووەتەوە مەزندە بکرێت و هەمیشە گرانە بیری لێ بکرێتەوە، ئەو هزرمەندە دەکرێ بۆ ئێمە بە «تاریکە تەمومژاوییەکە» ناوببرێت، بەڵام واتای ڕاستەقینەی ئەو نازناوە بۆ ئێمە دەریدەبڕێ و لەخۆیدا هەر بە تاریکی دەمێنێتەوە.

هیراکلیتس بە «تاریک و تەمومژاوییەکە» ناو دەبرێت، بەڵام ئەو خۆی ڕۆشنکەرەوەیە، ئەو قسە لە ڕۆشنکەرەوە دەکات کاتێک هەوڵیداوە بەدەرکەوتنەکەی بخاتە نێو زمانی بیرکردنەوەوە. ڕۆشنکەر دەمێنێ ئەوەندەی ڕووناک دەکاتەوە، ئێمە ڕووناکییەکەی ڕۆشنکەرەوە ناو دەبەین ئەوەی سەر بە ئەوە، چۆن و لە کوێ دەقەومێ، جێگای ئەگەر و گومان دەبێ. وشەی «ڕووناکی» ئەو واتایە دەگەیەنێ: ڕۆشنکردن، تیشک پژاندن، درەوشاندن.

ڕۆشنکردن دەستەبەری بەدەرکەوتن دەبێ، ئازادی دەرکەوتن(١) بە دەرکەوتووەکە دەدات. ئازادەکە کایەی نەشاردرانەوەیە. پەردە لەسەر لادان بەڕێوەی دەبات. ئەو لەو بارەیەوە ئەو پرسیارە هەر بکرێت، چی سەر بەو ناچارییە و ئایا تا چ ڕادەیەک لە پەردە لەسەرلادان و ڕۆشنکردن هەمان شتن.

پەنا بردنە بەر واتای وشەی «ئەلیتیا» هیچ نەکردنە و هیچ بەروبووم و سوودێکی لێ دەستگیر نابێ، هەروەها دەبێ بەکراوەیی بمێنێتەوە، ئایا ئەوە، کە مرۆڤ لەژێر ناوی «ڕاستی»، «دڵنیایی بوون»، «بابەتیەتی»، «هەڵکەوت و ڕاستەقینە» قسەی لەسەر دەکات کەمترین پێوەندی بەوەوە هەیە کە پەردە لەسەر لادان و ڕۆشنکردنی هزر ئاماژەی پێدەکەن. وا پێدەچێ ئەو هزرەی بەدوای ئەو جۆرە ئاماژە و ئاراستەکردنە دەکەوێ بابەتێکی بڵندتر و گرنگتر لە دڵنیا بوون لە ڕاستی بابەتییانە بەواتای ڕستە ڕاست و دروستەکانی لێ دەبێتە جێگەی ئەگەر و گومان. هۆی چییە مرۆڤ هەمیشە و بەردەوام بە پەلە و دەست و بردە، خۆبەتی کە سەر بە هەموو بابەتییەتێکە لەبیر بچێتەوە؟ چی وای کردووە، هەر کە هەستیان بەو پێوەندییەی نێوانیان کرد هەوڵ دەدەن پشت ئەستوور بەلایەنێکیان، یان بە هێنانی لایەنی سێیەم کە دەبێ بابەت و خۆ پێکەوە بگرێتەوە لێکی بدەنەوە؟! دەبێ هۆیەکە چی بێت کەللەڕەقانە مرۆڤ خۆی لەوە دەبوێرێ جارێکیان بیربکاتەوە. ئایا پێوەندی دەستیاوی نێوان خۆ و بابەت جەوهەری بابەت و بابەتییەتەکەی، هی خۆ و خۆیەتییەکەی، واتە لەپێشدا کایە و دەڤەری پێوەندی دەستیاوی نێوانیان دەستەبەر دەبێ؟! بیرکردنەوەمان لەو دەستبەرییە ئەوەندە بە ئەرکەو گرانە، بەرلەوەی بۆمان بلوێ سەرنجی بدەین، نە لە سنووورداری تێگەیشتنی باوەوەیە و نە لە بێزبوونەوەیە لەسەرنجی بەفراوان کە باو نیگەران دەکات و ئاسایی دەشێوێنێ، ئێمە پتر ڕێگادراوین کە شتێکی تر مەزەندە بکەین: ئێمە زۆر دەزانین، خێرا و بە پەلە بڕوا دەکەین و ئەوە دەرفەتی بە تەواوەتی شارەزابوون لە پرسیارەکە و ئاسوودەبوونمان لێی پێ نادات. ئەمەش پێویستی بەو توانایە هەیە، لەبەردەم سادە و ساکاردا سەرسام بین و لە ئەو حەپەسانەش وەک جێگای نیشتەجێ و حەوانەوە دڵنیابین.

سادە و ساکارەکە بەوە ڕوون نابێتەوە بە جۆرێکی ساکار و ئاسان واتای ڕووتی وشەی ئەلیتیا وەک «نەشاردراوەیی» دەربببڕدرێ، یان بگوترێتەوە. نە شاردراوەیی بنەمای بنەڕەتی ئەوەیە کە بەدەرکەوتووە و هی ئەوەیە کە شاردراوەیی لە پشت خۆیەوە بەجێ هێشتووە، ئەمەیە واتای پیتی (a) کە لە ڕێزمانی قۆناغی دوایی هزری یۆناندا وەک (a)ی نەرێ و ناکردن دانراوە و نیشان دراوە. پێوەندی بوون بە ئەلیتیا، شاردنەوە و ئەمە خۆی سەبارەت بە هزر و بیرکردنەوەی ئێمە بەهیچ جۆرێک لەدەستدانی بایەخ و کێش نییە ئەگەر نەشاردراوەییەکە ڕاستەوخۆ تەنیا هەر وەک ئەوەی دێتە دەرکەوتن، لە ئارادابوو هەبوو تێبگەیشترێ و پەی پێ ببردرێ.

بەو پرسیارە، ئەمانە هەموو چی دەگەیەنن و چۆن کراوە ڕوودەن، حەپەسان دەست پێدەکات. ئێمە دەتوانین بەوێ بگەین؟! دوور نییە بەو جۆرە کە ئێمە خۆمان بدەینە

دەست ئەو حەپەسان و سەرسوڕمانە و سەرنجی ئەوە دەدات کە ئێمە بە ڕۆشنکەر و بەدەرخستن ناوی دەبەین؟

حەپەساوی بیرکەرەوە بەو پرسیارە دەدوێ: هیراکلیتس وتوویەتی:

«چۆن یەکێک دەتوانێ خۆی لەوە بشارێتەوە کە هیچ جارێک و هەرگیز ئاوا نابێ». [تۆمی دینۆن پۆتی پۆس ئان تیس لاتۆی]- (دیلز-کرانتس وەریانگێڕاوە) ئەم پەندە بە بڕگەی (١٦) ناودەبرێ، دوور نییە ئەو بۆ ئێمە، ئەوەندەی پێوەندی بە پلەی ناوەوەو بایەخی ئاماژە و نیشاندەرەوە هەیە، یەکەمین بێت. ئەو پەندەی هیراکلیتس لەلایەن کلیمینسی ئەسکەندەرییە لە کتێبی پەروەردەکاردا Paidagogos (ک٣، ف١٠) بەکارهێنراوە و کراوە بە بەڵگە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بیرۆکەیەکی لاهووتی- پەروەردەیی خۆی. ئەو نووسیویەتی: دوور نییە یەکێک بتوانێ خۆی لە تیشک و ڕووناکییەک کە بکرێ بە هەست پەی پێ ببردرێ بشارێتەوە و بەدووربگرێ، بەڵام ئەمە لەبەردەم تیشکی گیانیدا لە کردن نایەت، یان وەک چۆن هیراکلیتس وتوویەتی؛ «کلیمانسی ئەسکەندەرییە بیری لە (ڕەب)ی هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا هەبوو کردۆتەوە، کە هەموو شتێک تەنانەت ئەو بەدکارییەی لە تاریکی و ڕۆژگیرانیشدا کراوە، دەبینێ، بۆیە نووسینەکەی ناوی- «پەروەردەکارە». لە شوێنێکی تردا (ک٣، ف٥) دەبێژێ:

«یەکێک ئەگەر وای دابنێ کە هەمیشە و لە هەموو جێگایەکدا ڕەب لەلای هەیە، هەرگیز ناکەوێ..»

چ کەسێک ویستوویەتی ڕێگر بێ لەوەی کلیمنسی ئەسکەندەرییە حەوسەد ساڵ دواتر بەپێی نیاز و مەبەستی پەروەردەیی- لاهووتی خۆی پەندەکەی هیراکلیتس بخاتە نێو کایەی بۆچوونی کریستیانییەوە و بەهۆیەوە بەشێوازی خۆی لێکی بداتەوە؟ ئەو باوکەی کلێسە بەوە ویستوویە بیر لەوە بکاتەوە کە گوناهبارە و دەیەوێ خۆی لە تیشکی ڕووناکی ڕەب بشارێتەوە. کەچی هێراکلیتس بە پێچەوانەوە تەنیا هەر باسی نەشاردراوەیی مانەوە دەکات، کلیمانس مەبەستی لە ڕووناکی سەر و هەستەکانەوەیە، واتە ڕەبی ئیمانی مەسیحییەت. هیراکلیتس بە پێچەوانەوە تەنیا ناوی ئەوە دەهێنێ کە هەرگیز ئاوا نابێت و لەبەر چاو ون نابێ. ئایا ئەو «تەنیا»یەی لەلای ئێمەوە دووپات کراوەتەوە جۆرە سنوور بۆ دانانێک دەگەیەنێ، یان شتێکی ترە لێرە و لەمەودوا بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

دەبێ چی بەدەست بێت ئەگەر بێتو بویسترێ لێکدانەوە لاهووتییەکەی بڕگەکە وەک ناڕاست ڕەت بکرێتەوە؟! ئەوپەڕەکەی دەکرێ ئەو بۆچوونە گەڵاڵە ببێ کە بەو تێبینییانەی لەم لاو لەو لاوە دێن ئەو بیروبۆچوونە ڕەوا دەکرێ کە ڕێبازەکەی هیراکلیتس بە شێوازێکی ڕاست و ڕەها بپێکرێت و لێک بدرێتەوە. کۆششەکە تەنیا بریتی دەبێ لەوەی لە نزیک واتای وشەیی پەندەکەی هیراکلیتس بمێنێتەوە. دەکرێ ئەمە لەوەدا بەشداری بکات هزرکردنەوەیەکی دواڕۆژ بەرەو ئەو دەڤەرەی ئامۆژگارییە کە پێشتر نەبیستراوە ئاراستە بکات.

ئەوەندەی ئەوە لەو داخوازی- فرمانەکە هزر پابەندییەتی دەکەوێتەوە، ئەوەندە گرنگ نییە بنرخێنرێ و بەراورد بکرێت، کام هزرمەندانە تا چەند لەو فرمان- داخوازییانە نزیک نەبووتەوە. پتر هەموو کۆششەکان بەو لایەدا دەکرێن ئێمە بە سایە و بەهۆی وتووێژەوە لەگەڵ هزرمەندێکی پێشوو لەو دەڤەرەی بیری لێدەکرێتەوە، نزیک ببینەوە.

تێگەیشتنێکی ژیرانە، ئەوەیە هیراکلیتس بەجۆری جیاواز بۆ هەر یەکێک لە ئەفلاتوون، ئەرستۆ، نووسەرێکی باوکی کلێسەی کریستیان، بۆ هیگڵ و بۆ نیتشە دەدوێ. ئەگەر مرۆڤ دەستبەرداری ئەو لێکدانەوە مێژووییە فرە ڕەنگییە نەبێ، ئەوە پێویستە ئەمە تەنیا بەپێی ئەو پێوەندییەی بە کام کەسەوە هەیەتی، بەڕاستی دابنێ. مرۆڤ خۆی وادێتە بەرچاو بەهۆی ئەم فرە ڕەنگییەوە لەلایەن خێوی ڕێژەییەوە بە ناچاریی هەڕەشەی لێ بکرێت. لەبەرچی؟ چونکە ئەو هەڵە مێژووییەی ئەو لێکدانەوانە دەستبەرداری ئەو وتووێژە پرسکارە بووە، کە لەگەڵ هزرەمەندەکەدا کراوە، بگرە دوور نییە هەر ئەو جۆرە وتووێژەی نەکردبێ.

لایەکەی دیکەی لێکدانەوەی شێوازی هەر وتوێژێک دەربارەی ئەوەی بە بیردا هاتووە نیشانەی بە پێزییەکی نەگوتراوە(٢)، ئەوەی کە هیراکلیتس خۆی تەنیا هەر بە ڕێگای ئەو سەرنجدانانەی بۆی هەڵکەوتوون و لواون ویستوویەتی بیلێ. خواستی بە دواداچوونی ڕێبازی ڕاستی بابەتی هیراکلیتس، مەبەست و نیازێکە خۆی لە

مەترسی پیرۆز کە دووچاری ڕاستیی بیرکردنەوە ببێ، دەرباز دەکات.

ئەو تێبینیانەی خوارەوە هیچ ئەنجامێکیان لێناکەوێتەوە، تەنیا هەر ڕووداوەکە نیشان دەدەن:

پەندەکەی هیراکلیتس پرسیارێکە. وشەکە بەهۆیەوە بە واتای تیلۆس خۆی کۆتایی پێدەهێنێ، ئەوە ناودەبات لە کوێوە پرسیارەکە دەست پێدەکات. ئەوە ئەو دەڤەرەیە کە تێیدا هزر خۆی دەبزوێنێ. ئەو وشەیەی کە پرسیارەکەی لێ هەڵدەستێ ناوی (لاتۆی)یە. مرۆڤ دەتوانی لەوە ئاسانتر چی دەستنیشان بکات کە لانتانۆ ئەوە دەگەیەنێ:

من بە شاردراوەیی دەمێنمەوە؟ بە هەمان شێوە ئێمە بەوپەڕی کەمیی دەتوانین ڕاستەوخۆ بگەینە ئەو واتایەی وشە یۆنانییەکە دەریدەبڕێ.

هۆمیرۆس دەگێڕێتەوە (ئۆ: هەشت، بڕگەی ٨٣ بەدواوە) چۆن ئۆدیسیۆس لە کۆشکی شا فیاکن-دا گوێی لە گۆرانیبێژ دیمۆدۆکۆس بووە کە گۆرانییە دڵڕفێن و خۆشەکانی گوتووە و ئەویش هەموو جارێک سەری خۆی نەوی کردووە بۆ ئەوەی ئامادەبووان هەستی پێ نەکەن و بە دڵ گریاوە. پارچە هەڵبەستی ٩٣ دەبێژێ: ئێمە بە پێی گیانی زمانەکەمان بە ڕاستی وەریدەگێڕین:

ئەوکاتە بەبێ ئەوەی کە هەموو ئەوانی تر هەستی پێ بکەن(٣) دەستی بە فرمێسک ڕشتن کردووە». وەرگێڕانەکەی ڤۆس لە زمانی یۆنانییەوە نزیکە، چونکە ئەو وشە- کردارە گرنگە کە (ئەلەنتانی- شاردییەوە)ی کردووە بە ئەڵەمانی: «ئەو فرمێسکە ڕێژنەکانی لە هەموو میوانەکان شاردۆتەوە(٤).»، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەلەنتانی واتای کرداری «ئەو شاردییەوە» ناگەیەنێ، بەڵکو «ئەو بە شاردراوەیی مایەوە» دەگەیەنێ- لەوەدا کە فرمێسکی دەڕشت. وشەی «بە شاردراوەیی بمێنێتەوە» لە زمانی یۆنانیدا وشەیەکی بنەڕەتییە، کەچی زمانی ئەڵەمانی دەڵێ: ئەو دەگریا بەبێ ئەوەی ئەوانی دیکە هەستی پێبکەن.

ئەوەی ڕاست بێت ئێمە دەستەواژە ناسراوەکەی ئەپیکۆر (لانی بیۆزاس) وا وەردەگێڕین: «بە شاردراوەیی بژی»، بەڵام لە زمانی یۆنانیدا وشەکە دەبێژێ: «بمێنەوە وەک ئەو کەسەی ژیانی خۆی بە شاردراوەیی بەسەر دەبات.» شاردراوەییەکە لێرەدا ئەو شێوازە دیار و دەستنیشان دەکات چۆن مرۆڤ لەنێو خەڵکدا دەبێ حازر و هەبووبێ. زمانی یۆنانی بەهۆی جۆری ئاخفتنەکەیەوە دەری دەخات کە بە شاردراوەیی مانەوە، واتە لە هەمان کاتدا بە نەشاردراوەیی مانەوە پلەو پایەیەکی گرنگتری زاڵی لە هەموو شێوازەکانی تر هەیە کە بوونەوەر ساغ دەکاتەوە. تایبەتمەندی بنەڕەتی بوون خۆی بەهۆی بە شاردراوەیی و نەشاردراوەیی مانەوە دەستنیشان دەکات. جارێ پێویست بەوە ناکات بگەڕێینەوە سەر ئەوەی وشەی «ئەلیتیزیا» لە چی کەوتۆتەوە کە وا پێدەچێ بە ئاسانی کەوتبێتەوە، بۆ ئەوەی بزاندرێ بوونی بوونەوەر تەنیا بەهۆی دەرکەوتن، بەخۆ دەرخستن، بە هاتنە بەرچاو، بە هاتنە سەرەوە، بەخۆ بەدیهێنان، بەهۆی ڕوخسار و ڕواڵەت لە زماندا دەردەبڕدرێ.

ئەمە هەمووی لە ڕێک و پێیکییە نەشێواوییەکەیدا لە چوارچێوەی بوونی یۆنانی و زمانەکەدا بە بیردانەدەهات ئەگەر بە شاردراوەیی مانەوە- بە نەشاردراوەیی مانەوە(٥) وەک ئەو(٦) تایبەتمەندی زاڵ بوو نەبوایە کە پێویست بەوە نەدەبوو خۆی بە زمان دەربڕێ، چونکە لەوەوە(٧) ئەو زمانە خۆی پەیدادەبێ. بەم پێیە ئەزموونی یۆنانی بیر لە ڕەوشی ئۆدیسیۆس دەکاتەوە، نەک بەپێی ئەو بۆچوونە کە ئەو میوانانەی لەوێ بوون وەک چەند خۆیەک وێنا بکرێن کە لە کرداری خۆیەتیاندا ئۆدیسیۆس گریا و وەک بابەتی پەی پێ بردن پەی پێ نابەن. پتر بەلای ئەزموونی یۆنانییەوە ئەوە زاڵ و باوە کە گریاوەکە لە شاردراوەیەکدایە کە ئامادەبووان ناتوانن ببیبن. هۆمیرۆس نەیگوتووە: ئۆدیسیۆس فرمێسکەکانی شاردۆتەوە. هەروەها شاعیر نەیگوتووە: ئۆدیسیۆس وەک گریاو خۆی شاردۆتەوە، بەڵکو ئەو دەبێژێ: ئۆدیسیۆس بە شاردراوەیی ماوەتەوە(٨). ئێمە پێویستە بەردەوام و هەمیشە چالاکانە بیر لەو ڕووداوە هەڵکەوتە بکەینەوە، ئەگەرچی دووچاری مەترسی پتر و ئەرک و ئاڵۆزی ببین.

بەبێ سەرنجدانی ژێربیانەی تەواوی ئەو هەڵکەوتە ڕووداوە لێکدانەوەی بوون لەلایەن ئەفلاتوونەوە بەوەی نموونەیە (ئایدیا) ئینجا لێکدانەوەکانی تری بەدوادا هاتووە دەربارەی بوون و بوونەوەر بۆ ئێمە وەک هەرەمەکییەک، یان وەک ڕێککەوتێک دەبێ.

هۆمیرۆس دەڵێ لە چەند دەستەواژەیەکی پێش ئەو

ڕستانەی خوازرانەوە (بەیتی ٨٦) فوس بە ئەڵەمانی وا وەریگێڕاوە:

«ئۆدیسیۆس سەری خۆی نەوی کردووە- داپۆشیوە- Verhullte» [بۆ ئەوەی فایکەکان برژانگە فرمێسکاوییەکەی بەدی نەکەن]. فۆس وشە گرنگەکەی: «ئایدیتۆ»ی وەرنەگێڕاوە. ئۆدیسیۆس شەرمی لەخۆی کردووە- وەک فرمێسک ڕێژ لەبەردەم فایکەکاندا بێ. ئایا ئەمە ئێستا بە ئاشکرا ئەمە ناگەیەنێ: ئەو لەشەرمان خۆی لەبەردەم فایکەکان شاردۆتەوە؟! یان پێویستە ئێمە لە سۆنگەی بەشاردراوەیی مانەوەوە بیر لەشەرمەکە- ئایرۆس- بکەینەوە، ئەگەر هاتو بکۆشین لەو جەوهەرەی ئەزموونی یۆنان نزیک بینەوە؟! شەرم بەخۆ بوون ئەوە دەگەیەنێ: بەشاردراوەیی و نادیار مانەوە لە سایەی هیوا و ورە بەرزیدا.

لەو دیمەنەی بەشیعری یۆنانی وێنا کراوە کە ئۆدیسیۆس لە شاردراوەیدا دەگریا، بۆمان دەردەکەوێ چۆن شاعیرەکە زاڵ بوون و هەبوونی بوونەوەر پەی پێدەباو تاقی کردۆتەوە ئەویش واتای بوونە، بەبێ ئەوەی بەبیردا هاتبێ، بووە بە چارەنووس. بوون خۆ شاردنەوەیەکە ڕووناک بۆتەوە: شەرم کردن وەک ئەو وایە. شەرم کردن بە شاردراوەیی مانەوەی بە سڵ و پارێزە لەبەردەم نزیکی بوونەوەردا. ئەو گرتنە خۆی بوونەوەرە لە نزیکییەک کە دەستکاری ناکرێت و بەردەوام لە هاتندا دەمێنێتەوە، ئەو هاتنەی لەخۆ داپۆشینێکی پتری گەشەکردنی بێ پسانەوەدایە. بەم پێیە دەبێ لەبەر تیشک و ڕووناکی بە شاردراوەیی مانەوەدا بیر لە شەرم کردن و پایەبەرزە نزیکەکانی بکەینەوە.

ئیتر پێویستە خۆمان ئامادە بکەین وشەیەکی دیکەی یۆنانی کە سەر بە ڕەگی وشەی (لات)ە بە تێڕامان و بیرکردنەوەوە بەکاری بهێنین. ئەو وادەگەیەنێ: «ئەپیلا نتانستای- لەبیری دەچێتەوە.» ئێمە بەڕاستی ئەو وەردەگێڕین: «لەبیرچوونەوە». پشت ئەستوور بەو ڕاستییە قاموسییە وا دەردەکەوێ کە هەموو شتەکان بێگەرد بن. مرۆڤ وادەکات هەروەک ئەوەی لەبیرچوونەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە لەجیهاندا، بەڵام شتەکە لە تێبینییەکی سەرپێییدا وای لێ دێ مرۆڤ بڵێ ئەو وشە واتای لە شاردراوەدا مانەوە دەگەیەنێ.

بەڵام واتای لەبیرچوونەوە چییە؟! مرۆڤی مۆدێرن کۆشش دەکات بەپێی توانا خێرا شتی لەبیر بچێتەوە، دەبێ بزانێ لەبیرچوونەوە چییە، بەڵام ئەو ئەمە نازانێ. ئەو جەوهەری لەبیر چوونەوەی لەبیرچۆتەوە، گریمان ئەو بەشێوەیەکی بەس بوو بیری کردبێتەوە واتە لە کایەی جەوهەری لەبیرچوونەوەوە بەرەو دەر بیری کردبێتەوە، غەم ساردی لە ئارادا بوو بەرانبەر بە جەوهەری لەبیرچوونەوە بە هیچ جۆرێک لەوەوە نییە کە لەم ڕۆژگارەدا مرۆڤ شێوازی ژیانی خێرا و ساکاری گرتبێتەبەر. ئەوی لەو غەم ساردییەوە دەکەوێتەوە و ڕوودەدات خۆی لە جەوهەری لەبیرچوونەوەوە هاتووە. تایبەتمەندی ئەمە ئەوەیە خۆی لەخۆی دوور بکەوێتەوە و دەربازبێ بۆ ئەوەی بکەوێتە نێو ناوبراو بە شاردراوە. یۆنانییەکان لەبیر چوونەوەیان، ئەلیتی، وەک چارەنووس و قەدەری شاردرانەوە زانیوە.

وشەی لانتانۆمای دەبێژێ: من سەبارەت بەخۆم ئەوەندەی نەشاردراوەییەک پێوەندی بەمنەوە هەیە - بە شاردراوەیی دەمێنمەوە. ئیتر نەشاردراوەیی، لەلای خۆیەوە چۆن من پێوەندیم لەگەڵیدا هەیە- شاردراوەیە. بوونەوەر بەجۆرێک دەکەوێتە نێو شاردراوەیی هەروەک من لەلای خۆمەوە لەو شاردراوەییەی خۆیدا وەک ئەو کەسە بە شاردراوەیی دەمێنمەوە کە بوونەوەر خۆی لێی دووردەکەوێتەوە. لەلایەکەوە ئەو شاردراوەییە لەلای خۆیەوە دەشاردرێتەوە. ئەمە لەو ڕووداوەدا دەقەومێ کە ئێمە کاتێک دەبێژین ئەو مەبەستەمان هەیە: من «شتێکم» لەبیرچووە، بەڵام لەکاتی لەبیرچووندا تەنیا هەر ئەو شتەمان لەدەست دەرناچێ. لەبیرچوونەوەکە خۆی دەکەوێتە نێو شاردراوەیی و تەنانەت بە جۆرێک ئێمە خۆشمان لەو پێوەندییەی بە لەبیر چوونەوەوە هەمانە دەکەوینە ناو لەبیرچوونەوەوە. بۆیە یۆنانییەکان بە فوری کارای بزر کە کارا دیار بگەیەنی بە پێداگرتنەوە دەڵێن:

ئەپیلانتا نۆمای. ئیتر شاردرانەوە کە مرۆڤ دووچاری دەبێ، لە هەمان کاتدا سەبارەت بە پێوەندییەکەی بەوەوە ناودەبرێ کە بەهۆیەوە لە مرۆڤ دادەبڕێ و دووردەکەوێتەوە.

بەو شێوازەی چۆن زمانی یۆنانی لانتانایین، بە شاردراوەیی مانەوە، وەک کردارێکی گرنگ و بایەخدار بەکاردێنێ، هەروەها چۆن لە ئەزموونی لە بیرچوونەوەی لە شاردرانەوەدا مانەوە بە ئاشکرا بە تەواوی خۆی نیشان

دەدات و دەردەخات، لانتانۆ، واتە من بە شاردراوەیی دەمێنمەوە، مەبەست لە شێوازی کردارێکی مرۆڤ لەنێوان کردارەکانی دیکەدا نییە، بەڵکو ئەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییەی هەموو کردارەکەی ئەوەی هەیە و ئەوەی نییە، ئەگەر ئەمە تایبەتمەندی بنەڕەتی بوون و لە ئارادانەبوون خۆی نەبێ، ناودەنێ.

خۆ ئەگەر ئێستا وشەی «لیتۆ» : من بە شاردراوەیی دەمێنمەوە، لە دەستەواژەیەکی هزرمەندێکدا بۆمان بدوێ، ئەو وشەیە کۆتایی بە پرسیارێکی هزریی دێنێ، ئیتر بۆیە دەبێ ئێمە ئەوەندەی لەم ڕۆژەدا لەتواناماندا هەبێ، بە چاکی لەو وشەیە وردببینەوە و بە تەواوەتی بیری لێ بکەینەوە.

هەموو بەشاردراوەیی مانەوەیەک لەخۆیدا پێوەندی بەوەوە هەیە کە شاردراوەکە لێی دەرباز بووە، بەڵام بەهۆی ئەوە و لە هەندێک ڕەوشدا وادەمێنێتەوە کە مەیلی هەر بۆی هەبێت. زمانی یۆنانی ئەوەی لە شاردراوەیی دەربازی بووە و مەیلی بۆی هەیە بە بەرکار ناودەبات: دەبێژێ: «شاردنەوەی فرمێسکە ڕژاوەکان لە هەموو کەسانی تر».

هیراکلیتس دەپرسی:

چۆن کەسێک بۆی دەلوێ و دەتوانێ بە شاردراوەیی بمێنێتەوە؟ سەبارەت بە چی؟ دەربارەی ئەوەی کە ئەو وشانەی پێشتر هێنرانەوە دەری دەبڕن کە دەستەواژەکە دەیخاتە بەرچاو: ئەوەی هیچ جارێک لەبەرچاو ون نابێ. ئەوەی لێرەدا وتراوە: «ئەو کەسەی» مەبەست لە (بکەر) خۆبەکە نییە کە مانەوەی شتێک لە ڕەوشی شاردراوەییدا پشتی پێ دەبەستێ، بەڵکو «ئەو کەسەیە»کە بەپێی شیاوەکی مانەوەی لە شاردراوەییدا جێگای گومان و پرسیارە. پرسیارەکەی هیراکلیتس پێشیانە بە هزرکردنەوە و نەشاردرانەوەیی لە پێوەندیدا بە ئەو کەسە دەست پێناکات کە بەپێی ڕاهاتن و نەریتی بۆچوونی سەردەمی نوێ بە هەڵگرەکەی و ئەگەر حەزکەین بە دروستکاری نەشاردراوەیی دانەنێین. پرسیارەکەی هیراکلیتس، ئەگەر بە شێوازی سەردەمی نوێ دەربببڕین، بە پێچەوانەوە بیر دەکاتەوە. ئەو بیر لە پێوەندی مرۆڤ بە «ئەوەی هەرگیز لەبەرچاو بزر نابێ» دەکاتەوە و لەو پێوەندییەوە بیر لە مرۆڤ دەکاتەوە.

پێکهاتەی وشە یۆنانییەکە «تۆمی دینۆن پۆتی» بەو جۆرە وەریدەگێڕین کە لە خۆیەوە تێیدەگەیشترێ: ئەوەی هیچ جارێک لەبەرچاو بزر نابێ» ئەو وشانە چ دەگەیەنن؟! لەکوێوە دەتوانین لەبارەیەوە شت بزانین؟ واپێدەچێ دەبێ لەسەرەتادا لەوە بکۆڵینەوە ئەگەرچی ئەمە ئێمە لە پەندەکەی هیراکلیتس دووربخاتەوە. لەوەوە لێرە و لە ڕەوشی لەمەچوودا ئەو مەترسییە دێتە پێشەوە، ئێمە پتر لە پێویست لێکۆڵینەوە بکەین. ئێمە ئەو پێکهاتەی وشانە پێشییانە بە ڕوون و ئاشکرای تەواوەتی دادەنێین کە لە هەمان کاتدا دەبێتە مایەی ئەوەی دەبێ بە تایبەتی سەرنج لەوە بدەین کە بەپێی هزری هیراکلیتس «هیچ جارێک لەبەرچاو بزر نابێ». بگرە ئێمە لە پرسیارکردندا ئەوەندە دوور ناڕۆین. هەروەها بڕیار نادەین ئایا ئەو پرسیارە دەبێ بەو شێوەیە بکرێت. هەوڵدان بۆ بڕیاردان لەو بارەیەوە لەخۆیەوە بەلادادێ ئەگەر هاتو دەرکەوت پرسین لە بارەی ئەوەی هیراکلیتس بە «هەرگیز لەبەرچاو بزر نابێ»ی داناوە، پێویست ناکات. چۆن ئەمە دەردەکەوێ؟ چۆن دەتوانین خۆمان لە مەترسی پتر پرسین بپارێزین.

تەنیا هەر بەو جۆرە: لەوە شارەزا ببین تا چ ڕادەیەک ئەو پێکهاتەی وشانە «تۆمی دینۆن پۆتی» بەپێی پێویست دەبێتە مایەی بیرکردنەوە ئەگەر دەستبەجێ ڕوونی بکەینەوە ئەو چ دەبێژێ.

وشە سەرەکییەکە بریتییە لە «تۆدینۆن»، ئەمەش توندوتۆڵ بە «دیئۆ» بەندە، کە واتای داپۆشین و نقوم کردن دەبەخشێ. وشەی «دوئایین» دەبێژێ بچێتە نێو شتێکەوە: خۆر- ڕۆژ- دەچێتە نێو دەریا: لەوێدا نقوم دەبێ: لە ڕۆژئاوابووندا، لە دەوروبەری ئێوارەدا، ئەوە دەگەیەنێ: بە ژێر هەورەکاندا بڕوات، لەژێر هەورەکاندا لەبەرچاو ون دەگەیەنێ: بەژێر هەورەکاندا بڕوات، لەژێر هەورەکاندا لەبەرچاو ون بێت. هزری یۆنان دەربارەی ئاوابوون وەک چوونە نێو شاردراوەیی ڕوودەدات.

ئێمە بە ئاسانی دەبینین، ئەگەرچی تەنیا لەسەرەتادا بە شێوازی نزیکییانەش بێت، هەردوو وشە بەلایەکدا خەرەکان، چونکە ئەوەی وشە ناوەڕۆکییەکانی دەستەواژەکە کە دەیخاتە بەرچاو و کۆتایی پێدێت: تۆدینۆن (لێرە نەبوو) و لاتۆی (مانەوە لە شاردراوەییدا) هەمان شت دەڵێن. لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارەکە هەر لە ئارادایە، بە چ واتایەک ئەمە دروستە. لەگەڵ ئەمەشدا

شـتـێک بەدەست هاتووە، ئەگـەر هەسـتی پێ بکەین و بزانین کە دەستەواژەکە بە لە خۆپرسین لە کایە و دەڤەری شـاردراوەییـدا دەبزوێ. یان ئێـمـە ناکـەوینە نێـو داوی بە تەفـرە چوونەوە ئەگـەر لەمـە بیـربکەینەوە؟! شـتـێکە بە ڕاستی وا دەردەکەوێ: دەستەواژەکە ئەوەیە کە «هەرگیز لەبەرچاو بزر نابێ» دەردەبڕێ. ئەمە بە ئاشکرا ئەوەیە کە هیچ جـارێک ناشـاردرێتـەوە. ئەمـە بە دوور دەگـیـرێ. ڕاستە دەسـتـەواژەکـە لە بارەی لە شـاردراوەیی مـانەوەدا دەپرسێ، بەڵام ئەو شیاوەکی و توانای شاردرانەوەیەک بە توندی دەخـاتە بەردەم ئەگـەر و گـومـان، بە جـۆرێک کـە پرسیارەکە لەوەڵامێک بچێت.

ئەمـەش ڕەوشی شـیـاوەکی بە شـاردراوەیی مـانەوە بە دوور دەگـرێ. ڕسـتـە لاف لێـدراوەکـە تەنیـا بە فـۆرم و ڕوخسـاری پرسـیـارێکی وتاریـێـژییـانە دەدوێ: هیچ کەسێکی شاردراوە ناتوانێ لەبەردەم ئەوەدا بمێنێتەوە کە هەرگیز ئاوا نابێ. ئەگەر ببیستریٚ وەک بنەمایەک دێتە بەرگوێ.

ئەوەندەی ئێـمـە وشـە بنەڕەتیـیـە بەلایەکدا خـەرەکـان تۆدینۆی (لێـــرە نەبوو) و لاتۆی (بە شـــاردراوەیی دەمێنێتەوە) هیچی تر بە تەنیا وەرنەگرین، بەڵکو ئەوان لە چوارچێوە دروستی تێکڕای دەسـتـەواژەکـەدا ببیـستین ئاشکرا و ڕوون دەبێت: دەستەواژەکە بە هیچ جۆرێک لە دەڤەری شاردراوەییدا نا، بەڵکو بە تەواوەتی لە دەڤەری بە پێچەوانەی بەرانبـەریدا دەجوولێـتـەوە. ئەگەر ئێـمـە پێکهاتەی وشەکانمان گۆڕی بەو شێوە و فۆرمە:

تۆمی پۆتی دینۆن ئەوکـــاتە لەبەرچاو ڕوون دەبێ، ڕســتــەکــە دەربارەی چی دەڵێ: ئەوەی هیچ جــارێک لەبەرچاو بزر نابێ. ئەگەر ئێمە ڕستەکەمان لە ناکراوەوە کرد بە ئاکراو، ئەوکاتە دەبیستین دەستەواژەکە بە (ئەوەی هیچ جارێک لەبەرچاو بزر نابێ) مەبەستی چییە: ئەوەی بەردەوام بەدەردەکەوێ و دەکرێتەوە. دەبێ ئەمە لەزمانی یۆنانیـدا بەو جـۆرە بێت: تۆ ئائی فـیـئـۆن. ئەم جـۆرە بەکارهێنانە لەلای هیراکلیتس نەبووە. هزرمەندەکە تەنیا باسی (فـیـزیس)ی کـردووە. لێـرەدا ئێـمـە وشـەیەکی بنەڕەتی هزر و بیرکردنەوەی یۆنانی دەبیستین. بەم پێیە ئێـــمـــە لە نـاکـــاو و لەپڕ وەڵامی ئەو پرســیـــارەمـــان دەستگیربوو، ئەویش ئەوەیە کە هیراکلیتس لە بزربوون و لەبەرچاو نەمانی زەوت کردووە.

بەڵام ئایا ئاماژەدان بە فـیـزیس، ئەوەندەی ئەو واتایەی دەیدات تاریک و تەمومژاوی بێت دەکرێ وەک وەڵامێک لەلامـان بڕ بکات؟! نـاوونیـشـانی زل و بریقـەداری وەک «وشـەی بنەڕەتی» چ یارمـەتیـیـەکـمـان دەدا لە کـاتێکدا بنەڕەت و قـــووڵایی هزری یۆنـانی بە کـــەمـــیی نەبێ پێـوەندییـان بە ئێـمـەوە نییـە تاوەکـو بە چەند نـاوێک دایانپۆشین بێ ئاگایی پاڵی ناوین لەکایەکانی بۆچوونی باودا بیـانخـوازینەوە؟! خـۆ ئەگـەر «تۆمی بۆتی دینۆن» واتای فیزیس بدات ئەو پەنابردنە بەر فیزیس هیچمان بۆ ڕوون ناکـاتەوە، هەروەها بۆمـان دەرناخـات تۆمی بۆتی دینۆن (ئەوەی هەرگیز ئاوا نابێت) چی دەگەیەنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە: ئەوەی هەرگیز ئاوا نابێت، سەرنجمان بۆ ئەو لایە ڕادەکێشێ بیربکەینەوە، تا چ ڕادەیەک فـیـزیس دەکـرێ وەک بە دەرکـەوتنی بەردەوام بە تـاقـیـکردنەوە بزانرێ. ئەو چییە کە ئەگەر شتێکی لەولاوە تر بێ لەوەی کە هەمـیـشـە خـۆی دەردەخـات؟! بەپێی ئەمە ئاخـاوتنی دەســتــەواژەکــە لە کــایەی دەرکــەوتندا و نـەک لە هی خۆشاردنەوەدا دەبزوێ.

چۆن و لە سۆنگەی کام ڕاستەقینەیەکەوە پێویستە ئێمە لە بارەی دەڤــەری بەدەرکــەوتن و دەربارەی ئەمــە خــۆی بیـربکەینەوە بە جـۆرێک ئێـمـە دووچاری ئەو مـەترسـیـیـە نەبین، تەنیـا چەند وشـەیەکی ڕووت ڕاوبکەین؟! چەندە ئێــمــە بە پێــداگـرتن لەوە دەرباز ببین ئەوەی هەمــیــشــە دەکرێتەوە و بەدەردەکەوێ، ئەوەی هیچ جارێک لەبەرچاو ئاوا نـابن وەک شـــتـــێـکی هـەبووی لە ئـارادابوودا بەسەرنجدان وێنا بکەین، ئەوەندە پێویستییەکی ناچارییە لەو بارەوە زانیاری هەبێت، ئەمە ئێستا خۆی چییە، کە وەک خەسڵەتی «هیچ جارێک ئاوا نابێت» دادەنرێت.

زانین خواستن شایستەی ستایش کردنە تەنیا ئەوکاتە نەبێ کـە پەلە و خـێـرایی بکات، بگرە لەوەش بە سڵ و پارێزتر و ئاڵۆز و بە ئەرکـتـر نیـیـە لەوە کـە هەمـیـشـە پابەندی وشەکانی دەستەواژەکە ببین، بەڵام ئایا ئێمە بەو جـۆرە مـاوینەوە؟ یان شـێـوە گـۆڕینێکی وشـەکـان کـە بەدەگـمـەن نەبێ هەسـتی پێ نەکراوە بۆتە مـایەی ئەوەی پەلە و دەست و بردێ بکەین و دەرفەتی ئاگاداربوونمان لە گرنگەکەی لە دەست داوین؟! شتەکە وایە. ئێمە جێگای وشەکانی «تۆمی دینۆن بۆتی»مان بەشێوەی «تۆمی بۆتی دینۆن» گۆڕی و «می بۆتی»مان بە ڕاستی وەرگێڕدرا بە

(هیچ جــــارێک) هەروەها «تۆ دینۆن» و بە ڕاســــتی وەرگــێــڕدراوە بە ئاوابوو. ئێــمــە نە بیــرمــان لە (می) کــردۆتەوە کــە لە بارەی خــۆیەوە شــتی دەربڕیوە و نە لە دینۆن کە لە دواییدا دانراوە. بۆیە ئێمە ناتوانین ئاگاداری ئەو ئامــاژەیە بین کــە ناکــردن (می) و ئاوەڵکار (پۆتی) داویانە و دەکرا ئێــمــە بۆ پــتــر لێکدانەوەی لەسەرخۆ و وریایانەی (دینۆن) هان بدات.

می پیــتی ناکــردنە، وەک ئۆک واتای «نەء» دەگەیەنێ بە تەواوەتی بە جــۆرێکی تر. (ئۆک) ئەوەی ناکــردنە کــە دەیگێڕێتەوە، شتێکی لێ بێ بەش دەکات و دایدەبڕێ، بەڵام (می) بە پێــــچـــــوانەوە، ئەوەی لە کــــایەی ناکردنەکەیدا پێیدەگات شتێکی پێدەبەخشێ: قەدەغە کردنێک، بە دوور گرتنێک، پاراستنێک.

فی.. پۆتی دەبێـــژێ: ئەو نەء... هەر کـــاتێک... کەوابوو چی؟ ئایا بوونەکە بە جۆرێکی تر نابێ لەوەی کە چۆن هەیە.

لە دەستەواژەکەی هیراکلیتسدا (می- نەء) و (پۆتی- هەرگیز) هەردووکیــان (دینۆن- لێرە نەبوو) دەگرنە خۆ. وشەکە لە ڕوانگەی ڕێزمانەوە پارتیتسیپە. تا ئێستا وا وەرمــان گــێــڕاوە کــە لە واتای ناوەوە نزیک بێت و لە هەمــان کــاتدا بەو جــۆرە سنووردارمــان کــردووە کــە لەو بۆچوونە نزیک بێ کە هیراکلیتس قسەی لەوە کردووە، ئەوەی هەرگیز ناکرێ ئاوابێ، بەڵام «می.. پۆتی» ناکار پێــوەندی بەم شێــوەیە، یان بە جــۆرێکی تر بە بەردەوام و جــەوهەرەوە هەیە. ناکــردنەکــە بە کــرداری واتایی پارتیــتــسیــپ (دینۆن)ەوە بەندە. هەمــان شت (می) لە ئیئۆن)ی پارمەنیدس دەگرێتەوە.

پێکهاتەکانی وشە (تۆ می دینۆن پۆتی) دەڵێ:

ئەوەی ناکرێ هەرگیز ئاوا بێ.

ئەگەر بوێرین و جارێک چاوترووکانێک پێکهاتەکانی وشەکە بە ئاکردن بگۆڕین، ئەوە دەردەکەوێ: هیراکلیتس لە ئاواڵە بوون و کرانەوەی هەمیشــە و بەردەوام نەک لە شتێک کە کرانەوە وەک خەسڵەتێک پێی ببڕێ، هەروەها نەک ئەو هەمـــووەی پێــوەندی بە کــــرانەوەوە هەیە، بیــردەکــاتەوە. هیــراکلیــتس پتــر بیــر لە کــرانەوەیی و دەرکەوتن دەکــاتەوە و تەنیــا هەر لەوە. ئەو بەدەرکەوتنە هەرە کۆنە و هەتا هەتاییە لە گوترانی هزریدا بە وشــەی فیــزس ناوبراوە. پێویست بوو ئێمە بە شێــوازێکی ناباو بەڵام گونجاو بەهۆی «بەدەرکەوتنەوە» بە پێی وشەی باوی «پەیدابوون» وەری بگێڕین.

هیراکلیتس بیردەکاتەوە کە هیچ جارێک(٩) ئاوابوون نابێ. بەپێی هزری یۆنانی ئەمە هیچ جارێک ناچێتە نێو داپۆشینەوە. کەوابوو لە چ کایە و دەڤەرێکدا بەپێی ئەمە گــوتەی دەســتــەواژەکــە دەبزوێ؟! ئەو بەپێی واتاکــەی شــاردرانەوە ناودێنێ، بە تایبــەتی ئەوەی هیچ جــارێک ناچێــتــە ناو ئەوەوە. دەســتــەواژەکــە لە هەمــان کــاتدا و ڕاستەوخۆ بە دەرکەوتنی هەمیشەیی دەگەیەنێ کە هەر لە کـــــۆنەوە و هەتــا هەتایــە بەردەوام بە دەردەکـــــەوێ. پێکهــاتەکــانی وشەکــە «تۆ می دینۆن پۆتی» کــە هەرگــیز ئاوا نابێ ئەم دووانە دەگەیەنێ: بەدەرکەوتن و داپۆشران، نەک وەک دوو شــتی لە یەکــتــری جــیــاواز، تەنیــا چەند ڕووداوێکی بە یەکــەوە بەندبن، بەڵکو وەک یەکــێــک و هەر خۆی. ئەگەر لەوە ئاگادار بین ئەوە بەربەست دەکرێین لە جــێگای «تۆمی دینۆن پۆتی» بێ بیــرکــردنەوە «تین فیزین» دابنێین، یان ئەمە هەر لە کردن دێت ئەگەر ئەمە بەناچاریی نەکــرێ مــرۆڤ دەســتــبــەرداری ببــێت؟! لە گریمانەی دوایییەکەدا ناتوانین «فیزوس» هیچی تر وەک بەدەرکــەوتن بیــری لێــبکەینەوە. ئەو بە ڕاســتی هیچ جارێک ئەمە نییــە، هیراکلیــتس بە ڕوونی و نهێنیاوی لەمە کەمتری نەگوتووە. بڕگەی ١٢٣ دەبێژێ:

فیزس کریپستتای فیلای: جەوهەری شتەکە حەزی لە خۆشاردنەوەیە. ئایا ئەو وەرگێڕانە تەنیا بە دووری دەڤەر و کایەی هزری هیــراکلیتس نیشــان دەدات، بە تەواوەتی لێــرەدا ڕوون ناکــرێتــەوە. دوور نییــە بۆمــان نەبێ ئەو جێگایە باوە بە هیراکلیتس بدەین، بەبێ گوێدان بەمە کە «جــەوهەرێکی شــتــەکــان» یەکــەم جــار لە ســەردەمی ئەفــلاتوونەوە بە بیــرداهاتووە. دەبێ ئێــمــە ئاگــاداری شــتــێکی دیکە بین: «فــیــزیس» و «کــریپــتــســتــای»: بەدەرکــەوتن «خــۆ بەدەرخــستن» و خــۆشــاردنەوە، هەردووکیــان لەوپەڕی لە یەکــتــری نزیک و دراوســێیدا ناویان هێنراوە. دەکرێ ئەمە لە یەکەم سەرنجداندا بیانی بێــتــە بەرچاو. ئەگــەر فــیــزیس وەک خۆ بەدەرخستن لە شتێکەوە خۆی بەدووربخات، یان تەنیا دژی شــتــێک بگەڕێتەوە، ئەوە ئەو (کریستای)ی، خۆی دەشارێتەوە. بگرە هیــراکلیــتس لە هەردووکیــانــدا، کــە ئەوپەڕی بە تەنیشت یەکەوەن، بیر دەکاتەوە. ئەو نزیکیانەیان بگرە

به تایبەتی ناوبراوە بەوەی بەهۆی فیزیس دەستنیشان کراوە. خۆ بەدەرخستن حەز لە خۆ شاردنەوە دەکات(١٠). دەبێ ئەمە چ واتایەک بگەیەنێ؟! ئایا کرانەوە بەدوای شاردراوەییدا دەگەڕێ و سۆراغی دەکات؟! لەکوێ دەبێ ئەمە هەبێ و چۆن، بە چ واتایەکی «بوون»؟! یان ئایا فیزیس هەندێ جار تەنیا جۆرە حەز و ئارەزووییەکی بۆ ئەوە هەیە لە جیاتی بەدەرکەوتن بۆ گۆڕان ببێ بە خۆشاردنەوە؟! ئایا دەستەواژەکە دەبێژێ کە بەدەرکەوتنەکە خۆ بە خۆشاردنەوە دەگۆڕێ، بە جۆرێک جارێک یەکێکیان و جارێکی تر ئەوی تریان دەستڕۆیشتوو دەبێ؟ بە هیچ جۆرێک وانییە. ئەم ڕوونکردنەوەیە واتای فیلای (خۆشەویستی) کە بە هۆیەوە پێوەندی نێوان فیزیس و کریتستای دەردەبڕدرێ، هەڵە دەکات. ئەم ڕوونکردنەوەیە پێش هەموو شتێک بەلایەکداخەرە گرنگەکە، ئەوەی دەستەواژەکە دەبێتە مایەی بیر لێکردنەوە، لەبیر دەکات: ئەو شێوازە، چۆن بەدەرکەوتن وەک خۆشاردنەوە دەبێت ئەگەر لێرەدا سەبارەت بە فیزیس دەکرێ قسە لە «جەوهەر» بکرێت، ئەوە فیزیس واتای جەوهەر «ئۆتی» چییەتی شتەکان، نادات. هیراکلیتس نە لێرە و نە لە دەستەواژەی ١ و ١١٢دا کە گۆڕانی «کاتا فیزین»ی بەکاربردووە، قسەی لەمە نەکردووە. نەک فیزیس وەک جەوهەری شتەکان بەڵکو جەوهەری (کردار)ی فیزیس ئەوەیە دەستەواژەکە بیری لێدەکاتەوە. بەدەرکەوتن وەک خۆی هەمیشە مەیلی خۆ شاردنەوەی هەیە. لەمەدا ئەو بەشاردراوەیی دەمێنێتەوە. کریتستای وەک خۆ شاردنەوە تەنیا هەر خۆ گۆشەگیر کردن نییە، بەڵکو شاردنەوەیەکە تێیدا شیاوەکی جەوهەری بەدەرکەوتن بە پارێزراوی دەمێنێتەوە، کە بەدەرکەوتن وەک خۆی سەر بە ئەوە و پێوەندی پێوەیەتی، خۆ شاردنەوە دەستەبەری جەوهەری خۆ دەرخستن دەبێ. لە خۆشاردنەوەدا بە پێچەوانەوە ڕەوتی مەیلی خۆ بەدەرخستن زاڵە. دەبێ خۆ حەشاردانێک چێ بێت ئەگەر لە ئاراستەیەکەیدا بەرەو بە دەرکەوتن سوور نەبێت؟!

ئیتر فیزیس و ڕیتستای لە یەکتری دانابڕێن و جیانابنەوە، بەڵکو مەیل و ئارەزوویان بۆ یەکتری هەیە. ئەوان یەک شتن. لەو مەیل و ئارەزووبوونەدا یەکێکیان جەوهەری تایبەتی خۆی بەوی تر دەبەخشێ. ئەم بەخشینە دەستیاوییە جەوهەری فیلاین و فیلیایە (خۆشەویستی و خۆشویستن)»ە. لە ئەو مەیلە بەرانبەر بە یەکترییەی خۆ بە دەرخستن و خۆشاردنەوەدا جەوهەری تێروپڕی فیزیس پێکدێت.

وەرگێڕانی دەستەواژەی ١٢٣ کە دەڵێ: فیزیس حەزی لە خۆشاردنەوەیە بەم جۆرە وەربگێڕدرێ: بەدەرکەوتن (لە خۆشاردنەوەوە) بەهرە بە خۆشاردنەوە دەبەخشێ.

ئێمە سەرپێییانە بیر لە فیزیس دەکەینەوە کاتێک ئێمە ئەو تەنیا هەروەک بەدەرکەوتن و ڕێگادانی بەدەرکەوتنی بەبیرماندا دەهێنین و جۆرە خەسڵەتێکی پێدەبەخشین، لێرەدا و بەمە ئەوی گرنگ و بەلایەکداخەرە پشتگوێ خراوە، کە بریتییە لەوەی خۆ بەدەرخستن هیچ کات و جارێک شاردنەوە بەدوور ناگرێ، بگرە پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی وای لێ بێت خۆی چۆن دەبێ، وەک پەردە لەسەر لابران بێت. ئەگەر لە پێشدا ئێمە بە واتایەک بیر لە فیزیس بکەینەوە، ئەوە ڕێگامان دەدرێت لە جیاتی «تۆی می دینۆن پۆتی» (کە هەرگیز ئاوا نابێ) بڵێین تێن فیزین.

ئەو دوو ناوە ئەو دەڤەر و ناوچەیەی پێوەندی ناوەکی تەمومژاوی بەدەرکەوتن و شاردنەوەی تێدا زاڵ و دەست بەکارە باس دەکات. لەو پێوەندییە ناوەکییەدا یەک ڕەنگی و یەکەیی «هێن» بە شاردراوەیی هەیە، کوا پێدەچێ بیرمەندانی پێشوو لە بەپێزیی و بە برشتییەکەیدا سەرنجیان داوە و بۆ ئەوانەی دواتر هاتوون بە داخراوی مابێتەوە.

«تۆمی دینۆس پۆتی» کە هیچ جارێک ناچێتە نێو شاردراوەییەوە و بە شاردراوەیی نابڕێت و نایکەوێ تاوەکو لەودا لەناو بچن و کاڵ ببنەوە، بەڵام هەر مەیلی بەرەو خۆ شاردنەوەکەی دەبێ، چونکە ئەو خۆی هیچ جارێک ناچێتە نێو... بەردەوام بەدەرکەوتنێکە لەشاردنەوەوە. هزری یۆنانی کاتێک (تۆمی دینۆن) «ئەوەی هەرگیز ئاوا بوونی نابێت» دەڵێ بەشێوەیەکی نەدرکاو کریتستای (شاردرانەوە) دەردەبڕێ و بگرە جەوهەری فیزیس بەوپەڕی تێروتەسەلییەکەی کە فیلیا (خۆشەویستی) لەنێوان خۆ بەدەرخستن و شاردنەوەیدا دەست بەکاردەبێ، ناودەبرێت.

دوور نییە هەردوو وشەی (خۆشەویستی) فیلیا لە دەستەواژەی ١٢٣ و هارمۆنیا ئەڤانیس (هارمۆنی

نەدیتراو لە دەستەواژەی ٥٤دا هەمان شت دەردەبڕن، بەو پێیەی پێکهاتەکانی Fuge بە سایەی خۆبەدەرخستن و شاردنەوەی دەستیاوی چوونە ناویەکەوە دەبێ هەموو دیار نەبووەکان بەدیار نەبوویی بمێننەوە، چونکە ئەو بە هەموو دەرکەوتوویەک بەدەرکەوتن دەبەخشێ.

ئاماژەدان بە فیزیس، فیلیا، هارمۆنیا لە ناو دەستنیشان کراوەکەی کەم کردەوە کە بوو بە مایەی ئەوەی ئێمە لەسەرەتاوە «تۆی می دینۆن پۆتی» (کە هەرگیز ئاوابوونی بۆ نییە» پەی پێ بەرین. ئینجا لە دوای ئەمە حەز و ئارەزوومان هەیە کە ناکرێ بیشارینەوە، لە جێگای ڕوونکردنەوەیەکی بێ وێنە و جێگادا دەربارەی بەدەرکەوتن و شاردنەوە زانیارییەکی سەرنجدانی بەرهەستیانە لەو بارەیەوە بەدەرکەوێ، ئەوی ناوبرا بە تایبەتی سەر بە کوێیە و پێوەندی بە کوێوە هەیە؟ ئێمە ئەوپەڕی درەنگ ئەو پرسیارەمان کردووە، بۆچی؟! چونکە «ئەوی هەرگیز لە ئاوابوو نایەت» لە هزری کۆندا ئەو دەڤەری هی هەموو دەڤەرەکانەی ناو ناوە. ئەو لێرەدا ئەو ڕەگەزەی هەرە سەروو نییە کە لە ژێریدا هەموو جۆرە جیاوازەکان مەڵۆ و کۆبکرێنەوە. ئەو ئەوەیە کە بە واتای جێگا و شوێن هەموو بەرەو کوێیەکی شیاوەکی پێوەندی پێوەبووی تێدایە و لێوەی پێکدێت. بەم پێیە دەڤەرەکە بەواتای ئاوابوونی بۆ نییە بەهۆی بڕکردنە گردبووەوەکەیەوە تاک و تاقانەیە. لەودا هەموو شتێک پێکەوە بە کۆ (Concrescit) ئەوەی پێوەندی بە ڕووداوی بەدەرکەوتنی ڕاستەقینەی بە ئەزموون تاقیکراوەوە هەیە، گەشە دەکات و پەرە دەستێنێ. ئەو بە سادەیی و ساکاری شتێکی کۆنکرێتییە. چۆن پێویستە ئەو دەڤەرە کە بە هۆی شرۆڤەکردنی ئەبستراکتی پێشووەوە بە کۆنکرێتی وێنا بکرێت؟ وا پێدەچێ ئەم پرسیارە ڕەوابێ ئەگەر، بە تایبەتی ئێمە ئەوە پشت گوێ بخەین کە بیرکیردنەوەکەی هیراکلیتس بە خێرایی و دەستوبرد بە چەند جیاوازی کردنێکی وەک «کۆنکرێت» و «ئەبستراکت» و «بەرهەستەکی» و «نا بەرهەستەکی» و «سەرنجدان» و «سەرنج نەدان» ڕێگامان نەدرێ دەستدرێژی بکەینە سەر. ئەوان ماوەیەکی دوور و درێژە لەگەڵیاندا ڕاهاتوون دەستەبەری ئەو بڕکردنە بێ سنوورییەی نابن. دوور نییە وا هاتبایە پێشەوە هیراکلیتس وشەیەکی گوتبێ قسەی لە کۆنکرێتی بەرچاو کردبێ و خۆیشی بیری لە شتێک کردبێتەوە کە بەرچاو نەبێ. بەهۆی ئەمەوە ڕوون دەبێتەوە ئێمە بەو جیاوازیکردنانە چەند بەکەمی سەر دەردەکەین.

دوای ئەو ڕوونکردنەوەیە ئێمە دەتوانین بە دوو مەرج لەجیاتی ئەوەی «هەرگیز لەبەرچاو ئاوا نابێ» لە جێگای «گەشەکردنی هەمیشەیی» دابنێین. ئێمە پێویستە لە سۆنگەی خۆ شاردنەوەوە فیزیس و فیئۆن «گەشەکردن» وەک کردار بەبیردا بهێنین و بیریان لێبکەینەوە. بێ سوود ئێمە لەلای هیراکلیتس بەدوای وشەی «ئائی فیئۆن» «گەشەکردنی بەردەوام»دا دەگەڕێین، کەچی لە جیاتیان لە دەستەواژەی ٣٠دا وشەی (ئائی زوئۆن) «زیندووی هەمیشەیی و بەردەوام» دەدۆزینەوە. وشە کرداری «ژین» واتایەکی بەرفراوانی دوور بردی قووڵ دەردەبڕێ نیتشێ لەو ڕستەیەیدا کە ساڵی ١٨٨٥- ١٨٨٦ تۆماری کردووە بیری لێکردۆتەوە، کاتێک ئەو دەبێژێ:

«بوون- لەوە بەولاوە کە ژیانە بۆچوونێکی ترمان لە بارەیەوە نییە، چۆن مردوویەک دەتوانێ هەبووبێ؟ «خواستی هێز. ب ٥٨٢».

چۆن ئێمە پێویستە لە وشەکەمان «ژیان» بگەین کاتێک ئێمە بە وەرگێڕانێکی بڕوا پێ کراوی وشەی یۆنانی «زین»ی دابنێین؟! لە چاوگ و کردار ڕەگی «زا»یان تێدایە. هیچ جارێک ئێمە ناتوانین لەو دەنگە وشە ڕۆنراوانەوە بگەینە ئەوەی بزانین وشەی ژین بە واتای یۆنانی چ دەگەیەنێ، بگرە ئێمە سەرگەرمی ئەوە دەبین زمانی یۆنانی بە زمان و لە گوتەکانی هۆمیرۆس و پندارەوە وشەی وەک: (زا ئیئۆس) و (زامینیس) و (زاپیرۆس)ی بەکارهێناوە. زانستی زمان ڕوونی دەکاتەوە «زا» بەتین کردنێک دەگەیەنی: کەوابوو وشەکە «زائیئۆس» ئەوپەڕی خواوەندییانەیە، ئەوپەڕی پیرۆز، زامینیس ئەوپەڕی بەهێز و توند، زاپیرۆس ئەوپەڕی ئاگرین دەگەیەنێ، بەڵام ئەو توندکردنە نە پتر کردنی میکانیکی و نە دینامیکییەک دەگەیەنێ. پندار جێگا و چیاکانن، مێرگ و Auen قەراغی ڕووبارێک بە زاتیئۆس (ئەوپەڕی خواوەندییانە) ناو بردووە، بگرە کاتێک ویستوویەتی بڵێ: خواوەندەکان کەوا دێتە بەرچاو بەسەرنجدانەوە ڕێگا بەخۆیان دەدەن لێرە و فرە جار و بە تایبەتی لەسەرەوە تەماشا بکەن چ لە دەرکەوتندا بە دەردەکەوێ. جێگاکان بە تایبەتی پیرۆزن،

چونکە بە بێ گــــەردی لە ڕێگادانی بەدەرکـــەوتنی دەرکـــەوتووەکــاندا دەردەکــەون. بەم پێـیــە زامـیـنیس (ئەوپەڕی توند) ئەوە دەگەیەنێ کە بەدەرکەوتن و هاتنی باهۆز (باوباران) لەوپەڕی هەبوون و بەتینییـــەکـەیدا، ڕێگای بەدەرکەوتنی دەدات.

(زا) واتای ڕێگادانی بەدەرکەوتنی بێ گەرد دەدات لە چوارچێوەی جۆر و شێوازە جیاوازەکانی بەدەرکەوتن و سەرنجدانی ناوەکی و چوونە ناوەوە و هاتن و لەپێناویدا. کرداری (زین)- ژیان- واتای بەدەرکەوتن لەنێو تیشکدا دەدات. هۆمیرۆس دەبێژێ:

ژین ئەمـەش دەڵێ: سەرنجدانی تیـشکی ڕۆژ. وشـە یۆنانـیــەکـان کـە واتـای «ژیان و تەمـەن و بوونەوەری زیندوو» دەگـــەیەنن ناکـرێ لە ســۆنگەی زیندەوەری باخچەی زیندەوەران و بایۆلۆژییەوە بە واتایەکی فراوان ســەرنجـیــان بدەین. ئەوەی وشـەی یۆنانی (بوونەوەری زیندوو) دەری دەبڕێت ئەوپەڕی لە جەوهەری وێناکراوی زیندەوەری بایۆلۆژییــەوە دوورە، بگرە یۆنانـیــەکــان توانیـــویانە خــواوەندەکـانیـــان بە بوونەوەری زیندوو ناوبێنین، ئەمـە بۆچی؟! ئەوانەی لەســەرەوە بەرەو ژێر ســـــەرنج دەدەن ئـەوان بـەرەو بەدەرکـــــەوتن دەچن. خواوەندەکـان وەک زیندەوەری بە ئەزمـوون سەرنج نادەن. جـەوهەری زیندەوەر بەواتایەکی تایبـەتی سـەر بە زین (ژیـانـن). بـەدەرکـــــــەوتـنـی زیـنـدەوەر بـەرەو ئـازادی بەشێوازێکی نامۆ و ئاڵۆز بە لە خۆدا گۆشەگیر و داخراو و بەند بوو دەمێنێتەوە. خۆ دەرخستن و خۆشاردنەوە لە زیندەوەردا بە جۆرێک یەکن شرۆڤە مرۆڤـەییەکەمـان بە ئاســـــەنگ و چەند ڕێگایەک دەدۆزێتـــەوە ئەگـــەر شـرۆڤـەکـردنی مـیـکانیکـیـــانەی زیندەوەر، ئەمـەش شرۆڤەکردنێکە هەمـوو کاتێک جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر بە پێداگرتنەوە هەمـوو جۆرە لێکدانەوەیەک کە لە مرۆڤ چوونی بگەیەنێ دەســتبــەردار بێت، چونکە زیندەوەر نائاخڤێ، هەردوو خۆ بەدەرخستن و خۆشاردنەوە بەهۆی یەکرەنگییەکەیانەوە لە زیندەوەراندا جەوهەرێکی ژیانی ئەوپەڕی تریان هەیە.

بگرە ئەوە زوئی (ژیان) و فیـزیس هەمـان شت دەڵێن: ئاتی زوئۆن (ئەوی ژیانی هەمیشەییە) واتای ئائی فینۆن دەگەیەنێ (ئەوی هەمیشە گەشە دەکات)، ئەمەش ئەو واتایە دەدات:

تۆمی دینۆن پۆتی «ئەوی هەرگیز لە چاو ئاوا نابێ».

وشەی: ئائی زئۆن: ئەوی ژیانی هەمیشەییە: لە بڕگەی ٣٠دا بەدوای «پیـر» (ئاگـر)دا دێت کـەمـتـرە لەوەی ئاوەڵناو بێت، بگرە پتر ناوێکە لە گوتندا بەدەرخراوە کە دەڵێ: چۆن ئاگـر بە تایبـــەتی وەک بەدەرکـەوتنێکی بەردەوام بیری لێ بکرێتەوە و تێی بگەیشترێ.

هیـراکلیـتس وشـەی ئاگری بۆ دەربڕینی ئەوەی کـە «نە خواوەندێک و نە مرۆڤ دایهێناوە» بەکارهێناوە، ئەوی پتـر هەمـیـشـە پێش خواوەند و مـرۆڤ و بۆ خـۆی وەک فـیـزیس لە خـۆیدایە، لەخـۆیدا دەمـێنێـتـەوە و هەمـوو هاتنەکەی دەپارێزێ و دەستەبەر دەبێ. ئەمەش کۆزمۆسە، ئێمە دەڵێین جیـهان و بە نادروستی بیری لێدەکەینەوە ئەوەندەی ئێـمــە ئەو تەنیـا، یان هەر بە پلەی یەکـەم کۆزمۆلۆژیبیانە، یان لە سۆنگەی فەلسەفەی سروشتییەوە وێنای دەکەین و بۆی دەچین.

بەپێی واتای تێـروپڕی فـیـزیس جـیـهـان ئاگـرێکی هەمـیـشـەییە، بەدەرکەوتنی بەردەوامە. ئەوەندەی مرۆڤ لێرەدا قسە لە سووتانێکی هەمیشەیی جیهان دەکات، ناکرێ مـرۆڤ جیـهـانێک لەخـۆیدا وێنا بکات و وای بۆ بچێ کە سـەرەڕای ئەمە ئاگری تێـبـەر بووە و بەردەوام دەسـووتێ و بە تەواوەتی لەناودەچێ. پتـر بە جـیـهـانی بوونی جـیـهـان، ئاگـر، ئەوی ژیانی هەمـیـشـەییە، ئەوی هەرگـیـز لەبەرچاو ئاوا نابێ، هەمـوویان یەک شتن. بەم پێیە جەوهەری ئاگر کە هیراکلیتس بیری لێکردۆتەوە بەو جۆرە ڕاستەوخۆ ڕوون نییە کە دیتنی گڕی بەردەوام پێمان دەگەیەنێ. ئێـمە ئەوەندەمـان بەسە تەنیا لە بەکارهێنانی جۆراوجۆری وشەی (پیر- ئاگار) ئاگاداربین چۆن ئاماژە بە جەوهەری تێروپڕی ئەو دەکات کە لە زمانی بیرمەندی ئەوەی وشەکە دەبێژێ ڕوون دەبێتەوە.

پیر (ئاگر) بە ئاگری قوربانی، بە ئاگری ئاگردان و بە ئاگری پاسەوان دەگوترێ و هەروەها دەرکەوتنی مەشخەڵ، درەوشـانەوەی ئەسـتـێـرەکـان دەگـەیەنێ. لە «ئاگـر»دا ڕووناککردنەوە، گەشانەوە و پرشنگ پژان، تیشکی خەفە هەیە کە ڕووناکییەکەی بەسەر بەرینایییەکدا بڵاودەکاتەوە و پەخش دەکـات. لە ئاگـردا، هەروەها، کـاول کـردن، داگـیـرسـان و پێـچـانەوە و پەرچیـۆ لێدان و کـوژاندنەوە هەیە. کـاتێک هیـراکلیـتس باسی ئاگـر دەکـات ئەو بەشێوەیەکی تایبەتی لە تیشکی پەخش، لە ڕێنیشاندەر

کە پێوادانگ دەداتە دەست و دەیباتەوە، بیردەکاتەوە. کارڵ ڕاینهاردت لە گۆڤاری هیرمیس ب ٧٧ ساڵی ١٩٤٢ لاپەڕە-١ بە دواوە) لەلای هیپۆلیتۆس برگەیەکی دۆزیوەتەوە و بەدڵنیاییەوە ساغی کردۆتەوە کە هی هیراکلیتسە و ڕوونی کردۆتەوە ئاگر (تۆ پیر) لە هەمان کاتدا واتای تۆفرنیمۆن (ئەوی بیردەکاتەوە) دەبەخشێ. لە هەمان کاتدا ئاراستەی ڕێگا نیشان دەدات و ئەوە دەخاتە بەردەم ئەو سەر بە چییە و پێوەندی بەکوێوە هەیە. ئەو ئاگرە لەبەردەمە بیرکەرەوە ڕێ نیشاندەرە هەموو شتێک کۆ دەکاتەوە و لەنێو جەوهەرەکەیدا دایدەنێ. ئاگری بیرکار بریتییە لەو گردبوونەوەیەی (لە ئارادابونیدا) لەبەردەمە و ساغ دەبێتەوە. تۆ پیر بریتییە لە گردبوونەوە (لۆگۆس). بیرکردنەوە و هەستەکەی دڵە، واتە بەرینایی تیشک پژێنی جیهان. هیراکلیتس بیر لەناوی جۆراوجۆری جیاواز دەکاتەوە:

فیزیس، پیر (ئاگر)، لۆگۆس (گردبوونەوە) هارمۆنی، پۆلیمۆس (جەنگ)، ئیریس (ململانێ) فیلیا (خۆشەویستی)، هێن (یەک)، جەوهەری تێروپڕی هەمان شت دەردەبڕن.

لێرەوە پێکهاتەی وشەکە کە برگەی ١٦ دەستی پێ کردووە دێت و بۆی دەگەڕێتەوە:

تۆمی دینۆن پۆتی: ئەوی هەرگیز لەبەرچاو ئاوا نابێ و ناکەوێ. ئەوەی لێرە ناودەبرێ و دەگوترێ، پێویستە ئێمە گوێ لەو وشە بنەڕەتییانەی هزری هیراکلیتس کە هێنرانەوە گوێ بگیری.

لەو کایەدا دەردەکەوێ: هیچ جارێک چوونە ناوەوەی خۆشاردنەوە ئەو بەدەرکەوتنە هەمیشەییە نییە کە لە خۆشاردنەوەوە کەوتۆتەوە. بەم ڕێگا و شێوازە ئاگری جیهان کڵپە دەستێنێ و دەردەکەوێ و بیردەکاتەوە. ئەگەر وەک تیشکی بێ گەرد بیری لێ بکەینەوە، ئەوە ڕووناکی تەنیا هەر ئەو ناهێنێ، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئاگرەکە، کە تێیدا هەموو شتێک، بە تایبەتی دژەکانیشی بەدەردەکەوێ. بەم پێیە تیشک پژان لە تەنیا ڕووناک کردنەوەیەک پتر دەبێ، هەروەها پتر دابین کردنی ئازادی دەبێ. تیشک پژان ئەو بیرکەرەوەی گردکارە لە ئازادی دابین دەکات، دەستەبەری لە ئارادابوونی هەبوونە.

ڕوودانی تیشک پژان جیهانە، تیشک بژانی هزرمەندی گردکار کە دەرفەتی بەدەرکەوتن و کرانەوە دەدات بریتییە لە بەدەرخستن، هەروەها وەک خۆی سەر بە ئەوە کە لە بەدەرکەوتندا خۆی جەوهەری خۆی دەبینێتەوە، بۆیە هیچ جار و کاتێک چوونێکی ڕووت بۆ نێو خۆشاردنەوە نابێت و هیچ جار و کاتێک ناکرێ جۆرە بە ژێرەوە بوونێک بێت و لەناوبچێ.

«چۆن کەسێک دەتوانێ بە شاردراوەیی بمێنێتەوە» برگەکە سەبارەت بەوەی پێشتر گوترا: تۆمی دینۆن پۆتی «ئەوەی هەرگیز لەبەرچاو ئاوا نابێت» لە دەمی بەرکاردایە Akkusativus بە وەرگێڕانەوە ئێمە لە دەمی بەرکاری بە یاریدەدەر Dativus ناوی دێنین:

کەوابوو چۆن کەسێک توانیویەتی، بە تایبەتی دوور لە تیشک پژان بە شاردراوەیی بمێنێتەوە؟! شێوازی ئەو پرسیار کردنە ئەو جۆرە شیاوەکییە بەبێ پاساودان بەدوور دەگرێت. دەبوو، پێویست بووە ئەمە لە پرسیار لێکراوەکەدا هەبووبایە. ئێمە دەستوبرد خەریکین ئەمە بەدەست بهێنین، چونکە ئەمە هیچ جارێک لەبەرچاو ون نابێ، تیشک پژان، هەموو شتێک دەبینێ و هەست پێدەکات ناشتوانێ خۆی لەو بشارێتەوە. لە برگە دەستەواژەکەدا بە تەنیا هیچ قسەیەک لە دیتن و هەست پێ کردن نەکراوە. پێش هەموو شتێک ئەو نابێژێ چۆن بۆ شتێک دەلوێ، بەڵکو دەڵێ چۆن بۆ یەکێک دەلوێ؟!... تیشک پژان بەپێی دەستەواژەکە بەهیچ جۆرێک پێوەندی بە بوونەوەرێکی لە ئارادابوو نییە. مەبەست لە یەکێک (تیس) چ کەسە و کێیە؟! ئەوەی لە نزیکەوەیە ئەوەیە بیر لە مرۆڤ بکرێتەوە بە تایبەتی پرسیارەکە لە کەسێکەوە کە دەمرێ کراوە و ڕوو لە مرۆڤ دەکات، چونکە لێرەدا بیرمەندێک دەئاخڤێ، بگرە یەکێک کە لە نزیک ئەپۆلۆ و ئارتیمیس نیشتەجێیە، بۆیە دەکرێ پەند و قسەکانی وتووێژێک بێ لەگەڵ ئەوانەی لەسەرەوە بەرەو ژێر سەرنج دەدەن و لە تیزدا، یەکێک کە مەبەست لە خواوەندەکانە. لەو مەزندەیەماندا بە برگەی ٣٠ پتر پشت ئەستوور دەبین کە دەبێژێ:

«هیچ یەکێک لە خواوەندەکان و لە مرۆڤ نەبوون». لە هەمان کاتدا برگەی ٣٥ کە فرە جار و بەگشتی بە تەواوەتی نەخراوەتە بەرچاو نەمر و مردووەکان بەیەکەوە ناودەبات کە دەڵێ: پۆلیمۆس، لە یەکتری هەڵاواردن، (تیشک پژان)، هەندێک لە وانەی لە ئارادابوون وەک

خواوەندەکان و ئەوانی تر وەک مرۆڤ نیشان دەدات، هەندێکیان وەک بە بەندە و کۆیلە و هەندێکی تر بە ئازاد دەکات. ئەمە دەڵێ: تیشک پژانی بەردەوام ڕێگا دەدات خواوەندەکان و مرۆڤ لە نەشاردراوەییدا لەئارادابن، ئیتر هیچ کەسێک لەوان نەتوانێ بە شاردراوەیی بمێنێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی چونکە لە پێشەوە ئەو لەلایەن کەسێکەوە هەستی پێ دەکرێت، بەڵکو هەر لەبەر ئەوەی وەک یەکێک لە ئارادایە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئارادابوونی خواوەندەکان شتێکی تر جیا لەوەی مرۆڤ. ئەوان بەوەی کە چەند خاوەندێکی تەماشاکارن لەسەرەوە سەرنج دەدەن، سەرنج لە تیشک پژانی لە ئارادابووان دەدەن، کە لەناوچووەکان بە ڕێگاو شێوازی خۆیان بەرەو پیری دەچن لەوەدا کە ئەوان لە ئاردابوونەکەیدا ڕێگای لەبەرچاوبوونی دەدەن و هۆشیان لێی دەبێ.

بەم پێیە تیشک پژان ڕووناککردنەوەیەک و ڕۆشنکردنەوەیەکی ڕووت نییە، چونکە لە ئارادابوون ئەوە دەگەیەنێ: لە شاردرانەوەوە بۆ بەدەرکەوتن بچێ، هەر بۆیە تیشکی بەدەرکەوتن- شاردرانەوە پێوەندی بە لە ئارادابوونی لەئارادابووەکەوە هەیە، بەڵام بڕگە ١٦ قسە لە هەموو شتێک لە شتێک ناکات، یەکێک (تی) کە دەکرێ لە ئارادابێ، بەڵکو بە ئاشکرا تەنیا لە (تیز) لە یەکێک لەوانەی دەمرن و لە خواوەندەکان قسە دەکات. بۆیە ئیتر وا دەردەکەوێ دەستەواژەکە تەنیا هەر دەڤەرێکی سنووردار کراوی لە ئارادابووەکان ناو بەرێت، یان دەستەواژەکە لەجیاتی دەستنیشانکردنێک لەچوارچێوەی دەڤەرێکی تایبەتی لە ئارادابووەکان، جیاکردنەوە و سنووردارکردنێکی تێدایە، کە دەڤەری هەموو دەڤەرەکان دەگرێتەوە و پێوەندی پێوەی هەیە؟! ئایا ئەو جیاکردنەوەیە تەنیا هەر لەو جۆرەیە دەبێتە مایەی ئەوەی دەستەواژەکە بپرسێ لەوەی بەبێ دەنگ و ناوهێنان ئەو بوونەوەرە بهێنێتەوە و لەنێو خۆیدا بیهێڵێتەوە و بیپارێزێ، تەنانەت ئەگەر هەرێمییانەش هیچی تر بەوە نەژمێردرێ کە لەنێو مرۆڤ و خواوەندەکاندا بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بەواتایەکی تر خواوەندەیی و مرۆڤییانە، ڕووەک و زیندەوەر و چیا و دەریا و ئەستێرە بێت؟!

دەبێ جیاکردنەوەی خواوەند و مرۆڤ پشت بە چ شتێکی تر ببەستێ ئەگەر ئەوە نەبێ کە ئەوان هیچ جارێک ناتوانن لە پێوەندییاندا بە تیشک پژانەوە بە شاردراوەیی بمێننەوە؟! بۆچی ئەوان ناتوانن ئەمە بکەن؟! چونکە پێوەندییەکەیان بە تیشک پژانەوە لەوە بەولاوە نییە تیشک پژان و ڕووناککردنەوەکە خۆی بێت، ئەوەندەی ئەمە خواوەند و مرۆڤ لە تیشک پژاندا کۆدەکاتەوە و لەوێدا ڕاگیریان دەکات.

تیشک پژان و ڕووناککردنەوە تەنیا هەر بوونەوەر ڕۆشن ناکاتەوە، بەڵکو بە تایبەتی کۆی دەکاتەوە و پێشتر دەستەبەری چوونە نێو بوونی دەکات، بەڵام بوونی خواوەندەکان و مرۆڤ لە چ جۆرێکە؟! ئەوان نەک هەر تەنیا لە تیشک و پژان و ڕووناککردنەوەدا ڕۆشن کراونەتەوە، بەڵکو لەوەوە و بۆ ئەو ڕۆشن کراون. ئیتر ئەوان دەتوانن بە شێوازی خۆیان پرشنگ پژانەکە و ڕووناککردنەوەکە بە تەواوەتی بەدی بهێنن (لە جەوهەرەکەیدا تێروپڕ تەواوی بکەن) و بەمەش تیشک پژانەکە چاودێری بکەن و بیپارێزن. خواوەندەکان و مرۆڤ نەک تەنیا هەر بەهۆی تیشکەوە، جا ئیتر ئەمە بابەتێکی سەروو هەستەکیش بێت، ڕۆشن کراونەتەوە، چونکە ئەوان پێشتر نەیانتوانیوە لە تاریکی و ڕۆژگیراندا خۆیان بشارنەوە. ئەوان لە جەوهەرەکەیاندا تیشکیان بەرکەوتووە. ئەوان ڕۆشن کراونەتەوە: لە ڕووداوی تیشک پژاندا بوون بەیەک، هەربۆیە هیچ جارێک نەشاردراونەتەوە، بەڵکو بەدەردەکەون، ئەمە بەواتایەکی تر بەبیرداهاتووە. چۆن ئەوانەی دوورخراونەتەوە سەر بە دوورین، ئاوەها بەو واتایەی بەبیرداهات بەدەرکەوتوویییەکانی بەدەرکەوتووان بە تیشک پژان و ڕووناککردنەوە کە ڕاگیریان دەکات و دەیانپارێزێ دەسپێردرێن. ئەوان بەپێی جەوهەرەکەیان خراونەتە نێو شاردراوەیی نهێنییەکان، کۆکراونەتەوە بۆ ئەوەی لە لۆگۆسدا لەنێو هۆمۆلۆگیندا بگونجێنێ (بڕگە ٥٠).

ئایا مەبەستی هیراکلیتس لە پرسیارەکەی ئەوە بووە کە ئێمە ئێستا ڕوونمان کردەوە؟! ئایا ئەوەی لەو شرۆڤەکردنەدا گوتمان دەچێتە خانەی وێناکردن و بۆچوونەکەی؟! کێ ویستوویەتی ئەمە بزانێ و دووپاتی بکاتەوە؟! دوور نییە دەستەواژەکە، بەبێ گوێدانە دەڤەری بۆچوونی جارانی هیراکلیتس، ئەوە بڵێ کە پێشتر هەوڵە ڕوونکردنەوەییەکە هێنایەکایەوە. بڕگەکە ئەوە دەڵێ، بەو مەرجە و گریمانەیەی وتووێژێکی

هزرمەندییانە بتوانێ بیهێنێتە سەر خوانی قسە لێکردن. ئەو ئەمــە دەڵێ و لەوەدا قـــسـەی لێ نەکـراوە بەجـێی دەهێڵێ. ڕێگاکان کە بەنێو ناوچەی قسە لێنەکراوەکاندا دەڕۆن وەک چەند پرسـیــارێک دەمـێننەوە، بەردەوام ئەو بابەتە دەورووژێنن کە لە کۆنەوە بە ڕوخسـار و شـێوەی جیاواز و فرە ڕەنگی شاردراوەیی نیشانی دراون.

ئەگەر هیـراکلیـتس لە تیـشک پژانی بەدەرخـستنی و شاردنەوە، لە جەوهەرەکەیان ڕووناک کراونەتەوە و ئیـتر بە واتایەکی جیـاواز سـەر بە تیـشـک پژانن و گـوێ بیستین، وردبـبێتەوە و بیری لێبکاتەوە، ئەوەیە بنەمای بنەڕەتی پرسـیـاری سـەرەکی دەسـتـەواژەکـە ئامـاژەی پێدەدات.

یان دەسـتـەواژەکە پشت ئەسـتـوور بە ئەزمـوونێکی هزرییــەوە دەدوێ کــە هەریەکــە هەنگاوێکی خــۆی هەڵگرتووە؟! ئایا پرسیارەکەی هیراکلیتس دەیەوێ تەنیا بڵێ: هیچ شیاوەکییەک لە توانایدا نییە پێشبینی بکات کە پێوەندی ئاگری جیهان بە خواوەند و مرۆڤەوە دەکرا لەوە جیاواز بێ کە هەیە و ئەوەش نەک هەر تەنیا وەک ڕۆشن کراوە و سەرنجدراو سەر بە تیشک پژان و ڕووناک کردنەوەن، بەڵکو نادیارە بەدیار نەکەوتووەکان بە شێواز و ڕێگای خۆیان تیشکەکە دەهێنن و لە بەردەوامییەکەیدا دەیپارێزن و بە میرات دەیگوازنەوە.

لەم ڕەوشەدا دەستەواژە پرسیار کەرەکە سەرسوڕمانە بیرکەرەوەکە بە قسە دەهێنێ، لەو پێوەندییە کە تێیدا تیـشکەکە جـەوهەری خـواوەندەکـان و مـرۆڤ بەدەست دەهێنێ و لەخۆیدا ڕاگیری دەکات، هیوا خواز دەبێ.

گوتەبێژە پرسیار کارەکە هەر لە کۆنەوە لەگەڵ ئەوەی شایستەی سەرسوڕمانی هزری بووە تەبا و گونجاو بوون و بەهۆیەوە و بە سایەوە لە شایستەییەکەیدا بە پارێزراوی دەمێنێتەوە.

تـا چ ڕادەیــەک و چـەنـدە ڕوون و ئـاشـکـرا هـزری هیـراکلیـتس پەی بە دەڤـەری هەمـوو دەڤـەرەکـان بردووە ناکرێ بە ئاسـانی بخـەمـڵـێنرێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە دەسـتـەواژە پەندەکە لە دەڤـەری تیـشک پژێندا دەبزوێ، هیچ جۆرە گومانێک هەڵناگرێت، ئەگەر ئێمە بەرەو پێش هەمیشە بە ئاشکرا ئەمە بە بیرماندا بهێنین: دەستپێک و کـۆتایی پرسـیــارەکـە بەدەرخـستن و شـاردنەوە و لە سۆنگەی پێوەندییەکانیانەوە ناودەبەن. پێویست بەوە ناکات جارێکی تر ئاماژە بە برگەی ٥٠ بدرێت کە تێیدا گردکۆی بەدەرخستن- داپۆشین ناوبراو کە ڕووی گوفتار بە شێوازێک لەناوچووەکان دەکات کە جەوهەرەکەیان لەوەدا دەکرێتەوە و ساغ دەبێتەوە چەندە لەگەڵ لۆگۆسدا گونجاو و تەبایە، یان نا.

بە ئاسانی وای دادەنێین کە نهێنی ئەوەی دەبێ بیری لێبکرێتەوە هەموو جارێک لەنێو توێژەکانی شاردراوەیەکدا کە ئەوپەڕی سەختە پەل بهاوێژرێتە ناویەوە، داپۆشراوە. ئەوی ڕاست بێت جێگای جەوهەرەکەی لەو نزیکەیە کە هەموو بوونەوەرە هاتووەکان نزیک دەخاتەوە و نزیکەکان دەپارێزێ. جەوهەری نزیکی کە لە بۆچوونی باو و ئاساییمانەوە نزیکە و ڕووداکاتە بوونەوەر و خەریکی ڕەوشەکەی دەبێت تا ئەو ڕادەیەی ڕێگا نادرێ بەبێ خۆ ئامادەکردنێکی پێشییانە دەست ڕۆیشتووی و زاڵییەکەی نزیک بە تەواوەتی بە هزر و بیرکردنەوەوە بە ئەزموون تاقی بکەینەوە. وا ڕێی تێدەچێ ئەو نهێنییەی کە لەوەدا دەبێ بیری لێبکرێتەوە بانگ دەکات لەو جەوهەرە بەو لاوە شتێکی تر نییە، کە ئێمە هەوڵمان دا بەناوی «تیشک پژان و ڕووناککردنەوە»وە ڕوونی بکەینەوە. هەر بۆیە بۆچوونی ساکاری ڕۆژانە بەدڵنیاییەوە و بە کەللە ڕەقانە سەرچیخانە بەلای نهێنییەکەدا تێدەپەڕێ. هیراکلیتس ئاگای لە ئەمە بووە. برگەی ٧٢ دەبێژێ:

«ئەوان پتر لە هی تر لە بارەی لۆگۆسەوە کە ڕووی تێدەکەن لە یەکتری جیا دەبنەوە، بەم پێیە بەدەردەکەوێ کە ئەوەی هەموو ڕۆژێ تووشی دەبن لەلایەن (لەئارادبوونەکەیدا) بە شتێکی نامۆ دەمێنێتەوە.»

ئەوانە نامێنن و لەناودەچن بەردەوام ڕوو لە گردبوونەوەی بەدەرکەوتن- شاردنەوە دەکەن کە هەموو بوونەوەرە لە ئارادابووەکان ڕۆشن دەکاتەوە. بگرە، بەڵام ئەوان پشت لە تیشک پژان و ڕوناککردنەوە دەکەن و ڕوودەکەنە ئەو بوونەوەرەی کە لە کاروباری ڕۆژانەیاندا لەگەڵ هەموو شتێکدا ڕاستەوخۆ تووشی دەبن. ئەوان مەبەستیان ئەوەیە، ئەم پێوەندی و هەڵسوکەوتە لەگەڵ بوونەوەرە لە ئارادابووەکەدا لەخۆیەوە دۆستایەتییەکی ژێر و میانڕەویان بۆ دەستەبەر دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەلایانەوە بە بیانی دەمێنێتەوە. ئەوان هیچ لەوە نازانن کە پێیان سپێردراوە: لە بارەی لە ئارادابووەوە کە بە

سایەی تیشک پژانەوە هەموو جارێک لە پێشەوە ڕێگای بەدەرکەوتنی لە ئارادا بووە کە خۆش دەکات. لۆگۆس کە ئەوان لەبەر تیشکی ڕووناکییەکەیدا دەڕۆن و ڕادەوەستن لەلایان بەشـــاردراوەیی دەمـــێنێـــتـــەوە و بۆ ئەوان لەبیرچۆتەوە.

ئەوەندەی ئەوەی دەکـــرێ بزانرێ لەلایان زانراو بێت، هێندە لەبەرچاویان بیانی دەبێ بەبێ ئەوەی بتوانن ئەمە بزانن. ئەوان کاتێک لە هەموو ئەوە ئاگادار دەبن، ئەگەر بیانەوێ بپرسن: چۆن یەکێک کە جەوهەرەکەی سەر بە تیـشک پژان و ڕووناککردنەوە بێت، دەتوانێ جـارێک خـۆی لە پێـشـوازی کـردن و پاراستن و چاودێری کـردن تیـشک پژان بێبـەش بکات؟! چۆن دەتوانی ئەو ئەمـە بکات بەبێ ئەوەی شارەزابێ و بە ئەزموون تاقی بکاتەوە کە ئەوی لە ڕۆژانەدا باوە ناکرێ باوو ئاسایی و بڵاو بێ، چونکە ئەوە باوە ئاسـاییـە هەمـیـشـە بە قـەرزداری لەبیـرچوونەوەی ئەو دەمـێنێـتـەوە، ئەوەی تەنیـا خـۆی دەتوانێ ئەوەی لەخـــۆیەوە ناســراوە لە تیـــشکی بوونەوەرێکی لە ئارادابوودا بەدەربخات؟!

بۆچوون و مـەبەسـتی ڕۆژانە لەنێـو هەمـیـشـە نوێی هەمـەڕەنگدا کـە لەبەردەمـیـدا پەرشـوبڵاوە، بەدوای ڕاسـتـیـدا دەگـەڕێ. ئەو درەوشـانەکـەی هێـمنی (زێڕ) نهـێنیـیـەکە کـە لە تیـشک پژانی سـادە و سـاکـاری بەردەوامدا دەرکەوێ، بەدی ناکات و نابینێ. هیراکلیتس دەبێژێ (بڕگە ٩):

گوێدرێژەکان پووش و کا لەزێڕ بەچاکتر دادەنێن.

بەڵام دەرکـــەوتی زێڕینی لەبەرچاو بە دەرکـــەوتووی تیشک پژێن ڕێگانادات بە دەست بگیرێت، چونکە خۆی بەدەست ناگیـرێ، بەڵکو ڕووداوێکی بێ گـەردی ڕووتە. دەرکـــەوتنی پەردە بەســـەردادراوی تیـــشک پژان و ڕووناککردنەوە لە دەفـــری شـــاردراوەی پاکی نێـــو چارەنووسی پارێزراوەوە دەڕژێ. هەر بۆیە بە دەرکـەوتنی تیـشک پژان لـە خـۆیدا لە هەمـان کـاتدا خـۆ داپۆشین و شاردنەوەیە و بەو واتایەش لە هەمووان تاریکترە.

هیـــراکلیـــتس بە (سکۆتنۆس) تاریک ناودەبرێ. لە پاشـــەڕۆژیشـــدا ئەو ناوەی هەر دەمـــێنێ، ئەو تاریکە، چونکە ئەو بە پرسیارەوە لەنێو تیشک و ڕووناکیدا بیر دەکاتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Lichten Freigeben Vgl. Die Bestimmung der Sache des Denkens. GA Bd.80.**

**٢- ئەوە چییە؟ ڕووداوەکە.**

**٣- ئەوانی تر هەموو.**

**٤- لەوانی تر هەموویان شاردراوەتەوە، چۆن ئەو بە فرمـێسک دەگریا. بڕوانە پاشکۆ.**

**٥- تیشک پژانی شاردنەوەی خۆ شاردنەوە.**

**٦- ڕووداو.**

**٧- ڕووداو.**

**٨- هەروەها ئەو ناڵێ: بە شـاردراوەیی دەمـێنیـتـەوە. ئەگـەر ئۆدیسیا بگریابا.**

**٩- هۆمێل. بڕوانە پاشکۆ.**

**١٠- هۆمێل: بەنامە ١٩٥٥/٨/٢١.**

**- Heidegger, Martin, Vortrage und Aufsatze. Gesamt ausgabe. Bd.7, Vittorio Klostermann. Frankfurt am Main 2000, S.265- 288.**

# فەلسەفەی میدیا جیهانییەکان

**ویتنی ئارماند**
**لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی**

**پێشەکی**

دەستەواژەی «فەلسەفەی میدیاکان» لە ڕاستیدا وێ دەچێ مەبەستی ئەم نووسراوەیە پشت ڕاست نەکاتەوە. هەوڵی ئێمە، تێگەیاندنی فەلسەفەیەکی دروست- عیشق لە هەمبەر عەقڵ، یان زانست- یان گەڵاڵەیەکی بنەمایی نییە کە لە ڕێگای ئەوانەوە میدیاکان سەربەخۆ بن، بەڵکو ئامانجی ئێمە پێناسە کردنی پێوەندییەکە، کە لەنێوان حکومەت و ڕۆژنامەنووسدا لەئارادایە و لەودا بالانسی دەسەڵات هەمووکات گۆڕانی بەسەردادێت. یەکێک لەو پرسە پڕ پێچوپەنایانەی کە سەرنجی فەیلەسووفانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە دەستنیشان کردنی هێڵی نێوان ئازادی و سنووردارکردنی ئازادییە. لەکام قۆناغدا هەڕەشە و گوشار بەشێوەیەکی ڕێگاپێدراو، بۆ دەستنیشان کردن و سنووری هەڵسوکەوت بەکاردێت؟

دەسەڵاتداران و ڕۆژنامەنووسان پۆلێن کردنی جیاوازیان هەیە و بۆ ئەم کارەش پشت بە پاساوی جۆراوجۆر دەبەستن، لەم وتارەدا باسی هەندێ ئەسڵ و بیروبۆچوونی پێوەندیدار بەم بوارە دەکەین، چونکە ئەم ئەسڵ و بیروبۆچوونانە، بارتەقای لایەنگرانی، هەمەجۆرن. لەم سۆنگەیەوە، لەلایەکەوە باسی ئەو تیۆرییانە دەکەین کە پێوەندییان بەسنووردار کردنی ئازادی میدیاوە هەیە، لەلایەکی ترەوە باسی بنەما و ئەو بنچینانە دەکەین کە لەسەر دەستی ئەوان میدیاکان خوازیاری ڕزگاربوون لەم سنوور و کۆتوبەندانەن. لەو ڕووەوە کە بنەما و تیۆریگەلێکی فرەی لەم چەشنە هەیە، ئێمە هەریەکەیان تاووتوو دەکەین و پێوەندییە پڕ پێچو پەناکانیان شی دەکەینەوە و لەسەر شکڵە جۆراوجۆرەکانیان لەسەرتانسەری جیهاندا قسە دەکەین.

ئەوکاتەی یوهان گوتێنبێرگ لەسەرەتاکانی سەدەی پازدە «چاپی دەستی»ی لە ئەورووپا ناساند، لە ڕاستیدا بەرهەمهێنانی فراوان و کەم تا کورت هەرزانی پیتی چاپی وەڕاست گەڕاند و بەپێی گوتەی هەندێ کەس ڕێگای بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی چەوتی لە سەرتاسەری جیهاندا خۆش کرد. ئەم خاڵەش باسی لێ دەکرێ کە داهێنانی گوتێنبێرگ بوو بەهۆی ئەوەی هەقیقەت بێتە نێو مەیدانی ژیانەوە لەگەڵ گوتارە درۆیینەکان ململانێ بکات، بەڵام کێ دەیزانی کە هەقیقەت ئەوکاتەی کە دەستەویەخەی ناحەزی دەبێتەوە دەکەوێتە دۆخێکی خراپترەوە؟ جان میلتۆن، دووسەدە پاش داهێنانی گوتێنبێرگ کۆمەڵێک باسوخواسی قەناعەت پێهێنەر لەهەمبەر چاپی بێ مۆڵەت لە گۆڤاری ئارئوپاگیتیکا دەهێنێتە ئاراوە. هەر لەو سەروبەندەدا دەسەڵاتداران کە زانییان پێوەندی گشتی چەندە مەترسیدارە مەسەلەی چاودێری چاپیان هێنایە گۆڕێ. دیمەنی بەرەنگاربوونەوەی نێوان ئەوان و ئازادیخوازان دیاری کراو هێزەکانی دووبەرە لە بەرانبەر یەکدا ڕیزیان بەست. لە شەڕو وپێکدادانێکدا کە لەنێوان سەرکوتکردنی پاوانخوازانەی دەربڕین و ئازادی دەربڕیندا ڕووی دا و تا ئیمڕۆش

بەردەوامە، هێشتا لایەنی سەرکەوتوو دیاری نەکراوە.

## نیشانەناسی چوار تیۆری

سالّی ١٩٥٦، فێرسایبرت، تێئۆدۆرپتیرسن، ویلیام شێرام هەولّیان دا باسی دژوازی نێوان دەولّەت و بڵاوکراوەکان و بەگوتەی خۆیان «سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی کە ڕێکخەری پێوەندی نێوان کەسان و بنکەکانە» بکەن. کتێبە پوخت و پاراوەکەی ئەوان بە نێوی «چوار تیۆری بڵاڤۆکەکان» کاریگەرییەکی بەبڕشتی لەسەر نەوە یەک بەدوای یەکەکانی لێکۆڵەران و توێژەرانی پێوەندی گشتی دانا و هێشتاش بەردەوام دەبێتە ژێدەر. لەیەکێک لە وتارەکانی ئەم کتێبەدا بەنێوی «لایەنگرانی پاوانخوازی، لایەنگرانی ئازادی، بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی، چەمکەکانی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی کۆمۆنیست لەمەڕ سریشت و ئەرکی بڵاڤۆکەکان» ئەم باسە هاتووەتە ئاراوە کە لە ڕاستیدا تەنیا دوو تیۆری لە ئارادایە کە تیۆری لایەنگری لە پاوانخوازی و لایەنگری لە ئازادییە، دوو چەمکەکەی تر تەنیا ئەم دوو تیۆرییە بەربڵاوە سازگار دەکەن.

## ئەسڵی لایەنگری لە پاوانخوازیدا

تیۆری لایەنگری لە پاوانخوازیدا، کۆنترین تیۆرییەکە کە لە سەردەمی گوتێنبێرگدا دەرکەوت. لە کۆمەڵگای ئەوکاتدا، هەقیقەت بۆ دەسەڵاتداران ئاشکرا دەبوو، ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان، ئەو هەقیقەتەیان لەڕێگای بڵاڤۆکەکانەوە بەنێو خەڵکاندا بڵاودەکردەوە.

بە وتەیەکی تر، ئەرکی بڵاڤۆکەکان، گواستنەوەی بابەتگەلی جێی سەرنجی دەسەڵاتداران بوو بۆ خەڵک. لە سیستمێکی لەم چەشنەدا، بڵاڤۆکەکان ئەرکی سەر شانیان بوو کە لە ڕێ لادانی ڕاستی بسەلمێنن. پاشا، یان مەلەکە دژی هەر چەشنە خەباتێک بوون کە دژی لە ڕێ لادانی ڕاستی دەکرا و هەربۆیە بوونی بڵاڤۆکەکان، سەرەڕای ڕەوابوونی مالیکیەتی تایبەتی، بەشێک لە دەسەڵاتەکانی سەڵتەنەت بوو. ڕەواییەکی لەم چەشنە ئەگەری ئەوەی هەبوو بە گۆڕینێکی لەکتوپڕی بۆچوونی پاشا هەڵوەشێتەوە و سانسۆر ڕەچاو بکرێت. لەم سۆنگەیەوە بڵاڤۆکەکان لە حوکمی بەکرێ گیراوانی دەوڵەتدا بوون. ئەم ئەرکەی بڵاڤۆکەکان لەبەر ئەوەی دەرەنجامی مەنتیقی فەلسەفەی مافی خواوەندی، یان دەسەڵاتی ڕەهای پاشا دەهاتە ئەژمار، جێگەی ڕەخنەگرتن و لۆمەکردن نەبوو. هەنووکە ئەگەرچی سەردەمی پاشاکان ڕووە و کۆتایی هاتنە، بەڵام تیۆری سنووردارکردنی پاوانخوازانە هێشتا تەواو نەبووە. پاوانخوازی هێشتاش لە وڵاتانێکی کە تێیاندا دەسەڵاتدارانی بەهێز لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە کاردەکەن بوونی هەیە.

## تیۆری لایەنگری لە ئازادی تاکەکەسی

بەپێی پێناسەی سایبرت، پیتێرسن، شێرام، لە شیکردنەوەی سیستمی چاودێریی کۆمەڵایەتیدا گەڕان بەرەو ئازادی لەدوو لایەنەوە باسیان لێ دەکرێت. بەگوێرەی تیۆری لایەنگری لە ئازادیی تاکەکەسی، پیاوان و ژنان تەنیا وەرگرانی خەسیوی هەقیقەت،واتە ئەو شتەی مەبەستی دەسەڵاتدارە نین، بەڵکو مرۆڤگەلێکی مەنتیقین کە لە زاتی خۆیاندا توانایی جیاکردنەوەی ڕاستیان لە ناڕاست هەیە و هەروەتر، هەر کام لەوان دەتوانن خاوەنی مافی «گەڕان بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت»بن. بەسەرنجدان بەو خاڵەی ڕۆڵی بڵاڤۆکەکان، هاوکات کردن لەگەڵ کەسان بۆ دۆزینەوەی هەقیقەتە، هەربۆیە میدیاکان لە سیستمی لایەنگری ئازادی تاکەکەسی پەیڕەوی حکومەت ناکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی خودموختار و سەربەخۆ کاردەکەن و بەبێ ترس لە دەستێوەردانی حکومەت، سەربەستانە باسی بیروبۆچوونی مشتومڕووژێن دەکەن، هزری سەرەکی دەربڕین و تاووتەئسیری وێرانکەری سانسۆر لەلایەن جان میلتۆن کە یەکێک لە فەیلەسووفانی لایەنگری ئازادی تاکەکسییە لە ئارئوپاگیتیکا بەزمانێکی ڕەوان هاتووەتە ئاراوە: «ئەو کەسەی یەکێکی تر بکوژێ، بوونەوەرێکی مەنتیقی کە لە ڕاستیدا دەرکەوتەی خودایە دەکوژێ، بەڵام ئەو کەسەی کتێبێکی باش لەنێو دەبات، هەم مەنتیق، هەمیش دەرکەوتەی خودا لەنێو دەبات».

هزری لایەنگری لەئازادی تاکەکەسی دەربڕی ئەوەیە کە مرۆڤەکان وەک بوونەوەرگەلێکی مەنتیقی دەشێ لە گەڕان بەدوای هەقیقەتدا، ئازادبن و میدیاکان لە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەدا بەشداری بکەن. لە سۆنگەی ئەوەی لەوانەیە حکومەت جاروبارە بەرد بخاتە سەر ڕێگای بەدواداگەڕانێکی لەم چەشنە، میدیاکان لە سیستمی باسکراودا دەشێ بتوانن پێش بە هەڵسوکەوتێکی لەم چەشنەی حکومەت بگرن. ئەم ئەرکەی میدیاکان ناسراوە بە ئەرکی پاسەوانی کردن. لەلایەکی ترەوە، میدیاکان لەڕێگای «پرۆسەی خۆ-

چاککردنەوەی هەقیقەت» کۆنترۆڵ دەکرێن. ڕەوتی خۆ- چاککردنەوە لە ساڵی ١٩١٥ لە نووسراوەکانی ئولیوروندل هۆڵمز، قازی دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکان باسی لێ کراوە و پیشاندەری بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ئەوە: «جێی باوەڕترین پێوەری هەقیقەت، توانایی تێفکرینێکە کە لە ملمـلانێی بازاڕدا دەقەبڵێندرێ، هەڵبەت چەمکی بازاڕی ئازادی بیروباوەڕەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک هەموویان، جا چ تاقمی کەمینە بن چ زۆرینە، بۆ بەرەو پێش بردنی ڕێبازی لایەنگری لە ئازادی تاکەکەسی، دەستیان بەمیدیاکان ڕابگات.

**بەرپرسایەکی کۆمەڵایەتی**

چەمکی بازاڕی ئازاد لە ساڵی ١٩١٩دا، واتە ئەوکاتەی کە هۆڵمز دەنگی دژ بوونی خۆی لە کتێبی «ئابرامز»دا دەربڕی، بە بەراورد لەگەڵ بیست و پێنج ساڵ دواتر، واتە ئەوکاتەی کە لیژنەیەک بەمەبەستی پێڕاگەیشتن بە دۆخی ئازادی میدیاکان پێک هات، لە ڕاستەقینە نیزیکتر بوو.

ئەم لیژنەیە کە بە سەرۆکایەتی ڕابێرت ئێم هاتکتینز، ڕاوێژکاری زانکۆی شیکاگۆ پێکهات، باسی ئەوەی کرد کە ئازادی بڵاڤۆکەکان لە سۆنگەی بوونی زەمینەی ڕووە و زیادبووی پاوانخوازی کەوتووەتە مەترسییەوە، چونکە هەندێ لەخاوەنانەکانیان کۆنترۆڵکەری بوارگەلێکی زۆرن. ناوەندگەرایی زۆری خاوەندارێتی دەرەنجامی خەرجی ڕووەوە و زیادبووی چاپ و بڵاوکردنەوەی تەکنۆلۆژی بوو و هەر بۆیە کەسانێکی کەمتر دەستیان بە پردە پێوەندییەکان ڕادەگەیشت. لەسەر پێشنیاری ئەم لیژنەیە، خاوەن بڵاڤۆکەکان دەبێ بەرپرسایەتییەکی گرینگتریان لە هەمبەر کۆمەڵگا قبووڵ بکردبا و هەلی دەستراگەیشتنێکی ئازاد بە هەندێ خاڵی لە چەشنی مافی وەڵام دانەوەیان ڕەخساندبا. ئەندامانی لیژنە نارەزایی خۆیان لە هەمبەر دەسەڵات ڕووە و زیادبووی خاوەنان و بەرێوەبەرانی میدیاکان لە کۆنترۆڵ کردنی زانیارییەکان کە لە ڕەفتاری دەسەڵاتدارانی سەردەمی گۆتێنبێرگ بە دوور نییە دەربڕی.

بەپێی بۆچوونی سایبرت، پیتەرسەن و شێرام ئەم نارەزایەتییە بنەمای تیۆری بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی پێکدێنێ کە ئەم تیۆرییە خۆی حاڵەتی سازگارکراو، یان گەشەسەندووی ڕێبازی لایەنگری ئازادی تاکەکەسی دێتە ئەژمار. لایەنی جیاکەرەوەی تیۆری بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئاخێزگەکەی لەوەدایە کە بڵاڤۆکەکان دەشێ وەک میدیایەک کە دژوازییەکان شی دەکاتەوە کار بکات، لە کاتێکدا کە بڵاڤۆکەکان لە ڕێبازی لایەنگری ئازادی تاکەکەسی دەشێ چاودێری کاروباری حکومەت بکەن. هەروەتر تیۆری لایەنگری ئازادی تاکەکەسی هەڵگری ئەم خاڵەیە کە بڵاڤۆکەکان بگاتە دەستی تەواوی ئەوکەسانەی کە توانای پێویستیان هەیە. تیۆری بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە کە هەر کەسێک قسەیەکی بۆ گوتن پێیە مافی کەڵک وەرگرتن لە میدیاکانیشی هەیە. سێیەمین لایەنی جیاکەرەوەی ئەم دوو تیۆرییە ئەوەیە کە ئەو بڵاڤۆکانەی سەرنج دەدەنە بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن بیروبۆچوونی کۆمەڵگای پەرچەکرداری بەرخۆر، ئەسڵە ئەخلاقی- پیشەییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن لە کاتێکدا کە بڵاڤۆکەکانی پەیرەوی هزری ئازادی تاکەکەسی، بۆ چاکسازی خۆیان پشتیان بە بازاڕی ئازادی بیروبۆچوونەکان ئەستوورە. لە لیژنەی هاتکینز (١٩٤٧) باوەڕ لەسەر ئەوە بوو کە گەر بێتو بڵاڤۆکەکان ئاگاداری بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان نەبن و نەیخەنە بواری پراکتیکەوە، دەشێ لەلایەن ڕێکخراوێکی تایبەتەوە بۆ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە هان بدرێن. لیژنەی ناوبراو پێشنیارێکی دا کە نوێنەرایەتییەکی سەربەخۆ پێک بهێنرێت کە تێیدا شێوەی کاری بڵاڤۆکەکان تاووتوو و ڕاپۆرتی ساڵانە پێشکەش دەکرێ.

سەرباری لەرێ لادانی کاربەدەستانی میدیاکان لە بەگوێدادانەکانی لیژنەی هاتکینز، چەند هەوڵێک بەمەبەستی دامەزراندنی بڵاڤۆکگەلێک کە بەرپرسایەتییەکی زیاتری کۆمەڵایەتی وەئەستۆ بگرن هاتووەتە ئاراوە. بۆ نموونە زۆربەی هەرە زۆری یاسا ئەخلاقییەکان لەلایەن بڵاڤۆکەکانەوە قبووڵ کراون، لاپەڕەی هزر و بیروبۆچوون بە مەبەستی هاوکاری خوێنەران بە ڕۆژنامەکان زیاد بووە، بەرنامەی خوازیاری بیروبۆچوونی بینەران بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە تیڤییە ناوچەییەکان و کەناڵەکان بڵاودەبێتەوە. دواجار ئەنجوومەنێکی نەتەوایەتی لە ساڵی١٩٧٣ بە مەبەستی پێڕاگەیشتن و دادوەری کردن لە بابەت شکایەتی بەکارهێنەرانی میدیاکان و بەپێی پێداویستی بە مەبەستی پاراستنی ئازادی میدیاکان پێکهات. ئەنجوومەنی هەواڵ پاش دە ساڵ چالاکی بەهۆی نەبوونی پشتیوانی سەرمایە دانانی میدیاکان هەڵوەشایەوە، بەڵام ڕێکخراوگەلێکی هاوشێوە هێشتا لە ئاستی شار و

ولاتدا خەریکی کاری خۆیانن.

### یەکێتی سۆڤیەتی کۆمۆنیستی [جاران]

دوایین چەمکێک کە لە کتێبی چوار تیۆری بلاڤۆکیدا باسی لێ کراوە، شێوەی کاری یەکێتی سۆڤیەتی کۆمۆنیستییە. بەپێی بۆچوونی سایبرت، پیترسن شێرام، هەروا کە چەمکی بەرپرسایەتی کۆمەلایەتی حالەتی سازگارکراوی تیۆری لایەنگری لەئازادی تاکەکەسی دێتە ئەژمار، چەمکی باو لە سۆڤیەتی کۆمۆنیستیش لەپاوانخوازی سەرچاوە دەگرێ. بلاڤۆکە کۆمۆنیستییەکانی سۆڤییەت وەک بلاڤۆکی رژێمە پاوانخوازەکان گوێ لە مستی حزبی دەسەلاتدارن، بەلام بەپێچەوانەی بلاڤۆکی سیستمە پاوانخوازەکان مولکی دەولەتن. بەرای سایبرت، پیترسن، شێرام، جیاوازییەکانی تری سیستمی دیکتاتۆری سۆڤییەت و ریشەکانی لەگەل سیستمی پاوانخوازی بریتین لە:

١- سیستمی سۆڤییەت ئەنگیزەی سوود لەناو دەبات لەکاتێکدا سیستمی پاوانخوازی ئەم ئەنگیزەیە دەپارێزێ.

٢- سیستمی سۆڤییەت لەسەر بەرێوەبردنی هەندێ لە ئەرکەکانی بلاڤۆکەکان پێدادەگرێ لە کاتێکدا کە سیستم پێش بە ئەنجامدانی هەندێ لە ئەرکەکان دەگرێ.

٣- بلاڤۆکەکانی سۆڤییەت دەشێ لە وەدیهێنانی گۆرانکارییەکاندا هاوکاری بکەن، بەلام میدیاکانی حکومەتی پاوانخواز بەپرسی پاراستنی دۆخی بەردەستن.

٤- میدیاکانی سۆڤییەت لە سیستمی پێوەندی گشتیدا دەتوێنەوە، بەلام میدیای حکومەتی پاوانخواز «کەسایەتییە تاکەکان» دەپارێزێ.

کۆنترۆلی لەوە پێش دارێژراوی دەولەت لەتیۆری سۆڤییەتدا دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی ئاشنا بە سیستمی لایەنگری ئازادی تاکەکەسی بەو ئاکامە بگەن کە بلاڤۆکەکانی سۆڤییەت قوربانی شێوە تیۆرانینی کوێلەدارین با ئەوەی چالاکی بلاڤۆکەکان لە سیستمی لایەنگری ئازادی تاکەکەسی لەفەزایەکی ئازاددا دێتە ئاراوە، بەلام بنەماکانی بیروباوەرەکانی مارکسیزم پێچەوانەی ئەو بەراست دەزانێ. بە باوەری رووسەکان، بلاڤۆکەکانی ئەم ولاتە لە دەربرینی هەقیقەتەکاندا سەربەستن لەکاتێکدا کە شێوەکاری بلاڤۆکەکانی سیستمی وەک دەلێن لایەنگری ئازادی تاکەکەسی لەژێر چاودێری بەرژەوەندییە بازرگانییەکاندایە.

### مۆدێلەکانی تر

نیشانەناسی سایبرت، پیترسن و شێرام تاو و کاریگەری سەرسورهێنەر و قوولی بووە. جان میل لە کتێبی دیالێکتیک لە بلاڤۆکەکان-دا (١٩٨٩) دەلێ: «کەمو زۆر هەر وتار و کتێبێک کە دەربارەی بنەما فەلسەفییەکانی رۆژنامەنووسییەوە نووسراوە، پێوەندی بەو کتێبەوە دەبێ، تەفسیری دەکات، یان قسەیەکی لێ دەگێرێتەوە». بەلام زەمان لە کتێبی چوار تیۆری بلاڤۆکەکان وەپێش کەوتووە. چیتر ناکرێ مودێلی کۆمۆنیست بە وردی شی بکرێتەوە. هەروەتر سیستمگەلێکی جۆراوجۆر وەک تیۆری شۆرشگێرانەی بلاڤۆکەکان کە پاش بلاوبوونەوەی ئەم کتێبە لە سالی ١٩٥٦ هاتووەتە ئاراوە لەو کتێبەدا باسی لێ نەکراوە. هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی تا هەندێ لە توێژەرانی پێوەندی گشتی، فەلسەفەگەلی میدیا جیهانییەکان بەشێوەیەکی تر پێشکەش بکەن.

### رالف لوونشتاین

سالی ١٩٧١، رالف لوونشتاین بەسەر چوار تیۆریدا چووەوە، چونکە بەباوەری ئەو مودێلەی کە سایبرت، پیترسن و شێرام خستبوویانە بەردەست خۆگونجێنەر نەبوو، سەرباری ئەوە سەر لەبەری سیستمگەلی بلاڤۆکەکانی نەدەگرتەوە. لوونشتاین لەکتێبی میدیاکان، پەیامەکان و خەلک (مریل و لوونشتاین، ١٩٧١) تیۆرانینێکی دوو لایەنەی پێشنیار کرد کە جۆرەکانی خاوەندارێتی و هەروەتر فەلسەفەی خاوەندارێتی شی دەکردەوە، بۆ وێنە میدیاکان لەوانەیە بکەونە دەست خاوەندارێتی شەخسی خەرجییان لەرێگای رێکلام و مافی ئابوونە بوون دابین بکرێ، یان لە وانەیە ئی حزبە سیاسییە نەیارەکان بێت و لە یارمەتی بەرهەمهاتوو لە لایەنگەلی دارایی حزب، یان ئەندامانی حزب کەلک وەربگرێت، میدیاکان لەوانەیە دەولەت خاوەنیان بێت و لەلایەنەکانی خەزێنە، یان ئیمتیازەکانی تر کەلک وەربگرن. لوونشتاین بە سەرنجدان لە فەلسەفەی بلاڤۆکەکان، دەستەواژەگەلی «داگەران بەرەو پاوانخوازی» و «داگەران بەرەو ئازادی» و ماناکانیانی، کە لە مۆدێلی سایبرت، پیترسن و شێرام وەردەگیرێن، پاراست، بەلام دوو دەستەواژەی تری بە چەشنێک ساغ کردەوە کە باری چەمکی تیۆرییە ناوبراوەکان لەنێو بچێت. دەستەواژەی «یەکێتی ئەیالەتەکانی سۆڤیەتی کۆمۆنیستی» بوو بە دەستەواژەی ناوەندگەرایی

کۆمەڵایەتی تا بایەخە سەلبییەکانی دەستەواژەی یەکەم لەناو بچێت و پانتا مانایییەکەی بەرفراوان بێتەوە. «کۆمەڵایەتی» نیشاندەری داگەڕانی سیستمی کۆمۆنیستییە بەرەو بنەما هاوبەشەکان و «ناوەندگەرا» لایەنی ڕێنوێنی کراو و لەناوەندا کۆوەبووی سیستمگەلی بڵاڤۆکەکانی مارکسیستی وەبیر دێنێتەوە. دەستەواژەی بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی گۆڕا و بوو بە چەمکی لایەنگری لە ئازادییە تاکەکەسی- کۆمەڵایەتییەکان و هەر بۆیە تەمومژەکانی نێو دەستەواژەی یەکەم لاچوو و ڕیشەکانی ئەم تیۆرییە کە لە دوو توێی تیۆری لایەنگری لە ئازادی تاکەکەسیدا شاردراوەتەوە زۆرتر خوویا بوو. ئەم دەستەواژە نوێیە دەربڕی ئەوەیە کە ڕێکخستن و سازگار کردنی شێوەی کاری میدیاکان بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان لەوانەیە پێویست بێت.

لوونشتاین سالّی ۱۹۷۹ پێڕستی فەلسەفەکانی بڵاڤۆکی خۆی لە چوارچێوەی دووەمی کتێبی میدیاکان، پەیامەکان و خەڵک (مریل و لوونشتاین، ۱۹۷۹) سەرلەنوێ چاپ کردەوە. لەم خشتەیەدا ناوەندگەرایی کۆمەڵایەتی گۆڕاوە و بووەتە پاوانخوازی کۆمەڵایەتی و پێوەندی سیستمە بڵاڤۆکییەکانی وڵاتانی باڵی ڕۆژهەڵات زۆرتر ئاشکرا بووە. پاش ئەم قۆناغە، لوونشتاین دەستەواژەی پێنجەمی «ناوەندگەرایی کۆمەڵایەتی» بە پێڕستەکەی خۆی زیاد کرد. ئەم دەستەواژەیە نابێ تێکەڵ بە دەستەواژەیەکی هاوشێوە بێ کە پێشتر لوونشتاین بۆ شیکردنەوەی سیستمەکانی وڵاتانی باڵی سۆڤیەت بەکاری هێنابوو. لە سیستمگەلی بڵاڤۆکی ناوەندگەرایی کۆمەڵایەتی خاوەندارێتی دەوڵەتی، یان گشتی میدیاکان «پارێزەری ڕوحی زانستی فەلسەفەی لایەنگری لە ئازادی تاکەکەسی» دێتە ئەژمار.

لەکتێبی نوێی لوونشتاین-دا بەناوی کەڵە میدیاکان: مەئمووریيەت، پەیام و ئەخلاق (لوونشتاین و مریل، ۱۹۹۰). لوونشتاین بەشێوەیەکی پڕ بە پێست ئەم نیشانە ناسییە شی دەکاتەوە کە بنەماکەی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات، بەڵام هەندێک دەستی لەسەرخانەکەی وەردا.

## جان مریل

جان مریل مۆدێلی لوونشتاین لەچاو مۆدێلی سایبرت، پیترسن و شێرام بە «پێچوپەناتر و واقیعبینانەتر»، بەڵام لە بنەڕەتەوە کۆتایی پێ هاتوو لە قەڵەم دەدات، چونکە چەمکی لایەنگری لە ئازادی تاکەکەسی- کۆمەڵایەتی لوونشتاین لەلایەنی مەنتیقییەوە دژوازی تێدایە. مریل لە کتێبی دەسەڵاتی ئازادی (۱۹٤۷) لەم باسە دەکۆڵێتەوە کە تاقە یەک فەلسەفە ناتوانێ لایەنگری ئازادی تاکەکەسی (بەواتای ئازاد) و لەهەمان کاتدا ئاراستەکراو (واتە کۆنترۆڵکراو) بێت بە ڕای ئەو، لایەنێکی هاوبەشی دیکەش لە مۆدێلەکانی لوونشتاین و سایبرت، پیترسن و شێرام-دا بەدی دەکرێ، ئەویش ئەو سنوورەیە کە داگەڕان بەرەو پاوانخوازی و داگەڕان بەرەو ئازادی لەو بەرەوبەری سەقامگیر دەبن. بەپێی نووسراوەکانی مریل ئەم گەڵاڵەیە مۆدێلێکی «خانە بەندیکراو»ە کە تێیدا سیستمی میدیاکان بە شێوەیەکی دوو لایەنە تاکوتەرا و سەربەخۆیە. مریل لە شوێنێکی تر باسی مۆدێلی «بازنەی بڵاڤۆکگەلی سیاسی» دێنێتە ئاراوە کە تێیدا داگەڕان بەرەو ئازادی لە باڵاترین ئاست و داگەڕان بەرەو پاوانخوازی لە نزمترین ئاستی مەدارێکی داخراودان. لەم مۆدێلەدا چوار تیۆری باسکراو دەبن بە دوو تیۆری (بە هەموو دەستەواژەگەلی پێوەندیدار بەتیۆریگەلی بە پاوانخواز، یان ئازادیخوازەوە). وێ دەچێ کە ئەم دوو تیۆرییە وابەستەی یەکترن بەم شێوەیە کە مەودای نێوان ئازادی تا ناوەندی دەسەڵات لە دەوڵەتی ناوەندیدا لەوانەیە لە هەردوو لاوە بپێورێت. چەپگەرایی لە ڕێگای سوسیالیزمەوە، یان ڕاستگەرایی لەڕێگای کاپیتالیزمەوە.

## خاوەندارێتی بڵاڤۆکەکان

١- تایبەت: خاوەندارێتی بەدەست کەسان، یان کۆمپانیا غەیر دەوڵەتییەکانەوەیە و مەسرەفەکانی لە ڕێگای ڕیکلام، یان ئابوونەوە دابین دەبێت.

٢- چەند حزبی: خاوەندارێتی بەدەست حزبە سیاسییە نەیارەکانەوەیە و یارمەتی دارایی حزب، یان ئەندامانی حزبی لە پشتەوەیە.

٣- دەوڵەتی: خاوەندارێتی بەدەست حکومەت، یان حزبی دەسەڵاتداری وڵاتە و هەر لەبنەڕەتەوە بارە داراییەکەی لەسەرمایەدانانی دەوڵەت، یان ئیمتیازە دەوڵەتییەکان دابین دەبێ.

## فەلسەفەکانی بڵاڤۆکگەل

١- پاوانخوازی: لەئارادابوونی مۆڵەت، یان سانسۆری حکومەت و سەرکوت کردنی ڕەخنە و پاراستنی دۆخی دەسەڵاتداران.

٢- پاوانخــوازی کــۆمــەڵایەتی: خــاوەنداریتی ئی حکومــەت و حزبی دەســەڵاتدارە بە مەبەســتی کۆنترۆڵ کـردنی بڵاڤۆک و ئاراستـەکردنیان ڕووەو ئامانجگەلی ئابووری، نەتەوایەتی، فەلسەفی.

٣- ئازادیخوازی: نەبوونی کۆنترۆڵی حکومەت (جگە لە یاساگەلی پێوەندیدار بەلانی کەمی جنێودان و تۆمەت هەڵبەستن) و دەستەبەرکردنی بازاڕی ئازادی بیروباوەڕ و ڕەوتی خۆچاکسازی.

٤- ئازادیخوازی کۆمەڵایەتی: لانی کەمی کۆنترۆڵی حکومــەت و بۆ وەلانانی بەربەســتــەکــانی ســەر ڕێی پێــوەندییــەکــان و دەســتــەبەرکـردنی لایـەنی کـردەوەیی فەلسەفەی ئازادیخوازی.

٥- ناوەندگــەرایی کــۆمــەڵایەتی: ناوەندی لایەنی کردەوەیی فەلسەفەی

### ویلیام هاختێن

ویلیـام هاختێن یەکەمین گۆڕانکارییە گرینگەکانی- وەک ئەو شـتـەی لە سـاڵی ١٩٥٦دا پێـشنیـار کـرا- لە مــۆدێلی چوار تیــۆری بەدی هێنا. (مــۆدێلەکــانی لوونشتـاین و مریل سەرجەم بە پوختەی نیشانەناسی سەرەتایی سایبرت، پیترسن و شێرام دێنە هەژمار). هاختێن لەکتێبی پێرسپێکتیڤی دەنگوباسەکانی جیهان (١٩٨١)دا پێشنیـاری ئەوەی دا کـە نیشـانەناسی لە پێنج چەمک پێکهاتووە کـە لە خۆگـری ئایدۆلۆژیگەلی پاوانخـوازی و کـۆمـۆنیسـتی بوو. ئەو چەمکەکـانی لایەنگری لە ئازادی تاکـەکـەسی و بەرپرسـایەتی کـۆمـەڵایەتی لەو شـتـەدا تواندەوە کـە بە «چەمکی ڕۆژاوایی» ناو دەبرد، دوو تیـــۆریی نوێی ناســراو بە تیـۆرییەکانی شۆڕشگێڕی و تەکامولی بەمۆدێلی خۆی زیاد کرد. هاختێن وەک پێناسەی چەمکی شۆڕشگێڕی، ئەو تیۆرییە وەک بەکارهێنانی پێوەندییە گشتییە غەیرە یاسایی تێکدەرانەکـان لە قـەڵەم دەدات بە مـەبەسـتی ڕووخاندنی حکومـەتێکی تایبەت، ساموئێل ئادامز و تۆماس پین وەک ڕۆژنامەنووسانی شۆڕشگێڕی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دینێتە ئەژمار، پراڤدا کە ساڵی ١٩١٢ دامەزرا بە «نموونەیەکی پڕ بە پێستی چەمکی شۆڕشگێڕی» دەزانێ. (بەپێی بۆچوونی لینین، ڕۆژنامـەی یاسـایی، وەک سـپـەرێکی گـونجـاو بۆ دامودەزگای شۆڕشگێڕی کەڵکی لێ وەردەگیرێت). بەو جۆرەی هاختێن باسی دەکا کەڵک وەرگرتن لە شریتی دەنگی تۆمارکراو و وێنەی ئیـمـام خـومـەینی لەلایەن پەیڕەوانییەوە بە مەبەستی ڕووخاندنی حکومەتی شای ئێران یەکێک لە نموونەکانی شۆڕشگێڕانەی هاوچەرخ دێتە ئەژمار.

چەمکی تەکامولی، جۆرێکی تر لە تیۆری پاوانخوازی دێتە ئەژمار و پیشاندەری ڕۆڵی پێوەندییە گشتییەکانە لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا. لایەنگرانی ڕۆژنامەنووسی تەکامولی لەسەر ئەو ڕایەن کە میدیاکان دەبێ یەکگرتوو بن و لە بەڕێوەبردنی کاروبارێکی وەک گەشەپێدانی ئابووری، بنبڕکردنی نەخوێندەواری و فێرکاری سیاسیدا بەشداری بکەن. هەروەها میدیاکان دەبێ پشتیوانی دەسەڵات بن تا لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا گرفتێک نەیەتە ئاراوە. هەر بەم هۆیە گەڕیانی دەنگوباس لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی بیانییەوە دەبێ پەیڕەوی مافی دەسەڵاتداریتی میللەت بێت. لەو سۆنگەیەوە کە زانیاری بەشێکە لە سەروەت و سامانی نەتەوایەتی دەبێ لە پێناوی بەرەو پێشبردنی ئامانجگەلی نەتەوایەتی کەڵکیان لێ وەربگیرێت، بەم شێوەیە مافی دەربڕینی بیروڕاش ناچارەکی پەیڕەوی لەم ئامانجانە دەکات.

### جی. هێربرت ئالتشول

هێربرت ئالتشول لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی کتێبی ئەکتەرانی دەسەڵات لەساڵی ١٩٨٤ ڕێزی لەو ڕۆژنامەنووسانە گرت کە بەنیاز بوون خۆیان لەکۆتی ئایدیۆلۆژی ڕزگار بکەن و بەرەو ئەو دیوی نۆڕمە زاڵبوو بەسەر فەرهەنگەکەیاندا ڕێگا ببڕن. بەسەرنجدان بەم ڕێزلێنانە سەیر نییە کە ئالتشول وێڕای ئەوەی دەستەواژە تەکنیکییە بەکاربراوەکانی کتێبی چوار تیۆری ڕەت دەکاتەوە، هەمووشیان بە هەڵگری بارێک لە بەها دادەنێت. لە نیشانە ناسی ئالتشول-دا بەرابەرییەکانی ئابووری سازگارکراو بەپێی سەردێڕگەلی سیاسی جیهانی یەکەم، دووەم، سێیەم هەڵبژاردراون، بەم شێوەیە کە جیهانی یەکەم، یان جیهانی ڕۆژاوا دەبێتە بزاڤی «بازاڕ»، جیهانی دووەم، یان جیهانی ڕۆژهەڵات دەبێتە بزاڤی «مارکسیستی» و جیهانی سێیەم، یان جیهانی باشوور دەبێتە بزاڤی «لە حاڵی گەشەسەندندا».

ئالتشول ئەم سێ بزاڤە لە دیدگای ئەو بنەما باوەڕییانە لێک دەداتەوە کە لە ڕادەبەدەر تیژتێپەڕ و زێدەڕەوانەن، پاشان لە لایەنی مەنتیقییەوە تاووتوویان دەکات. ئالتشول باوەڕی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوایی (بازاڕ) لەسەر ڕزگاربوونی بڵاڤۆکەکان لە دەستێوەردانی ڕیکلامکەران و ئەوانی تر وەک نموونەیەک لەم چەشنە

باس دەکات. لەنێو بزاڤی مارکسیستیدا، باوەڕدارانی ڕاستەقینە بە پێداگرییەوە لەسەر ئەو ڕایەن کە بلاڤۆکەکانیان هەڵگری لایەنی فێرکارین نەک پڕۆپاگەندەیی. ئالتشول بۆچوونی ڕۆژنامەنووسانی بزاڤی لە حاڵی گەشەسەندندا بەجێگای سەرنج لە قەڵەم دەدات. ئەم ڕۆژنامەنووسانە پێیان وایە ڕۆژنامە ئامرازی پێوەندی دوو لایەنە، یان دانوستانە. ڕۆژنامەنووسانی بازاڕ سەرباری ئەوەی باوەڕیان بەمافی ئاگاداری گشتی هەیە، بەڵام بە بۆچوونی ئەوان، خوێنەر مافی ئەوەی نییە بە ڕۆژنامەنووس بڵێ دەیەوێ چی بزانێ. بە وتەیەکی تر. ئالتشول لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ڕۆژنامەنووسانی بازاڕ مافی ئەوەیان هەیە بە خوێنەران بڵێن کە مافی زانینی چ شتگەلێکیان هەیە. لە هەمان کاتدا، ڕۆژنامەنووسانی جیهانی مارکسیست ئەم وەهمە قبووڵ دەکەن کە بلاڤۆکەکانی دەنگوباس پێداویستی کۆمەڵایەتی خەڵک لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی نامەکانی سەرنووسەرەوە دابین دەکەن.

بەپێی ئەو ڕاستییانەی ئالتشول دۆزیویەتییەوە، سێ بزاڤی باسکراو، تێڕوانینگەلێکی تەواو جیاواز لەمەڕ ئازادی بلاڤۆکەکان بەدەستەوە دەدەن. بۆ وێنە لەدیدی ڕۆژنامەنووسی بازاڕەوە، بلاڤۆکی ئازاد پەیڕەوی لە دەسەڵات ناکەن، بە باوەڕی ڕۆژنامەنووسی مارکسیست بلاڤۆک دژایەتی سەرکوت دەکەن، بەڵام بە ڕای ڕۆژنامەنووسی جیهانی ڕووە و گەشەسەندن، بلاڤۆکەکان گرینگایەتییەکی ئەوتۆیان نامێنێ و بە دڵنیاییەوە گرینگایەتییەکی کەمتریان لە ژیان و گەشەکردنی وڵاتێکدا هەیە.

لە بابەت ستراتیژیی نەتەوایەتی بلاڤۆکەکانیش هەندێ لایەنی جیاکەرەوە لەنێوان ئەم سێ بزاڤەدا دەبینرێ، بۆیە بەپێی بۆچوونی ئالتشول ڕۆژنامەنووسانی بازاڕ لەسەر ئەو باوەڕەن کە زامن کردنی بلاڤۆکی ئازاد هۆی سەرهەڵدانی هیچ چەشنە ستراتیژییەکی بلاڤۆکی نییە. ڕۆژنامەنووسانی مارکسیست پێیانوایە کە ستراتیژی بلاڤۆکەکان زامنی شێوەی دروستی بلاڤۆکی ئازادە و ڕۆژنامەنووسانی بزاڤی ڕووە و گەشەسەندن ڕایان ئەوەیە کە ستراتیژی بلاڤۆکەکان هۆکاری پاراستنی یاسای ئازادی بەرهەم دێنێت.

پۆلێن کردنی ئالتشول، هەندێ لەو باوەڕانەی کە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژاوایی بە تامەزرۆییەوە قبووڵ کردبوو بەتاڵ دەکاتەوە، یان لانی کەم ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەم ڕۆژنامەنووسانە برەویان بەم باوەڕە دەدا کە ئەوەی ڕاستی بێت گرینگ هەوڵدانی هێزی کرێکارییە و پڕۆپاگەندە و کۆیلەداری تایبەتمەندی ڕۆژنامەوانی وڵاتانی ترە.

## ڕابرت پیکارد

ڕابرت پیکارد لە ساڵی **١٩٨٥** دەستەواژەگەلێکی لەنیشانەناسی پێنج لایەنەی هاختێن پێشنیار کرد. ئەو لە کتێبی «بلاڤۆک و دارمانی دیموکراسیدا» ئاماژە بەم بابەتە دەکات کە تێڕوانینی سوسیال- دیموکراسی دەبێ لەژێر سەردێری چەمکی ڕۆژاواییدا دابنرێت. وەبیرتان دێنینەوە کە هاختێن تیۆرییەکانی لایەنگری لە ئازادی تاکەکەسی و بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی بە پەیڕەوی ئەو شتە دەزانێ کە پێی دەگوت «تیۆری ڕۆژاوایی». سەرەڕای ئەوە، ئەو بوونی تیۆریگەلی تەکامولی و شۆڕشگێڕی بە ئاسایی دەزانی خزمەتێکی گەورەی بەهێزی ئەدیبانەی فەلسەفەی میدیا جیهانییەکان کرد. بە باوەڕی ئەو لەو سۆنگەیەوە کە تیۆری بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی تەنیا لە ڕێبازی لایەنگری لە ئازادی تاکەکەسییەوە وەرگیراوە، هەر بۆیە تەواو مەنتیقی دێتە بەرچاو کە دوو تیۆری ناوبراو لەژێر ناوی یەکگرتووی «ڕۆژاوایی»دا کۆبینەوە (لە ڕاستیدا دەتوانین وا تێبگەین کە ئەو دوو تێڕوانینە هەنووکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەنێو بەستێنی یەکگرتووی میدیاکاندا لە پەنا یەک ڕاوەستاون). پیکارد باسی چەمکی سوسیالیست- دیموکراتیک و هەروەتر چەمکگەلی بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و لایەنگری لە ئازادی تاکەکەسی وەک ڕەهەندە هاوشێوەکانی تیۆری ڕۆژئاوایی دێنێتە ئاراوە.

لەتیۆری سوسیالیست- دیموکراتیک بوونی بلاڤۆکەکان هەروەک تیۆری بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی ئەم باوەڕە دێنێتە گۆڕێ کە میدیاکان دەبێ دەنگە جۆراوجۆرەکان بلاوبکەنەوە، بەڵام تێڕوانینی سوسیالیست- دیموکراتیک کە لە ئەورووپای ڕۆژئاواییدا پەرەی ستاند و گەشەی کرد ڕێگای ئەوە بە دەوڵەت دەدات کە لەپێناوی زامن کردنی ژیانی بەردەوامی بلاڤۆکەکان و دابین کردنی توانایی هاووڵاتییان بۆ کەڵک وەرگرتن لێیان، لە کاروباری ئابووری و خاوەندارێتی میدیاکاندا بەشداری بکەن. وەک پیکارد لەنووسراوەیەکیدا باسی دەکات: «دواجار لەم سیستەمەدا، خاوەندارێتی لەڕێگای ڕێکخراوەکان، شەریکە نا سوودهێنەکان، یەکێتی ڕۆژنامەنووسان و بنکە هاوبەشییەکانی تر، گشتی و ناسوودهێن بەرێوە

دەچێت».

لەکتێبی چوار تیۆری بڵاڤۆکەکان باسی ئەم بابەتە دەکرێ کە ئەم مانای دواییە زۆر جیاوازە لە فەلسەفەگەلی ئازادی تاکەکەسی و تەنانەت بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی دەبێ بەو شێوەیەی ئێستای، واتە بە ناوی تیۆری شەشەمی بڵاڤۆکەکان، بناسرێ. پیکارد لە نووسراوەکانی خۆیدا جیاوازییە بنەڕەتییەکانی تیۆرییە سوننەتییەکان بەم شێوەیە دەست نیشان دەکات:

بەپێی تیۆری سوسیالیست دیموکراتیک، میدیاکان ئامرازێکی گشتی و لەبەر دەستی خەڵک دێتە ئەژمار کە لە ڕێگای ئەوانەوە دەکرێ باوەڕەکان بڵاو بکرێنەوە، یان برەویان پێ بدرێت، دەوڵەت و کۆمەڵگا ستایش بکرێن، یان ڕەخنەیان لێ بگیرێت. لەسیستمێکی وادا، «میدیاکان لە خزمەت خەڵکدان و چالاکییەکانیان بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە مافگەلی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی هاوولاتییان بەڕێوە دەچێت».

پیکارد لەم مۆدێلەدا تیۆرییەکانی سوسیالیست دیموکراتیک و تیۆرییەکانی ئازادی تاکەکەسی و بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە یەک دەکات و سەرلەبەریان لەژێر سەردێری «تیۆرییە ڕۆژاواییەکان» کۆ دەکاتەوە، بەڵام هەر لەم خشتەیەدا پیکارد تیۆری سوسیالیست- دیموکراتیک وێڕای تیۆرییەکانی شۆڕشگێڕی و تەکامولی دەخاتە گرووپی داگەڕانی «تەراز، یان نادیار» و تیۆرییەکانی ئازادی تاکەکەسی و بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی دەخاتە گرووپی «داگەڕان بەرەو ئازادی تاکەکەسی».

ئەم گەڵاڵە شکڵداره پیشاندەری تەنگوچەڵەمەیەکە کە هەروا بە سانایی چارە ناکرێت و لەوانەیە هەر جۆرە هەوڵێکیش بۆ چارەسەرکردنی سەرنەگرێت. بردنە سەری ئاستی تیۆری سوسیالیست دیموکراتیک و هاوتەراز کردنی لەگەڵ تیۆریگەلی شۆڕشگێڕی و تەکامولی بە کارێکی مەنتیقیتر دێتە ئەژمار. هەروەتر ئەگەری سڕینەوەی «ڕۆژاوایی»ش لە ئارادایە. ئەم وشەیە تەنیا لە لایەنی جوگرافییەوە لەسەر ڕێکخراوە پێداگری دەکات و بەشێوەیەک لە شێوەکان پیشاندەری پێوەندی نزیکی تیۆریگەلی ئازادی تاکەکەسی و بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتییە. کەواتە دەکرێ ئەم سەردێرانە بە هاوتەراز لە قەڵەم بدەین. دواجار دەکرێ پاشگری «خوازیش لەناوگەلێکی وەکو «پاوان» و «ئازادی» هەر شتێکی کە لەنێوان ئەم دەستەواژانە و سەردێری «هاوتەراز، یان مامناوەند»دا دادەنرێ بسڕینەوە. ئەم چەشنە دەستکارییە سادانەی نیشانەناسی پیکارد سیستمی پۆلێن کردنی «خانوویی» دەسڕێتەوە و پێرسپێیڤێک بەدی دێنێت کە نوێنەری گۆڕان و بزووتنی نێو ئەم تیۆرییانەیە نەک ڕاوەستاوییان.

پێرسپێکتیڤی باسکراو لە بری پاراستنی ڕاوەستاوی پێوەندییەکی تیۆریک و تەنیا دوو لایەنە، لەزەمینەیەکی تەڤگەڕ و زیندوو، گۆڕانی بەسەردادێت. (ئەم گۆڕانە سادەیە هەروەتر پۆلێن کردنی نامەنتیقی نێو نیشانەناسی باسکراوی کە تێیدا پاوان لەژێر سەردێری «پاوانخوازی» و ئازادی لەژێر سەردێری «ئازادیخوازی» باسی لێ کراوە دەسڕێتەوە).

سەرباری ئەوە ناسینی تیۆری سوسیالیست دیموکراتیک سەرەڕای گەڕیانگەلی ڕێکخراوەیی و مەنتیقی نیسانەناسی پیکارد، یەکێک لە کەموکورتییەکانی بەردەست لەنێو دەبات. لەنێوان ئەو کەموکوڕییانەی نێو توێژینەوە زانستییەکان کە سەرنجێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، دەکرێ باسی پێوەندی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و میدیا چاپییەکان بکەین. ئاراستەگرتنی بڵاڤۆکەکان لەم بارەیەدا بەشێوەیەکە کە گۆیا ئەم دوو باسە بە سەرنجدان بە سیستمی کۆنترۆڵی داسەپێنراوی دەوڵەت لێک جیانابنەوە بۆ نموونە، هەم توێژەران، هەمیش پسپۆڕانی میدیاکان لەوانەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بخەنە پۆلی ئازادیخوازەوە، بەڵام ئەم شتە تەنیا لە بابەت میدیا چاپییەکانەوە وەڕاست دەگەڕێ. میدیاکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە سەردەمی دامەزرانی ئەم پیشەیەوە، پەیڕەوییان لە یاساگەلێکی بەربڵاو و کەموزۆر سنووردارەوە کردووە. کاربەدەستانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ بەبێ حسێب کردنی هەر چەشنە مەسرەفێک، مافی وەڵامدانەوە بدەنە ئەو کەسانەی کە کەسایەتی، یان مافیان پێشێل کراوە. ئەم کەسانە، لە بارودۆخی تایبەتدا دەبێ گونجاوترین ڕێژەی کات بخەنە بەردەست سیاسەتمەداران. بڵاوکردنەوەی بەرنامەگەلی «نەگونجاو» نەک ناچارەکی «ئابڕووبەرە» لە هەندێ کاتی تایبەتی ڕۆژدا یاساغە. هەندێ کاڵای بازرگانیش لەوانەیە پڕوپاگەندەی بۆ نەکرێ. بێژەران دەبێ مۆڵەتی حکومەتیان بەر لە دەسپێکی بڵاوکردنەوەی هەواڵ پێ بێت و حکومەت ئەم توانایییەی هەیە کە دوای پێدانی مۆڵەت وەری بگرێتەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ ڕابگرێت، بەڵام کام کاربەدەستی حکومەتی بۆی هەیە یاساگەلێکی لەم چەشنە لەسەر میدیا چاپییەکان

بەرێوەببات؟ لە کاتێکدا لیژنەی پێوەندییەکانی فیدراڵ چاودێری چالاکی ڕۆژنامەکان ناکات.

### بڵاوکردنەوەی هەواڵ: سیدنی هێد

تا ئێستا هیچ کام لە نیشانە ناسیبە جۆراوجۆرەکانی بەردەست، جیاوازییەکانی نێوان بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ئەو میدیا چاپییانەی کە لەوڵاتانێکی جگە لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا دێتە بەرچاو بەشێوەیەکی جیدی نەخستووەتە بەر سەرنج. ئەو چەمکەی لوونشتاین باسی لێوە کرد، ئاماژەیەک بە لایەنگەلی جیاوازی نێوان بڵاوکردنەوەی هەواڵ و میدیا چاپییەکان دەکات، بەڵام توێژینەوەیەکی وردی لەسەر نەکراوە. ئەم مۆدێلە بەردەستانە دەبێ لە کتێبە دەرسییەکاندا بەدوایدا بگەڕێین، چونکە توێژەرانی پێوەندی گشتی نێونەتەوەیی لەو بوارەدا سەرنجێکی ئەوتۆیان بە جیاوازییە بەردەستەکان نەداوە.

سیدنی هێد، نووسەری کتێبی سیستمگەلی بڵاوکردنەوەی هەواڵی جیهان (١٩٨٥)، مۆدێلێکی سادە و بەکەڵک لەمەڕ پێوەندیگەلی حکومەت و میدیاکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی نێو نەتەوەییدا دەخاتە بەردەست. ئەو سەرنج بەو خاڵە دەدات کە ئەگەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا وەک دوو نموونەی دیموکراسی ڕۆژاوایی پێوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە، بەڵام هەر کامێکیان «شێوەیەکی تەواو جیاوازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مارکسیزم و چاودێری کردنی مافەکانی بەسەر سیستمەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵدا» ڕەچاو کردووە و سۆڤیەتیش پەیڕەوی لەمۆدێلێکی تر دەکات. بەپێی ئەو شتەی هێد نووسیویەتی، لە مۆدێلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا چالاکی و خاوەندارێتی بنکە هەواڵییەکان دەدرێتە بەشی بازرگانی ئازاد و لە مۆدێلی بریتانیادا خاوەندارێتی تایبەت و کۆنترۆڵی وێستگەکانی وڵات ئی کۆمپانیە دەوڵەتییەکانە، دواجار خاوەندارێتی و کۆنترۆڵ لە سۆڤیەت لەچوارچێوەی حکومەتدا دەپارێزرێت. هێد، سیستمگەلی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بریتانیا و سۆڤیەت بە ڕیز مۆڵەت پێدراو، باوکانە و پاوانخوازانە لە قەڵەم دەدات و دەڵێ، سیستم و شێوازی مۆڵەت پێدراوپشتی بەهێزی بازاڕ و خواستی کڕیار ئەستوور، بەڵام سیستمی باوکانە باوەڕی بەهێزی بازاڕ نییە و لە بری مەیلی کڕیار لەسەر نیازی کڕیار پێدادەگرێ و دەبێتە بەردی سەر ڕێگای زاڵبوونی حکومەت، یان ڕیکلامکەران. لە سیستمی پاوانخوازیدا، هێزەکانی بازاڕ و زەوقی کڕیار دەگاتە نزمترین پلەی خۆی و لە هەمان کاتدا هەندێ یاسا بەپێی ئەسڵەکانی بیرو باوەڕی ڕەسمی بەڕێوەدەچێ.

هێد بەکەڵک وەرگرتن لە ئەو ژمارانەی کە یۆنسکۆ لە ساڵی١٩٨٢ بڵاوی کردەوە، ڕێژەی خاوەندارێتی ١٨٤ سیستمی ڕادیۆیی و ١٣١ سیستمی تەلەڤزیۆنی لە پۆلێن بەندیگەلێکدا بەم شێوەیەی تاووتوو کرد: ٤٩ لە سەدی سیستمە ڕادیۆییەکان ئی حکومەت، ٢١ لەسەد ئی کۆمپانیە دەوڵەتییەکان و ٢١ لەسەد ئی کۆمپانیەکانی کەرتی تایبەت و بازرگانین. لەنێوان سیستمە تەلەڤزیۆنییەکان، ٤٩ لەسەد ئی حکومەت، ٢٢ لەسەد ئی کۆمپانیە دەوڵەتییەکان و ١٦ لەسەد ئی کۆمپانیە شەخسی و بازرگانییەکانن. لە سیستمەکانی تری ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی تێکەڵاوێک لەخاوەندارێتی جۆراوجۆر دێتە بەرچاو.

ئامادەکردنی پێرست، کایە کردن بە ژمارەکان، ڕێکخستنی نیشانەناسی و پۆلێنکردنی داتاکان جۆرە کایەیەکی زانستی و دوور لە واقیع دێنە ئەژمار. ئەگەر چی ئەم باسانە هەڵگری ناوەڕۆکێکی زانیارییانەن و بۆ پێشقەبردنی ئامانجگەلی فێرکاری باش و بەکەڵکن، بەڵام دنیای ڕاستەقینە لەسەر دەستی پسپۆڕانی میدیاکان دێتە بەرهەم. ئەم کەسانە پێویستە لە چوارچێوەی ئەو سنوورە بجووڵێنەوە. کە سیستمی کار بەسەریاندا دەسەپێنێ ئەوان لە داهێنانی ئەم کایانەدا یارمەتییەکی بچووک، چ زانستی و چ غەیرە زانستی، وەردەگرن. ڕۆژنامەنووسان، جیا لە شوناسی سیستم- جا چ ئازاد بێت، چ کۆنترۆڵکراو، یان ناسەقامگیر- لە قۆناغی یەکەمدا دەستەویەخەی پرسی بڕیاردان دەبنەوە. ئەگەر بێتو بڕیاری ڕۆژنامەنووسانی وریا لەسەر بنەمای پێکهاتەگەلی تیۆریکی لە چەشنی نیشانەناسییەکانی باسکراو لەسەرەوە نەبێت، ئەو پێکهاتە باسکراوانە تەنیا لە حوکمی کۆمەڵێک مەشق و کایەگەلی فیکریدا دەمێننەوە. هەرچەندە هەوڵ و تەقەللای ڕۆژنامەنووسان لەم بوارەدا تا ڕادەیەک سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام کێشەگەلی سیاسی و فەلسەفی، گرینگتر لەویش کەمی سەرچاوەمالییەکان لەهەر لایەکەوە گەمارۆیان دەدات.

### ئاسۆی ڕوانین

سەرباری ئەوەی وڵاتانی «هەژار» تەکنۆلۆژیای گواستنەوەی بەکار و خێرای ڕێژەیەکی زۆری هەواڵ و

زانیارییان هەیە، بەڵام گەلێ بۆیان ئەستەمە کە لەگەڵ چالاکییەکانی پێوەندی وڵاتانی «دەوڵەمەند» هاو هەنگاو بن، چونکە ئەم جۆرە تەکنۆلۆژییانە فرە گران بایین. وەدەستهێنانی سوود لە کردەی پێوەندی بازرگانیدا پێویستی بە هەندێ سەرف کردن هەیە. ئەگەرچی کۆمپانیایەکی لەم جۆرە لەوانەیە لەهەمبەر بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا کەمتەرخەم نەبێ، بەڵام بێتو سوودبەخش نەبێت، بوونی بەکۆتایی دەگات. تەنانەت هەندێ ئاژانسی هەواڵ و کەرتی تایبەتی لە چەشنی ئاسیۆشێتدپرێس، بێ دەستەبەر کردنی سوود و لایەنی زۆری ئەندامان ناتوانن لە کارەکانی خۆیاندا سەرمایە بخەنە گەڕەوە. ئابوونەکراوانی ڕۆژنامەکان دەبێ پارەی خزمەتەکان بدەن و بەپێی ئەو بڕە پارەیە خزمەتیان پێ دەکرێت. بەم هۆیە ڕۆژنامەکان و وێستگە ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنییەکانی ئەوروپا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ژمارەیەکی کەم لە وڵاتانی تر دەرەقەتی دابین کردنی سەرمایەی سەرەکی هەواڵە نێودەوڵەتییەکان دێن. لەکاتێکدا بنکە هەواڵنێرییە نەتەوایەتییەکانی وڵاتانی بچووکتر و هەژارتر بەکردەوە ڕووبەڕووی سنوورگەلێکی فراوان دەبنەوە. هەر بەم شێوەیە، خاوەنانی وێستگە ڕادیۆییە بچووکەکان لە ئەمەریکای لاتیندا لەزۆربەی خزمەتگەلی هەواڵە نێونەتەوەییەکان بێ بەشن. دواجار، تەنانەت ئەگەر هەڵسووڕێنەرانی میدیاکانی سەرتاسەری دنیا دەستیان بەهەواڵە نێونەتەوەییەکان ڕابگات، دیسان زۆر کەس لە جەماوەری پێنج میلیاردی جیهان دەستیان بەم هەواڵانە ڕاناگات. ئابوونە بوونی ساڵانەی ڕۆژنامەیەک لەوانەیە بەرانبەر بێت لەگەڵ مووچەی مانگانەی کارمەندێکی بەنگلادیشی. کڕینی تەلەڤزیۆنێک بۆ بەشێکی بەرچاوی خەڵک کارێکی ئەگەر هەڵنەگرە. خەڵکانی گەلێ لە وڵاتان بە کڕینی ڕادیۆیەکی ترانزیستۆری هەست بە بەختەوەری دەکەن، خەرجی کڕین و دامەزراندنی وایەری مسی تەلەفۆن بۆ دابین کردنی تۆڕی نوێی هێڵی تەلەفۆن لە هیندستان ئەوەندە گران باییە کە بە کردەوە ڕێگا نادات کەس لەم خزمەتگوزارییانە سوودمەند بێت. لەم سۆنگەیەوە پێشکەش کردنی هەواڵ و زانیاری بە زۆرینەی خەڵکانی جیهان، تەنانەت ئەگەر ناوەرۆکیان بەسوود و شوێندانەریش بێت، دیسان دەستەویەخەی گیروگرفتی جۆراوجۆر دەبێت.

یەکێکی تر لە گرفتەکانی گەڕیانی هەواڵی نێونەتەوەیی، لە ئارادابوونی حکومەتگەلێکی جۆراوجۆرە کە باوەڕێکیان بە دەستڕاگەیشتنی ئازادانەی کۆکەرەوانی هەواڵ، یان هاووڵاتیان بە زانیاری نییە. ئەوەی کە ملیۆنان کەس لەژێر دەسەڵاتی حکومەتە پاوانخوازەکاندا بژین و ژمارەیەکی کەمی ڕێبەرانی بەدەمار و خۆبەزلزان یاساکانیان بۆ دیاری بکەن ڕاستییەکی تاڵە. حاکمانی زاڵم و پاوانخواز تەنیا ئەوکاتە سەرنج دەدەنە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری کە ئەم هەواڵ و زانیارییانە لەخزمەت ئامانجەکانی ئەواندا بێت، تەنانەت بە مەرجی چاکسازی سیستەمی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و گۆڕینی بە سیستەمێکی خێرا، بەکار و لەبەر دەستی هەمووان، خاوەن ناوەرۆکێکی دامەزراو لەسەر بنەمای نیازە جیهانییەکان، هەوڵدان بەمەبەستی خاوەن بەشبوونی هەرچی باشتر لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بەبێ لەئارادا بوونی بڵاڤۆکگەلێکی ئازاد سەرکەوتن و وەدەست ناهێنێت. بەنزیک بوونەوە لە سەدەی بیست و یەکەم، گەڕیانگەلی خەبەری و پێوەندییە پێشکەوتووەکانی نێونەتەوەیی ئاسۆیەکی تەمومژاویمان دەخەنە بەرچاو. کاریگەرییە سەلبییەکانی ئەم بارودۆخە بریتین لە: نەبوونی هاوسەنگی لەسەرچاوەکانی ئابووری جیهاندا لەئاستی باڵا، ناسەقامگیری زۆربەی وڵاتانی تازە بنیادنراو و لەحاڵی گەشەسەندندا و چوونە سەرێی بەرچاوی ڕێژەی جەماوەر کە لە زۆربەی وڵاتاندا سەرباری سەرچاوەکانی بەردەستە. بێجگە لەو هۆکارە سەلبییانەی کە باسیان لێ کرا، دەکرێ ئاماژە بەگوشاری تەکنۆلۆژییە خەرج هەڵگرەکان لەسەر وڵاتانی هەژارتر بکەین. ئەو ڕێگا چارانەی کە تەکنۆلۆژییە سەرترەکان بەدەستەوەی دەدەن لەوانەیە هەمیشە وەڵامدەرەوەی پێداویستی ئەم وڵاتانە نەبێ، بۆ نموونە، دانانی کۆمپیووتەر و تێرمیناڵی نیشاندانی ڤیدیۆ ئەگەر ببێتە هۆی بێکاربوونی کارمەندی تایپیێست، بیرۆکەیەکی گونجاو نییە. ئەگەر هەواڵنێران خۆیان هەواڵەکان تایپ بکەن، ئەم کارمەندانە دەبێ چ ئیشێک بکەن؟ ئیمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتاندا هێشتاش چاومان بەهەندێ پیشەی کاربەر لە هۆڵەکانی تایپ دەکەوێ. تەکنۆلۆژی سیستمگەلی ئابووری لەحاڵی گەشەسەندندا لەوانەیە زۆرتر پیشە بەرهەم بێنێت تا ئەوەی پیشە بسڕێتەوە، بەڵام ئایا ئەم شتە لە وڵاتانێکیشدا کە نرخی بێکاری لەسەدا چلە ڕاستە؟

**سەرچاوە: مجلەء رسانە، شمارە دوم، سال پنجم، صص ١٦-٢٦.**

# «گۆسانەکان» هونەرمەندی ڕەسەنی دەڤەری هەورامانن

دارا محەمەد عوسمان هەورامانی
(بەڵخە - هەورامان)

ئەگەر بە وردی تەماشای فەرهەنگ و کولتووری هەورامان بکەین، زۆر شتی سەرسوڕهێنەرمان بەرچاو دەکەوێت، کە ئەوانە مێژووەکەیان بۆ پێش زایین دەگەڕێتەوە، هەروەک چۆن لە جیهاندا (٧) شتی سەرسوڕهێنەر هەن، کە لەم جیهانە پان و بەرینەدا بوونەتە سەرچاوەی توێژینەوەی نووسەران و هونەرمەندانی خاوەن قەڵەم، ئەو شتە هونەرییانەش بەدەست و پەنجەی هونەرمەندان دروست کراون، وەک:

١- منارەی ئەسکەندەرییە.
٢- ئەهرامەکانی میسر.
٣- تاوەری بیزا.
٤- باخچە هەڵواسراوەکانی بابل.
٥- پەیکەری ئازادی لە ئەمەریکا.
٦- بەترا.
٧- تاج مەحەل.

ئەمانە جێگای شانازی ئەو نەتەوانەن، کە ئەو شارستانییەتیان بۆ ماوەتەوە. لێرەدا پرسیارێ دێتە مەیدانی باسەکەوە ئەویش ئەوەیە، ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی ڕوویان کردووەتە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بۆچ مەبەستێک هاتوون؟

بە ڕای ئێمە مەبەستی سەرەکییان ئەوە بووە، لە وڵاتەکانی خۆیان ئەو کولتووره، بکەنە سەرچاوەی بابەتەکانیان، بۆیە ڕوویان لەم وڵاتانە کردووە، کە سەرچاوەی ژیاری و هونەریی تێدا پەرەی سەندووە. دیسان هەوڵی ئەوەیان داوە، کەڵک لەو هونەرە نەمرە وەربگرن، بەڵام کە هاتوونەتە کوردستان، ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە پرسیاریان لە خەڵکی نەشارەزا کردووە، یان زۆر نەگەڕاون، یان بۆ مەبەستی خۆیان هاتوون، ئەگینا هەورامان چەندین شتی سەرسوڕهێنەری تێدایە کە

مێژوویان زۆر دێرینە، ئەوە (ژیرلامەرێ) ئەحمەدی نەزیری لە گۆڤاری (رامان)ی ژمارە (٥٠)ی ساڵی (٢٠٠٠) زایینی لە ل٦ - ٩، لە بارەی زاراوە ڕەسەنەکانەوە دەڵێت: (ژیرلا لە مێژەوە تا پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە هەوراماندا بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بەهۆی ژیرلا، (شوورا) بەڕێوەچووە. هەڵبژاردنی ژیرلا لە یەکەمین ڕۆژی ساڵدا چوار تا پێنج ساڵ ئیشوکاری ژیرلای پێشوو بڕیار دراوە، ژیرلای تازە هەڵبژێرن. لە (مەرێ)دا پاش ئاگادارکردنی هەمووان (١٥-٢٠) کەس لە لایەن ڕیش سپییەکەوە، کە پێیان وتووە (پاوەر) و ئەمینداری هەمووان بووە)(١)

ئەم پەرلەمانەی هەورامان کۆنترین پەرلەمانی جیهانە، دوای چەند سەدەیەک، ئینجا جیهان توانیویەتی هەڵبژاردن ئەنجام بدات، بەڵام لەهەوراماندا هەروەک ئاماژەم پێدا لە پێش زایین ئەو کارە ئەنجام دراوە، یان جەژنی کۆمسا، کە هەورامییەکان ئەنجامی دەدەن، جەژنی پیرشالیاریشی پێدەڵێن. دیارە ڕێورەچکەی ئەم جەژنە زۆرە، ئەوەتا محەمەد مەلا صاحب، لە کتێبی پیرۆزی پیرشالیاری زەردەشتیدا، لە ل١١-١٢، دەڵێت: (پیاوان لە خانووەکەی پیرشالیاردا کۆ دەبنەوە، لە پێشەوە بە دوو ڕیزەوە بەنۆرە دەست دەکەن بە هەڵپەڕکێ، لەدواییدا هەمووان دادەنیشن. دەست دەکەن بە نان خواردن، پاش ئەوە (بەردێک) کە پێی دەڵێن «کۆمسا»، کە لەنزیک گۆڕی پیرەوەیە، گزیرەکان دەیشکێنن و بەشی دەکەنەوە بەسەر خەڵکدا بۆ موفەڕکی وەک دەڵێن: هەموو ساڵێک وەک خۆی لێ دێتەوە..)(٢) پاشان بەردی (کۆمسا) هەموو ساڵێک هۆرامییەکان لە بندا دایدەتاشن و وەکو خۆی لێ دێتەوە، ئەمە ئەگەر شتێک نەبێ لەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی جیهان، ئەی ئەمە چییە؟ ئەی ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە کە تایبەتە بە کولتووری هۆرامان، ئایا ئەو جۆرە ئاوازانە لەناو هیچ گەل و میللەتێکی جیهاندا هەن، یان نا؟ بێ گومان کولتووری هەورامان یەکێکە لە دیاردەکانی جیهان، کە تا ئێستا ڕۆژهەڵاتناسەکان لەسەریان نەنووسیوە، یان ئەو نووسەرانەی زێد زادەی خۆمان زۆر بە کەمیی لەسەر فەرهەنگ و هونەر و کولتووری هەورامانیان نووسیوە، ئەمەیان یانی چی و بە چ هۆیەک باسی لێوە بکەین؟

دیارە کار و پیشەی نووسەر، یان لێکۆڵەرەوە پێش هەموو شتێک پێویستە عیشق و وەفاو ڕاستگۆیی هەبێت بۆ ئەو مۆرکە هونەرییانەی بەو میللەتەوە پەیوەستن، کە لە میللەتێکی دیکە جیای دەکاتەوە. دەبێت لە دڵ و دەروونیدا هەندێ پرسیار و وەڵام بخاتە چوارچێوەی باسەکەیەوە، هەندێ نووسەر و هونەرمەند هەن، بە نەشارەزایی لەناو کولتووری خۆیاندا باسی وادەکەن، کە هەرگیزاو هەرگیز ئەو باسە پێوەندی بەو هونەر و ئەدەبەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایی و لێهاتوویییان بەرانبەر بە دابونەریت و ئاکاری خۆیان کەمە، یان لە لاسایی کردنەوەدا زۆر ئازایانە ئەو کولتوور و دابونەریتە بە خێرایی دەقۆزنەوە، بەبێ ئەوەی کەڵک و زیانەکانی لێک بدەنەوە. تارادەیەک لاسایی کردنەوە، لە چاولێکەری باشترە، چونکە لاسایی، هەندێ مۆرکی ئەو هونەرە دەهێڵێتەوە، بەڵام چاولێکەری دەبێتە هۆی توانەوەی هونەری ئەو میللەتانە لەناو میللەتێکی دیکەدا، کە ئەمەش زیان بە پاشەڕۆژەکەی دەگەیەنێ، نەک قازانجی هەبێت بۆ هەمووان. د. محەمەد ئەمین هەورامانی لە فەرهەنگی ئاریان ڤاچ، بەرگی یەکەم لە ل٥دا، دەڵێت: (سەرپاکی ئێرانی دەمی ئەشکانی، یان ساسانی لێی تێبگەن و بەڵکو لەنێوان پالەوی ڕۆژهەڵاتی ئێراندا، زۆر جیاوازە لەوەی پێی دەوترێ پالەوی ڕۆژئاوایی و هەردووکیشیان زۆر دوورن لەوەی دەمی ساسانییەوە، تارادەیەک لە یەکترییەوە نزیک بوون، بەجۆرێ ڕۆژهەڵاتییەکە لە زمانی ڕۆژئاواییەکە تێنەگەیشتووە! زمانی قەباڵەکانی هەورامان بەشێوە زمانی ڕۆژئاوایی تۆمار کراوە، لە زمان و لە شێوەی نووسینیشەوە لەوەی ڕۆژهەڵات زۆر جیاوازە)(٣)

ئەگەر لەسەر نهێنی و شتە سەرسوڕهێنەرەکانی هەورامان بنووسرێ و لێیان بکۆڵرێتەوە، ئەوە ئەوەندە زۆرن، نەک حەوت شتە سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان، بگرە لە هەوراماندا، هەر لە نەوەد و نۆ پیرەی هەورامانەوە تا (ژیرلامەرێ)، تا (گۆسانەکان) خۆی لە دەیان شتی سەرسوڕهێنەری جیهان نزیک دەکاتەوە، کە لە هەوراماندا بنەی داکوتاوە.

مەبەستی سەرەکی باسەکەشم، باسێکی هونەری گۆرانییە، کە لە کولتووری هەوراماندا لە ئەدەبی یارسان و ڕێورەچکەی کاکەیی و تا ئەم سەردەمەش هونەری «گۆسانەکان» دەنگی داوەتەوە «گۆسانەکان» گوند بە گوند و شار بە شار گەڕاون و ئاهەنگیان گێڕاوە، لەسەر (سەکۆ و زنوێر) باسی ئەو دیاردانەیان کردووە، کە لەناو

کولتووری میللەتەکەماندا هەبوون، نەک ئەو شتانەی کە هەر پێوەندییان بەو هونەرەوە نەبووە، واتە باسی هونەری ڕەسەنی خۆیان کردووە و ئەو هۆنراوانەیان وتووە، کە شیاوی وتن بووبێت، وەک ئەم چەند دێرە هۆنراوەیە، کە لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠٠٠دا هاتووە:

**(هەورامان ئاسۆت هەمیشە دیار**
**جەناتوون تەجری تەحتکەل ئەنهار**
**سینەم کاردۆژە زیلّم ئازاد بۆ**
**جاریوتەر وەگێلّ هۆبەکات شادبۆ...)**«٤»

دیارە هەورامان چ وەک شوێن و دیمۆگرافیا چ وەک لایەنی ژیاری و شارستانی، چ وەک هونەر پێگەی دیار و تایبەتی خۆی هەیە. «گۆسانەکان» پارێزگارییان لە هونەری ئاریان ڤاچەکان کردووە. ئەوەتا لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٠٧)دا ساڵی ٢٠٠٦ زایینی عادڵ محەمەد پوور، لە ل١٩٣-١٩٧،دا دەڵێت: (گەزنەفۆن لە ساڵەکانی (٤٥٥-٣٥٥) پ.ز، باس لەم سروودانە دەکات، کە تا ساڵەکانی پاش کورۆش، دەچڕانەوە، لەم سروودانەدا، کە لەلایەن «گۆسان»ەکانەوە دەوترانەوە، باسیان لە ڕەوش و ئاکاری بەرز و جوانی کورۆش دەکرد. ئەم سروودانە نیشاندەری تایبەتمەندییەکی بەرزن، کە تا ئێستا کەمتر باسیان لێوە کراوە. ئەویش چەمکی ئەدەبی، جەماوەر و ڕەهەندی فۆلکلۆر بوونی ئەم دیاردەیە، لەلایەن گێڕەوە و «گۆسان» و سترانچڕانەوە، وتراونەتەوە سنگ بە سنگ و نەوە بە نەوە سەردەم دوای سەردەم پارێزراون و گێڕراونەتەوە، هەبوونی جێ پێی ئەم (گۆسانانە) لە چاخی مادەکان و هەخامەنشییەکان و پارتییەکان و ساسانییەکاندا دیارە...)(٥)

ئەم گۆسانانە لەو سەردەمەدا ئەوەندە کارامە بوون، واتە سەردەمی حوکمڕانی ئەو چوار دەسەڵاتەدا، گۆسانەکان کارا و چەلەنگ بوون لە ئەنجامدانی کاری هونەریی ئەو سەردەمەی خۆیان، کە تا ئەم ساتەوەختە، جێگەی نەوەکانی داهاتوومانن. هەروەها لە سەردەمی ئەم گۆسانانەدا، هونەر برەوی خۆی سەندووە، بە تایبەتی لە سەردەمی ساسانییەکاندا هونەر گەیشتە بەرزترین لووتکە. لە ڕێگەی حەقیقەت و جوانیشدا چ لە ڕووی ڕووخسار، چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە تاکە بەنرخەکانی هونەر ئاوێنەی ڕاستی و دروستی بوون، چونکە هونەر کاتێک جوانە، کاتێک نەمرە، کە هەردەم لە دڵ و دەروونی جەماوەردا گەشە بکات و ڕێوڕەچکەی ڕاستەقینەی خۆی بپارێزێ، گەواهی بابەتەکە سەردەمی ئەو چوار دەسەڵاتەی هونەری گۆسانەکان لە کاروانی پێشکەوتندا بووە.

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە «١٤٣»دا، لە نووسینی سەعید سلێمانی (١-٢) کوشتنی هونەر لە پێناو ئەبەدییەتدا، لە ل١٣٢،دا دەڵێت: (هونەری ڕاستەقینە، هونەرێکە لە ئازادی بێ سنووری مرۆڤ بدوێت، یان پانتاییەک بێت بۆ ئازادی ڕەها و ناکوتایی مرۆڤ)(٦) ڕاستە هونەر مەودایەکی فراوانی هەیە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هونەر و ئاواز و گۆرانی وەک هەر نەتەوەیەک خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو هونەرە نەوە بۆ نەوە، پارێزراو دەبێت. ئەو هونەرە ڕەسەنە سەرچاوەی ڕەسەنیی خۆی لەدەس نادات. بێ گومان هونەری هەورامان لەم لاو ئەولاوە هەوڵی خنکاندنی بۆ دراوە، چونکە بنەما و مۆرکی لە خاک و خۆڵی زێدی خۆیدا بەدەست هێناوە، بۆیە تائێستاش کە هونەرمەندێک دەم دەکاتەوە، خەڵکی هەورامان نەبێت فۆرمەلەکەی تێکەڵ دەکات، چەمکەکانیش تێکدەدات، دەکرێ وەها سەودا و مامەڵە لەگەڵ شیعردا بکرێت، کە گیانی ئەو شیعرە بە زیندوویی بمێنێتەوە و هەڵگری ئەو پەیامەش مەبەستێکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت، کە جەماوەر لێی تێبگات، نەک جەماوەر چەواشە بکات، وەکو ئێستا کە دەبینین لە سەرتاسەری جیهاندا هونەر بەرەو هونەرێکی (ڕاپ) دەڕوات، کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاواز و دەقە شیعرییەکان. لەسەرچاوەی پێشوودا لەلاپەڕە (١٣٣)دا، دەڵێت: (شیعر نەک هەر تەنیا دەقێکی مردوو نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی زیندوو و ئازادە، کە هەوڵدەدات و تەشەنە دەکات و ڕۆژ بە ڕۆژ دەکرێ ئاماژەی زیاتری بۆ زیندوویەتی تێدا بدۆزێتەوە.)(٧)

ئەو شیعرانەی کە لە دەقەری ئاریزانتەکانەوە، لەو ساتەوە تا ئەمڕۆ لەگەڵ ئاوازی ئەو (گۆسانانە)دا، ئاوێزانی یەکدی بوون، وەک قەڵغانێک ئاوازەکان پارێزراون.

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٣٩)دا، چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشەنگ کامکاردا کراوە دەڵێت: (لە قۆناغی جۆراوجۆردا، چەند هونەرمەندێک هاتوون و بە نوێگەر خۆیان دەرخستووە)(٨) ئەو گۆسانانە، کە لە سەردەمی خۆیاندا نوێگەربوون و دیارە پێش ئەوانیش هونەرمەندی

دیکه هەبوون، کـه لە بواری هونەر و ئاواز و گـۆرانی و ژیانەوەی ئەو هونەرەدا دەســـتـــێکی باڵایان هەبووە، ئەوگۆسانانە کە گۆرانییان فەرمووە لەو ساتەوەختەدا، ئاخۆ ئامێرەکانیان چی بووبن؟ دیارە ئامێرەکانی ئەو هونەرمەندانە (دەهۆڵ و زورنا و کەمانچە و سەنتوور بووە) کە ئەم ئامێرانەش هەر هەموویان زێد زادەی خاکی پاکی هەورامانە. بەڕای من لە هەموو ئان و زەمانێکدا، گرووپی موزیکی و گۆرانیبێژ یەک لەدوای یەک هاتوون و بۆ هونەری هەر نەتەوەیەک بە نەمری دەمێننەوە. وەک (گۆسانەکان)، (نەکیسا، باربووت، ئەنگاریز) دواتر سروودی گاتاکان، لە ئاتەشگەدەی زەردەشتیدا، لەلایەن نەوەدونۆ پیرەی هەورامان، بە دەنگی ئەو نەمرانە، سیاچەمانەیان چڕیوە، کە ئەو ئاوازانە، ئاوازی ئایینی ئەو سەردەمە بوون. دواتر لەسەردەمی دیدا هونەرمەندی دیکە هاتوون، تا هونەر و ئاوازیان گەیاندووەتە ئەمڕۆ، بۆیە هونەر وەچە بۆ وەچە بە پاکی ماوەتەوە، چونکە ئەگەر هۆر و مۆزیکی گۆرانی پێشینەی نەبێ، ئەوە ئەو هونەرە نرخ و بەهای کەم دەبێ، بەڵام ئەگەر لەسەر مۆرک و پێشینەی خۆی پشت بە ڕابردووە ببەستێت، ئەوە لە داهاتووشدا، ئەو هونەرە پەرە دەسێنێ.

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٠٧)دا، عادڵ محەمەد پوور دەڵێت: (مادەکان پتر لە سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش خاوەنی دەزگای ژیارێکی دیموکراتی بوون، ڕێزیان بۆ ڕوانگەی ئەوی دی داناوە، زۆریش لەسەر فەرهەنگی مەعنەوی و کولتووری خۆیان تۆکمە بوون)(٩) هونەری گۆرانی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی موزیک، کە پارێزگاری لە مۆرکی نەتەوەیی دەکات و شارستانیەتی ئەو میللەتەش دیاری دەکات. ئاوازگەلی هەورامان باس لە فرە چەشنی واتای کولتووری دەکەن، گۆرانی (یەزن یەزن) ئەو گۆرانییەیە کە هەرچەندە لەسەر ڕیتمی خێرا دەوترێ، بەڵام زێد و مـــۆرکی ئەو ئاوازە بۆ ئەو ڕاز و چیرۆکە ئایینیایەی زەردەشت دەگەڕێتەوە. هەر لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: (لە ئێرانی پێش ئیسلامدا، شیعر وەک ئامرازێک لە خزمەت سروود و مۆسیقادا بووە. مۆسیقا دەورێکی سەرەکی بینیوە، لە دەربارەکان و دیوەخانەکاندا. زەردەشتییەکان خاوەنی دەزگایەکی بڵندی ژیاری مرۆڤایەتی بوون، پتر بایەخیان بە مۆسیقا داوە، لە دەربارەکاندا گرووپێک بوون بەناو «گۆمسان»، کە بە ئامرازی مۆسیقا بەربەت، ڕوود، چەنگ، تەمبوورە، سروودیان وتووە. وەک: (باربەد، نەکیسا، بامشاد و ڕامتین...)(١٠)

هەرچەندە لەسەر ئەو هونەرمەندە نەمرانەی (گۆسان)ەکان بنووسرێ، وەک ئەوە وایە مشتێک لە خەرمانی گەنمت وەرگرتبێ، دیارە ئەو گۆرانیبێژانە، یان ئەو سروود واچانە، هونەرمەندی ڕاستەقینەی (گۆسان)ەکان بوون، چونکە ئەوانە ئاوازی بەرزە چڕیان وتووە، نەک ئەو جۆرە گۆرانییە، کە بۆ ماوەیەکی کەم زیاتر لەبیر و هۆشی خەڵکیدا نامێنێ و لەبیر دەچێتەوە، بەڵام هۆرە و سیاچەمانە، چونکە مۆرکی زێدزادەی ئاریانڤاچەکانە لەو ساتەوە تا ئەمڕۆ وەک: مەولەوی ئاسا دەڵێت:

**(چەمان زیلەی زەنگ زەواری مەیۆ**
**زرنگەی قافڵەکەی وەهاری مەیۆ)** (١١).

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٠٧)دا، عادڵ محەمەد پوور لە لاپەڕە (١٩٧)دا، دەڵێت: (شێوەکاری گۆرانبێژان «گۆسان»، یان شاعیرانی گەڕۆک وابووە، کە لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر گەڕاون ئەو شیعر و ئاوازانەی، کە دڵخوازی جەماوەر و شەقام بوون، چڕاونەتەوە. لەگەڵ ئامێری (چەنگ، بەربەت و ڕوود، تەمبوورە)دا، هاودەنگ کراوە(١٢)

هەڵبەتە لە سەردەمی یۆنانییەکانیشدا، واتە لە دەورەی وڵاتی ئارێزانتەکاندا، ئەم دابونەریتە پەیڕەو کراوە و بایەخێکی زۆریشی پێدراوە، بە تایبەتی شیعرەکانی «هۆمەر و هیسیۆ» کراون بە ئاواز و گۆرانی و زۆر بە شێوازێکی دابونەریتی جوان ئەو گۆرانییانە وتراون. لە مێژووی ویێژەی کوردی، بەرگی سێیەمدا، سەدیق بۆرەکەیی لە لاپەڕە (٤٠ - ٤١)دا دەڵێت: (مۆسیقا و شایلۆغان لە ڕابردوودا لەناو هۆزەکانی کوردا گەلێ برەوی هەبووە، بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی مادەکان مۆسیقایان بۆ هەڵپەڕکێ و سەما بەکاردەبرد، ساسانییەکانیش پەرەیان بە مۆسیقا و شایلۆغان و گەورەترین چاوێژ و ستران وانی دەوری خەسرەو پەروێز (٥٠٩ - ٦٢٨) باو بووە، باربەد و نەکیسا و باوشاد، سترانچڕ بوون، وەکو دەڵێن هەرسێکیان لە وڵاتی مادا ژیاون)(١٣).

هەروەک چۆن مرۆڤ لەسەر ئەم جیهانە ژیاوە، هەر بەو شێوەیەش ئاواز و گۆرانی هاوشانی مرۆڤ پەیدا بووە، «گۆسان»ەکان سروودی ئایینی زەردەشت، سیاچەمانە هۆرە وتراوە، دواتر سروودەکانی سەرئەنجام، کە بە

تەمبووره وتراون، هەروەها لە جەمخانەکاندا تا تەکییەکان بەهۆی ئامێری جۆر بەجۆرەوە، ئەو گۆرانییانە بە شیعری پەنجە لە بۆنە و جەژنەکاندا، ئاواز دانەر و شیعرخوان و گۆرانیبێژان هەرسێ گرووپەکە جەم بوونەتەوە و ئاوازی ڕەسەنی خۆبانیان فەرمووە. لە سەرچاوەی پێشوودا، دەڵێت: (ئاوازی ڕەسەنی بابە یادگاری سەرانەیی کە یەکێ لە ڕێبەرانی یارسانە لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا، لەیەکێ لە پارچە هەڵبەستەکانیدا خۆی بە نوێنگەی بارە بەدو، شا ئیبراهیمی ئامۆزای بە خەسرەو پەرویز ساسانی دەچوێنێ و دەڵێ:

**(یادگارەتان زولاڵ سەرمەست**
**چاگا کە خەسرەو بادام داشکەست**
**وەریک و فەرمان خواجەکەی ئەلەست**
**بادە بەد ئاما بەربەتێ ئەوەست**
**سێ نەوای هەورام پەی دڵداران بەست**
**ئەز بارە بەدبیم نەبەزمگای ئەلەست**
**کاکەم خەسرەو بێ نەگرد بەندێ ڕەست)** (١٤)

ئەی یادگاری سەرمەست کاتێ کە خەسرەو بارامی تێکشکاند بە فەرمانی خواجە ڕۆستەم بارە بەد هات و بەربەتێکی لە دەستا بووە و ئەوسا سێ ئاوازی بۆ ئەویندارا ن لێ داو من لەو بەزمەدا لە هەموو بەندو گیروگرفتێک ڕزگارم. ئەو هۆزانە پەنجەییە، ئەو ئاوازەی بارە بەد، ئەو هونەرمەندە دەنگ زولاڵانە، کە لە هەوراماندا هەبوون ئەوە یادگاری هونەری ڕەسەنمان بۆ دیاری دەکات، هونەر و ئاوازی ڕەسەن، هەرچەندە زەمانەی بەسەردا تێپەڕێت هەرگیز ئەو هونەرە کۆن نابێت و هەردەم لەگەڵ چەرخە جۆراوجۆرەکاندا، ئەفراندنی ئاواز و گۆرانی، بەپێی سەردەم نوێ دەبێتەوە. ئەگەر بەوردی تەماشای فەرهەنگی گۆرانی بکەین ئەوە ئەم وشەیە لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە ڕاڤە دەکرێ وەک! کرکە، سروود، گۆرانی، هۆرە، سیاچەمانە.

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٠٧)دا، عادڵ محەممەد پوور لە لاپەڕە (١٩٨)دا، دەڵێت: (لە چاخی مادەکانا و دەسپێکی ئەم دایە لەلایەن «ئەنگاریس» و تا ساسانییەکان بەناوی (خونیاگەر) و پاشان «عاشوق، عاشیق» ئورامەن، یارسان و، نەیچی و موتریب و (مغنی)، و...تا بە ئەمڕۆ بە گۆرانی ئێمە گرێدراوە)(١٥) گرینگی (گۆسانەکان) لەوەدایە، ئەم

گرووپە بە ئامێری موزیکی تایبەتی خۆیان شادی و لۆغانیان ئەنجام داوە، دیارە لەگەڵ وتنی گۆرانییەکاندا جۆرەکانی هەڵپەڕکێ بە سازشێکی زۆر زەریف ئەنجام دراوە. لێرەدا پرسیارێ دێتەوە یاد، ئەویش ئەوەیە ئایا «گۆسانەکان» لەو ساتەوەختەی خۆیاندا چۆن هاتوچۆیان کردووە؟ یان چۆنیان توانیوە ئەو هەموو کارانە بە زەریفی ئەنجام بدەن؟ بە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆر زەحمەت کارەکانیان تەواو کردووە، لە هەمان کاتیشدا سەرکەوتوو بوون، لە کارە هونەرییەکانیاندا لەگەڵ وتنی گۆرانییدا، جۆرەکانی هەڵپەرکێیان کردووە، وەک لە مێژووی وێژەی کوردیدا دەڵێت: (بازیانی، چەپی دوو پێی، ڕاستی، هەڵخەسێ کەوشە، لەملان و لەولان، لەنجەولار ئایشۆکێ، بابلەکان، چۆک جەمینە، دووبارە دیلان، هەورۆ ڕۆینە، شەمرۆکە، خانم مەڕۆ، خانەمیری، سۆلەتکی)(١٦)

ئەو هەڵپەرکێیانەی کە ناوم هێنان، هەر هەموویان ئاوازی گۆرانییان، بەناوەوە هەیە، هەریەکە لەو گۆرانییانە، ئاوازی موزیکی خۆی هەیە، ئەو ئاواز و گۆرانییانە، زۆربەیان بە ئامێری شمشاڵ و زوڕنا و دەف بۆیان دەلوێت. هەورامییەکان بۆ بەرزراگرتنی کولتووری خۆیان، زۆریان ئەرک کێشاوە تا ئەو هونەرە بە ئەنجام گەیەنراوە. گۆسانەکان کاتێک کاری هونەرییان ئەنجام داوە، هونەرمەندی ڕەسەنیان لەگەڵ خۆیان بردووە، کە شارەزایی تەواویان لە ڕێوڕەچکەی ئەوکاتەی مادەکان هەبووە، هەر لەخۆیانەوە ئاوازیان نەچڕیوە، بگرە ئەو شیعرانەی کە لەگەڵ هەر ئاوازێکدا نەگونجابێ، ئەو هونەرمەندانە، ئەو شیعرەیان بەکارنەهێناوە.

لەگۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ٢٠٠٦دا، عادڵ محەممەد پوور لەلاپەڕە (٢٠٠)دا دەڵێت: (ئەگەر سەرەتای سەرهەڵدانی پرۆسەی «سیاوچەمانە» باقی شێوە ڕەسەنەکانی تری شیعری مۆسیقای گاسەکان و یەسنای ئاوێستایی بزانین، ئەوە «ئۆرامەن» فەهلەویان «پەهلەویات» دەبێتە کۆڵەکەی ناڤینی ئەم بزاڤە لە چەند سەدە پێش و پاش ئیسلامدا، بۆ ئەم بزاڤە مۆسیقییە کە لەم سەردەمەدا بەو چەشنە ئوسولووبانە لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتدا، کە پێشتر باسمان لێوە کردن وێنایان دەکەین «ئۆرامەن» چەشنێک وتنەوە و گۆرانییەک بوو تایبەت بە هەورامییەکان، کە شیعرەکانیش لەسەر ئوسلووبی بڕگەیی

پەهلەوی بووە، «ئۆرامەن» کۆنترە لە شیعری عەرووز بوون)(١٧)

بەرگری و مانەوەی ئەو ئاوازە بەرزە چڕانە، یان ئەو شیعرە پەنجەییانە، بەڵگەی زیندووی هەورامان و ئاریانڤاچی شاخی (ئاویەر) بەرانبەر بە شاری (سنە)، ئارامگای ئەو مرۆڤانە بووە، کە ئایین و هونەریان لە ئاتەشگەدەکاندا، بە مۆرکی ڕەسەنی خۆیان زانیوە، گۆسانەکان بنەوبارگەیان ئەو مەنزڵگا پیرۆزانە بووە، بۆ وتن و ژەنینی ئاوازی ڕەسەن. هەروەها هۆڵی «ڕیتەش» هونەرمەندە گۆرانیبێژەکان ئاوازی سیاچەمانەیان لەو هۆڵەدا چڕیوە. چۆن زەردەشتییەکان ئاتەشگەدەیان بۆ پەرستنی ئاهورامەزدا هەبووە، ئاواش هۆڵیان بۆ کار و ئەنجامدانی کۆڕوکۆبوونەوەکانیان هەبووە، بە مەبەستی سازدانی ئاهەنگ بەدەنگی هونەرمەندە دەنگخۆشەکانی ئەو سەردەمە. لەو ئاتەشگەدانەدا، ئەو سروودە ئایینییانە، بەشێک بوون لە پاڕانەوەی (زەردەشت) لە ئاهورامەزدا و ستایش کردنی یەزدان.

ئایا ئەو ئاوازانە، یان ئەو سروودە ئایینییانە، ئەو ئاوازانەی ئێستان، یان جیاوازییان هەیە؟ بەڕای من ئەو ئاوازانەی ئێستا دەوترێن هەر میراتگری ئەو ئاوازانەن، کە سنگ بە سنگ ماونەتەوە. مەبەستێکی دیکەی «گۆسانەکان» ئەوەبووە، ئەو هونەرە لە یەک شوێندا قەتیس نەبێ، بۆیە لە شوێنە جیاجیاکانی ئەو کاتەی هەر چوار دەسەڵاتەکە، پەرەیان بەو هونەرە داوە.

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٤٣)دا، سەعید سلێمانی دەڵێت: ئەوانەی کە هونەری داخراو و سنووردار دەست نیشان دەکەن، کەسانی بێ زەوق و بێ بەهرە و ئەندێشەن...)(١٨) هونەر مەودایەکی فراوانی هەیە، چونکە لە هەندێ حاڵەتدا هونەر ئەوەندە جوانە، حەتمیەتی ئەو هونەرە وادەکات، کە شان بە شانی ئەدەبی جیهانی ئەو هونەرەش جیهانیبوونی خۆی بسەپێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ خەسڵەت هەن، تایبەتن بەو نەتەوەییە کە بەو خەسڵەتانە دەزانرێ، ئەو هونەرە هی چ میللەت و نەتەوەیەکە ئەو هونەرمەندانە لەوساتە وەختانەدا ئاوازیان چڕیوە، هونەرمەندی ڕەسەن بوون، تۆ بڵێی ئەو هونەرمەندانە، کە لەو ساتەوە ناوی خۆیان ناوە «گۆسان»ەکان، مەبەستی سەرەکییان لەو ناوە ڕەسەنە چی بووبێت؟ دیارە فەرهەنگ و کولتووری میللەتان بەوە دەناسرێ، کە هەر وشەیەک لە فەرهەنگدا خانەبەندیی نەبێت، ئەو زاراوانەش بە وشەی داتاشراو دادەنرێن، بەڵام وشەی «گۆسان»ەکان، زاراوەیەکی فەرهەنگییە، چونکە لە کولتووری هەوراماندا ڕیزبەندی و پۆلێنی تایبەتی خۆی هەیە. لە هەمان کاتدا ئەو «گۆسانانە» موزیکژەن بوون، توانایەکی بەهرەییان بەرانبەر بە موزیک هەبوو و توانیویانە ئامێرەکانی (دەهۆڵ، زوڕنا، دەف، تەمبوورە) بکەنە ئاوێزانی ئەو ئاوازە بەرزە چڕانە، کە ڕەسەنایەتی ئەو میللەتە بە بەڵگەی زیندوویی نیشان دەدات، ئەو هونەرمەندانە لەگەڵ شیعردا جیهانێکی دیکەیان خوڵقادووە کە تا ئەمڕۆ ئەو ئاواز و گۆرانییانە بە نەمری ماونەتەوە، هونەری هەورامان لەسەر مۆرکی خۆی لەناو زێد و زێدزادەی ئەو هونەرە بە هەموو بەشەکانییەوە، بەتایبەتی هونەری گۆرانی، چۆن «گۆسان»ەکان لە ساتەوەختی خۆیانەوە بەجوانی و زەریفی پێشکەش کردووە، تا ئەمڕۆش ئەو هونەرە، هەر بە ئەرێنی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە سەرچاوەی ئاوازگەلی گۆرانی و موزیک لەسەر ئەو هۆزانە پەنجەییانە نەشونمای کردووە، بۆیە هەر هونەرمەندێک هەورامی نەبێ، ناتوانێ ئەو گۆرانییانەی هەورامان بڵێ، جا بۆیە تێکدانی سیمای ئەو هونەرە، تێکدانی سەرچاوە و کولتوورمانە. هونەر بەنرخ و بەهاکەی کەی و لەکوێ دەردەکەوێ؟ یان جوانیناسی و ئاواز و گۆرانی و شیعری لیریکی پەیوەست بەو هونەرەوە، لە چ کاتێکدا حەتمیەتی خۆی دیاری دەکات؟ ئایا هونەری ئاواز و گۆرانی و موزیکگەلی ڕەسەن، هەروا بەبێ بوونی واتای جوان و فۆرمەلە دێتە ناو بابەتی جوانییەوە؟ ئایا هونەر و گۆرانی بەبێ فەلسەفە دێتە ئاراوە، یان هەر لەخۆیەوە سەرهەڵدەدات؟ ئایا هونەری گۆرانی بەبێ بیرۆکە، گۆرانییە؟ یان وشەی ئەم لاو ئەولا ڕیزبەند دەکرێن و دەبنە گۆرانی؟ هونەری گۆرانی، یان هەر بەشێکی دی هونەر دەبێت بە فەلسەفە و گیانی «ڕۆح» لە یەکدیدا بە ئاقارێکی ڕاست و دروست نەشونما دەکات، تا لەسەر فەلسەفەیەکی بێ واتا ئەو هونەرە دروست نەبێ، چونکە هونەر ڕاستە شەقامێکی ئاراستەکراوە، نابێت ئەو هونەرە لە ڕێگەی ڕاستەوە بەرەو ڕێگەی هەڵدێر هەنگاو بنێت، بەتایبەتی هونەری گۆرانی ڕاگەیاندنەکان بۆی پەرۆشن، هەر ئەوەش وای کردووە، جەماوەر سەرپشک بن لە هەڵبژاردنی هونەری ڕەسەن و هونەری ناڕەسەن، هونەری ڕەسەن هاوتای مەعنەویەتە، بەڵام هونەری ناڕەسەن بە

پێچەوانەوەیە، نا دروستە.

ئەگەر هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ ڕێوڕەچکەی خۆی ون بکات، ئەوە ئەو هونەرەی بەرەو هەڵدێر دەبات، هونەرمەندی گۆرانیبێژ دەبێت ئاگای لە باری ژیاری و کۆمەڵایەتی چین و توێژەکانی ئەو فەرهەنگ و دابونەریتە بێت، کە ئەو هونەرمەندە خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، بەشێوازێکی ڕاست و دروست، نزیک لەبەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆشنبیریی ئەو هونەرمەندە، وەک تاکێکی ناو ئەو کۆمەڵە سەرنج و توانای خۆی بۆ هونەری ڕاستەقینە ئامادە بکات. دیارە هەموو قوتابخانە ئەدەبییەکان هەر لەپەیدابوونی ئاواز و گۆرانی تا قۆناغی کلاسیکی و ڕۆمانسیەت و ریالیزم ئەم هونەرە ئاگایی لە هەست و ئەندێشە و پێوەندی هونەرمەندی ڕاستەقینە بەهونەرەکەیەوە هەبووە.

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٤٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ لە لاپەڕە (١٢٨)دا دەڵێت: (ڕۆمانسییەکانی سەدەی (١٩) کاتێک باسیان لە بەرهەمێکی هونەری دەکرد، لایان وابوو، کە تاکە ڕێگا بۆ پێوەندی لەگەڵ بەرهەمی هونەری تەنیا هەستەکانی مرۆڤن)(١٩)

هونەر و ئاواز و گۆرانی، ئەوەندە کاریگەرییان لەسەر هەستی مرۆڤ هەیە، لە هەموو قۆناغەکانی ئەدەبی و هونەریدا یەک لەدوای یەک هاتوون، هەموو ئەو قۆناغانە پێوەندی کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەیە، بۆیە لەگەڵ پێشکەوتنی هونەر ئەو پێوەندییانە زیاتر کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەبێت. لە دنیای هونەردا شتی چەسپاو نییە، هەر قۆناغێکیش هونەرمەندی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام مەرجی سەرەکی ئەوەیە، ئەو هونەرمەندە ڕەسەنایەتی خۆی ون نەکات. لەمێژووی وێژەی کوردیدا، لەلاپەڕە (٤٥)دا دەڵێت: (هەر لە دەوری کۆنەوە مۆسیقای کوردی کاری کردووەتە سەر دراوسێکان و یەکێ لە مۆسیقازانەکانی کورد ناوی (زریاب)ە لە بنەماڵەیەکی کوردی مووسڵە و وەکو دەڵێن ئەو پەیمانگەی مۆسیقای دامەزراندووە، گەلێ گۆرانیبێژی هان داوە کە گۆرانی بڵێن)(٢٠) هونەرمەندی کۆن و نوێ لە وڵاتی ئاریزانتەکاندا، ئەو هونەرەییان یەک لەدوای یەک داوەتە ئەوی دییان، هەر لە (گۆسان)ەکانەوە، تا ئەم چەرخەی ئێمەی تێدا دەژین کاروانی ئەو هونەرە ڕەسەنە لە کاروانی هونەری جیهانی ئەگەر لەپێش نەبێ لەدواوە نییە.

**سەرچاوەکان:**


**١- ئەحمەدی نەزیری، گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠٠٠ زایینی هەولێر، ل٦.**

**٢- محەمەد مەلا صاحب، کتێبی پیرۆزی پیرشالیاری زەردەشتی چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٧٠ زایینی، ل١١ - ١٢.**

**٣- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، ئاریان ڤاچ بەرگی یەکەم، هەولێر ساڵی ٢٠٠٨ زایینی، ل٥.**

**٤- ئەحمەدی نەزیری گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠٠٠ زایینی هەولێر، ل٧.**

**٥- عادڵ محەمەد پوور، گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ زایینی هەولێر، ل١٩٣.**

**٦- سەعیدی سلێمانی، گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٤٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ زایینی هەولێر، ل١٣٢.**

**٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.**

**٨- هۆشەنگ کامکار (چاوپێکەوتن) گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٩٩ زایینی هەولێر، ل٩٩ - ١٠٠.**

**٩- عادڵ محەمەد پوور، گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ زایینی هەولێر، ل١٩٤.**

**١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.**

**١١- مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، چاپی سێیەم، سنە کوردستان، ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی، ل٤٠٢.**

**١٢- عادڵ محەمەد پوور، گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ زایینی، هەولێر، ل١٩٧.**

**١٣- د. صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٨ زایینی، ل٤٠ - ٤١.**

**١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.**

**١٥- عادڵ محەمەد پوور، گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ زایینی، هەولێر، ل١٩٨.**

**١٦- د. صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٨ زایینی، ل٤٦.**

**١٧- عادڵ محەمەد پوور، گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ زایینی، هەولێر، ل٢٠٠.**

**١٨- سەعید سلێمانی، گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٤٣) ساڵی ٢٠٠٩ زایینی، هەولێر، ل١٣٤ - ١٣٥.**

**١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.**

**٢٠- د. صدیق بۆرەکەیی، (صفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٨ زایینی، ل٤٧.**

# چەردەیەک دەنگوباسی گێل و گەمژەکان

**لە عەرەبییەوە: بەکر دەرویش**
**(دووزخورماتوو)**




**سەرەتایەکی کورت:**

ئیبن جەوزی ناوی تەواوی ئەبو عەبدولڕەحمان کوڕی ئەبی حەسەن عەلی کوڕی محەمەد کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی ئەحمەد کوڕی جەعفەر ئەلجەوزی ئەلقورەیشی ئەلتەمیمی ئەلبەکری بەغدادییە، ساڵی ٥١٠ کۆچی لە دایک بووە و ساڵی ٥٩٧ ک کۆچی دوایی کردووە، سەرەتا لەلای خاڵۆی ئەبی فەزڵ کوڕی ناسر دەرسی خوێندووەو زۆر شت لەوەوە فێر بووە، هەژدە کتێبی چاپکراو و چل و نۆ دەسنووسی هەیە، ئەو کتێبەی ئێمە ئەم چەند کۆپلەیەمان لێ وەرگێڕاوە ناوی (أخبار الحمقى والمغفلين)ـە (دەنگوباسی گێل و گەمژەکان) کە لەم دواییانەدا دەزگای (ئەلمەدا) لە چاپێکی تایبەتدا چاپی کردووە، ئیبن جەوزی لە دانانی ئەم کتێبە مەبەستی ناوزڕان و تەشهیرکردنی کەس نەبووە وەک محەمەد شەریف سوکەر دەڵێت، بەڵکو مەبەستی لێکۆڵینەوە بووە لە دیارەدەی گێل و وێلیی لە نێو کۆمەڵگەدا، بۆیە هەوڵی داوە لە ڕێگای دەستنیشان کردنی جۆر و هۆکارەکانییەوە سەرنجی خەڵک بۆ ئەم دیاردەیە ڕاکێشێ، هەرچەندە ئەو پێی وایە هەموو کەسێک بڕێک گێلی تێدایەو گێلەکان هەندێ نیشانەی دیار و بەرچاویان هەیە کە لە خەڵکانی دیکە جیایان دەکاتەوە، هەروەها ویستوویەتی لە کاتی دەرس وتن و وانە وتنەوەدا بڕێک فێنکی بخاتە دڵی قوتابییەکانییەوە، ئێمەش بۆ ئەوەی خوێنەران تۆزێ لە خوێندنەوەی جدی دوورخەینەوە و بیانخەینە پێکەنین هەوڵمان دا چەردەیەک لەم کتێبە وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی.

**خۆی نووسراوەکەی برد:**

مەدائینی دەگێڕێتەوە دەڵێ: جارێکیان پیاوێک لە پیاوماقووڵان هات بۆ بەغدا، ویستی هەندێک دەنگوباسی پەلە بۆ باوکی بنێرێ، کەسێکی وای دەست نەکەوت نامەکەی بۆ ببات، ناچار تێیدا نووسی حەزم نەکرد درەنگ هەواڵەکانت پێ بگات کەسێکی واشم دەست نەکەوت بۆتی بهێنێ ناچار خۆم بۆم هێنایت، فەرموو وەریگرە.

**سەرکارەکەی ڕەشید:**

لە جەریری کوڕی موقەفەعەوە لە وەزیری کیسراوە دەگێڕنەوە : قیازی وەزیر گێل بوو، دەهات بۆ

بێستان تا بۆنی ڕەیحانە هەڵمژێ، دەچوو لە ڕەگەوە هەڵیدەکێشا و دەیگوت ئاخر گوناحە بیشکێنیتەوە.

لە نەسری کوڕی موقبیلەوە پێمان گەیشتووە دەگێڕنەوە کە سەرکاری ڕەشید جارێکیان بڕیار دەدات داری حەد لە مەڕێک بدرێت، پێی دەڵێن گەورەم ئەوە ئاژەڵە چۆن داری حەدی لێ دەدەی! دەڵێت: داری حەد بڕیاری خوایەو نابێ پەک بخرێ ئەگەر پەکم خست چۆن والییەکم، ئەم هەواڵە دەگاتە هارونە ڕەشید، بانگی دەکات، لێی دەپرسێ تۆ کێیت؟ دەڵێ من والی بەنی کیلابم، هارونە ڕەشید پێدەکەنێ و دەڵێت: بۆچوونت بۆ حوکمدان چۆنە؟ دەڵێت: لە هەقدا بەشەر و ئاژەڵ لەلای من وەک یەکن، هەر کەسێ هەقێکی لای حەیوانێک بێت با ئەو حەیوانە دایکیشم بێت، یان خوشکم بێت من داری حەدی لێدەدەم و هیچ گوێم لە لۆمەی خەڵک نییە، ڕەشید بڕیار دەدات لەسەر کار لابدرێت.

**مامۆستا و قوتابی:**

جارێکیان مامۆستایەک لە قوتابییەک دەدات. پێی دەڵێن خۆ هیچ هەڵەیەکی نەکردووە، بۆ لێی دەدەی؟ دەڵێت لێی دەدەم تاکو هەڵە نەکات.

**مەرجی نێوان مامۆستا و قوتابیانی:**

کابرایەک دەگێڕێتەوە دەڵێت جارێکیان بەلای هەندێ قوتابیدا تێپەڕیم، دیتم لە مامۆستاکەیان دەدەن و ڕیشی ڕادەکێشن، ویستم نەهێڵم لێی دەن، وتی: لێیان گەڕێ مەرجمان کردووە ئەوەی بەیانیان درەنگ بێت بۆ قوتابخانە ئەوەی تر لێی بدات، ئەمڕۆ خەو بردمییەوە دواکەوتم، بەس شەرت بێ دەبێ بەیانی زوو بێم و هەموویان دارکوژکەم، یەکێک لە قوتابییەکان لەولاوە وتی: جا من ئەم شەو لێرە دەخەوم هەرکات بێیت هەر من لێت دەدەم.

**حەکیم کێشەکەی چارەسەرکرد:**

لە ئەبو فەتحی کوڕی موحەمەدی کوڕی ئەحمەدی حەریمییەوە دەگێڕنەوە، لە خۆراسان پیاوێکی لادێیی هەبوو گوێرەکەیەکی هەبوو گوێرەکەکە سەری لە گۆزەیەکدا جەڕا بوو، هەرچی دەکرد بۆی دەرنەدەچوو، بردی بۆ لای حەکیمێک بۆی چارەسەر بکات، ئەویش دەڵێ ئاسانە ئێستا بۆتی چارەسەر دەکەم، کابرا دەڵێ: چۆن؟ دەڵێ: بچۆ چەقۆیەکم بۆ بێنە و هەقت نەبێ، کابرا دەچێت چەقۆیەکی بۆ دەهێنێ کابرای حەکیم گوێرەکەکە سەر دەبڕێ، ئەوکاتەی سەرکەکەی لێدەکاتەوە، دەکەوێتە زەوی و دەکێشێ بە بەردێکدا، گۆزەکە دەشکێ، کابرا دەڵێ: بارەکەڵڵا چاکت چارەسەر کرد گوێرەکەکەت سەربڕی و گۆزەکەشت شکاند.

**جامێک ئاوی سارد:**

لە کوڕی مزریانەوە دەگێڕنەوە دەڵێن: جارێکیان زستان دەبێت کابرایەک بە یەکێک دەڵێت جامێک ئاوی ساردت پێدا دەکەم و دەرهەمێکت دەدەمێ، کابرا ڕازی نابێت یەکێک لەولاوە دەڵێت: ئاوەکە بەمندا بکە، ئێمە دەرهەمەکە لە بەینی خۆماندا بەش دەکەین.

**لە نوێژدا بایەکی لێ حاسڵ بوو:**

دەگێڕنەوە پیاوێک چووە لای چەند زانایەکی ئایینی و لێیانی پرسی ئەگەر لە کاتی نوێژکردندا بایەکت لێ حاسڵ بوو حوکمی چییە؟ دەڵێن نابێ، نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، دەڵێت نابێی چی! بزانم من نوێژم کرد و بەتاڵیش نەبووەوە.

**ژنێکی بچووک:**

دەگێڕنەوە پیاوێک ژنێکی کورتەباڵای چکۆلە دەهێنێ، پێی دەڵێن ئەم ژنە چکۆلەیەت بۆ چییە؟ دەڵێت ژن خۆی کۆمەڵێ شەڕە، جا ئەو شەڕە چەند بچووک بوو ئەوە زیاتر خێرت دەگات.

**فێڵی ژن:**

لە مروزییەوە دەگێڕنەوە ئەبو عەبدولحەمید ماسییەکی کڕی، وتی من دەخەوم بیبرژێنن، هەتا ئەو هەستا ژنەکەی و منداڵەکانی ماسییەکەیان خوارد و دەست و دەمی ئەویان پێی چەور کرد، کە هەستا وتی کوا ماسییەکە بیهێنن، ژنەکەی وتی ماسی چی ئەی نەتخوارد و خەوتی، ئەوەتا دەست و دەمیشت نەشۆردووە، کە بۆنی دەست و دەمی خۆی دەکات بۆنی درنی لێ دێت دەڵێ: وەڵڵا ڕاست دەکەن، لە ژیانمدا ماسی وام نەدیوە ئاوا بە سووکی هەرس ببێ، بەخوا برسیمە شتێکم بۆ بێنن بیخۆم.

**ختووکەی خۆی دەدات:**

ئیبن فەرج دەگێڕێتەوە، باوکم بۆی گێڕامەوە وتی، پیاوێکم بینی ختووکەی خۆی دەدا، وتم ئەوە چی دەکەی؟ وتی ئەمڕۆ خەمم زۆرە ختووکەی خۆم دەدەم تا تۆزێ پێ بکەنم.

**نەڕۆی تا کەسێک دەهێنم:**

ئیبن حەبیب دەگێڕێتەوە برایەکی عوسمانی کوڕی سەعید دەکەوێتە بیرێکەوە، براکەی لێی دەپرسێ ئەوە چییە کەوتوویتەتە نێو بیرەکەوە؟ ئەویش دەڵێ : ئەی ئەوەتا نابینی: ئەویش دەڵێت دەمەوێ تا دەچم یەکێک دەهێنم دەرتبهێنێ.

**غەیبەت کردنی گوێز:**

عەبدولڕەحمانی کوڕی محەمەد دەگێڕێتەوە کابرایەک بڕێک گوێزی کڕی، ئینجا هەندێ ئەم دیو و ئەو دیوی پێکردن و وتی: بەخوا وابزانم هیچیان کاکڵەیان نییە، ئینجا هەر خۆی وتی ئەستەغفیرەڵڵا خوایە، غەیبەتی گوێزەکانم کرد.

**کوڕەکەم پێشتر سوونەت نەکراوە:**
لە هەندێک لە حیکایەتخوانانەوە دەگێڕنەوە، پیاوێک دەیەوێت کوڕەکەی سوونەت بکات، بە دکتۆرەکە دەڵێت توخوا ئاگاداری بە با نەترسێ، بەخوا ئەمە یەکەم جاریەتی پێشتر سوونەت نەکراوە.

**سبەی دێم:**
ئیبرایم وەکیلێکی دەبێت ناوی خەلیل دەبێت، لە بهارە هەوارەوە دێت بۆ لای، لێی دەپرسێ کەی هاتی؟ دەڵێت سبەی دێم، ئەویش دەڵێت کەوابوو تۆ ئەمڕۆ بەرێوەی.

**هەڵهاتن لە ڕەمەزان:**
لە مەدائینی لە عومەری کوڕی ئەلحەسەنەوە دەگێڕنەوە، لە یەمەن کۆمەڵێ خەڵک لە ماڵەکانیان هەڵهاتن و ڕوویان کردە ئەو شاخانە، لێیان پرسین ئەوە چ دەکەن لێرە؟ وتیان لە مانگی ڕەمەزان هەڵهاتووین تا نەیەتە ماڵەکانمان.

**ئەگەر جڵەوێک فڕێ نەیدەنەوە:**
لە هەندێ لە هاوڕێیانەوە دەگێڕنەوە دەڵێن لە واست کابرایەک هەبوو لە نزیکی ماڵەکەی تەویلەیەک هەبوو، ژن و منداڵەکانی وتیان هەر شتێک لەم سەربانەوە دەفڕێ و دەکەوێتە خوارەوە ئیتر نایدەنەوە، ئەویش دەڵێ ئێوەش هەر شتێک لە تەویلەکەی ئەوانەوە فڕێ و هاتە ئەم سەربانە مەیدەنەوە، دەڵێن وەک چی؟ دەڵێت وەک جڵەوێک، زینێک، کورتانێک.

**نازانێ کێ کێی تەڵاق داوە:**
لە ئەبی فەزڵ ئەحمەدی هەمەزانییەوە دەگێڕنەوە، جارێکیان ژنێک هات بۆ لای قازی وتی پیاوەکەم تەڵاقی داوم، ئەویش وتی: شایەتت هەیە؟ وتی بەڵێ هاوسێکەمانە، وتی بچۆ بانگی بکە، کە هات قازی لێی پرسی گوێت لێ بوو مێردی ئەم ژنە تەڵاقی بدات؟ ئەویش وتی: گەورەم من چووم بۆ بازاڕ بڕێک گۆشت و نان و دۆشاو و سەوزەم کڕی، قازی دەڵێ من پرسیاری ئەمانەم لێ نەکردی من لێتم پرسی تەڵاقدانی ئەم ژنەت گوێ لێ بوو، ئەویش دەڵێ لە ماڵ دامنان و گەڕامەوە چووم چیلکەو دار و کەمێک تورشیاتم کڕی، قازی دەڵێ تۆ واز لەمانە بێنە، ئەویش دەڵێ ئاخر قسە لە نووکەوە خۆشە، ئینجا بەناو حەوشەدا سووڕامەوە گوێم لە قیژە و قاژیان بوو، گوێم لە سێ تەڵاقە بوو، ئیتر نازانم کێ کێی تەڵاق دا.

**ئەوەی خەلیفە نەیزانێ کەس نایزانێ:**
پیاوێک هاتە لای مەهدی و شیعرێکی پێیدا هەڵدا و لە نێو شیعرەکەدا وشەی (زفراتی) هەبوو، مەهدی لێی پرسی زفرات مانای چییە، وتی، ئەی خەلیفەی موسڵمانان نایزانێ؟ ئەویش وتی نەوەڵڵا؟ کابراش وتی: تۆ خەلیفەی موسوڵمانانی نایزانی ئیتر من لە کوێ دەیزانم.

**ئەگەر لێفە دووقەدی کەی کێشی زیاتر دەبێت:**
ئەبو تەمام بەیانییەکی سارد چوو بۆ لای ئەبی تالب و وتی دوێنێ شەو سەرمام بوو، لێفەیەکم هەیە چوار هۆقە لۆکەی تێدایە، دوو قەدم کرد، بوو بە هەشت هۆقە و بەخۆم دادا.

**بەفرەکە دەمژم و توێکڵەکەی ناخۆم:**
پیاوێکی گێل نەخۆش دەکەوێت دکتۆرێک سەری لێدەدات و لێی دەپرسێ ئێستا چۆنی؟ دەڵێ دکتۆر زۆر حەزم لە خواردنی بەفرە، ئەویش دەڵێت باش نییە بەفر بخۆی تۆ نەخۆشی، ئەویش دەڵێت دکتۆر توێکڵەکەی ناخۆم بەس ئاوەکەی دەمژم.

**گێلێک دەچێتە سەردانی نەخۆشێک:**
گێلێک سەردانی نەخۆشێک دەکات دەبینێ ڕەنگی زەردە دەڵێت: هەر نەخۆشێک وەزعی ئاوا بێت دەستی لێ بشۆن؟

**گوێت لە هیچ بوو؟**
دەگێڕنەوە شەوێکیان ئەبو نەجم دوو تڕ دەداتەوە، دەترسێ ژنەکەی گوێی لێ بوو بێت، سبەی لێی دەپرسێ خۆ ئەم شەو گوێت لە هیچ نەبوو؟ ئەویش دەڵێت: نەوەڵڵا گوێم لە هیچیان نەبوو، دەڵێت ماڵت بە قوڕ گیرێ چۆن زانیت دووان بوو؟

**جڵەوەکەی هێن منە:**
دەگێڕنەوە جارێکیان لە پێشبڕکێیەکی ئەسپ سواریدا، ئەسپێک دەیباتەوە، کابرایەک دەیکاتە هاوار و بانگدان، لێی دەپرسن ئەو ئەسپەی بردییەوە هی تۆیە، دەڵێت نەخێر بەس جڵەوەکەی هێن منە.

**پێڵاوەکانی بکەنە پێی:**
ژنێک ئەمری خودا دەکات، پیاوەکەی کفنی کەمی بۆ دەکڕێ بەشی قاچەکانی ناکات، پێی دەڵێن کفنەکەی کەمە بەشی قاچەکانی ناکات، دەڵێت قۆندەرەکانی بکەنە پێی.

**سەرتاشێکی گێل :**
جارێکیان مەلایەک خوتبە دەخوێنێ، دەڵێت ڕۆژی قیامەت سەرێک لە ئاگرەوە دێتەدەر بەقەد ئەم دنیایە دەبێت، کابرایەک دەست دەکات بە شیوەن و داد و فیغان لێی دەپرسن بۆ دەگری؟ دەڵێت من سەرتاشم ئەگەر وتیان ئەو سەرە چاک بکە چی بکەم؟

**لە ترسی شێر خۆی پیس دەکات:**
جارێکیان شێرێک پەلاماری کاروانێک دەدات، کابرایەکی ترسنۆک کە لەگەڵ کاروانەکەدا دەبێت لە ولاخەکەی دەکەوێتە

خوارەوە، شێرەکە پەلاماری دەدات، هاوڕێکانی ڕزگاری دەکەن و لەژێر چەپۆکی شێرەکە دەری دەکەن، لێی دەپرسن خۆ سەلامەتی؟ دەڵێت سەلامەتم بەڵام شێرەکە گووی کردە نێو شەرواڵەکەم.

**حەمامی تەپوتۆزاوی:**

پیاوێکی گێل دەچێتە گەرماوێکی پڕ لە هەڵم، وا دەزانێ تەپوتۆزە، بە ناترەکە دەڵێت: چەن جار پێت بڵێم کە من دێم بۆ حەمام تەپوتۆز مەکە.

**تۆ مردووی یان براکەت؟:**

جارێکیان پیاوێک ئامادەی ناشتنی تەرمی مردوویەک دەبێت، کە برای مردووەکە دەبینێت لێی دەپرسێت تۆ مردووی، یان براکەت؟

**دووان بوون ناوەنجییەکەیان مرد:**

ئەسمەعی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: جارێکیان بە پیاوێکم وت لە کوێ بووی؟ وتی: لە ناشتنی تەرمی کوڕی فلان کەس بووم، وتم: کام کوڕی ئەمری خودای کرد؟ وتی: خۆیان دووانن ناوەنجییەکەیان مرد.

**لە خەوەکەمدا چی پێت وت:**

سومامە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لام و پێی وتم: دوێنێ شەو لە خەومدا تۆ و خەلیفەی موسڵمانان پێکەوە بوون، تۆ سەیری منت دەکرد، توو خودا پێم بڵێ دەربارەی من چی پێ وتی؟

**چەند جۆرە گێلییەک:**

بە گێلێکیان وت کەرەکەتیان دزی، وتی: سوپاس بۆ خوا کە خۆم بەسەر پشتییەوە نەبووم.

کوڕێک سەیری نێو بیرێکی کرد وێنەی خۆی تێدا بینی، چوو بە دایکی وت دزێک لە نێو بیرەکەماندایە، دایکیشی چوو سەیرێکی کرد وێنەی خۆی بینی وتی بە خوا کوڕم ڕاستەکەی قەحپەیەکیشی لەگەڵدایە.

**خودایە بمدەرێ و تاقیم کەرەوە:**

گێلێک لە خودا پاڕایەوە، وتی: خودایە پێنج هەزار دەرهەمم بدەرێ، تا دوو هەزاری بکەمە خێر و سەدەقە، ئەگەر باوەڕیش ناکەی ئەوە سێ هەزاریم بدەرێ و باقییەکەشی با لای خۆت بێ، ئەگەر لە سێ هەزارەکە خێرم نەکرد، ئەوە تۆ لەلای خۆتەوە دوو هەزارەکە ببەخشە بەو کەسەی پێت خۆشە.

**هەڵی گرتووە و بۆی دەگەڕێ:**

جارێکیان پیاوێکی گێل لە ماڵ دەچێتە دەرەوە منداڵێکی لەگەڵدا دەبێت، منداڵەکە کراسێکی سووری لە بەردا دەبێت، منداڵەکە دەخاتە سەر ملی ئینجا لە بیری دەچێتەوە، هەر کەسێک دەبینێ پرسیاری منداڵەکەی لێ دەکات، یەکێک پێی دەڵێ ئەی ئەوە نییە بەسەر ملتەوەیە؟ سەر بەرز دەکاتەوەو زللەیەک لە منداڵەکە دەداو دەڵێت: چەند جار پێم وتی ئەگەر لەگەڵ مندا بوویت لێم دامەبڕێ!

**ئەم مەنارەیە چۆن دروست کرا؟**

جارێکیان چەند گێلێک بەلای مەنارەی مزگەوتێکدا تێدەپەڕن، یەکێکیان دەڵێت: دەبێ ئەو کەسانەی ئەم مەنارەیان دروست کردبێت چەند بالایان بەرز و درێژ بووبێت؟ یەکێکی تریان پێی دەڵێت: بێ دەنگ بە نەزان لە دنیادا کەس هەیە بەقەد ئەم مەنارەیە درێژ بێت؟ ئەمە لە زەویدا دروستیان کردووەو پاشان بەرزیان کردووەتەوە.

**ئەی بۆ بووە بە کەر:**

جارێکیان پیاوێکی ڕیش درێژ سواری کەرێک دەبێت و بەدار لێی دەدات، پێی دەڵێن تۆزێ ڕەحمی پێ بکە وا لێی مەدە، ئەویش دەڵێت: ناتوانێ بەڕێوە بڕوات بۆ بووە بە کەر؟

**گێلێک لە سەفەر دێتەوە:**

گێلێک لە سەفەر دێتەوە، یەکێک لێی دەپرسێ کەی هاتیتەوە؟ دەڵێ سبەی، ئەویش دەڵێت ئەگەر ئەمڕۆ بهاتبایەوە هەواڵی کەسێکم لێت دەپرسی، ئەی کەی دەگەڕێیتەوە؟ دەڵێت: دوێنێ، ئەویش دەڵێت: بمزانیبا نامەیەکم لە گەڵتدا دەنارد.

**نیوەی دەفرۆشێت تا نیوەکەی تری بکڕێ:**

جارێکیان پیاوێکی گێل نیوەی خانوویەک دەکڕێ، پاش ماوەیەک دەڵێ بەتەمام ئەو نیوەیەی کڕیومە بیفرۆشم، دەڵێن بۆچی؟ دەڵێ دەمەوێ بە پارەکەی ئەو نیوەی خانووە بکڕم هەتا هەمووی ببێ بەهی خۆم.

**کەنیزەیەک بۆ دووکەس:**

بە فەزلی کوڕی عەبدوڵڵایان وت: بۆ ژن ناهێنی؟ وتی: بۆ چیمە ئەوە نییە باوکم کەنیزەیەکی داوە بە من و براکەم، وتیان چۆن شتی وا دەبێت کەنیزەیەک بۆ دوو کەس، ئەویش دەڵێت: بۆ نابێت؟ ئەوە نییە هاوسێکەمان یەک کەسە و دوو کەنیزەی هەیە.

**هێشتا جلکەکانی پیس نەبووە:**

کابرایەک بە یەکێکی وت: دوێنێ شەو باوکتم لە خەودا بینی جلەکانی پیس بوون، ئەویش دەڵێت: دوێنێ کە ناشتمان بە دەستی خۆم کفنێکی تازەم بۆ کرد، چ زوو پیس بوو.

بە کابرایەکی مووسڵاوی دەڵێن: ماڵتان لە فلان گردەوە چەنێ دوورە؟ دەڵێت سێ میل دوورە، میلێک دەڕۆی و دوو میل دەگەڕێیتەوە.

**خەڵکی ئێرە نیم:**

عەبدوڵڵای کوڕی محەمەد دەگێڕێتەوە دەڵێت: جارێکیان لە کابرایەکم پرسی ئەمڕۆ چەندی مانگە؟ وتی: نازانم خەڵکی ئەم شارە نیم.

داری سەر بانی ماڵی کابرایەک شکا چوو داری بۆ بکڕێ، لێیان پرسی دەتەوێ چەند مەتر درێژ بێت؟ وتی: حەوت بە هەشت.

# مێژوو و شارستانیەتی کورد

جەلال سنجاوی

لەم ماوەیەدا لە بەرگێکی ڕازاوە و ناوازە و لە دووتوێی (٣٦٨) لاپەڕەی قەبارە گەورەدا، کتێبی (مێژوو و شارستانیەتی کورد) لە ساڵی ٢٠٠٩ لە هەولێری پایتەخت چاپ و بڵاوکرایەوە و کەلێنێکی لە کتێبخانەکان گرت و خوێنەران و هەوادارانی مێژووی کۆن و نوێی کوردی خۆشحاڵ کرد.

ئەم کتێبە دەستەبژێرە لە نووسینی (دکتۆر محەمەد مەحموود مەندەلاوی)یە و (محەمەد وەسمان) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی پاکی باوان و تایبەتە بە تیشک خستنە سەر نەژاد و ڕەچەڵەکی کوردان و شیکردنەوەی زاراوەی کوردستان و تایبەتمەندییە ڕەواکانی نەتەوەخوازی کورد و گونجانیان لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و نەتەوەکانی دەوروبەر.




هەروەها دانەر چەند بەشێکی کتێبەکەی بۆ مێژووی کۆنی کورد تەرخان کردووە، هەر لە سەرەتای نیشتەجێبوونی مرۆڤی (نیاندەرتاڵ) لە ئەشکەوتەکانی (شانەدەر، هەزارمێرد، زەرزی، حەکاری، کۆسپەسپی) تا دەگاتە دامەزراندنی هەرەمی شارستانیەت لە وڵاتی نێوان دوو زێ (میسۆپۆتامیا) لەسەر دەستی سۆمەرییەکان و خێڵە ساتەکانی زاگرۆس.

لە پێشەکی کتێبەکەدا، دانەر تیرۆژە تیشکێک دەخاتە سەر مێژووی کۆنی کورد و ڕابردووی زێڕینی کورد و کۆشش و هەوڵ و تەقەللای کورد لەبنیادنانی شارستانیەت و بە ئەرێنی وەسفی دەکات و گلەیی و گازاندە لە ڕۆژگار و مێژوو دەکات کە لەگەڵ چانسی کورد یار نەبوو و دەڵێ: «بەداخەوە ئەوەندەی هاوکار بووە لە بەرزکردنەوەی پایەی زۆر گەلی بندەست لە ڕووی شارستانی و کردنی بە پێشەنگی نەتەوەکان، بەڵام بەرانبەر کورد دادپەروەرانە نەبووە. مێژوو هاوبەش بوو لە دروستکردنی مەینەتییەکی گەورەی وا کە گران چارەسەر دەکرێت، کوردیش کەوتە جەرگەی ئەو مەینەتییە...»، بەڵام دانەری کتێبەکە بە پشت بەستن بە ژمارەیەک لە سەرچاوە و دۆکیومێنتەکان دڵنیامان دەکات کە کورد خاوەنی میراتێکی گەورەی کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەییە و لە بنیادنانی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا پشکی شێری بەردەکەوێ، هەرچەندە بەدرێژایی

ڕۆژگار مێژووەکەی لەلایەن چەواشەکاران و ناحەزانی نەتەوەی کوردەوە دووچاری شێواندن و لە یەکترازان هاتووە، بەڵام کەس ناتوانێ نکوڵی لە گەورەیی کورد و زمان و فەرهەنگی ڕەسەنی کورد و دێرینی بوونی کورد لەسەر خاک و زێدی خۆی بکات و هەزاران ساڵە وەک داربەڕوو ڕەگی لە کەلێنی گەڤرەکان بردۆتە خوار و نینۆکی لە خاکەکەی گیر کردووە و بەرگری لێکردووە و بە بێگانە بوونی بستێک لە خاکەکەی ڕازی نەبووە.

کتێبەکە بەسەر هەشت بەشدا دابەش کراوە لەگەڵ پاشکۆکان کە چل و چوار وێنەی پاشاکان و جەنگ و ئەسپ سوارانی میدی و گۆتی و لۆلۆیی لەخۆ دەگرێ، کە تایبەتن بە پەرەسەندنی شارستانیەتی کۆنی کورد. بەشی یەکەمی کتێبەکە لە (ل٥- ل٧٦) دەگرێتە خۆ کە تایبەتە بە: (کورد، ڕەچەڵەکی کوردان و چینەکان و بنچی کوردان و زاراوەی کوردستان و بێژەی کورد لە زمانی عەرەبیدا).

لە ل٤٦ بابەتی (بنچی کوردان) نووسەر دەڵێ: «کورد لەو گەلە کۆنانەیە کە لە ناوچەیەکی فراوانی ئاسیا و بە تەواوی لە ئازەربایجان و ئەرمینیا و گورجستان و ئێران و تورکیا و عیراق و سووریا و لبنان و وڵاتانی دیکەی جیهان نیشتەجێ بووە، ئەوان پاشماوەی میدی و لۆلۆیی و گۆتی و خوری و میتانی و مانی و سوئیەکانن، سەرجەم زاناکانی لە مێژووی گەلی کوردیان کۆڵیوەتەوە دەڵێن، لە گەلانی هیندۆ-ئەورووپین، واتە سامی نین و لە بنچی عەرەبی، یان تورکی پەیدا نەبوونە و گەلێکی ڕەسەنن و مێژوویییەکی پڕ لە پاڵەوانەتییان هەیە...»، بەڵام چونکە کورد بە درێژایی پەیژە جیاجیاکانی ڕۆژگار خاوەنی دەوڵەتێکی سەنتراڵی و یەکگرتوو نەبووە، بۆیە ئەو هەلە زێڕینەی بۆ نەڕەخساوە مێژووی کۆن و نوێی لە دووتوێی ئینسکلۆپیدیایەکی گشتگیردا بنووسێتەوە و وەک سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو بیخاتە بەر دەستی نەوەکانی ئێستا و ئاییندەوە.

نووسەر بەشی دووەمی کتێبەکەی بۆ گرنگی لێکۆڵینەوەی مێژوو تەرخان کردووە بۆ زانینی شارستانیەتە کۆنەکان کە باس لە مەبەست لەمێژوو و شارستانیەت دەکات، هەروەها بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوە و دۆکیومێنت ڕێچکەی شارستانیەتی کورد لە وڵاتی میسۆپۆتامیا دەدۆزێتەوە و ڕۆڵی مەزنی سۆمەرییەکان لە بنیادنانی گەورەترین شارستانیەتی مرۆڤایەتی باس دەکات.

نووسەر لە (ل٩٥)دا دەربارەی نەژاد و ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکان دەڵێ: «سۆمەرییەکان لە هەندێ نەتەوەی خۆجێیی باکووری میسۆپۆتامیا کەوتوونەتەوە، ئەوان گەلێکی ڕەسەنی هەرێمە شاخاوییەکانن و (باسماکۆڤ) لەو باوەڕەدایە سۆمەرییەکان وێنەی بەرایی کوردانن، هەروەها (مار) و (دیاکۆنۆڤ و ڤاسیلی نیکیتین و تۆما بوا) ئەم ڕایە دەسەلمێنن کە پێوەندییەکی توند لەنێوان سۆمەرییەکان و کورددا هەیە» دکتۆر (جەمال ڕەشید ئەحمەد) وای بۆ دەچێ کە سۆمەرییەکان بەمانای (سەر ڕەشەکان) دێت، چونکە مووی سەریان ڕەنگی ڕەش بووە، هەروا مرۆڤی باڵا بەرز و تێکسمڕاو و سپی پێست بوون و کراسی ئاودامانی خوری ئەستووریان پۆشیوە و لەشەڕ و جەنگەکاندا مرۆڤی بوێر و قارەمان بوونە و لە شارستانیەت و کاری ڕۆژانەشدا مرۆڤی زۆرزان و دەست ڕەنگین بوون.

بەشی سێیەم بۆ پەیدابوونی شارستانیەتی کورد لە وڵاتی (سوبارتۆ) تەرخان کراوە، کە لە چاخە بەردینەکان پێکدێ وەک: چاخی بەردینی کۆن، ناوەند، نوێ، کانزایی، بۆ شوێنەوار ناسان دەرکەوتووە کە هەزاران ساڵ پ.ز ژیان لە ئەشکەوتی شانەدەر و هەزارمێرد و زەرزی ژیان پەیدابووە، ئەمەش لە کنە و پشکنینی زانایانی ئارکیۆلۆژی دەرکەوتووە کە لە ئەشکەوتەکان ئەنجامیان داوە، دکتۆر ڕالف سویلکی و خێزانەکەی ڕۆزا سویلکی لەنێوان ساڵانی ١٩٥٣- ١٩٥٧ لە ئەشکەوتی شانەدەر پشکنین و هەڵکۆڵینیان دەست پێکرد و چەند ئێسکبەند و قاپوقاچاخ و بەردەستێ و دەفر و چەکی لەبەرد دروستکراوی مرۆڤی (نیاندەرتاڵ)یان دۆزییەوە و گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەم ئەشکەوتە لانکەی سەرەتایی مرۆڤ و شوێنگەی یەکەمین بەردی شارستانیەتی میسۆپۆتامیاییە، هەروەها نووسەر باسی کاری پشکنینی خاتوو کارد و ساڵی ١٩٢٨ دەکات لە ئەشکەوتی هەزارمێرد و زەرزی کە ژیانیان تێدا بەردەوام بووە لە (٦٠٠- ١٠)

هەزار ساڵ پێش زایین، پاشان مرۆڤی ڕاوکەر و گەڕۆک لە ئەشکەوتەکان هاتۆتە دەرێ و بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری خەریک بووە، هەروەکو لە هەڵکۆڵینی گوندی (زاوی چەمێ)ی شانەدەری سەر زێی گەورە و گوندی (جەرموو)ی نزیک بە چەمچەماڵ دەرکەوتووە کە مرۆڤی کۆن باوەڕی ئایینییان پەیدا کردووە و خواوەندی (دایک)یان دەپەرست کە خواوەندی پیت و بەرەکەتە.

ل١١١- ل١٣٦ بەشی چوارەمی کتێبەکەیە و بۆ بابەتی گەشەسەندنی مێژوویی پێوەندییەکانی نێوان گەلانی کۆن لە وڵاتی کورداندا تەرخان کراوە، هەروا باسی کورد لەنێوان دەمارگیری نەتەوەخوازی و ئایینی و ئاوێتەبوونی زمانی و گەشەی کولتووری و ئەدەبی و هونەری لە وڵاتی کوردان کراوە و ئینجا تیشک خراوەتە سەر یەکێتی هۆزەکی لە چاخی پێش زایین بۆ دانیشتوانی کۆنی وڵاتی کوردان کە بە داخەوە نووسەر و توێژەران لە مێژووی کۆن سەبارەت بەو گەلانەی ڕۆڵیان هەبووە لە هێنانەدی تایبەتمەندی نەتەوەیی گەلی کوردی دێرین و کۆن بایەخیان پێ نەداوە، وەک بایەخدان بە: گوتی و لۆلۆیی و کاسی و خالدی و مانی و میدی و میتانی و..تاد کە لە زاگرۆس نیشتەجێ بوون و بەنەژاد و ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد دادەنرێ، بە تایبەتی کاردۆخییەکان و کیرتییەکان، بەڵام مێژوونووسان بێ بایەخانە پەراوێزیان کردوون، کەچی بایەخێکی زۆریان بەنەتەوە سامییەکان داوە، ئەوانەی لە هەزارەی دووەمی پ.ز لە نیوە دوورگەی عەرەبەوە بۆ عێراق و وڵاتی شام کۆچیان کرد کە هەر هەموویان ڕەوەند و کۆچەر بوون و لە برسان و لە بێ ئاوی هەڵاتبوون.

بەشی پێنجەمی کتێبەکە بۆ باس کردن لە نەتەوە کۆنەکان تەرخان کراوە، ئەوانەی لە وڵاتی کوردان نیشتەجێ بوون و شارستانیەتیان دامەزراند و دەوڵەتیان پێکهێنا وەک: (لۆلۆییەکان) گوتییەکان، کاشییەکان، خورییەکان، خالدییەکان، کاسییەکان، میتانییەکان، حورییەکان،ماننییەکان، میدییەکان.)

«چەندان دەقی سۆمەری هەن بە ئاشکرا دەڵێن: سوبارییەکان لە گەلانی ڕەسەنی کوردستانن، هاوچەرخی لۆلۆییەکان و خورییەکان بوون و ڕۆڵی هاوشێوەی ئەوانیان دیوە لە پێکهێنانی کوردانی ئەمڕۆ، هەمان لولوییەکان کە پاشا بەهێزەکەیان (ئانۆ بانینی) بوو دەوڵەتیان دروست کرد و بوون بە هەوێنی دروستبوونی کەسایەتی کوردی لە کوردستاندا»ل١٤٢

هەروەها نووسەر لە ل١٧٣ باسی دەرکەوتنی شانشینی میتانی دەکات لەسەر شانۆی سیاسی کە توانییان بە زەبری هێز و توانای سوپا جەربەزەکەیان ئیمپراتۆریەتێکی بەرفراوان پێکبهێنن، بەشێکی زۆری کوردستان و وڵاتی شامی گرتبووە ئامێز، لەم سەروبەندەدا هێزەکانیان لەگەڵ هێزی فیرعەونەکانی میسر لە باشووری شام یەکانگیر بووەوە، لە ئەنجامدا شەڕێکی خوێناوی و چەند ساڵە ڕووی دا تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەردوولا بڕیاری ئاگربەستیان دا و شەڕ ڕاوەستا و پێوەندی نێوانیان لەسەردەمی پاشای میتانی (توشراتا) بەهێز بوو، لە ئەنجامی نامە گۆڕینەوە ژن و ژنخوازی لەنێوانیاندا پەیدا بوو، ئەوەبوو خوشکی (توشراتا) کە بە (تادو هیبای میتانی)، واتە (نیڤەرتیتی) بەناوبانگ بوو درا بە فیرعەون (ئامون حوتبی سێیەم) و (ئامون حوتبی چوارەم) ناسراو بە (ئەخناتوون).

هەروەها لە ل٢٠٧ باسی میدییەکان کراوە نووسەر دەڵێ: «میدییەکان باپیرەی بەرایی کوردن لە ساڵی ٧١٣پ.ز پادشای میدی (دیاکۆ- Dyauko) توانی میدییەکان یەکبخات و سوپایەکی بەهێز پێکبهێنێ و دەوڵەتی گەورەی میدی دامەزرێنێ کە پایتەختەکەی شاری (ئەکباتان) واتە هەمەدان بوو».

لە بەشی شەشەمی کتێبەکەدا، باسی مێژووی هەندێ دەوڵەت و میرنشینی کوردی کراوە لە سەردەمی ئیسلامیدا وەکو: [دەوڵەتی ڕەوادی و دەوڵەتی شەدادی و دەوڵەتی مەروانی (دۆستەکی) و دەوڵەتی ئەیووبی میرنشینی حەسنەوەیهی].

بەشی حەوتەم بۆ هزری نەتەوەگەری و هیوا و ئاواتە ڕەواکانی نەتەوەی کورد تەرخان کراوە، ئەمەش بابەتێکی گرنگە و خواست و ویستی کوردانە، چونکە جێگیربوونی چەمکی نەتەوەیی و هەستی نەتەوایەتی لە گۆشەنیگای کورداندا ڕاستییەکی نەمرە، کورد هەستی نەتەوەگەرییان لە هۆشیارییەکی ڕەسەنەوە هەڵقوڵیوە، ئەمەش هەستێکی پیرۆزە، بۆیە

«بیرۆکەی نەتەوەگەری لای کورد بۆ سەلماندنی ناسنامەیان جیهانییە، ویستی هەموو گەلی کوردە، ئەم هەستە هانیداوە بۆ ئازادی و نەهێشتنی ڕاسپاردەی دەوڵەتە شۆڤینییەکان، بۆ هەوڵی دەردەست خستنی دەرفەتی مێژوویی بۆ هێنانەدی هیوا و ئاواتە ڕەواکانی..» ل٢٤٤.

بەم شێوەیە نووسەر دوایین بەشی دەخاتە ڕوو کە بەشی هەشتەمە و تایبەتە بە بابەتێکی هەستیار کە کورد لەنێوان نەتەوەگەری و ئیسلام خوازییە و کورد و گونجان لەگەڵ ئایینی ئیسلام و کەسایەتی کوردی و باوەڕی بە ئایینی ئیسلام.

بەگەیشتنی هێزە ئیسلامییەکان و ڕزگارکردنی زۆر ناوچە و شاری کوردان، جۆرە دڵنەوایی و متمانە بەخۆکردن کەوتە دڵ و دەروونی کوردان و بە ئاسوودەییەوە ئایینەکەیان قبووڵ کرد و پێی شادبوون. کورد موسڵمان بوون بۆ ئەوەی لە دەست زوڵم و زۆرداری و دڕندایەتی نەتەوەکانی دەوروبەر ڕزگاربن.

لێرەدا نووسەر دەڵێ: «کورد پێشوازییان لەم ئایینە نوێیە کرد، بەهۆی ئەو گیانی نموونەییە پوختەی تێیدا بوو تا ئەو ڕادەی ناسنامەی کوردی کۆنی خۆیان لەدەست دا، لەبەرانبەر ئەم حاڵەتەدا خۆیان لەنێو ململانێ و ونبوونندا بینییەوە...»ل٢٨٨ لەگەڵ ئەوەشدا کورد کە موسڵمان بوون، لە ڕێگەی ئەم ئایینەوە بوونە خاوەن هێز و توانا و ڕاستەوخۆ کاریگەربوون بە کولتووری عەرەبی ئیسلامی.

هەروەها نووسەر دەربارەی کەسێتی کوردی و باوەڕی بە ئایینی ئیسلامەوە لە ل٣٠١ دەڵێ: «کەسێتی کوردی بەهێز و مل نەدان بەناوبانگە، کە پێوەندی بە ئیسلامەوە کرد بەهێزتر بوو، لەبەر ئەوەی ئیسلام هێزێکی مەزنی تێدایە، ئەو هێزەی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەیبوو، بەڵام نەیدەزانی چۆن ئاراستەی بکات، بەشێوەیەک لەخزمەت هیوا و ئاواتەکەیدا بێت بۆ یەکبوون» لە ل٣٠٩ پاشکۆکان دەست پێدەکات کە لە (٤٤) وێنە و دیمەنی جۆراجۆری شارستانیەتی کۆنی کورد پێکدێ وەک: وێنەی کەللە سەری مرۆڤی نیاندەرتاڵ کە لە ئەشکەوتی شانەدەری چیای برادۆست دۆزراوەتەوە، هەروەها نەخشی هەڵکۆڵراوی پادشای لۆلۆیی (ئانۆبانینی) لەناوچەی سەرپولی زەهاو لە کوردستانی ئێران لەگەڵ سەری لەبەرد دروستکراوی پادشا و سەرکردەیەکی (گۆتی) و چەند پارچە شوێنەوارێکی (ماننی) و لوڕستان و ڕواندز و سپیلک و شرۆکین و چەند شوێنێکی دیکە.

ئەم بەرهەمە لە ڕووی خستنەڕووی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤی کۆن و پەیدابوونی نەتەوەی کورد و گرێدانی ڕووداوەکانی مێژوو بەشێوەیەکی زیرەکانە و لێزان ئەنجام دراوە و دڵنیام ئاشقانی مێژوو بەسۆزەوە لاپەڕەکانی دەخوێننەوە. لەکۆتاییدا دەستخۆشی لە نووسەری بەڕێز (د. محەمەد مەحموود مەندەلاوی) دەکەین و ئومێدەوارین لەبەرهەمەکانی دیکەشیدا بەتایبەتی مێژوویی، بێ بەشمان نەکات.

# ڕێگا دوورەکانی چاومان

سەباح ڕەنجدەر

شیعر و هونەری واقیعی ئاراستەیەکی واتادارن بۆ ژیان و لەسەر ڕێوشوێنی بینینی شتەکاندا بنیادنراون و بەڕێوە دەچن. جوان کارکردن ئەو قەناعەتە پەیدا دەکات و دووپاتی دەکاتەوە واقیع بەهیچ شێوەیەک بارێکی نەگۆڕ و جێگیر نییە. هەندێک جار کتوپڕ گۆڕانێکی گشتگیری وەردەگرێت، لەم بارەیاندا دەستەبژێر دارێژەری بنەمای ئەم دۆخ گۆڕینەن. هەندێک جاری دیش دۆخێکی سست و ناچالاک وەردەگرێت. لەو بارەیاندا زۆرینەی جەماوەر ڕۆڵ دەبینن. دەبێت پرسیار لەو ئەدەبە بکرێت کە بەمەبەستی ئاکاری واقیع و بزووتنەوەی واقیع دەنووسرێت، یان بارودۆخ بەرهەمی دەهێنێت. هەست و نەستیش لەگەڵ بارگۆڕینی واقیع بەرز دەبنەوە و دادەکەون، جۆرێک هەژان وەردەگرن و لە ئەنجامدا هەوڵدەدەن پێوەندی بە شتێکی نادیار و نەدۆزراوەوە بکەن. ئەمیش گەردوون و بوونی خودایە. واقیع و خەیاڵ دوو ئاراستەی پێچەوانە نین و جیاوازی نێوانیان جیاوازییەکی زۆر نییە، چونکە خەیاڵیش بەشێک لە واقیعی تێدایە و واقیع ئاراستەی دەکات بۆ بەرزبوونەوە و گەیشتن بەکانگای خەملێن.

شتەکانی واقیع دیار و بیندراون و شتەکانی ناوەوەی مرۆڤیش نادیار و نەبیندراون، بە جێگۆڕکێ کردنی بیندراو و نەبیندراوەکان دۆخی شیعریی بۆ شاعیر دروست دەبێت و بیندراو و نەبیندراوەکان ئاراستەی هەست بە شت کردنی دەکەن.

جەلالی میرزا کەریم لە قۆناغی حەفتایەکانی شیعری کوردیدا گوڕێکی بەخشندە بوو. ئەوەی لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا خەسڵەتێکی بەهێز و دیارە و سەرنج پڕ مەودا و قووڵ دەکاتەوە، کەم و دەگمەن کێش و سەروا دەمێنن. هەموو ڕستەیەکی شیعری کێشی تێدایە، بەڵام هەموو کێشەکان دیاری نەکراون بۆ پێوانەکردن. ترپە و ڕەزمیش لە کاتی گۆکردندا دەردەکەوێت. بەچوونە ناویەکی ترپە و ڕەزمی گەرم و ڕەگەزە بنیادنەرەکانی زمان مۆسیقایەک دادەهێنێت خوڕ و سەرپەڕ. وردە دەمارە قووڵەکانی



هەست لە مرۆڤدا دەدۆزرێتەوە بۆ بزواندن. وا لە مرۆڤ دەکات لە شوێنی خۆی هەستێت و هەوڵ بدات شوێن بگوازێتەوە. ئاواز لەم شوێنگۆڕکێیە وەردەگرێت. ئاوازێکی بە جۆش بەسەر گیان و دڵی وێنەکاندا دەڕێژێت. گیان و دڵەکان دەجمێن و ئامادە دەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و نیشتەجێ بوون لە ناوچەی شیعر و واقیعی زیندوودا. مۆسیقاش هاوسەنگ دەبێت بە واتا. مۆسیقا لە ڕستەدا بنیادێکە بۆ بەخشینی چێژ، بەڵام وێنە لە جەستەی دەقدا بنیادێکە بۆ بەرجەستە کردنی مانا.

لەباری مانایییەوە بە دوور بینییەوە دەڕوانێتە کێشە و گرفتی مرۆڤی وڵاتەکەی وەک کێشە و گرفتی سیاسی. نەک کێشە و گرفتی مرۆڤی، کە تاکی کورد لە ساتی لە ناخ ڕامان و هێوریدا هۆشیاری خۆی تێدا بدۆزێتەوە. لە ناخ ڕامان لای مرۆڤی هەستیار پەیامی ئومێدە.

بیندراو و نەبیندراو لەناو ئومێددا بوونیان هەیە. هەموو ڕاستییە بیندراوەکانیش ڕاستییەکی شاراوەی تری تێدایە بۆ ماناداان بە گیان، کە گیان هەمیشە بوونێکی نادیارە، پەرجووی هێزێکی دەوێ بۆ فۆرم پێدانێکی ئەفسوونی. شیعر کە دەبێتە تێڕامان بەرانبەر بەبوون، گیان بەهۆی دەسەڵاتی زمانەوە فۆرمی ئەفسوونی وەردەگرێت. کەرەستەی سەرەکی دەرخستنی ڕەگەزە هونەرییەکان لە شیعردا زمان و پێکهاتەی زمانە. بوونەوەر خستنە ناو ئەو فۆرمە ئەفسوونییە، مرۆڤ تێیدا لەپێناو ناسینی ڕاستیدا هەوڵی لێکدانەوەی شتەکان دەدات، ئەو ڕاستییە شاراوەیەی لەناو ڕاستی بیندراودا دەناسرێت.

وێنە و تۆڕی چاو توانای فراوانبوونەوەیەکی کاریگەریان لێ پەیدا دەبێت و دێنە ڕوو بۆ بەکارخستنی زمان و دیارخستنی واتا و سەقامگیرکردنی وێنە لە هەندێک باردا و ناسەقامگیرکردنی لە هەندێک باری دیکەدا. بنیادنانی پێوەندییەکی فرە ڕوخساریش لە ئاستی داهێنانی هەردوو بارەکەدا.

لە لایەنی مۆسیقا و ئاوازی شیعرییەوە ناوەند و ڕایەڵێکە دەتواندرێت لێیەوە هەنگاو بۆ داهێنانی دیکە هەڵبگرێت. بینینێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ دۆخگۆڕین و ئێستێتیکای ژیان پێشکێش کردووین. لەسەر هێڵی شیعرەوە پێ بە پێ جەماوەر دەهێنێت و زەمینەیان دەداتێ بۆ ڕەگ دروست کردنیان لەناو گۆڕان. ئاڵوگۆڕی هەستەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا دەکات و دەیانهێنێتەوە ناو بوونی خۆی لە هێڵی گۆڕانەکانیشەوە شیعر بەچنینێکی کارامەوە پەیامدار دەکات بە هونەر و نەریتی هەستیار و جوان، بەڵام لە لایەنی واتا و تێگەیشتنەوە تاڕادەی ساکارییەکی دوو دیوی هونەری و پڕ ئەفسوون، ڕوونێکی لە خشتەبەرە. بەردەوام لە بارێکەوە دەتگوازێتەوە بارێکی دیکە. نێوانی بارەکانیش دەخاتە بەر پێوانە و نیشان، وەک خاڵێکی ناوەند؛ بیر و هەستی لەسەر دەگیرسێنێتەوە و گەمە زمانییەکانی خۆی لە ڕێگای کولتووری کۆدا تێدا بەکاردەخات. گفتوگۆی ڕۆژ وەک بەکارهاتوویەکی ئەندازەیی بەبێ کەم و زیاد بەکاردەهێنێت و توانا زەینییەکانی خۆی تێدا نیشان دەدات، ئەو زەینەی فۆرم بەشتە هەستییەکان دەدات، گیانێکی جەماوەر خوازە و شیعرەکانی دەربڕینی ڕاستەقینەن لە ناسنامەی کۆمەڵگای کوردی وەک باری سیاسی نەک وەک باری گیانی، هەروەها دەچێتە ناو قەوارەی زاندراوی (کولتوور) و (مێژوو) بۆ دۆزینەوەی خەیاڵ و پڕ وزەکردنی زمانی هەستیارکراو بەدەنگی کۆ، بەمەشەوە هاوکێشەیەکی لەنێوان دەنگی تاک و کۆ بنیادناوە و دەنگی تاکیش ڕادەکێشمە ناو دەنگی کۆ، ناکرێت شاعیر تەواو دەنگی کۆ بێت، چونکە ئەم تێگەیشتنە شیعر بەرەو میللی بوون دەبات، کەچی ئەم شاعیرە بینینی لە دەنگی کۆ دایە و مەودای هونەری و شێوازی نوێبەخشی وێناکردووە.

تێگەیشتنیشمان بۆ چالاکبوونی ژیان لە واقیعی زیندوو توندوتۆڵ دەکاتەوە و ئاماژە دەدات لێی بکۆڵینەوە و تێی بگەین. ئەوجا لەناو (واقیعی زیندوو) ببین بەکەس و کەسایەتی کارا و دۆخگۆڕ لەبارە ئێستێتیکییەکانی کۆمەڵگادا.

(ڕێگا دوورەکانی چاومان)، ناوونیشانی کتێبێکی شیعریی (جەلالی میرزا کەریم)ە. ساڵی (١٩٩٢) لە دووتوێی (١٤٥) لاپەڕەدا بەشێوەیەکی سەرەتایی و هەژارانە لە سلێمانی چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (ڕازەکانی هەفتە، تەمەن، نەخشەی خەونەکان،

لە کوێم، پێشکێشە بەو شۆڕشێگێڕانەی هێشتا نەمدیون، ئاوێنەی هیوایەکی سەرهەڵگرتوو، ڕێگا دوورەکانی چاومان، تێگەیشتنی یادگارییەکان، وەرزەکان، دووری، زەماوەندی باوەش پێداکردنەوە، ڕۆژگارە سەرگەردانەکان، ڕێگا، وەرام، هەنگاوی زام، هەڵوێست، نەورۆزی خۆزگە، گەشتە هەڵوێست، ناوونیشانی یادێکی کۆچکردوو، حەز نامەیەکی ئاوارە، چرپەی ژانێکی نوقم بوو، سەرەتای حەیرانی تەمەنمان، گریە شیعر، هاوڕێ، لە خەمی هەڵەبجەی ژاردا، پەیامە ژێ.)

**ڕازەکانی هەفتە**

**دڵداری**

**من لە وانەی دڵداریدا**
**لە دوا ڕیزی قوتابییەکانی پۆلدا بووم**
**چونکە تەنیا لەگەڵ ژانی**
**ئاوارەیی خۆشەویستەکەی خۆمدا بووم**

**نهێنی**

**ئەزانن من پاسەپۆرتی**
**ڕەشکراوەی فرمێسکم لە گیرفاندایە**
**یەک یەک ئێستگەکان جێ دێڵم**
**بەبێ ئەوەی بزانن چی لە دڵمدایە**

**شەرم**

**بە ڕێکەوت کە لە ڕێگادا تۆ ئەبینم**
**شیعرەکانم شەرمەزارن**
**کە ناتبینم**
**چاوەکانی بینینەوەی وشەکانم هەر بێدارن**

**نیشتیمان**

**کە هەست لەناو ئاگری دوور ولاتیدا**
**ڕازەکانم ئەسووتێنێ**
**بەهارە ڕێ گوڵی دەنگم**
**لە پاییزی بەستەکانمدا ئەپروێنێ**

**پەشیمانی**

**دڵدارەکەم چەقۆی ڕقی زیزبوونی خۆی**
**بست بست بەناو گیانمدا گەڕاند**
**هەتا لەناو پەڕەی دڵمدا**
**لە خوێنی خۆی دەریای پەشیمانی هەستاند**

**دڵ**

**من ئێستاکە لە دڵ دوورم نازانم هەم**
**یان ڕێگای نەمان ئەگرم**
**کامتان لە دڵتان نزیکن**
**ئاشکرای کەن تا دەستتان لەگەڵدا بگرم**

**شۆڕش**

**ئەتانەوێ من بناسن**
**من عاشقی ڕێگایەکم مەرگی تیا بێ**
**کە هەڵوێست مرد بۆچی نابێ**
**دەروون شیعری شۆڕشێکی تری تیا بێ**

شیعری (ژانی ڕۆژانی هۆنراوە)، کە لەژمارە (٣)ی گۆڤاری (ڕوانگە)دا ساڵی ١٩٧٢ بڵاوی کردووەتەوە. شیعری (ڕوانینەکانی چاوی شەقام)، کە لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری (بەیان)دا ساڵی ١٩٧٣ بڵاوی کردووەتەوە. مەودایەک بۆ سەرنجدان دەکەنەوە. دەکرێت ئەم دوو شیعرەی وەک مانیفێستی شیعری حەفتایەکان خەسڵەتی شیعری ئەو قۆناغەیان تێدا کۆبکرێتەوە و ببیندرێت، کە شیعری ئەم قۆناغە نوێنەری دەنگی کۆیە. ئەمەش بەشێک لە شیعرییەت لە دەقدا وەردەگرێتەوە، یان تووسکەکان پەرش ناکات، بەڵکو بۆ بە ئاسانی دەستەمۆ بوونیان چەپکیان دەکات.

لە بواری دەنگی کۆدا قووڵ بووەتەوە و هەر لەم بوارەشدا سنووری خۆی نەخشاندووە و ناو و توانای خستووەتە ناو دوو کەوانەوە، کە لە ئاستی داهێنان لە بواری دەنگی کۆدا فەرامۆشکردنی مەحاڵە. دەنگی کۆ و دەنگی تاکیشی بە دوو جەمسەری هاودژ بینیوە، بۆیە لە کولتووری ڕۆشنبیریدا لەنوێوە بیری نەکردووەتەوە، خودی کولتوور نیشانمان دەدات کولتوور دەنگی ڕابردووی کۆیە، نواندنی بوون نییە، بوون خۆ ڕۆشنکردنەوەیە بە شیعرییەتی قووڵ و جیهانی شاراوەی داهاتوو. دەشبێت ئەو بوونە کاریگەر بێت بە سروشتی خەیاڵ و خەیاڵ بەناو هەستەکاندا تێپەڕێنێت.

مانیفێست ئەو بەرهەمەیە، کە مۆرکی گەرموگوڕی و خەسڵەتی تەواوی قۆناغێکی شیعریی لە خۆیدا پاراستبێت. وەک ئەزموونێکی زیندوو ناسنامەی ڕوونی تێدا ئاشکرا کرابێت و هەمیشە بۆ بزواندنی خەیاڵ ئاسۆیەکی کراوە بنوێنێت.

قـــۆناغی دواتر وەک رامـــــانی سەرەکی بۆ تێگەیشتن و خاڵی بینین و گـەشـتی دۆخگۆڕین بگەڕێتـەوە سەری و گیان لە ناوی ئامادە بێت بۆ دۆنایدۆنکردنی دەق، یان چوونە ناویەکی دەق.

شـاعـیـرانی حـەفـتـایەکـان لە سـەرەتای ئەزمـوونیـاندا بەشی زۆرینەیان لە (ڕەنگ) و (فـۆرم)دا لە (ڕووبەری بیندراو)ی ئەم شاعیرە سـوودمـەند بوونە. دەکـرێت وەک (دیاردە) و (دامـــــەزرێـنەر)ی مـــاوەیەکی دیاریکراو (١٩٧٠- ١٩٧٥) ڕەخنە و لـێکـۆڵـینـەوەی ئەدەبی کوردی کاری زانستییانەی خـۆی لەسـەر جـێـبـەجێ بکات و کـــارایی و کـــاریگەری لەســـەر شاعیرانی دەوروبەری دیاری بکات، بەڵام دوای ئەو مـــاوە دیاریکراوە ئەزمـــوونی بەرەو کـــزی دەڕوات تاڕادەی لە کـورتیـدان و شکست هێنان. ئەم ڕووداو و گـۆڕانەش ئەوە بنچـینە و پێـشـینەیەتی، کـە بۆ ڕووبەڕووبـوونەوە و بەگــــژداچوون شـیـعری بە دەنگی کـۆ و دنەدانی جەمـاوەر زانیـوە، کـە لەکوردسـتـان دەربەدەرکرا و لە تاراوگە نیشتەجێ بوو، پچـڕان و بۆشـاییـەک کـەوتە نێــــوان دەنگی ئـەم و دەنگی جەماوەر- کۆ، لە نیشتەجێ بوونی لەتاراوگـەدا مـەودایەکی نوێ لە شاعیریەتی ئەو زیادی نەکرد، بەڵکو مـەودای بیـرکـردنەوە و دەربڕینی لەدەنگی کـۆدا تێـدا خـاوبووەوە و لەوەستان نزیک بووەوە. لە بنەڕەتدا دەنگی شیعر دەنگێکی تاکییە لەناو ئێستێتیکادا هاوتا بۆ دەنگی خۆی دەدۆزێتـەوە. دەنگی کـۆ زیاتر لە ڕۆمانی فرە شاکەس و فیلم و شانۆ و سـینەمـا ڕۆڵی کـاریگەر بەدی دەهێنێت نەک لە شیعردا.

(فـەرمـانسـالاری) و (داوا) لەشیعرەکانیدا وەک دوو هێڵ بەیەک ئاست و بینین و تێگەیشتن کـاری لەسـەر کـردوون. لە کـاتێکدا وا دەخـوازرێت بۆ فـەرمـان بەدەنگی تووڕە و ناڕەزایی بدوێت و بۆ داواش بە دەنگی نەرم و ئاوازدار.

ئەم دوو ئاست و تێکەڵکردنەش خاڵی تێڕامان و تێگەیشتنیەتی بۆ شیعر وەک ناوەڕۆک و ئەوجا شیعر وەک شـێـوە. ناوەڕۆک و شـێـوە لە شـیـعری هونەریدا یەک دەگـرن و لە ئێـسـتـێـتـیکدا دەبن بەخـاڵی تواناداری، واتە شـیـعـرییـەت. شـیـعـرییـەتیش پرۆژەیەکی تەواو ئێستێتیکییە و لەسەر بیر و زەین و خـەیاڵی بەرز دەوەسـتێت و خـۆی ئاشکرا دەکات.

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# وێنە – Image

زاراوەی «وێنە– Image» ئەمڕۆ لە زمانە ئەوروپییەکان، هەروەها زمانانی ڕۆژهەڵات، کوردی، فارسی، عەرەبی، تورکی..تاد، گەشەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هەمان ئەو مانا کۆن و سەرەتاییەی جاران نییە، مەبەست لەمەش ئەو وێنەیە نییە کە وەک ئاوێنەیەک وێنەی شتێکی دیکە بەرهەم دەهێنێتەوە، بگرە بەرەو ئاراستەی تر گەشەی کردووە وەک: وێنەی شیعری، یان شیعری وێنەیی (کە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیە و ئەزموونی شیعری ئەزرا پاوەند لەم بارەیەوە ناسراوە) وەک وێنەی ڕەمزی و مەجازی، بۆ نموونە دەگوترێ: وێنەی کورد لەلای تورک، یان بە پێچەوانەوە، لەم ڕووەوە ئێمە بە باشمان زانی وشەی (وێنە) دابنێین، چونکە گشتگیری ترە، دەشێ وەکو خۆی (ئیماژ)یش بەکاربێ، کە ئەمەی دواییان لە رووبەرێکی دیاریکراودا بەکارهاتووە. لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەرەکەی (الصورة)یە، ئەوەی کە کەمێک کێشەمان بۆ دروست دەکات، مەبەستمان لە (وێنە) فۆتۆ– Photo نییە، ئەگەرچی وشەی Image لە سەرەتادا بە مانای فۆتۆش بەکارهاتووە. وردتر، واتە بەرهەم هێنانەوەی شتێک بە دڵسۆزی وەک خۆی، چونکە لە کوردی بەرانبەر فۆتۆ– وێنەش بەکاردێ. دەرکەوتنی وشەی وێنە-Image بۆ یەکەمین جار بۆ سەدەی دوازدەمی زایینی دەگەڕێتەوە. سەرەتا لە زمانی لاتینی بەکارهاتووە، دەگوترا و دەنووسرا:– Imago، ئەمەش واتە بەرهەم هێنانەوەی شتێک وەک خۆی، زۆر نزیک لە ئەسڵەکە، ئیماژ، یان ئیماگۆ، وەک (فیگور، یان فیگەر– Figure) نییە، کە جیاوازی و مەودایەک لەنێوان کۆپی و ئەسلیی پێشنیار دەکات. هەرچی ئیماژە (وێنە) پێشنیاری لاساییکردنەوەیەکی ورد و نزیک دەکات، بەڵام لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم، فیگەر و ئیماژ زۆر تێکەڵی یەکتر بوونەوە و سەرەڕای هەندێ جیاوازی بچووک، تا ڕادەیەکی زۆر هەمان مانا دەبەخشن، ئەمەش بە پلەی یەکەم وەک ناتەواوی، یان کێشەیەکی ناسروشتی سێمانتیکی لە قەڵەم دەدرێ، چونکە لە بەراوردکردن و مەجاز و ڕەمزدا هەمان مانا دەبەخشن. وێنە– Image دەشێ وەک کۆدێک بخوێندرێتەوە، بەراورد بکرێ، بەڵام لەدوای ڕۆمانسیزم، ئیماژ ئاڵۆزی تایبەتی تێکەوتووە، ناشێ ڕاستەوخۆ وەک کۆدێک بخوێندرێتەوە، مانا و ڕەمزی پشتەوەی بزانرێ، ئەگەر بەراورد و شیکردنەوەی بۆ نەکرێ. ئەم کاری شیکردنەوەیە بۆتە ڕێباز و ڕێڕەوێکی لێکۆڵینەوە، بوارەکانی ڕەخنەی تێماتیکی

(بابەت)، تێمـاتۆلۆژی، هێرمـێنۆتیک، شیکردنەوەی دەروونی- Psychanalyse سوودیان لێ وەرگرتووە.

**سروود- Hymne**

سـروود وەک جـۆرە شـیـعـرێکی تەعلیـمی- Di-dactique، کـە مـێـژوویەکی درێژی لەناو ئەدەبیـاتی جیهانیدا هەیە، بۆ سەردەمی گریکی کۆن و پێشتریش دەگەڕێتەوە، بنچینەیەکی ئایینی هەیە، بەرانبەرەکەی لە زمـانی عـەرەبی (نشـیـد)ە، لە ئەدەبیـاتی کـوردیدا مـێـژوویەکی کـۆنی نییـە، بەڵکو لەگـەڵ نوێبـوونەوە سەرهەڵدەدا، هەردەم پەیامێکی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، ئایینی هەبووە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی سروود هەیەتی لە ئەدەبیـاتی کوردیدا زیاتر پەیامـێکی سیاسییە، واتە سروود لە ئەزمـوونی شیعـری کـوردیدا لەبواری فـراوانی خۆی دابڕێنراوە، یان خراوەتە ناو بوارێکی دیکەوە، ئەم بوارەش بە پلەی یەکەم پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تارادەیەکیش ئەخلاقییە. ئەگەر لە سەرەتادا سروود پەیامێکی پیرۆزی ئایینی هەبووبێ، ئەوە بێ گومان ئەو پیـرۆزییـە لەناو ئەدەبیـاتی کـوردیدا پیـرۆزیی پەیامی سیـاسییـە، چونکە کورد لەناو حـاڵەتی چەوساندنەوەدا ژیاوە، سـروودەکـان جـوان تەعـبیـر لەو چەوسـاندنەوەیە دەکـەن، سـروود لە لای شـاعـیـرانی کـوردی سـەردەمی نوێبـوونەوە وەک: شـێـخ نووری شـێـخ سـاڵح و گـۆران و پیرەمێرد و فـایق بێکەس و ئەحمەد موختـار جاف و..تاد هەیە، ئیـبراهیم ئەحـمەد سـروودی جوانی هەیە کـە ئەو پەیامە سیاسییە جوان دەگەیەنێ..تاد.

دەسـتەواژەی سروود- Hymne، لە ڕەگی (Uph)ەوە هـاتووە، واتە ڕستن- tisser، یان هۆنینەوە. ئەمـەش هەمـوو جۆرە سـرووددێک (گـۆرانی- Chant) دەگەیەنێ، چونکە ئەوەی دوایی زیاتر مـانایەکی ئایینیـشی هەیە. ئەفـلاتوون باس لەو یاسایانە دەکات کە پێشـتـر ئاوازی (سـروود- Hymne) هەیان بووە، لە هەمـان کـاتدا لێکیشیـان جیادەکاتەوە، وەک: therne، Pean، dith-yrambe، nomes. لە بنچینەدا، لەو سـەردەمە، جـۆرە گـۆرانییـەک بۆ خـواوەند Hymne دەگـوترا، لەبەر ئەوە هەمـان ناو دەبێـتە ناوی ئەم جـۆرە شـیـعـرە. کـەواتە لە بنچـینەدا خـەسـڵـەتێکی پلە یەکی ئایینی هەبووە و لە کـێـشـێکی شـەش بڕگـەیی پێکهـاتووە. لەم ڕووەوە تا ڕادەیەک ئەم تایبـەتمەندییـە لە سرووده کوردییـەکـانیـشدا هەیە، بەو مـانایەی ئاوازدانەر و خـێـراییـان پـێـوە دیارە. دەشێ زوو لەسەر دڵ هەڵبگیرێن.

**بەرجەستەکردن- Personnification**

بەرجەستەکردن، یان وێناکردن، بریتییە لە (بە فیـگەر کـردن، یان وێناکـردنێکی فـیکری) لە هونەرەکـانی ڕەوانبـێـژی بریتـیـیـە لە پێـشـاندانی خـەسـڵـەتێکی مرۆڤایەتی، یان ئەخلاقی بەشتێکی دیکە، ئەمەش لەناو تەواوی ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی کوردیدا نموونەی زۆرە، بێ گومان جیـاوازی لەگەڵ میـتامۆرفۆزدا هەیە، ئەمەی دوایی گـــۆڕینی تەواوە، وەک بـۆ نموونە لە ڕۆمـــانی مێـتامۆرفۆزی کـافکا گرێگۆری بەیانی هەڵدەسـتێـتەوە دەبێـتە قالۆنچە، لە بەرجەسـتەکردندا پێکچواندن هەیە، ئەمـەش هەر تەنیـا خـەسـڵـەتی شـتـیش دەگـرێتـەوە کە کارەکتەرێکی مرۆڤایەتی هەبێ، وەک بۆ نموونە پیرەمێرد لە قـەسـیـدەی (سلێـمـانی)دا دەڵێ: (سلێـمـانی دەڵێی بەلقــیـــسە تارای زیوینی پۆشـیـــوە.) لێـرەوە ئەم بەرجەستەکردنەی سلێمانی لە شێوەی بووکێکی ڕازاوەی جـوان و پاک پیـشـاندراوە، لە بنچـینەدا باس کـردنە لە جوانی و پاکی. بەرجەسـتە کردن و وێناکردن لە شیعری کـوردی، بەتایبـەتی لەلای گـۆران و شـێخ نووری شـێخ سـاڵح و ئەوانی دیکە زۆرە. لە قـەسیـدەی (شـیـوەنێ بۆ گوڵاڵە)، کچەکەی کە بە ناکامی و زوو سەری ناوەتەوە، گۆران لە گوڵ بەرجەسـتە و وێنای دەکات، بەو مـانایەی گوڵیش کەم دەژیێ، زوو سیس دەبێ.

**بیرۆکە- Motif**

دەسـتـەواژەی Motif، ئێـمـە بیـرۆکـەمـان لە بەرانبـەر داناوە، زۆر مـانـای دیکەی هەیە وەک: هاندەر، هۆکـار، بەڵام لێرە بە مانا ئەدەبییەکەی، مەبەست لێی: ئەو بیرو بیـرۆکـەیەیە لە زەمـیـنەی کـاری ئەدەبیـدا هەیە، ئەو چەمکە- مفـهـوم- Concepte-ە بەرینەیە کە لە کـاری ئەدەبیـدا دەبینرێ، هەڵبـەت وەک بیرۆکەی سـەرەکی. بێ گـومـان، زۆر گـرنگە بیـرۆکـە لە بابەت- theme جیـا بکرێتــەوە. ئێلیــزابێت فــرەنزێل- E. Frenzel لە فەرهەنگی ناسراوی خۆی کە تایبەتە بە تێم (بابەت) و بیرۆکە «Stoffe der Weltliteratur et Motive der Weltlieratur, Kroner, 1976» بەم شێوازەی خوارەوە باس لە جیاوازی و تایبەتمەندی بابەت و بیرۆکە دەکات:

بابەت هەموو مێلۆدی دەگرێتەوە، بەڵام بیرۆکە تەنیا یەک نۆتە. بەڕای ئەو بیرۆکە دەبێ هەردەم ناکۆکییەکی هەڵگرتبێ، بارگرژییەکی هەڵگرتبێ، بیرۆکە دەشێ ببێتە خاڵێکی خۆ دۆزینەوە و نەخشەی ڕێگا، هەنگاوەکانی دروست بوونی کارێکدا ئەدەبی پیشان بدا. فۆرمالیستە ڕووسەکان و ئیتنۆلۆگ و فۆلکلۆریستەکان زۆر گرنگییان بە بیرۆکە داوە، چونکە یارمەتی ئەوەی داون لە شیکردنەوەی کارێکی بگەڕێنەوە سەر بچووکترین یەکەی گێڕانەوە. بۆ نموونە لە ڕۆمانێک، کە ئەوان بە (ئەتۆم) ناوی دەهێنن. تۆماچڤسکی لە بابەتی (تیماتیک) لە کتێبی (تیۆری ئەدەبی) کە لە ساڵی ١٩٢٥ بڵاوبووەتەوە، لە بارەی بیرۆکەوە دەڵێ: ئەتۆم ڕێگامان پێ دەدا بزانین گێڕانەوە لەکارێکی ئەدەبی (وەک ڕۆمانێک) چۆن دامەزراوە و چ ڕێچکەیەک دەگرێ.

**جوانگوتن- Litote**

فۆرمێکی ڕەوانبێژییە، مەبەست لێی هێز و سەنگینی دانە بە شتێک، ناکۆکییەک بۆ ڕەتکردنەوەی شتێکی تر،وەک بۆ نموونە، یەکێک ناکۆکی لەگەڵ یەکێکی تر هەیە، یەکەم بە دووەم بڵێ: برۆ برای شیرینم من ڕقم لێت نابێتەوە. لە کوردی ئێمەدا دەمێکە فۆرمۆلێک، یان دەربڕینێکمان لە شێوەی پەند هەیە کە دەڵێ: بە شەکراوی دەیکوژێ. ئەمەش هەمان دەربڕینی مانای تەواوی ئەمەیە.

**جوانبێژی- Metalepse**

دەشێ ئەم زاراوەیە هەمان لێکدانەوەی ئەوەی پێشووی بۆ بگونجێ، بە هەمان شێوە، فۆرمێکی ڕەوانبێژییە، جوانی گوتن و پوختەیی و سەنگینی پیشاندانە، دەشێ ئەمەیان زیاتر بە مەبەستی بێ مانا نەکردنی شت بگوترێ، کە جیاوازییەکەشی هەر بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە لەچاو زاراوەی پێشوو. بۆ نموونە کە یەکێک دەمرێ؛ بگوترێ؛ (ئەو ژیانێکی بەسەربرد، ئێمە بۆی غەمبارین) جوانبێژی تێدایە لە چاو ئەوەی بگوترێ: (ژیاو مرد) کە هەمان مانای دووەم دەگەیەنێ.

**خواوەندی هونەر- Muse**

لە گریکی (یۆنان) کۆن موز- Muse خواوەندی هونەر بوو، شوێنی نیشتەجێیی شاخی (پارناس) بوو، گرووپی شاعیرانی فەرەنسایی (پارناسییەکان- Panasse) لەبەر ئەم هۆیە، ئەم ناوەیان بۆ بزووتنەوەکەیان هەڵبژاردووە، چونکە ئەوان دژایەتییەکی زۆری ڕۆمانسیزمیان دەکرد، باوەڕیان بە هونەر بۆ هونەر بوو، باوەڕیان بە جوانی بوو. هەرچی دەربارەی خواوەندی هونەری گریکی کۆنە، لەم سەردەمەدا لە ئەفسانە و باوەڕی ئایینی و میتۆلۆژی و فەرهەنگی یۆنانی بەگشتی، هەر جۆرێک لە جۆرەکانی ژیانی هەستی و ئاگایی خواوەندێکی هەبوو کە پارێزگاری لە جۆری خۆی دەکرد. خواوەندەکانی هونەر و ئەدەبیات نۆ دانە بوون، هەریەکەیان پارێزەری لە جۆرێکی هونەر و ئەدەبیات و زانست دەکرد. ئەمانە هەموویان خوشکانی زیۆس، خودای خوداییەکان، یان (گەورەی خواوەندەکان) بوون. سەرەتا هەموویان بەیەکەوە بوون، بەڵام نەیاندەتوانی یەکتر بگرن، بەڵام دواتر هەریەکەی ڕێگای خۆی گرت. شاعیران، هەریەکەیان پێوەندی ڕاستەوخۆی بەخواوەندی خۆی هەبوو، لەکاتی هۆنینەوە و گوتنی حەماسە و داستان بە (شیعر) لە خواوەندی خۆیان دەپاڕانەوە و لەسەرەتادا ناویان دەهێنان. پاشان ئەم خواوەندانە (خواوەندە موز- Muse-ی) پایە و پلە و جێگای خۆیان بۆ ژنێکی جوان جێ دەهێڵن، سەرەنجام دەبێتە سەرچاوەی سروش و ئیلهامی شاعیران.

موزە خواوەندەکان (یان خواوەندەکانی هونەر و ئەدەبیات) نۆ دانە بوون بەم جۆرەی خوارەوە.

١- کلیۆ- Clio= خواوەندی مێژوو.

٢- کالیۆپ- Calliope= خواوەندی شیعری حەماسی.

٣- ئێراتۆ- Erato= خواوەندی شیعری لیریکی و عەشق.

٤- ئۆتێرپ- Euterpe= خواوەندی موزیک.

٥- مێلپۆمن- Melpomne= خواوەندی تراژێدی.

٦- پۆلیهیمینیا- Polyhmnia= خواوەندی سروودی ئایینی.

٧-تێرپسیکۆر- Terpsichore= خواوەندی سەما و ئاواز گوتن بە کۆمەڵ.

٨- تالیا- Thalia= خواوەندی کۆمێدی

٩- ئورانیا- Urania= خواوەندی ئەستێرەناسی.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

### لە یادی چواردە ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)دا

# ڕێنووس و کوردییەکەی ڕامان زۆر تۆکمە و سەرنج ڕاکێشە

**کەریم دەشتی**

من بۆ خۆم لەمێژە دەگەڵ گۆڤاری ڕاماندا میانەیەکی زۆر باشم هەیە و لە هەمان کاتدا بەشدارییەکی باشم کردووە، لەوەی کە بە شیعر و وتار هەمیشە ئەو گۆڤارەم بەسەر کردۆتەوە، بەیەک لە گۆڤارە باشەکانی ئەمڕۆی کوردستانی هەژمار دەکەم، کە هیوادارم باشتریش بێت، بەتایبەت کە ساڵانێکە بە بەردەوامی ژمارە لە دوای ژمارە بەردەوامی بەخۆی داوە، هەر بۆیەش لێرەدا چەند ئاماژەیەک دەخەمە ڕوو بۆ ئەوەی بتوانین بە هەموومان نموونەیەک لەو گۆڤارە بڕسکێنین کە بۆ هەموو ئەو گۆڤارانەی تایبەتن بە ئەدەب و هونەر و کولتوور و فەرهەنگی کوردی سەرمەشق بێت.

**– لە ڕووی دیزاینی گۆڤارەکەوە**

هەر لەسەرەتای دەرچوونی ئەم گۆڤارە تاوەکو دوا ژمارەی دەتوانم بڵێم یەک دیزاین بووە، جگە لە هەندێ گۆڕانکاری ورد کە کاریگەر نەبووە بەسەر تێکڕای دیزاینە چەسپاوەکەی، کە ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتی گۆڤارە باشەکان، ئەگەرچی لەو ماوەیەدا دیزاینی بەرگ گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوە. بەکورتی من حەز دەکەم دیزاینی گۆڤارەکە دیزاینێک بێت کە نووسەرانی ئێمە لەگەڵی ڕاهاتوون، نەک دیزاینێک کە تەقلیدی گۆڤارەکانی فارسی بن، چونکە لەگەڵ چاوی خوێنەرانی ئێمە نامۆیە. دەکرێ ئەوەش بڵێین لە دوا ژمارەکانیدا دیزاینی ناوەوە فەزای کراوەی زۆری تیایە کە ئەمەش لە بەرژەوەندی خوێنەر و لە هەمان کاتدا لە بەرژەوەندی دەقەکانیدایە. ئەوەی کە زێتر دیزاینی ناوەوەی گۆڤاری ڕامانی هێجگار جوان کردووە، ئەو هێڵکارییە هونەرییە زۆر بەهادارانەیە کە لە لایەن هونەرمەند قەرەنی جەمیل-ەوە بۆ گۆڤارەکە دەکرێت.

**– لە ڕووی ڕێنووسەوە:**

ئەوەندەی تێبینم کردبێ گۆڤاری ڕامان یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە ڕێنووسێکی ستانداردی زۆر پوختە و تۆکمەی گرتۆتە بەر و پەیڕەوی لێ دەکات، کە ئەمە کارێکی زۆر گرینگە بۆ ئایندەی زمانی کوردی، ئەوەندەی من سەرنجم داوەتێ تەواوی دەقە بڵاوکراوەکانیش بە فەرمی دەخرێنە ژێر باری ئەو ڕێنووسەوە، ئەمەیان بۆ ئەمڕۆکەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی و لەم قۆناغەدا زۆر گرینگە، لە کاتێکدا بەڕەڵاییەکی گەورە خەریکە بنیاتی زمانی کوردی هەڵدەتەکێنێ. خۆ ئەگەر گۆڤاری ڕامان هەوڵ بدات سیمینارێک لەگەڵ گۆڤارەکانی دیکەدا ڕێک بخات بە مەبەستی داڕشتنی ئەو دەستوورە بۆ هەموان، ئەوە کارێکی باشە و پێم وایە زۆر کاریگەر دەبێت.

**– لە ڕووی دەقە شیعرییەکانەوە:**

گۆڤاری ڕامان لەسەرەتاوە تا دەگاتە ژمارەکانی بەر لە چەند ژمارەیەکی کۆتایی هەوڵێکی جیدی هەبوو بۆ هەڵبژاردنی دەقی باش و بڵاوکردنەوەی، کە پێم وایە بناغەیەکی گرینگ بوو بۆ کوشتنی ئەو هیسترییایەی تووشی شیعر هاتووە، بەم جۆرە دەقی داهێنان ئامێزی لە دەقی مردوو جیا کردبۆوە، بەمەش خزمەتێکی زۆری ئاسۆی شیعری کرد و بوو بە ڕێسایەک گۆڤارەکانی دیکەش هەمان کار بکەن، بەڵام لە چەند ژمارەی دوا دواییەکانی من وای دەبینم کە ئەو ڕێسایە شکابێ، چونکە هەندێ دەق دەخوێنمەوە، بەتایبەتی هی شاعیرە تازەکانی ڕۆژهەڵات جگە لە سۆزێکی کاتی هیچ ئاماژەیەک بە هەبوونی داهێنانی تیا نییە، هیوادارم دەق وەک داهێنان بڵاوبێتەوە، نەک وەک ناو، یان جوگرافیا، یان هەندێ هۆکاری دیکە.

**– لە ڕووی لێکۆڵینەوەکان**

تائێستا گۆڤاری ڕامان لێکۆڵینەوەیەکی هێجگار زۆری سەبارەت بە ئەدەب و هونەر و کولتوور بەگشتی بڵاوکردۆتەوە و توانیویەتی خوێنەران لە زۆر بابەتی گرینگ و بەپێز ئاگادار بکاتەوە، جا ئەو لێکۆڵینەوانە وەرگێڕان بن، یان بابەتی خۆماڵی، کە ئەمە کارێکی گرینگی پرۆژەی دروست کردنی ڕۆشنبیری کوردییە، بە گەڕانەوە بۆ ژمارەکانی ڕامان ئەو ڕاستییە خۆی فەرز دەکات.. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجاران بەناوی بابەتی هاوچەرخەوە لێکۆڵینەوە بڵاودەکرێتەوە، کە نووسەرەکەی هەوڵ دەدا خۆی زۆر تازەگەر بنوێنێ و تەواوی لێکۆڵینەوەکەی لەنێو قەبارەیەک لە ڕستەی دوور و درێژ و پڕ لە موفرەداتی سەیر سەیرەوە دەخنکێنێ، من لەگەڵ ئەوەم پەنا ببردرێتە بەر تێرم و وشەی بیانی ئەگەر پێویست بوو، بەڵام هەندێ جار بەشێوەیەک بەکاردێت کە هیچ زەروورەتێک لە ئارادا نییە، ستراکتوری هیچ لێکۆڵینەوەیەک بە وشەی – بریقەدار – بەهێز نابێت، بەڵکو دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین کە ئەم وشەیە لە ناو لێکۆڵینەوەکەدا تا چەند هەڵگری مانا و شوناسی بابەتەکەیە.

**ئەو بابەتانەی لەگۆڤاری ڕامان بەرچاو ناکەون:**

گەلێ جار بیرم لەوە کردۆتەوە کە بۆچی گۆڤاری ڕامان خۆی لە قەرەی ئەم بابەتانە نەداوە:

**– ئەدەبی سەفەر:** کە ئەدەبێکی گرینگ و پڕ بایەخە، چونکە گوزارشت لە ئەزموونی ئەو نووسەرانە دەکات کە لە ژیاندا لە ڕێگەی سەفەرەوە ئەدەبی گەورەیان نووسیوە.

**– ئەدەبی تەنز:** کە زۆرجاران گۆڤار لە وەڕسی ڕزگار دەکات.

**– ئەزموونی نووسەرانی خۆمان و بیانی،** کە بۆ ئایندەی ئەدەبی کوردی کارێکی گرینگە.

# سیمینارەکەی مام هەژار لە سنە

سەبارەت بە سیمینارە دوو ڕۆژییەکەی مام هەژار کە لە شاری سنە بەڕێوە چوو، ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیم لە ڕۆژنامەی هەولێری ژمارە (٤٩٩)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٣٠ خوێندەوە کە لەلایەن خاتوو (شیلان گەیلانی)یەوە نووسرابوو. لە ڕاستیدا زانیارییەکانی ناو ئەو نووسینە، بەتایبەتیش ئەوەی پێوەندی بە منەوە هەبوو، بە جۆرێک شێواو و تێکەڵوپێکەڵ بوون کە نەمتوانی لە عاستیدا بێ دەنگی بنوێنم.

خانمی بەڕێز نووسیویەتی: (مامۆستا ماجید ڕۆحانی) لەسەر زمانی کوردی دوا و ڕەخنەی لەبەرپرسی گۆڤاری ڕامان (ئازاد عەبدولواحید) گرت کە لە ماوەی ئەم هەژدە ساڵەدا، (نەیتوانیوە!) کۆڕی زانیاریی زمانی کوردی پێک بێنن و زمانی کوردی وەک خۆی بدرکێنن). گواستنەوەی ئەم قسەیە بە دەمی کاک ماجید ڕۆحانی، سەرلەبەر دیقەت و وردبینی تێدا نییە و لەو سیمینارەدا بە دوور و نزیک باسوخواسی وا نەهاتۆتە گۆڕێ. ئەو نووسەرەی ئەویش باسی دەکا لە ڕۆژی دووەمی سیمینارەکەدا وەک هەر نووسەرێکی بەشدار بوو باسێکی لە بارەی (زمانی هەژار)ەوە پێشکەش کرد و لە بەستێنی باسەکەیدا بەشێوەیەکی گشتی گلەیی لە خراپیی ئەو بارودۆخە کرد کە نووسینی کوردیی تێدایە و هەندێ نموونەی بە کوردیی نووسینی باشوور هێنایەوە، ئیتر هەرگیز وەک بەرپرسی ڕامان ڕەخنەی ڕاستەوخۆی لە من نەگرتووە، چونکە من نە وەزیری ڕۆشنبیری و نە بەرپرسی ئەکادیمیا و نە بەرپرسی دامودەزگایەکانی زمانی کوردیم، قەتیش گلەیی ئەوەی لە من نەکردووە کە نەمتوانیبێ (کۆڕی زانیاری زمانی کوردی) پێک بێنم، چونکە (کۆڕی زانیاری کوردستان) کە ئێستا ناوەکەی بووە بە (ئەکادیمیا) لە مێژە هەیە و چەند ساڵێکە کاری خۆی دەکات، هەرکەسێکیش بیەوێ و لە باری دابێ، دەتوانێ لە ڕێگەی ئەو (ئەکادیمیا)یەوە لەخزمەت گەیاندن بە زمانی نەتەوەکەی خۆی بەشدار بێ، ئەو قسانەی ئەم خانمە نووسیونی بەهی کەسێک ناچن کە خۆی لە سیمینارەکەدا ئامادە بووبێ.

لە دانیشتنی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووەمی سیمینارەکە من وەک ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەستنیشان کرام تا لەسەر شانۆ لەگەڵ برایان **(د. جەباری - کامبیز کەریمی)** وتار و لێتوێژینەوەکان هەڵبسەنگێنین، ئەمەش لەسەر داوا و پێشنیاری برامان کامبیز کەریمی ئەندامی لیژنەی باڵای سیمینار بوو کە چەند قسەیەکم لە بارەی وتەکانی کاک ماجید ڕوحانی کرد و بە گشتی پشتیوانیم لە بۆچوونەکانی کرد سەبارەت بە خراپیی ڕەوشی زمانی کوردی.

دواتر دەڵێ: (لە کۆتاییدا «ئازاد عەبدولواحید» کە بەڕێوەبەری بەشێک لە بەرنامەکە بوو، سوپاسی کاک (ماجید ڕۆحانی) کرد لە بۆ دەربڕینی ئەو خاڵانەی کەمتەرخەمی ڕووناکبیرانی (باشوور) بووەتە هۆی لاوازی زمانی کوردی و «پاشان پێی لەسەر دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری زمانی کوردی) لە داهاتوویەکی نێزیکدا گرتەوە»، دیسان ئەم قسەیەشی هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە لە گواستنەوەیدا ورد نەبووە، چونکە ئەگەر کەمتەرخەمییەک بەرانبەر بە زمانی کوردی هەبێ، هەر بەرۆکی ڕووناکبیرانی باشووری نەگرتووەتەوە، بگرە سەرجەم ڕووناکبیرانی کوردی گرتووەتەوە، نووسەرانی کورد بە گشتی بەرانبەر بە خزمەتکردنی زمانی نەتەوەکەیان کەمتەرخەم و بێباکن. ئەمڕۆ نووسینی کوردی بەگشتی کێشەی هەیە و بەدەست قەڵەم بەدەستەکانییەوە گیری خواردووە. ئێمە دەمێکە لە گۆڤاری ڕامان-دا بەپێی توانست شانمان داوەتە بەر ئەو ئەرکە قورسە کە خزمەتکردنی زمانی نووسین و یەکخستنی ڕێنووسی گۆڤارەکەیە.

هەر نووسەرێکی خەمخۆر و دڵسۆز بۆ زمانی نەتەوەکەی کە نووسینی مام هەژار دەخوێنێتەوە هەست بە کوردی نەزانینی خۆی دەکات. ڕەحمەتی شوکور مستەفا بەو هەمموو کوردی زانینەی خۆی دەیگوت هەموو ڕۆژی چارەکێک - بیست دەقیقە لەسەر ئەژنۆ لێی دادەنیشم، شەرەفنامە کە مام هەژار وەری گێڕاوە دەخوێنمەوە، تەنیا بۆ ئەوەی لە کوردییەکەی ورد ببمەوە و بزانم ئەو ڕستە کورتانە و ئەو وشانەی چۆن چۆنی بەکارهێناوە. کاک ماجید ڕۆحانی-یش پەرۆشی خۆی بۆ زمانی کوردی بە گشتی دەربڕی و لە وتارەکەی خۆیدا ببڕای ببڕ باسی (کۆڕی زانیاریی زمانی کوردی) نەکرد، مەگەر شیلان خانم لەو هەمموو سەردان و مانەوەیەی لەمدیوە نەیبیستووە (کۆڕی زانیاری کوردستان) کە ئێستا (ئەکادیمیا)ی پێ دەڵێن چەند ساڵێکە هەیە و کاری خۆی دەکات؟ پاشان بابایەکی وەک من چ کارەم پێ لەسەر کاری دامەزراندنی (کۆڕی زانیاریی زمانی کوردی) دابگرم، تا بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکێکی لەو جۆرە کاک ماجید ڕووی دەمی بکاتە من؟ لە کاتێکدا ئێمە لە سنووری کاری گۆڤارەکەمان بترازێ، پێی مریشکێکمان پێ ناکرێتەوە. سەیرتر لەوەش نووسراوە (پێی لەسەر دامەزرانی... لە داهاتوویەکی نێزیکدا گرتەوە)، کە ئێمە سوور بزانین کۆڕی زانیاریی (ئەکادیمیا) هەیە و ساڵانێکە خەریکی کاری خۆیەتی، ئیتر پێویست بە هیچ جۆرە پێ لەسەر داگرتنێک ناکات بۆ دامەزراندنی کۆڕێکی لەو جۆرە، ئەوە لە کاتێکدایە کە منیش وەک کاک ماجید باسی کۆڕی زانیاریم نەکردووە. خۆزگە کاک ماجید وتارەکەی بە نووسراوەیی پێشکەش دەکردین، نەک بە ئیرتیجالی، تا ئەویشمان لە تەک ئەو وتارانەی بڵاومان کردنەوە دابنایە، لە داهاتووشدا هەوڵ دەدەین تۆماری دەنگەکەی بەدەست بهێنین و وەک وتارێکی سەربەخۆ لەسەر کاغەز پیادەی بکەین و بڵاوی بکەینەوە.

بەداخەوە دەڵێم زۆربەی ئەوانەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی لەبارەی کۆڕەکانەوە ئامادە دەکەن و دەنووسن، بە وردی و بە دیقەتەوە ئەو کارە ناکەن، بۆیە بیروڕایەکان بەسەر یەکتر دادەن و دەیشێوێنن، کە دەبێ یان دەست لەو کارە هەڵبگرن، یان زۆر بە وردی ئەنجامی بدەن.

**ئازاد عەبدولواحید**




# دەبا بەس بێت

ئەحمەد حەقناس
(بۆکان)



ئێمەش وەک هەر نەتەوەیەکی تر دابونەریتی خۆمان هەیە و بە درێژایی مێژوو خانەخوێیەکی ماڵ لێ حەرام کراو بووین و نەپەرژاوین بە تەواوی مانا خزمەتی زمانی خۆمان بکەین. داهێنان و کولتوور و فەرهەنگی خۆمان بە میللەتەکانی تر بناسێنین، سەرەڕای کەموکوڕی زمانی خۆمان، خزمەتی مرۆڤایەتی و زمان و فەرهەنگی کولتووری دەوروبەرمان کردووە و قەت وەڵامی چاکەمان بە چاکە نەدراوەتەوە. ئەگەر ئێمەش وەک نەتەوەکانی سەرگۆی زەوی بمانەوێ زمانەکەمان بناسێنین دەبێ لە ڕێی وەرگێڕانەوە هەوڵی بۆ بدەین، ئەگەرچی ئێستەش وەرگێڕمان هەیە چ لە بواری ئەدەب و چ لە بواری سینەما و چ لە بواری گۆرانی و شانۆ و پەیکەرتاشی و تاد..! زۆربەشیان لەناو خۆماندا ناوبانگیان دەرکردووەو هەریەکە و پلە و پایەی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەناو کۆمەڵگادا هیچ غەدریان لێ نەکراوە و مافی تەواوی خوێندنەوەیان پێدراوە.

ئەو بابەتەی کە وەریانگێڕاوە تا جێی پێویست بوونەتە هۆی پێشکەوتنی داهێنانی زمان و کولتوورمان، بەڵام بەداخەوە کەسانی واشیان هەن بە ناو وەرگێڕ بابەتی وا وەردەگێڕن کە هیچ شیاوی ئەوە نییە پێی بڵێی وەرگێڕ. کارێکی وایان کردووە کە خوێنەر بە ترسەوە کتێبە وەرگێڕراوەکان بخوێنێتەوە، چونکە بەدڵ بابەتەکە وەرناگێڕێ، هەر لەبەر ئەوە بڵێن فلان کەس وەرگێڕە. ئیتر کاری بەوە نییە چ وەردەگێڕێ. ئایا بۆ دەوڵەمەندیی فەرهەنگی زمانەکەی زیانی هەیە، یان قازانج؟ هێشتا ئەم کەسانە کە ناوی خۆیان ناوە وەرگێڕ ئەوەندە ئازایەتی لە خۆیاندا شک نابەن تا لە زمانی خۆیانەوە بابەت وەرگێڕن، بەڵام وەرگێڕانی نەتەوە پێشکەوتووەکان توانیویانە لە ڕێی وەرگێڕانەوە داهێنان و فەرهەنگ و کولتووری زمانیان بە نەتەوەکانی تر بناسێنن و ببنە ناسنامەی کولتووری زمانەکەیان.

لە ڕاستیدا ئەوەی تا ئێستە وەرگێڕی ئێمە کردوویانە شتێکی وا نییە ببێتە پاشکۆیەک بۆ سەرەتای ڕێ. ناشتوانین بە هیچ جۆرێک نکوڵی لەو ڕۆڵە کاریگەرە و ئەرکی پیرۆزی ئەو وەرگێڕانە بکەین کە لەزمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و سوێدی و تاد..! هەوڵی بێ وچانی خۆیان داوە، بەڵام ژمارەیان بە پەنجەی دەست دەژمێررێت، دەنا هەموو بابەتەکانیان لەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکییەوە وەردەگێڕن. جا ئەو بابەتەی کە لە بنەڕەتدا بەم زمانانە نووسراوە کەم تا زۆر تاموچێژی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام ئەوەی ئەوان لە زمانەکانی دیکەوە وەریانگێڕاوە، ئەوانەی لای خۆشمان لە ئەوانەوە وەریانگێڕاوە وەک ئەوە وایە کەسێکی تر بە قوڵنگ لەبەردێکی دابێ و کەمێک وردە بەردی لێ هەڵوەریبێ و کەسێکی تر بێ و بە قوڵینگ لەو وردە بەردە وەربێ و ئەوسا دەبینی هیچی نامێنێ و هەمووی دەبێتە تۆزوخۆڵ. بەبڕوای من دەبێ وەرگێڕ ئەو بابەتەی بۆ وەرگێڕان هەڵیبژاردووە بابەتێکی وا بەدەگمەن، لە دەوروبەری هەستی پێ نەکرا بێ. چون ئەگەر بمانەوێ زمان و فەرهەنگ و کولتوور بە نەتەوەکانی تر بناسێنین دەبێ قۆڵی ئازایەتی بۆ هەڵبماڵین و هەوڵ بدەین بابەتی بەپێزی خۆمان بۆ سەر زمانەکانی تر وەربگێڕین. بۆ ئەوەی بتوانین پردێکی لەیەک تێگەیشن لەسەر زەریای زمانەکانی تر هەڵبەستین. ئەوسا ئەگەر توانیمان پێویستە وەک زمان و داهێنانی نەتەوەکانی تر خۆ دەربخەین. ئەوە کار کردن بۆ هەر شتێک بەر لە دەستپێکردنی وردبوونەوەیەکی زۆرتری دەوێ، دەنا لەباتی ببێتە جێی دڵخۆشی جەماوەر و خوێنەر، بە پێچەوانەوە گرفتیش دەخوڵقێنێ و دواکەوتن دێنێتە ئاراوە. لە ڕاستیدا ئەگەر کەسێ بیەوێ زمان و کولتووری خۆی بناسێنێ، دەبێ لە ڕێی وەرگێڕانی زمانی خۆیەوە هەوڵی ماندوونەناسانەی بۆ بدات. ئەگەر ئێمە هەربێین و لەزمانەکانی ترەوە وەربگێڕین، ئەوە خۆمان تاوانبارین و وەک ئەوە وایە خۆت نەخۆش بی و ئاو بکەن بە دەمتەوە، بۆیە تینوویەتیت هەر ناشکێ. دەنا ئێمە بێین و بۆ خۆمان تا ئەو جێیەی پێویستە بیکەین، ئەوانیش ئەوسا لێمان تێدەگەن و هەوڵیش دەدەن تا زمانەکەمان فێربن و ئەوسا بە دڵنیاییەوە هەڵسەنگاندنێک بۆ زمان و کولتوور و فەرهەنگمان دەکەن، چونکە ئێستە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سەردەمی ئینتەرنێتە، بە هەموو جۆرێک دەتوانین پردی زانست و پێشکەوتن لەنێوان زمانی خۆمان و زمانی نەتەوەکانی تر هەڵبەستین. ئەوە نییە لەم سەردەمەدا هەموو نەتەوەیەک چاوی کردۆتەوە، زۆر بە ئاگایانەوە بۆ داهێنانی زمانەکەیان هەوڵ دەدەن و لەپێناویدا شەو و شەونخوونی دەکێشن. دەبێ ئێمەش مشووری خۆمان بخۆین و بگەینە فریای خۆمان و بۆ ناساندنی زمانەکەمان تێ بکۆشین. لە ئاخردا ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەو وەرگێڕانەی کە لە ڕێی وەرگێڕانی زمانی خۆیانەوە توانیویانە ببنە باشترین وەرگێڕ و بیر و داهێنانی زمانی خۆیان بەزمانی نەتەوەکانی تر ناساندووە.